# شیکردنەوەی دیوانی
# سەیید کامیل ئیمامی
# (ئاوات)

**بەرگی دووهەم**

**ئەنوەر سوڵتانی**

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب: | شیکردنەوەی دیوانی ئاوات<br>بەرگی دووهەم |
| شاعیر: | سەیید کامیل ئیمامی (ئاوات) |
| شیکردنەوەی: | ئەنوەر سوڵتانی |
| دیزاینی لاپەڕەکان: | مەسعوود ڕەواندوست |
| دیزاینی بەرگ: | چیمەن ئێلخانی زادە |
| چاپی یەکەم: | ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکان، ٢٠١٦ |
| چاپی دووهەم: | بنکەی ڕۆشنگەری، ئاڵمانیا، ٢٠٢٢ |

شیکردنەوەی

# دیوانی سەیید کامیل ئیمامی(ئاوات)

# پێرستی بەرگی دووهەم

**شیعری سالانی ١٣٤٣ تا ١٣٤٩..................................................................... ١٣**

چی بدرووم؟..................................................................... ١٥

شنەی بەهار..................................................................... ١٩

هاتەوە بۆ بۆکانێ..................................................................... ٢٣

تاونەدیو..................................................................... ٢٥

گڕوو..................................................................... ٢٧

وەك مەسنەوی..................................................................... ٢٩

خاسەکەو (٢)..................................................................... ٣٣

شاباز..................................................................... ٤٠

شەو..................................................................... ٤٤

بێ هەستم..................................................................... ٥١

لە قەڵەم کەوتووم..................................................................... ٥٤

تۆبە ..................................................................... ٥٨

نابووژێمەوە..................................................................... ٦٣

شاباشی بەهار..................................................................... ٦٥

دووریی یاران..................................................................... ٦٩

کاتی بەهارە..................................................................... ٧٢

نیشتمان..................................................................... ٧٥

شاری دڵ..................................................................... ٧٨

کەرەی کرد بە زەنگ ................ ٨٣
یاران ڕۆیشتن ................ ٨٧
عەزیزی میسری دڵ ................ ٨٩
دەستی ماندوو و زگی برسی ................ ٩٥
بەهاری ناخۆش ................ ٩٩
ئاردی نێو دڕوو ................ ١٠٢
کۆچی خێر ................ ١٠٥
ناڵەی بێدڵان ................ ١٠٨
بەهاری تازە ................ ١١١
لافاو ................ ١١٥
کەی بەهار وایە؟ ................ ١١٩
ستایشی خودا ................ ١٢٤
هات و نەهات ................ ١٢٩
کاسەی بەتاڵ ................ ١٣٣
شەونم ................ ١٣٦
**شیعری ساڵانی ١٣٥٠ تا ١٣٥٣ ................ ١٤١**
بای وادە ................ ١٤٣
گیانەکەم ................ ١٤٦
زستان ................ ١٤٩
مافی خۆمە ................ ١٥٥
حەسرەتی دڵ ................ ١٥٩
لە دەرکی مەیکەدە ................ ١٦٢
بەوری بەیان ................ ١٦٥
خەت و خاڵ ................ ١٦٩

دانەخۆرە................................................ ١٧٣
بەفری بەران................................................ ١٧٥
لەبەر چاوان دەکەوم................................................ ١٨٠
دەوای دڵی زارم................................................ ١٨٣
مافی گەل................................................ ١٨٦
باسی سەر................................................ ١٩٠
مەنجەڵی دڵ................................................ ١٩٣
سۆزی دەروون................................................ ١٩٥
ئاخ و سکاڵا................................................ ١٩٨
پاڕانەوە................................................ ٢٠١
زیارەتی سەروەر................................................ ٢٠٤
ئیمامیش دێتن................................................ ٢٠٧
ڕۆژی هەستان................................................ ٢١٠
سەفەری حەستەم................................................ ٢١٤
دۆعای ڕۆژان................................................ ٢١٨
ئازارەکەم................................................ ٢٢١
چاوەکانم................................................ ٢٢٣
کاروانی نەمان................................................ ٢٢٦
مەفەرموو من نەماوم!................................................ ٢٢٩
نۆرە هەنگاوی منە................................................ ٢٣٢
شەمعی کامیل................................................ ٢٣٥
**شیعری ساڵانی ١٣٥٤ تا ١٣٥٩................................................ ٢٣٧**
بەفری خەم................................................ ٢٣٩
دەروێشم و دڵ ڕێشم................................................ ٢٤٢
چ خۆشە!................................................ ٢٤٥

پێناو.......................................................................................... ٢٤٨
ڕەش و سپی.................................................................................. ٢٥٠
بێشکەی شکاو............................................................................... ٢٥٣
یەکگرتن........................................................................................ ٢٥٥
دزیومەتەوە..................................................................................... ٢٦٠
ڕۆژگاری تاڵ.................................................................................. ٢٦٣
بێچارەیە 'کامیل'.............................................................................. ٢٦٧
زستان........................................................................................... ٢٧٠
گوڵی هیوا..................................................................................... ٢٧٤
گەسکە کۆڵە.................................................................................. ٢٧٨
لە خەو هەستان.............................................................................. ٢٨٣
بۆ شەهیدانی بانە........................................................................... ٢٨٦
نیشتمانی کورد............................................................................... ٢٨٨
دەردی کورد................................................................................... ٢٩٤
چوارینەیەك.................................................................................... ٢٩٧
نان و خوان.................................................................................... ٢٩٨
داخی تۆ سەختە.............................................................................. ٣٠١
**شیعری ساڵانی ١٣٦٠ تا ١٣٦٨............................................................ ٣٠٥**
بای وادە (خەرمانی مەینەت)............................................................. ٣٠٧
چش لەم و لەو!............................................................................... ٣١١
پیری............................................................................................. ٣١٤
لێبووردن........................................................................................ ٣١٧
بوراقی باڵدار.................................................................................. ٣١٩
وەرەوە گیانە!.................................................................................. ٣٢٣

پاڕانەوە........................................................................ ٣٢٧
داخوازی ئیمداد.................................................................. ٣٣١
حاسڵی من...................................................................... ٣٣٥
جەژنی ئێمە..................................................................... ٣٣٨
شووشەی دڵ..................................................................... ٣٤٠
پاڕانەوە........................................................................ ٣٤٤
ئەی غەریبی خۆشەویست!......................................................... ٣٤٨
ئاواتی هۆنەر.................................................................... ٣٥٢
**شیعری بێ تەئریخ........................................................... ٣٥٥**
تەیری دڵ....................................................................... ٣٥٧
"تورجان"ی خرۆشاو................................................................ ٣٦٢
شین بۆ "خەمین"................................................................. ٣٦٨
قارەمانی نەبەزی کوردستان........................................................ ٣٧١
ئینقلابی ئێران................................................................... ٣٧٤
سکاڵا........................................................................... ٣٧٨
کزەی بای شەماڵ................................................................. ٣٨١
ڕێگای عیشق..................................................................... ٣٨٥
پاییز ........................................................................... ٣٨٧
بای وادە (٢)..................................................................... ٣٩٥
سروە بای بەهار.................................................................. ٤٠٢
بەهار........................................................................... ٤٠٩
هێلانەی ڕووخاو.................................................................. ٤١٤
بەهار هات....................................................................... ٤١٧
دڵی نەکوڵاو...................................................................... ٤١٩
ئەوین و ئەجەل................................................................... ٤٢١

چەکی من........................................................................ ٤٢٦
بەینەت شکاندن.................................................................. ٤٢٨
**چوارینە و تاك........................................................................ ٤٣١**
سەرەتا............................................................................. ٤٣٣
چوارینەی فەلسەفی (٦ چوارینە)..................................................... ٤٣٥
چوارینەی فەلسەفی/ ئایینی (٤ چوارینە)............................................ ٤٣٨
چوارینەی ئایینی/ عیرفانی (٧ چوارینە)............................................. ٤٤١
چوارینەی غەرامی/ شەخسی (٤ چوارینە) و یەك تاك................................ ٤٤٤
چوارینەی کۆمەڵایەتی/ سیاسی/ شەخسی (٥ چوارینە).............................. ٤٤٧
چوارینەی ڕوو لە کەس وکاری خۆی.................................................. ٤٥١
(٤ چوارینە)........................................................................ ٤٥١
چوارینەی ئیخوانیات (٥ چوارینە)................................................... ٤٥٤
**نامە گۆڕینەوەی شیعریی ئاوات لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخی خۆی.............................. ٤٥٩**
سەرەتا............................................................................. ٤٦١
بابەتی شیعرەکان.................................................................... ٤٦٥
نامە گۆڕینەوەی شیعریی ئاوات لەگەڵ سەیید......................................... ٤٦٦
نامەی شیعری گۆڕینەوەی ئاوات و حەقیقی............................................ ٤٨٢
نامەی شیعری گۆڕینەوەی ئاوات و خاڵەمینی بەرزنجی................................ ٤٩٥
نامەی شیعری گۆڕینەوەی ئاوات لەگەڵ نووری........................................ ٥٠٢
نامەی شیعری گۆڕینەوەی ئاوات لەگەڵ سەلاحەددینی ئاشتی.......................... ٥١٠
نامەی شیعریی سوارەی ئیلخانی زادە بۆ ئاوات...................................... ٥١٣
نامەی شیعریی ئاوات بۆ مستەفا ئیلخانی زادە...................................... ٥١٥
وەڵامی شیعریی ئاوات بە شیعرێکی محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)................. ٥١٧
تەخمیسی غەزەلێکی ئاوات.......................................................... ٥١٨

**شیعره فارسییه‌کانی ئاوات ......................................................... ٥٢٣**
سه‌ره‌تا......................................................................... ٥٢٥
متن اشعار فارسی................................................................ ٥٤٥
معراج............................................................................ ٥٤٦
هیچ و هیچ....................................................................... ٥٤٧
صید حرم........................................................................ ٥٤٨
روزگار من....................................................................... ٥٤٩
مناجات.......................................................................... ٥٥٠
بخت بی وفا..................................................................... ٥٥١
متاع محبت...................................................................... ٥٥٣
گل جامه درید................................................................... ٥٥٥
نشانه خزانم...................................................................... ٥٥٦
فشار زندگی..................................................................... ٥٥٧
شمع شبستان.................................................................... ٥٥٨
از کارزار افتاده‌ام................................................................. ٥٥٩
ستایش........................................................................... ٥٦٣
راز و نیاز........................................................................ ٥٦٤
بر درگه تو...................................................................... ٥٦٥
مردان خدا...................................................................... ٥٦٦
شفا ............................................................................. ٥٦٧
زخم مژه........................................................................ ٥٦٨
رشته‌ی مهر...................................................................... ٥٦٩
دوران مهر...................................................................... ٥٧٠
با سر دویدن.................................................................... ٥٧١
در وفات محمدخان بداقی "حه‌مه خان".......................................... ٥٧٣

رباعی و دوبیتی ........................................ ٥٧٥
نامه‌های منظوم امامی به دوتن از اساتید شعر کردی ........................................ ٥٧٧
*جواب حقیقی به امامی* ........................................ ٥٨٠
جواب حقیقی به نامه دیگر امامی ........................................ ٥٨١
*نامه 'هیدی' به امامی* ........................................ ٥٨٣
**جواب امامی به هیدی** ........................................ ٥٨٤

# شیعری سالانی ١٣٤٣ تا ١٣٤٩

*پێڕست: چی بدرووم؟، شنەی بەهار، هاتەوە بۆ بۆکانێ، تاونەدیو، گڕوو، وەك مەسنەوی، خاسەکەو(٢)، شاباز، شەو، بێ هەستم، لە قەڵەم کەوتووم، تۆبە، نابووژێمەوە، شاباشی بەهار، دووریی یاران، کاتی بەهارە، نیشتمان، شاری دڵ، کەرەی کرد بە زەنگ، شەوی بەزم، یاران ڕۆیشتن، عەزیزی میسری دڵ، دەستی ماندوو و زگی برسی، بەهاری ناخۆش، ئاردی نێو دڕوو، کۆچی خێر، ناڵەی بێدڵان، بەهاری تازە، لافاو، کەی بەهار وایە؟، ستایشی خودا، هات و نەهات، کاسەی بەتاڵ، شەونم.*

# چی بدرووم؟

مەزرەعەی خاڵی یی خۆم دیوە من و داسی کول
ئەی خودایا، بە چ دروێنە بکەم. چی بدرووم؟
من لەبەر نانی بەهاریێ نییە ترس ولەرزم
هەر لە ئێستاوە لە تاو حاسڵی پاییز[١] مردووم
فەسڵی هاوین و بەهار فەرقی نییە بۆ منی زار
هەموو کاتیێ لە زەواد خاڵییە[٢] ماڵ و کەندووم
هەرکەسیکە بە هیوای حاسڵیێ، کەیفی خۆشە
من کە نیمە، بە هیوای مەرحەمەتی تۆ زیندووم
تۆی کە ئاودێری هەموو دێمی و ڕەززاقی هەموو
مار ومۆرێکی، بدە ڕزقی منیش تا زیندووم
با ئەوەند لێر ولەویێ سەر نەکوتم ڕۆژ و شەویێ
قوڕ لە دەرکت بە سەرا کەم، بکەوم، زۆر ماندووم

قاقڵاوا، ١٣٤٣ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٧١ ی چاپی ئەنیسی و ١٣٢ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'مەزرەعەی خاڵی' یە.
لێرەدا خوێنەر تەنیا بە هۆی کێش و چەند زاراوەی ناو فەردی یەکەمیەوە (وەك مەزرەعە و داس) دەکەوێتە بیری شیعرێکی حافزی شیرازی دەنا هیچکام لە پێنج

---

[١] . لە هەردوو دیوانەکەدا، پاییز هاتووە. من بە هۆی کێشی شیعرەکەوە 'پایز' م نووسی کە قورس نەبێت.
[٢] . لە هەردوو دیوانەکەدا ئاوا هاتووە:"هەموو کاتێکە لە زاد خاڵییە...." کاك ڕەحیم بەهرامزادە ئەم شێوەیەی سەرەوەی پێشنیار کرد و من بە تەواوەتی لەگەڵیدام. دەبیێ لە بنەڕەتدا زەواد بووبێت و جەعفەر و ئەنیسی یا هەر نوسخە هەڵگرێکی دیکە ئەم هەڵەیەیان بە سەر قەڵەمدا هاتبێت.

فەردەکەی دیکەی بە هیچ شێوەیەك، دوور یا نزیك، هاوشێوە، یان هاو واتای غەزەلە هەشت فەردییەکەی حافز نین. ئەو جیاوازییە تەنیا لە ڕواڵەتی فەردەکاندا نییە بەڵکوو لە واتادا بەرچاوترە کە هەر بە تەواوەتی لە یەکتر جیان و هەرکام لە شاعیرەکان ناوەڕۆکی شیعری خۆیان بەرەو ئاقار و ڕێبازێکی جیاواز بردووە. با لەپێشدا شیعرەکەی حافزی شیرازی بهێنمەوە:

*"مزرع سبز فلك دیدم و داس مه نو*
*یادم از کِشته خویش آمد و هنگام درو*
*گفتم ای بخت بخسبیدی و خورشید دمید*
*گفت با اینهمه از سابقه نومید مشو*
*گر روی پاك و مجرد چو مسیحا به فلك*
*ز فروغِ تو به خورشید رسد صد پرتو*
*تکیه بر اخترِ شبگرد مکُن کاین عیّار*
*تاج کاووس ربود و کمر کیخسرو*
*گوشوارِ زر و لعل ارچه گران دارد گوش*
*دور خوبی گذرانست، نصیحت بشنو*
*چشمِ بد دور ز خالِ تو که در عرصه حُسن*
*بیدقی راند که بُرد از مه و خورشید گرو*
*آسمان گو مفروش این عظمت کاندر عشق*
*خرمن مه به جوی، خوشه پروین به دو جو*
*آتش زهد و ریا خرمنِ دین خواهد سوخت*
*حافظ این خرقه پشمینه بینداز و برو"*

شیعرەکەی حافز لە باری واتای فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەوە گەلێك بەرزە و هەڵوێست گرتنێکی زەقە دژ بە زوهدی ڕیایی و پەشمینە پۆشیی سۆفیانی ناساف و تەبلیغی بێ نیازی و دەروێشی و دڵ هەڵکەندن لە دونیا و تێیدا خوازیاری ئازادی و سەربەخۆیی

بیری مرۆڤە. لە باری زمان و پێکهاتەی شیعرییشەوە ئەوەندە قورس و قایمە کە دڵنیا نیم کەسێك بتوانێت هاسان بە شیعر وەریبگێڕێتە سەر زمانێکی دیکە.
بۆ دڵنیا بوون لەم بۆچوونەی خۆم سەیری کتێبی "شەونم" ی مامۆستا حەقیقیم کرد کە وەرگێڕاوی کوردیی ١٠٠ غەزەلی حافزە *(صلاح الدین ایوبی، ورمێ، ١٣٧٠)*، هەروەها کتێبی "تورکجه حافظ غزللری" م پشکنی کە وەرگێڕاوی تورکی چەند غەزەلی حافزە و لە لایەن محمد نقی ناصرالفقرا (آذر پویا) وە بەڕێوە چووە *(نشر مهران، تبریز ١٣٨٠)*. لە هیچکام لەو دوو سەرچاوەیەدا وەرگێڕاوی ئەم غەزەلەم بەرچاو نەکەوت. بە داخەوە دەستم بە کتێبی "حافظ به روایت شهریار" یش ڕاناگات کە دەبێ لەوێدا شەهریار ١٠٠ غەزەلی حافزی هەر بە زمانی فارسی ئیستیقباڵ کردبێت. دەمویست بزانم شەهریار چۆن لە ڕۆستی ئەم غەزەلە هاتووە، گەرچی کارەکەی ئەو تەرجەمە نییە و ئیستیقباڵە.
نیازم ئەوەیە بڵێم وەرگێڕانی ناوەرۆك و چەمکی شیعرەکەی حافز ئەویش بە شیعر، دەبێ بۆ مامۆستا سەید کامیل هاسان نەبووبێت و هەر ئەوەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی ناوەرۆکی شیعرەکەی حافز بەرەو ئاقارێکی جیاواز بەرێت و خۆی لە قەرەی ئەو کێشە گەورە فەلسەفییە نەدات کە دەقا ودەق کردنی شیعرەکەی حافز و هاوبیری و هاوهەڵوێست بوون لەگەڵ ئەوی پێویستە! هەر ئەوەشە کە دەبینین شیعرەکەی ئاوات ناوەرۆکێکی سەدا سەد ئایینی و پاڕانەوەی ساکار لە خودای هەیە و ئەم ڕوخسارە بە تایبەت لە فەردی ٤ تا ٦ ی کوردییەکەدا دەبینرێت. وەك هەموو شیعرێکی دیکەی ئایینی موسوڵمانان، ئەم شیعرەش پڕە لە بێ هیوایی و ترس و لەرز لە خودا و تۆڵە سەندنەوەی دواڕۆژی ئەو لە خەڵکی خراپ و پاڕانەوە بۆ ئەوەی لە خەتاکانی ببوورێت، ئەو ڕەززاقە و ئەمیش ڕزقی لێ دەخوازێت بەڵام ڕزقەکەی وا لێی دەخوازێت نان و پێخۆری باش نییە، چاوپۆشییە لە گوناه.
بە بۆچوونی من، هەر هەموو شەش فەردەکە هەڵگری ئەو بیرە ئایینییەن ونیاز لە مەزرەع و دروێنە و حاسڵی پایز و ماڵ و کەندووی خاڵی لە زەواد، بێ هیواییە لە ژیان و چاوەڕوانی کردنی مردنە و پاڕانەوەیە بۆ لێبووردنی خودا. هەر بۆیەش دەکرا لە دیوانەکەدا بخرێتە لای چەند شیعرە ئایینییەکەی دیکە لە لاپەڕە سەرەتاییەکاندا، هەرواش بووە.
وشەیەکی ئەستەمم لە شیعرەکەدا نەبینی بەڵام سەرجەم چەمك و واتای شیعرەکە پێویستی بە ووردبوونەوە هەیە دەنا لە ڕواڵەتە ئاساییەکەیدا شاعیر وەك سواڵکەرێك

دەردەکەوێت کە داواکاری خێر وبەرەکەتی ماددی و ڕزقە لە دەوڵەمەندێکی دەست ڕۆیشتووا! لە حاڵێکدا وانییە و ئەو خۆ بچووك کردنەوەیە لە بەرانبەر مەعبوود دا و دەرۆزە لێکردنی، ڕوانگەی گشتیی هەموو ئەهلی تەسەووفە و ئەوانەش وا ئاوات بناسن دەزانن بێگومان سۆفییەکی بێ خەوش و بە تەعبیری ئایینی، عەبدێکی لە خوداترس بووە. هەر ئەوەی وا چنگی بۆ شیعری شاعیرێکی بە 'متصوف' ناسراو وەك حافزیش هاویشتووە، دەرخەری هەڵوێستی سۆفییایەتی ئەوە.

لە گەڕانی ئینترنیت بەشوێن دۆزینەوەی سەرچاوە سەبارەت بەم شیعرەدا، تووشی وێبلۆگێکی فارسی هاتم کە تێیدا هەموو دیوانی حافز بە دەنگ و بە بێ هەڵە تۆمار کراوە و ئەم شیعرەشی تێدایە. بۆ زانیاری و کەڵك وەرگرتنی خوێنەر، ئەدرێسی وێبلۆگەکە لێرەدا دەهێنم کە ناوی "۱ دوست دات کام" ە. بریا کوردیش کارێکی هاوشێوەی ئەو برادەرە زەحمەتکێشەی بۆ شاعیرانی خۆی بکردایە. خاوەن وێبلۆگ کە ناوەکەشیم بۆ نەبینرایەوە، تەنانەت لاپەڕەیەکی داناوە بۆ فاڵی حافز کە بەشێك لە خەڵکی ئاسایی لە ئێران باوەڕیان پێیەتی. خوێنەر دەتوانێت لەو لاپەڕە تایبەتەدا کلیك بکاتە سەر وێنەی دیوانی حافز بۆ ئەوەی خۆ وبەختان غەزەلێکی ئەوی بەدەنگ بۆ بخوێنرێتەوە:

http://www.1doost.com/hafez/407.htm

ئەوەش ئەدرێسی وێبلۆگێکی دیکە، کە تێیدا وشەی ناو غەزەلەکانی حافز و یەك لەوان ئەم غەزەلە (ژمارە ۳۹۱)، واتا کراونەتەوە. ئەوە کارێکی مەزنە و ئێمە دەبێ سەرچاوەی وا بۆ بەرهەمی شاعیرانی کورد پێك بێنین. من دەقی شیعرە فارسییەکەشم لەبەر ئەو وێبلۆگە هەڵگرت. وا دەردەکەوێت کە خاوەنی وێبلۆگەکە، دوکتۆر عبدالحسین جلالیان، کتێبێکی بە ناوی "شرح جلالی بر حافز" یش نووسیبێت وبڵاوی کردبێتەوە:

http://jalalian.ir/farsi/index.php?option=com_content&task=view&id=813&Itemid=45

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

# شنەی بەهار

بەهارە و شنەی مایەی ژیانە[٣]
بە شنەی ژیاوە ئەم نیشتمانە[٤]
بەهار هێنەری موژدەی خەباتە
لابەری مەینەت، هێنەری هاتە
ئاوری نەورۆزی پڕشنگی ژینە
بۆ گەل و بۆ هۆز گڕی بەتینە
گڕ و گڕپەی ئەو ژینی پێوەیە
بریسکەی خەبات هەر لەوێوەیە
ئاگری نەورۆزە یا تیشکی هیوا
ڕووناککەرەوەی تاریکی هەوا
گڕپەی خورپەی دڵ، شەوقی زەوقی گەل
لە دەوری داڵێن لاوان بە کۆمەڵ
کاتێکی خۆشە، فەسڵی نەوبەهار
دووری لە نەیار، نزیکی لە یار
ئەوە سەوز ئەکا تۆوی ڕزگاری
بەرهەم دێنێ باغ بۆ کوردەواری
هێندێ دەڕزێنێ، هێندێ دەڕوێنێ
بەو گەرم و ساردی لە خۆی دەنوێنێ
دووبەرەکی گەل دەڕزێنێ سەرپاک
تۆوی یەکیەتی دەڕوێنێ لە خاک
بەهار بەخێرێ، دنیا گرتی ڕەنگ

---

[٣] چاپی ئەنیسی: ژییانە
[٤] چاپی ئەنیسی: ژییاوە

ڕۆژی وەدەرخست لایبرد شەوەزەنگ
بە تەپڵ و تۆپ و بە زەبروزەنگە
دەی، سا، نەتەوەی کاوە، درەنگە!
بۆ پێشواز پاکوو بڕازێنەوە
شنە! تۆش کۆرپە بلاوێنەوە
لە بێشکەی خەما ڕایژێنە تاوێ
بۆی دەرخە کاتێ، هەتاوێ، ساوێ
ببووژێتەوە لە بەر تاو و ساو
تا بێتە جێگەی شانازی تەواو
فتیلەی ڕێگەی ڕزگاری پێیە
بەخێو کردنی یەکجار بەجێیە
با بێتە بەرهەم کۆرپەی نەتەوە
هیوای دوارۆژی نەتەوە بەوە
بۆ نیشتمان و بۆ گەل دەکۆشێ
لە ڕێی وان سەد چەل زووخاو دەنۆشێ[5]
ئەوسا ئاواتی "ئاوات" دێتە جێ
شین دەبێ خەڵفی هیوای جێبەجێ

قاقلاوا، ١٣٤٣ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٧٩ تا ١٨١ ی چاپی ئەنیسی و ٣٠٦ و ٣٠٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە و باوەکوو زۆر لە ناوەرۆکی شیعرەکە دوور نییە بەڵام شاعیر ئەو بەهار و شنەی بەهارەی لە پەیوەندی خەباتی پێشمەرگەی کورد و لاچوونی بەفر و سەرما و خولقانی دەرەتان بۆ جووڵە و هاتوچۆی پێشمەرگەدا هێناوە و بەو پێیە چاوەڕوان دەکرا ناوێکی سیاسی، نەك سروشتی، لە سەر شیعرەکە دابنرێت بەڵام ئەگەر ئەوە خواستی شاعیر خۆی بوویێت، کە بە

[5] چاپی ئەنیسی: لەڕێی وان هەرچەند زووخاو دەنۆشێ

هاوشێوەبوونی عینوانەکە لە هەردوو چاپدا، وێشدەچێ وا بێت، ئەودەم ئەستەمە ئێمەی خوێنەر بتوانین بیگۆڕین.
شیعرەکە سێ ساڵێك دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول گوتراوە و هی ئەو سەردەمانەیە کە باوەڕی قورس و قایم بە شەڕی چەکدارانە هەبوو. دیارە بەشێك لەو خۆشەویستییە، پەیوەندی بە خووی عەشیرەیی خەڵکەکە و ئەویندارییەتی چەك لای ئەندامانی کۆمەڵگاوە هەیە. واهەیە هۆکارێکی دووهەم بۆ ئەو ئەویندارییەتییەی چەك لە بیر و بۆچوونی مائۆئیستی سەرچاوەی گرتبێت کە ڕاست لەو ساڵانەدا برەوی زۆری نەك هەر لە کوردستان بەڵکوو بەشی زۆری جیهانی سێهەم هەبوو و سیاسییەکانی کوردیش هێزیان لە لوولەی تفەنگدا دەدۆزییەوە و شاعیران بە کلاشینکۆفیاندا هەڵدەگوت- ئەویندارییەك کە تا ساڵی ڕاپەڕینی ١٣٥٧یش درێژەی کێشا و هەندێك لە حزبە سیاسییەژکانی کورد بنەمای بەرنامەکانی خۆیان لەسەر ئەو دانا و تەنانەت ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە و ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی جیهانیش، هەر لە سەر ئەو ڕێبازە ماون. دیارە هۆکاری سێهەمیش زوڵم و زۆری ولاتانی داگیرکەری کوردستان لە کۆمەلانی گەلی کورد بوو و خەڵك بۆ بەرگری کردن لەخۆیان چەکیان بە پێداویستییەك دەزانی. هەرچۆنێك بێت، ئەویندارییەتی چەك لە هەموو بەشێکی شیعرەکە دەردەکەوێت.
مەینەت و هات: سەنعەتی مقابەلە یان تضادیان لێ پێکهاتووە.
گەل و هۆز: گەل وشەیەکە بەرانبەر بە میللەت (ناسیۆن) و کەم و زۆر هەمان واتای هەیە. هۆز لە هەنبانە بۆرینەدا بە دوو واتا هاتووە: عاشیرەت، ئاپۆرەی خەڵك و کۆمەڵی مرۆ. بەلام بە گشتی لە زمانی کوردیدا ئەو وشەیە واتایەکی ورد و دەقیقی نییە و زیاتر واتای عەشیرەتی لێ وەردەگیرێت. لە ناو شاعیران و بە گشتی خوێندەوارانیشدا واتای 'گەل' و نەتەوەی لێ وەرگیراوە، بۆ نموونە:

- *"ئەی کوڕ نەوەی کێی؟*
- *نەوەی شێرانم*
- *تۆ لە کام هۆزی؟*
- *هۆزی کوردانم...." (مامۆستا هەژار)*

گڕپە: کڵپە، بڵێسە، گڕ (هەنبانە بۆرینە)
بریسکە: بروسکە، بەرقی ئاسمان (هەنبانە بۆرینە) واتە بروسکەی خەبات هەر لە نەورۆزەوە دێت (کە جەژنی کوردانە).

خورپە: ڕاتڵەکانی دڵ (هەنبانە بۆرینە)
داڵێن: دەئاڵێن. لە دەوری شتێك ئاڵان واتە کۆبوونەوە لە دەوری شتەکە.
نەوبەهار: شاعیریش وەك زوربەی خەڵك، جیاوازییەکی لە نێوان بەهار و نەوبەهار دانەناوە. بە بۆچوونی من نەوبەهار ماوەیەك درەنگتر و لە نێوەڕاست مانگی بەهاردا دێت.
کوردەواری: لە هەنبانە بۆرینەدا بە کوردستان واتا کراوەتەوە بەڵام من زیاتر وەك 'کۆمەڵگای کورد'ی دەبینم.
دەڕزێنێ و دەڕوێنێ: جیناسی ناتەواویان پێ دروست کراوە.
تۆوی یەکیەتی دەڕوێنێ لە خاك: بکەری ڕستەکان هەمان بەهارە و لێرەدا دەڵێ بەهار دووبەرەکی ناهێڵێت و تووی یەکیەتی شین دەکات.
شەوەزەنگ: شەوی تاریك
تەپڵ و تۆپ: ئاماژەیە بە گرمەی هەور و هەورە تریشقە لەو بەهاردا.
زەبر وزەنگ: توند وتیژی
پاکوو: هەمووتان
بڕازێننەوە: خۆتان بڕازێننەوە
شنە: سروە، نەسیم
کۆرپە: منداڵی ساوا
ببووژێتەوە: هەنبانە بۆرینە 'بوژانەوە' ی ئاوا واتا کردۆتەوە: وەکەیف کەوتن لەپاش لەڕی و کەساسی.
فتیلە: پلیتەی چرا
چەل: جار، کەڕەت
خەڵف: نەمام
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

## هاتەوە بۆ بۆکانێ

وەك دەڵێن هاتەوە بۆ 'بۆکان'ێ
پێی بڵێن پێ لە دوو چاوم دانێ!
داروپەردووی کە لە ئاودابوو، ڕزی
قەدەمت بێنە بە سەبر و بەدزی
نەوەکوو پێت لەسەری بێ و بشکێ
ئابڕووی عاشقی زارت بتکێ!

بۆکان، ١٣٤٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٠٨ ی چاپی ئەنیسی و ٣٣٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە میسراعی یەکەمی مەتلەعی شیعرەکە وەرگیراوە و لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.

ئەم شیعرە لە هەردوو دیوانی چاپکراودا وەك مەسنەوی چاوی لێکراوە و لەگەڵ مەسنەوییەکان دانراوە لەکاتێکدا مەسنەوی نییە و 'قەتعە'یە.

شیعرێکە لە مەقووڵەی ئیخوانیات واتە شیعری دۆستانەدا دەگونجێت و نامەیەکی شیعریی دۆستانەیە.

من کاتێ لە چاپی مامۆستا ئەنیسیدا چاوم پێی کەوت و لەوێدا ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دەست نیشان نەکرابوو، وام دەزانی بۆ گەڕانەوەی نەمر قازی کاکەحەمەی قزڵجی لە باشووری کوردستانەوە بۆ بۆکان گوتراوە. بەڵام کاتێ چاپی ئاغا سەید جەعفەر بڵاوبووەوە، لە ژێر شیعرەکە ڕێکەوتی ساڵی ١٣٤٥ و لە پەراوێزدا ئەم عیبارەتەم بینی: "بۆ حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی"، ئیتر مەزندە وگومان کردن تەواوبوو و ڕوون بووەوە ئاوات شیعرەکەی کەی و بۆ کێ گوتووە.

حاجی ڕەحمان ئاغا کەسایەتییەکی گەلێك خۆش نێو لە ناو ئاغاواتی بۆکاندا بوو. باوکی کاك سەلاح و کاك عەبدوڵلای موهتەدییە، بۆ ساڵانێکی زۆری ژیانی لە تاران دەژیا و مامۆستای زانکۆی ئیلاهیات بوو.
ئاگاداری ئەوە نیم لەو ساڵی ١٣٤٥ (١٩٦٦)ەدا چی ڕوویداوە و ئایا حاجی ڕەحمان ئاغاهەر بە سەفەرێکی ئاسایی لە تارانەوە گەڕاوەتەوە بۆکان یان خود دوای گیر و گرفتێکی سیاسی هاتۆتەوە زێدەکەی. ئەگەری زۆرترم ئەوەیە سەفەرێکی ئاسایی بووبێت و بە سەردان هاتبێتەوە بۆکان، هەر بەو بۆنەیەشەوە کامیل شا ئەم شیعرەی هۆندبێتەوە.[٦]
کورتەی ناوەرۆکی شیعرەکە ئەوەیە ئاوات بە حاجی ڕەحمان ئاغا دەڵێ ئێستا کە گەڕاویەتەوە بۆکان، لە جیاتی زەوی، پێت لەسەر کەلاوەی چاوی من دابنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی داروپەردووەکەی واتە برژۆڵەکان [بەهۆی دووری تۆوە] زۆر لە ناو فرمیسکی چاومدا ماونەتەوە و ڕزیون، بە سەبر و هەستەوە پێ لەسەریان دابنێ نەوەکوو بشکێن، [تۆش هەڵبخلیسکێی] و ئابڕووی منی عاشقی هەژاری خۆت بەو کەوتنەت، بتکێ؛ ئەوەش ئەوپەڕی خۆشەویستی و ڕێزە کەسێك بە کەسێکی دیکەی بڵێت.
واتای هەندێك لە وشەکان بە یارمەتی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار:
پێ لە دوو چاوم دانێ، دەبوایە 'پێ لەسەر دووچاوم دانێ' بوایەت، بەڵام بەهۆی کێشی شیعرەکەوە وا گوتراوە.
داروپەردوو، بەرد ودار و هەڵاشی خانوە ڕووخاو.
ئاو، دەبێ فرمێسکی شاعیر بێت کە لەبەر دووریی دۆستەکەی، لە گۆمی چاویدا کۆبۆتەوە.
زار، لاواز، لێقەوماو.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە
رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

---

[٦] من بیرەوەرییەکی کاڵەوەبووم هەیە لە حاجی ڕەحماناغا کە لە تاران عەمەلیاتێکی بۆ کرا. دوور نییە ئەو گەڕانەوەیەی بۆکانی دوابەدوای عەمەلیاتەکە بووبێت. ساڵەکەشی واهەیە هەر ١٣٤٥ بێت لەبەر ئەوەی باوکیشم هەمان 'دوکتۆر میر'لە هەمان نەخۆشخانەی تاران عەمەلیاتی کرد و ئەوەش ساڵی ١٣٤٦ بوو.

## تاونەدیو

تەوژمی چەرخی کۆنی پیرە دنیا[٧]
هەتا کەنگێ لەسەرمانە، بە سەرما؟
دەمێ مۆڵەت بدا، تیشکی بەهاری
بلا تینێك بداتە کوردەواری
لەمێژە چاوەنۆڕ و ڕۆژنەدیوین[٨]
هەموو بێ جلك وبەرگین، وەك هەتیوین
بلێی جارێکی دی شین بێ گوڵووکات؟[٩]
کوڕوکاڵیش بگەن ئەوچەل بە ئاوات؟
ئەوە 'ئاوات' بەجێ ماوە لە هۆزی
وەدووی خێڵ کەتووە، ناگا بە تۆزی
خودا! پێشەنگی ئەو خێڵە، سەعاتێ
بوەستێنە هەتا ئاوات دەگاتێ!
دەڵێن سووتاوە ئێستا بۆتە زووخاڵ
بەهاواری نەهاتن قەت کوڕوکاڵ

قاقلاوا، ١٣٤٧ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٠٥ تا ٢٠٦ ی چاپی ئەنیسی و٣٣٦ ی چاپی جەعفەر)

---

٧ چاپی جەعفەر: دونیا
٨ . لەمێژە چاونەزێر و تاونەدیوین، چاپی ئەنیسی
٩ . گوڵوکات، چاپی ئەنیسی

عینوانی شیعرەکە لە فەردی سێهەمی شیعرەکە وەرگیراوە و لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
مەسنەوییەکی سیمبولیکی سیاسییە و بارودۆخی سیاسیی گەلی کوردی تێدا وێنا کراوە. چاوەڕوان بوون بۆ بەئاوات گەیشتن، کە بریتی بێت لە سەربەخۆ بوون و لە دەستی بێگانان ڕزگار بوون، بە هەموو بەژنی شیعرەکەدا گەڕاوە و بە سانایی هەستی پێدەکرێت: تەوژم و سەرما و چاوەنۆڕی (یان چاونزێری) و تاونەدیوی و بێ جلك وبەرگی و وەك هەتیو مانەوە و لەخێڵ دواکەوتوویی و بە زووخاڵ بوون و بەهاوارەوە نەهاتوویی، هەمووی سیفاتێکن بۆ باری سیاسیی گەلی کورد لە بارودۆخی گوترانی شیعرەکەدا. بەڵام شاعیر بە ڕاشکاویی ئامانجی خۆی دەرنەبڕیوە و خستوویەتە ناو قاڵبێکی سیمبۆلیکەوە کە سروشت و وەرزەکانی ساڵ بێت.
لە سێ شوێنی شیعرەکە وشەی 'ئاوات' دەبینرێت. یەکەمیان ئارەزوو و هیوایە، دووهەمیان نازناوی شاعیرە و سێهەمیشیان هەر نازناوی شاعیرە بەڵام لە عەینی کاتدا واتای ئارەزوو و خواست و هیواشی لێ وەردەگیرێت.
واتای هەندێك لە وشەکان بە یارمەتی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار:
تەوژم، گوشار، توندی و هێز
بلا، لێگەڕێ
کوردەواری، وڵاتی کوردان هەروەها کۆمەڵگای کوردی. لێرەدا دووهەمیانە
چاوەنۆڕ، چاوەڕێ، چاوەڕوان
چاونزێر یان چاونەزێر، چاوچنۆك و بە ئیرەیی، بەخیل
گوڵووك، خونچەی گوڵ؛ گوڵووکات کۆی وشەکەیە، بە شێوەی عەرەبی بە 'ات' ی تأنیث بەکۆ کراوە.
کوڕوکاڵ، لاوان
لەهۆز بەجێمان، نیشانەی تەنیایی و بێکەسی و خەمباری و بێ هیوایی یە.
گەیشتن بە هۆز، گەیشتن بە ئاواتە، وەك کەسێکی بەجێماوی لە خێڵی کۆچکردوو کە غەریب و تەنیا کەوتبێتەوە و ئێستا گەیشتبێتەوە بە خێڵەکەی.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە
هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## گڕوو

کوانێ خورشیدی شەوی دەیجووری من؟
کوانێ دەرمانی دڵی ڕەنجووری من؟
ئەی فیدات بم، یاری بێمێهر و وەفا!
وا منت کوشت تۆ بە سەد جەور و جەفا
نەتدەزانی عاشقی باڵاتە دڵ؟
نەتدەزانی مشتەری کاڵاتە دڵ؟[١٠]
ئاڵوواڵات بۆ منە، من موبتەلام
من قەزاوەگێڕی هەر دەرد و بەڵام
یاری تۆ هەر تۆی دەوێ، ڕۆژ و شەوێ
گەر گڕوو بگرێ، بە کەس داناکەوێ[١١]
عاشقی زارت مەکە بێزاری خۆت
باش بناسە موبتەلای ئازاری خۆت
وا "ئیمامی" تووتی یی گوڵزارتە[١٢]
چاوەنۆڕی قەندی لێو و زارتە

قاقڵاوا، هاوینی ١٣٤٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٠٣ ی چاپی ئەنیسی و ٣٣٣ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.

---

١٠ چاپی ئەنیسی: کالا
١١ چاپی ئەنیسی: گڕو
١٢ چاپی جەعفەر: تووتیی

شیعرێکی ساکاری بە ڕواڵەت غەرامییە و لە تەمەنی **٦٣**ساڵیی شاعیردا گوتراوە، بەڵام هەستی ئەوەشی لێدەکرێت کە بۆ عەزیزێکی شاعیر وەك ئاغا سەید تاهیری کوڕی گوترابێت و لە پەیوەندی چوونی بۆ باشوورەی کوردستاندا بێت. دەستەوشەکانی گەلێك ساکارن و سەنعەتی شیعری زۆری تێدا بەرچاو ناکەوێت. هەست دەکرێت شاعیر هەوڵێکی میکانیکی دابێت بە دەستە وشەی سواوی زۆر لەکار کراو سەرواکان ڕێك بخات، بۆ نموونە بێ میهر و وەفا لەگەڵ سەد جەورو جەفا و....

دەیجوور: شەوی تاریك و درێژ وەك شەوی سەرەتای زستان

ئاڵ و واڵا: ڕەنگاوڕەنگ

موبتەلا: گیرۆدە

قەزاوەگێڕ: بەڵا گێڕەوە

گڕوو: بیانوو

داکەوتن: هێور بوونەوە، دەست هەڵگرتنیش

موبتەلای ئازاری خۆت: واتە شاعیر گیرۆدەی دەرد وئازاری دڵدارەکەیەتی و ئەوەی بەڕوودا دەداتەوە.

چاوەنۆڕ: چاوەنواڕ، چاوەڕوان

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## وەك مەسنەوی

ببیە لەو قامیشە، چۆنت پێ دەڵێ
پێت دەڵێ خێرا بە سۆزی من هەڵێ
سۆزی من، سۆزی دڵێکە ئاگرین
ئاگرێکە زۆر بەتین، پشکۆی ئەوین
هەر پڕیشکێکی دەبرژێنێ دڵێك
هەر بڵێسێکی دەپشکوێنێ گوڵێك
بەندبەندە نێو دەروونی پڕ زووخاو
وشك و ڕەق، ئەندامی دڵ تێدا نەماو
دڵ لەوێ ڕۆیی بە یادی دڵبەری
دڵبەرێکی شۆخ‌وشەنگی وەك پەری
هەرکەسێ دەردی ئەوینی چەشتووە
شەربەتی مەرگی بە لێوان مشتووە
هەر بە ئاخ و داخەوە دەتلێتەوە
شێت و پەتیارە لە کێو دەخولێتەوە
هەروەکوو مەجنوونی ماڵوێرانە ئەو
ڕۆژ و شەو بێ‌چارە، سەرگەردانە ئەو
هەرکە بیستی دەنگی بلوێری شوان[13]
بەستی خێرایەك کەمەر بۆ ڕێی نەمان
ڕێگە چی؟ پڕ درِك‌وداڵ و بەرد و چێو
هەر سەرەوژوور و سەرەوژێر، شاخ و کێو
چاڵ و چۆڵ و پڕ مەترسی و موشکیلات

---

[13] چاپی ئەنیسی: شووان

لابەلا و هەڵدێر و ڕێی هات و نەهات
تۆ "ئیمامی"! چاکە هەر بخولێیەوە
هەروەکوو شەم هەڵبیی و بتوێیەوە

قاقڵاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٨٧ و ١٨٨ ی چاپی ئەنیسی و ٣١٢ و ٣١٣ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
شیعرێکە لە ژێر کارتێکەریی ڕاستەوخۆی سەرەتای کتێبی "مثنوی" مەولانا جەلالەددین بەڵخی ڕۆمیدا گوتراوە، کە شوێنی لەسەر زۆر شاعیری دیکەی کوردیش داناوە بۆ نموونە، شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی (خالیس) بە شیعرێکی بەرزی فارسی تەفسیری کردووە[١٤] و مامۆستا هێمن شیعری ناسراوی "ناڵەی جودایی" لە ژێر تەئسیری ئەو شیعرەدا داناوە. جگە لەوان، شاعیرانی وەك مەحوی و مەولەوی تاوەگوێزی و نالیش کارتێکەریی مەسنەوی مەولانایان لە شیعری خۆیاندا پیشانداوە.
شێخ عەبدولڕەحمانی خالیس لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆچی دوایی کردووە کە دەکاتە ١٠٠ ساڵێك پێش شیعرەکەی ئاوات. شیعرەکەی ئاوات لە ساڵی ١٣٤٥ ی هەتاوی(١٩٦٦زایینی) دا گوتراوە. شیعری 'ناڵەی جودایی' مامۆستا هێمن ئەوەندەی بزانم، لە ساڵی ١٩٧٤دا گوتراوە و لە ١٩٧٩ دا چاپ کراوە کە دەکاتە ٨ ساڵ و ١١ ساڵ دوای گوترانی شیعرەکەی ئاوات. چەند فەردی شیعرەکەی ئاوات و هێمن، بە جیاوازییەك لە بەیاندا، هەست و بۆچوونێکی نزیك بەیەکتر دەگەیێنن:
ئاوات:

*هەرکەسێ دەردی ئەوینی چەشتووە*
*شەربەتی مەرگی بە لێوان مشتووە*
*هەر بە ئاخ و داخەوە دەتلێتەوە*
*شێت و پەتیارە لە کێو دەخولێتەوە*
*هەروەکوو مەجنوونی ماڵوێرانە ئەو*

---

[١٤] کیتابولمەعارف-شەرحی مەسنەویی مەولانای ڕۆمی تەسنیفی حەزرەتی مەولانا شێخ عەبدوڕەحمانی تاڵەبانی (خالص) بە پێشەکی د.نووری تاڵەبانی، وەرگێران بۆ سەر کوردی ئەنوەر سوڵتانی، داڕشتن و پێداچوونەوە و تەفسیری عیرفانی محەممەدعەلی سوڵتانی، چاپی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٤

*ڕۆژ و شەو بێچارە، سەرگەردانە ئەو*

هێمن:

*بۆ کەسێکە مەی، دڵی پڕ بێ لە داخ*

*بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ؟*

*ئەو کەسەی بێکەس نیە و خانە خەراب*

*دەك بە ژاری ماری بێ بادە و شەراب!*

بابەتی سەرەکی شیعرەکەی ئاوات، وەك ئەوەی مەولانای ڕۆمی، وەحدەتی وجوودییە و بە شێوەیەکی تەمسیلی لە تاکێك دەدوێت (قامیش) کە لە ئەسڵی خۆی (قامیشەڵان) جیابۆتەوە و ئاواتی گەیشتنەوە بە ئەسڵ دەخوازێت- ئەسڵێك کە بە "دڵبەری شۆخ وشەنگی وەك پەری" ناوی دەبات. شاعیر لێرەدا دوو وێنە لەخۆی دەکێشێتەوە: یەکەم شەخسی و تاکەکەسییە و بریتییە لە گرنگی نەدان بە وجوودی خۆی؛ دووهەمیش باوەڕێکی عیرفانی کە سەرچاوەی لە شوێنی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی ئەو وەك شێخانی تەریقەت سەرچاوە دەگرێت. شیعرەکە ئاوێتە و پێکهاتەیەکە لەو خەسلەت و باوەڕە هاوڕێ لەگەڵ توانایەکی بەرزی شاعیری بۆ جێکردنەوەی بۆچوونەکان لە قاڵبی شیعرێکی عەرووزیدا.

قامیش: نەی. وشەیەکی تورکییە

سۆز: گفت و پەیمان (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)

هەڵێ: هەڵ ببە، ڕۆشن بە، گڕ بگرە

پشکۆ: پۆلووی ئاگر

بڵێس: بڵێسەی ئاگر

بەند بەند: ئاماژەیە بە گرێ گرێ بوونی قامیش

زووخاو: کێم و خوێنی تێکەڵاو (هەنبانە بۆرینە)

پەتیارە: گەللایی، گێژۆکە

دڕك وداڵ: دڕك: چقڵ و دڕوو؛ داڵ: دەنك لێك جودا (ئەم هێشووە داڵە) (هەنبانە بۆرینە) لێرە و لە زۆر شوێنی دیکەی ناو ئەدەبی کوردیدا دڕك و داڵ واتای چقڵ و دڕووی هەیە.

چێو: چیلکە و لەتە دار

چاڵ و چۆڵ: دوو وشەی جیاوازن بە دوو واتای جیاجیاوە بەڵام بە سەریەکەوە دەبنە شوێنێکی نالەباری نەخوازراو.

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرز و قیت لە شاخ و کێودا(هەنبانە بۆرینە)
بەحری عەرووزیی شیعرەکە:
رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## خاسەکەو (٢)

خاسەکەوێ لە بەندەنێ
دیتم خۆش‌خۆش پێدەکەنێ
بە کێ؟ بە چی؟ بە من و بە تۆ[١٥]
بە ژینی وا بێ تار و پۆ
دەیگوت ئێوە لە گەرمێنن
لە کوێستان‌ڕا بۆو دەخوێنن[١٦]
لام وایە من، بە بیر و ڕام
گەرمێن و کوێستانێ گەڕام
نەمدی کەس تەنیا سەرکەوێ
یا بە دڵێکی خۆش وەرکەوێ
هەرکەس بە تەنیا مایەوە
داویان لە ڕێگا نایەوە
بە دەندووك پێوە بوو[١٧] وەك کەو
ڕۆژی ڕووناکی بوو بە شەو
گوێ لە ئامۆژگاریم بگرن
نەك بکەونە داوێ، بمرن
یەکێ لێرە، یەکێ لەوێ
یەك کەونەوە، لە منوو کەوێ!

---

١٥. 'بە کێ، بە جێ، بە من، بە تۆ' لە چاپی جەعفەردا

١٦. گەرمێن، باشووری کوردستان و کوێستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

١٧. بە دندووك پێوە بوون، خراپ پێوە بوون. کەوێك کە بە لاق پێوەبێت ئەگەر دەرفەتی هەبێت دەتوانێ بە دندووك داوەکە بپسێنێت، بەڵام کاتێ بە دندووك پێوە دەبێت ئیتر ڕزگار بوونی بۆ نییە.

بەس بەش‌بەش و لێك پساو بن
بەس بێ‌بیر و بەش‌خوراو بن
دەستێك تەنیا دەنگی نایە
منالێك بۆی ناکرێ کایە
بە دوو دەست چەپڵە لێ دەدرێ
بە دوو منال گەمە[18] دەکرێ
ئەو نیشتمانە پیرۆزە
هەموو کاتێکی نەورۆزە
شەوی ڕۆژە، ڕۆژی نەورۆز
جێی شانازی زۆرە بۆ هۆز
وەك بەهەشت خەملیوە بە گوڵ
نەك دڵێك، بەڵکە هەزار دڵ
ئاوبردەی ئاو و خاکییە
گیرۆدەی خاکی پاکییە
بەڵام بە داخەوە هەروا
لە ژێر دەستی داگیرکەردا
وێرانە[19] وو لاڕووخاوە
ڕێك چاڵ و چۆڵە و کەلاوە
شەوی مەینەت، ڕۆژی شەوە
بۆ گەل و هۆز و نەتەوە
هیوا و ئاوات و تاسەیە
ئاخ و داخ و هەناسەیە
دەست بە چاوی خەوا بێنن
ڕابن، دوژمن داپەڕێنن
کاتی ڕاپەڕینە، هەستن

---

[18] . یاری

[19] . 'وێرانە و لاڕووخاوە' لە چاپی جەعفەردا. بە حیسابی کێشی شیعرەکە دەبێ ئەم میسراعە بە یەك لەم دوو شێوەیە بخوێنرێتەوە: وێرانەیە ولاڕووخاوە، یان وێرانە وو لاڕووخاوە (واتە بە دوو واو). من دووهەمیانم هەڵبژاردووە کە لە دەقی جەعفەر نزیکتر بێت.

دەست و پێی بەرهەڵست بەستن
با بەس بەستن دەست و پێتان
با بەس بگرن لێتان ڕێتان
لێك بن، ڕێك بن، دەست بە دەست دەن
شایی بە خۆ و حەز لە هەست کەن
گەر هەست و قەست و مەبەستتان
ڕێك بەخت کەن بۆ کوردستان
ئەوجار دەژین بە سەربەستی
سەردەکەون بە تەڕدەستی
لە سارای بەرزی ئازادی
دەکەونە خۆشی‌یو شادی

قاقلاوا، ١٣٤٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٠١ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نییە)

---

لە دەسپێکی کارەکە و کاتێ ئەم بابەتانە لە سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان بڵاو دەبوونەوە، هێشتا چاوم بە دەقی چاپی کاك جەعفەری کوڕی شاعیر نەکەوتبوو و چاپی مامۆستا ئەنیسیش ئەم شیعرەی تێدا بڵاو نەکرابووەوە. شیعرەکەم لە ڕۆژنامەی کوردستانی چاپی ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١)ی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بینیبوو بەڵام لەوێدا ناتەواو بوو. ئەم دەقەی ئێستا دوای ئەو ڕۆژانە ئامادە کراوە واتە کاتێ کە نوسخەی چاپی جەعفەرم دەست کەوت و بە یارمەتی وەرگرتن لەو، بە هەموو ئەو بابەتانەدا چوومەوە کە پێشتر بڵاوم کردبوونەوە.
شیعری خاسەکەوی دووهەم، وەك گۆرانی یان سروودێك گوتراوە و وێژەری بەشی دووهەم لە زنجیرەی سێ بەرنامەی "دیرۆك" ی تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستانیش بەشێکی لێ خوێندۆتەوە.[٢٠]
شیعرەکە لە ڕاستیدا درێژەی هەوڵ و هەواڵ و پەیام و ناوەرۆکی خاسەکەوی یەکەمە بەڵام تەنز و تەنانەت "پێکەنین" واتە سەرکۆنەیەکیشی لێ زیاد کراوە و دەڵی ئەو

---

[20] http://www.gksat.tv/Default.aspx?page=article_program&id=6117&l=3

خەباتە بێ بەرنامەیە، ئەو سەرلێشێواوییە، ئەو یەکتر پووچاندنەوەیە کە بە "ژینی بێ تان وپۆ" ی دەشوبهێنێت، بەکەڵکی چی دەیت؟ بۆچی لێك دابڕاون؟ بۆ یەك ناگرنەوە؟ مەگەر نازانن دەستێك بە تەنیا تەقەی نایەت و کەو (واتە پێشمەرگە) ی تەنیاکەوتوو و لە پۆلی کەوان دابڕاو، زوو دەکەونە داوی دوژمنەوە؟
ساڵی گوترانی شێعرەکە لە ڕۆژنامەکەدا دەست نیشان نەکرابوو و هەربۆیەش گومانی من زیاتر ئەوە بوو کە ڕوو لە هەمان دوو باڵی شەقبووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گوترابێت. بەلام لە چاپی چەعفەردا ساڵی ١٣٤٥ ی هەتاوی ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دیاری کراوە و ئەوەش هاوکێشەکە تا ڕادەیەکی زۆر دەگۆڕێت.
ساڵی ١٣٤٥ دەکاتە ساڵی ١٩٦٦ ی زایینی و ڕاست ئەو کاتەی کە کێشەی نێوان بارزانی و دەفتەری سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق پەرەی سەندبوو و ساواکی ئێران، وەك پەتا پیسە هەموو بەژنی شۆڕشی بە هەردووباڵەوە داڕزاندبوو. باڵی دەفتەری سیاسی ڕاست لەو ساڵەدا پەنایان بردبووە بەر ئێران و ساواك لە هەمەدان دایمەزراندبوون.
گەرچی خاسەکەوی یەکەم واهەیە ڕووی قسەی لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بێت و بانگی یەکگرتنەوە بە گوێی هەردوو باڵی لایەنگری نەمر عەبدوڵلا ئیسحاقی (ئەحمەد تەوفیق) و کومیتەی شۆڕشگێڕدا بدات بۆ یەکگرتنەوە لە بەژنی سەرەکیی حزب بە ڕێبەرایەتی نەمر دوکتۆر قاسملوو، بەڵام لە ساڵی ١٣٤٥ دا ئیتر کێشەی پارتی و دەفتەری سیاسی گەورە بۆتەوە و بەو حیسابە ئەگەری زیاتر ئەوەیە بانگەوازی ئاوات لە خاسەکەوی دووهەمدا بانگی برایەتی و یەکگرتنەوە بێت کە بە گوێی هەردوو باڵی کێشەکەی باشووری کوردستانیدا دەدات و دەڵێ ئێمە لە کوردستانی بندەستی ئێراندا خەمی ئەو دووبەرەکییەی ئێوە دەخۆین:
*"دەیگوت ئێوە لە گەرمێنن*
*لە کوێستانڕا بۆو دەخوێنن"*
ئەو بۆچوونە، پشتگیریی لە قسەیەك دەکات کە لە سەر زاری هەندێك کەس هەیە و دەگوترێت گوایە خاسەکەو (یەکەم یان دووهەم) بۆ نەمر مستەفا بارزانی گوتراوە.
من ئاگاداری ئیرادەت و خۆشەویستیی سەیدکامیل نیسبەت بە بارزانی هەم و دەشزانم کە شیعرێکی حەماسی هەیە بۆ ئەوی گوتووە و لەوێدا بە ڕاشکاوی وەك "قارەمانی

نەبەزی کوردستان" ناوی لێدەبات و ڕێزی لێ دەگرێت، کەوابوو ناکرێ ئەو ئەگەرە بەتەواوەتی بدەمە دواوە و ڕەتی بکەمەوە.
بەڵام ئەوە ئەگەرێکی گەلێك لاوازە و لام وایە کەسایەتی "متواضع" و شەرمێون و خۆبەکەمزانی ئاوات ئیجازەی پێ نەدەدا نەسیحەتی قارەمانێکی نەتەوایەتی وەك بارزانی بکات کە ئەو هەمووە ڕێزی بۆی هەبووە. ڕاستەقینە ئەوەیە ئاوات بە بارزانییدا هەڵدەگوت، بەڵام نەسیحەتی نەدەکرد!
واتای هەندێك وشەی شیعرەکە:
بە دندووك پێوە بوون، واتە خراپ پێوە بوون. کەوێك کە بە لاق پێوەبێت ئەگەر دەرفەتی هەبێت دەتوانێ بە دندووك داوەکە بپسێنێت، بەڵام کاتێ بە دندووك پێوە بوو، ئیتر ڕزگار بوونی بۆ نییە.
گەمە، یاری
هۆز، عەشیرە و تایفەیە بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا لە جیاتی گەل و نەتەوەش کەڵکی لێ وەرگیراوە. بۆ نموونە شاعیر خۆی لە پێنج فەرد دواتردا گەل و هۆز و نەتەوەی پێکەوە هێناوە.
خەملین یان خەملان، ڕازانەوەیە. خەملیوە، واتە ڕازاوەتەوە
ئاوبردە، لە دەستچوو، فەوتاو. لێرەدا قوربانییە.
ڕێك، تەواو، هەمووی
داپەڕاندن، ڕپێ نان، وەدوو کەوتن و دەرکردنی دوژمن
بەرهەڵست، نەیار، دوژمن
لێك بن، لە یەکتر بن، وێچووی یەکتر بن، وەك یەك بن، یەك بگرن
ڕێك بن، هاوڕا و هاوبیری یەکتر بن
شایی بەخۆ، باوەڕ بەخۆ، چاو نەترس
حەز لە هەست کردن، دەبێ هەر باوەڕ بەخۆیی بێت
قەست، قەسد، ئیرادە
مەبەست، ئامانج
تەڕدەست: مەزبووت، چالاك، دەس ڕەنگین و چازان (هەنبانە بۆرینە)
بەحری عەرووزیی شیعرەکە:
رجز مربع مطوی مخبون: مفتعلن مفاعلن

**تێبینی**:
ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ژمارە ٧ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٠ (ئووتی ١٩٧١) دا سەرجەم ١٢ فەردی شیعرەکەی بە بێ ناوهێنانی شاعیر چاپ کردووە. یەك لە ناتەواوییەکانی دەقی چاپکراوی ڕۆژنامەی کوردستان ئەوەیە فەردی سێهەمی لێ هەڵاوێرراوە، فەردێك کە تەمی گومان لە سەر هۆکاری هۆنرانەوەی شیعرەکە دادەماڵێت:

*"دەیگوت ئێوە لە گەرمێن*
*لە کوێستانڕا بۆو دەخوێن"*

نەبوونی ئەو فەردە لە ناو شیعرەکەی چاپی ڕۆژنامەی کوردستاندا دوو مەسەلە دەردەخات:
یەکەم، ڕووی قسەی شاعیر لە بەرپرسانی هەردوو باڵی پێشمەرگەن لە شۆڕشی ئەیلوول. دووهەم، ئەگەر ڕۆژنامەی کوردستان ئەو فەردە و ١٥ فەردی کۆتایی شیعرەکەی چاپ نەکردووە، دەبێ هۆکاری ئەمنییەتی هەبووبێت و نەیانویستبێت ساواك بە سۆراغی شاعیر بزانێت کە لە کوێستان واتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژی و باسی "نیشتمانی پیرۆز" دەکات و بانگی خەبات دژی داگیرکەری ئێران دەدات. ئەوە دەقی چاپی ڕۆژنامەی کوردستانە:

خاسە کەو
خاسە کەوێ لە بەندەنێ
دیتم خۆش خۆش پێدەکەنێ
بە چی؟ بە کێ؟ بە من، بە تۆ
بە ژینی وا بێ تار و پۆ
دەیگوت ئەمن بە بیر وڕام
گەرمێن و کوێستانان گەڕام
نەمدی کەس تەنیا سەرکەوێ
یان بە دڵێکی خۆش وەرکەوێ
هەرکەس بە تەنیا مایەوە
داویان لە سەر ڕێ نایەوە
بە دەندووك پێوەبوو وەك کەو

ڕۆژی ڕووناکی بوو بە شەو
گوێ لە ئامۆژگاریم بگرن
نەك بکەونە داوێ و بمرن
یەکێ لێرە و یەکێ لەوێ
یەك کەون لە منتان کەوێ
بەس بەش بەش و لێك پساو بن
بەس بێ بیر و بەشخوراو بن
دەستێك تەنیا دەنگی نایە
منداڵێك بۆی ناکرێ کایە
بە دوو دەست چەپڵە لێ دەدرێ
بە دوو منداڵ گەمە دەکرێ

لە کۆتایی شیعرەکەشدا نووسراوە: *"لە لایەن کاك س – م وە ناردراوە. سوپاسی دەکەین."* س. م. کێیە؟ من نەمزانی.

شیعرەکەی چاپی ڕۆژنامەی کوردستان لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٠ ی ئێرانی و ئووتی ١٩٧١ی زایینیدا چاپ کراوە و بەم پێیە، دەکرێ ڕووی لە هەموو حزبە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بێت کە لە باشووری کوردستان هەڵسووڕانیان هەبوو؛ جا پارتی دیموکڕاتی کوردستانی عیراق یان حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران- وەك سەرەکیترین ڕێکخراوەی سیاسیی ئەو ساڵانە، تا لق و بەشە جیابووەوەکانیان واتە مەکتەبی سیاسیی پارتی یا باڵی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکرات.

باوەڕ ناکەم ڕووی قسەی شاعیر لە هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسی دیکە لە تورکیا و سووریا بێت.

## شاباز

ئەی سەییدی کائینات و جێی شانازی!
زێدە لە پەیامبەران ئەتۆ شابازی
ئەم نۆکەری خاکی پاکی بەردەرك و دەرت
پاڕاوە لە لات، نەهاتە جێ داخوازی
گەپجاڕی هەموو کەس و لە بەرچاو کەوتوو
فریای نەکەوی، نەماوە پۆز و نازی
ناڵێم منی شەرمەسار بڵندم بە نەسەب
سەرشۆڕم ئەمن، ئەتۆ بڵندپەروازی
بۆ خوارێ دەمێ نەزەر بفەرموو، قوربان!
تۆ خاوەنی شەققولقەمەر و ئیعجازی[21]
با هەستمەوە، لە گێژ و خول بێمە دەرێ
ئیعجازە فەقیری وەکوو من بنوازی
ناڵێم گلەییم هەیە، ئەمن قابیلی چیم؟
نازی هەیە "کامیل"ت، ئەگەر تۆ ڕازی

قاقڵاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩ ی چاپی ئەنیسی و ٢٢٨ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "ئیعجاز"ە. هەر دوو عینوان لە دەقی غەزەلەکە وەرگیراون.

---

[21] . چاپی ئەنیسی: "شق القمر"

شیعرێکی پاڕانەوەیە لە پێغەمبەری ئیسلام بۆ ئەوەی یارمەتی شاعیر بدات کە خۆی گوتەنی، بتوانێ "هەستێتەوە و لەو گێژ و خولە بێتە دەرێ" بەڵام کام گێژ وخوڵ؟ نازانرێت. بۆچوونی من ئەوەیە گێژوخولەکە شتێکی گشتییە و هی سەرجەمی ژیانی شاعیرە نەك دیاردەیەکی تایبەت. گەرچی بوونی ئەو شتە تایبەتەش نادرێتە دواوە. بۆ من ئەستەمە بزانم لە ساڵی گوترانی شیعرەکە، چ ڕووداوێکی گرنگ لە ژیانی شاعیردا ڕوویداوە، بەڵام لە ژیننامەی سەرەتای "شاری دڵ" نووسینی کوڕی شاعیر، وا دەردەکەوێت ژیانی ئاوات لەو ساڵانەدا لە باری ئابوورییەوە باش نەبوو بێت و بەهۆی مامەڵەی موڵکەوە "دەستی لە بنی هەنبانە درابێت".

ئەگەریش هۆکاری گوترانی شیعرەکە شەخسی و بنەماڵەیی نەبووبێت، دەبێ بیرمان بۆ کاری سیاسی و هەڵسووڕاویی لەو بوارانەدا بچێت. ساڵی ١٣٥٤هـ و ١٩٧٥ زایینی لووتکەی دەسەڵاتی حکوومەتی شا و زەبر وزەنگی ساواك بوو و ئەوانەی ئەو ڕۆژانەیان لەبیر بێت دەزانن چۆن کەڵ بە موویەك بەند بوو و بەجێ هێنانی ئەرکی سیاسی و ڕێکخراوەیی چەندە ئەستەم. تۆبڵێی پەنا بۆ پێغەمبەری ئیسلام بردنی شاعیر لە پەیوەندی زوڵم و زۆر و ملهوڕییەکانی ساواك لە ناوچەکەدا نەبووبێت؟ ئاوات لە شیعری دیکەشدا ئەو چەشنە پاڕانەوە و دۆعا و نزایەی بۆ بەختەوەریی گەلەکەی و ڕەوینی هەوری زوڵم لەسەریان، کردووە.  وا هەیە ئەگەری دیکەمان بارودۆخی خرامپ باشووری کوردستان بێت کە لە ساڵی ١٩٧٥ دا گەیشتە هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلوول.

من لە خوێندنەوەی شیعرەکەدا سەرەتا هەستم کرد شاعیر لە پێغەمبەر دەپاڕێتەوە یاریدەی گەلەکەی بدات و بە تایبەت لام وابوو کاتێ دەڵێ "ئەم نۆکەرەی خاك و دەرت لێت پاڕاوە"، بەشوێنیدا باسی دەردەکورد دەکات و ژێردەستییەکەی، بەڵام کاتێ مەسەلەی 'نەسەب' هاتە گۆڕێ و گوتی 'فەقیری وەکوو من'، ئیتر گومانم نەما کە دۆعا و پاڕانەوەکە بۆ خۆیەتی کە بە تەعبیر و باوەری خۆی و خەڵك، 'سەیید' بوو.

کائینات: کەیهان، عالەمی وجوود.

پەیامبەر: پێغەمبەر. وشەیەکی فارسییە هەمان واتای نارده و ڕەسووڵ و پەیغامبەری هەیە.

سەییدی کائینات: هەروەها فەخری کائینات، لای موسوڵمانان ناسناوێکە بۆ پێغەمبەری ئیسلام و ئەو حەدیثەی کە دەڵێت "لولاك لما خلقت الافلاك"، ئەگەر لەبەر خاتری تۆ نەبوایەت ئاسمانەکانم نەدەخوڵقاند.
زێدە لە پەیەمبەران...: دەکرێ میسراعەکە بە دوو شێوە بخوێنینەوە: یەکەم تۆ زێدە لە پێغەمبەرانی دیکەی و شابازی ئەوانی؛ یان دوو ڕستەی ناو ئەم میسراعە بە کۆما (وێرگول) لێك جیا بکەینەوە و بڵێین تۆ زێدە لە پێغەمبەرانی دیکەی (کە واتای سەییدی کائینات و خاتم الانبیاش هەر ئەوەیە و موسوڵمانان لە سەر ئەو باوەڕەن کە پێغەمبەری ئیسلام لە پێغەمبەرانی دیکە گرنگتر و لەپێشترە)، ئینجا بڵێین ئەتۆ شابازی.
شاباز: شهباز، چەشنێك بازە هەم بۆ هێز و تاقەت و هەم بۆ جوانی، خۆشەویستی ڕاوچیانە (فرهنگ معین)
گەپجاڕ: گاڵتەجاڕ، کەسێك یان شتێك کە جێ گاڵتەی خەڵکی دیکە بێت.
پۆز: لە کوردی و فارسیدا واتای فیز و ئیفادە و خۆ بە زلزانی و شانازی بەخۆکردنی هەیە. وێدەچێت وشەیەکی فەڕەنسی بێت. لە ئینگلیزیدا **pose** واتای ژێست و قیافە گرتن و خۆ دەرخستنی بەر کامێرای هەیە.
بڵندم بە نەسەب: دەبێ ئاماژە بێت بە سەیید بوونی شاعیر.
سەرشۆڕ و بڵند پەرواز: سەنعەتی مطابقە (تضاد)یان پێ دروست کراوە.
بلند پەرواز: فارسییە. بەواتای کەسێك کە خەون و خەیاڵی بە گەورەیی گەیشتن یان بەڕێوەبردنی کاری گەورەی هەیە. لێرەدا بە واتای گەورەیی و پایەبەرزی هاتووە: تۆ بەرزی.
بۆ خوارێ....: تۆ کە خاوەنی موعجیزەی وەك شق القمر و موعجیزاتی دیکەیت، لەو سەرەوە سەیرێکی خوارەوە بکە و من ببینە.
شق القمر: انشقاق القمر، ڕیوایەتێکە بە گوێرەی ئەو، پێغەمبەری ئیسلام ئاماژەیەکی بە کورەی مانگ کردووە و بۆ ماوەیەك کردوویە بە دوو بەشەوە. دیارە ئەو هەواڵە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە وناتوانێ ببێت، بەڵام ئیماندارانی موسوڵمان و یەك لەوان ئاوات، وەك دەبینین، باوەڕیان پێیەتی و ئاوات زیاد لە سێ جار لە شیعری خۆیدا هێناویەتی.
ئیعجاز: موعجیزە، کارێکی گەورە وگران کە لە دەست خەڵکی ئاسایی نەیەت بەڵام خودا یان پێغەمبەر بیکەن.

بنوازی: به کوردیکراوی 'بنوازی' یه، که له فارسیدا به فەتحی نون دەخوێنرێتەوە. واته نەوازش و لاواندنەوەی لەسێك یان حەیوانێك و شتێك.

نازی هەیە...: ئەگەر تۆ ڕازی بی، منی بچووك نازت به سەردا دەکەم و داخوازیم لێت هەیە، دەنا گلەیی ئەوەت لێناکەم که کەوتووم و له گێژ وخولی ژیان ناتوانم بێمە دەرێ.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

هزج مثمن اخرب مکفوف مجبوب (وزن رباعی): مفعول مفاعیل مفاعیل فعل

## شەو

نووری ڕوخسارت وەدەرخە! دەردی بێدەرمانە شەو
زوڵمەتی زوڵفت لەسەر ڕووتە، لەڕۆژ میوانە شەو
دوێ، شکور مەردانە من ڕێم بردە ناو زولفی ڕەشت[٢٢]
تا بزانن خەڵکی[٢٣] ملکی دڵ، قەڵای مێردانە شەو
هەر لە مەغریب تا بەیانی[٢٤] بێ وچان دێت و دەچێ
هەر لە دووی خورشیدی خاوەر وێڵ و سەرگەردانە شەو
کوێر ونابینایە ئێستا ئەو[٢٥] لە تاوی[٢٦] ڕۆژی ڕووت
بۆیە ڕەش پۆش و هەژار[٢٧] و مات و بەستەزمانە شەو
قەدری شەو چا بگرە چاوم![٢٨] شەمع و پەروانە دەڵێن
سۆز و گریەی شەمع[٢٩] هەر شەو، سووتنی پەروانە، شەو
عاشق و مەعشووق لە ڕۆژدا[٣٠] خۆ دەپارێزن لە خەڵك
گەر پەنای چاکت دەوێ بۆ ئەو دووە، بڕوانە شەو
هەستە "کامیل"! بەسیە بێداری[٣١] بڕۆ[٣٢] لێی وەرکەوە[٣٣]

---

٢٢ . "زولفی سیات" لە گۆرانییەکەی حەسەن زیرەکدا.
٢٣ . "ئەهلی" لە هەمان گۆرانیدا.
٢٤ . هەر لە ئێوارە هەتا ڕۆژ، لە چاپی ئەنیسیدا
٢٥ . "ئێستاکە" لە گۆرانییەکەی حەسەن زیرەکدا.
٢٦ . "لەداخی" لە گۆرانییەکەدا.
٢٧ . "فەقیر" لە گۆرانییەکەدا.
٢٨ . "عاشق" لە گۆرانییەکەدا.
٢٩ . "شەمعی" لە گۆرانییەکەدا
٣٠ . "بەڕۆژدا" لە گۆرانییەکەدا.
٣١ . "سستی" لە گۆرانییەکەدا.
٣٢ . "دەی بڕۆ" لە گۆرانییەکەدا.
٣٣ . "ڕاکەوە" لە گۆرانییەکەدا.

تا وڵات بێ دەنگ وباسە[٣٤]، تا لە ڕۆژ میوانە شەو

قاقلاوا، ١٣٤٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٢ ی چاپی ئەنیسی و ١٧٤ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
"شەو" یەك لە ناسراوترین شیعرەکانی ئاواتە. دیارە بەشێکی زۆری ئەو ناودەرکردنە لای شیعرناس و پسپۆڕان، ناوەرۆك و تایبەتمەندییە هونەرییەکانی شیعرەکەیە بەڵام واهەیە بۆ کۆمەڵانی خەڵك زیاتر لەڕێگەی گۆرانییەکەوە بێت بە هەمان ناو، کە نەمر حەسەن زیرەك لەسەر بنەمای شیعرەکە گوتوویەتی و تێیدا هەموو حەوت فەردی غەزەلەکەی گوتۆتەوە[٣٥]. ئەوەش گۆرانییەکە لە سەر یووتیووب:
http://www.youtube.com/watch?v=orpTreU4KaI
بە پێچەوانەی گەلێك خانەقای ویشکە سۆفییان لەکوردستان - کە بە قسەی خۆشی کەسێکی وەك "سەیدڕەشیدی خانەقا" نەبوایە تەمی عوزلە و سۆفیایەتی و گۆشەنشینییان لێ نەدەڕەوی، خانەقای زەنبیل بەگشتی خانەقایەکی "دڵ تەڕ" بووە و واهەیە هۆکاری ئەو ئازادی و نێوچاوان کراوەییەی خانەقاکەش ئەو ڕاستییە بێت کە لە خانەقای زەنبیلدا هەردوو ڕێبازی قادری و نەقشی ڕەچاو دەکرا، لە لایەکی دیکەوە شێخی زەنبیل (حاجی سەید محەممەد) و براکەی واتە سەیدکامیل هەردوکیان شاعیر بوون و تەنانەت مامیان واتە حاجی بابەشێخیش جگە لە تێکەڵاوبوونی سیاسەتی ناوچەکە، شیعری دەگوت. جگەلەوانە، کەسێکی وەك "عەلیشا"ی کوڕەگەورەی شێخ، دەنگ خۆش و مۆسیقاناس بوو؛ تەنانەت ئەگەر هەڵەم نەکردبێت، سەید ئەنوەر- کوڕی دیکەی شێخیش هەر دەنگ خۆش بوو و لە کۆڕی تایبەتی خۆیاندا گۆرانی دەگوت. ئەو "زەمینی بوون" و نێوچاوان کراوەییەی شێخ و بنەماڵەکەی، هاوڕێ لەگەڵ هەندێك هۆکاری دیکە، بۆ ماوەی چەندساڵێك حەسەن زیرەکی لێیان نزیك کردەوە و فێر

---

[٣٤]. "باسە و" لە گۆرانییەکەدا.

[٣٥]. بەگۆرانی گوتنی ئەو شیعرە لەلایەن حەسەن زیرەکەوە هی سەردەمێکە کە هونەرمەند لە سەر ڕادیۆی کوردی تاران گۆرانی دەگوت و جاروبارەش لەگەڵ مێدیا خانمی هاوسەری دەهاتەوە بۆکان و هاتوچۆی بنەماڵەی شێخانی زەنبیلی دەکرد کە سەید کامیلیش یەك لەوان بوو.

بوونی شیعری "شەو" و بە گۆرانی گوتنی شیعرەکەی لێ بەرهەم هات. من نازانم ئایا هەوا (لەحن) ی گۆرانییەکەش کاری حەسەن زیرەك خۆی بووە یان هی مۆسیقارە کوردەکانی تاران و کرماشان؟ ئەگەری دیکە دەتوانێ ئەوە بێت کە کەسێکی وەك "عەلیشا" یا تەنانەت شەخسی مامۆستا سەید کامیل هەوای گۆرانییەکەیان بۆدانابێت. شیعرەکە لەوپەڕی جوانی و ڕازاوەییدایە.
هەرچۆنێك بێت، شاعیر لێرەش وەك چەند شیعری دیکە (بڕوانە شیعری 'شاری دڵ' و 'تۆبە لە تۆبە' ی دیوان)، خوێنەر لەسەر دووڕیانی هەڵبژاردن و بەراورد کردن دادەنێت، دوو دیاردەی ناتەبا و دژ بەیەکی لەبەرانبەردا قوت دەکاتەوە، تایبەتمەندییەکانیانی بۆ دەردەخات و لە کۆتاییدا لێدەگەڕێت لایەنێك بگرێت و یەکیان هەڵبژێرێت. ئەم کارە لە لایەکەوە پیشاندەری کەسایەتی خۆی و ئەو ناتەباییانەیە وا لە ژیانیدا بووە:
لە وجوودی "کامیل شا" دا کوڕەشێخێك وئاغایەك و وەرزێرێك وشاعیرێك تواونەتەوە و ئاوێتەی یەکتر بوون، کوڕە شێخە و شێخایەتی ناکات؛ خاوەن مڵکە و دەرەبەگایەتی و چەکمەڕەقی ناکات، تەنیا نانی ئارەقی نێوچاوانی دەخوات و شیعر بۆ کوردستان دەڵێت. ئاشکرایە کەسایەتییەکی شامیل بەو هەموو تایبەتمەندییە دژبەیەکانەوە یان وجوودێك بەو هەموو بوعد و لایەنانەوە، لەپرسی فەلسەفەی ژیاندا دڵفراوان دەبێت و مەودا بە دۆگمی سیاسی و کۆمەڵایەتی نادات ڕۆحی بپووچێننەوە، چاوی ڕوانینی بەرتەنگ بکەن و چوارچێوە بۆ بیری دابنێن. ئەو دیموکڕات بوون و پرسیار کردن و ئازادیی هەڵبژاردن بەخشینەش هەموو لە ماکێکی ئەوتۆوە سەرچاوە دەگرن. بەکورتی، کەسایەتی کامیل شا گەلێك ئاڵۆزە و ئەو ئاڵۆزی و تێکچڕژانە لە جێ جێی شیعرەکانیدا سەر هەڵدەدەن و خوێنەر دەبێ شارەزای ژیان و کەسایەتییەکەی بێت تا مەتەڵۆکەی شیعرەکانیش هەڵبێنێت- ئەو شیعرانەی کە بە ڕواڵەت گەلێکیش ساکار و و بێ گرێ وگۆڵ دەنوێنن.
شاعیر لە شیعرەکەدا کەڵکی زۆری لە سەنعەتی شیعریی "تضاد" وەرگرتووە. ئەو ناتەبایی و "تضاد" ەی ناو شیعرەکە ئاوێنەی باڵانوێنی زیهنی شاعیرن کە هەمیشە لەسەر دووڕییانی هەڵبژاردندایە و بە ئەگەر و ئەممای ئەم یان ئەو بژارەوە خەریکە. ئەوە ڕاست ئەو تایبەتمەندییەی زیهنی شاعیرە کە لە شیعرەکانی دیکەشیدا دەردەکەون و دەبێ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیشیدا نموود و بوونیان بووبێت. شاعیر لێرەدا زولفی ڕەشی یار و فەزای تاریکی دەوروبەری زوڵفی ئەو بە شەو دەشوبهێنێت و داوا لە گراوییە

نەناسراوەکەی دەکات بە ڕووناکایی "ڕۆژی ڕوو" ی خۆی ئەو تاریکییە لا بدات و لێبگەڕێت بتوانێ بەبێ لەمپەر و بەرگر سەیری ئەو هەتاوە ڕووناکیدەرە بکات.

سەرەڕای ساکاری و کۆن بوونی شوبهاندنەکان، شاعیر لە شیعرەکەدا فەزایەکی هونەریی ئەوتۆ بۆ ئەو واتا ساکارە و ئەو بابەتە جواو و سەدان جار گوتراوەیە دەئافرێنێت کە زەوقی خوێنەر بەرەوخۆی ڕادەکێشێت و چاوەڕوانی دەهێڵێتەوە بزانێ لە فەردەکانی دواییدا دەبرێتە باخچەی چ "تەسویر"ێکی شیعریی و دەرکی قەڵای کام چەمکێکی عەقڵیی بۆ دەکرێتەوە. سەرکەوتوویی شاعیر لەوەدایە کە ئەو چاوەڕوانییەی خوێنەر بێ وەڵام ناهێڵێتەوە و بە وێنەسازییەکی بێ ووچان، لە هەموو حەوت فەردەکە دا گوڵبارانی دەکات:

زوڵفت کە زوڵمەت و تاریکییە، وا هاتووە خۆی کردۆتە میوانی ڕووت و سەر ڕوومەتی داپۆشیوی. بەڵام تۆ مەهێڵە وابێت! ئەو میوانە بانگ نەکراوە لە ماڵەکەت وەدەر بنێ و نووری ڕوخسارتم لێ ئاشکرا بکە! بەڵام نا، نا، زوڵفت میوانی بانگ نەکراوی ئەو گەورەماڵە نییە، ئەویش خاوەن ماڵە، تۆ بە هەردوکیانەوە جوانی و من تۆم بەو دوانەوە دەوێت! کەوابوو، شەوی زوڵفت باوەکوو بەرگری دیتنی ڕووت بێت وئەوەش منی تامەزرۆی دیدارت دەشەمزێنێ، بەڵام دەردی بێدەرمانیش نییە و هیوای ڕەوینی ئەو تەمە بۆ دڵی منی شاعیری بە خەو وخەیاڵ ڕاهاتوو بەسە. دەبێ هەردوکیان بمێنن و من لەگەڵیاندا بسازێم، دەشسازێم!

شەو، قەڵای مێردان و ئازایانە، ئەوە پەندی پێشینیانمانە. کەوابوو هەمووکەس وناکەسێك ناتوانێت ڕێگە بباتە قەڵای دلێرانەوە؛ ئەوە کاری خەڵکانی نەبەردە. شوکر بۆ خودا، دوێنێکە من ڕێگەم بردە ناو قەڵای تاریك و تنۆکی زوڵفی تۆوە، با ئەهلی ملکی دڵ واتە دڵداران و ئەویندارا ن (یان خاوەن دڵ و هەستیاران) بزانن منیش کەسێکی جەربەزە و بوێرو قەڵاگرم!

وەك بەشێك لەو ناتەبایی و 'تضاد'ەی ناو شیعرەکە، شاعیری "شەو" لە هەڵبژاردنی نێوان شەو و ڕۆژدا، لایەنی "ڕۆژ" دەگرێت. ڕۆژ بۆ شاعیر ئەسڵە و ماکی ژیانیشە، ڕۆژ ژیان دەبەخشێت و لەبەر شەوقی ئەویشە دیاردەکان دەردەکەون و نموودیان دەبێت؛ شەو تەنیا وەشوێن ڕۆژ دەکەوێت و لە ئێوارەوە تا بەیانی- لە ئەزەلەوە تا ئەبەد- بە شوێن "خورشیدی خاوەر"دا وێڵە، بێ ئەوەی بتوانێ بیگرێتەوە! هەرئەوەندەش کە لە بوومەلێڵی بەیانی و ئێوارەدا توانی دەستێك لە دەستی بدات، لە ماوەی چەند چرکەدا،

ڕۆژی لێ نەبان دەبێت و بە ناچار دەبێ هەڵەسوون بێنێتەوە و سەفەرە بێ سەرەتا و ئەنجامەکەی درێژە پێبدات. ئەوە "تەقدیر" ە کە ئەو دوو دیاردە ناتەبایە پێکەوە نەژین و بوونی یەکیان بە واتای فەنای ئەوی دیکە بێت؛ تەنانەت "بوومەلێڵ" وەك پێکهاتەیەکی هەردوو دیاردە، یان هەوڵێك لەپێناو ئاشت کردنەوەیان، جێگەی پەسندی هیچ لایەکیان نییە، هەر بۆیەش گەلێك تەمەن کورتە و هەرکامیان دەست ڕۆیشتووتر و تازەنەفەستر بوون، لایەنەکەی دیکە وەلا دەنێن و بە قەڵەمبازێك بە سەر تەرمی مردووی بوومەلێڵدا تێدەپەڕن و نەیاری دژبەر لە گۆڕەپانی کێبەرکێ وەدەر دەنێن.
شاعیر شەوی خۆش ناوێت و بەزەیی پێیدا نایەت هەر بۆیەش بە سیفاتی نەرێ یی و خراپ ناوبردەی دەکات و دەڵێ: شەو لەبەر ئیرەیی و بەخیلی بردن بە ڕۆژی ڕووی تۆیە کوێر و نابینا و ڕەش پۆش و هەژار و مات و بەستەزمانە! بەڵام لە عەینی کاتدا ڕێزیشی لێ دەگرێت و لە زمان پەپوولە و شەمەوە دەڵێ سووتانی شەم و سۆز و گریانی پەپوولە لەشەودایە و شەو پەناگەیە بۆ ئەو عاشقان و ئەویندارانەی وا ناتوانن بەڕۆژدا دەستەملانی یەکتر بن. بە کورتی، شاعیر بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە، ناتەبایی و ناکۆکی - کە جەوهەری ژیانی کۆمەڵایەتییە، لە هەموو قوژبنێکی شیعرەکەدا دەخاتە روو  و بە خوێنەریان دەناسێنێت. ئاوات خوێنەری شیعرەکانی خۆی خۆش دەوێت و ڕێزیان لێ دەگرێت، هەر بۆیەشە خۆی و باوەڕی خۆی بەسەریاندا ناسەپێنێت و دوای ڕوونکردنەوەکانی خۆی، لێدەگەڕێت ئازاد بن و ڕێبازی خۆیان ئازادانە هەڵبژێرن.
گوتمان دژایەتی و ناتەبایی جەوهەری سەرەکی شیعرەکەیە. ئەو دژایەتییە، لە دوایین فەرد (مەقطەع) ی غەزەلەکەدا بە روونی دەردەکەوێت کاتی کە شاعیر هانی نەفسی خۆی دەدات بۆ هەستان بەڵام دەست بەجێ نەسیحەتی "وەرکەوتن"ی خۆی دەکات و مەودا بەخۆی دەدات لە بێدەنگیی کاتی شەودا پاڵ بکەوێت و لێی بخەوێت.
ئەو ناتەباییە جەوهەرییەی دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان کە جێگەی باسی شاعیرە، نەك هەر لە واتا و ناوەرۆك بەڵکوو لە فۆرم واتە لە وشە و ڕستەی شیعرەکەشدا دەردەکەون. با بۆ نموونە، سەیرێکی کەرەسەی سەنعەتی بەدیعیی "تضاد" یان "مطابقە" بکەین لە شیعرەکەدا:

نوور و زوڵمەت، زوڵف و ڕوو، شەو وڕۆژ، ئێوارە و ڕۆژ، دێت و دەچێ، ڕۆژ و کوێری، شەمع و پەروانە، عاشق و مەعشووق، ڕۆژ وشەو، بێداری و خەو، هەستان و وەرکەوتن. یازدە نمونە! ئایا بۆ تێگەیشتن لە پەیامی شاعیر نموونەی زیاتریش پێویستە؟

جگە لە سەنعەتی "مطابقە"، سەنعەتێکی دیکەش لە شیعرەکەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە: "مراعات النظیر" واتە هێنانەوەی دوو یان چەند دیاردەی هاوشێوە و هاو مانا یان خاوەن واتای نزیك بەیەك، پێکەوە:

ڕۆژ و ڕوومەت، شەو و زوڵف، کوێر و نابینا، سۆز وگریە.

ئەوانە سەنعەتی ناسراوی شیعری کلاسیکن کە شاعیر بە ڕوونی خستوونیەتە بەردەمی خوێنەر، بەڵام هەندێ ڕازاوەیی دیکەش لە شیعرەکەدا هەن کە واهەیە نەکەونە چوارچێوەی "بەدیع" ی عەرەبەوە. بۆ نموونە، بڕوانە ئەم فەردە:

"...کوێر ونابینایە ئێستا ئەو لە تاوی ڕۆژی ڕووت

بۆیە ڕەش پۆش و هەژارو مات و بەستەزمانە شەو..."

جگە لە "مراعات النظیر" ی ئاسایی دوو وشەی کوێر و نابینا، یان "تضاد" ی کوێر ونابینا لەگەڵ ڕۆژی ڕووت هەروەها مراعات النظیری ڕەش پۆش و هەژار و مات و بەستەزمان لەگەڵ یەکتر، هەست دەکرێت هەردوو میسراعی فەردەکە لەڕێگەی واتای هاوچەشنەوە پێکەوە بەسترابن و کوێر ونابینایی لەگەڵ ڕەش پۆشی و هەژاری و ماتی و بەستەزمانیدا بکەونە یەك خانەی تەکنیکییەوە. ئەوە "مراعات النظیر" ی ئاسایی نییە، ئەو تەعبیراتە بۆچی لەگەڵ یەکتر کۆکراونەتەوە و شاعیر ویستوویەتی بەو هونەرنماییە چی بکات و چی بڵێت؟ ئەوە لەدەرەوەی ئەو زانیارییە نەریتییانەدایە کە لەکتێبی "المعجم..." و سەرچاوەی هاوچەشندا بەدەرس دەگوترێنەوە و ئێمە دەیانناسین. شیعری "شەو" پڕە لە وێنەی خەیاڵی و ئاوات مامۆستای خوڵقاندنی وێنەی خەیاڵییە لە شیعری کوردیدا. شیعرەکە و کاری شاعیر شیکردنەوەی زیاتر هەڵدەگرن.

با لە کۆتاییدا ئەو خاڵە ڕوون بکەمەوە کە وردە جیاوازییەك لە نێوان دەقی چاپکراوی مامۆستا ئەنیسی و ئەو دەقەدا هەیە کە لە زمان هونەرمەندی مەزن حەسەن زیرەکەوە دەیبیسین. دیارە زیرەك گورانی بێژێکی"بەداهە وێژ" و نەخوێندەوار بووە و دەکرێ ئەو جیاوازییانە هەڵەیەك بن بەسەر زمانیدا هاتبێتن وەك زۆر نموونە لە شیعری حافز و شاعیرانی کورد کە لە گۆرانییەکانی ئەودا تووشی گۆڕان و سەر وگوێ شکاوی هاتوون، بەڵام ئەگەرێکی دووهەمیش هەیە: هەموو شاعیرێك دوای چەندجار

خوێندنەوە و پێداچوونەوەی شیعرێکی خۆی بە درێژایی زەمان، واهەیە هەندێك وشە و تەعبیر لە شیعرەکەی وەلابنێت و وشەی دیکەیان بکاتە جێگر. هەر بۆیەش تەنانەت لە دەقی گەلێك شیعری شاعیرانی گەورەی میللەتاندا کە هەر خۆیان نووسیویانەتەوە، ئەو ووردە جیاوازییانە بەرچاو دەکەون، سەرچاوەشیان هەر شاعیر خۆیەتی. واهەیە شاعیر ئەمڕۆ هەستی خۆی بە شێوەیەك دەربېڕێت و سبەینێ بە شێوەیەکی دیکە. تۆ بڵێی ئەو یاسا گشتییە بەسەر شیعری "شەو" یشدا حوکم نەکات؟

دەبێ بڵێم شیعرەکەی ئاوات گەلێك هاوشێوەی شیعرێکی "مەحوی" یە کە بەم مەتلەعە دەست پێدەکات:

*"شەو کەسێ پرسی لە خۆ دەرخستنی پەروانە، شەو*
*ئەو وتی ناتێگەیشتوو! تەجرەبەی مەردانە شەو ..."*[٣٦]

من دووری نازانم ئاوات لە ژێر کارتێکەریی مەحوی دا ئەو شیعرەی گوتبێت لەبەر ئەوەی دەربڕینەکانی هەردوو شاعیر لە هەندێك شوێندا لەیەکتر نزیکن و لە لایەکی دیکەشەوە کێش و سەروای هاوبەشیان هەیە. وەك:

کوێر و نابینا بوونی شەو لە شیعری ئاواتدا، لەگەڵ سەرتاپا مەحو مانەوەی شەو لە شیعرەکەی مەحویدا.

(بڕوانە دیوانی مەحوی، ساغکردنەوەی محەممەدی مەلاکەریم ل.٢٥٦)

کێشی عەرووزیی شیعرەکە:

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

---

[٣٦] . یا خود بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە: "ئەو وتی نا، تێگەیشتوە، تەجرەبەی مەردانە شەو" واتە پەروانە تێگەیشتووە و دەزانێ چی دەکات.

# بێ هەستم

لەمێژە من کە زەدەی غەمزەیی دوو نێرگسی مەستم
وەداوی زولفی کە کەوتم، بە شێتی چابوو خەلەستم[37]
دڵی پساندم و ڕۆیی، بەڵام بەوەم چا بوو
گەڕاوە لام و بە تاییکی بسکی وی، بەستم
هەڵاوەساوە دڵ و من لە دووی لەپێ کەوتم
مەگەر بە ڕەوڕەوە گاگۆڵکە کەم، لەپێی خستم!
بە پیری سەیرە چلۆن بوومە پەندی پیر و جحێڵ
وەکوو هەڵاڵە لە دەشتی گوڵام و پێ پەستم
کە دێتە باغ بە خەیاڵم لە دەست و پێی هاڵێم
کەچی بەداخەوە خۆ بەند نەبوو لەوێش دەستم
جنێوی دابوو بە من یار بە لێوی شیرینی
منیش شەوێکی بە بێدەنگی چوومە لای، گەستم
لەوێ شەوێ دەم و لێوی 'ئیمامی' چەسپاوە
وتەی نەماوە، ئەوا بۆیە ئێستە بێ هەستم

قاقڵاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٩ و ٣٠ ی چاپی ئەنیسی و ١١٤ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شێعرەکە لە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەردا وەك یەکن. چاپی جەعفەر گوندی قاقڵاوا و ساڵی ١٣٤٥ی هەتاویی بۆ شوێن و ساڵی گوترانی شیعرەکە دیاری کردووە کە دەکاتە ساڵی ١٩٦٦ی زایینی.

---

[37]. چاپی ئەنیسی: وەدوای. دیارە دەبێ هەڵەی تایپ بێت دەنا ئەرکانی کێشی شیعرەکەی پێ تێك دەچێت و دیارە نە ئاوات وای نووسیوە نە ئەنیسی وای ویستووە.

شیعرێکی عاشقانەیە، گەلێك ساکار دەنوێنێت بەڵام کێشەکەی قورسە و مانۆڕ کردن لەو گۆڕەپانەدا نابێ هاسان بووبێت، هەروەها سەنعەتی شێعر و کەلامی تێدا بەرچاوە. دیارە شاعیر تەنیا لە داوی زولفی یاردا ئەسیر نەماوە، هەندێك تەعبیری نوێ و بوێرانەی وەك 'خەلەستم' و 'گولاٚم' ی تێدا بەکار هێناوە و لە فەردی سێهەم تا پێنجەمدا یارییەکی سەرنجڕاکێشی بە وشەی 'پێ' کردووە (ناو یان ئیزافە): لەپێ کەوتم، لەپێی خستم، پێ پەستم، لە دەست وپێی هاڵێم. ئینجا 'پێ' ی بە دەستەوە پەیوەند داوە: لەدەست وپێی هاڵێم، بەند نەبوو دەستم.

هەروەها لە فەردی چوارەمدا مۆسیقایەکی پیتی /پ/ ی بە گوێی خوێنەردا داوە: پیری، پەندی، پیر.

ئاوات لە شیعرەکەدا فەردێك شیعری 'مەلا عیسامەددین شەفیعی بۆکانی' بە هەندێك گۆڕانکارییەوە کردۆتە ناوئاخنی شیعرەکەی خۆی؛ بڕوانە فەردی شەشەمی غەزەلەکە، کە دەڵێ:

*جنێوی دابوو بە من یار بە لێوی شیرینی*

*منیش شەوێکی بە بێدەنگی چوومە لای، گەستم*

بەراوردی بکە لەگەڵ شیعرەکەی شەفیعی کە دەڵێ:

*"لێوی لەعلت جنێوی داوە بەمن*

*ڕقی بنیادەمە، منیش گەستم!"*

گەلێکیش وەستایانە ئەو فەردە و بابەتی وەك شیرینیی لێوی یاری بردۆتە فەردی دواتر و بەو باسە 'شیرین' ە کۆتایی بە شیعرەکەی هێناوە کاتێ گوتوویەتی هەردوو لێوم بەو ماچە شیرینەی یار پێکەوە نووسان و لەو کاتەوە ئیتر بۆم لێك نابنەوە و ناتوانم قسەیان پێ بکەم هەربۆیەشە وا بێ دەنگم و متەقم لێوە نایەت.

بەشێتی چابوو خەڵەستم: داوی زوڵفی ئەوەندە قایم و توند بوو، هەرباش بوو بە شێتی ڕزگاریم لێی بوو دەنا واهەبوو تووشی کێشەی لەوە خراپتریش ببم!

بەوەم چابوو: چاکیی کارەکە بۆ من ئەوەبوو کە گەڕایەوە لام و منیش دڵم بە تایەکی زولفی بەست و لەو پسانە ڕزگارم کرد.

هەڵاوەساوە: هەڵواسراوە.

ڕەوڕەوە: کەرەسەی بەڕێگەدا ڕۆیشتنی منداڵی هێشتا پێ نەگرتوو.

گاگۆڵکە: ڕۆیشتنی منداڵ لەسەر دوو دەست و دوو ئەژنۆ.

لەپێ خستن: بێ توانا و تاقەت کردنی کەسێك بەشێوەیەکی وەها کە چیتر نەتوانێت بە ڕێگادا بڕوات.
بوون بە پەند: بوونە جێگەی گاڵتە و لۆمەی خەڵك.
گوڵام: بووم بە گوڵ، پشکووتم.
بەخەیاڵم: بەتەمام، دەمەوێت.
لەدەست وپێی هاڵێم: بەسەر دەست و پێیدا بکەوم، دەست بەداوێنی بم.
خۆ بەند نەبوو: دەستم لە دەست و پێی ئەو گیر نەبوو.
منیش شەوێکی بە بێدەنگی: ئاوات کردوویەتە جێگری ئەوەی شەفیعی کە گوتوویەتی "ڕقی بنیادەمە".
لەوێ شەوێ: لەو شەوەدا. بەڵام ئاوات لە جیاتی 'لەو شەوە بەدواوە' ی هێناوە. واتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ "لێوی شیرینی"، واتە دوای ئەوەی لێوی شیرینی ئەوم گەست، ئیتر لەبەر شیرینی لێوی ئەو، منیش دەمو لێوم پێکەوە چەسپان و هەر بۆیەش ئێستا هیچم بۆ ناگوترێت، کە شاعیر لە شێوەی بێ هەستم' دا ڕایگەیاندووە.
بێ هەستم: بێ دەنگ و قسەم.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە:
مجتث مثمن مخبون محذوف: مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن

## له قەڵەم کەوتووم

ڕەحمێ بە دڵی شێتم، بێتاقەت و خەمبارم
هەر ڕەعیەتی بەرپێتم، بێکارم و پاکارم
مالیك نییە غەیری تۆ، ملّکیش هەموو هەر هی تۆن
ڕێگەم بدە یا ڕەببی! بێمەلجەء و ناچارم[38]
ئەی خالیقی ڕۆژ و شەو! ڕۆژم ڕەشە هەروەك شەو
دوورکەوتوو لە یارانم، هەمسایەیی ئەغیارم
جاران وەکوو شا وا بووم، شای دوورەخەم و دڵخۆش
ئێستا کز و سیسی خەم، بەر تانە و پڵلارم[39]
ئەو دوژمنی ئەمڕۆکە، دوێنێکە ڕەفیقم بوون[40]
وا مامەوە تەنیا من، بێهەمدەم و بێیارم
جاران وەکوو بولبول بووم بۆ مەدحی گوڵستانم
ئێستا لە قەڵەم کەوتووم، بێسەوزە و گوڵزارم
شێواو و پەرێشانم، بێدەنگم و دەشناڵم
گریانم و خەندانم، خۆشنوودم و بێزارم
تۆ مالیك و من مەملووك، تۆ خالیق و من مەخلووق
موستەوجبی ڕەحمی تۆم، یا ڕەببی گونەهبارم!
مەخدووشە لەف و نەشرم، مەغشووشە هەموو فکرم
تێكچوون بە غەم و غوسسە، ئەفکارم و ئەشعارم
ئەمما بە خوداوەندیت، ئەم عەبدە زەلیلەی خۆت

---

[38]. چاپی ئەنیسی: بێ مەلجەئو ناچارم
[39]. هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەر: بەر تانە وو پڵلارم
[40]. چاپی ئەنیسی: ئەمڕۆکەم

ئەمجارە نەجاتی دەی، هەرچەندە گرانبارم
باری گونەھ و عیسیان، وا پشتی جدەو کردم
ڕەوتم هەموو لێ‌تێك‌چوو، وا هێندە بەئازارم
"کامیل" وەرە سەیری دڵ! خۆش‌نەغمەیە وەك بولبول
خۆش‌ڕەنگ و جوان وەك گوڵ، هەرچەند بە مەسەل خارم[٤١]

قاقڵاوا، ١٣٤٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣ و ٤ ی دیوانی چاپی ئەنیسی و ١١٦ و ١١٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا "خودا ناسی"یە. من بە حیسابی ناوەرۆك، عینوانەکەی چاپی ئەنیسیم پێ باشترە. ساڵ و شوێنی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو دیواندا وەك یەکن.

غەزەلێکە بە ناوەرۆکی سەرەکی ئیسلامییەوە لە نەعت و پێدا هەڵگوتنی خودادا و بۆ پاڕانەوە لێی بۆئەوەی 'عەبدی زەلیل' ی خۆی، کە شاعیری شیعرەکە بێت، لە ژێر'باری گرانی گوناە و عیسیان' بێنێتە دەرێ و نەجاتی بدات.

هەروەها لە درێژەی شیعرەکەدا، شاعیر بە شێوەی 'معترضه'یەك، گازندەی لای خودا کردووە و گوتوویەتی: ئێستا لە یاران دوورکەوتوومەتەوە، ئەوانەی وا پێشتر دۆستم بوون بوونەتە دوژمنم، ئەودەم وەك شای دوور لەخەم و خەفەت وابووم بەڵام ئێستا بەدەست خەمەوە کز و سیسم و بوومەتە بەرپلاری خەڵك، لە قەڵەم کەوتووم و بێ دەنگم و دەناڵێنم، بەڵام تۆ فریام بکەوە و نەجاتم بدە.

ئەوانە هەمووی حاڵات و ڕۆحیاتی شاعیرن؛ واتە ئەگەر خەیاڵاتی بەتاڵ نەبن، کە بە بۆچوونی من نین، دەروونناسی و ناساندنێکی پوخت و وردی ڕۆحیاتی شەخسی خۆین لەو برِگە زەمەنییەدا کە ساڵی ١٣٤٥ (١٩٦٦ ی زایینی) بێت.

ئایا ئەوە بەگشتی ڕۆحی تەنیا و گۆشەگیری سەید کامیلە لێرەدا بۆ خوێنەر دەردەکەوێت یان دۆخێکە خوڵقاوی هەل و مەرجی ئەو ساڵانەی کوردستان و دووبەرەکی کەوتنە ناو ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول و پەنابەریەتی ساڵی ١٩٦٦ی باڵی مامۆستا برایم ئەحمەد و مام جەلال تاڵەبانی لە سەقز و هەمەدان، کە شۆڕشی کوردی

---

[٤١]. دیوانی چاپی ئەنیسی: جووان

پێ لاواز بوو؟ دیارە شۆڕش دواتر بە قیمەتی گرانی خۆ بە ئێران و ڕۆژئاواوە بەستن، توانی خۆی ڕابگرێت و بگاتە ساڵی ۱۹۷۵ و هەرەس.
'ئەو دوژمنی ئەمڕۆکە، دوێنێکە ڕەفیقم بوون' کێن؟ ئایا لەو پەیوەندییە مێژوویی - سیاسییەدا دەبێ بیاندۆزینەوە یان بە ڕوانگەیەکی شەخسیتر و تاکەکەسی ترەوە؟ ئەوە پرسیاری خەوتووی ناو شیعرەکەیە و وەڵامی دەوێت.
واتای هەندێك وشە بە یارمەتی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار:
پاکار: خوڵامی هەمیشە ئامادە
بێ مەلجەء: بێ پەنا و پشتیوان
هەمسایە: دراوسێ
تانە: عەیب گرتن؛ بەرتانە: جێگەی عەیب لێگرتنی خەڵك
پللار، پلار: دارەدەستێك کە بۆ هاویشتن ببێت. بەرپلار: کەس یان شتێك کە بکەوێتە بەر هێرشی دارەدەست؛ تانە و توانجی خەڵکیشە.
هەمدەم: هاودەم، هاوڕێ
مەدح: پێداهەڵگوتن
لەقەڵەم کەوتن: توانای نووسین نەمان
خەندان: کەسێك کە پێدەکەنێت.
خۆشنوود: ڕازی، خۆشحاڵ.
دەشناڵم: لە عەینی کاتدا دەناڵێنم
شاعیر لە یەکەم میسراعی ئەم فەردەدا بە هێنانی چوار سیفەتی هاوشان (مترادف) وەك شێواو و پەرێشان و بێدەنگ و ناڵان سەنعەتی مراعات النظیری دروست کردووە؛ هەروەها لە میسراعی دواتردا چوار سیفەتی دیکەی هێناون کە دوو بە دوو لەگەڵ یەکتر ناتەبان: گریان لەگەڵ خەندان و خوشنود لەگەڵ بێزار؛ بەوەش دووجار سەنعەتی مطابقە (تضاد) ی دروست کردووە.
مالیك: خاوەن
مەملووك: کۆیلە، کەسێك کە خاوەنی هەیە
تۆ مالیك و من مەملووك...: لەم فەردەشدا شاعیر هەمان کاری هونەریی کردووە و بە دووجارهێنانی دوو سیفەتی دژبەیەك (مالیك و مەملوك هەروەها خوشنود و بێزار)، دووجار سەنعەتی مطابقەی پێك هێناوە.

مەخدووش: دەست تێوەردراو 'مەخدووشە لەف و نەشرم' واتە هەرچییەك ڕێك دەخەم، لێم تێك دەچێت.  لەو مەخدووش بوونەدا باوەڕ ناكەم ئاماژە بە شوێنێكی شیعرەكە بێت بەڵكوو ڕووی لە ژیان و كاری ڕۆژانەی خۆیەتی.
مەغشووش: شێواو
شاعیر لە نێوان غەم و غوسسە لە لایەك و ئەفكار و ئەشعاریش لە لایەكیتردا لەف و نەشری دروست كردووە كە بەهۆی هاوواتا بوونی غەم و غوسسەوە دەتوانرێت هەم لەف ونەشری مورەتتەب بێت هەم موشەووەش!
بەخوداوەندیت! بە عادەت سوێند خواردنی كەسەكەیە بە خودا؛ بەڵام لێرەدا سوێنددانی خودا خۆیەتی: بە خوداوەندیی خۆت سوێندت دەدەم ئەم كۆیلە زەلیلەی خۆت [لە ژێر باری گوناهان] ڕزگار بكەی!      حافز دەڵێ: "بە خدا كە جرعەای دە تو بە حافظ سحرخیز..." واتە تۆبی خودا...
عیسیان: مل پێچی لە فەرمانی خودا و ئایین، گوناه كردن
جدەو: لەكار كەوتوو
وا هێندە بەئازارم: بۆیە هێندە ئێش و ئازارم زۆرن.
نەغمە: ئاواز
خار: دڕوو
فەردی كۆتایی شیعرەكە چەشنە قەرەبوو كردنەوەیەكی ئەو هەموو دڵتەنگی و خەم و خەفەت و ئازارەیە وا شاعیر بە ماوەی ١١ فەردی پێشتر، بەگوێی خوێنەریدا داوە. ئەم فەردە لەگەڵ ناوەرۆكی گشتیی شیعرەكەدا یەك ناگرێتەوە زیاتر لە پینەكردنی كووتاڵی دڕاو دەچێت. تاقە شتێك كە بە پاشماوەی شیعرەكەوەی دەبەستێت ئەوكاتەیە كە دەڵێ 'هەرچەند بە مەسەل خارم' واتە گەرچی وا كەوتوومەتە سەر زمانی خەڵك كە گوایە وەك دڕوو بم، بەڵام لە ڕاستیدا وانیم و وەك گوڵ جوان و خۆشڕەنگم و دڵێشم وەك بولبول خۆش ئاوازە.
بەحری عەرووزیی شیعرەكە،
هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

## تۆبە

واعیزێ دەیگوت "کەسێ زانا بێ، تۆبەی کردووە"
دڵ بە وەعزی وا، کەچی تۆبەی لە تۆبەی کردووە
ئەو دەڵێ "دوور بە لە یاری شۆخ و شەنگ و نازەنین"
دوور لە یار، شێتە کەسێ وەعزی لە گوێچکەی کردووە
یاری شۆخ و شەنگ و نەرم ونۆڵ و چاوکاڵ و مەمك
دووهەناری گوڵ بەدەم، تازە شکۆفەی کردووە
هەرکەسێ بۆی دەس بدا ساتێ لە ئامێزی گرێ
تا لە دونیادا دەژی، دڵخۆشە، ئۆخەی کردووە
من شەوێکی گرتمە ئامێز، کەچی زەینم کە دا،
وا ڕەقیبی بەد مەزەب لەولاوە کوشمەی کردووە
تێکیدا عەیشم، شکاندی هەم دڵم هەم پیاڵەکەم
ماوەیەك بوو مارزە لێم ڕوون بوو سوسەی کردووە
واعیز و سۆفی و ڕەقیب هەرسێ لەگەڵ من دوژمنن
خاسە مام سۆفی لە کاری ئێمە ڕەخنەی کردووە
دڵ وەکوو تەیرە، کە دێتە دەرکی یار، سۆفی دەڵێ
بیکووژن وەیشووم لە سەر وێرانە لانەی کردووە
کوندەبوو بۆخۆیەتی بەو ڕیشەوە، بەو تیشەوە
ڕیشەکەی تیشەی هەزار دەست وپەلی پەی کردووە
هەرکەسێکی گەر ئەویندار و بریندار بێ دڵی
سۆفیانی ڕیش درێژ خوێنیان لە کاسەی کردووە
بۆ "ئیمامی" واعیز و سۆفی و ڕەقیب فەرقی نییە
دڵ بە دەست ئەو سیانەوە گوێت لێیە وەی وەی کردووە

قاقلاوا، ١٣٤٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٦ ی چاپی ئەنیسی و٢١١ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'تۆبە لە تۆبە' یە.
بابەتی سەرەکی شیعرەکە، بەرانبەر وەستانی مێژوویی ئەهلی عیرفانە لەگەڵ خەڵکانی ئەهلی وەعز کە ئایین دەکەنە دۆگمێکی نەگۆڕ، واتە کێشەی مێژوویی خانەقا و مزگەوت.
شاعیر کە بە هەموو پێوانەیەك موسوڵمانێکی خواناس و ئیماندار و مەلایەکی دوازدە عیلمی نوێژکەرە، بەڵام لە بەربەرەکانیی عاریفان و ئەویندارانی خودای خاوەن بەزەیی و ناوچاوان کراوەی عاریفان لەگەڵ خودای جەبباری تۆڵەئەستێنی سۆفیانی ڕیش درێژی بیر کورتدا لایەنی یەکەمیان دەگرێت و واعیز و سۆفی دەهێنێتە ڕیزی ڕەقیبی خۆی و بە ڕادەی ڕەقیب ڕقی لێیان دەبێتەوە. هەڵوێست گرتنی ئاوات دژ بە سۆفییان و ئەوانەی وا توێکڵن نەك ناوەرۆك، گەلێك توند و بێ ئامانە. گەرچی مێژووی شیعری کوردی لەو چەشنە شیعرانەدا کورتی ناهێنێت کە تێیدا هێرشی وەها ڕاشکاو و توندوتیژی تێدا بکرێتە سەر سۆفییان (نالی، مەحوی و...) ئەوەش لە لایەن کەسایەتییەکی ئایینی وەك سەید کامیلەوە.
دیارە ئەم هەڵوێست گرتنە بوێرانەیە بۆ ئەندامێکی بنەماڵەی شێخانی زەنبیل هاسان نەبووە، بەڵام ئەوەی ئازایەتی دەربڕینی ئەم هەڵوێستەی بە شاعیر داوە ئەو ڕاستییەیە کە باوك و برای شاعیر شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی بوون و ئەویش وەك هەڵگری ئەو تەریقەتە توانیویەتی باوەڕی عیرفانیی خۆی و خۆشویستنی خودای دڵنەرم و بەخشندەی عارفان بخاتە پێش عیبادەتی ویشك بۆ خودایەکی دڵڕەقی جەبباری تۆلەئەستێن، بێ ئەوەی لە عیبادەت و عبوودییەتی خودا دوور کەوێتەوە.
ئەو کەسایەتییە دوولایەنەیە لە زۆرێك لە عاریفان و ئەهی تەریقەتدا بینراوە مەگەر ڕێبەرانی بوێر و ئازای ڕێبازەکە وەك جونەید و شیبلی کە لە وەحدەتی وجوود دا وەها نەتوابوونەوە کە بانگی "اناالحق" یان بە گوێی خەڵکدا دەدا و بەو بۆنەیەوە سەریان دەچووە سەر دار؟
شیعرەکە کێشەی کۆنی نێوان دوو ڕێباز و دوو هەڵوێست یان دوو باوەڕەکە دەخاتە ڕوو. ئەو "یاری شۆخ و شەنگ و نازەنین" ەش کە واعیز نەسیحەتی لێ دوور

کەوتنەوەی دەکات، هیچ نییە جگە لە خودا بەڵام خودایەك کە عاریفان عاشقی دەبن نەك خودایەك کە سۆفی لە ترسی ئەو شەو تا ڕۆژ خەوی نییە وتەهلیلە دەکەن بۆ ئەوەی لە قەبردا نەکیر و مونکیری ئەو خودا دڵڕەقە بە گورزی ئاگر و ئاسنەوە نەچنە سۆراغی!
شاعیر گەلێك بوێرە کاتێ سۆفی بە کوندەبوو و ڕەقیب دەشوبهێنێت و دەڵێ ڕیشی سۆفی بۆتە تیشە و هەزار دەست وپەلی بڕیوەتەوە و خوێنی ئەویندارانی لە کاسە کردووە.
شێعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا ڕێکەوتی گوترانی بە سەرەوە نەبوو و من هەستم دەکرد دوای هاتنە سەرکاری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و دژ بە خومەینی و مەلا مرۆڤکوژەکانی قوم گوترابێت کە لە قووڵایی چاڵی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بازیان داوەتە گۆڕەپانی ئەم چەرخە و لاپەڕەیەکی ڕەشی چەپەڵیان لە کوشتوبڕ و بێڕەحمی تۆمار کردووە. هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی وا ئەو لە شیعرەکەدا دەیداتە پاڵ سۆفی، عەینوبیللا لەگەڵ مەلاکانی حاکمی ئێران و ڕیشدرێژەکانی داعش و تالیبان و حەشدی شەعبی و حزبوڵڵای دارەدەستی ئێراندا یەك دەگرێتەوە. خەڵخاڵی و خومەینی و خامنەیی و ڕێبەرانی ئەو فیرقانەش سۆفییەکی نوێژکەرن کە فەرزیان نافەوتێت. بەڵام لە چاپی تازەی جەعفەردا ڕێکەوتی ساڵی ١٣٤٥ ی بە سەرەوە دەبینرێت کە دەکاتە ساڵی ١٩٦٦ و پێش هاتنەسەرکاری ئەو جینایەتکارانە. گەرچی هەڵوێست گرتنی شاعیر لە بەرانبەر 'سۆفیانی ناساف' هەر لە شوێنی خۆیدایە و گۆڕانێکی تێ ناکەوێت.
بەڵام با بچینە سۆراغی بابەتەکانی شیعرەکە خۆی:
"دڵ بە وەعزی وا، کەچی، تۆبەی لە تۆبەی کردووە": شێوازی دەربڕین لە میسراعی دووەم لە فەردی یەکەمدا، هەندێك پێچی پێدراوە و ئاڵۆز کراوە. ئەگەر شیعرەکە پەخشانێکی ئاسایی بوایەت، ئەوا بەم شێوەیە دەنووسرا: کەچی دوای ئەو وەعزەی کە واعیز بۆ دڵمی کرد، دڵم لە تۆبەکردنیش تۆبەی کردووە. واتە دوای ئەو وەعزە بێ تام و بێ بنەمایەی سۆفی، من ئەگەر پێشتریش بەتەمای تۆبە کردن بوایەم، ئیتر ئەستەغفیروڵڵا لە تۆبە کردن! ئەگەر لێرە بەدواوە بمەوێت کارێکیش بکەم، تۆبە کردن دەبێت لە تۆبە! لەفزی کەچی جوملەیەکی موعتەرەزەیە لە ڕستەکەدا.

"دوور لە یار، شێتە کەسێ وەعزی لە گوێچکەی کردووە": دەتوانرێت بە دوو جۆر واتا بکرێتەوە: یەکەم، دوور بوون لە یار شتێکی سیر و سەمەرەیە و گونجاو نییە، کەوابوو ئەو کەسەی گوێ دەداتە وەعزی واعیز، شێتە!
دووەم، دوور بێ لە یار، هەرکەس گوێ بداتە وەعزی واعیز، شێتە!
من لام وایە شێوازی یەکەمیان ڕاست بێت. لە گوێچکە کردن، ژنەفتن و باوەڕ پێکردنە.
"مەمك دووهەناری گوڵ بەدەم...": لە فەردی سێهەمدا دەبێ کۆتایی لەتکە شیعری یەکەم ببرێتە سەرەتای لەتکە شیعری دووهەم و ئاوا بخوێندرێترەوە: مەمك دووهەناری گوڵ بەدەم... دیارە تەنیا لە کاتی خوێندنەوەدا و بەس.
"من شەوێکی گرتمە ئامێز...": وشەی "گرتمە" دەبێ بە دوو بڕگە بخوێنرێتەوە گرت/مە، نەك بە سێ بڕگە گر/ت/مە. لە هەمان فەرددا وشەی "کوشمە" هاتووە. من لە فەرهەنگی خاڵدا ئەم وشەیەم نەدۆزییەوە و لە هەنبانەبۆرینەی هەژاردا بە واتای میوەی ویشك کراو هاتووە، کە لەگەڵ ڕستەکە و چەمکی شیعرەکەدا ناگونجێت. بیچمێکی دیکەی ووشەکە، "کرۆشمە" یە و من خۆم لە قسە و باسی ڕۆژانەی خەڵکدا بە واتایەکی هاوچەشنی "مل کز کردن" و "خۆ مات دان" و شتی لەو چەشنەم بیستووە لە هەنبانە بۆرینەشدا بە واتای "خۆ کز کردن و مات دانیشتن" هاتووە. کەوابوو، کۆشمە = کرۆشمە.
"ماوەیەك بوو مارِزە...": واتە ماوەیەك بوو ئەو مارِزە. "مارِز" واتە زاڵم و لاسار (هەنبانە بۆرینە).
خاسە، واتە بە تایبەت یان بە عەرەبی خاصتا (بە تەنوین). شاعیر مام سۆفی لە واعیز و ڕەقیبیش بە خراپتر داناوە و گوتوویەتی بەتایبەت ئەو! "سووسە" یان "سۆسە" کردن بە واتای پەی بردن بە نهێنییەك (هەنبانە بۆرینە). واتە بە تایبەت سۆفی زاڵمی لاسار پەی بە ڕازی شاراوەی ئەوینی ئێمە بردبوو.
"ڕەخنە": لە فەردی شەشەمدا ڕەخنە بە مانا فارسییەکەی هاتووە کە "نفووز" کردن بێت و بەم پێیە، واتای "نەقد"ی نییە کە چەند ساڵێکە لە کوردیدا ئەم واتا نوێیەی پێ بەخشراوە. من لامwایە دەبێ وەك ڕخنە بنووسرێت و بخوێنرێتەوە. لە ناوچەی بۆکان ڕخنەکردن دەگوترێت و واتای چوونە ناو بابەتێکەوەی لێوەردەگیرێ.

"دڵ وەکوو تەیرە...": ئەم فەردە لەوپەڕی جوانیدایە. لە کاتێکدا دڵم وەك تەیرێکی جوانکەلانەیە و دەیەوێت بچێت لەسەر دەرگای ماڵی ڕازاوەی یار بنیشێت، سۆفی خۆی دەخاتە ناو باسەکەوە و دەڵێ ئەوە کوندەبووی وەیشوومەیە کە لە سەر وێرانە لانەی کردووە (ئەو بە ماڵی ئاوەدانی یارەکەم دەڵێت کەلەوا!) وفەرمان دەدات ئەو تەیرە چەلەنگە بکووژن! ئاخر، سۆفی هەموو شت بە پێچەوانەی ڕاستی دەبینێت. تەیری جوانی تازە لە گەرمێنەوە گەڕاوە، بە کوندەبوو تێدەگات، ماڵی ڕازاوەی قیبلەی دڵم بە کەلەوا دادەنێت و لەجیاتی ئەوەی دان بە تەیرە ژیکەلانەکەی دڵم بدات فەرمانی کوشتنی دەردەکات! ئەو مام سۆفییە، بیناسن!

"بەو ڕیشەوە بەو تیشەوە": تیشە لێرەدا وشەیەکی جێگەی باسە. تاقە شتێك کە دەکرێ بیری لێ بکرێتەوە ئەوەیە شاعیر تیشەی بە واتا فارسییەکەی هێنابێت واتە تەشوێ. ئەو ئەگەرە کاتێ بەهێزتر دەبێت کە لە میسراعی دواتری هەمان فەرددا دەڵێ "ڕیشەکەی تیشەی" هەزار دەست وپەلی پەی کردووە. پەی کردن واتە پەڕاندن و بڕینەوە. لێرەدا ڕوونە کە شاعیر ڕیشی سۆفی بە تەشوێ شوبهاندووە و گوتوویەتی ڕیشەکەی کە عەینەن وەك تەشوێیە، ئەو تەشوێیەی وا هەزار دەست وپەلی [خەڵکانی دژبەری خۆی] پێ بڕیەوەتەوە...

"ئەویندار و دڵ بریندار": ئەوانەن وا دڵیان بە ئەوین و خۆشەویستی برینداره وسۆفییانی ڕیش درێژ دوژمنیانن و خوێنیان لە کاسە کردوون و نۆشیویانە.

"بۆ ئیمامی...": ئەوە پوختەی هەموو باسەکە و گەوهەری سەرەکیی شیعرەکەیە: من کە ئیمامی و شاعیری ئەم شیعرەم هیچ جیاوازییەك لە نێوان واعیز و سۆفی و ڕەقیبدا نابینم و ئەگەر گوێ بدەیە دڵم، دەبیسی کە لەدەست هەرسێکیان هاوار و وەی وەی و زاڵەیەتی.

دوایین قسە:

شاعیرانی دیکەی کوردیش وەك نالی و مەحوی و مەلای جزیری و قانع و شاعیرانی سەدەی بیستەمیشمان بە ڕاشکاویی لە بەرانبەر "قشریون" دا وەستاون و ئاوات بەم شیعرە و بەم هەڵوێستە بەرزە مرۆڤانە و پێشکەوتووانەیەی، چۆتە ڕیزی ئەوان و شاعیرانی عارفی بوێری ئێرانی وەك حافز و مەولەوی بەڵخی ڕۆمی.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# نابووژێمەوە

تۆ بە زەخمی مەعدەوە دەتلێیەوە
من بە دەردی مەرگەوە دەخولێمەوە
جەرگ و دڵ بۆ تۆ بریندارە "عومەر"!
هەر ببیسم عاجزی، دەکولێمەوە
یاخودا دەردت لە ڕۆحی من کەوێ
گەر قەزای تۆم لێ کەوێ دەژیێمەوە
تۆ بمێنی، نـۆجـوانی، چاترە[٤٢]
من کە پیرم با بڕۆم، ببڕێمەوە
مامەکەت چەند ڕۆژە بۆت بۆتە کەباب
لێم گەڕێ یەکجاری هەڵقرچێمەوە
زۆر بەهارێکی سڕوساردە لە من
وشك هەڵاتووم، تازە نابووژێمەوە
جا مەگەر تۆ بێیەوە بۆکانێ زوو[٤٣]
با منیش بۆ لات بە خۆشی بێمەوە

قاقڵاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠٢ ی چاپی ئەنیسی و ٢٢١ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'بەهاری سارد'ە. لام وایە عینوانی جەعفەر پڕ بەپێست نەبێت لەبەر ئەوەی شاعیر کە گوتوویەتی نابووژێمەوە، ئەو نەبووژانەوەیەی

---

[٤٢] چاپی ئەنیسی: نۆجووانی
[٤٣] چاپی ئەنیسی: بۆکانی زو

موتڵەق نەکردۆتەوە و بەشوێنیدا گوتوویەتی "جا مەگەر تۆ بێیەوە بۆکانێ زوو" واتە ئەگەر زوو بێیەوە بۆکان، من دەبووژێمەوە. شاعیر لە فەردی دووهەمی شیعرەکەدا ناوی 'عومەر' ی هێناوە و جەعفەریش لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا نووسیویەتی: "بۆ نەخۆشیی سەید عومەری برازای".

شیعرێکە لە ڕیزی شیعرەکانی دیکەی ئاوات کە بۆ کەس وکاری خۆی گوتوون و ژمارەشیان کەم نییە. بە حیسابی شیعرەکە، سەید عومەری کوڕە چکۆلەی سەید محەممەدی نووڕانی (سەیدی زەنبیل) و برازای شاعیر، نەخۆش کەوتووە و بۆ عیلاجی زەخمی مەعدە (قورحەی مەعیدده)ی[44] چووە بۆ شارێکی غەیری بۆکان. ئەوەندەی من بزانم لەو ساڵانەدا زوربەی نەخۆشی ناوچەی بۆکان بۆ عیلاجی نەخۆشی دەچوون یان دەبرانە تەورێز. درەنگتر ڕێگای تارانیش کرایەوە و خەڵك ڕاستەوخۆ دەچوونە تاران، کە ئێستاش هەر دەچن؛ بەڵام شاری تەورێز لەم بارەیەوە گرنگایەتی خۆی هەر ماوە.

دیارە گرنگ نییە تەورێز بووبێت یان تاران یان هەر شوێنێکی دیکە، لە کاتی گوترانی شیعرەکەدا سەید عومەر لە دەرەوەی ناوچەکە بووە و مامی (واتە ئاوات) خەمی سڵامەتییەکەی خواردووە، بەم شیعرەش هەستی خۆی دەربڕیوە.

شیعرێکی ساکارە و وشە یان عیبارەتێکی نامۆی تێدا نییە هەوڵی واتا لێدانەوەی بدرێت.

قافییەی میسراعی یەکەمی فەردی یەکەم لەگەڵ میسراعی دووەمی هەمان فەرد و فەردەکانی دیکەدا ڕێك نایەتەوە لەبەر ئەوەی قافییەی هەموو فەردەکان بە گشتی "...ێمەوە"یە، بەڵام یەکەم میسراع وەك "...ێیەوە" هاتووە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

[44] مەسەلەیەکی سەرنجڕاکێش لە مەڕ ناوی نەخۆشییەکان لە کوردستاندا هەیە با ئاماژەی پێ بکەم. ئێمە لە کوردیدا وشەی 'برین' مان هەیە و خەڵکیش لەسەر زمانیانە، بەڵام کاتی ئەو وشەیە دەبێت بە ناو یان بەشێك لە ناوی نەخۆشییەك کە ناوەکەی لە تاران یان بەغداوە هاتۆتە کوردستان (دیارە ئانکاراش!)، ئیتر لەگەڵ خۆیدا ناوە بێگانەکەش دەهێنێت. بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵات کەس ناڵێت فڵانە کەس ئاسنی خوێنی زۆرە، بەڵکوو دەڵێن ئاهەنی خۆێنی زۆرە! یان ناڵێن دەرزی لێدەدات بەڵکوو دەڵێن سوزەن یان شریقە لێدەدات! یان لەم باسەی ئێمەدا، لەباتی ئەوەی بڵێین برینی مەعدەی هەیە دەڵێین زەخمی مەعدەی هەیە! ئەو بێ هەڵوێستییە لەبەرانبەر زمانی نەتەوەییمان نەخۆشییەکە و دەبێ ئەویش چارەسەر بکەین!

# شاباشی بەهار

وەی وەی چ بەهارێکە! وەك جەننەتی مەئوایە
وەك بولبولی دڵ عاشق، ئاوبردەیی سارایە
نیلووپەڕی نێو ئاوان، هەرچەندە کەوا ساوان
وەك چی دەچێ ئەو چین‌چین؟ وەك زولفی چەلیپایە
شاباشی بەهاری کرد، گوڵ ڕشتی لە خۆ شەونم
پێشوازی دەکا بولبول، داخوازی دڵی لایە
زەرد و سپیی و شینە، چیمەن بە هەزار ڕەنگە
ڕازاوەتەوە وەك بووك، بەو ئەتڵەس و خارایە
کێو و دەرودەشت سەوزە، خونچە هەموو پشکووتن
لەم فەسڵە گوڵی نێرگس، وەك چاوی تەماشایە
سوێسن بوو زمانی گرت، لەو خۆشییە وەك شاعیر
دەیگوت گوڵە، گوڵ بووکە، هەر بولبولە زاوایە
لەم کاتە نەما کەس کز، هەر سۆفی و دەروێشن
بێ‌مایە و دڵ‌ڕێشن، بێ‌بەش لە هەموو کایە
سەر هێلکە و هێلانە، کوڕکوڕ کڕ و کەو کەوتن
تەنیا دڵی ماڵ‌وێران سەوداسەر و شەیدایە
داخوازی دڵ و بولبول هاتۆتەدی لەم کاتە
"کامیل" کە بە تەنیایە "ئاوات"ی بەجێ‌نایە

قاقڵاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٢ و ٣٣ ی چاپی ئەنیسی و ٢٢٣ ی چاپی جەعفەر)

چاپی ئەنیسی عینوانی شیعرەکەی وەك "چ بەهارێکە" نووسیوە. وێدەچێت هەردوو عینوانەکە لەگەڵ ناوەرۆکی شیعرەکەدا یەك بگرنەوە کە غەزەلێکی بەهارییەیە.
خاڵی سەرنجڕاکێش لە شیعرەکەدا ئەوەیە ئاوات وەك هەمیشە، لێرەشدا حیسابی خۆی لە دڵی جیا کردۆتەوە ولە فەردی کۆتاییدا بە ئاشکرا گوتوویەتی دڵم کەیفی خۆیەتی! منی سەید کامیل بە تەنیام و ئاواتیشم وەدی نایەت! بەم پێیە، لەو بەهارە خۆشەشدا ئاوات وەك سۆفی و دەروێش کە کەوتووشنەتە بەر هێرشی شاعیر! خۆیشی بێ بەش لەهەموو کایەیەك ماوەتەوە و ئاواتی بەجێ نایەت.
تایبەتمەندییەکی دیکەی شیعرەکە، هێنانی دوو ناسناوی 'کامیل' و 'ئاوات'ە لە مەقتەع واتە دوایین فەرددا. ئەوە کەمتر واهەیە لە شیعری شاعیراندا ڕوو بدات.
وەی وەی: 'صوت تحسین'ە، بەبە!
جەننەتی مەئوا: جنت المأوی هەر بەو ناوەوە لە قورئاندا هاتووە، نازانم عەرەب و سوننە چۆن بۆ مەسەلەکە دەچن بەڵام مەلای شیعەی ئێران بەهەشتیشیان کردۆتە چینایەتی و دەڵێن لە حەوت بەشی جیاواز پێك هاتووە کە یەکەمیان بەهەشتی عەدنە و هی ئەولیا و ئەنبیایە، دووهەمیان هی پیاوچاکانی شیعەیە و بەو شێوەیە بڕۆ تا دەگەیە حەوتەمین کە بە هەمان حیسابی مەلاکان، هی موسوڵمانی سوننەیە و کەڵکی هیچی نییە، واتە کەمێك لە جەهەننەم باشترە! ئەم جەننەتولمەئوایەی ناو شیعری ئاواتیش یەك لەو حەوت بەهەشتەیە. لە شەرحی پارچە شیعری 'بەختی خەواڵوو'شدا ئاماژەم بەو ئایەتەی قورئان کرد کە تێیدا باسی جنت المأوی و جنات المأوی کراوە: أما الذین آمنوا و عملوا الصالحات فلهم جنات المأوي نزلا بما کانوا یعملون (سجده، ئایەی ١٩).
نیلوپەڕ: گوڵێکە، یەك لە چەشنەکانی لە ناو ئاودا شین دەبێت، بەڵام لە سەر خاکیش هەر هەیە. لە فارسیدا نیلوفەڕە و لە کوردیدا زیاتر وەك لێلۆپەڕ دەگوترێت، بەڵام لێرەدا شێوازی نیلوپەڕی گرتووە. لە ئینگلیزیشدا "واتر لیلی" پێدەگوترێت.
وەك چی دەچێ...: شاعیر، وەك کارێکی هونەری، لێرەدا زولفی چەلیپای بە نیلوپەڕی چین چین نەشوبهاندووە بەڵکوو بە پێچەوانە، نیلوپەڕی چین چینی بە زولفی چەلیپا شوبهاندووە.
شاباشی بەهاری کرد: زۆر تەعبیرێکی جوانە، شاعیر ڕژانی شەونم لەسەر پەڕەی گوڵی بە شاباش کردنی بەهار داناوە.

داخوازی دڵ: دەبێ دڵی بولبول بێت، کە پێشوازیی بەهار دەکات و داخوازەکەش کە هەر لای خۆیەتی، دیارە دەبێ گوڵ بێت، کە لە میسراعی پێش خۆیدا ناوی هاتووە.
چیمەن: لەکوردیدا بە سەرجەم باغ یان گوڵستان دەگوترێت و ئەوە جیاوازە لە وشەی هاوشێوەی لە فارسیدا. ئێرانییەکان چەمەن بە ئەو گیا سەوزە دەڵێن کە لە باغەکەدا شین دەبێت و ئیتر گوڵ ناگرێتەوە کە زەرد و سوور بێت.
خارا: جۆرێ پارچەی بەنرخە (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار). ئەتڵەسیش هەر پارچەیە.
چاوی تەماشا: چاوی کراوە.
دەیگوت گوڵە، گوڵ بووکە...: شێوەی بەیان لێرەدا هەندێك نائاساییە وشەی 'گوڵە' دوو جار بە شوێن یەکدا هاتووە، مەگەر بڵێین دووپات کردنەوە بۆ تەئکیدە، یان یەکەمیان شێوەی خیتابی هەیە: گوڵە! بەڵام ئاساییترینی ئەوەیە بڵێین شاعیر زمانی گرتووە و بە ئاماژە کردن بەو خونچە و نێرگس و سوێسنەی کە لە فەردەکانی پێش خۆیدا هاتوون، گوتوویەتی ئەوانە گوڵن، گوڵیش بووکن.... نازانم لە شیعری کام شاعیری دیکەدا گوڵ بە بووك و بولبول بە زاوا دانراوە، بەڵام ئەگەر مەسەلەی ژیندەر و جیاوازیدانان و هەڵاواردن نەورووژێنێت، تەشبیهێکی جوانە.
هەر سۆفی و دەروێشن...: شاعیر هێرشی کردۆتە سەر هەردوو چەمکی سۆفی و دەروێش، کە دیارە لێك جیاوازن بەڵام بێ پەیوەندی لەگەڵ یەکتریش نین. شاعیر هەردوکیان بە بێ مایە (بێ فیکر و سەتحی) و دڵ بریندار دادەنێ کە لە هەموو کایەیەك بێ بەشن. پرسیار واهەیە ئەوە بێت کە ئەو دووە بۆچی دڵ ڕێشن؟ لەبەر ئەوەی کاتی بەهار و خۆشییە و ئەوان ئەهلی خۆشی و شادی نین؟ بێ بەش لە هەموو کایە: چ کایەیەك؟ کایەی ژیان؟ خۆشی دیتن؟ لام وایە نیاز لەوەیە ئەوان ناتوانن چێژ لە دنیا و ژیان وەربگرن.
سەر هێلکە و هێلانە...: کوڕ کوڕ یان کوڕ کوڕە باڵندەیەکە هەنبانە بۆرینە بە "قەتی" واتای لێداوەتەوە و فارسییەکەی بە "مرغ سنگخوار". کڕ کەوتن بریتییە لە خەوتنی مریشك (یان هەر باڵندەیەك) لە سەر هێلکە بۆئەوەی جووچك هەڵبێنێت. ئەوەی کوڕ کوڕ کڕ بکەوێت، تەواو ڕوونە. 'کەوتن'یش بەگشتی بە حاڵەتێکی جانەوەر و ئاژەڵ دەگوترێت کە لەسەر پێ نەبێت و سلار بێتەوە. تەنانەت بە گاڵتە یان بۆ سووکایەتی واهەیە بە مرۆڤیش بگوترێت بکەوە! واتە دانیشە یان ڕاکشی و لەسەر پێ مەمێنە. بەڵام

هەنبانە بۆرینە کەوتنی تەنیا وەك بەربوونەوە و نووستنی نەخۆش واتا لداوەتەوە کە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم میسراعەدا یەك ناگریتەوە. لە شیعرەکەدا کەو، نە بەربۆتەوە و نە نەخۆشیشە. کەوابوو، دەکرێ ئاوای سەیر بکەین کە کورکوڕ کڕ کەوتووە و کەویش [بە ئاسوودەیی] دانیشتووە بەڵام دڵی ماڵ وێرانی شاعیر ئەو ئاسوودەیی و ئاسایشەی نییە و شەیدا و سەوداسەرە.

داخوازی دڵ و بولبول...: داخوازی بولبول ڕوونە: بەهار هاتووە و گوڵ دەرکەوتووە و دەکرێ بڵێین داخوازییەکانی وەدی هاتوون. بەڵام داخوازی دڵ [ی شاعیر] چۆن وەدی هاتووە؟ پێشتر دیتمان گوتبووی "تەنیا دڵی ماڵ وێران [ی شاعیر] سەوداسەر و شەیدایە". ئێستا ئەوە سەوداسەر و شەیدایە چۆن داخوازی دڵی هاتۆتە دی، پرسیارێکە وەڵامی ڕوون نییە.

لە شیعرەکەدا گەلێك سەنعەتی شیعریی دەبینین کە لەهەمووان زیاتر جیناسە و ئینجا هێنانی چەند وشە بە پیتی هاودەنگەوە کە مۆسیقایەکی ناوخۆییان پێك هێناوە:

نیلوپەڕی نێو ئاوان

ئاوان و ساوان

چی، دەچی، چین جین و چەلیپا

کەس و کز

هێلکە و هێلانە

کوڕکو و کڕ و کەو و کەوتن

سەودا و شەیدا

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

## دووریی یاران

ڕووڕەشی دەرگای خودا و ئەحمەدی موختار خۆم
هەر بە تەنیا موونسی نالەی دڵی پڕ زار خۆم
پیاوی چاك دڵیان لە شوێنە و من بە دووی دڵدا دەچم
شێت و ماخولیا و سەرگەردان و بەدکردار خۆم[45]
دڵ لە سەد جێگە منی بەرداوە، ڕەببی بەروەبێ
پێچ و جینگڵمە، کوژاوی زەخم و ژەهری مار خۆم
یارەکانی لێ وەدوور خستووم و ئێستا پڕ بە دڵ
دێم دەگەڵ دوژمن کەوم، بێهاودەم و بێیار خۆم
هەر تەریقێکی تەریقەت نایەوێ دەمباتە وێ
ئەو وەبەر خەنجەر کەوێ یارەب، منیش بیمار خۆم

قاقڵاوا، ١٣٤٦ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨١ ی چاپی ئەنیسی و ١١٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی چاپی ئەنیسی، 'بیمار خۆم'ە کە لە فەردی کۆتایی شیعرەکە وەرگیراوە. 'دووریی یاران' ی چاپی جەعفەریش لە بەشێکی میسراعی یەکەمی 'یارەکانی لێ وەدوور خستووم' ی فەردی چوارەمی غەزەلەکە وەرگیراوە. دووریی شاعیر لە یارانی خۆی بابەتی سەرەکی ئەم شیعرە نییە و هەر بۆیەش پڕ بە پێست نازانرێت بۆ عینوانی غەزەلێك کە هەمووی هەر گازندەیە لە دڵی شاعیر و ئەوەی بۆچی ئەو دڵە بە سەر زەلەی دەپەڕێنێت و لە سەر تەریقی تەریقەت لایدەدات و ڕووڕەشی دەرگای خودا و

[45] . چاپی جەعفەر: ماخوولیا وو سەرگەردان؛ چاپی ئەنیسی: ماخولیا وو سەرگەردان

پێغەمبەری دەکات. 'بیمار خۆم' یش تەنیا عیبارەتێکی ناو شیعرەکەیە و هیچی وا لە ناوەرۆکی گشتیی شیعرەکە دەرناخات واتە ئەویش عینوانی پڕبەپێست بۆ شیعرەکە نییە.
هاوار لە دەست دڵ و خواستە نەفسانییەکان ناوەرۆکی سەرەکیی شیعرەکەیە.
شیعرێکی سۆفیانە و ئایینیە، ئاوات لە ٦٦ ساڵیدا شیعرەکەی گوتووە و تاڕادەیەك ئاوێنەی تۆبە و پەشیمانیی شاعیرە لە گوناهی ڕابردوو، کە تێیدا خۆی بە ڕووڕەش و بەدکردار دەناسێنێت و دەڵێ شوێنی خواستی دڵی خۆم هەڵگرتووە کە ئەوەش بۆ ئیماندارێکی موسوڵمان بڤەیە و نابێ توخنی بکەوێت. ڕێچکەی ویشکی سۆفیایەتی (نەك هی سۆفیانی سافی)، دژ بە هەموو خۆشییەکی ئەم جیهانە دەوەستێت و ژیان لە عیبادەت و ترس لە خودا و ڕۆژی قیامەتدا خۆلاسە دەکاتەوە. بەو پێوانەیە، خواستی دڵ و مەیلی خۆشی و لەززەت لە مرۆڤدا دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە ئەرکی سەرەکی ژیان واتە پەرستن و پێداهەڵگوتنی سەعات بە سەعات و چرکە بەچرکەی مەعبوودێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی کە تەنیا سەدان هەزار جار سوجدە و ڕکووعی مادام العمری مرۆڤی دەسکردی خۆی دەتوانێ لە دەست ڕق ئەستوورییەکەی ڕزگاری بکات و بە هەزار ناری عەلی نەهێڵێت تۆڵەی کاری خراپی لێ بستێنێتەوە، ئەویش کاری خراپێك کە پەپوولەیەکی وەك سەید کامیل کردبێتی! لەم حاڵەتە و بە گشتی لە زوربەی حاڵاتدا ڕوون نابێتەوە کەسەکە چی کردووە و ئەو کارە خەتایە چۆن و لە چ بارودۆخێکدا کراوە. بە کورتی، مرۆڤ لەو دیانەتەدا بۆ هەمیشە قەرزدار و تاوانبارە و دەبێ هەموو سات و کاتێکی ژیان هەڵوێستێ داکۆکی کردن لە خۆی و پاکانەی گوناهانی بگرێت؛ ئەوە حیکایەتی ئەم شیعرە و ناوەرۆکە گشتییەکەشیەتی.
ئەحمەدی موختار: پێغەمبەری ئیسلامە و شاعیر خۆی بە ڕووڕەشی لای ئەویش دەزانێت.
پڕ زار: هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار وشەی 'زار' ی وەك کز و لاواز هەروەها پەرێشان و لێقەوماو واتا کردۆتەوە و بەم پێیە، زاراوەی 'پڕ زار' دەبێ واتای پڕ لە کزی و لێقەوماوی بداتەوە. لە فارسیدا 'زاری کردن'، گریانە و من زیاتر لام وایە پڕ زار بە واتای کەسێك بێت کە زۆر دەگری و دەناڵێنێت. هەرچۆنێك بێت، ئەوە تەرکیبێکی تازەیە و واهەیە دڵی پڕزار بەواتای دڵی ناشاد بێت.
پیاوچاکان لە زاراوەی عیرفانیدا ئەوانەن وا خۆیان لەبیر دەکەن و تەنیا لەبیری خودادا دەبن و تاعەتی خودا دەکەن. شاعیر دەڵێ پیاوچاکان خەڵك خۆشیان دەوێن و دڵی

خەڵکیان لەشوێنە، بەڵام من بە پێچەوانە، لەباتی ئەوەی دڵی خەڵکم لەشوێن بێت، خۆم کەوتوومەتە شوێن دڵی خۆم و بە کورتی، پیاوچاك نیم و پیاوخراپم دەنا بۆ دەبێ بکەومە شوێن دڵ و خواستەکانی دڵ! لای عاریفان، دڵ سەرچاوەی مەیل و خواستی نەفسانییە و عاریف هەوڵ دەدات وەشوێن دڵی خۆی نەکەوێت. لە نێوان 'دڵ لە شوێن' و 'لە دووی دڵ' چەشنە تضاد یان مطابقەکەیەك دروست کراوە.
دڵ لە سەد جێگە منی بەرداوە: بەردان یان بەردانەوە؟ ئەوە پرسیاری خوێنەرە لەم فەردەدا. بەبۆچوونی من دەبێ وەك بەردانەوە بخوێنرێتەوە لەبەر ئەوەی شاعیر دەست بەجێ بەشوێنیدا گوتوویەتی 'بەرووەبێ' واتە بکەوێتە خوارێ! کەوابوو: دڵ لە سەدجێگە وەسوەسەی کردووم و لەوانە بووە لە ڕێگای ڕاست لابدات و بە سەر هەڵەمدا بەرێت (ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی؟) و لە ئەنجامی ئەودا شەرمەزاری دەرگانەی خودام بکات، کەوابوو منیش نزای لێ دەکەم با بکەوێتە خوارێ و نەمێنێت، واتە دڵم دەر بێت!
جینگڵ: خۆبادان و پێچ خواردن بە هۆی ئێش و ئازارەوە.
کوژاو: کووژراو
یارەکانی لێ وەدوور خستووم: کێن ئەو یارانە وا لە لای شاعیر نەماون؟ دۆستانی ئاسایی؟ هاوڕێیانی خەباتی سیاسی؟ ئەی دوژمن کێیە؟ شاعیر بۆچی دێت لەگەڵ دوژمن بکەوێت؟ ناکرێت بێ لایەن بێت و نە دۆستی هەبێت نە بچێتە لای دوژمن؟
تەریق: لە نێوان تەریق و تەریقەتدا جیناسی ناتەواو دروست کراوە.
تەریقەت، عیرفانە کە لە هەندێك تایبەتمەندیدا جیاواز لە شەریعەتە. لێرەشدا شاعیر لە دەست دڵی خۆی و خواستەکانی هاوار و گازندەیەتی. شاعیر دڵی خۆی وەك ئەندام یان کەسێکی جیاواز لە شەخسی خۆی سەیر دەکات و گلەیی لە خۆی و ئەو دەکات و نزاکەشی بۆ خۆی و دڵ جیاوازە: ئەو وەبەر خەنجەر کەوێت و منیش نەخۆش کەوم!
دڵ وەبەر خەنجەر کەوتن: تەعبیرێکە پێشتر لەو شیعرەی مامۆستا هەژاردا بینراوە کە بە بۆنەی هەڵکرانی ئاڵای کۆماری کوردستان لە بۆکان (ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی) خوێندوویەتەوە:

*"داری ئاڵاکەم وەکوو چقڵێکە بۆ چاوی عەدوو*
*هەر دڵێ خۆشی نەوێ ڕەببی وەبەر خەنجەر کەوێ..."*

بەحری عەروزیی شیعرەکە، رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## کاتی بەهارە

کاتی بەهارە چاوەکەم! بێ بچینە باغی دووبەدوو
گوڵ بچنین بە هەردوو دەس، بێینە سەما و جوستوجوو
ساقی بە هەڵپەڕینەوە دێت و دەچێ لە نێو چەمەن
خونچە بە پێکەنینەوە دڵ دەڕفێنێ زوو بە زوو
بولبول و قومری هەر تەڕەف سازی تەڕەب دەکەن، کەچی
لە شاخی گوڵ، لە داخی دڵ خۆ دەنوێنێ کوندەبوو
عەڕعەڕ و سەرو و نارەوەن پاکی بە دەم نەسیمەوە
بە ڕەقس و شەوق و زەوقەوە دێن و دەچن بە ئارەزوو
ئەدەب دڕا دەفی لەبەر تەرەب لە باخ و گوڵشەنا
لە لای بەشەر لەبۆ دەوا نەما حەیا وو ئابڕوو
خۆشییە، کەیفە، شادییە، بەزمە، هەرایە، چۆپییە
بە عەشقی بووکی بولبولە، خونچە کە بووکە، دڵ خەسوو
ڕاز و نیازی دڵ دەکەن بولبول و قومری پێکەوە
هەردوو بە فکری بیکرەوە، خونچە بە یەك دەدەن بە شوو
هەر بەتەنێ "ئیمامی"یە بێبەش و بەهرە مایەوە
خەرمەنی خەم بە با دەدا، دەنکی ئەسەف دەکا بە توو[٤٦]

بۆکان، ١٣٤٦ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٤ و ٣٥ ی چاپی ئەنیسی و ١٧٨ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.

---

[٤٦] . هەموو /واو/ ی کۆتایی سەرواکان لە چاپی ئەنیسیدا یەکدانەن (جو، زو، بو، ڕو،...تو) و لە چاپی جەعفەردا دوان (جوو، زوو، بوو، ڕوو، ...توو).

غەزەلێکی بن بزۆکە و خۆشی بەهارییە و شادیی لێ دەباریێت، واهەیە هەر ئەوەش هۆکار بێت کە گۆرانی بێژە کوردەکان بە گۆرانی گوتوویانەتەوە. وابزانم یەکەم جار نەمر محەممەدی ماملێ گوتی و دواتر کەسانی دیکەش گوتیانەوە. بە داخەوە لەبیرم نییە کێ.[47]

هەندێ وشە و زاراوەی فارسی تێکەڵاوە.

جوست وجوو: فارسییە. گەڕان بەشوێن کەس یان شتێکدا. مڵ ومۆ

هەر تەڕەف: لە هەمووڵایەك.

سازی تەڕەب کردن: سازدانی تەڕەب و شادی.

شاخی گوڵ: شاخە بە فارسی دەبێتە لق. شاخی گوڵ دەبێ لقی دار یان بنجی گوڵ بێت. شاعیر بۆ پاراستنی کێش، لەجیاتی شاخە، شاخی نووسیوە.

ڕەقس: سەما، هەڵپەڕکێ. ڕاستییەکەی من جیاوازیی واتای سەما لە هەڵپەڕکی ناناسم. ئایا هەردوکیان یەك نین؟ یا خود سەما جووڵەی لەش و لار ولەنجەیە و هەڵپەڕکێ هەڵبەز ودابەز؟

دڕانی دەف: فەوتان و نەمان.

دەفی ئەدەب دڕا: بەهۆی شادی و خۆشییەوە ئەدەب لای خەڵك نەما.

دەوا: دەرمان

نەمانی شتێك [تەنانەت] بۆ دەرمان: نەمانی کەم تا زۆری شتێك. شاعیر دەڵێ تۆزقاڵێکیش شەرم و حەیا و ئابڕوو لای مرۆڤ نەما!

بە عەشقی بووکی بولبول...: ئەوەی خونچە بووکی بولبول بێت، کێشەیەك نییە و جوانیشە. ئەوەش کە بڵێین دڵ بە عەشقی بووکی بولبول واتە خونچە، بۆتە خەسوو، ئەویش زۆر جوانە چونکوو بووکەکەشی لەبەر خۆشەویستیی بولبول خۆشدەوێت.

فکری بیکر: بیری نەسمڕاو، بیری تازە و نەبیسترا و و نەبینراو و تیژ.

خونچە بەشوودان: تەعبیرێکی تازە و جوانە. بولبول و قومری کە دەبێ ڕەقیب و بەرهەڵستکاری یەکتر بن، لێرەدا خونچە گوڵ پێشکەشی یەکتر دەکەن.

توو: تۆو

[47] . بە دەنگی ماملێ لە سەر یوتیووب: https://www.youtube.com/watch?v=GyiVA31sMGY

دەنکی ئەسەف بە توو کردن: واتە شاعیر دەنکی حەسرەت دەچێنێت بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا شین بێت و بیدروێتەوە و تەنانەت لە دواڕۆژیشدا دوور لە ئەسەف و حەسرەت و خەفەت نەبێت.

بەحری عەرووزی شیعرەکە،

رجز مثمن مطوی مخبون: مفتعلن مفاعلن // مفتعلن مفاعلن

# نیشتمان

تەماشا نیشتمان ڕێك جێگە مۆڵە
چ وێران و کەلاوە و چۆڵ وهۆڵە
گەلیش هەروا بە فکرێکە لە کونجێ
کە چۆن بستێنی لەو، بەو فێڵە، تۆڵە
بەڵام دەشت ودەری زەنوێرە هێشتا
لە بۆ سەیرانی گەل زۆر نەرم ونۆڵە
هەموو باغ و گوڵ و گوڵزاری هەروا
لەبار و دڵڕفێن و زەرد وزۆڵە
لەوێدا من بەجارێ دەستەو ئەژنۆم
بەدەست شەختەی زەمانە بووم کزۆڵە
لە نێو ئەو باخەدا بێ قەدر وبایی
'ئیمامی' باخەوانێکی کلۆڵە

قاقلاوا، ١٣٤٦ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠٨ ی چاپی ئەنیسی و ١٩٢ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'باخەوانی کلۆڵ'ە.
ئەوەش یەك لە شیعرە سیاسییەکانی ناو دیوانی ئاواتە. پێش دیتنی دیوانی چاپی جەعفەر بە حیسابی ئەوەی چاپی ئەنیسی ڕێکەوتی گوترانی بەسەرەوە نەبوو، بە ڕوونی نەدەزانرا لە چ برگەیەك و بۆ چ بۆنەیەك گوتراوە. بەگشتی، ناوەرۆکی شیعرەکە خەمخۆری و ناڕەحەتی دەربڕینە بۆ وێرانی و چۆڵ وهۆڵیی نیشتمانی شاعیر، کە دەبێ کوردستان بێت. گەل لەو نیشتمانەدا بیر لە تۆڵە سەندنەوە "لەو" دەکاتەوە، بەڵام ئەو کێیە؟ بڵێی شای ئێران نەبێت؟ ڕاشکاوییەك لە شیعرەکەدا نییە بۆ ئەو بۆچوونە باڵ لە مل بدات

لەبەر ئەوەی دوور نییە شیعرەکە بۆشاییەکی تێکەوتبێت و لە نێوان دێڕی یەکەم و دووەمدا یەك یان چەند دێڕی داکەوتبن دەنا چۆن هەروا راستەوخۆ وبێ سەرەتا، باسی تۆڵە سەندنەوە "لەو" دەکرێت؟

شاعیر لە شیعرەکەدا دوو دیاردەی لێك جیاواز بەڵام هاوپەیوەند دەخاتە بەرچاوی خوێنەر: بارودۆخی سروشتیی وڵات لە لایەك و هەل ومەرجی ژیانی خەڵکی وڵاتەکە لە لایەکی تر.[48] ئاوات دەڵێ دەشت ودەری وڵاتەکە زەنوێرە و بۆ سەیرانی گەل نەرم ونۆڵە بەڵام ماڵی خەڵك وێرانە و کەلاوە و چۆڵ وهۆڵن، خەڵکەکەش لەجیاتی ئەوەی بچنە سەیری ئەو باغ وگوڵ و گوڵزارە لەبار و دڵڕفێن و زەرد وزۆڵە، لە کونجێك دانیشتوون و بیر لە فێڵێك دەکەنەوە بتوانن تۆلە لە [کەسێك] بستێنن [کە هۆکاری ئەو وێرانە ماڵییەی خەڵکە] دیارە ئەویش دەبێ ڕژیمی ئێران بێت. بەڵام کام ڕژیم؟ ڕوون نییە و لەشیعرەکە دەرناکەوێت. دەکرێ محەممەدڕەزا شای پەهلەوی یان خومەینی بێت. تەنانەت، بە ئەگەرێکی لاوازترەوە دەکرێ بڵێین ڕووی شاعیر لە پارچەکانی دیکەی کوردستانە و بۆ نموونە، بەعسییەکانی عیراق بە هۆکاری وێرانیی ماڵی خەڵك بزانێت. لە درێژەی شیعرەکەدا ئاوات دیاردەیەکی سێهەمیش لە دوانەکەی پێشوو زیاد دەکات کە ئەویش خودی شاعیرە. بەگوێرەی دوو فەردی کۆتایی شیعرەکە، شاعیر خۆی لەو دەشت ودەرە زەنوێرەی کوردستاندا دەستەو ئەژنۆ و کزۆڵەی دەستی شەختەی زەمانە دەبینێت و دەڵێ من باخەوانێکی کلۆڵی ئەو باخە دڵڕفێنەم بەڵام باخەوانێك کە قەدری نازانرێت و بایەخی خۆی پێ نادرێت. سەبارەت بە پرسی ڕێکەوتی شیعرەکە، من وشەی "تۆڵە" وەك شاکلیلی قفڵەکە دەبینم. ئەوەی وا خەڵك لە

[48] . نازم حیکمەت شیعرێکی هەیە بە ناوی "بو حەسرەت بیزیم" کە تێیدا بۆچوونێکی هاوشێوەی ئەم هەستەی ئاواتی دەربڕیوە کاتێ کە خاکی وڵاتەکەی بە فەرشی هاوریشمین دەقەبڵێنێت بەڵام دەڵێ ئەو خاکە جەهەننەم بێت یان جەننەت، هی ئێمەیە واتە هی خەڵکەکەیەتی. دیارە مۆرکی کارتێکەریی شیعرەکەی نازم حیکمەت بەسەر شیعری ئاواتەوە نابینرێت و من تەنیا بە هۆی ناوەرۆکی شیعرەکەی ئاواتەوە کەوتمە بیر شیعری نازم حیکمەت کە گەلێك جوانە و زووتر وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی. ئەو نزیکایەتییەی بابەت بە بێ کارتێکەریی لایەنێك لە سەر لایەنەکەی دیکە، لە عەرەبی و فارسیدا پێیدەگوترێ "توارد".

بیری فێڵێکدا بن بۆ تۆڵەکردنەوە لە ڕژیمی ئێران یان عیراق، دەبێ هی سەردەمێکی ڕاپەڕینی خەڵك بێت. ئەو سەردەمە کامەیە؟
لە ساڵی ١٣٤٦ واتە ١٩٦٧ ی زایینی گەرچی هێشتا ڕاپەڕینی باڵی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی موکریان سەری هەڵنەدابوو، بەڵام کەسێکی وەك ئاوات کە کوڕێکی لە جەرگەی خەبات دا بوو، دەبێ بە سەرەتاکانی ئەو کارەی زانیبێت. ئەم شیعرە ئاگری ژێر خۆڵەمێشە و حەسرەتی ئەوە دەخوات کە بۆچی وڵاتێك بەو شیرینی و جوانییە ئاوا کەلاوە و چۆڵ و هۆڵە. ئەوە پرسیارێکە لە لاوانی نیشتمانپەروەری دەکات و دەپرسێ بۆچی خەڵکەکە هەروا لە قوژبنێك دانیشتوون و ڕاناپەڕن.
واتای هەندێك ووشەی ناو شیعرەکە (بە یارمەتی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)
مۆڵ، جێگەی پشوودانی گاڕان لە چێشتەنگاودا، لێك کۆبوونەوەی گا وگۆل لە شوێنێك (واتای دووەم بۆ بابەتەکە لەبارە).
کونج، قوژبن
زەنوێر، جێگەی بڵندی هەواسازگار
زەردوزۆڵ، زەردی زۆر جوان و ناسك
دەستەوئەژنۆ، خەمبار
شەختە، سەرمای پایز کە زەرعات خراپ دەکا
کزۆڵە، فەقیرۆکە
کلۆڵ، چارەڕەش.
سەرنج: لە هەردوو دیوانەکەدا، وشەی باغ جارێك بە پیتی /غ/ و جارێکیش بە پیتی /خ/ نووسراوە؛ هەروەها تەرکیبی باخەوان بە پیتی /خ/ یە. ئەوانە کاری شاعیرن یان نووسەرەوەی شیعرەکان، بۆ من ڕوون نییە. دەکرێت شاعیر جیاوازییەکی لە نێوان ئەو دوو پیتەدا دانەنابێت، دەشکرێ نووسەرەوەی شیعرەکان زۆر لە شتەکە ورد نەبووبێتەوە. ئەوەندەی من لەبیرمە لە ناوچەی بۆکاندا بۆ ئەو وشەیە هەمیشە کەڵك لە /غ/ وەرگیراوە و من تەنیا ساڵانێکی درەنگتر لە ڕێگەی خوێندنەوەی نووسراو و شیعری ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە ناسیاویم لەگەڵ باخ و باخەوان پەیدا کرد. دەبێ نوسخەی دەستنووسی شاعیر بتوانێت گرێکە بکاتەوە. لامولیە هۆکارەکەشی یاساخکرانی پیتی /غ/ لە توکیای مستەفاکەماڵدا بووە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە، هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

# شاری دڵ

من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە، کەچی[49]
عەقڵ ئەڵێ نا، قەسەبەی شۆڕشی مەستانە، نەچی!
من دەڵێم نوختەیی ئەو ڕەوزەیی ڕیزوانە، دەچم![50]
ئەو دەڵێ نا، ڕەشەجێ ڕاوگەیی شەیتانە، نەچی!
من دەڵێم مەسکەن و ئارامگەیی جانانە، دەچم!
ئەو دەڵێ سەربەسەری تێکچووە، وێرانە، نەچی!
من دەڵێم جێگەیی هەر شێت و جنوونانە، دەچم!
ئەو دەڵێ نا، زەدەیی پەنجەیی پەریانە، نەچی!
من دەڵێم مەرکەزی ئەسرارِی حەریفانە، دەچم!
ئەو دەڵێ جێ تەمەعی چاوی حەسوودانە، نەچی!
من دەڵێم وەختی خەتەر مەئمەن و قەڵغانە، دەچم!
ئەو دەڵێ کونکونە، جێگەی سەرەپەیکانە، نەچی!
لەو هەموو چوون و نەچوونە سەری سوڕ ما "کامیل"
من دەڵێم جوانە دەچم، ئەو دەڵێ واجوانە نەچی!

قاقڵاوا ١٣٤٦ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٣ ی چاپی ئەنیسی و ٢٣٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.

---

[49] چاپی ئەنیسی: دەچم. من دەقی جەعفەرم هەڵبژارد لەبەر ئەو ڕاستییەی کە لە غەزەلی سەرواداری کلاسیکدا سەروای میسراعی یەکەم و دووەمی فەردی یەکەم بە گشتی لەگەڵ یەکدا دێنەوە.

[50] چاپی ئەنیسی: ڕەوزەیی ئیمانە

کێشەی نێوان مێشك و دڵ، یان عەقڵ و هەست کێشەیەکی لەمێژینی مرۆڤە. لە ئەدەبی کۆنی ناوچەکەدا دڵ بە مەرکەزی هەست و مێشك بە ناوەندی عەقڵ دانراوە. دەروێش و شاعیر و هەستیاران ویستوویانە بکەونە شوێن دڵیان و هەست بە سەر عەقڵ و مەنتیقی ویشکدا زاڵ بکەن. فەیلەسووف و سۆفی و ئەهلی کەلام سێ ودوویان نەکردووە لەوەی بکەونە شوێنی عەقڵ و جڵەوی کارەکانیان نەدەنە دەست هەستێك کە ناتوانرێت سوغرا و کوبرای مەنتیقی بۆ بچێنرێت و ئاکامی ڕوونی لێ وەربگیرێت.

عارفانی مێژووی ئیسلام لە نێوهەموو گەلانی ناوچەکە و یەك لەوان کورد دا، دڵیان بە کانگەی ئەوین و ئاوێنەی زاتی خودا زانیوە و خۆیان لە "عاقڵان" واتە بەرماڵ بەشان و تەسبیح گێڕان بەدوور ڕاگرتووە کە توێکڵ و واتای قاڵبییان لە ژیان وەرگرتووە و تەنیا بە نوێژی ڕواڵەتی و حەجکردنی خشت و بیناوە خەریك بوون و نەچوونەتە حەجی دڵ واتە لە قووڵایی واتای ژیان و شوێن و پێگەی مرۆڤ لە کەون و مەکان تێنەگەیشتوون – مرۆڤێك کە لە بنەڕەتدا ئیشراقی نووری خودایە و تەنانەت وەك هەموو دیاردەیەکی دیکەی کائینات بەشێکە لە زاتی ئەو و بەم پێیە دەتوانێت عەینی ئەویش بێت. "انالحق" گوتنی مەنسوور و دەست لە ملی سەگ کردنی شیبلی و "السلام یا الله!" پێگوتنی، دوو نموونەی ئەو هەڵوێست و باوەڕەن.

عارف و شاعیری گەورەی کورد شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی (خالیس) (١٧٩٧ – ١٨٥٨) کە باوکی شێخ ڕەزای شاعیر بووە و بە شیعری فارسی تەفسیرێکی ڕازاوە و جوانی ١٨ فەردی سەرەتای مەسنەوی مەولانای ڕۆمی کردووە کە وێنەی لە زمانی فارسیشدا کەمە، یەك لەو کەسانەیە کە ئەو پرسیارە گرنگەی لە کۆمەڵگای کوردیشدا دامەزراندووە. خالیس غەزەلێکی فارسی هەیە بە هەمان ناوەرۆکی شیعری ئاواتەوە کە تێیدا دەڵێ:

*"عقل میگوید به من هردم که: ترك یار کن!*
*عشق میگوید که: هی هی! ترك این گفتار کن!*
*عقل میگوید: برو با سجده و سجاده باش!*
*عشق میگوید: برو تسبیح را زنار کن!*
*عقل میگوید: بپوش آخر لباس عاقلان!*
*عشق میگوید که: ترك جبه و دستار کن!*
*من نمیدانم کدامین نکتەرا باور کنم،*
*ای خدایا از دلم تو کشف این اسرار کن!*
*عقل میگوید چنین و عشق میگوید چنان،*

همچو "خالص" در جهان یك نكته را اقرار كن!" [51]

ئاواتیش لەم شیعرە ناسكەدا گیرۆدەی داوی هەمان ئەو پرسیارە لەمێژینەیەیە. لە لایەكەوە شاعیری دڵە و عاریفە و لە بنەماڵەی شێخانە، لە لایەكی دیكەشەوە مەلای دوازدە عیلم و پێش نوێژە و لە ئەنجامدا كەوتۆتە نێوان دوو بەرداشی بەهێز و گەورە وگرانەوە و لە نێوان ئەو دوو هێزە مەزنەدا ماوەتەوە كە لەسەرێكەوە واتایان بە ژیانی داوە و تەنانەت مەوجوودێك بە ناوی سەید كامیل ئەوان خوڵقاندوویانە، لە سەرێكی دیكەشەوە هەڵوەدای دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارێكی ئەزەلی و ئەبەدییان كردووە كە وەڵامدانەوەی ئەگەر نەگونجاویش نەبێت، هاسان نییە.

لە شیعرەكەدا، شاعیر هەڵوێستی ڕوونە، ئەو دەیەوێت بەرەو شاری دڵی بڕوات و لە هەموو ماوەی وتووێژەكەدا لە سەر هەڵوێستی خۆی دەمێنێتەوە. ئەو دڵ بە باغ و گوڵستان، باخی بەهەشت، ئارامگەی جانان، شوێنی شێت و مەجنوونان، [52] مەركەزی ئەسراری حەریفان [53] و مەئمەن و قەڵغانی كاتی مەترسی دەزانێت بەڵام لایەنەكەی دیكە واتە عەقڵی سەر، وەك مڵۆزمێك لەبەرانبەریدا دەوەستێ و تەفسیرێكی جیاواز لە تەعبیرەكانی ئەو بە دەستەوە دەدات. عەقڵ، واتە هەموو مزگەوت نشینان كە نوێژ دەكەنە بەرتیل و بەخودای دەدەن بۆ ئەوەی لە ئاگری جەهەننەمیان بپارێزێت، شاری دڵ بە شاروچكەی ڕاپەڕینی سەرخۆشان، ڕەش، جێ ڕاوگەی شەیتان، شێواو و وێران، زەدەی پەنجەی پەریان، [54] جێگەی تەماعی حەسوودان و كونبووی سەری پەیكان دادەنێن و پێی دەڵێن دووركەوەوە، نەكا بچیە شوێنێكی وا مەترسیداری بێ متمانە، وەرە لای خۆمان و لەبیری داهاتووتدا بە، پاشەكەوت بكە و دوارۆژت دابین بكە!

[51] "كتاب جذبه عشق، دیوان حضرت مولانا شیخ عبدالرحمن خالصی القادری طالبانی كرد"، از انتشارات فقیر حاج محمود محمدی طالبانی القادری سنندج ، چاپ چهارم، ناشر: محمد صدیق محمدی، مشهد، چاپخانه سعید، ١٣٧٣ [١٩٩٤]؛ ص ٢١. هەروەها: " جذبه عشق، دیوانی مەولانا شێخ عەبدوڕەحمانی تاڵەبانی 'خالص'"، وەرگێڕان لە فارسی و توركییەوە: ئەنوەر سوڵتانی، داڕشتن و بەراورد و ساغكردنەوە و شەرحی عیرفانی: .. محەمەد عەلی سوڵتانی، پێشەكی: د. نووری تاڵەبانی؛چاپی ئەكادیمیای كوردی، هەولێر،٢٠١٤، ل. ٥٦.

[52] واتە ئەوانەی وا بە هۆی تێگەیشتن لە سیڕڕی ئەزەلەوە خۆیان لە بەندی عەقڵی بەرماڵ بەشانان ئازاد كردووە و بوونەتە شەیدای ئەوینی حەقیقی

[53] . وشەی 'حەریف' و گەلێك تەعبیری دیكەی ناو شیعرەكە پێویستیان بە تەفسیری عیرفانی هەیە.

[54] بە بۆچوونی بێ بنەمای ئاپۆرەی خەڵك، كە دەبێ ڕیشەی لە باوەڕێكی ئاییندا بێت، ئەگەر پەری دەست لە كەسێك بوەشێنن، شێت دەبێت.

دیاردەی گرنگ لە شیعرەکەدا ئەوەیە شاعیر لە مەقتەع واتە دوافەردیدا هیچ بڕیارێك نادات و ئەو پرسیارە ئەزەلی و ئەبەدییە بێ وەڵام دەهێڵێتەوە کاتێ دەڵێ سەرم سوڕ ماوە و نازانم چ بکەم؟ من دەڵێم بچم ئەو هەر دەڵێ مەچۆ! ئەگەر شاعیر لێرەدا بیویستایە هەڵوێست بگۆڕێت یان بڕیاری کۆتایی بدات چارەنووسی شیعرەکەش دەگۆڕا و شاعیر دەبووە مرۆڤێکی خۆخۆشەویستی ملهوڕی زۆرداری خۆ بەسەر خوێنەرداسەپێن کە لە جیاتی ئەوان بڕیار دەدات و پێیان دەڵێ چی بکەن باشە. بەڵام ئەو سەید کامیلەی ئێمە دەیناسین بەو کەسایەتییە ناسك و هەستیارەوە، ڕێبازێکی وا دوور لەچاوەڕوانی هەڵنابژێرێت، بەپێچەوانە، لەسەر هەڵوێستی خۆی دەمێنێتەوە و سادقانە دەڵێ: من وام پێ جوانە بچمە شاری دڵەوە[٥٥] لە کاتێکدا بەرانبەرەکەم کوڵ نادات و وەك چۆن لەسەرەتادا گوتوویەتی، لە کۆتاییشدا هەر دەڵێ واجوانە نەچی! ئەوەش ڕێژەیی بوون (موتڵەق نەبوون) ی فیکری مرۆڤ و دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامدا، ئەزەلی و ئەبەدی بوونی پرسیارەکە دەگەیێنێت و دەریدەخات کە هەڵوێست و خواستەکانی مرۆڤ یەك چەشن و یەك شێواز نین و ژیان بەو ناتەبایی و دژایەتییانەوە واتا پەیدا دەکات، ئەوە دیالکتیکی ژیانە.

دیارە ئەوانە بۆچوونی منن سەبارەت بە شیعرەکە و لە گۆشە نیگای تایبەتی خۆمەوە. بەڵام ئەگەر ئەو چاویلکەیە لە سەر چاو لابچێت و بە شێوەیەکی تر سەیری مەسەلەکە بکرێت، ئەنجامی جیاواز دەست دەکەوێت. ڕێزدار سەید جەعفەری کوڕی ئاوات لە ئیمەیلی ڕۆژی ٢٠١٨/٥/٦ دا سەبارەت بەم شیعرەی باوکی بەڕێزی ئەو بۆچوونەی خوارەوەی دەربڕیبوو:

*"ئەوسەردەمەی ساواك فشارێکی یە کجارزۆری بۆ هێنابوو و چەند ساڵ قاچاغ و 'شەوبەکێو' بوو، سەرکردە کانی شۆڕشی کوردستانی باشوور بەوحاەی دەزانن و بانگی دەکەن و باوەشی بۆ دەگرنەوە کە بچێ بۆ ئەوێ و لەو وەزعە نەجاتی بێ. ئەویش دیارە ئەوزاعی هەردوولا هەڵدەسە نگێنێ و ناچێ و بەو شیعرە، کە دەیکاتە کێشەی نێوان عەقڵ وعەشق، جوابی خۆی پێ دەداتەوە. جا نازانم بۆ ئەوانیشی دەنێرێ، یا وەڵامێکی دیکەیان دەداتەوە ."*

کۆتایی قسە، من لەگەڵ ڕێزمدا بۆ کاك جەعفەری بەڕێز، لە سەر بۆچوونەکەی خۆم دەوەستم.

---

[٥٥] . یان "شاری دڵ شوێنێکی جوانە و دەمەوێت بچمێ"

ئەمر محەممەدی ماملێ ئەم شیعرەی بە گۆرانی گوتووە. ئەوە لینکی سەر یووتیووبی گۆرانییەکەیە:

http://www.youtube.com/watch?v=1xtWMiUrxI0&list=PLBADADC3C4471106D

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

## کەرەی کرد بە زەنگ

ئەمشەو لە بەزمی یاری شۆخ و شەنگ[٥٦]
عالەم خرۆشا، تێکڕا بێدرەنگ
چ بەزمێك؟ بەزمی کەی و کەیخوسرەو
چ شۆخێك؟ شۆخی بێعار و بێنەنگ
وا کۆڕ ڕازاوە بێئەغیار، ئەوچەل
بۆم تێکە مەیگێڕ، شەرابی گوڵڕەنگ
زرە و خڕەی دڵ، ئاه و ناڵەی نەی
چریکەی تار و زرمە و گرمەی چەنگ
گیانم سەودا کرد بە پیاڵێك، ساقی
ماچێکی باقی دامەوە، بێدەنگ
لەم ساتوسەودا، لەم ساقی و باقی
یاران دڵخۆشن، دوژمنان دڵتەنگ
پەری چۆتە باغ، گوڵ بێبرەو ما
بێشەوق و زەوق، بێبۆن و بێڕەنگ
باخەوان ڕووتەڵ، بۆی وەدەرکەوت
وەك دەڵێن: بولبول مایەی بوو بە سەنگ
لەم گێرە و کێشەی عیشق و دڵداری
لەم هەرا و بەزمی یاری شۆخ و شەنگ
داخۆ ئەویندار چی وە چەنگ کەوت؟
یا خۆ "ئیمامی" کەرەی کرد بە زەنگ؟

---

٥٦. چاپی جەعفەر: ئەوشۆ

قاقلاوا، ١٣٤٧ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٥١ و ٥٢ ی چاپی ئەنیسی و ٩٩ و ١٠٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا "شەوی بەزم" ە و لە فەردی یەکەمی شیعرەکە وەرگیراوە. عینوانی چاپی جەعفەریش لە فەردی کۆتایی وەرگیراوە.
یەك لە شیعرە پڕ لە شادی و شەوق و زەوقەکانی ئاواتە کە ژمارەیان لە دیوانەکەدا زۆر نییە.
وەك شیعری زۆرێك لە شاعیرانی کلاسیکمان لێرەشدا ڕوون نییە 'یار' کێیە و ویدەچێت کەسێکی مەجازی و خەیاڵی بێت لەبەر ئەوەی شیعرەکە لە تەمەنی ٦٥ ساڵیی شاعیردا گوتراوە کە بە شێوەیەکی سروشتی سەردەمی لاویەتی و ئەویندارییی تێپەڕ بووە. مەگەر وابزانین کە ئەو بەزمە لە ڕاستیدا میوانییەك بووە لە ماڵی خۆی یان دۆستێکی نزیکی شاعیر یان شتێکی وەك ئەوانە. هەروەها تێیدا باس لە شەڕابی گوڵڕەنگ و ساقی و پیاڵە و ماچی ساقی کراوە کە لەگەڵ کەسایەتی شاعیردا یەك ناگرنەوە.
هەرچۆنێك بێت، شانۆی شیعرەکە بریتییە لە بەزم و جەژن و شادییەك کە عالەمێکی زۆر بەشدارییان تێدا کردووە و لەبەر خۆشی و شادی و گرنگایەتی، زیاتر لە بەزمی شاهانی کەیانی ئێران و شایەکی وەك کەیخوسرەو دەچێت؛ ئینجا لەو بەزم و هەرایەدا شاعیر دڵنیا نییە ئایا کەرەی کردوە بە ڕۆنی زەنگ واتە کارەکەی بە ئامانج گەیاندووە یان نا؟
ئەم شیعرە لە دیوانی چاپی جەعفەردا دوابەدوای شیعری 'نامەی بانگهێشتن' هاتووە کە بانگهێشتن نامەیەکە بۆ شایی کوڕەگەورەی شاعیر. تۆ بڵێی ئەم شیعرەش هەر لەو پەیوەندییەدا نەگوترابێت؟
وشەی 'ئەمشەو' لە چاپی جەعفەردا وەك 'ئەوشۆ' هاتووە. من نەمزانی کامیان دەقی شاعیر خۆین. گەرچی من وشە ئاساییەکەی 'ئەمشەو' م هەڵبژارد بەڵام دووریشی نازانم 'ئەوشۆ' بووبێت لەبەر ئەوەی چەند وشەی دیکەی بن زاراوەی مەهابادی لەشیعرەکەدا دەبینرێن: ئەوچەل، پیاڵێك، چەنگ (لەجیاتی چنگ)، ئەوەش دەکرێت یەك لەوان بێت. چاپی ئەنیسی وەك 'ئەمشەو'ی تۆمار کردووە.
بێ عار و بێ نەنگ: بێ عار نابێ لە شێوەی 'بێعار'دا بخوێنرێتەوە کە واتای نەرێ یی خەڵکی گوێ نەبیس و هەرچی پەرچی لێ وەردەگیرێت. بێ عار و بێ نەنگ لە

ڕاستیدا دەبێ بێ عار و نەنگ بێت کە گوشاری کێشی شیعرەکە شاعیری مەجبوور کردووە بیانکات بە دوو بەشی جیاوازەوە و بەواتای کەسێکە دوور بێت لە کاری بێ شەرمانە و خراپ.

ئەوچەل: ئەمجار

زڕە و خڕەی دڵ: 'دڵ' لێرەدا بە چ واتایەك هاتووە؟ دڵ بۆچی زڕە و خرمەی دێت؟ بۆچی دڵ لەگەڵ  تار و چەنگ هاتووە؟ من لەو وشەیە واتای 'دڵبەر' وەردەگرم. تەنیا ئەودەمیشە دەتوانین بیهێنییە ڕیزی نەی و تار و چەنگ و بڵێین دڵبەری شاعیریش بە ئامادەبوونی لە بەزمەکەدا و بە زڕە وخرمەی خشڵەکانی، بەزمەکەی وەك چریکەی نەی و تار و چەنگ ڕازاندۆتەوە. تۆ بڵێی ڕاست بم؟

سات وسەودا: کڕین و فرۆشتنە بەڵام لێرەدا بگرە وبەردە و هەرا و قەرەباڵغییە.

گیانم سەودا کرد...: دەبێ وشەی ساقی لەگەڵ میسراعی دووهەمی فەردەکە بخوێنرێتەوە: لە سەودا کردنی گیانم لەگەڵ پیاڵەیەك شەڕابی ساقیدا، ساقییەکە ماچێکی باقی دامەوە. لە فەردی دواتریشدا ساقی و باقی پێکەوە هاتوون و ئاماژەیە بەو سات و سەودایەی ناو ئەم فەردە، دەنا ساقی و باقی پەیوەندێکی مەنتیقییان پێکەوە نییە.

دوو فەری حەوتەم و هەشتەم لەپەیوەندی یەکتریدان: پەری، کە دڵداری شاعیرە، چۆتە ناو باغ و بەو چوونەی، بارودۆخی ئاسایی باغەکەی شێواندووە: گوڵان بێ ڕەونەق و کەسادە بازار بوون (کەس سەیری نەکردوون)، باخەوانیش لەباغ چۆتە دەرێ و لە ئەنجامدا دەگوترێت تەنانەت بولبولیش مایەپووچ هاتبێتەوە یانی هەموو ئەو سەرمایەیەی دۆڕاندبێت کە لەسەر گوڵی دانابوو.

ئەوەی گوتم باخەوان لە باغ چۆتە دەرێ بە حیسابی ئەوەیە شاعیردەڵێ: "باخەوان ڕووتەڵ بۆی وەدەرکەوت". ئایا بۆی وەدەرکەوت واتای چوونە دەرەوە دەدات یان لێی ڕاسان و لەبەر پێ هەستان و شتێکی دیکە؟ وەك ئەوەی لە شوێنەکەی خۆی هاتبێتە دەرەوە و بەخێرهاتنی یاری شاعیری کردبێت؟ ئەوەش نەگونجاو نییە و شتێکی ئەوتۆ لە شانۆی باغەکە کاتی هاتنی یار، ناگۆڕێت.

ڕووتەڵ وشەیەکی جوانی کوردییە بە واتای کەسێك کە پۆشاکی بەڕێ وجێی لەبەردا نەبێت یان دیاردەیەکی سروشتی (دار، دەشت ودەر) کە بەهۆی سەرماوە ڕووتابێتەوە و گەڵا یان گیاوگژی لێ نەڕوابێت. شاعیر بۆچی باخەوانی بە ڕووتەڵ داناوە؟ من وای بۆدەچم کە شاعیری ئەویندار، وەك هەموو عاشقێکی دیکە، هیچ شتێکی جگە لە

دڵدارەکەی بەجوان و ڕازاوە نەدیتبێت و تەنیا ئەوی پێ جوان بووبێت. لەو ڕوانینە عاشقانەیەدا ئیتر کەس ناتوانێ تەواو و جوان و پۆشتە و لەبەردڵان بێت جگە لە دڵدارەکەی شاعیر.
دوو فەردی کۆتایی شیعرەکە هەڵگری دوو پرسیاری یەکگرتوون کە لە ڕاستیدا دەبنەوە بە یەك: ئایا ئەویندار و ئیمامی چییان دەست کەوتووە؟ لەبەر ئەوەی ئەویندارەکەش هەر ئیمامی خۆیەتی، ئیتر دوایین پرسیار دەبێتە ئەوەی ئایا ئیمامی توانی کەرە بکاتە ڕۆنی زەنگ، واتە بە قەولی فارسەکان یاری شۆخ و شەنگ بکولێنێت و دڵی نەرم بکات (بیکات بە دۆستی خۆی)؟
بە هۆی فەزای شادی ناو شیعرەکەوە، کە نیشانەی خەفەت و خەمی پێوە دیار نییە، خوێنەر دەتوانێ هەست بکات کە بەڵێ، شاعیر توانیویەتی سەرکەوێت و کەرە بکات بە زەنگ!

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
متقارب مثمن اثلم (هەجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

# یاران ڕۆیشتن

فکری چ بکەم ئێستە لە پاش عومری درێژم؟
بڕوانە لە دەست و سەری لەرزۆکم و گێژم!
ئەو ئارەقی دەڕژێ لە سەر و ڕووم بە حەقیقەت
دوای ڕۆیینی[58] یاران، هەموو جواناوە دەڕێژم
یاران کە هەموو ڕۆین و من مامەوە تەنیا
جەرگ و دڵەکەم کون‌کونە، زووخاوێ دەڕێژم
بەو عومرەوە هەر قیبلەمی؛ گەر ڕوو نەکەمە تۆ
بەو تاقی دوو ئەبرۆیە قەسەم، باتڵە نوێژم
جێم لێژ بووە، پیری لە سەرم خێوەتی هەڵدا
هەرکاتێ کە بەربوومەوە! بڕوانە لە لێژم

قاقڵاوا، ١٣٤٧ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٧ ی چاپی ئەنیسی و ١٢٥ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'خێوەتی پیری' یە. هەردوو عینوانەکە لە وشەکانی ناو شیعرەکە وەرگیراون و هەردوو پڕبەپێستی ناوەرۆکی بۆچوونەکانی شاعیرن.
ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکەش لە هەردوو چاپدا هەر یەکە: ١٣٤٧ ی هەتاوی و ١٩٦٨ ی زایینی. شاعیر لەو کاتەدا ٦٥ ساڵان بووە.
غەزەلێکی جوانە بە واتایەکی پڕ لە وەفاداری و ئەمەکناسیی شاعیرەوە بۆ دۆست و یارانی نزیکی خۆی. ئاوات، تەنیا لە غەزەلی 'حەسرەتی دڵ' دا بۆرە گلەییەکی لە

---

[58]. چاپی ئەنیسی: ڕۆیینی. دەبێ هەڵەی تایپ بێت.

دۆست و یارانی خۆی کردووە دەنا بەگشتی، دۆستێکی گەلێك وەفاداری هاوڕێیانی بووە و گلەییەکیشی ئەگەر بووبێت زیاتر لەوە بووە بۆچی سەردانی ناکەن و کەم دێنە ماڵی.

سێ فەردی یەکەمی غەزەلەکە ئیخبارییە، واتە بارودۆخی ڕۆحیی خۆی لە دووریی یاران (و زۆر واهەیە، مردنیان) بە خوێنەر ڕادەگەیێنێت. هەواڵەکان گشتین: یاران هەموو ڕۆین؛ دوای ڕۆیینی یاران.

بەڵام لە فەردی چوارەمدا، بەرگۆی قسەکان دەگۆڕێت و ڕوو دەکاتە تاکێکی دیاریکراو، بێ ئەوەی ناوەکەیمان پێ بڵێت. ئەو ڕادەیەی ئیخلاس و خۆ بە کەم زانی و وەفادارییە، بە گوێرەی شیعرەکانی دیکەی ناو دیوان، زیاتر لەوە دەچێت بۆ کاکی، سەید محەممەد نورانی؛ یان مامی، حاجی بابەشێخی سەیادەتی دەربڕیبێت کە پێیان بڵێ 'تۆ قیبلەمی و ڕوو دەکەمە تۆ'. ئەگەری دووهەم یەك لە دۆستەکانیەتی کە دەکرێ کەسێکی وەك مامۆستا حەقیقی بێت. ئەگەری سێهەمیش ئەوەیە ڕووی لە پێغەمبەری ئیسلام بێت. من زیاتر لەگەڵ بۆچوونی یەکەمدام و لام وایە بۆ کاکی شاعیر گوتراوە.[59]

دست و سەری لەرزۆکم و گێژم: لەفف و نەشری مورەتتەبە واتە: دەستی لەرزۆکم و سەری گێژم.

جواناو: ئارەقی سەرەمەرگ (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)

قیبلە و تاقی دوو ئەبرۆ: مراعات النظیریان لێ پێك هاتووە.

جێ پێ لێژ بوون: کۆتایی هاتنی دەرفەت و مەجبوور بوون بە ڕۆیشتن لە شوێنێك.

بەربوونەوە: مردن

هەرکاتێ کە بەربوومەوە: هەربینا بەربوومەوە!

بڕوانە لە لێژم: سەیرم بکە وا لە سەر لێژێك وەستاوم **[**و واهەیە خللۆربمەوە خوارێ**]**.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

---

[59] . سەد بریا ئاغا سەید جەعفەری کوڕی شاعیر و ئامادەکاری دیوانی'شاری دڵ' ئەو بابەتەی لە خوێنەر ڕوون بکردایەتەوە (دیارە ئەگەر بیزانییایە). هیوادارم جەنابیان لە چاپەکانی دیکەی دیوانەکەدا ئەو پرسیارە و گەلێك پرسیاری هاوچەشنی دیکە وەڵام بدەنەوە.

# عەزیزی میسری دڵ

دەڵێن گیراوە ئیمڕۆکە عەزیزی میسری دڵ، چ بکەم؟
لە پاش ئەو، من لەگەڵ دڵ - شێت و پێتی وابەکوڵ، چ بکەم؟
ئەوە جوان و جحێڵ و پاك و خاوێن، بۆچی گیراوە؟
منی پیر وپەشیمان و گونەهکار و خەجیل چ بکەم؟
نەماوە باغ و ڕاغ و ڕەونەقی سەحرا، خودا[٦٠] مەرگێ!
گوڵووکات چوو لەبەر ئەو، من لە دەشتی پڕ چقڵ چ بکەم؟
لە باغێکدا کە گوڵ ڕۆیی بە تاڕاجی خەزان، جا من
وەکوو بولبول نەسووڕێم دار بەدار و چڵ بەچڵ، چ بکەم؟
یەکێك چەپکێکی گوڵ هێنا لەحەوشی خانەقا بۆمن
منی بێ ڕەنگ و بۆ ئاخر بە جارێك چەپکەگوڵ چ بکەم؟ [٦١]
دەسم هێندە هەڵێنا بۆ تەمەننا، وشك و ڕەق ماوە
لەمەولا تاکو ماوەی ژینمە، بێ دەست وپل، چ بکەم؟
نەسیبم هەر نەبوو ئەم ئاو وخاکە، بشمرم، بێ جێم
بە دەردی خۆمەوە دەتلێمەوە، بێ ئاووگڵ چ بکەم؟[٦٢]
گرانە دەردی دووری، بەم لەشە چۆن هەڵگرم باری؟
زەعیف و پیر و بێ هێز و قەوەت، بێ شان ومل، چ بکەم؟
"ئیمامی" هێندی خەم خوارد عادەتی پێ گرتووە، یاڕەب!
دەسووڕێ بێ وچان، گێژە[٦٣] و لە دەردی چەرخ وخول چ بکەم؟

---

[٦٠]. چاپی ئەنیسی: خوا
[٦١]. ئەو فەردە لە چاپی جەعفەردا نابینرێت.
[٦٢]. ئەو فەردەش لە چاپی جەعفەردا نابینرێت.
[٦٣]. لە دەقی ئەنیسیدا بەم شێوەیە هاتووە: "گێژە و لە دەردی...."

زەنبیل، ١٣٤٨ی هەتاوی لە چاپی ئەنیسیدا و قاقلاوا، ٤٨ - ١٣٤٧ ی هەتاوی لە چاپی جەعفەردا
(لاپەڕە ٢٠ ی چاپی ئەنیسی و ١٤١ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا بریتییە لە "چبکەم". هەردوو عینوانەکە لە میسراعی یەکەمی فەردی یەکەم وەرگیراون.

شوێنی گوترانی شیعرەکە بۆ من بۆتە جێی پرسیار. دیوانی چاپکراوی مامۆستا ئەنیسی کە کەمتر بەلای شوێنی گوترانی شیعرەکاندا چووە، بۆ ئەم شیعرە تایبەتە گوندی زەنبیلی دەست نیشان کردووە ئەوەش لە کاتێکدا کە دیوانی چاپکراوی کاك جەعفەر بە قاقلاوای نووسیوە. ئەوانە کامیان ڕاستن؟ ئەگەر هەڵەی وا کەوتبێتە ئەم شیعرەوە تۆ بڵێی شیعرەکانی دیکەش لە بابەتی شوێنی گوترانی شیعرەکاندا هەلەیان تێ نەکەوتبێت؟

بە گوێرەی ژیننامەیەکی شاعیر کە لە چاپی جەعفەر دا دەبینرێت، سەید کامیل لە نێوان ساڵانی ١٣٣٣ و ١٣٦٨ لە قاقلاوا ژیاوە، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ زانینی ئەو ڕاستییەی کە شیعرەکە لە کوێ گوترابێت. دەکرێ لە سەفەرێکی ئاسایی بۆ ماڵی کاکی لە زەنبیلدا گوتبێتی و ئێمە بەوە نەزانین. تاقە کەسانێك کە دەتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە ئەنیسی و جەعفەرن. سەرچاوەی کاری ئەوان چی بووە ئێمە نازانین بەڵام نابێ ناوی ئەو دوو گوندە هەر لە خۆوە سەری هەڵدابێت. با ئەوان ڕاستییەکەمان پێ بڵێن.

دیارە ئەو مەسەلەیە بۆ خوێنەری ئاسایی واهەیە بایەخی ئەوتۆی نەبێت بەڵام بۆ من کە خەریکی ساغ کردنەوە و نووسینەوەی دیوانەکەم گرنگە بزانم سەرچاوەکانی بەردەستم چەندە ڕاست و جێی متمانەن ئەویش نەك هەر بۆ ئەم شیعرە بەڵکوو بۆ سەرجەمی دیوانەکە.

ساڵی ١٣٤٨ ی چاپی ئەنیسی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ١٣٤٧ و ٤٨ ی چاپی جەعفەردا نییە بەڵام ئەویش هەر پرسیارێك دەورووژێنێت: ئەو جیاوازییانەی ناو دوو چاپەکە، چین و لەکوێوە سەریانهەڵداوە؟

دوو فەردی پێنجەم و حەوتەم لە دیوانی چاپی جەعفەردا نابینرێت و ئەوەش بۆ من جێگەی سەرسووڕمانە. کاك جەعفەر لە کاتی ئامادە کردنی دەقەکەی خۆیدا چاپی ئەنیسی لە بەردەستدا بووە. لای کەم دەبوایە ئاماژەیەکی بەو کەم و کورتییە بکردایە و هۆکاری هەڵاواردنی ئەو دوو فەردەی لە خوێنەر ڕوون بکردایەتەوە، یان ئەگەر

بەهۆی گوشاری ئیدارەی سانسۆری مەلاکانەوە بووە، دەکرا دێڕك و دوان بە 'خال' پڕبکاتەوە: ...................................

١.شیعرەکە بە ئاشکرا بۆ عەزیزێك گوتراوە کە دەبێ لە کاتی هۆنرانەوەی شیعرەکەدا گیرا بێت و لە زیندان بووبێت. ئەوە کێیە؟ یادداشتی کۆتایی شیعرەکە (١٣٤٨) یارمەتییەکمان دەدات بۆ هەڵهێنانی مەتەڵەکە. ساڵی ١٣٤٨ جەنگەی خەباتی چەکدارانەی باڵی شۆڕشگێری حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران لە لایەك و گرتن و کوشتن و ئیعدامی خەباتکارانی کورد لەلایەکی دیکە بوو و سپەهبود ئوەیسی جەللاد و سەرۆکی ژاندارمری ئێران، بۆ ماوەیەك ناوەندی دەسەڵات و ئیدارەی خۆی لە تارانەوە هێنابووە پادگانی جلّدیان — ئەو شوێنەی وا سەدان کوردی خەباتکار لە زیندانەکەیدا ڕاگیرابوون و کەوتبوونە بەر ئەشکەنجەی وەحشییانەی ئەفسەران و مەئموورانی شاهی شاهان و دەیان کەسیان لێ ئیعدام کرابوون.

من لە دوورەوڵاتی دەرەتانی ئەوەم نییە بزانم چ کەسانێك لە زیندانەکەدا بوون و کامیەك لەوانە ئەوەندە نزیك بووە لە شاعیر کە ئەو شیعرەی بۆ گوتبێت. بەڵام بە حیسابی ئەوەی لە فەردی مەتلەعدا دەڵێ "عەزیزی میسری دڵ"[٦٤]، دووری نازانم ئەو کەسە کوڕێکی خۆی بووبێت کە لە سەردەمی کۆنگرەی دووهەمی حزبدا، ئەندامی حزب و لە باشووری کوردستان بوو و دواتر گەڕایەوە ئێران. گەرچی بەڕوونیش نازانم، بەڵام دەبێ ئەویش وەبەر شەپۆلی گرتنەکانی ئەو ساڵە کەوتبێت و لە پادگانی جلّدیان یان شوێنێکی دیکەدا خرابێتە زیندانەوە.

لە هەمان فەرددا، "شێت وپێتی  و بەجۆش وکوڵ" بوون هەمووی سیفەتن بۆ دڵی شاعیر دوای گیرانی خۆشەویستەکەی.

ئەوانە بۆچوونی من بوون پێش ئەوەی چاوم بە دیوانی چاپی جەعفەر بکەوێت کە لە پەراوێزی شیعرەکەدا نووسراوە: "گیرانی حاجی سەید عومەری برازای" کە ئەویش حاجی سەید عومەری کوڕی حاجی سەید محەممەدی نوورانی و برازای سەید کامیلە. ئەو ڕوونکردنەوەیە کاری خوێنەر و منیش بۆ تێگەیشتنی هۆکاری گوترانی شیعرەکە

٦٤ . عەزیزی میسر ئاماژەیە بە یۆسفی کوڕی یاقوب — پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل و ئەوەی وا دەگوترێ یاقوب لە دووریی یۆسف ئەوەندە گریا تاوەکو چاوی کوێر بوو.

هاسان دەکاتەوە. گەرچی دڵنیا نیم بەڵام لاموایە حاجی سەید محەممەد چوار کوڕی بوون: عەلیشا، سەید عومەر، سەید ئەنوەر و سەید جەمیل.[٦٥]
٢. "ئەوە جوان و..." ئەم فەردە هەندێك تەفسیر هەڵدەگرێت: پاك و خاوێن بوونی خۆشەویستی شاعیر و پەشیمان و گونەهکار و خەجڵ بوونی خۆی واتای چییە؟ ئەگەر واتایەکی ئایینی لەو سیفەتانە وەربگرین، ئەوا شیعرەکە پاڕانەوەیەکە لە دەرگانەی خودا و ئەوەی کە زۆر شاعیری دیکەش بە تایبەت لە سەردەمی پیریدا لە خودا پاڕاونەتەوە وگوتوویانە من پیر و گوناهبارم.... واتە دەڵێ خودایە! ئەو کەسە پاك و خاوێن و بێ تاوانە بۆ دەبێ بگیرێت و منی گوناهبار ئازاد بم؟
بەڵام ئەگەر واتایەکی سیاسی لە شیعرەکە وەربگرین، ئەودەم پەشیمان و گونەهکار و خەجڵ واتای چییان دەبێت؟ گەلۆ سەید عومەری برازای شاعیر لە پەیوەندی ئاوات یان سەید تاهیری کوڕی ئەودا گیراوە یا خود ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ هەربۆیە خۆی بە تاوانبار لە قەڵەم دەدات؟
٣. "نەماوە باغ..." باغ و ڕاغ و سەحرا وگوڵوکات چوار چەمکی هاوشێوەن و شاعیر جیناسی لێ دروست کردوون ئینجا بە سەنعەتی "تضاد" (مطابقه) لە بەرانبەر دەشتی پڕ چقڵی داناون. ڕاغ بە واتای سەحرا و مێرغوزارە و "گوڵووك" لە هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژاردا بە واتای شکۆفەی دار هاتووە، گوڵووکات کۆی عەرەبی گوڵووکە. ئەم بیچمەی وشەکە لە ناوخەڵکی ئاسایی ناوچەکەدا باوە، دەنا گوڵوکی تاك کە وشەیەکی کوردییە نابێ بە "ـات"ی مێیینەی عەرەبی بکرێت بە کۆ.
٤."لەباغێکدا..." ئەم فەردە گەلێك ساکارە و شی کردنەوەی ناوێت بەڵام یەك شتی تێدا دەبینم دەمخاتە بیرکردنەوە: تاڕاجی خەزان واتای لەناو چوون و مردنی تێدایە. تۆ بڵێی شێعرەکە بۆ شەهیدێك نەگوترابێت کە لەو ماوەیەدا گیرابێت و ئیعدام کرابێت؟ ئەگەر وابێ، ئەوکەسە کێیە و کامیەك لەوهەموو شەهیدانەیە کە لە شارەکانی موکریاندا بۆ عیبرەتی خەڵك هەڵاوەسران یان هەر لە جڵدیان ئیعدام کران؟ زۆرێك لەو خەباتکارانە هەر لە دەوروبەری زەنبیل و گەردیگلان و قەرەگوێز بە نان و پێخۆری

[٦٥] . ناوئاخن: وا بزانم باوکم ناوی کاکم و منی بە ناوی ئەو دوو کوڕەی سەیدی زەنبیلەوە ناو نا عومەر و ئەنوەر. لەو ساڵانەدا ئەو موریدی خانەقای زەنبیل بوو، گەرچی دواتر لەو باوەڕە کشایەوە دواوە، بەڵام ناوەکەی ئێمە هەروەك خۆی مایەوە! ( ئەنوەر)

خەڵکی گوندەکان دەژیان وبە دڵنیایی سەید کامیلی نەمر زۆرجار میوانداریەتی کردبوون.
٥."یەکێك چەپکێکی ..."  ئەم فەردەش ڕوونە بەڵام وەك واتا کردنەوە، دەبێ بزانرێت ئایا نیازی شاعیر ئەوە بووە کە خۆی لە حەوشی خانەقا بووە و کەسێك هاتووە چەپکێك گوڵی بۆ هێناوە، یان چەپکێك گوڵیان لە باخچەی خانەقا لێکردۆتەوە و بۆیان هێناوە؟ من ئەگەری دووهەم بە ڕاستر دەزانم. خانەقا دەبێ ئاماژەبێت بە خانەقای سەید محەممەدی نوورانی شێخی زەنبیل و برای ئاوات لە گوندی زەنبیلی نێوان بۆکان و سەقز.[٦٦]
٦. "دەسم هێندە..."  من لەم فەردە تەنیا واتای ئایینی وەردەگرم واتە شاعیر ئەوەندەی تەمەننا لە خودا کردووە و دەستی پاڕانەوەی بۆ خودا هەڵێناوە کە لە دەست وپل کەوتووە.
لەمەولا= لێرە بەدواوە.
٧. "نەسیبم هەر..." ئەوە واهەیە جوانترین فەردی شیعرەکە بێت. شاعیر دەڵێ لە ماوەی ژیانمدا ئاو وخاك واتە ولاتەکەم هەر نەبوو بە هی "من" واتە بەهی گەلی کورد، ئێستا بەو دەردەوە دەتلێمەوە و نازانم چۆن بە بێ ئاو وگڵ واتە بە بێ خاك و قەبر بمرم!
٨. "گرانە دەردی..." گران لە شیعرەکەدا بە واتای قورس هاتووە. شاعیر دەڵێ بەو پیری و زەعیفی و بێ هێزییەوە، چۆن باری قورسی ئەو دوورییە هەڵبگرم؟ خۆ من شان وملم بۆ نەماوە!
"قەوەت" بەکوردی کراوی وشەی "قووەت" ی عەرەبییە و لە ناوچەکەدا کەڵك لەو بیچمەی وشەکە وەردەگیرێت.
٩."ئیمامی هێندی خەم..." لەم فەردەشدا شاعیر ڕووی لە خودایە و لەو دەپاڕێتەوە، باس لە گێژی و سەرلێشێواوی و بێ چارەیی خۆی دەکات و دەڵێ لەبەر ئازاری گەڕانی بەرئاوەژووی چەرخ کە لە ئەنجامی گیرانی خۆشەویستەکەمدا بۆم هاتۆتە ئاراوە، نازانم چ بکەم؟  تاوانی هەل ومەرجی ژیان خستنە ئەستۆی شێوازی گەڕانی چەرخ لە لایەن بیرمەندانی گەلانی ناوچەکەوە، دیاردەیەکی کۆن و ناسیاوی گوێی هەموانە.
لە چاپی ئەنیسی دا میسراعی دووهەم بەم شێوەیە هاتووە: "دەسووڕێ بێ وچان، گێژە و لە دەردی چەرخ وخول چ بکەم؟". من هەست دەکەم ئەو واوی عەتفەی دوای

---
[٦٦] .  من لە منداڵیدا لەگەڵ باوکم چوومەتە زەنبیل و شەو لە خانەقا ماوینەتەوە.

وشەی گێژە، زیادی بێت وهەندێك واتاكە بشێوێنێت. هەر بۆیەش قرتم كرد. بەڵام دیارە ئەگەر دەقی دەستنووسی شاعیر بە شێوەی دەقی چاپكراوی دیوانەكە بێت، دەبێ ناڕازیش بین هەر قەبووڵی بكەین و واوەكەی بۆ دابنێین!

شاعیر پارچە شیعرێكی دیكەشی هەر بە ناوی "چ بكەم؟" ەوە هەیە كە لە لاپەڕە ١٤ و ١٥ ی دیوانی چاپی ئەنیسی و ١٤٠ ی چاپی جەعفەردا هاتووە. غەزەلەكە، سەرجەم حەوت فەردە و ئەوەش مەتلەعەكەیەتی:

"بە یادی شەمعی ڕوخسارێكی، دڵ ئیحیا نەكەم چبكەم؟

بە شەوقێكی وەها، چارەی شەوی یەڵدا نەكەم، چ بكەم؟..."

بەحری عەرووزیی شیعرەكە:

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## دەستی ماندوو و زگی برسی

دەبێ بگریم، بناڵێنم هەتا هەم
بەدڵ بکوڵێم و بگریم هەروەکوو شەم[٦٧]
ببارێنم لە چاو فرمێسکی گەرمم
لە داوێنم بکەم کۆشێ خەم و نەم[٦٨]
لە سەر زگ چۆنی دانێم دەستی ماندوو!
زگی تێرم نییە، برسیم هەموو دەم
دەم و ژەم خەم دەخۆم و خەم دەنۆشم
بە خواردن و خواردنەوە دڵخۆشی ناکەم[٦٩]
بەڵای لێدا لە خواردن و خواردنەوەی وا[٧٠]
سەگی تێڕی لە ژینی هێندە حەستەم![٧١]
چلۆن بفڕم، پەڕوپۆم هەڵوەریوە!
چلۆن خۆڵ کەم بە سەردا، دەستە بەستەم!
بە دەستی کێ بکەم خاکێ بە سەردا!
لە دەورەم جەغزی کێشاوە مژ و تەم
خودایە! تۆ حەکیمی بۆم بنێرە
دەوای دەردم، لە زۆر زۆر و لە کەم کەم
کەم و زۆرت لە لایە و زۆر و چاکە
هەموو ڕەحمە و کەرەم، هەر لوتفە سەرجەم

---

[٦٧] چاپی ئەنیسی: بوکڵێم، شێوازێکی دیکەی کردارەکەیە لە مەهاباد.
[٦٨] چاپی ئەنیسی: کۆشی
[٦٩] چاپی جەعفەر: بە خۆراك و بە خەو دڵخۆشی ناکەم
[٧٠] چاپی جەعفەر: لە خورد وخواردنی وا
[٧١] چاپی جەعفەر: وەڕەز بووم من لەژینی هێندە حەستەم

قاقلاوا، ١٣٤٧ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٩ و ٥٠ ی چاپی ئەنیسی و ١٤٤ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'دەبێ بگریم' ە.

ساڵی گوترانی شیعرەکە ١٣٤٧ [١٩٦٨] و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی خەباتی جەکدارانەی باڵی ناسراو بە شۆڕشگێڕی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە لە ناوچەیەك کە قاقلاوای شوێنی ژیانی ئەو ساڵانەی ئاواتیش لە ناوجەرگەیدا بوو. بۆ نموونە کێوی حاجی کیمی گوندی قەرەگوێز وەك داڵدەی چەند کەس لەو خەباتکارانە چۆتە ناو ئەدەبیاتی کوردیی ئەو ساڵانەوە و نەمر عەبدوڵڵا موعینی لە گوندی قالوێی گەورکایەتی شەهید کرا، هەردوو گوندەکە لە بن گوێی قاقلاوادان.

باوەکوو ئاماژەی ڕاستەوخۆ بەو ڕووداوانە لە شیعرەکەدا بەرچاو ناکەوێت بەڵام بە ئاشکرا بەرامەی ئەو فەزایەی تێدا هەست پێدەکرێت. شاعیر، وابزانم ئەودەم تازە سەید تاهیری کوڕی لە کاروانی شەنگەلاوانی پێشمەرگەی حزب لە باشوورەوە گەڕابووەوە باوان و باوك و کوڕ کەوتبوونە بەر چاوەدێریی سیخوڕانی چاوزەقی ساواك. ئەو فرمێسك ڕشتن و خەم نۆشین و بێ پەڕۆپۆیی و دەستەبەستەیی و بە مژوتەم دەور درانەش، هەموو نیشانەن بۆ پەرۆشی و دڵ لە دواییەك کە دەکرێ بزانرێت کەم وزۆر لە هەمان پەیوەندیدایە.

لە فەردی سێهەمی شیعرەکەدا کەڵك لە پەندێکی کۆنی کوردی وەرگیراوە کە دەڵێ *"دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە"*، بەڵام شاعیر پێچێکی جوانی بە پەندەکە داوە کاتێ دەڵێ ڕاستە دەستم ماندووە بەڵام کوا زگی تێر کە ئەو دەستە ماندووەی لەسەر دانێم؟ خۆ من زگم تێر نییە و هەموودەم برسیم!

هەروەها شاعیر لە فەردی چوارەمدا کەڵکی لە هەندێك کەرەسەی ناو شیعری ناسراوی نالی وەرگرتووە:

*"گەر دەپرسی من لە بەر چی کەم دەخۆم*
*من بە برسی قەت مەزانە، خەم دەخۆم*
*ئاوی سوێری چاو و باری تاڵی لێو*
*سوێر و تاڵی دەم دەم و ژەم ژەم دەخۆم..."*

هەروەها تەعبیری 'دەستەبەستەم' (فەردی شەشەم)، پێشتر لە لایەلایەی مامۆستا هەژاردا بینراوە:

*"دەڵێی بۆ حەبسم، بۆ دەستە بەستەم*

کۆشیٚ خەم و نەم: ئەو 'نەم' ە دەبیٚ فرمێسك بێت. لە چاپی ئەنیسیدا 'کۆشی' هاتووە کە ئەویش هەمان واتا دەداتەوە و من جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا نابینم. کۆشێك فرمێسك واتە فرمێسکی زۆر.
زگی تێرم نییە: گلەییە لە بارودۆخی ئابووری. ئاوات سەرەڕای ئەوەی خاوەن ملّك بوو، لەبەر دەهەندەیی و دەست بڵاوی، هەرگیز ڕووی دەوڵەمەندیی نەدیت و ژیانێکی ئاغایانەی نەبوو.
دەم و ژەم: جیناسی ناتەواون.
فەردی چوارەم قسەی لەسەرە: میسراعی یەکەمی لە هەردوو چاپدا وەك یەکە بەڵام لە جیاتی "بە خواردن و خواردنەوە دڵخۆشی ناکەم" (چاپی ئەنیسی)، لە چاپی جەعفەردا بۆتە: "بە خۆراك و بە خەو دڵخۆشی ناکەم". لە ڕاستیدا نازانم ئەو گۆڕانکارییە شاعیر خۆی کردوویە یان کاك جەعفەر و هاوکارەکانی؟ هەرچۆنێك بێت، من لام وایە لەبەر ئەوەی لە میسراعی یەکەمدا تەنیا باسی خەم خواردن و خەم نۆشینە و بە عادەتی شیعری کلاسیك، میسراعی دووهەم تەواوکەری ناوەڕۆکێکە کە لە میسراعی یەکەمدا سەرەتای دامەزراوە و لەسەر هەمان ڕیٚ وشوێنی واتایی ئەو دەڕوات، ئاساییتر دەبێت ئەگەر بگوترێت 'بە خواردن و خواردنەوە دڵخۆشی ناکەم' (چاپی ئەنیسی) و بەخۆڕایی چەمکی 'خەو' نەهێنینە ناو بابەتێکەوە کە هەمووی هەر باسی ژەم و خواردن و خواردنەوەیە. بەڵام ئەگەر گۆڕانکارییەکە کاری شاعیر خۆی بێت، ئیتر نە من و نەکەسی دیکە ناتوانین هیچ بڵێین.
بەڵای لێدا لە خواردن و خواردنەوەی وا: ئەو میسراعە دواتر لە چاپی جەعفەردا بۆتە "بەڵای لێدا لە خورد و خواردنەوەی وا". کێشەکە بە ڕواڵەت لەوەدایە کە بۆ پاراستنی کێش لە شیعرەکەدا دەبیٚ خواردن بە "دال مهملە" بخوێنرێتەوە واتە پیتی /د/ بەژێر لچەوە بکرێت جا شاعیر خۆی یان کاك جەعفەر و هاوکارەکانی بۆ چارەسەری ئەوە، پەنایان بردۆتە بەر تەعبیری فارسیی خورد وخوراك و لەجیاتی خواردن نووسیویانە خورد. نازانم خوێنەری شیعرەکە چۆنی دەبینن بەڵام من ئەو گۆڕانکارییە بە پێویست و بەجیٚ نازانم، بە تایبەت خورد و خواردن هەردوکیان یەك واتایان هەیە و جیاوازن لە خواردنەوە کە بۆ تراویی دەگوترێت و لە درێژەی 'خەم دەنۆشم'ی فەردی پێشتریشدایە.
پەڕوپۆ: باڵ وپەڕ.

چلۆن خۆڵ کەم بەسەرما، دەستەبەستەم! تەعبیرێکی گەلێك جوانە.
بە دەستی کێ بکەم خاکێ بەسەرما: درێژەی فەردی پێشووترە کە گوتبووی دەستە بەستەم. واتە من ئەگەر دەستم بەسترابێت، دەبێ بە دەستی کێ خاکێ بە سەری خۆمدا بکەم؟

جەغز: جوغز، بازنە، ئاڵقە

لە دوو فەردی کۆتایی شیعرەکەدا شاعیر دەچێتەوە سەرباسی خودا و پاڕانەوە و داوای دەوای دەردی خۆی لێدەکات.

لە زۆر زۆر و لە کەم کەم: تەعبیرێکی جوانە . دەڵێ خودایە، ئەگەر زۆرت دەوای دەردی من لە لایە، زۆرم بدەیە؛ ئەگەریش کەمت هەیە کەمم خەڵات بکە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

# بەهاری ناخۆش

وا بەهار هات و بەڵام بولبولی دڵ بێ نەشەیە
خونچە پێناکەنێ، کۆرپەی نەتەوە بێ گەشەیە
کۆتر و قومری، قەل و داڵ، ڕێکی بە جەم چوونەوە ژوور
سارد و سەرمایە وڵات، چۆڵە؛ جیهان، بێ خشەیە
کەوی کێوی وەڕەزن، چونکە نەبوو شین کەژ وکۆ
پێی نەماوە گوڕە، بێ کەیفە، لە پاشەکشەیە
پیرەگامێش لە لەوەڕ کەوتووە، هەڵدێتەوە ژوور
موبتەلای دەردی گران و سەدەمەی خش خشەیە
هەرکەسێ خۆشە دڵی، کاکی 'ئیمامی' بە خودا،
پاکی فێڵە و تەڵەکە، ڕێکی درۆیە و فشەیە!

قاقڵاوا، ١٣٤٧ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٢٦ ی چاپی جەعفەر و ٩٦ ی چاپی ئەنیسی)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'بەهاری بێ گەشە'یە. دیارە شاعیر خۆی عینوانی بۆ شیعرەکان دانەناوە و ئەنیسی و جەعفەر بە سەلیقەی خۆیان کارەکەیان بەڕێوە بردووە. من نامەوێ شێوازێکی سێهەمیش بدەم بە عینوانەکان و هەر بۆیە لە هەموو دیوانەکەدا بە گشتی دوای ڕەچاوکردنی شێوازەکەی چاپی جەعفەر ئاماژە بە عینوانی چاپی ئەنیسیش دەکەم.
لە شیعرەکەدا وەسفی سروشت کراوە و بەهارێك کە دیارە لەبەر سارد و سەرما، ناخۆش و بێ نەشە بووە. ئەگەرێك ئەوەیە کە شیعرەکە تەوسیفی بێت و ئاوات لە ژێر

کارتێکەریی شیعرە ناسراوەکەی سەیفولقوزاتدا هۆنرابێتەوە[٧٢] و لە سەرما وسۆڵی زستانی ئەو ساڵە و درەنگ کەوتنی بەهاردوابێت؛ ئەگەرێکی دیکەش ئەوەیە شیعرەکە بە شیعری تەمسیلی بزانین و بڵێین ئەو ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوییە لووتکەی کێشە و ناکۆکیی نێوان ئەندامان و ڕێبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە گەیشتە ئەنجامی لێك ترازان و جیابوونەوەی هەندێك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و پێشمەرگەی ئاسایی لە بەژنی سەرەکیی حزب و پێك هێنانی کومیتەی شۆڕشگێر، ئینجا کەوتنە ناو مەنگەنەی ساواکی ئێرانی لە لایەك و پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەکیتر و شەهید بوونیان. دەزانین سەید کامیل خۆیشی بۆ ماوەیەك ئەندامی شانازیی کومیتەی ناوەندیی هەمان حزب بوو.

ئەوەی کە ئەگەری دووهەم بەهێز دەکات چەند خاڵێکە:

دەڵێ: "کۆرپەی نەتەوە بێ گەشەیە"، کە نابێ چەمکی نەتەوە بە خۆڕایی و بێ ئامانج هاتبێتە ناو شیعرەکەوە؛

فەردی مەقتەع کە تێیدا دڵخۆشیی خەڵك بە شتێکی دەسکرد و ناڕاست دەزانێت، واتە دەیەوێت بڵێت ژیانی خەڵك تاڵە و بۆ ئەوە نابێ دڵخۆش بن، ئەگەریش دڵخۆشن، پاکی فێڵ و تەلەکە و درۆ و فشەیە دەیکەن، دەنا چۆن دەبێ لە هەل و مەرجێکی وا ناخۆشدا ئەوان دڵخۆش بن!

کاتێ لەگەڵ ئەگەری دووهەمداین، بۆی هەیە بتوانین کۆتر و قومری و کەوی کێویش بە تەمسیلی پێشمەرگە بزانین.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەستەمە شاعیر پێشمەرگەی بە قەل و داڵ شوبهاندبێت و هەر بە گشتیش شاعیرێکی وەك ئاوات کە خاوەن بیروباوەڕی سیاسی بووە، پێویست ناکات لە هەموو وشە و ڕستە و فەردێکدا ئەو بەرپرسیایەتییە بخاتە ڕوو. مرۆڤی سیاسیش دەکرێ وەك خەڵکی ئاسایی ڕقی لە سەرما وسۆڵی زستان ببێتەوە و بەهاری پێ خۆش بێت و چەپۆکێك لەویان بنێت و بەخێرهاتنی ئەمیان بکات!

چەند وشە و عیبارەتی ناو شیعرەکە:

ڕێکی، هەمووی

---

[٧٢] . شیعرەکەی نەمر سەیفولقوزات بەم فەردە دەست پێدەکات:

*عەزیز ئارەزووت زۆری بۆ هێنام*

*فرمێسکم سوور بوو، زەردی ڕووی لێنام...*

ئینجا باسی سەخڵەت بوونی زستانی ئەو ساڵە دەکات.

به جەم، پێکەوە بە سەر یەکەوە

وەڕەز، بێزار

پێی نەماوە گورە؛ بێ کەیفە؛ لە پاشەکشەیە: هەرسێک دەگەڕێنەوە بۆ کەوی کێوی گامێش، کەڵی مێ، یان بوفالۆی مێ، لە دەشتایی و سەر چۆم و لێڕەوار دەژین و جاران لە موکریان گەلێک زۆر بوون.

موبتەلا، عەرەبییە بە واتای تووش بوو

سەدەمە یان صدمە، عەرەبییە بە واتای زیان پێگەیشتوویی

خش خشە، نەخۆشییەکی ئاژەڵە

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

# ئاردی نێو دڕووو

نیشتمانی خۆشەویست! بۆ پارە پارە و لەت کرای؟
تۆ مەگەر جەرگ و دڵی ئەمنی، بە حەسرەت داڕزای؟
هەرچی پارچەپارچە و لەت‌لەت بی، لای ڕۆڵەی وەتەن
هەر بەڕێز و حورمەتی تۆ، لای گەلت بەرزە قەڵای
تۆ بە دەستی دوژمنانت بوویە ئاردی نێو دڕوو
تۆ بە بای نەگبەت بوو وا هەر ڕۆژە بۆ لایەك برای
کۆچی لێ‌قەوماوەکانت خوار و ژووری گرتووە
دێنەوە بۆ لات، دەزانن ئاخری هەر تۆ پەنای
هەر بە داخ و دەردی تۆوە پیر و لاو دەخولێنەوە
تۆ بە دەستی دوژمنانت گیانەکەم! بەش‌بەش کرای
سەد کەلاوە و لاڕووخاو و چاڵ و چۆڵ بی، نیشتمان!
بۆ گەلی ماڵ‌کاول و بێ‌چارە هەر جێگەی پەنای
من بە قوربانی کەژ و کۆی جوان و زەنوێرت دەبم!
تۆ بەهەشتی سەر زەوی، تۆ لابەری جەور و جەفای
ئەی شنەی خۆشی بەیانانت لە سەر لووتکەی چیا
لابەری دەرد و خەمە، تۆ هێنەری سەیر و سەفای
"کامیل"ی پیرت دەسەودوعایە بۆ ڕزگاریی تۆ
چونکە بۆ هۆز و گەلی ئاوارە هەر تۆ ڕێنومای

قاقڵاوا، ١٣٤٧ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٢٩ ی چاپی جەعفەر. لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

شیعرێکی نیشتمانییە و دەبێ هەر بەو هۆیەوە لە کاتی چاپی ئەنیسیدا سانسۆر کرابێت یان لە ترسی سانسۆر هەڵاوێردرابێت، کە هەردوکیان هەر سانسۆرن! ئەوە بارودۆخی چاپ و چاپەمەنی کوردییە لە سەردەمی مەلاکاندا، لە سەردەمی شادا لەوەش خراپتر بوو!

ساڵی ۱۳٤۷ ئەو سالەیە وا خەباتی چەکدارانە لە ناوچەی موکریان لە ئارادا بوو و بە شەهیدبوونی ڕێبەرەکانی (برایانی موعینی، شەریف زادە، مەلا ئاوارە و...) شکستی هێنا. سەید تاهیری کوڕی شاعیر بۆ ماوەیەك لەگەڵ ئەندامانی دیکەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە باشووری وڵات بوو، کە دوای ئەوەی کێشە و دووبەرەکی کەوتە ناو ڕیزەکانیانەوە، گەڕایەوە ئێران. بزووتنەوە چەکدارییەکەش هەر لە باشوور و دوای ئەو دووبەرەکییە سەری هەڵدا.

ئاردی نێو دڕوو: کۆکردنەوەی ئاردی بڵاوبووی ناو دڕوو وداڵ، لە کوردیدا بە واتای کاری لە کردن نەهاتوو دێت. شاعیر تاوانی دابەشبوونی خاکی کورد دەداتە پاڵ دوژمنان کە دوور لە ڕاستی نییە.

کۆچی لێقەوماوەکانت: کورد لە قۆناغی جیاجیای مێژوویيدا کۆچ دراوە و لە سەر خاك و زێدی خۆی دەرکراوە. ئاماژەی شاعیر بە کام کۆچەوەیە؟ ئەگەری نزیك لە ڕاستی دەبێ قۆناغێك لە شۆڕشی ئەیلوول بێت لە باشووری کوردستان، کە لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا (۱۹٦۸)، حەوت ساڵێکی بەسەردا تێپەڕ ببوو و گەلێك بەرز ونەوی دیتبوو.

بەڵام کاتێ دەڵێ خوار وژوور [واتە باشوور و باکوور] ی گرتەوە، ئەگەری ئەوەش دێتە پێشەوە کە ئاماژەی بە کۆچی لاوانی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ باشووریشی تێدا بێت؛ دیارە لەو حاڵەتەدا دەبێ لەبیرمان نەچێت کە شاعیر باسی 'لێقەوماوەکان' دەکات نەك خەباتکاران.

زەنوێر: جێگەی بڵندی هەوا سازگار (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)

لابەر و هێنەر: شاعیر بە هێنانی ئەو دوو چەمکە، سەنعەتی تضاد (مقابلە) ی دروست کردووە.

دەسەودۆعا: کەسێك کە دەستی پاڕانەوە و دۆعای بەرز کردۆتەوە. حاڵەتی دۆعا کردن.

هۆز: عەشیرە. ئەم وشەیە لە کوردیدا تەعریفکی ڕوونی نییە و بە واتای جیاوازی وەك تایفە، عەشیرە، قەوم و تەنانەت میللەت کەڵکی لێ وەرگیراوە. شاعیرانی موکریان گەلێك جار واتای میللەتیان لێ وەرگرتووە. مامۆستا هەژار لە شیعرە سەرەتاییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەمەتەقەیەکی نووسیوە و تێیدا گوتوویەتی:

*"ئەی کوڕ! نەوەی کێی؟*

*نەوەی شێرانم.*

*تۆ لەکام هۆزی؟*

*هۆزی کوردانم....."*

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# کۆچی خێر

باری بەست، خێربێ، دەڵێن بۆ جەننەتولمەئوا دەچێ
هەرکەسێ پیاوی خودا بێ، گیانەکەم ،ئاوا دەچێ
شێری مەیدانی خوداناسی عەلی بوو عائیلی
توێشوویی هەڵگرتووە، بێترس و بێپەروا دەچێ
ئەو لە پێش چاو چوو، بەڵام هەر ماوە وێنەی وی لە دڵ
هەرکەسێ وێنەی ئەوی بێ، خۆش سەروسیما دەچێ
خەم مەخۆن یاران! مەڵێن ڕۆیی "عەلی" شێری خودا
پاك و ڕووسوور بۆ حوزووری حەزرەتی مەولا دەچێ
هەرکەسێ ڕووسوورە وەك ئەو دەچتە مەیدانی جەزا
خۆ ئەوەی وەك "کامیل"یشە، بێسەر و بێپا دەچێ

سەیدئاوا ، ١٣٤٧/١٢/٢٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ١١٨ ی چاپی ئەنیسی و ٢٣٥ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'پیاوی خودا'یە.
لە پەراوێزی چاپی جەعفەردا نووسراوە: "بۆ وەفاتی حاجی «بابەعەلی عائیلی»، خەزووری "ئاوات". دەقی شیعرەکەش ئەو هەواڵە پشتڕاست دەکاتەوە.
لە بەشی ژیننامەی ئاوات لە کتێبی "شاری دڵ" دا، کە کاك جەعفەری کوڕی شاعیر نووسیویەتی، هاتووە: "...ساڵی ١٣١٠ [١٩٣١]، [ئاوات] دەبێتە زاوای خەلیفە مەلا عەلی عایلی و هاجەرە خاتوونی کچی ئەم خواناسە عالم و عارفەی بۆ دەخوازن. خەلیفە مەلا عەلی یەکێك بووە لە خەلیفە دیار و ناوبەدەرەوەکانی حاجی سەید عەندولحەکیم [ی باوکی ئاوات] و وەك شەنگە سوارێکی بواری شیعر و ئەدەبی سەردەمی خۆی

ناسراوە و خەڵکی دێی "چاخلوو" یان "چاغرلوو"ی بەشی بەگزادەی سەقز بووە..." (لاپەڕە ٣٦).
جەننەتولمەئوا: جنت المأوی، یەك لە حەوت مەرتەبەی بەهەشتی وەعدەپێدراوی موسوڵمانانە.
عەلی بوو، عائیلی بوو: واتە عەلی عائیلی بوو. کێشی شیعر شاعیری مەجبوور کردووە ناوەکە بەو شێوەیە دەرببڕێت.
توێشوو: توێشووی ڕێگا، نان و ئاوی مەسرەفی ناو ڕێگا.
وی: ئەو
سەر وسیما: ڕواڵەت یان دەموچاوی کەسێك.
عەلی شێری خودا: نیاز لە شێری خودا، عەلی کوڕی ئەبیتالیبە کە ناسناوی "اسدالله"ی پێدراوە، شاعیر لێرەدا بۆ ڕێزگرتن لە خەلیفە مەلاعەلی، ئەو سیفەتەی بەو داوە.
حەزرەتی مەولا: نیاز لە 'مەولا'، لە ناو سۆفیان و موسوڵمانانی سوننەدا، بەعادەت پێغەمبەری ئیسلامە: "مولای صلی و سلم دائما آبدا
علی حبیبی که خیرالخلق کلهم"
بەڵام لەبەر ئەوەی داوەر لە قیامەتدا تەنیا خودایە، بە بۆچوونی موسوڵمانان، لەو ڕۆژەدا ئۆممەتی هەر پێغەمبەرێك دەچێتە ژێر ئالای ئەو بۆ ئەوەی لای خودا شەفاعەتیان بۆ بکات.
چوونە حزوور: مردن و پەیوەست بوونەوە بە خودا لە ژیانی ئەو دنیادا. باوەڕی گەلێك لە ئیماندارانی ئایینە جیاوازەکان ئەوەیە کە مرۆڤ دوای مردن دەگەڕێتەوە لای "خالق"ی خۆی.
ڕووسوور: نیاز لە ڕووسوور بوون باوەڕ بەخۆییە و ئەوەش هی کەسانێکە کە لە ژیاندا کردەوەی خراپیان نەبووبێت و بە دڵنیاییەوە بمرن و بگەنە ڕۆژی قیامەت و کاتی حیساب و کیتاب لێوەرگرتنەوە.
مەیدانی جەزا: جەزا بریتییە لە سزادان یان سزا وەرگرتن. مەیدانی جەزا، ڕۆژی قیامەتە کە خەڵکانی بەدکار دەنێررێنە دۆزەخ و بەو شێوەیە سزا دەدرێن.
بێ سەر و بێ پا: واتە کەسێك کە نەتوانێ بڕوات و بجووڵێت. نیاز کەسێکی تاوانبارە کە لە قیامەتدا بەهۆی ترسان لە سزاوە ناوێرێت بچێتە پای حیساب و کیتاب. بێ سەر

وپا له فارسیشدا هەیە و بە واتای خەڵکی بێ سەروبەرەیە، بەداخەوە هەندێك کەس بە خەڵکانی هەژاریش هەر وا دەڵێن.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# ناڵەی بێدڵان

دڵێکی وام ئەمن ناوێ بە ناڵەی بێ دڵان نەگری
وەکوو شەونم لە سەر خونچەی گوڵان بۆ بولبولان نەگری[73]
وەکوو بولبول نەبێتە عاشقی گوڵ، دڵ بە کار نایە
ئەگەر شێتانە سبحەینان نەچێتە سەر چڵان، نەگری
لە بەهرە و شەوق و زەوق و خێر و خۆشی دوورە ماڵ‌کاول
دڵی وا بێ‌ئەوین، جارێك بە حاڵی عاشقان نەگری
شەوێ تا ڕۆژ دەناڵێنن، لەگەڵ تەیری شەوا جووتن[74]
دڵی وام بۆ چییە بۆ وان شەوێ تا بەربەیان نەگری
شەوانە مەل دەخوێنن بۆ ئەوانەی دڵ بریندارن
دڵم ناوێ بە دەنگی پڕ لە سۆزی وان، شەوان نەگری
بە هات‌وچوونی شێت‌وپێتی دڵ با پێکەنین، گەر ئەو[75]
بە ئامۆژگاری زانایانی پیر و عاقڵان نەگری
لە ماڵێ قەت شەوانە ئۆقرە ناگرێ، ناسرەوێ تاوێ
"ئیمامی" تا سبەینێ زوو نەچێتە نێو گوڵان نەگری

قاقڵاوا، ١٣٤٧ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٣ ی چاپی نەنیسی و ٢٣٨ ی چاپی جەعفەر)

---

[73] . چاپی ئەنیسی: گوڵان و بولبولان نەگری.
[74] . چاپی ئەنیسی: لەگەڵ تەیری شەودا جووتن. لام وایە هەڵەی چاپ بێت، ناکرێ هەڵەی شاعیر بێت لەبەر ئەوەی کێشی شیعرەکە تێکدەدات.
[75] . چاپی ئەنیسی: هاتوچونی

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا، "دڵی وام ناویَ"یە. هەردوو عینوانەکە لە میسراعی یەکەمی فەردی یەکەم وەرگیراون.
غەزەلێکی ناسك و هەستیارانەیە. شاعیر بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی نویَ بخوڵقێنێت، کەڵکی لە کەرەسە و ئامێری کۆن وەرگرتووە. بولبول و خونچەی گوڵ و شەونم و عاشق و زۆرێکی دیکەی هاوچەشن لە هەزاران شیعری شاعیراندا هاتوون بەڵام پێکهاتەی دروستکراوی شاعیر لەو چەمك و واتایانە، ئێستاش دەتوانیَ سەرنجی خوێنەر بەرەوە خۆی ڕابکێشێت  و ئەوە سەرکەوتنێکە بۆ شاعیر. گریان چەمکی سەرەکی ناوەرۆکی شیعرەکەیە و شاعیر لە پێشدا نموونە لە بێدڵ (واتە مرۆڤ یان بولبولی عاشق) و زانا و عاقڵان دێنێتەوە کە دەگرین، ئینجا خۆی دەباتە ڕیزی ئەوان و دەڵی منیش ئەگەر بەیانی زوو نەچمە ناو گوڵان و [بۆیان] نەگریم، بەشەودا ئۆقرە ناگرم. هەروەها لۆمەی دڵی خۆی دەکات و دەڵی ئەو دڵەی وا نەبێتە عاشقی گوڵ و وەك بولبول، شێتانە نەچێتە سەر لقی گوڵ، بەکار نایەت. شیعرێکی ساکار بەڵام قورس و قایمە و وشەی ئەستەم و دوور لە زیهنی تێدا نییە.
شاعیر بەوپەڕی ئازادییەوە وشەی جوانی کوردی، عەرەبی و فارسی لە پەنای یەك داناون و سڵی لە وشە بێگانەکان نەکردۆتەوە: مەل و تەیر؛ عشق و ئەوین؛ شەوق و زەوق و خێر و خۆشی؛ سبەینیَ و سبحەینیَ، ئۆقرە و سرەوتن.
بە هێنانی شەوق و زەوق و خێر وخۆشی، شاعیر لە عەینی کاتدا هەم جیناسی ناتەواو و هەم مراعات النظیری دروست کردووە.
پێکەنین و گریان (فەردی شەشەم): سەنعەتی طباق یان تضادیان پیَ دروستکراوە.
بەهرە: مرخ، ئەوەی لە فارسیدا "استعداد"ی هونەریی پیَ دەگوترێت (دیارە، 'استعداد' ی عەرەبی بە واتای هێزنییە).
وان: ئەوان. دووچار لە شیعرەکەدا هاتووە: یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ "تەیری شەو" (فەردی چوارەم) و دووهەمیان بۆ "مەل" (فەردی پێنجەم). بە 'وان' و 'شەوان' یش جیناسێکی ناتەواو دروستکراوە.
شێت و پێت: پێت 'موهمەلە' و بە تەنیا واتایەکی نییە بەڵام لەگەڵ شێت دا، واتای شێت دەدات. شێت و پێت سیفەتن بۆ هات وچوونی دڵ، کە لە قسەکردنی ئاساییدا دەبوایە قەیدی 'شێتانە' یان 'شێت و پێتانە' لە جیاتییان بهاتبایە.

ئامۆژگاری: دەبێ وەك ئامۆژگاریی بخوێنرێتەوە. دیارە لە ڕوانگەی شاعیرەوە ئەگەر بێت و دڵ بە پێی ئامۆژگاری زانایانی پیر و عاقل، نەگری، دەبێ ئێمە هەموو بەو هات وچوونەی دڵ پێبکەنین!

تاوێ: دەمێکی کورت

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## بەهاری تازە

وا هات بەهاری تازە، شنەی بای شەماڵە دێ
ناقووسی ژینی پڕ لە هیوای کیژ وکالە دێ
قاسپەی کەوی بنار و کەژ و کێو و پاڵە، دێ
کۆتر لە سەر ڕەوەز بە گمە و ناڵەناڵە، دێ
جیکەی مەلە، هەرایە، وژەی[٧٦] باڵی داڵە، دێ

شین بوو زەویی و مێگەلە مەڕ ڕۆیی بۆ لەوەڕ
پڕ بوو لە کارەکاڕی مەڕی، شیو و دەشت و دەر
شوانان کەپەنکی تازەیی خۆیان دەکەن لەبەر
هەڵدێنە ناو هەوارەوە کیژان بە جلکی تەڕ
بارانە، بایە، گوڕڕە گوڕی هەوری تاڵە، دێ

ڕێك چیغ و چادرن دەدرەوشن لە سەر چیا
وەك خاڵی ڕەش دەچن کە لە سەر ڕوومەتێ درا
ڕندوو لە هەرکوێ ما، کوڵی فرمێسکی هەڵڕژا
بەو بۆنە، چابوو خۆ کوڵی دڵ تۆزێ دامرا
کاتی هەوارە، قیژەیی کابانی ماڵە، دێ

دونیا وەکوو بەهەشتە، سەراسەر بووە گڵۆوك
خونچە، کە دەست نەخوردەیە، وا بۆتە تازە بووك

---

٧٦. دیوانی چاپی جەعفەر و ئەنیسی: وشەی باڵی داڵە، دێ

هەرکەس گوڵێك بە ڕوح نەکڕێ، پێی دەڵێن چرووك!
کاتی نەماوە کاکە، خەم و ئاه و نووکە نووك
کێژان لە گوڵچنین و بزەی چاوی کاڵە، دێ

تیپی گوڵان گەیشت و وڵات بوو بە زێو و زەڕ
بولبول بە جۆش و کوڵ لە نێوان شەو دەباتە سەر
شەونم لە سەر چڵۆپی گوڵان کەوت و بوو بە بەر[٧٧]
نەرگس بە بەرگی زەردەوە هێناویە[٧٨] خەبەر
یانی گوڵاڵە سوورە لە خوێندا شەلاڵە، دێ

ئەمنیش هەژار و دڵ بە خەم و چاوەڕێی پەیام
کێهە پەیام؟ پەیامی ڕەفیقانی وەك برام،
پاڕامەوە لە خالیقی بوون و و نەبوون، بەڵام
هەروا بە داخەوە گلەمە، هەر نەبوو وەڵام
وێرانە ماڵ و حاڵ و سەدای کوندە لاڵە، دێ

خوێندی لە گوێسوانەیی تالاری سەوز و سوور
وێرانی کرد و تێکچوو، نەما کۆشکی پڕ سروور
دەگرێ دڵی هەژاری "ئیمامی" وەکوو تەنوور
دەگری، دەڕێژێ خوێنی گەشی، دڵ لە خوار و ژوور
هەرکوێ دەچێ لە دووری[٧٩] ئەوان، زاڵە زاڵە، دێ

بۆکان، ١٣٤٧ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٢٢ و ١٢٣ ی چاپی ئەنیسی و ٢٦٥ و ٢٦٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکن.

---

[٧٧]. چاپی ئەنیسی: کەوتبو بە بەر
[٧٨]. چاپی جەعفەر: هێناوییە
[٧٩]. چاپی ئەنیسی: دووی ئەوان

ئەوە پێنج خشتییەکی بەهارییەیە و پڕە لە تەعبیری جوان، بەڵام دڵی ناسك و هەستیاری شاعیر کە تەژیی خەم و کەسەرە، لێرەشدا دەستی لە کۆڵ ناکاتەوە و لێی ناگەڕێت بە شادی و بێ خەمی بڕوانێتە جوانییەکانی بەهار ئەویش لە کوردستانێکدا کە تەنیا دوو مانگێکی نێوان ڕەشەمە و جۆزەردان دەتوانی چێژ لە ڕازاوەیی سروشت وەربگری. پێشتر سەرماوسۆڵ و سەهۆڵبەندانە و خاتوو زەمهەریر میوانی کووچە وکۆلانی مالان، دواتریش گەرما و تۆز و خۆڵ و ڕەنگی زەردی مەزراکان مەنزەرەی دەشتی سەوز و مێرگی نەخشین دەشێوێنن و دەبێ پەنا ببرێتە بەر سێبەری داران و گوێسەبانان.

حولـلەی مەرەسێی ئاوات، خەمە! جا خەمی تێپەڕ بوونی تەمەن بێت و بەباچوونی لاویەتی، یا خەمی لە دەستچوونی بەهار و سروشتی جوانی کوردستان، یا خەمی مردن و بە گوناهباری چوونە بەر قاپیەی خودا، یا خەمی گەل و وڵات... مامە خەمەی ئێمە بەو هەموو خەمەوە، لەم شیعرەشدا سەرەتا شەرحی چەلەنگی و ڕازاوەیی سروشتی وڵات دەدات و بە وەستاییەکی بەرچاوەوە ئەو جوانیانە دەخاتە ڕوو، بەڵام دڵی بە خەفەت ڕاهاتووی تەنیا تا چوار بەندی شیعرەکە لەگەڵ قەڵەمەکەیدا هاوڕێیە و ئیتر لە دوو بەندی کۆتاییدا وەك جاری جاران شەرحی دەروونی خۆی و بەختی ناسازگاری هەڵدەڕێژێت و سەرلەنوێ "هەژار و دڵ بەخەم و وێرانە ماڵ و کۆشکی سروور تێکچوو و دڵ وەك تەنوور گڕاو و چاو بە گریان و خوێن لە دڵ ڕژاو"، خەفەتی بێ سنووری خۆی بەهۆی نەهاتنی دۆستانی خۆیەوە لەگەڵ خوێنەر و بیسەری شیعرەکەدا دادەبەشێت.

شیعرەکە چەند تەعبیری شاعیرانەی سەرکەوتووی تێدایە: باڵی داڵ، ،هەوری تاڵ، کوڵی فرمێسك، گوڵ بە ڕوح کرین و چاوەڕێی پەیام بوون. شاعیر لە شیعرەکەدا کەڵکی لە پێکەوەهێنانی هەندێك پیتی ئەلف و بێ وەرگرتووە و مۆسیقای ئەو پیتانەی خستۆتە گوێی بیسەر و خوێنەرەوە کە بەو مۆسیقایەی وشەکان 'مۆسیقای ناوخۆیی وشە' دەگوترێت، بۆ نموونە: مێگەلە مەڕ ڕۆیی بۆ لەوەڕ (مۆسیقای پیتی /ڕ/)، کەوی بنار وکەژ وکێو (مۆسیقای پیتی /ك/)، کارەکاڕی مەڕ (مۆسیقای پیتی /ڕ/ هەروەها /ك/)

ئەوەش واتای هەندێك وشە بە یارمەتی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار:

چاوی کاڵ، ڕەنگی چاوی عابی ئاماڵ زەرد؛ ڕەنگی چاوی ڕەشی ئاماڵ عابی؛

پاڵ، بنار و قەردی کێو *(هەڤاڵێن مە دانە پاڵی)*؛ ملەی کێو *(لەوپاڵە سەری دەرێنا)*؛

ڕەوەز، چین چینە بەردی ناوقەد و سەری کێو؛
داڵ، خەرتڵ؛
مەڕی، شێوازی موکریانی (مەهابادی) وشەی مەڕ؛
هەوار، وار، زۆزان، زستانەوار[80]؛ لە عیبارەتی "هەڵدێنە ناو هەوارەوە" وا تێدەگەم کە هەوار لێرەدا واتایەکی بچووکتر لە چوونە شوێنی هاوینەی هەبێت، شوێنێك وەك پەناگە یان ڕەشماڵێکی سەرگیراو کە لەکاتی باران و تەڕ وقوڕیدا خەڵك پەنای بەرنێ؛
ڕندوو، ڕنوو، کەویە بەفر
گوڵووك، خونچە گوڵ
دەست نەخوردە، دەست لێنەدراو (فارسی)
چرووك، ڕژد، دەس قووچاو
زێو، شێوازی موکریانییە بۆ وشەی زیو لە باشووری کوردستان، کانزای نوقرە؛
چڵۆپ [چڵۆپك]، تروپك، بڵندترین شوێن لە دار؛
شەلاڵ، تێوەدراو؛
گلە، گلەیی؛
زاڵەزاڵ، داد وهاوار؛
شاعیر لەم شیعرەشدا کەڵکی لە هەندێك وشەی فارسی و عەرەبی وەرگرتووە کە دەکرێ نیشانەی زەوقی شاعیریی خۆی و ناسیاویی زۆری لە ئەدەبی فارسی بێت یان کێش و قافیە بە سەریدا فەڕز کردبێت: بۆ نموونە: دست نخوردە و گلە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

[80] . هەنبانە بۆرینە ئەو واتای زستانەوارە ی هاوڕێ لەگەڵ بانەمەڕ چوون و یەیلاقی تورکی پێکەوە هێناوە و هەوارگەشی وەك جێگەی ژیان لە کوێستان واتا کردۆتەوە. ڕوونکردنەوەیەك پێویستە: یەیلاق یا خود یای لیق وشەی تورکی/مغولییە و لە بەرانبەر قیشلاق یان قیش لیق دا دێت. یەکەمیان هاوینە هەوارە و دووهەمیان زستانە هەوار یان زستانەوار. بەم پێیە ئەوەی وا لە هەنبانە بۆرینەدا بۆ هەوار واتە هاوینە هەوار نووسراوە 'زستانەوار'، نابێ لەشوێنی خۆیدا بێت.

## لافاو

هەستا لە وڵاتی ئێمە تۆفان
هەڵڵایە، هەرایە، شینە، گریان
بێ کەشتیی و نووح و شۆرتە ماوین
ماڵ کاولی دەم شەپۆلەئاوین
خێزان و مناڵ و ماڵ و پاتاڵ
ون بوون و جیهان لە ئێمە بوو تاڵ
لافاو هەچی بوو لە ماڵ، هەمووی برد
تاڵاوی بە زاری ئێمەدا کرد
چاڵ پڕ بوو لە ئاو، گەنم ڕزیون
دیوار هەموو تێك‌تەپی و خزیون[٨١]
دەست‌وپلمان بە ئاو تەزیوە[٨٢]
دێویش لە شەپۆلە ئاو بەزیوە
بێ‌تاقەت و هێز و لارەمل ماین
ماوێکە بەبێ‌وچان لە ئاواین
نانووسرێ کاکە! کارەساتی
لافاوی بەهاریی و نەهاتی!
ڕووی کردە وڵاتی کوردەواری
هەر ماوەتە ڕەحمی زاتی باری
بێتوو نەزەرێ بکا وەلامان
ڕەحمێ بەوە وا لە سەر زەوی مان

---

[٨١] چاپی ئەنیسی: تێك تەپی، خزیون
[٨٢] چاپی جەعفەر: دەست و پەلمان

هیوا که نییە بە غەیری لای ئەو
ڕووناکی نییە بەبێ چرای ئەو
هەرچەندە کە خاوەنی گوناهین
شەرمەندە و زار و ڕووسیاهین
یاڕەببی وەدەرخە ڕۆژی ڕەحمەت!
لابە لە سەر ئەم ولاتە نەگبەت
ئەمنیش کە هۆنەرێکی پیرم[٨٣]
موستەوجبی ڕەحمەتم، فەقیرم
هەر سروەیی بایە هەوری پێوە
ڕێژنێکی دەکاتەوە لەڕێوە

قاقلاوا، ١٣٤٧ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٩٥ تا ١٩٧ ی چاپی ئەنیسی و ٣٢٤ و ٣٢٥ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
بابەتی شیعرەکە شەرحی ڕووداوێکی سروشتی واتە لافاوێکە کە لە بەهاری ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوی (١٩٦٨ ی زایینی)دا لە ناوچەی ژیانی شاعیر ڕووی داوە و بۆتە هۆی زیانێکی زۆری گیان و ماڵی خەڵك. من خۆم ئەو بەهارە لە کوردستان نەبووم و لە تاران دەژیام.
واهەیە بکرێت شیعرەکە بە بابەتێکی تەمسیلی و سیمبولیك بزانین و واتای ڕووداوە ناخۆشەکانی ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاویی و کووژرانی شۆڕشگێڕانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێ وەربگرین. بەڵام من زۆر بەرەو ئەولایەی نابەم.
هەڵڵا: قەرەباڵغی و هاوار
شۆرتە: واتای ئەم وشەیەم بۆ ڕوون نەبووەوە. بڵێی پاسەوان و حەرەس نەبێت؟ کەسێك کە پارێزگاریمان لێبکات؟
پاتاڵ: ئاژەڵ، حەیوانی ماڵی

---

[٨٣] ئەگەر بەشێك لە شیعرەکە دانەکەوتبێت، بۆ پاراستنی کێش، دەبێ وشەی 'ئەمنیش' وەك 'ئەمنییش' بخوێنرێتەوە واتە پیتی /یاء/ەکەی درێژ بکرێتەوە.

ون بوون: لێرەدا لە دەستچوون و فەوتان و نەمانە.
تالاو: ئاوی تاڵ، کینایەیە لە نەهاتی و ژیانی ناخۆش.
گەنم ڕزیون: ئاوی زۆر و زیاد لە ئەندازەی بەهاری دەبێتە هۆی ڕزین و لەناوچوونی حاسڵی گەنم.
تێك تەپین: بەسەر یەکدا کەوتن و ڕووخان
خزین: بریتییە لە بنکۆڵ بوونی دیواری بینایەی وەك ماڵ و لەئەنجامدا قەڵەشت هێنان ئینجا ڕووخانی دیوارەکە.
پەل: دەست. دەبێ ئاماژە بێت بە کار و زەحمەتی زۆر و بەردەوامی خەڵك لە پێناو ڕزگاری لە بارودۆخێکی خراپ کە سێلاوەکە پێکی هێناوە و لە ئەنجامدا دەستی خەڵك لە ناو ئاودا تەزیوە.
تەزین: سڕ بوون. لێرەدا بەهۆی سەرماوەیە.
دێویش...: تەعبرێکی جوانە بۆ گەیاندنی هێزی زۆری لافاو و لە ڕۆست نەهاتنی خەڵك. قسەکە چەشنێك تەنزی تێدایە و بۆ پیشاندانی گەورەیی کارەساتەکە گوتراوە، دەنا شەپۆلی ئاو شتێکی نەرم و لەتیفە و دێویش کە لە فەرهەنگی کۆندا بەهێزترین بوونەوەر بووە دەبوایە دەرەقەتی بێت.
لارە مل: کەسێکی بێ دەسەلات
ماوێکە: ماوەیەکە، ماوەیەکی زۆرە.
باری: باریتەعالا، خودا
هیوا کە نییە...: هەر بەتەواوەتی هیوایەك نییە و نەماوە جگە لە یارمەتی زاتی خودا.
زار: لاواز
شەرمەندە و ڕووسیاە: ڕوو ڕەش، هەمان ئەو داستانەیە کە مرۆڤ گوناهکارە و دەبێ چاوەڕوانی لێبووردنی خودا بێت. واهەیە چەشنە ئاماژەیەکیش بێت بەو باوەڕە نابەجێیەی کە دەڵێ تاوانکاری و کاری خراپی مرۆڤ دەبێتە هۆکار بۆ کارەساتی سروشتی وەك بوومە لەرزە و لافاو و...
نەگبەت: نەهاتی و چارەڕەشی
موستەوجیبم: شایانی ئەوەم، مافی خۆمە
سروە: شنەبا

هەر سروەیی بایە...: من لەواتا کردنەوەی ئەم فەردەدا هەندێك کێشەم هەیە و پێم وایە ئیهامێکی تێدا بێت، واتە جگە لە واتای ڕواڵەتییەکەی واتایەکی دوورتریشی تێدا شاردرابێتەوە. واتای نزیك و ئاساییەکەی ئەوەیە هەر سرەوەیەك هەڵدەکات هەورێکمان دێنێتە سەر و هەوەرەکەش دەست بەجێ بارانێکمان لێ دەبارێنێت. ئەوە درێژەی شەرحدانی بارودۆخی وڵات و خەڵکەکەیەتی بە دەست بارانەوە.
بەڵام بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە فەردەکە لە درێژەی ٦ فەردی پێش خۆیدایە و ئەوانیش پاڕانەوە لە خودان بۆ کۆتایی هێنان بە کارەساتەکە، هەست دەکەم دەکرێت ئاواتی خواپەرستی لە خودا ترس نیازی لە سروە، لوتفی خودا و نیازی لە هەور، هەوری ڕەحمەتی ئەو بێت دەنا چۆن دوای شەش فەرد پاڕانەوە، هەمیسان لە پڕ دەگەڕێتەوە سەر بابەتەکەی سەرەتا و شەرحی ڕووداوەکە؟
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مسدس اخرب مقبوض محذوف: مفعول مفاعلن فعولن

# کەی بەهار وایە؟

کەی بەهار وایە گوڵم خونچە دەمێ پێنەکەنێ؟
بولبولی دڵ بە شنەی خۆشی بەیانان نەشنێ
نەت بووە عاشقی وەك وی لە سبەی تاکو شەوێ
بەتەما بێت، کەچی ماچێکی لێوی نەدەنێ!
گوڵی ئەوساڵی وەریوە، گوڵی پاریشی چووە
مەگە کای پارەکە وەك ئێمە بەباکا بە شەنێ!
پەڕوپۆی پاکی وەریوە لەخەمان، کوا مەلی دی
ببنە هاواڵی خەمی، تازە لە کوێ پێدەکەنێ؟
ئەو هەژارە کە ئەوەند تامەزرۆ ماوەتەوە
مەکە لۆمەی کە لەنێو دڕکە، بە دۆش هەر دەژەنێ!
ئەمنیش کوندم و هەرکوێیە دەچم، وێرانە
وەکو تاقتاقکەرە خۆم مامەوە لێرە بە تەنێ
ڕیشەکەی خەڵفی هیوای کاکی "ئیمامی" پرسن،
وا پوواوە بە سەری ئێوە بە فوو هەڵدەکەنێ![٨٤]

قاقڵاوا، ١٣٤٨ ی هەتاوی
(لاپەڕەو ٢٨ ی چاپی ئەنیسی و ٢٤٨ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
شیعرێکی جوان و ڕەوان و بێ گرێ وگۆڵە، باس لە بەهارێك دەکات کە بەهاری ڕاستەقینە نییە لەبەر ئەوەی خونچە پێناکەنێ و بولبول- کە دڵی خۆیەتی، بە شنەی

---

٨٤ . چاپی ئەنیسی: هەڵدەقەنێ

خۆشی بای بەیان ناشنێتەوە؛ ئەوە هەڵوێستێکی ڕوونی سیاسییە کە لە بەرگی ئیهامدا شاراوەتەوە  بەڵام هێشتا هەر خوێنەر مەجبوور دەکات مل بکێشێت بزانێ لە پشت پەردەوە چ خەبەرە و شاعیر باسی کوێ و چ سەردەمێك دەکات . ڕووی قسەی شیعرەکە لە "گوڵم" واتە گراویی شاعیرە و هۆنەر هەر لە فەردی یەکەمەوە خۆشەویستەکەی دەکاتە "بەرگۆ" ی قسەکان، لە دڵی خۆی نموونەی بۆ دەهێنێتەوە و پێی دەڵێت تۆ هەرگیز ئەویندارى ئەوتۆت نەبوە کە وەك بولبول لە بەیانییەوە تا شەو بەتەمای ماچێکی گوڵ چاوەڕوانی بکێشێت بەڵام خونچە دەمی بۆ نەکاتەوە و ماچێکی لێوی نەداتێ! دڵی من گوڵی ئەمساڵی [بەهۆی با وبۆران و سەرما و بەستەڵەکی سیاسییەوە؟] وەریوە و گوڵی پاریش نەماوە پێی شادمان بێت، کە وابوو هیچ چارێکی نییە جگە لەوەی وەك "ئێمە" [هاوبیرانی شاعیر]، بە باسی ڕابردووی خۆش کەیف ساز بێت و کای کۆن بە با بکات؛ ئەوەندەش خەم و خەفەتی لێ بارە، کە پەڕوپۆی هەڵوەریوە و وەك مەلی گەڕی لێهاتووە کە مەلانی دی پێیان خۆش نییە هاوڕێیەتی بکەن و لەئەنجامدا ناتوانێ خەمی خۆی لەگەڵ کەسدا دابەش بکات. بەم پێیە، دەرەتانێکیش بۆ پێکەنینی نەماوە وسەرەڕای ئەوەی گەلێکیش تامەزرۆی دیتنی گوڵە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەوتۆتە نێو دڕك و دڕووەوە، ناچارە دەبێ "بە دۆش بژەنێت"! (بڕوانە دواتر).

شاعیر دوای ئەو شوبهاندنە سەرکەوتووانە، کە هەمووی لە باسی دڵی دا بوو- ڕاست وەك ئەوەی دڵی لە خۆی جیاواز بێت، لە دوو فەردی کۆتایی شیعرەکەدا خۆی و نەك دڵی، ڕاستەوخۆ دەخاتە بەر تیری لۆمە و دەڵێت من وەك کوندەبوو هەرکوێیەك دەچم وێرانەیە [واتە ئەگەر وێرانیش نەبێت من وێرانی دەکەم]، وێرانە و کەلەواش ئاشکرایە کەسی تێدا نابێت، کە وابوو، من بوومەتە "تاقتاقەکەرە" و لێرە بە  تاق و تەنیایی ماومەتەوە.

لە دێڕی کۆتاییدا، شاعیر ناوی خۆی بە "کاکی ئیمامی" دەبات و دەڵێ من پێشتر خەڵفێکی ساوای هیوام چەقاندبوو، جا ئەگەر هەواڵی ئەوم لێ دەپرسن، سوێند دەخۆم بە سەری خۆتان کە ڕەگ و ڕیشەی وەها پواوە و لەناو چووە، کە بە تاقە فوویەك هەڵدەقەندرێت و دەکەوێت! واتە من خۆم، هیوام نەماوە و خەریکە بە تەواوەتی بێ هیوا دەبم.

ئەو بێ هیوایی بە دوارۆژە، یەك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ئاواتە و لە زۆر شوێنی دیکەی دیوانەکەشیدا دەردەکەوێت. بۆ کەسێك کە نشوستی کۆماری کوردستان و شکستی خەباتی ساڵانی ١٣٣١ و ١٣٣٢ ی ئێران و زاڵییەتی ڕوکنی دووی ئەرتەشی شا و حکوومەت نیزامی تەیمووری بەختیار و دامەزرانی ساواك و هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولی باشووری کوردستان و شەهید بوونی ئەندامانی باڵی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکرات و ئیعدامەکانی ساڵی ١٣٤٨ ی جلّدیان، ئینجا زاڵبوونی مەلاکان بە سەر ئێراندا و کوشت وبڕ و گیران و ئەشکەنجەی خەباتکارانی کوردی بە چاوی سەر بینیوە و بە خوێن و پێست هەستی پێکردوون، بێ هیواییەکی ئەوتۆ شتێکی سەمەرە و نائاسایی نییە. شیعرەکە لە عەینی ڕەوانی و بێ گرێ وگۆڵێدا وەك هەموو شیعرێکی سەرکەوتووی "سهل و ممتنع"، ئاڵۆزییەکی مەنتیقی تێدایە کە بەیەك جار خوێندنەوەی ساکار هەستی پێ ناکرێت و تەنیا لە شیکردنەوەدا دەردەکەوێت. لە هەندێك شوێندا شاعیر، جێگۆڕکێ بە خۆی و دڵی و گراوییەکەی و خوێنەری شیعرەکان دەکات و خوێنەر مەجبوور دەکات وورد بێتەوە و ماسی سووری واتا لە قووڵایی گۆمەکە دا بدۆزێتەوە.

هەندێك وشە و تەعبیر لە شیعرەکەدا هەن کە دەکرێ قسەیان لە سەر بکرێت یان ڕوونکردنەوەیان لەمەڕ بدرێت:-

دەمێ پێنەکەنێ: ئیهامێکی تێدایە. لە واتای نزیکی ئیهامەکە دا، دەم بەواتای ماوەیەکی کورتی زەمەنییە بەڵام دەکرێ وەك دەم یان زاریش وەربگیرێت و بگوترێت پڕ بە یەك دەم پێنەکەنی؛ دیارە ئەگەرێکی سێهەمیش هەیە: بڵێی وشەکە لە چاپی دیوانەکاندا بە هەڵە نەنووسرابێت؟ تۆبڵێی 'دەمی' نەبووبێت بە واتای دەمی خونچە؟ کە زۆریش جوان و بەڕێ وجێیە:

"کەی بەهار وایە گوڵم خونچە دەمی پێنەکەنێ؟"

من ئەو بژاردەیەم پێ لەهەموان باشترە، بەڵام خۆ من خاوەنی شیعرەکە نیم!

"بە شنەی خۆشی بەیانان نەشنێ": جگە لە تەعبیری ڕازاوە و تازەی "نەشنێ"، سەرجەمی میسراعەکە مۆسیقای ناوخۆیی پیتی /ش/ ی تێدایە؛

"ماچی لێو": لە ئەدەبیاتی کوردیدا بێ وێنە نییە بەڵام تازەترە لە ماچی سەر گۆنا کە لە زوربەی ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا دەبینرێت؛

"مەگە": شێوازێکی دیکەی "مەگەر" ە و لە زۆر شوێنی ناوچەی موکریان لەو بیچمەدا دێت؛

"کای پار بەباکردن": شاعیر بە نیازێکی تایبەت، پەندی کۆنی "کای کۆن بەبا کردن" ی کردۆتە "کای پار بە باکردن". ئەم کارە لە پەیوەندی میسراعی یەکەمی شیعرەکەدایە، کە تێیدا باس لە گوڵی ئەمساڵ و گوڵی پار کراوە؛ هەروەها سەنعەتی بەدیعی "تضاد" یش لە نێوان گوڵ و کا دا بە کار هێنراوە.

"بە شەنێ": لە جیاتی "بەشەن"، ئەوەش شێوە دەربڕینێکی موکریانییە؛

"مەلی دی": شاعیر لە سەرەتای شیعرەکەدا دڵی خۆی بە بولبول شوبهاندووە و بەم پێیە، نیاز لە "مەلی دی" دەبێ دڵی خەڵکانی دیکە بێت؛

"ئەو هەژارە": نیاز دڵی شاعیرە؛

"تامەزرۆ": زۆر بە تاسە (هەنبانە بۆرینە)؛

"بە دۆش هەر دەژەنێ": تەعبیرێکی هەندێك ئەستەمی ناو شیعرەکەیە. واتای ئاسایی کە لە شیعرەکە وەردەگیرێت ئەوەیە ئەو دڵە هەژارە تاق و تەنیا کەوتووە، ئەوەندە تامەزرۆی یار و دۆست و دەزگیرانە و وەها کەوتۆتە نێو دڕك و دڕووی وەك گێرە و کێشەی سیاسی و زیندانەوە، کە لەبەر ناچاری لە دۆش دەژەنێت. "دۆ" واتە کیژێك کە لە هەڵپەڕکێدا دێتە دەستی لاو(هەنبانە بۆرینە). "لە دۆ ژەندن" ئیهامی تێدایە. واتای نزیکی بریتییە لە: "دۆ ژەندن" واتە ژەندنی مەشکە بۆ ئەوەی دۆ لە ماستاو وەربگیرێت بەڵام لە خوێندنەوەی شیعرەکەدا خوێنەر بیری بۆ واتایەکی دوورتریش دەچێت ئەویش ژەندنە بە واتا سێکسیەکەی کە لەگەڵ تامەزرۆ بوونی یار و تەنیا وبێ هاودەم مانەوەدا یەك دەگرێتەوە. لە دۆ ژەندن دەبێ لەو پەیوەندەدا گوترابێت کە لە هەڵپەڕکێی کوردیدا، بە گوێرەی نەریت، کوڕەلاوان گەلێك ڕێزی "دۆ" واتە ئەو کچانە دەگرن کە دێنە دەستیانەوە، تەنانەت کاتێ پەنجە دەخەنە پەنجەی دۆوە، هەوڵ دەدەن دەستی کچ ئەزیەت نەکەن و نەیگوشن واتە لە هەڵپەڕکێی کوردیدا کاتێ دۆ لە دەستی کوڕەلاودایە، کوڕەکە هیچ جووڵە و کردارێك ناکات کە بۆنی سێکسیی لێوە بێت. جا شاعیر دەڵێ دڵی من لەبەر ناچاری و تامەزرۆیی لە "دۆ" ش دەژەنێت یان خۆ بە دۆشەوە دەنێت گەرچی دەزانێت نابێ وا بکات! ئەوە تێگەیشتنی منە لەم فەردە بەڵام لە بۆچوونەکەم دڵنیا نیم لەبەر ئەوەی ئەگەری هەڵەی چاپ یان هەڵەی ڕاگواستنی شیعرەکە لە لایەك و خراپ تێگەیشتنی خۆم لە لایەکی دیکە ناتوانم نەگرمە بەرچاو. هیوادارم خوێنەران هەڵەم ڕاست بکەنەوە.

"تاق تاقکەرە": یان تاق تاقەکەرە، قڕاوکە، توتەك، باڵداریکە شەو تا ڕۆژ دەڵێ "تووت، تووت" بە فارسی "مرغ حق" ی پێدەڵێن (هەنبانە بۆرینە)؛ پەیوەندی تاقتاقکەرە لەگەڵ شاعیر دەبێ ڕواڵەتی و ووشەیی بێت. شاعیر دەڵێ من بە تەنیا ماومەتەوە و تاقتاقکەرەش هەر "تاق" و تەنیایە، کەوابوو هەردوکمان وەك یەکین؛
"ئیمامی": شاعیر لە شیعرەکانیدا جاروبارە لە نازناوی "ئاوات" و جاروبارەش لە بەشی یەکەمی شوهرەتەکەی خۆی (ئیمامی زەنبیلی) کەڵك وەردەگرێت. لێرەشدا وەك دەبینین،"ئیمامی" هاتووە و شاعیر خۆی بە "کاکی ئیمامی" واتە کاك ئیمامی ناوبردە کردووە.
"ڕیشەکەی خەڵفی هیوای کاکی ئیمامی پرسن...": لێرەدا ناتەواوییەك لە باری ڕێزمانەوە هەیە. لە ڕستەی ئاسایی پەخشاندا دەگوترا "ئەگەر لە ڕیشەی خەڵفی کاکی ئیمامی دەپرسن یان بپرسن، ..." بەڵام شاعیرانی گەورەی هەموو گەلێك توانیویانە زمانی زگماك وەك مێو بگرنە دەست و مشتومالی بدەن و بیچمی جیاوازی لێ دروست بکەن. ئەو چەشنە دەست تێوەردان و گۆڕینە، ناتەواوییەك بۆ ئەو کەڵە شاعیرانە نییە کە خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی زمانەکەیان دەناسن و شارەزایانە دەیسووڕێنن و دەیچەرخێنن و هەندێك جاریش دەیکەنە شتێکی نوێ، ئەوان بەم کارە زمان دەوڵەمەندتر و ڕازاوەتر دەکەن؛
"هەڵدەکەنێ": لێرەشدا لە باری ڕێزمانییەوە دەبوایە بگوترێت "هەڵدەکەنرێ" یان "هەڵدەکەنرێت"، بەڵام شاعیرێکی بە ئەزموونی وەك ئاوات کوا گوێ دەداتە "عمرو" و "زەید" ی ویشکی ڕێزمان و ڕێزمان نووسان! جیاوازییەك لە نێوان هەڵدەقەنرێی چاپی ئەنیسی و هەڵدەکەنرێی چاپی جەعفەردا نییە؛ هەر دوو وشە یەك واتایان هەیە؛ هەڵدەقەنرێ شێوازی ناوچەی مەهاباد و سەردەشت و پیرانشاری هەیە و هەڵدەکەنرێ شێوازی ناوچەی بۆکان و سەقزە.
ڕێکەوتی دانرانی شیعرەکە:
ئەو مەسەلەیە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا دیاریی نەکراوە و بەم پێیە نازانین لە چ سەردەمێکدا گوتراوە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی چاپی جەعفەر کێشەکە چارەسەر کراوە و ساڵی ١٣٤٨ [١٩٤٩ ز] ی بۆ دەست نیشان کراوە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە:
رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

# ستایشی خودا

"مرغان چمن به هر صباحی
خوانند تورا به اصطلاحی"
ئەمنیش وەکوو وان بە ئاە سەردی
زیکرت دەکەم و مەدح بە کوردی
ئەی خالیقی زولجەلالی یەکتا
وەی ڕازقی خەلقی بەڕڕ و دەریا!
بۆ خاتری ئەم بەری‌بەیانە
بۆ خاتری ناڵەیی شەوانە
کارم هەموو خوار و خێچ و ناجۆر
زەخمم هەموو کەوتە ئێش و ناسۆر
ڕەحمێ بکە زوو بە ئاهی سەردم[85]
بینێرە خودا، دەوایی دەردم
لای تۆ نەبێ، قاتە مەرهەمی دڵ
لوتفت نەبێ، ماتە بەختی "کامڵ"[86]
بێهەوری کەرەم چەمەن خەمۆشە[87]
بێبارشی ئەو، سەمەن نەخۆشە
حەل ناکرێ موشکیلی دڵی ئەو
پێناکەنێ خونچەیی گوڵی ئەو
بۆ خاتری ئەوکەسەی کە ناردت

---

[85] . چاپی ئەنیسی: زو
[86] . چاپی ئەنیسی: کامیل
[87] . چاپی ئەنیسی: کەڕەم

بۆ دەعوەتی چاکە، خۆت سپاردت
بێدار بکە تالعی خەواڵووم
تیمار بکە قەلبی پیس و مەسمووم
بەحری کەرەمت کە هاتە جونبش[٨٨]
تۆفانە، نمێکی وەختی بەخشش
سەد نووح بە مەوجێ سەرنگوونە[٨٩]
سەد کەشتی ئەوی تێیا زەبوونە
قەترێکی کیفایەتی سەغیران
جورعێکی بەسە لەبۆ کەبیران[٩٠]

قاقڵاوا، ١٣٤٨ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٥٨ و١٥٩ ی چاپی ئەنیسی و
٢٩٣ و ٢٩٤ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە و لە هەردوو چاپەکەدا خراوەتە بەشی 'مەسنەوی'یەوە. بۆمن جێگەی پرسیارە کە جیاکردنەوەی غەزەل لە مەسنەوی لەسەر چ بنەمایەك بەڕێوە چووە؟ ئایا کێشی شیعرەکەیە، یا تەنیا کەمییەت واتە ژمارەی فەردەکان بۆتە هۆکار؟ ئەگەر هەر ئەوە بووبێت، خۆ ژمارەی ١٤ فەردیش دەکرێ لە مەقوولەی غەزەلدا بگونجێت. چیتر هەیە کە ئەو شیعرەی بۆ مامۆستایانی بەرهەمهێنەری دوو دیوانەکە کردۆتە مەسنەوی؟ لام وایە دەبێ ئەو خاڵە بۆ خوێنەر ڕوون بکرێتەوە. شیعرێکی ئایینییە لە پەسنی خودادا.

مەتلەعی شیعرەکە فەردێکی فارسییە. دیوانی چاپی جەعفەر ئەم فەردەی خستۆتە ناو دوو کەوانەوە بۆ ئەوەی دەربکەوەێت شیعری ئاوات نییە و منیش لەگەڵ ئەوەدام. بە شوێنیدا گەڕام و ئێستا بە ئەگەری زۆر بە شیعری عەتتاری نیشابووری شاعیری عارفی سەدەی شەشەمی کۆچیی ئێرانە.[٩١]

---

[٨٨] . چاپی ئەنیسی: کەڕەمت
[٨٩] . چاپی ئەنیسی: سەد نوح کە بە مەوجێ سەرنگونە
[٩٠] . چاپی ئەنیسی: جورعێکی کیفایەتی کەبیران
[٩١] مەولەوی ڕۆمی سەبارەت بە عەتتار گوتوویەتی:

مەلای بانگدەری مزگەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەندێك جار جیا لە بانگ، 'سەڵا'شیان هەیە کە بریتی بێت لە شیعری موناجات. ئەو شیعرانە هەندێك جار کوردی و جاروبارەس فارسین. لێرەدا دەڵێی ئاوات بەم شیعرە سەڵای خەڵك دەکات.
فەردی دووەم خوێنەر دەخاتە بیری مناجاتەکەی حاجی قادری کۆیی کە دەڵێ
"مەعلوومە بۆچی حاجی مەدحت دەکا بە کوردی..."
بەڵام ئاوات لە درێژەدا، بوارێکی دیکە هەڵدەبژێرێت و زیاتر بۆ خۆی دەپاڕێتەوە: ڕەحمێ بکە زوو بە ئاهی سەردم" و...
شیعرەکە لە ساڵی ١٣٤٨ دا گوتراوە کە ساڵی تێکشکانی ڕاپەڕینە چەکدارانەکەی باڵی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. وێدەچێت شاعیر لە ژێر کارتێکەریی ئەو شکستەدا لە سەیری ئافاق گەڕابێتەوە سەیری ئەنفوس واتە کاتێ هەل ومەرجی دەرەوە لەجێی خۆیدا نییە و چی لەگەڵ ناکرێت، زوربەی کات خەڵك پیش دەخۆنەوە و لەبەر ناڕەحەتی دەچنەوە دنیای تاکەکەسیی خۆیان.
چمن: مێرگ، واتای 'باغ'یشی لێ وەرگیراوە.
مرغ چمن: بە گشتی باڵندە دەگرێتەوە، بە تایبەت بولبول.
صباح: بەیانی
اصطلاح: سازان و ئاشت بوونەوەیە بەڵام لێرەدا واتای 'زمان' و 'شێوەی بەیان و دەربڕین' ی هەیە. 'فرهنگ معین' ئەم واتایەشی بۆ لێداوەتەوە، دوور نییە نیازی شاعیریش لە هێنانی وشەکە هەر ئەو واتایە بووبێت: *"وشەیەك کە هەندێك خەڵك خۆیان دایدەنێن و کەڵکی لێ وەردەگرن"*. واتای گشتیی فەردە فارسییەکە ئەوەیە: باڵندەی ناو باغیش هەرکام سەرلە بەیانی، بە دەنگ و جریوەی تایبەت بەخۆیان [بە زمانی خۆیان]، بانگی تۆ دەهێڵن و هاواری تۆ دەکەن [ئەی خودایە]!".
زیکر: یاد کردنی کەسێك یان شتێك بە چاکە.
مەدح: پێداهەڵگوتن و هەڵدانی کەسێك یان شتێك.
زولجەلال: "ذوالجلال" ی عەرەبییە، خاوەن شان و شکۆ بەڕڕ: ویشکانی، دژی بەحرە.
ناڵەی شەوانە: دەگوترێت کە نەخۆش لە ماوەی شەودا ئازاری زیاترە و دەناڵێنێت و هاوار دەکات. بەشێك لە سوفیانیش شەوانە زیکری خودا دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە.

---

*من آن مولای رومی ام که از کلکم شکر ریزد*
*ولیکن در سخن گفتن غلام شیخ عطارم*
من ئەو مەولانای ڕۆمییەم کە شەکر لە پەنجە[قەڵەم]م دەبارێت بەڵام لە قسە کردندا غوڵامی شێخی عەتتارم.

ناسۆر: برینی تەشەنە کردوو.
قات: 'قحط' ی عەرەبییە؛ نەبوو، دەست نەکەوتوو.
مات: بێدەنگ و بێ جووڵە.
کاملْ: شێوەی نووسینی وشەکە لە ئەسڵی خۆیدا کە عەرەبی بێت 'کامل'ە. بەڵام لە کوردیدا شێوازی 'کامیل' بەخۆیەوە دەگرێت. ئەوە ناوی شاعیر خۆشیەتی. لە چاپی ئەنیسیدا وشەکە وەك کامیل نووسراوە بەڵام دواتر ئامادەکارانی چاپی جەعفەر بە شێوەی 'کاملْ'یان نووسیوە دیارە گۆڕانکارییەکە دەبێ بۆ ئەوە بووبێت کە زیاتر لەگەڵ وشەی دڵ دا بێتەوە و سەروای فەردەکە تەواوتر بێت.
بارش: "مصدر شینی"یە لە کرداری 'باران' و لە فارسی وەرگیراوە. زمانی کوردیش ئەو چاوگەیەی هەیە بەڵام لە شێوەی 'بارشت' دا.
سەمەن: یاسەمەن
حەل: بە شەددی /ل/: چارەسەر. عەرەبییە
موشکیل: گرفت، گرێی کار
ئەو کەسەی کە ناردت: نیاز پێغەمبەری ئیسلامە
بێدار: بەخەبەر، نەخەوتوو.
تالع: بەخت و ئیقباڵ. 'طالع' ی عەرەبییە.
تیمار: دەرمان کردن، چارەسەر کردنی نەخۆش
مەسمووم: ژەهراوی
پیس و مەسمووم: دوو سیفەتن شاعیر بۆ دڵی خۆی هێناون. دیارە لە ڕوانگەی ئەوەوە دڵێك کە لەفیکری ئەم دنیادا بووبێت نەك ئاخیرەت و هەموو کاتی خۆی بە زیکری خودا تێپەڕ نەکردبێت، پیسە و ژیانی ئەم دنیا ژەهراوی کردووە. ئەوە بۆچوونی عالمانی ئایینی و سۆفیان هەردوکیانە، ئاواتی شاعیریش هەرکام لەو دوانە بووبێت یان کۆی هەردوکیان، دیارە وا بیری کردۆتەوە.
جونبش: جم وجۆڵ، بزووتن، جووڵانەوە. فارسییە
نمێکی: تەڕاییەکی، دڵۆپێکی
سەرنگوون: سەرەوخوار، هەڵگەڕاوە. لەناوچوو

کەشتی: دیارە دەبوایە بگوترێ کەشتیی بەڵام لەبەر کێشی شیعرەکە کورتتر دەنووسرێت و کورتتریش دەخوێنرێتەوە. فەردەکە ئاماژەی بە ئەفسانەی کەشتی نووح کردووە.

زەبوون: بێ بایەخ و ناچیز. فارسییە

کیفایەت: بەس بوون، بەش کردن. عەرەبییە

سەغیر: بچووك، دژی 'کەبیر'ە بە واتای گەورە. عەرەبییە

جورعێکی: قومێکی. عەرەبییە

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

هزج مسدس اخرب مقبوض محذوف: مفعول مفاعلن فعولن

## هات و نەهات

بانگی خزمان و هاوالآن دەکەم
هات و نەهاتی خۆم بەیان دەکەم
پسام، هێند گەڕام هەر لێر و لەوێ
جارێکی بە ڕۆژ، کاتێ بە شەوێ
داخۆ دۆعای کێ لە من کاری کرد؟[٩٢]
خێڵی هەل و هات لای من باری کرد
لەم ماوەی ژینە کە من ڕامبوارد[٩٣]
هەر خۆم بە کاتی هەل و هات سپارد
کەچی هەر نەمدی کاتێ هەل دەهات
هەرکاتێ هەل هات، هاتم بۆ نەهات
سەد خەرمان گەڕام بە دەستی خاڵی
سەد ئاشم لێ‌کرد، هیچم نەماڵی
هێشتا جەواڵم بێ گەنم و ئاردە
تەنووری دڵم هێشتا هەر ساردە
ئاخ دەمدی دەمێك تەندووری گەرم
نانێکم نەخوارد بێ‌ترس و شەرم[٩٤]
نازانم چەرخی زەمان هەر بۆ من
نەمامی ژینی کردم سەرەوبن؟
یا کار و پیشەی ئەو چەرخە کۆنە

---

[٩٢] چاپی ئەنیسی: داخوا
[٩٣] چاپی ئەنیسی: رامبووارد
[٩٤] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: دەخوارد

هەر وایە؟ چونکی وشك و بێ ڕۆنە!
بە ڕۆن چەور ئەبێ یا بە خوێنی گەل؟
ئەو خوێنەش کەنگێ؟ ڕۆژی خۆشی هەل![٩٥]
یاخۆ وەك کوتم هەلم بۆ نایە
بۆیە گەل بۆ هەل هەر هەڵوەدایە
بەڵام قەیناکا، مافی خۆمانە
ئەم دەرکاودەرك و ئەم بانەوبانە[٩٦]
لە هیچ لایێکی "ئاوات" پێك‌نایە
دڵ هەر نەسرەوت لە هیچ جێگایە

قاقلاوا، ١٣٤٨ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٨٩ و ١٩٠ ی چاپی ئەنیسی و ٣١٤ و ٣١٥ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
ناوەرۆکی شیعرەکە پێداچوونەوەیەکی گشتی ڕابردووی ژیانی شاعیرە لە ڕوانگەی خۆیەوە کە دەڵێ "خێڵی هەل و هات لای من باری کرد" و لە سەر خەرمان بە دەستی خاڵی و لە ئاشی بە جەواڵی بەتاڵەوە گەڕامەوە. ئەوانە ڕووداوی ژیانی شاعیرن کە گێڕانەوەیان تا فەردی١٠ درێژە پەیدا دەکات. بەڵام لە فەردی ١١ دا مەسەلەیەکی گشتیتر و بە تەواوەتی سیاسی دێتە گۆڕێ: "خوێنی گەل" دەبێ چەرخی کۆن چەور بکات. چەرخی کۆن و چەرخی زەمان کە لە دوو فەردی پێشتردا هاتوون، چین؟ ئایا هیچ شتێك هەن جگە لە بارودۆخێکی سیاسی کە کوردی تێکەوتووە؟ ئەو چەورکردنی چەرخە خەباتی گەل نەبێت چییە؟ لە فەردەکانی دواتریشدا تا کۆتایی غەزەلەکە ئەو بیرۆکە سیاسییە حزووری هەیە.
هەڵسەنگاندنی مەسەلە و چارەسەری ناتەبایی نێوان دوو بەشی غەزەلەکە دەکرێ بەم شێوەیە بێت کە شیعرەکە هەر لە بنەڕەتدا سیاسی بووە و شاعیر وەك سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی بابەت، نموونەی لە ژیانی خۆی هێناوەتەوە؛ لە ڕاستیدا شاعیر ئەو شێر وڕێوییە بۆئەوە هێناوەتەوە کە بڵێ بە بیرەوەریی خۆم گەلەکەم بێبەش بووە و نانێکم بە

---

[٩٥] چاپی ئەنیسی: گەنگێ. دەبێ هەڵەی چاپ بێت.
[٩٦] چاپی ئەنیسی: ئەم دەرك و ئەو دەرك، ئەم بان ئەوبانە

ئازادی نەخواردوە. تەندووری گەرم و ترس و شەرم لە شیعرەکەدا تەمسیلێکی ساکارن کە دڵخۆشی و ئازادی و سەربەخۆیی دەگەیێنن.
شیعرەکە بە لۆمەی کورد کۆتایی دێت: "قەیناکا، مافی خۆمانە" لەبەر ئەوەی زۆر دەرکا و دەرك [ی بێگانان] دەکەین و بانەوبانی ماڵ [ی داگیرکەر] دەگەڕێین.
هات و نەهات: جیناس و موتابەقەیان لێ دروست کراوە.
پسان: شەکەت بوون؛ ماندووبوونی زۆر.
لێر ولەوێ: لێرە و لەوێ، لە زۆر شوێن
کار لێکردنی دۆعا: باوەڕێکە هەندێك کەس لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا پەسندیان کردووە؛ بەگوێرەی ئەو باوەڕە، نزا واتە دۆعای خراپ و نەرێ یی خەڵك دەتوانێ لە تاکێکدا کاریگەر بێت و ژیانی بگۆڕێت.[٩٧]
هەل و هات: جیناسیان لێ دروست کراوە. هەل دەرفەتە و هاتیش هاوڕێ بوونی بەخت و شانسە لەگەڵ خواست و ئارەزووی تاکە کەس. لە شیعرەکەدا چەند جار یاری بەو دوو وشەیە کراوە کە مۆسیقای دەروونی پیتی /ها/یان تێدایە.
کەچی هەر نەمدی...: واتە هەرکاتێکیش هات دەهات، من نەمدەدیت و دەچووم بۆ شوێنی نەهاتی.
ماڵین: لە ئاشی ئاودا خاوەن دان ئاردەکەی دەماڵێ و دەیکاتە جەواڵ و گۆنییەوە بۆ ئەوەی بیباتەوە ماڵی خۆی.
چەرخی کۆن: بە گوێرەی بڕوای هەندێك کەس فەلەك و ئەستێرەکان لە چارەنووسی مرۆڤدا دەوریان هەیە و چەرخ بۆ هەندێك کەس بە باری باشدا ناگەڕێت. شاعیر چەرخی بە دوو واتا وەرگرتووە و ئیهامی پێداوە: واتای یەکەم چەرخ و پێچکەیە کە دەبێ بگەڕیت و واتای دووهەمیشی فەلەکە، بەڵام شاعیر دەڵێ بۆ من (وەك کوردێك) ئەو چەرخە باش ناگەڕێت و دەبێ چەور بکرێت. ئینجا لە فەردی دواتردا دەپرسێت چەورکردنەکە دەبێ بە ڕۆن بێت یان بە خوێنی کۆمەڵانی خەڵك؟ وەڵامیشی هەر خۆی دەداتەوە و دەڵێ لە ڕۆژی هەل دا کە ڕۆژێکی خۆشە، ئەو چەرخە بە خوێنی گەل ئاو دەدەین. دیارە ئەو ڕۆژەش کە شاعیر باسی دەکات هیچ نییە جگە لە ڕۆژی هەستان و ڕاپەڕینی خەڵك.

[٩٧] من لە ناوچەی بۆکان هەر لە منداڵییەوە دۆعا و نزام دژ بە یەکتر بیستووە. دۆعا ئاواتی چاکە و نزا ئاواتەخوازیی خراپە. بەڵام ئێستا لە باشووری وڵاتەو دەبیسم کە نزاش هەمان دۆعا بێت.

هەڵۆەدا: تەرە، ئاوارەی دەشت و کێو

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

متقارب مثمن اثلم (هجایی): فع‌لن فعولن// فع‌لن فعولن

## کاسەی بەتاڵ

ئەی زەمان،  ئەی کات، ئەی ڕۆژی ڕەشم!
لە ئامانج، ئاوات، هیوا بێ بەشم[98]
تەمەن دوایی هات، هات نەهاتییە
ئامانج و تاسە هەر ئاواتییە[99]
پیری بە جارێ زۆری سەندووە
سەر بە لەشمەوە بە زۆر بەند بووە
هەر هاکا زانیت، بەربۆوە لە لەش
بوو بە گەپجاڕی منداڵی ڕووڕەش
با بەر شەقی دەن لێرە بۆ ئەوێ
وچانێ نەدەن نە ڕۆژ، نە شەوێ
بڵێین با بشکێ کاسەی وا بەتاڵ
هەر چاکە بێتە گەپجاڕی مناڵ
منداڵ! سەد ئامان! نەهێڵن بشکێ
لە چاوما ئابڕووی چەند ساڵەم بتکێ
دڵۆپەیێکە هەر تکا، تکا
بۆیە دەترسم، لێو دەکەم تکا
دەڕژێتە سەر ڕووی بێڕەنگ و زەردم
ئەویش دەبێتە سەرباری دەردم
منداڵ! نەهێڵن هێندە داماو بم
ئابڕووتکاو و زەردهەڵگەڕاو بم

---

[98] چاپی ئەنیسی: لە ئامانج، ئاوات، تاسە، بێ بەشم
[99] چاپی جەعفەر: ئەمانج. دەبێ هەڵەی تایپ بێت

ئاڵای کڵۆڵیم گەر بشنێتەوە
با ئابڕووم لە چاو بمێنێتەوە

قاقڵاوا، ١٣٤٨ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٩٣ و ١٩٤ ی چاپی ئەنیسی و ٣٣٠ و ٣٣١ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
ناوەرۆکی شیعرەکە شەخسیی و تاکەکەسییە و ئەوپەڕی خلووس و پاکیی شاعیری لێ دەبارێت.
کارتێکەریی شیعری گۆران و هەڵوێست وبۆچوونی ئەو لەمەڕ ژیانی مرۆڤ لە شیعرەکەدا هەست پێدەکرێت.
بەشی یەکەمی غەزەلە ١١ فەردییەکە (فەردی ١ تا ٦) بێ هیوایی لە ژیان و خەم و تاسەی بە ئاوات و ئامانج نەگەیشتنی لێ دەخوێنرێتەوە کە بەشی زۆری دەبێ سیاسی و لە پەیوەندی دۆخی کورددا بێت. هەر لەوبەشەدا خۆ بە کەم زانی و بچووك کردنەوەی دەوری خۆی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، گەلێك بەرچاوە بە تایبەت کاتێ کە دەڵێ لێگەڕێ با منداڵی ڕووڕەش کاسەی سەرم بدەنە بەر شەق و یاری و گاڵتەی پێ بکەن لەبەر ئەوەی بەتاڵە و هیچی تێدا نییە.
بەشی دووهەمی شیعرەکە (فەردی ٧ تا ١١) پەیامێکە بۆ منداڵان و لە ڕێگەی ئەوانەوە بۆ خوێنەری شیعرەکە و لەوێدا دەڵێ دوای مردنم کاتێ یاری بە تۆپی پێی کاسەی سەری من دەکەن تکایە ئاگادار بن مەهێڵن بشکێت و ئابڕووم لە چاومەوە بتکێتە سەر زەوی لەبەر ئەوەی تەنانەت ئەگەر ئاڵای کڵۆڵیشم بشەکێتەوە گوێم لێ نییە، بەڵام نامەوێت ئابڕوو تکاو بم.
ئەوانە گەورەیی ڕۆحی شاعیر دەگەیێنن و ئەوەی چەندە بە تەنگی ناو و ئیعتیبار و ئابڕووی خۆیەوە بووە و بۆ پاراستنی ئەوانە ئامادە بووە هەموو سەختی و ناڕەحەتییەك بە گیان بکڕێت کە هەمووی لەگەڵ کەسایەتی شاعیر و ئەوەی کە خەڵك لێیان دەدیت، یەك دەگرێتەوە. من کە دووراودوور ئاواتم ناسیوە و بە بۆنەی جیاجیاوە لە ماڵ و دووکانەکانی بۆکان بینیومە، هەست دەکەم ئەو شیعرە ئاوێنەیەکی باڵانوێنی کەسایەتی ئەوە و لەو قسانەدا نەك هەر ڕاستگۆیە بەڵکوو خۆپارێزی و خەمخۆریی ئیعتیبار و کەسایەتییەکەی لەوەش زیاتر بوو.

تاسە: ئیشتیا، ئارەزوو، عەزرەت (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار). دڵنیا نیم گۆڕینی تاسە بۆ هیوا لە دیوانی چاپی جەعفەردا، کێ کردوویەتی و ئایا خواستی شاعیر بووە یان نا؟ بێ بەش بوون لە هیوا ڕاگەیاندنێکی توندترە لە بێ بەش بوون لە تاسە. ئەگەرێك ئەوەیە شاعیر خۆی یان کاك جەعفەر و هاوکارەکانی تاسەیان لەبەر ئەوە گۆڕیبێت کە عەینی وشە لە فەردی دواتریشدا هاتووە.

هەرهاکا: هەموو چرکە و کات و ساتێك

گەپجاڕ: مەخسەرە، جێگەی پێکەنین

دڵۆپێکە: لە ناو خەڵکدا باوە دەگوترێ ئابڕووی مرۆڤ قەترەیەکە، ئەگەر تکا، تکا!

لێو: لێتان

بشنێتەوە: بکەوێتە شنە شن

بەحری عەرووزیی شیعرەکە، متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

## شەونم

لە عومری کورتی خۆی[100] چاوم گلە تا سەر دەکا شەونم
بە لێوی پێکەنینی خونچە چاوی تەڕ دەکا شەونم
مەکە تۆخوا[101] دەگەڵ وی باسی عومری زۆر درێژ ئەی گوڵ!
دڵی سافە، وتەی[102] وا، گیانە، زوو باوەڕ دەکا شەونم
فریوی هەر هەوەسبازێ مەخۆ ئەی تازەگوڵ، ئامان!
سبەینان ئارەزووی یارێکی دی و هاوسەر دەکا شەونم
دەماخی بەرزە گەرچی قەترەیێکی نێو گوڵووکانە
شەو و ڕۆژ ڕوو لە ڕۆژ و مانگ و لای ئەختەر دەکا شەونم
ئەسیری ڕەنگ و بۆ نابن ئەوانەی پاك و دڵسافن
شەوانە تا بەیانی تاق و تەنیا سەر دەکا شەونم
لە گوڵزارێ کە "کامیل" خونچەیی بیر و خەیاڵ ئەچنێ
لەسەر گوڵ هەر شەرابی ساف و ڕوحپەروەر دەکا شەونم
بۆکان، ١٣٤٩ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٥ی چاپی ئەنیسی و ١١٢ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکن.
وەرگێڕاوی غەزەلێکی فارسیی شاعیرێکی کوردی کرماشانییە، کە عینوانی 'شبنم' ە. من بەراوردی هەردوو شیعرەکەم کرد، ئەسڵە فارسییەکە ٧ و تەرجەمە کوردییەکە ٦ فەردن. فەردی چوارەم و پێنجەمی شیعرە فارسییەکە لە دەقی کوردی جیاوازن و یەکیان بەگشتی تەرجەمە نەکراوە.

---

[100]. چاپی جەعفەر: لە عومری کورتی خۆم
[101]. چاپی ئەنیسی: خووا
[102]. چاپی ئەنیسی: ووتەی

غەزەلە فارسییەکە هۆنراوەی نەمر 'عەلی ئەشرەف نەوبەتی (پەرتەو)' ناسراو بە 'پەرتەو کرماشانی'یەو ئەوەش دەقەکەیەتی:

**شبنم**

*"زعمر کوته خود شکوه تا سر میکند شبنم*
*لب خندان گل را دیده‌ی تر میکند شبنم*
*مگو با او خدارا، حرف عمر جاودان، ای گل!*
*دلش صاف است و این افسانه باور میکند شبنم*
*فریب هر هوسبازی مخور ای تازه‌گل زنهار!*
*سحرگاهان هوای یاردیگر میکند شبنم*
*متاع عشق و شیدایی صفای دیگری دارد*
*ز رشك اشك بلبل، خاك بر سر میکند شبنم*
*نمیگردند اسیر رنگ و بوی عاریت، پاکان*
*شبی را تا سحر در بوستان سر میکند شبنم*
*ز اشك عاشقان روی نکویانراست آفتها*
*که خورشید درخشان را مسخر میکند شبنم*
*در آن گلشن که 'پرتو' غنچه اندیشه میچیند،*
به جام گل شراب روحپرور میکند شبنم"

("کوچەباغی ها- سرودەهای پرتو کرمانشاهی؛ با مقدمە محمدعلی سلطانی؛ خط: فریبا مقصودی کرمانشاهی؛ نشر سها؛ تهران ١٣٧٣ [١٩٩٤]؛ ص. ٧٧).

هەر وەها، 'محمد قهرمان'، شاعیرێکی هاوچەرخی ئێرانی شیعرێکی بەو عینوان و ناوەرۆکە و لە سەر هەمان ئەو کێشە عەرووزییە، هەیە. من دڵنیا نیم پەرتەو و قەهرەمان کامیان بۆ یەکەم جار شیعرەکەیان گوتووە. محەممەد قەهرەمان (١٣٠٨ — ١٣٩٢) لە سەردەمی لاویەتی مندا ناوی زۆری هەبوو. بە داخەوە پەرتەویش هەروا چەند ساڵێکە وەفاتی کردووە. ئەوەش شیعرەکەی قەهرەمان:

**شبنم**

*"شب از آغوش گل، بالین و بستر می کند شبنم*
*سحرگاهان سفر با دیده تر می کند شبنم*
*نگاه گرم جانان بال پرواز است عاشق را*
*به سوی آسمان پرواز بی پر می کند شبنم*

*اگر چون قطره اشکی، شب ز چشم آسمان افتد*
*سحر از چشمه خورشید، سر بر می کند شبنم*
*مرا از این دل ناکام شرم آید چو می بینم*
*شبی تا صبح در آغوش گل، سر می کند شبنم*
*جدایی سخت باشد آشنایان را ز یکدیگر*
*وداع بوستان با دیده تر می کند شبنم*
*نمی کاهد اگر از عمر عاشق، وصل گلرویان*
*چرا از خنده گل، عمر کمتر می کند شبنم؟"*
محمد قهرمان، وەرگیراو لەم ماڵپەڕە:
http://vidah.rozblog.com/post/433

کارتێکەریی دەقی سەرچاوە لە شیعرە کوردییەکەدا بەرچاوە. بۆ نموونە، میسراعی یەکەمی فەردی یەکەم تەعبیری 'تا سەر دەکا' هاتووە کە تەواو فارسییە و واتاکەی بەکوردی دەبێتە: هەرکاتێ چاوم لە عومری کورتی خۆی دەست دەکات بە گلەیی کردن.....هەروەها میسراعی دووەم لە فەردی پێنجەم کە تێیدا دەڵێ "تاق و تەنیا سەردەکا" و ئەو سەر کردنە، واتە ژیان بە سەربردن و کێشانی باری ژیان بە شوێن خۆدا و تەحەممول کردنی ژیانی ناخۆش، تەعبیرێکی تەواو فارسییە و لەکوردیدا واهەیە نەبینرێت. هەمان 'سەرکردن' لە شیعری محمد قهرمانیش دا بەرچاو دەکەوێت. میسراعی دووهەمی دوایین فەردیش ئەو مۆرکە فارسییەی بەسەرەوە دەبینرێت. بە هەمان شێوە، وشەی 'گلە' ی فارسی لەجیاتی 'گلەیی' کوردی دانراوە.
یارێکی دی و هاوسەر: واتە یار و هاوسەرێکی دی.
گوڵووك: خونچەی گوڵ
لە کۆتاییدا، بۆ ناساندنی زیاتری نەمر پەرتەو کرماشانی ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە زوربەی ئێمە شیعری تەنز و لەبەردڵانی 'ئەرمەنی' مان خوێندۆتەوە یان بە گۆرانی گوێمان لێ بووە. ئەوە بەشێکی شیعرەکەیە لەپەراوێزدا:[١٠٣]

---

[١٠٣] *"ئاوارەکەی بێچارەکەی بێخانمانم ئەرمەنی!*
*ماڵت نیزانم ها لە کوو، ڕوح و ڕەوانم ئەرمەنی!*
*شیرین زوانم ئەرمەنی! دەردت وەگیانم ئەرمەنی!....*
*دەر واکە، زووکە، پەرتەوە، میهمانەکەی ئاخر شەوە،*
*یەی شیشە لەو بەدمەسسەوە پڕکە، بزانم ئەرمەنی!"*
ئەوەش گۆرانییەك لەسەر شیعری ئەرمەنی بە دەنگی نەمر حەمید حەمیدی گۆرانی بێژی کرماشانی لە سەر یوتیووب:
https://www.youtube.com/watch?v=6u4GzGFFcAg

بەحری عەرووزیی شیعرەکە
هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

---

هیوادارم ناوهێنانی گەلی برای ئەرمەنیمان لەو شیعرەدا نەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو پرسە کە گوایە سووکایەتییەکیان پێکرابێت. بە پێچەوانە، ئەوە بەیاننامەیەکی گەلێك بەهێزە دژ بە دەسەڵاتداریەتی مەلاکان لە ئێران و بەربەست کردنی ئازادیی خەڵك بۆ خواردنەوەی مەشرووب. لە ئێرانی مەلاکاندا تەنیا مەسیحی و جوولەکە دەتوانن لە ماڵی خۆیاندا مەشرووب دروست بکەن و بیخۆنەوە. شاعیر لەم شیعرەدا دەچێتە بەردەرگای ماڵە ئەرمەنییەك و دەڵێ "ئەوزاع خراوە" و هیچم دەست ناکەوێت بەڵکوو ئێوە فریام بکەون و قومێکم بدەنێ!

# شیعری ساڵانی ١٣٥٠ تا ١٣٥٣

پێرست: بای وادە، گیانەکەم!، زستان، مافی خۆم، حەسرەتی دڵ، لە دەرکی مەیکەدە، بەوری بەیان، خەت وخاڵ، دانەخۆرە، بەفری بەران، لەبەرچاوان دەکەوم، دەوای دڵی زارم، مافی گەل، باسی سەر، مەنجەڵی دڵ، سۆزی دەروون، ئاخ وسکاڵا، پاڕانەوەو، زیارەتی سەروەر، ئیمامیش دێتن، ڕۆژی هەستان، سەفەری حەستەم، دۆعای ڕۆژان، ئازارەکەم، چاوەکانم، کاروانی نەمان، مەفەرموو من نەماوم!، خەڵوەتخانەی عیزەت، نۆرە هەنگاوی منە، شەمعی کامیل.

## بای وادە

ئەی شنەی خۆشی بەهار، بای وادە، هەر تۆی شارەزا
بۆ کەژ وکۆسار و دەشت و لووتکەیی بەرزی چیا[١٠٤]
چاوەڕێ بووم زوو نەهاتی، بۆ نەهاتیم بوو مەگەر؟
لارەمل بووم وەك وەنەوشە، ئاخری ئەستۆم شکا[١٠٥]
چاوی خۆم هێندە بڕیبوو من لە ڕێگای هاتنت
هەر وەکوو نێرگس لە باغ و گوڵشەنا چاوم ڕوا[١٠٦]
گیانەکەم! چابوو کە هاتی، وەك هەناسەی من نەبووی
ساردوسڕ، بێ خێر و بێ قازانج و ئامانج و سەفا
وا شوکور ئەوڕۆ شنەت هات و گەشاوە مێرغوزار
داغدارە بەفر و لێی قەوما، هەرەس پشتی شکا[١٠٧]
ئەی نەسیمی بەربەیانانت وشەی ژینی نوێ!
ئەی کزەی خۆشت حەکیمی حازیقی دەرد و بەلا
بۆ گوڵ و گوڵزار و باغ و چیمەن و دەشتی وڵات
تۆی دەبەخشی دیمەن و تۆی مایەیی نەشوونوما
داری گوڵ، سەرو و چنار و لالەزار و نارەوەن

---

[١٠٤] . چاپی ئەنیسی: چییا

[١٠٥] . لە چاپی ئەنیسیدا نیشانەی پرسیار لە کۆتایی هەردوو میسراعی فەردەکە دانراوە و لام وایە دووهەمیان هەڵەی چاپ بێت، دەنا پێویستییەکی بۆ نییە.

[١٠٦] . چاپی ئەنیسی: ڕووا

[١٠٧] . میسراعەکە سێ کرداری تێدا گونجاوە و بەو حیسابە دەکرێ سێ عیبارەت بێت: "داغدارە، لێی قەوما و پشتی شکا". بەڵام بەرکارەکان تەنیا دوانن: بەفر و هەرەس. کەوابوو دەبێ دوو لەو کردارانە بگەڕێنەوە بۆ بەفر یان هەرەس. چاپی جەعفەر بەم شێوەیەی نووسیوە: "لێی قەوما هەرەس، پشتی شکا". من شێوازی ئەنیسیم ڕەچاو کرد کە دوو کرداری بۆ بەفر گرتۆتە بەرچاو: "داغدارە بەفر و لێی قەوما"، دەڵێی ئەوە شێوازەم پێ ڕەوانتر و بۆ قسەی ئاسایی کوردی، لەبارترە؛ دەنا هیچ هۆکارێکی دیکەم بۆی نییە.

ڕێك لە خۆشیی تۆ ئەوا کەوتوونە هەڵپەڕکێ و سەما[108]
لالە و نەسرین و گوڵ، سونبول، وەنەوشە و یاسەمەن
نێرگس و شەوبۆ هەموو پڕ غونچە وو بەرگ و گەڵا
کوندەبوو خوێندی لە شاخ و بولبول و قومری لە باخ
هەریەکێ هاوار ئەکا: وا با، خەڵات پەخشان ئەکا
کانیاو تۆقین لە بن بەرد و خڕیش پڕ بوون لە ئاو
مێرگ و دەشت و دەر ژیاوە، بۆتە یەك حەشر وحەلا
ڕێك وەدەر کەوتن کوڕ وکاڵ، پیر وجوان
دەس لە ناو دەستان، بە هەڵپەڕکێ ڕەفیق و ئاشنا
کەس نەما ئەمڕۆ لە شار ودێ، هەموو چوونە دەرێ
هەر 'ئیمامی' ما لە ماڵێ، بێ سەڵا وو بێ سەدا

قاقڵاوا، ١٣٥٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە و ١٥٣ و ١٥٤ی چاپی ئەنیسی و ٦٦ و ٦٧ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەردا "بای وادە" یە کە لە فەردی یەکەمی شیعرەکە وەرگیراوە.
ئەنیسی لە بەشی چامەکان (قەسیدەکان) دا هێناویەتی و ڕاستە قەسیدەشە.
شیعرێکی دیکەی بەهارییەیە لە شێوەی شیعری 'هات بەهار'دایە. شاعیر لێرەدا خۆی وەك تامەزرۆیەکی دیتنی بەهار پیشان دەدات کە ماوەیەکی زۆر سەرمای زستانی چەشتووە و چاوەڕوانی هاتنی بەهار بووە، ئێستاش بە هاتنی بەهار وەك "گوڵ و گوڵزار و باغ و چیمەن و دەشتی وڵات' گەشاوەتەوە، بەڵام وەك بەشێك لە کەسایەتی هێدی و هێمن و تەنیا و گۆشەگیری خۆی، دەڵێ هەمووکەس بە هاتنی بەهار لە ماڵ چوونە دەرەوە و کەس لە ماڵدا نەما جگە لە منی بێ سەڵا و سەدا کە لە ماڵێدا ماومەتەوە.
شیعرەکە ناوی زۆر گوڵ و دار وباڵندەی تێدا تۆمار کراوە و لە چەند سەنعەتی شیعریی کەڵك وەرگیراو، شوبهاندن و ئیستیعارە تەنیا دوانیانن:
شوبهاندنی لارەملی و ئەستۆ شکاویی خۆی بۆ نەهاتنی بەهار، بە وەنەوشە و چاوی سەر ڕێگای بە نێرگسێك کە لە باغ و گوڵشەندا دەڕوێت یان سیفەتی سارد و سڕی بە

---

[108]. هەردوو چاپەکە وەك 'خۆشی'یان تۆمار کردووە.

هەناسەی خۆی دان و جیناسی کامیل دروست کردن لە وشەی 'نەهاتی'، جارێك وەك کردار بۆ نەهاتنی بەهار و جارێکیش وەك سیفەت بەواتای چارەڕەشی و بێ بەختی بەشێکن لەو صناعاتی شیعرییەی وا کەڵکیان لێ وەرگیراوە.
شاعیر لە عەینی هێنانی وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی وەك شنە و کەژ و کۆسار و چیا و دیمەن و مێرگ و هەرەس و کزە و هەڵپەڕکێ و خەڵات پەخشان و کوڕ وکاڵ و خڕ و کانی تۆقین و...، بەرگر نەبووە لە هاتنی وشەی عەرەبی و فارسی و ئاوێتەکردنیان لەگەڵ کوردییەکان: قازانج، حەکیمی حازیق، نەشوونوما، لالەزار، نارەوەن و ڕەفیق و ئاشنا و حەشر و سەلا و سەدا.
لە دوو شوێنی شیعرەکەدا شاعیر وشەی 'باغ' ی هێناوە بەڵام دواتر هەمان وشە دەکات بە باخ بۆ ئەوەی قافیەیەکی ناوخۆیی یان جیناسێکی ناتەواوی واتایی لەگەڵ شاخ دا دروست بکات و 'دەڵێ بولبول و قومری لە باخ'.
شیعرەکە ڕەدیفی پیتیی هەیە (بۆ پیتی ئەلف): شارەزا، چیا، شکا و... بەڵام سەرواکان سێ چەشنن:
/ـە...ا/ وەك شارەزا، سەفا، بەڵا، سەما، گەڵا، ئەکا، حەلا و سەدا
/ـ...ا/ وەك چیا، شکا(دوو جار)، ڕوا و ئاشنا
/و...ا/ وەك نوما
واتای هەندێك لە وشەکان:
چاوم ڕوا، کاتێك واتای دەبێت کە بزانین شاعیر پێشتر چاوی خۆی بە نێرگسی ناو باغ شوبهاندووە. کەوابوو دەکرێ چاوی ئەویش بڕوێت وەك چۆن نێرگس کە لەباغ و گوڵشەندا دەڕوێت: *"هەروەکوو نێرگس لە باغ و گوڵشەنا، چاوم ڕوا."*
هەرەس، ڕنوو
مایە، هۆکار، سەبەب
خڕ، دۆڵ
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## گیانەکەم

گیانەکەم! چت لێ بکەم؟ داخت لەدڵ بۆتە قەڵات
باری خۆی داوە بە عەرزا مەینەت و، شادی هەڵات
تۆ دەزانی چم بەسەر هات بەوهەموو دەردانەوە؟
مەنزڵم کوێیە؟ دەبا عەرزت بکەم، شوێن بێ لە لات:
یا گوزەرگەی عاشقان، یا گیانە، مەنزڵگەی دڵان
یا دەنا باخی گوڵان، یاخۆ چیای بەرزی وڵات
لەو چوار جێگایە ڕەنگە شوێنی من باش هەڵگری
چەشنی کەرویشکێ، هەزارەم کرد لە ترسی موشکیلات
یار ئەگەر پرسی لە کوێیە 'کامیل' ی بێچارەکەم؟[١٠٩]
پێی بفەرموو: کەسنەکێڵ و بەردەڕەق، بێ حاسڵات!

قاقڵاوا، ١٣٥٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە و ٩٤ ی چاپی ئەنیسی. و ٧٣ ی چاپی جەعفەر)

---

شیعرەکە لە دیوانی چاپی جەعفەردا عینوانی 'گیانەکەم' ی پێ دراوە. بەڵام پێموایە عینوانی ناو چاپی ئەنیسی (ناونیشان)، پڕ بە پێستی ناوەرۆکی شیعرەکە بێت.
نامە شیعرییەکی ناو بنەماڵەی شاعیرە، بە گەلێك پرسیاری بێ وەڵامی خوێنەرەوە!
لە پەراوێزی چاپی جەعفەر دا هاتووە: *"بۆ کاکی- حاجی سەید محەممەد نوورانی"*.
واتە ڕووی شیعرەکە لە کاکیەتی بەڵام روون نییە ئەو داخەی کاکی کە لە دڵی شاعیردا بۆتە قەڵات. ئاماژە بە چ ڕووداو یان بارودۆخێکە. وێدەچێت گرفتێکی ژیانی کاکی بێت کە ئیمە پێی نازانین.

---

[١٠٩] . چاپی ئەنیسی: دیارە گەر پرسی لەکوێیە...

هەروەها نازانین "ئەو هەموو دەردانە"ی خودی شاعیر کامانەن وا لە فەردی دووهەمدا لێیان دەدوێت- دەردێکی زۆر کە گەیوەتە ئەنجامی ڕۆیشتن و کۆچ کردن (یان تەنانەت خۆشاردنەوە) ی شاعیر. پاشماوەی شیعرەکە شەرحی دەرەنجامی ئەو دەردانەن. ئایا ئەو دەردانە هەمان خەفەتی گیروگرفتەکانی کاکی شاعیرن یان شتێکی شەخسی و تایبەت بە خۆین؟ من وا هەست دەکەم و لە شیعرەکەدا وای دەبینم کە ئەو دەردەدارییەی خۆیشی ئەنجامی گێرە وکێشەکانی کاکی بن.
لە شیعرەکە وا دەردەکەوێت کاکی ئاوات، سەید محەممەدی نوورانی- کە شاعیرێکی خۆش مرخیش بووە، بە شیعر یان بە نامەی پەخشان هەواڵی ئەوی پرسیبێت و گوتبێتی لە کوێی و بۆ دیار نی؟ ئەویش لە وەڵامدا ئەم شیعرەی بۆ ناردبێت.
شاعیر لە فەردی سێهەم وچوارەمدا ئادرێس یان ناو ونیشانی خۆی بۆ کاکی دەنووسێت و دەڵێ لەو چوار جێگایە لە یەکیاندام: گوزەرگەی عاشقان، مەنزڵگەی دڵان، باخی گوڵان، یان چیای بەرزی وڵات.
کێشەی شیعرەکە فەردی مەقتەع واتە کۆتاییەکەیەتی. ئەنیسی فەردەکەی ئاوا تۆمار کردووە:
"دیارە گەرپرسی لە کوێیە کامیلی بێچارەکەم..."
پرسیاری دەست بەجێی خوێنەریش ئەوە دەبێت: چ کەسێکە وا بۆی هەیە بپرسێت کامیلی بێچارە لە کوێیە؟ مخابن شیعرەکە ئەوە ڕوون ناکاتەوە و وەڵامی پرسیارەکە ناداتەوە.
کاك جەعفەر و هاوکارەکانی بۆ چارەسەری ئەو گرفتە شیعرەکەیان بەم شێوەیە دەرهێناوە:
"یار ئەگەر پرسی لە کوێیە کامیلی بێچارەکەم..." و بە گوێرەی ئەوان، ئەو کەسەی وا بۆی هەیە پرسیارەکە بکات، یاری شاعیرە. ئایا ئەوە گۆڕانکارییە شاعیر خۆی، دوای چاپی ئەنیسی، لە شیعرەکەیدا داوە یان گۆڕانەکە کاری کاك جەعفەرە؟ پرسیارێکی تر ئەوەیە یاری شاعیر بۆچی هەواڵی ئەو لە شێخی زەنبیل دەپرسێت؟ شێخ، براگەورەی شاعیرە و لە نەریت و داب و شێوەی پەیوەندی لە ناو بنەماڵەیەکی ئایینی- شێخایەتیدا واهەیە ئەستەم بێت یاری ئاوات بچێتە لای شێخ و بڵێ ئاوات لەکوێیە؟!
باری خۆی داوە بە عەرزا: واتە مەینەتی و نەهامەتی میوانمە و ناڕۆن، بەڵام شادی و خۆشی هەڵاتوون و لام نەماون.

تۆ دەزانی: واهەیە میسراعەکە بە شێوەی ئیخباری (نەك پرسیاری) ش بخوێنرێتەوە و نیشانەی پرسیاری لەبەردەم دانەنرێت. ئەودەم دەبێ ئاوا بخوێنرێتەوە: تۆ خۆت ئاگاداری و دەزانی بەو هەموو دەردانەوە چیم لێ بەسەر هات. بەڵام ئەگەر شاعیر خۆی وای نەنووسیبێت، ئێمە بۆدەبێ دەستی تێوەردەین.
مەنزڵم کوێیە: دەکرێ لە درێژەی فەردی پێش خۆشیدا بخوێنرێتەوە و وەك ئەو بە بێ نیشانەی پرسیار، واتە تۆ خۆت دەزانی مەنزڵم کوێیە. بەڵام درێژەی میسراعەکە ئەو حاڵەتە هەندێك ئەستەم دەکات.
چم: چیم.
دەبا عەرزت بکەم شوێن بێ لەلات: با ئاگادار بی، با بزانی، با دیار بێت لە لات، با ڕوون بێ لە لای تۆ
یا گوزەرگەی: وشەی 'گیانە'، معترضەیە و وەك ناوئاخن بۆ پڕکردنەوەی کێشی شیعرەکە دانراوە دەنا هیچ دەورێکی نییە و لە دۆخێکی ئاسایی و غەیرە شیعریدا، عیبارەتەکە دەبوایە بەم شێوەیە بنووسرایەت: یا گوزەرگەی عاشقان یا مەنزڵگەی دڵان.
شوێن هەڵگرتن: بە شوێندا چوون. زاراوەیەکی ڕاوچیانیشە بۆ تەماڵ هەڵنان واتە دۆزینەوەی ڕاو.
هەزارە: هەزار ویەك لایی کەروێشك، هاتوچۆی کەروێشك لە سەر بەفر بۆ شوێنە ونکە(هەنبانە بۆرینە).
شوێن هەڵگرتن و هەزارە کردن دوو کرداری دژ بەیەکن. یەکەمیان هەوڵی مرۆڤە بۆ دۆزینەوەی ڕاو (لێرەدا کەروێشك) و دووهەمیان هەوڵی کەروێشکە بۆ پووچەڵ کردنەوەی هەوڵی مرۆڤ.
کەس نەکێڵ و بەردەڕەق و بێ حاسڵات: هەرسێکیان ئاوەڵناون بۆ شوێنی بێ کەڵك لە کشتوکاڵدا. شاعیر دەڵێ من لەو سێ شوێنەی سەرەوە دەدۆزرێمەوە، واتە لەهەرکوێیەك بم کاری بێ حاسڵ و بێ کەڵك دەکەم و بەکورتی، کەسێکی دانیشتووی بێ ئەرك و کارم و هیچم لە دەست نایەت (ئەوەش دەکرێ زیاتر واتای کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی هەبێت تا ئابووری).
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# زستان

زستانە، بەفرە، حەشرە، وڵات پڕ لە ناڵەناڵ
دێوی سپی بە قینەوە هات، بۆتە پیرەزاڵ
هێند قورسە، هێند گرانە، هەڵستانی حەستەمە
وەك مۆتەکە[110] لە سەر سەر و سینگمانە[111] مانگ و ساڵ
سەر سینگی گرتووین و هەناسە نەما بە کەس
کەوتووینە ژێر کلیلەوە، دەبزووینەوە بە حاڵ
ئینسان لە ژووری ماونەوە، وەك کەوی قەفەس
وەك مەیتە پیرەلۆکی[112] لە عەرزا ببن شەلاڵ
ماوین؛ بەڵام چ مان؟ بە خودا مەرگ خۆشترە
مەرگێکە نێوی ژینە، چ ژین؟ ژینی ترش و تاڵ
بێ‌باڵ نەماوە گەر دەرەتانی، تەنانەتیش
باڵدارەکان ـ فەقیرە! ـ هەموو کەوتوون لە باڵ!
هەر پێکەنین بوو کاتی بەهاران دەهاتە گوێ
هەر زیڕەزیڕە ئێستە لە سەرمان و زاڵەزاڵ
کیژان بە توێی کراسێ لە گەشت بوون و گوڵچنین
ئێستێ لە خۆ وەکۆوە دەکەن سەت سڕ و سیپاڵ
هێندەم تەمەن بیایە کە دەمدی بە چاوی خۆم
ئەو کاتە خۆشە دێنەوە سیسارك و پیرەداڵ

---

[110]. لە چاپی ئەنیسیدا وشەی مۆتەکە بە شێوەی 'مۆتە،کە' نووسراوە کە ئاشکرایە هەڵەی تایپە.
[111]. چاپی جەعفەر: سینگانە
[112]. چاپی ئەنیسی و جەعفەر: پیرەلۆکێ

یادی بەخێرێ[113] کاتی بەهار و کزەی شەماڵ
سەیران و شایی گرتنی لاوان و کیژوکاڵ
چەند شۆخ و شەنگ و جوان و لەبەردڵ دەچوونە باغ
بەرز و بڵند و دڵبەر و لێوئاڵ و چاوکەژاڵ
یادی بەخێرێ ئەو دەمە قاسپەی کەوان دەهات
جوانیان دەڕشت نێرە و مێ ڕیزە وردەخاڵ
ئەو کاتە، ئەو دەمانە کە خێڵ دەچنە بەندەنێ
یادیان بەخێرێ بێریی و کابانی گەورەماڵ
جێژوان بەتاڵە، داخۆ کوڕ و کیژی نیشتمان
هێشتا لە بیریانە؟ لە دڵدا دەکەن خەیاڵ؟
داخوا دووبارە دێتەوە گوێمان و دێ بەهار
دەنگی شوان و تووڕەیی بلوێر لە هەرد و یاڵ؟
داخوا دەگەینە فەسڵی بەهار و دەژینەوە؟
وەك گیا و گوڵ لە ژێر زەوییا، دێنەدەر مناڵ؟
کاکی "ئیمامی" تۆ تەمەنت زۆرە، حەستەمە
بووژانەوەت بە تاوی بەهار، موشکیلە و مەحاڵ!

قاقلاوا، ١٣٥٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٤٨ تا ١٥٠ ی چاپی ئەنیسی و ١٠١ و ١٠٢ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەردا 'زستان'ە. ئاوات شیعرێکی دیکەشی هەر بەناوی زستانەوە هەیە کە لەم چاپەدا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر. گوندی قاقلاوا و بەگشتی ناوچەکە هەمووی کوێستان و ساردە و ئەگەر ئێستا نەبێت، لای کەم لە سەردەمی ژیانی ئاواتدا زستانی پڕ لە بەفری هەبووە، بە تایبەت ئەو ساڵی ١٣٥٠ یەش کە لە هەردوو دیوانە چاپکراوەکەدا دەست نیشان کراوە، ساڵێکی گەلێك سارد و سەهۆڵبەندان بوو لە ناوچەکەدا.[114] ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو

[113]. هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەر: یادی بەخێرێ
[114]. دیارە لەم ساڵانەی دواییدا سروشتی کوردستانیش وەك بەشی زۆری جیهان گۆڕاوە و ئەو سەرماوسۆڵە کەمتر ماوە.

دیواندا وەك یەکە: ١٣٥٠.(١٩٧١ ز). هەر بەگشتی، ئاوات شیعری دیکەشی بە ژانری زستان و وەرزەکانی ساڵەوە گەلێك زۆرن.
ئەم شیعرەی ئێرە قەسیدەیەکی 'شتائیە'ی گەلێك سەرکەوتووە. شەرحی زستانی ساردی ساڵێکی تایبەتمان بۆ دەکات لە موکریان و ناوچەی گەورکایەتی و گوندی قاقلاوای شوێنی ژیانی شاعیر. جگە لە شەرحی فیزیکیی وڵاتەکە و و شرۆڤەی سەخڵەتیی ژیانی مرۆڤ و حەیوان و باڵندە بە هۆی ئەو سەرما وسۆڵەوە، کە فەزای شەش فەردی یەکەمی قەسیدەکەی داگرتووە، بیریی شاعیر بۆ جوانی و ڕازاوەیی سروشتی وڵات لە سالانی ڕابردووش دەگەڕێتەوە، کاتێ کە شەختە و سەرمای وا لە ئارادا نەدەبوو، سەرەتای بەهار پەیدا دەبوو و کیژ و لاو دەچوونە گەشت و گوڵ چنین و شایی و دەستی سەمایان دەگرت. شاعیر بەو گۆڕینی فەزایە، لە سارد و سڕی و تاریکییەوە خوێنەر دەباتە دنیایەکی خەیالاوی و پڕ لە خۆشی و شادی، واهەیە هەر ئەوەش بوویێتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتوویی شیعرەکە. بەدڵنیایی ئەگەر ئەو مڕچ و مۆمی و دڵتەنگییە لە هەموو فەردەکاندا درێژەی بکێشایە، واهەبوو خوێنەر زەوقی زۆری لە خوێندنەوەی نەبوایە، یان لانیکەم بە ڕادەی ئێستا لایەنگری پەیدا نەکردایە.
شوێنی وەرچەرخان لە فەزای یەکەمەوە بۆ دووهەم، فەردی حەوتەم و پاشان هەشتەمە. ئەو دوو فەردە ئاڵقەی پەیوەندیدەری ئەو دوو فەزا ناتەبایەن. وەرچەرخانەکە گەلێك مامۆستایانە کراوە بە شێوەیەك کە هاتنەدەر لەو سەما وسۆڵە و خۆ خزاندنە ناو گەرمی و خۆشی و سەمیمییەتی فەردەکانی دوایی، خوێنەر تووشی یاو وتاو و لەرزین ناکات. ئەو فەزا شاد و دڵخۆشکەرەوەیە تا فەردێك پێش کۆتایی شیعرەکە درێژە پەیدا دەکات بەڵام لە فەردی مەقتەعدا کە
شاعیر دەیەوێت بە ڕەسمی کۆن، ناوی خۆی بخاتە ناو شیعرەکەوە، هاوڕێ لەگەڵ ناوی خۆی، خەفەت و دلتەنگی و بێ هیواییش دەژیەنێتەوە، ئەویش کاتێکە کە خۆی لە خەڵکی دیکە و گیا وگژی سەحرا جیا دەکاتەوە و دەڵێ گەرچی هیوادارم ئەوان سەرلەنوێ بژێینەوە و بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی، بەڵام تۆی ئیمامی مەحاڵ و نەگونجاوە ئەو بەختەت هەبێت کە بتوانی جارێکی دیکە بەهار ببینییەوە. ئیتر ئەوە ئاواتە و کەسایەتییەهێمن و لەسەرخۆ بەڵام کەم هیوا و خۆ بەکەمزانەکەی! ئەو ڕۆحیەتە لێرەدا بیچمی بێ هیوایی و خۆ جیاکردنەوە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵك بەخۆیەوە دەگرێت و لە ئەنجامدا ئەو هیوایەی بۆ نامێنێت کە بە شێوەیەکی سروشتی،

هەمووان لە سارد وسەرمایەکی وا ئەستەمدا هەیانە و بە ئاواتی هاتنی بەهار و ژیانەوەی سەرلەنوێ، لە بەرانبەر سەرما و سۆڵدا خۆ ڕادەگرن.
"شتائیە"ی وا لە ئەدەبی کوردیدا کەم نییە. واهەیە نموونەی زۆر سەرکەوتووی، ئەو قەسیدە٨٧ فەردییەی نەمر سەیفولقوزاتی قازی بێت کە تێیدا باسی زستانی ساردی ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی دەکات[١١٥]:
*"عەزیزا ئارەزووت زۆری بۆ هێنام*
*فرمێسکم سوور بوو، زەردی ڕووی لێنام..."*
سەیفیش لە شیعرەکەیدا فەزای دڵتەنگی زستان دوو جار دەگۆڕێت، فەردی ٣١ تا ٤٠ و ٤٩ تا ٥٢ بەڵام دیسان
دەگەڕێتەوە سەرباسی سەرما و ئەنجامە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی، ئینجا سیاسەت و دۆخی کورد تێکەڵاوی
مەسەلەکە دەکات.
واتای هەندێك وشە (بە یارمەتی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار):
بەفر و حەشر: جیناسێکی ناتەواویان لێ دروست کراوە. حەشر ئیهامی تێدایە، واتە جگە لە واتای نزیکی ڕۆژی مەحشەر، بە جێگای چڕوپڕیش دەگوترێت، لێرەدا بە واتای سەرمای زۆر وزەوەنە.
پیرەزاڵ: پیرێژنی گەلێك بەتەمەن. سیفەتی زاڵ بە ژنی پیر بۆیە دەدرێت کە تووکی سەری سپییە، شتێك وەك زاڵی باوکی ڕۆستەم کە بە گوێرەی شانامەی فیردەوسی، بە تووکی سپییەوە لەدایك بوو. دێوی سپی و زاڵ و پیرە زاڵ ئاماژەیان بۆ حیکایەتی کۆنی کورد و ئێرانی بە تایبەت شانامەی فیردەوسی تێدایە. پیرەزاڵ لە ئەدەبی ئێرانیدا سیفەتێکە بۆ دونیا کە بە بێ ئێمە هەبووە و دەشبێت.
مۆتەکە: ئاڵ و شەوە، خەونی ناخۆش کە تێیدا کەسی خەون دیتوو تووشی هەناسە سواری دێت؛ کابوس.
لەسەر سەر و سینگمانە: چاپی جەعفەر وەك 'سینگانە' ی تۆمار کردووە کە لەباری واتاوە هیچ کێشەیەکی نییە. من تەنیا بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە شاعیر لە فەردەکانی دواتریشدا قسە لە ئێمە و خۆمان دەکات و دەڵێ: 'سەر سینگی گرتووین' یان 'ماوین' یان 'دێنەوە گوێمان' یان 'دەگەینەوە فەسڵی بەهار' پێم باشتر بوو جێناوی '-مان' کە لە

[١١٥]. ١٩٣٤ ی زایینی

دەقی چاپی ئەنیسیشدا هەیە، ڕەچاو بکەم. بە بۆچوونی من ئەوە یەکدەستتر و پەیوەندی مەنتیقی لەگەڵ چەند فەردی دوای خۆیشی زیاترە. ئەگەر وەك 'سەر وسینگانە' بخوێنرێتەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ دروست نابێت، واتاکەی دەبێتە ئەوەی لە سەر سەر وسینگی خەڵکە. لەسەر سەر و سینگ مۆسیقای پیتی /س/ ی تێدا زەنگ دەداتەوە.

کلیلە: ڕنوو

ئینسان لە ژووریٚ ماونەوە وەك کەوی قەفەس: بۆ ڕێك وپێك بوونی کێشی ئەم فەردە، دەبیٚ لە خوێندنەوەی وشەی 'ماونەوە' دا پیتی ئەلف هەندێك درێژ بکرێتەوە. دەنا بە ئەلفی کورتەوە پێویست دەکات شێوازێکی دیکە بە میسراعەکە بدرێت، بۆ نموونە بگوترێت: 'ئینسان لە ژووریٚ ماونەوە هەروەك کەوی قەفەس'.

پیرەلۆك: داری گەندەڵ و ڕزیو. بە بۆچوونی من، لە جیاتی 'پیرەلۆکیٚ' دەبیٚ بنووسرێت "پیرەلۆکی لەعەرزا بین شەماڵ" لەبەر ئەوەی کردارەکە کۆیە و لەگەڵ بەرکرداری پیرەلۆکیٚ، کە تاکە، نایەتەوە.

شەلاڵ: لێرەدا بە واتای کەوتوو و درێژ بووی سەر زەوییە.

زیرەزیر و زاڵەزاڵ: یەکەمیان قیژە وهەرایە؛ دووهەمیشیان دەنگ و هەرای زۆر. لە باری سەناعاتی شیعرییەوە، یاری کردنە بە مۆسیقای پیتی /ز/ و جوانیش دەرهاتووە بەتایبەت کە شێوەیەك لە جیناسیشیان تێدا دەبینرێت.

سڕ وسیپاڵ: شڕە وپڕە، کۆنە پەڕۆ، جل وبەرگی نەك زۆر تازە و جوان.

سیسارك:مەلێکی مردارخۆرە، سیسارکە کەچەڵەشی پێدەگوترێت.

داڵ: خەرتەڵ. کاتیٚ لەگەڵ قەل دێت – قەل وداڵ، واتای گشتیی باڵندەشی هەیە.

یادی بەخێریٚ: ئەم عیبارەتە لە سیٚ شوێنی شیعرەکەدا هاتووە و لە هەردوو دیوانەچاپییەکەدا وەك یەك نووسراوە. ئەوەی لەناو خەڵکدا موستەلەح بێت، دەگوتریٚ: یادی بەخێر بیٚ! بەڵام ئەوە شاعیرە و دەرتوانێت لە شیعردا شێواز و بیچمی نویٚ بداتە وشە و تەنانەت عیبارەت و ڕستەش.

چاوکەژاڵ: چاوکاڵ، چاوی وەك چاوی ئاسك (بزنە کێوی).

بەندەن: چیا، کەژ و کێو

بێری: مەڕدۆش، دۆشەری ئاژەڵ

کابان: ژنی ئاگاداری ماڵ، کەیبانوو

گەورەماڵ: خانەدان
جێ ژوان: شوێنی دەست نیشانکراو بۆ پێك گەیشتنی دوو دڵدار. بە عادەت لە کۆمەڵگای نەریتیدا پەنا وپەسیو و شوێنێکی دوور لەچاوی خەڵکە، کە زۆرجار لە کاتی شەودا دەچنە شوێنەکە.
هێشتا لەبیریانە؟ شاعیر دەڵێ زستانەکە ئەوەندە درێژ و ئەستەم و ناخۆش بووە، تۆبڵێی کەس خۆشیی سالانی ڕابردووی لەبیر مابێت و بەخەیاڵیدا بێت؟
داخوا: ئایا، گەلۆ
توورە: فوو کردن بە ئامرازێکی مۆسیقا وەك بلوێر و شمشاڵدا.
یاڵ: شانی چیا
**حەستەمە: ئەستەمە**
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

## مافی خۆمه

مافی خۆمه، لێمگەڕێن با هەروەها بێچارە بم[١١٦]
مەخسەرەی دۆم و دوڕاجی ئەم سەر و ئەو خوارە بم
با، وەکوو کوێر و شەل و نوقسان و بێ ماوە و هەژار[١١٧]
تاکوو دەمرم چاوەڕێی ئیحسان و پووڵ و پارە بم
بەو هەموو باری گوناهە، بوو جدەو پشتم، خودا!
تاوەکوو کەی دەست لە ئەستۆی پیسی ئەو کردارە بم؟
کەی خەبەردارم دەکەی یا ڕەب بە زەنگی مەرحەمەت؟
با بەس ئاخر موبتەلای ئەو شوێنە، ئەو ئاکارە بم
بەم هەموو تەبعە ڕەوانە، بەو هەموو هۆنراوەوە
چاکە نەبمە شوهرەیی ئافاق و هەر ئاوارە بم[١١٨]
عاقڵی و ژیری و زرنگی ئێستە بێمۆدن لە لام
باشە وەك مەجنوونی سەرگەردان و وێڵ، پەتیارە بم
مەمکەنە بەرموور لە بەرچاوان بە دەنگ و باسەوە
با وەپشت گوێم خەن جوانان، لێمگەڕێن با گوارە بم
نەچمە سەر چاو وەك برۆ، وا چاکە من بۆ ماوەیەك
هەروەکوو ڕیشێکی بێئیش، جوانە هەر لەو خوارە بم
شەرتە ڕازی عیشقی خۆم هەر هەڵگرم تا مردنم
با لە قەبریشدا ئەمن سندووقی ئەو ئەسرارە بم[١١٩]

---

١١٦. هەردوو اپی ئەنیسی و جەعفەر: هەروەها
١١٧. چاپی جەعفەر: بێ چارە و هەژار
١١٨. چاپی جەعفەر: ئافاق، هەر ئاوارە بم
١١٩. چاپی ئەنیسی: ئەسڕارە بم

تۆ کە گۆت بردۆتە دەر "کامیل" لە گوڵزاری ئەدەب!
حەقتە فەرمووی: هەر ئەمن با شێتی ئەو گوڵزارە بم

قاقڵاوا، ١٣٥٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٥ و ١٦ ی چاپی ئەنیسی و ١١٠ و ١١١ ی دیوانی چاپی جەعفەر)

---

عینوان لە هەردوو چاپەکەدا وەك یەکە و شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە واتە ١٣٥٠ ی هەتاوی و ١٩٧١ ی زایینی، لە چاپی جەعفەر وەرگیراوە؛ چاپی ئەنیسی ئاماژەی پێنەکردوون.
لام وایە کارێکی بەجێ دەبێت ئەگەر ئەو شیعرانەی وا ئاوات لە زەنبیل، قاقڵاوا، گەردیگلان و بۆکان و سەقزی گوتوون لێك جیا بکرێنەوە بۆ ئەوەی بزانرێت گۆڕانی شوێن چ کارتێکەرییەکی لەسەر ژیان و شیعرەکانی بووە یان بە پێچەوانە، چ بارودۆخێکی ژیان مەجبووری کردووە شوێن بگۆڕێت.
ئەوەش غەزەلێکی دیکە لە جوملەی ئەو شیعرانەی ئاواتە کە تێیدا خۆبەکەمزانی و هەست بە گوناهباریی بەڕوونی دەردەکەوێت – ڕۆحیەتێك کە تایبەتمەندیی بەرچاوی کەسایەتی ئاواتە. بەڵام ئەوەی نائاسایی بێت ئەو خاڵەیە کە چەند جار لە چەند شوێنی شیعرەکە، بەخۆیدا هەڵدەڵێت- کارێك کە کەمتر کردوویەتی و کەمتریش لە دیوانەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە: "بەم هەموو تەبعی ڕەوانە، بەو هەموو هۆنراوەیە..." و "تۆ کە گۆت بردۆتە دەر کامیل لە گوڵزاری ئەدەب" و ئەو شوێنەی وا باس لە عاقڵی و زرنگی دەکات و بە کینایە خۆی بە خاوەنیان دەزانێت. پرسیار ئەوەیە چی وای لە شاعیر کردووە هەستی ئەوتۆی تێدا سەرهەڵبدات و بە پێچەوانەی عادەت، بەخۆیدا هەڵبڵێت؟
دۆم و دوڕاجی: ناون بۆ دوو هۆزی کوردی نا نیشتەجێ.
فەردی یەکەمی شیعرەکە بێگومان ڕوانینێکی نەرێ یە سەبارەت بەو دوو هۆزە کوردە و دیارە هەرچەشنە ڕوانینێکی ئەوتۆ و دەربڕینی ئاشکرای بۆچوونەکە، هەڵەیەکی فیکرییە و دژ بە یاسا جیهانییەکان بۆ پارێزراوبوونی کەرامەتی مرۆڤ دەوەستێت. بەداخەوە فەرهەنگی نەریتیی کورد گەلێك لەو بابەتانەی تێدایە کە شوێنیان داناوەتە سەر شاعیرەکانیشمان و وای لێکردوون دژ بە ئایینی گاور و جوو و ئێزەدی و کاکەیی یان ڕەگەز و زمانانی جیاوازی گەلانی دراوسێ یاخود ڕەش پێستان و...

هەڵوێست بگرن، کە ئەو ڕۆحە بە تایبەت لە وەرگێڕانی شیعرە کوردییەکان بۆ سەر زمانانی دیکەدا دەردەکەوێت و نەك هەر بایەخ بە شیعر و ئەدەبی کوردی نابەخشن، بەڵکوو بە داخەوە دەبنە هۆی دژایەتی و ڕقەبەرایەتی ناپێویست لەگەڵ گەلانی دیکە، یان بەشێك لە گەلەکەی خۆمان[١٢٠]. هیوادارم ئەو هەڵوێستە هەڵە و ناپێویستانە چیتر لە شاعیر و هونەرمەندەکانمان سەرهەڵنەدەن.
با، وەکوو کوێر و شەل و نوقسان ..: ئەوەش هەر ڕوانینێکی هەڵەیە بەو کەسانەدا کە کەمئەندامییان هەیە. دیارە شاعیر دەست نیشانی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگاکەمانی کردووە کە هەرچەشنە ناتەواوییەکی لەش واهەیە خاوەنەکەی لە ئیش وکار دوور بخاتەوە و کەس کاریان پێ نەسپێررێت، لە ئەنجامدا چاوەڕوان بن خەڵك خێر و خێراتیان پێ بکات. لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەمڕۆ، حکوومەت ئەرکی خۆی لە بەرانبەر ئەو کەسانەدا بەجێ دەگەیێنێت و یارمەتییان دەدات بتوانن بچنە سەر ئیش وکارێك کە توانای بەڕێوەبردنیان هەیە و لە ئەنجامدا مەجبوور نابن دەست بۆ خێر وئیحسانی خەڵك درێژ بکەن. ناوەرۆکی فەردی یەکەم و دووەمی غەزەلەکە ئەو مەسەلەیەیە.
شاعیر لە فەردی سێهەم و چوارەمدا ڕوو لە خودا دەکات و دەچێتەوە سەر ئەو باسەی کە دەیان جار لە شیعرەکانیدا دووپات بۆتەوە: من گوناهبارم و چاوەڕوانی مەرحەمەتی تۆم خودایە!
بەڵام بەرگۆی قسەکانی لە فەردی پێنجەم بەدواوە تا کۆتایی، خەڵك و خوێنەری شیعرەکانیەتی نەك خودا. بەوان، واتە بە خوێنەری شیعرەکانی دەڵێ سەیر کەن چەندە تەبعی شیعریم ڕەوانە و چەندە هۆنراوەم زۆرن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێمگەڕێن با ناو دەرنەکەم و بە ئاوارەیی بژیم. هەروەها گلەیی دەکات و دەڵێ ئێستا لەم سەردەمەدا عاقڵی و ژیری و زرینگی لای خەڵك پەسند نییە، جا باش وایە منیش دەست لەو سیفەتانە [کە خاوەنیانم]، هەڵبگرم و وەك مەجنوون، وێڵ و پەتیارە بم.
پەتیارە: کەسی شێتۆکە و سەرسەری.
بەرموور: ملوانکەی لە مووروو دروستکراو.

[١٢٠] بۆ نموونە، شیعرێکە وا شێخ ڕەزای تاڵەبانی سەبارەت بە کاکەییەکانی گوتووە و هەر سەرتاپای بوختان و هەڵبەستراوە.

شاعیر له نێوان بەرموور و گوارە دا سەنعەتی مطابقەی دروست کردووە و دەڵێ با وەك بەرموور نەبم کە لە سەر سینگ و بەرۆك و لەبەر چاوان دەوەستێت، بەڵکوو وەك گوارە بم کە زوڵف دایدەپۆشێت و کەمتر دەبینرێت.

هەمان کار لەگەڵ برۆ و ڕیش کراوە کە یەکیان لە لای سەرووی دەم وچاو دادەنیشێت و ئەویتریان لای خوارەوە. جا دەڵێ باش وایە لەسەر چاوی ئێوە دانەنیشم بەڵکوو وەك ڕیش لە لای خوارەوەی دەم و چاوتان بم. ڕیشی بێ ئیش تەرکیبێکی جوانە و لە ڕیش و ئیش جیناسی ناتەواو دروست کراوە.

سندووقی ئەسرار واتە کەسێك کە قسە نادرکێنێت و ڕازی نهێنیی خەڵك لای خۆی دەپارێزێت. دیارە وشەی ئەسراری عەرەبی دەبێ بە /ر/ ی قەڵەو بنووسرێت بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەدیفی شیعرەکە لە هەموو فەردەکانیدا "...ارە بم" ە، لێرەشدا باش وایە نەزمەکە تێك نەدرێت و بە شێوەی 'ئەسرارە' بنووسرێت. منیش بەو بۆنەیەوە ڕەچاوی چاپی جەعفەرم کرد. چاپی ئەنیسی وەك 'ئەسڕاڕە' ی تۆمار کردوە، کە بە ئەگەری زۆر لە بنەڕەتیشدا هەر وا بووە.

گۆ بردنە دەر لە مەیدان: سەرکەوتوو بوونە لە کاردا؛ شاعیر گوتوویەتی گۆبردنەدەدر لە گوڵزاری ئەدەب، واتە گوڵزاری ئەدەبی وەك مەیدان بینیوە، کە تەرکیبێکی تازەیە.

حەقتە فەرموی: مافی خۆتە وا بفەرمووی.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# حەسرەتی دڵ

له ئێش و حەسرەتی دڵ وەختە بمرم
پەڕ و باڵ، ڕەنگە بەم ڕۆژانە، بگرم
لە هەرجێ دادەنیشم چۆڵوهۆلە
مەگەر کوندم، کە وا وێرانە قەسرم؟[121]
لە نێو کۆڕی ئەدیبان ئەفسەحێ بووم
کەچی ئێستاکە وا بێنەزم و نەسرم
وەکوو کەرویێشکی لانەوخوارم، ئەمما
لە پێش چاوان بەڵان وەك شێر و بەبرم
بە حیلە و فێڵ و نەیرەنگ بووم، ئەوێستێ
چ بەستەزمان و بێئەفسوون و مەکرم!
ڕەئیسی خێڵی بێچارانە "کامیل"
ئەنیسی میحنەت و ئەندووه و فەقرم
شوکور زەیقەت هوجوومی کردە لای من
حەدیسی ئەحمەدە "ئەلفەقرو فەخر"م
مەڵێن بێ هیممەتە؛ ڕیشەم لە بن هات
زەعیفە تاقەتم، بێتینە سەبرم
بەڵای لێدا ژیانی وا بەزیللەت
چ تاڵوتوونە، چاوم، عومری خدرم!
بە زیندوویی بەکاری من نەهاتن
ڕەفیقانم، مەگەر بمنێنە قەبرم!

---

[121] چاپی جەعفەر: وێرانە قەبرم

قاقلاوا، ۱۳٥۰ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤۷ ی دیوانی چاپی ئەنیسی و ۱۲۱ و ۱۲۲ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا "بەستە زمان"ە. ساڵی گوترانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا نییە.
شاعیر لە شیعرەکەدا هەمان ئەو بێ هیواییە دەردەخات کە لە زۆر شیعری دیکەشیدا دووپاتی کردۆتەوە: ئێش و حەسرەت لە دڵمدایە، کوندم و وێرانە نشینم، بێ نەزم و نەسرم، لانەوخوارم، ڕەئیسی خێڵی بێچارانم، فەقیرم، ڕیشەم لەبن هات و....
لە عەینی کاتدا چاوێکی لە ڕابردووی خۆیەتی و یادی بەخێری دەکات: ئەفسەح بووم و ئێستا بێ نەزم و نەسرم؛ بەحیلە و فێڵ و نیرەنگ بووم و ئێستا بەستەزمانم.
پەڕوباڵ ڕەنگە بەم ڕۆژانە بگرم: بەهۆی ئێش و حەسرەتی دڵەوە، واهەیە ئەم ڕۆژانە پەڕوباڵ بگرم!
پەڕوباڵ گرتن: غەزەب لێگیران و بێچارەیی.
وێرانە قەسر: قەسری کاول و وێران؛ ئاماژە بەو باوەڕە خورافییەی کە لە نێوگەلانی ناوچەی ئێمەدا باوە و دەگوترێت کوند تەنیا لەسەر وێرانە دادەنیشێت، تەنانەت ئەگەر شوێنەکە ئاوەدانیش بێت دوای نیشتنی ئەو وێران دەبێت. چاپی جەعفەر وەك 'وێرانە قەبرم' ی تۆمار کردوە کە واتای پێویست ناداتەوە و لام وایە دەبێ هەڵەی چاپ بێت، مەگەر 'وێرانە قەبری'ش لە سەر زمانی خەڵك بێت و من ئاگاداری نەبم.
ئەفسەحێ بووم: ڕەوانبێژترین کەسی ناو کۆڕی ئەدیبان بووم و ئێستا شیعر و پەخشانم نەماوە.
لانەوخوار: پێچەوانەی 'لانەوبان'. ماڵی لای خوارەوەی چیا. ئاماژەیە بەوەی کەروێشك دەستی لە لاقەکانی کورتترە و باش دەتوانێت سەرەوژوور لەدەست ڕاوچی ڕابکات بەڵام لە هەڵاتنی سەرەوخوار زۆر چێ نییە و ناتوانێ بە هاسانی خۆ بگەیێنێتە لانی خۆی و تانجیش زووتر دەیگرن. کەروێشکی لانەوخوار: کەروێشکێك کە کەوتۆتە لاوازیی و لەدەست تانجیی ڕاوچی بەرەوخوار هەڵدێت. شاعیر دەڵێ من لەبەر چاوی خەڵك، وەك شێر و بەبری ئازا دەنوێنم، بەڵام لە ڕاستیدا واش نیم!
شاعیر لە ڕەئیس و ئەنیس جیناسی ناتەواوی دروست کراوە.
ئەندووە: خەم
زەیقەت: 'ضیقة' ی عەرەبی: تەنگی و تەنگدەستی و ناڕەحەتی لە ژیان

نەیڕەنگ: نیرەنگی فارسی، فێڵ
ئەوێستێ: ئێستا
حەدیسی ئەحمەدە: ئەحمەد: یەك لە ناوەکانی پێغەمبەری ئیسلامە. گوایە 'ابی موسی' ناوێك لە پێغەمبەری ئیسلامی گێڕاوەتەوە کە گوتوویەتی شانازی بە هەژارییەکەمەوە دەکەم.
چ تاڵ وتوونە، چاوم، عومری خدرم: چاوەکەم، ئەو تەمەنە درێژەی من چ تاڵ و توونە!
توون: جەهەننەم، ئاگردانی گەرماو (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار). تاڵ و توون دەبێ لەسەر زمانی خەڵك هەبێت و هەردوو وشەکە یەك واتا یان واتای هامشێوەی یەکتریان هەبێت.
خدر: خضر، پێغەمبەرێکی بەنی ئیسڕائیلە، ناوی بە هەمیشەیی بوون و زیندوومانەوە دەرکردووە. شاعیر، بە پێچەوانەی 'خدری زیندە'، لێرە و لە چەند شیعری دیکەدا ناڕەزایە لەوەی تەمەنی زۆرە و ژیانی ئەم دونیایەی بۆچی کۆتایی نایەت؟ دەڵێ عومرێکی درێژم بووە بەڵام تاڵ و توون و ناخۆش بووە.
بەزیندوویی....: گلەیی شاعیرە لە هاوڕێکانی. ئاوات لە شیعرەکانیدا کەمتر واهەیە گلەیی و بناشت لە دۆست و برادەری خۆی بکات. بەڵام لێرەدا دەڵێ هیچیان لە ماوەی ژیانمدا کەلکیان بۆم نەبوو، هیچ نەبێ بەڵکوو ئەوەندە خێرم بۆ بدەنەوە کە بمنێنە ناو قەبرا!
شاعیر لەساڵی گوترانی شیعرەکەدا ٦٨ ساڵان بووە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## له دەرکی مەیکەدە

له دەرکی مەیکەدە کەوڵم بە عەرزا داوە ئەی چاوم!
دەسا ساقی دەخیلتبم! کەرەم‌کە پیاڵە تا ماوم[122]
بە بۆنەی پیری مەیخانە، منیش پیر بووم و لێ‌کەوتم
کەچی هەر جوانەمەرگیم پێ‌دەمێنێ وەك دڵی لاوم
بە ئاوری دووری یارەب جەرگ و دڵ سووتاوە یەك‌جاری!
نەیاری بەدمەسەب پێی‌وایە هێشتا من نەبرژاوم
کوتم سەد جار شوکور بوومە بەلاگەردانی بالاکەی[123]
وەکوو زەینیش دەدەم هێشتا، کەچی ئەی داخەکەم ماوم
له بەحری سوێری فرمێسکی، "ئیمامی" بانگ دەکا: یاران!
وەرن بۆ یارمەتی، ئێوە و خوداتان، تا نەخنکاوم

قاقلاوا، ۱۳۵۰ ی هەتاوی
(لاپەڕە ۸۹ و ۹۰ی چاپی ئەنیسی و ۱۱٤ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'جوانە مەرگی'یە و ئەویش لە دەقی شیعرەکە وەرگیراوە کە تەنزێکی نەرمی تێدایە.
شاعیر لە کاتی گوتنی شیعرەکەدا ٦٨ ساڵان بووە.
لە دەرگای مەیخانە کەوتن و داوای پیاڵە لە ساقی کردن و هانا بردنە بەر پیری مەیخانە، بابەتێکە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و فارسیدا هەزاران نموونەی هەیە. لای

---

[122]. چاپی ئەنیسی: کەرەم پیاڵە تا ماوم (دیارە هەڵەی چاپە).
[123]. چاپی ئەنیسی: بومە

خۆمان بۆ نموونە، لە شیعری نالی و وەفایی و لە ئەدەبی فارسیش لە شیعری خەییام و حافز و مەولەویدا. ئەوە فەردێك لەوەفایی:

*"ئەلا ئەی ساقیی مەستان! بە حەققی پیری مەیخانە*
*بە گەردش بێنە جامی مەی بە یادی چاوی جانانە..."*

ئەو چەمکانە چوونەتە ناو زاراوە عیرفانییەکانی ناوچەکەوە و کەسێك بیەوێت لێیان تێبگات دەبێ واتای مەجازییان لە عیرفانی ئیسلامیدا بدۆزێتەوە. بۆ نموونە پیری مەیخانە، بریتییە لە پیری دەستگیر، کە مورادی موریدانە و ....

کەوڵ بەعەرزدادان: نیشتەجێ بوون لە شوێنێك و پێداگرتن و نەجووڵانەوە.

بە بۆنەی پیری مەیخانە: واتە منیش شوێن کەوتنی پیری مەیخانە پیری کردم و لەکار کەوتم، بەڵام دڵم هەر گەنجە و واهەیە بە لاویەتی بمرم. ئەوەش لاویەتیی دڵی شاعیرە نەك تەمەنی ساڵ و مانگ کە دیارە لە ٦٨ ساڵیدا چیتر لاو نەماوە.

نەیار: نە دۆست، دوژمن.

بەد مەسەب: لارێ، ناوەنیتکەیەکە ئیماندارانی موسوڵمان لە نەیارانی خۆیانی دەدەن و بەوەیان تاوانبار دەکەن گوایە ڕێگای چەوت (جیاواز لە بۆچوونی ئەوان)یان گرتۆتە بەر و لە مەزهەبی عام لایانداوە. ئەو تاوانبار کردنانە بە درێژایی مێژووی ئایین هەر بووە و لە ڕابردوودا کەمتر ئیماندارێك بووە بۆچوونی غەیری خۆی بسەلمێمنێت و قەبووڵی بکات. شەڕی نێوان ئەو ڕێباز و هێڵە فیکرییە جیاوازانە، بەشێکی زۆری مێژووی شەڕ و پێکدادانی مرۆڤایەتی بەتایبەت لە ناو موسوڵماناندا پێکهێناوە. ئەمڕۆ، بە تایبەت لە دێموکراسیی ڕۆژئاواییدا مەسەلەکە گۆڕاوە و کەس بەد مەسەب نییە باوەکوو لەگەڵ باوەڕی گشتیی خەڵکەکەش نەبێت. هەر بۆیەشە وەك دەگوترێت لە بریتانیای مەسیحیدا زیاد لە دوو هەزار مزگەوتی موسوڵمانان هەیە لە کەتێکدا لە تارانی پێتەختی کۆماری ئیسلامی ئەهلی سوننەت و جەماعەت مافیان نییە مزگەوتێك بۆخۆیان بکەنەوە و نوێژی تێدا بکەن!

کوتم سەدجار شوکور: گەرچی شوکرانەبژێر بووم کە لە ڕێگەی یاردا کووژراوم و بوومەتە  بەلاگێڕەوەی ئەو، بەڵام ئەوەندەی تێدەفیکرم، هێشتا هەر ماوم و بۆ ئەو مانەوەیەش بەداخەوەم!

لە بەحری سوێری فرمێسکی: ئیمامی لە دەریای سوێری فرمێسکی خۆیدا خەریکە دەخنکێت و هانا دەباتە بەر 'یاران' ی خۆی بۆ ئەوەی بێن و یارمەتی بدەن و ڕزگاری بکەن.

شاعیر پێمان نالێت فرمێسك بۆچی و بۆ کێ دەڕێژێت و تەنانەت نالّی دووریی کێیە وا جەرگ و دڵی سووتاندووە و ئەو کەسەی وا خۆی کردۆتە بەڵاگەردانی باڵای ئەو، کێیە؟ بەڵام بە حیسابی ئیستیعارەی هەندێك وشەی وەك 'باڵاکەی' و هێنانی تێرمی 'نەیاران'، دەکرێ بزانین ئەوە لە ڕاستیدا یارەکەیەتی کە لە بەرانبەر بە نەیاران (ڕەقیبان)ی دادەنێت. هەردوو ئەو یار و نەیارانەش لەو تەمەنەدا، بە بۆچوونی من، بوونی حەقیقییان نییە و ئاوات لە زیهنی هونەرمەندانەی خۆیدا خوڵقاندوونی.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## بەوری بەیان

لەگەڵ دوژمن "ئیمامی" هەروەکو شێری ژیان وابە!
لە پێشبڕدانیان ڕاوەستە، وەك بەوری بەیان وابە!
بە داخ و دەردەوە بۆچی چەمیوی، ئاهەکەت تیرە؟
لەگەڵ خەڵکی زەمانە ڕاست وەکوو تیری کەوان وابە!
ئەگەرچی هەر وەکوو کیسەڵ لە قاپیلکی خەما خەوتووی،
لە کالانا مەوێستە، هەر وەکوو تیغی دەبان وابە!
لە ڕیزی عاشقانیش هەر وەکوو مەجنوونی ماڵ کاول
لەدووی خێڵ و کەژاوەی لەیلی هەروەك سارەوان وابە!
لە عیلمی سیحر و نەیرەنگ و فسوون قەیناکە، تێکۆشە
هەتا پێش چاوی دوژمن وەك شك و وەهم و گومان وابە!
بەگەرمی ڕابوێرە شەو بەیادی دڵبەرت، 'کامیل'![124]
لەگەڵ ناڕاستەکان سارد وەك نەسیمی بەربەیان وابە!

بۆکان، ۱۳۵۰ ی هەتاوی
(لاپەڕە ۲٤ ی چاپی ئەنیسی ۱۸۰ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'لەکالانا مەوێستە' یە و من گەلێك پێم جوانە. هەردوو عینوان لە دەقی شیعرەکە وەرگیراون. واهەیە هیچکام لەوانەش بە خواستی شاعیر خۆی دانەنراون. دەگونجێ شیعرەکانی ئاوات عینوانیان نەبووبێت و ئەوەش ڕەسمی زوربەی شاعیرانی پێشوومانە. شیعرەکە چەشنە هاندانێکە بەرەو ڕاپەڕین و بەربەرەکانی کردنی دوژمن، کە ئەگەری زۆر ئەوەیە دوژمنی شەخسی و تاکەکەسی

---

۱۲٤ . چاپی ئەنیسی: 'چاوم' ی لە جیاتی 'کامیل' داناوە.

نەبێت بەڵکوو دوژمنی گەل واتە ڕژیمی شا بێت بەڵام شاعیر بە حیسابی بارودۆخی سیاسیی سەردەمی خۆی، لە پێوانەیەکی بچووکتری فەردییدا دەریبڕیوە، گەرچی لە شوێنێکدا دوژمن کۆ دەبەستێت و دەڵێ "لە پێشبڕدانیان ڕاوەستە" و ئەوە تا ڕادەیەك بۆچوونەکەی من دەسەلمێنێت.

ئەو تایبەتمەندییە ئەرێ یانەی وا شاعیر لێرەدا بانگاشەیان بۆ دەکات، بەشێکی بەرچاویان لە کەسایەتی ئاوات خۆیدا دەبینران. خۆڕاگر لە بەرانبەر دوژمن، وەك نموونەی زیندان و پاشانیش هاوکاری و هاوهەنگاویی پێشمەرگە وەك ڕەمزی خەباتی نەتەوایەتی؛ دوور بوون لە خەڵکانی ناڕاست، و بێ فێڵ بوون لەگەڵ خەڵکی ئاسایی، لە عەینی کاتدا مەند وبێدەنگ و ئەسیری قاپیلکی خەم. کەسانێك کە کامیل شایان لە نزیکەوە دیتبێت ئەو مەندی و بێدەنگی و خەمبارییەیان بە باشی هەست پێکردووە.

شیعرەکە هەروەها دەرس و ئامۆژگارییەکی لاوانی وڵاتە و پێیان دەڵێ تەنانەت "زانست" ی سیحر و فێڵ و ئەفسوون کردنیش فێر بن بۆ ئەوەی بتوانن خۆتان لەبەر چاوی دوژمن، کە دەبێ داگیرکەری کوردستان بێت، ون بکەن و بە شاراوەیی و لە نهێنیدا هێرش بکەنە سەری. ئەوانە هەموو دەرسی خەبات وپێشمەرگایەتین بە ئیماژ و لە فۆرم و قاڵبێکی شاراوە و ژێرپەردەدا.

لە شیعرەکەدا، "ئیمامی" خودی شاعیرە و ئامۆژگارییەکانیش بە ڕواڵەت ڕوویان لەخۆیەتی. "ژیان" سیفەتی شێر و "بەیان" یش سیفەتی بەورە. هەردوو وشەکە ویدەچێت فارسی بن. بەگشتی لێرە و لە زۆر شیعری دیکەشیدا سەید کامیل خۆی گیرۆدەی بەند وبەستی وشەی پەتیی کوردی نەکردووە و ئیجازەی داوە وشەی عەرەبی و فارسی بێنە ناو هەڵبەستەکانیەوە، واتە وەك زۆر شاعیری ئەسیری فۆڕمالیسم، دەربەستی قاڵب و فۆڕم نەبووە و ڕاگەیاندنی ناوەرۆك و پەیامی سیاسیی ناو شیعرەکەی بەلاوە گرنگتر بووە لەوەی بنەما و ڕەگی وشەکان فارسی بووبێتن یان عەرەبی.

"بە دەرد وداخەوە بۆچی چەمیوی تیرەکەت ئاهە"! ئەوە پێکهاتەیەکی جوان و تازەیە. "چەمیوی" بەواتای پشتت نووشتاوەتەوە و بۆتە کەوان، خۆ بە داخەوە تیریشت نییە بیهاویە گیان دوژمنت، لەجیاتییان تەنیا ئاە و ناڵەیان ئاراستە دەکەیت! ئەوە باش نییە، تۆ دەبێ لەگەڵ خەڵك وەك تیری کەوان ڕاست بی. تەعبیری "ئەهلی زەمانە" هەندێك جێگەی مشتومڕە و لە خوێندنەوەدا هەست دەکرێت لایەنێکی نەرێ یی هەیە و شاعیر بە واتای خەڵکانی خراپ و "نان بەنرخی ڕۆژ خۆر" ی هێناوە. باس لە "تیر"

کردن واهەیە ئەو بۆچوونە پشتڕاست بکاتەوە و شاعیر بیەوێ بڵێت لەجیاتی ئاە وناڵە، تیری ڕاست حەواڵەی ئەو کەسانە بکە. هەرچۆنێك بێت، تێرمی "ڕاست" لە عیبارەتی "ڕاست وەك تیری کەوان وابە" دا، سەنعەتی شیعریی "ئیهام" ی تێدایە و واتای پاك و سادق و بێ فێڵیشی لێ وەردەگیرێت.

شاعیر بە خۆی، یان بە بەرگۆی قسەکانی دەڵێت لە قاپیلکی خۆت وەرەدەرێ و وەك خەنجێری لە جنسی "دەبان" دروستکراو کە هەمیشە ئامادەی شەڕ و گەڕە، لە کالاندا مەمێنەوە. "دەبان" یش چەشنێك پۆڵایە (چێشتی مجێور).

تۆ کە لە بەرانبەر دوژمن و نەیاردا ئاوا ڕاوەستاو و ئامادەی شەڕی، دەبێ بە پێچەوانە، لە بەرانبەر خۆشەویستەکەتدا وەك سارەوانی کەژاوەکەی وابێ و پارێزگاریی لێ بکەیت. لێرەدا شاعیر بابەتەکە هەندێك با دەدات و لە باسی شەڕ وگەڕ و شیر وتیرەوە دەچێتە سۆراغی عیشق و مەجنوون و کەژاوەی لەیلی، ئەوەش نەرم و نیانی و لەتافەتێکی زیاتر دەداتە شیعرەکە.

"لە عیلمی سیحر و...": شاعیر دوای تاقە یەك فەرد کە باسی ئەوین و خۆشەویستی دەکات، دەگەڕێتەوە سەر بابەتەکەی پێشوو و سەرلەنوێ بەرگۆی شیعرەکە لە ئامادەیی شەڕی دوژمندا ڕادەگرێت: کاکە! دوژمن فێڵبازە، تۆش ساویلکە مەبە و فێڵی لێ بکە! قەیدی ناکات ئەگەر فێڵ و حیلە وحەواڵە فێربی و لەکاری بکەیت؛ ئەوانە بۆ بەگژداچوونی دوژمن پێویستن. خۆت بشارەوە و کارێکی وا بکە دوژمن نەتدۆزێتەوە ئینجا لە شوێنە نهێنیەکەتەوە هێرشی بکە سەر و لێیبدە. وەك ئەوەی شاعیر دەرسی پێشمەرگەی کورد دابدات و فێری لێدان و هەڵاتن و خۆشاردنەوەیان بکات.

لە فەردی کۆتاییدا ئاوات داوا لە بەرگۆی شیعرەکە واتە ڕۆڵەی گەلی کورد دەکات کەسایەتییەکی ئاڵۆزی هەبێت و لەعەینی ئەوەدا لەگەڵ دڵبەرەکەی یان تەنانەت بە یادی دڵبەرەکەیەوە شەوێکی گەرم و خۆش ڕادەبوێرێت، لەگەڵ خەڵکانی ناڕاست و دژبەردا، ساردوسڕ بێت و خۆیان لێ دوور بخاتەوە. ئەو کەسایەتییەی ئەو بانگاشەی بۆدەکات، لە تایبەتمەندیی و خوو و خدەی خەڵکانی ئاسایی نێو گوندەکانی کوردستانی سەردەمی ئەو هەندێك جیاوازە. خەڵکی ئێمە لە بەراورد لەگەڵ گەلانی دراوسێماندا، فەقیرۆکە و ساکارترن یان لانیکەم لە سەردەمی ئەودا وابوون.

وەك گوتم شیعرەکە هەندێك خەسلەت و تایبەتمەندیی کەسایەتیی شاعیر خۆیشی دەردەخات و بەم پێیە، دەتوانرێت وەك چەشنە ئوتۆ بیۆگرافییەك سەیر بکرێت. دیارە

ئەو ئامادەییانەی وا ئاوات خوازیاریانە، هی بارودۆخی پڕ شەڕ وشۆری کۆمەڵگای کوردەوارین. خەباتکاران لە کۆمەڵگای سەقامگیری ولاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوادا پێویستیان بەوە نییە هەمیشە شیری ڕووتیان بەدەستەوە بێت و خۆ لە دوژمنی فێڵباز بشارنەوە. لەم لایانە تەنانەت خەباتی چینایەتیش شێوازێکی بەڕواڵەت لیبڕال-دیموکڕاتییانەتری هەیە و لە ڕێگای پەرلەمان و دەنگدان و هێنانە سەرحوکمی کەسانێك و لابردنی کەسانی دیکەوە بەڕێوە دەبرێت؛ ئەوانەش گەلێك دوورن لە تێگەیشتنی ستالینیی خەباتی چینایەتی، کە هەندێك لە حزبە سیاسییەکانی ئێمە تا ئێستاش هەر بڕوایان پێی هەیە و لە "توندوتیژی نواندن" دا خۆی دەنوێنێ ئێمە خوو خدەی عەشیرەیی و دژایەتیی نێوان هۆز و خێڵەکانمان گۆڕی و کردمانە خوو خدەی حزبی و دژایەتی نێوان حزب و ڕێکخراوەکان. بە گوتەی دۆستێکی خۆشەویست، لە ماوەی ٢٤ خولەکدا بووین بە کومۆنیست بەڵام بە دەیان ساڵیش نەبووینەتە دیموکڕات!

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

# خەت و خاڵ

خەت وخاڵ و زوڵف و برژۆڵ لە نزیکی چاوی مەستە
هەموو زار و جەستە خەستە، هەموو شێت و دەست بەستە
یەکی دوور و یەك نزیکە، یەکی نزم و یەك بلندە
هەموو کەوتوو، ڕەوتوو، سەرسام، وەکوو لەشکری شکستە[125]
چ قەبیلەیێکی شۆخن قوڵەزەنگیی خێڵی لەیلی!
کە بە هۆی ئەوینی مەجنوون دەخزێن بە دەستە دەستە
دڵی ڕووت و قووتی عاشق بە هومێدی ڕۆژی کوڵمە
کە بزانێ عاشقی ڕووی ئەوە ڕووت و ڕۆژبەرستە[126]
بە دزی دەخاتە ئەستۆ سەری زولفی عاشقی ڕووی
کە دەزانێ خۆش مەرەز بوو، چ جوانی کردە ڕستە![127]
هەموو عاشقانی زاری بە قسێکی خۆش دەڕەقسن
لە دەمی ئەگەر ببیسن چ گرنگە، ئەو مەبەستە
ئەمنیش دڵم لەوێ بوو، بە ئیشارەیێکی چاوی
هەڵیگرت و بردی، فەرمووی دە 'ئیمامی' هەستە، بەستە!

گەردیگلان، ١٣٥٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٠ ی چاپی ئەنیسی و ١٨١ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا خۆش مەرەز' ە و من زاراوەی جوانی کوردیی 'خۆش مەرەز'م پێ ڕەزاشیرینە.

---

[125] . چاپی ئەنیسی: هەموو کەوت و ڕەوت و سەرسام
[126] . چاپی ئەنیسی: روت، قوت، روی، روت، رۆژ
[127] . چاپی جەعفەر: خۆش مەرەز بووم؛ چاپی ئەنیسی: خۆش مەرەز بوون

کێشی شیعرەکە گەلێك سوار و بن بزۆکەیە! شاعیر لێرەدا لە سەر زەوقە، یادی دڵبەرەکەی و خەت و خاڵ و زولف و برژۆڵ و قسەی زار و ئیشارەی چاوی ئەوی کردووە و وەك 'عاشقانی زاری دیکە، بە قسەیەکی خۆشی یار' (چ یاری ڕاستەقینە و چ ڕوئیایی)، بەو هەوا بن بزۆکەیە 'دەرەقسێت' و بەئاواتە 'ئەو مەبەستە' لە زاری دڵدارەکەی ببیسێت کە بەڵێنی دیدارە یان وەعدەی ژوان، یا خود ویسال و پێك گەیشتن. شاعیر ئەو هیوایەی لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا دەربڕیوە.

فەردی یەکەم و دووەم:

خەت و خاڵ و زولف و برژۆڵ سەنعەتی مراعات النظیریان پێ دروست کراوە. وێدەچێ شاعیر بە دوو تاقم واتە خەت و خاڵ لە لایەك و زولف و برژۆڵ لەلایەکی دیکە هەروەها بە دوو دەستە سیفەتی ناو میسراعی دووەم واتە زار و جەستە خەستە لە لایەك و شێت و دەست بەستە لەلایەکیتر، سەنعەتی لف ونەشری بەکار هێنابێت کە دەکرێت مورەتتەبیش بێت و مشەووەشیش!

ئەگەر ئەو بۆچوونە تەواو نەبێت، لایکەم دەبێ ئەوەیان تەواو بێت کە لە نێوان ئەو چوار ناوەی فەردی یەکەم و چوار سیفەتی فەردی دووەم (دوور و نزیك و نزم و بڵند)دا، لف و نشری موشەووەش دروست کراوە

زار، لە فەردی یەکەمدا زەعیف و لاوازە؛ بەڵام لە فەردی شەشەمدا ئیهامی تێدایە، واتای یەکەمی دەم ولێوە و واتای دووەمی هەمان زار و زەعیفە.

کەوتوو و ڕەوتووش دوو سیفەتن بۆ خەت و خاڵ و زولف و برژۆڵ. کەوتوو ئاشکرایە چییە، رەوتووش سیفەتێکی جوانە شاعیر دروستی کردووە و واتای ڕۆیشتوو، لەدەستچوو و لەناوچوو و شتێکی هاوشێوەی ئەو 'سەرسام' ەی لێ وەرگرتووە کە بەشوێن ئەودا هێناویەتی. کەوتوو و ڕەوتوو لە چاپی ئەنیسیدا وەك 'کەوت و ڕەوت و سەرسام' هاتووە کە تەواو لە شوێنی خۆیدا نییە و جەعفەر باشی ساغ کردۆتەوە.

تەرکیبی 'چاوی مەست' لە شیعری شاعیرانی دیکەی کوردیشدا بینراوە بۆ نموونە، مەحوی و سالم.

فەردی سێهەم

قەبیلەی قوڵەزەنگی دەبێ زولفی یار بێت کە بەسەر ڕوومەتیدا دەخزێن و دێنە خوارەوە لە نجامدا بەری ڕووی لەیلی لە مەجنوونی شاعیر دەگرن.

فەردی چوارەم

ڕووت (ڕووی تۆ) و ڕووت (بێ جل و بەرگ)، ئیهامیان تێدایە. ڕووت و بێ بەرگ دەبێ هەتاوی خۆش بوێت و بیپەرستێت بۆئەوەی لە سەرما دەیپارێزێت.
فەردی پێنجەم
من هەندێك لە واتاكردنەوەی 'عاشقی ڕووی' دا تێماوم. جیاوازیی نێوان 'خۆش مەرەز بوون' و 'خۆش مەرەز بووم' ی دوو چاپەكەش زیاتری سەر لێ شێواندووم: ئەگەر یاری شاعیر سەری زولفی بە دزییەوە دەخاتە ئەستۆی خۆی، ئەی 'عاشقی ڕووی' لێرەدا چ كارەیە؟ ئەگەریش زولفی بەدزییەوە دەخاتە ئەستۆی عاشقی ڕووی، كە ئەوەیانم پێ ڕاسترە، ڕستەكە بۆچی وا شێواوە و پەیوەندی لەگەڵ میسراعی دووەمدا بۆچی وا لێڵە؟
'كە دەزانێ خۆش مەرەز بوو'، لە دوو چاپەكەدا بە دوو شێوەی 'بوون' و 'بووم' نووسراوە و منیش كێشەكەم قووڵتر كردووە بەوەی شێوەیەكی سێهەمم بۆ داناوە و كردوومەتە 'بوو'! لە ڕاستیدا من شێوازی چاپی جەعفەرم پێ هەڵەیە و نابێ لێرەدا بە یەكەم كەس قسە بكرێت، 'من' بۆچی خۆش مەرەز بووم و بەگشتی دەوری 'من' لێرەدا چییە؟ شێوازی چاپی ئەنیسی باشترە كە شێوازی كەسی سێهەم داوەتە ڕستەكە، بەڵام عەیبی ئەویش ئەوەیە بە سێهەم كەسی كۆی داناوە و ئەوە لەگەڵ كرداری 'كردە ڕستە' دا یەك ناگرێتەوە كە تاكەكەسییە و كۆ نییە. خۆش مەرەز سیفەتە بۆ بزنێك كە مەرەز واتە مووەكەی چاك و نایاب بێت و ڕیسی باشی پێ بڕسترێت. شاعیر بە زولف و مەرەز و ڕستە ، جیناسی دروست كردووە.
كورتی ببڕمەوە، واتای شیعرەكە لای من ئاوایە: یارەكەم سەری زولفی بە دزییەوە خستە ئەستۆی عاشقی ڕووی و كاتێ كە زانێ ئەو زوڵفە، جنسێكی باشە و مەرەزی چاكە! ئینجا ڕست یان ڕستەیەكی باشی پێ ڕست. 'ڕستە' ش ئیهامی تێدایە و دوو واتای جیاواز واتە 'شتی ڕستراو' و 'ڕستەی قسە و نووسین' ی لێ وەرگیراوە.
فەردی شەشەم
'زار' ئیهامی تێدایە: دەم و لاواز. زار و دەم و قسە و بیستنیش پێكەوە جیناسیان پێ دروستكراوە.
فەردی حەوتەم

لەوێ، واتە لای ئەو ڕووداوانە کە عاشقانی زاری یار بە قسەیەکی خۆشی ئەو دەڕەقسن. شاعیر دەڵی دڵی منیش لەوێ بوو بەڵام یار ئیشارەیەکی چاوی لە دڵم کرد و لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرت و بردی و گوتی هەستە شاعیر، ئیتر خۆشیت بەسە!

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن مشکول: فعلات فاعلاتن // فعلات فاعلاتن

# دانەخۆرە

ئافەتی گیان و دڵی 'کامیل' جەماڵی دڵبەرە
قاتڵی بێ ڕەحم و مەستم چاوی کاڵی دڵبەرە
کوشتمی، چابوو بە ماچی لێوی زیندووی کردمەوە
قووتی گیانم مشتنی دوو لێوی ئاڵی دڵبەرە
زولفی داوی عاشقان و کوڵمی جێ ڕاوگەی دڵان
دانەخۆرەن بولبولان لەو جووتە خاڵی دڵبەرە
سیپەلاکم ڕەش بووە، نەمدیوە مانگی یەکشەوە
ڕۆژی جەژنم دیتنی ئەبرۆی هیلالی دڵبەرە
ئەی 'ئیمامی'! بۆ جوانی تابڵێی بێ وێنەیە
عاقڵێکی واشە، دڵ ماتی کەماڵی دڵبەرە

قاقلاوا، ١٣٥٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٦ ی چاپی ئەنیسی و ١٨٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەردا 'دانەخۆرە' یە کە لە فەردی سێهەمی شیعرەکە وەرگیراوە.
شیعرێکی عاشقانەی بێ گرێ وگۆڵە و تەعبیراتی ئەستەمی تێدا نییە. شاعیر لە فەردی مەتلەع و مەقتەعدا ناوی خۆی گونجاندووە: کامیل و ئیمامی.
وەك شیعرەکانی دیکەی، لێرەشدا ئاوات سڵی لەوە نەکردۆتەوە وشە و تەعبیری فارسی یان عەرەبی بکاتە ناوئاخنی شیعرەکە: ئافەت، جەمال، قاتڵ، بێ رەحم، قووت، هیلال، عاقڵ، کەمال و لە ڕاستیشدا بەشێك لەو تەعبیراتە ئیتر بوونەتە خۆماڵی و ناکرێت بە بێگانە دابنرێن.

بەڵام لە عەینی کاتدا کەڵکی لەهەندێك تەعبیری جوانی کوردیش وەرگرتووە: چاوی کاڵ، ماچی لێو، مشتنی دوو لێوی ئاڵ، داو، جێ ڕاوگە، دانەخۆرە، جووتە خاڵ، سیپەلاکی ڕەشەوە بوو، مانگی یەکشەوە، بێ وێنە و دڵی مات.
کوشتن و بە ماچ زیندووکردنەوەی عاشق هەردوکیان سیفەتی گراوین لە شیعری کوردی و فارسیدا. بە هەمان شێوە، داوی زولف و دانەی خاڵ و بولبول و ئەبرۆی هیلال و مانگی یەکشەوە، هیچکامیان نەدیتوو و نەبیستوو نین. 'کوڵمی جێ ڕاوگەی دڵان' گەرچی زۆر تازە نییە بەڵام جوانە.
مشتن: مژتن، مژین
بولبولان، عاشقانی دڵبەری شاعیرن
سیپەلاك: ڕیە
لە دێڕی کۆتاییدا شاعیر پەسنی جوانی و عەقڵ و کەماڵی دڵبەر هەردوك پێکەوە دەکات وەك ئەوەی شیعرەکەی بۆ کەسێکی تایبەت گوتبێت کە ناسیویەتی بەڵام لە ئێمەی ئاشکرا ناکات. ئەوەشمان نابێ لەبیر بچێت کە شیعرەکە لە تەمەنی ٦٨ ساڵیی شاعیردا گوتراوە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## بەفری بەران

سەیری، چەندە سەخت و ناخۆشە بیساتی پایزی![128]
سەگ لە سەرمانا تەزی، شێریش لە حاند سەرما بەزی
تەم لەگەڵ بەفری بەرانا وا سەری کوێستانی گرت
سەر بەرەوژێر، کەمکەمە دێوی سپی بۆمان خزی
هات گوڕەی پیاوی لەمێژینە و دڕا جلکی هەژار
کار و مەڕ هەر کاڕەیانە، بزنەڕووتەش هەڵبەزی
پیر و لاو، شێخ و مەلا، هەر حەز لە تەندووریَ دەکەن
ملهوڕیش دەڕوا بە ئەستۆی کز، بە کووڕی و ملکزی[129]
جاروباریش خۆزگە خۆ دەرخا لە نێو هەور و هەلا
ڕۆژ بە ترس و لەرزەوە، زەردە بە چاوشارکێ و دزی[130]
هات نەسیمێکی شەماڵ و تا وڵات ڕەش کاتەوە
داوەشێ! بێ وادە هات و وا ئەویش گیانی تەزی

قاقلاوا، ١٣٥٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ٦١ ی چاپی ئەنیسی و ٢٤١ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "پاییز"ە.
غەزەلێکی جوان و پڕلە ئیماژی شاعیرانەیە، کارتێکەریی شیعرە ناسراوەکەی نەمر سەیفولقوزاتی قازی بە سەرەوە دیارە کە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە باسی زستان و

---

[128] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: پاییزی
[129] چاپی ئەنیسی: کوڕی
[130] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: زۆر بە ترس ولەرزەوە... چاپی ئەنیسی: زەرد و بەچاوشارکێ و دزی

سەهۆڵبەندانی ساڵی ١٣١٢ ی هەتاوی لە ناوچەی موکریان و شوێنەواری خراپی لە سەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردانی ناوچەی موکریان بە تایبەت دەوروبەری شاری میاندواوی تێدا کراوە. ئەوە مەتلەع یان دەسپێکی قەسیدە دوورودرێژەکەی سەیفە:

"عەزیزا! ئارەزووت زۆری بۆ هێنام
فرمێسکم سوور بوو، زەردی ڕووی لێنام..."

دەبێ شیعرەکەی ئاوات ٣٨ ساڵ دواتر، لە کۆتاییەکانی پایز و داکەوتنی سەرمای ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١)دا گوترابێت کە سەرما وسۆڵ تەنگی بە خەڵکی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵچنیبوو. ئیماژی جوانی شاعیرانە لە شیعرەکەدا زۆرن.

بیسات: سفرە، شتێکی داچنراو و ڕێکخراو. بیساتی پایزی هەموو ئەو شتانەیە وا پایز هەم لە ناو سروشت و هەم لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێکی دێنێت. شاعیر، وەك دانیشتووی گوندێکی ناوچەیەکی کوێستانی (کە 'قاقلاوا' بێت)، ڕقی لە بیساتی پایزی دەبێتەوە.

پایز و پاییز: لە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەردا وشەکە وەك 'پاییزی' نووسراوە. من لام وانییە شاعیر خۆی بەو شێوەیەی نووسیبێت. ئێمە لە قسەکردنی کوردیدا دەڵێین پایز نەك پاییز یان پائیز کە شێوەی فارسی وشەکەن. دیارە من ئەو دەست تێوەردانە لە خۆوە ناکەم. خوێندنەوەی وشەکە لە شێوەی پاییزدا یەك بڕگە لە کێشی شیعرەکە زیاد دەکات و ئەوە ئیجازە پێدراو نییە مەگەر شاعیر خۆی ویستبێتی.

سەگ و سەرما و سەرمانا: مۆسیقایەکی دەروونییان هەیە. سەرما و سەرمانا، جیناسی ناتەواویان هەیە.

تەزی و بەزی: بە هەمان شێوە مۆسیقای پیتی /ز/یان تێدایە و لە عەینی کاتدا جیناسێکی ناتەواویان لێ دروست کراوە.

بەفری بەران: من لام وابوو 'بەفری بەران' بەرانبەر بە 'بەفری سەران' دێت. بەفری سەران ئەو بەفرەیە وا لە سەرەتای سەرماوسۆڵدا لە لووتکەی شاخەکان دەنیشێت. مامۆستا هەژار لە واتا کردنەوەی وشەی "زەردە" لە هەنبانە بۆرینەدا دوو نموونەی هێناوەتەوە، کە یەکیان ئەوەیە: زەردە لە سەرانی دا (بڕوانە چەند دێڕ خوارەوەتری ئەم یادداشتانە). بەفری بەرانیش بە بۆچوونی من دەبوو ئەو بەفرە بێت کەهەندێك درەنگتر، بە قەولی ئاوات "دەخزێتە خوارێ" و دەگاتە داوێنی چیا و ناو شار و گوندان. هەروەها پێم وابوو کاتێ لە پایزدا بەفری بەران هەبێت، بەفری سەرانیش بوونی دەبێت

و بەو شێوەیە، تەعبیری شاعیر لەمەڕ ئەوەی "تەم لەگەڵ بەفری بەرانا وا سەری کوێستانی گرت"، هەڵە نابێت.
بەڵام لە بۆچوونی خۆم ڕازی نەبووم و هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار و فەرهەنگی خاڵیش ئەو مادەیەیان نەگرتبوو. ناچار بە ئیمەیل پرسیارم لە شەش دۆستی خۆشەویستم کرد کە لام وابوو ئەزموونێکی ژیان لە گوندیان هەبێت و بتوانن کێشەکەم بۆ چارەسەر بکەن.
کەم و زۆر هەموویان تەعبیری "بەفری بەران"یان بردەوە سەر بەران و نێری و تێبەردانی بەران لە مەڕ لە پایزاندا. برادەرێکی خەڵکی مەهاباد و برادەرێکی دیکەی خەڵکی ناوچەی گەورکان بابەتەکەیان بە باشی کاکڵە کردبوو و لە ڕێگەی دۆستێکی بەڕێزەوە پێیان ڕاگەیاندم. لەبەر ئەوەی گوندی قاقلاوای ئاواتیش کەوتۆتە نزیك گەورکایەتی و ڕوونکردنەوەی هەردوو برادەرەکە پشتڕاستی یەکتریان دەکردەوە، پەسندم کرد و لێرەدا ڕایدەگەیێنم. سپاسی هەموو ئەو دۆستەخۆشەویستانەش دەکەم کە بە دەنگمەوە هاتن و بە مەسەلەکەوە ماندوو بوون. ئەوە بۆچوونی دۆستی بە ڕەچەڵەك خەڵکی گەورکایەتییە:
*"لە ناوەراستی مانگی دووەمی پاییز ( خەزەڵوەر)دا، مەڕ بەرانی تێبەردەدرێت و قەدیم [ئەو بەران تێبەردانە لای مەڕداران] دەبوو بە شایی و بەزم و ڕەزم . بەفرێکیش کە لە سەروبەندی ئەو بەران تێبەردانەدا بباریٚ پێی دەڵێن بەفری بەران کە لەلای ئێمە بە بەفرێکی پێشوەختە دەژمێردریٚ".*
کەوابوو، بە کورتی، 'بەفری بەران' بەفری پێشوەختی دەوروبەری مانگی خەزەڵوەرە لە کوردستان.
دێوی سپی: دێوێکی ئەفسانەیی ناو شانامەی فیردەوسییە. لەوێدا ڕۆستەم لە "خوانی حەوتەم" واتە قۆناغی کۆتایی شەڕەکانیدا لە وڵاتی مازەندەران، دەچێتە شەڕەجەنگی دێوی سپی، کە مەترسیدارترین و بەهێزترین دێو بووە، بە سەریدا زاڵ دەبێت و دەیکووژێت و کاسەی سەری دەکاتە کڵاو بۆ خۆی. هەموو ئەو وێنە دەسکردانەی وا لە ڕۆستەم کێشراونەتەوە، بە کڵاوی کەللەسەری دێوی سپییەوە دەریدەخەن. لێرەدا بەفری بەران بە دێوی سپی شوبهێنراوە.
گورە: نەڕا و هەرا

پیاوی لەمێژینە: من بە 'هەوری پایزی'ی تێدەگەم. لام وایە شاعیر گوڕە وهەرا و نەڕاندنی پیاوی بە سەر ژن و منداڵ لە ناو ماڵێدا، بە گوڕەی هەور شوبهاندووە.
کار: بەچکە بزنی چکۆلەی تازەزاو (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)، کارژیلە، کارژۆڵە. شاعیر کارژیلەی لەگەڵ مەڕ پێکەوە هێناوە. دیارە بێچووی مەڕ، بەرخی پێدەگوترێت بەڵام دوای ئەوەی لە شیر دەبڕێتەوە 'کاوڕ' ی پێدەڵێن.
کاڕە: دەنگی بەرزی پەز و بەرخ (هەنبانە بۆرینە).
پیر ولاو: لەم فەردەدا شاعیر دەیەوێ بڵێت هەمووکەس بە پیر و لاو و هەژار و دەسەڵاتدارەوە کارتێکەریی پایز و سەرمایان لەسەرە، هەمووی پێیان خۆشە بچنە بەر گەرمای تەندوور تەنانەت کەسی زۆردار و ملهوڕیش، کە دەکرێ لێرەدا بە خەڵکانی دەوڵەمەند بزانرێت، لە پایزدا کز وماتە.
ئەستۆی کز: ئەستۆیەك کە هەل و مەرجی سروشتی یان کۆمەڵایەتی کزی کردبێت و نووشتاندبێتیەوە.
کووڕ: پشت چەماوە (هەنبانە بۆرینە). کووڕی، دۆخی پشت چەماوەییە.
کز و کووڕی و کزی: مۆسیقای دەروونیی دەنگی /ك/یان تێدایە.
هەڵا: لەگەڵ هەوردا دێت و مانای هەور دەداتەوە بەڵام بە تەنیا، واتایەکی نییە و وشەی 'موهمەل'ە.
ڕۆژ بە ترس ولەرزەوە: هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەر ئەم میسراعەیان بە شێوەی "زۆر بە ترس ولەرزەوە..." تۆمار کردووە. من هەرچی دەکەم لەو حاڵەتەدا نازانم ئەوەی وا جاروبارە بە ترس ولەرزەوە خۆی لە نێو هەورو هەڵا دەردەخات کێیە؟ واتە بکەرێك بۆ کرداری 'خۆ دەرخستن'ەکە نابینم.
تاقە ڕێگەی چارەسەری کێشە، بە بۆچوونی من، ئەوەیە بتوانین بڵێین هەڵەیەك کە لە نووسینەوەی شیعرەکەدا ڕویداوە و چارەسەری بکەین. من زۆر بە ڕوونی ئەوە دەبینم کە وشەی "ڕۆژ" بە هەڵە وەك "زۆر" نووسراوە و ئەگەر بۆچوونەکەم لەشوێنی خۆیدا بێت، ئەودەم "زەردە"ش واتا پەیدا دەکات، کەوابوو ئەوە، ڕۆژە کە لە کۆتاییەکانی پایزدا بە ترس ولەرزەوە سەردەردێنێت نەك زۆر، کە لێرەدا هیچ واتایەك نابەخشێت.
زەردە: تیشکی تاو لە بەیان و ئێوارەدا، (زەردە لە سەرانی دا، زەردەپەڕی ئێوارە) (هەنبانە بۆرینە). لام وایە 'زەردە'ی چاپی جەعفەر بەرێ و جێتر بێت لە 'زەرد'ی چاپی ئەنیسی؛ لەبەر ئەوەی لەگەڵ 'بە چاوشارکێ و دزی' ی دەرکەوتنی ڕۆژدا یەك

دەگرێتەوە. بەڵام 'زەرد'یش بێ واتا نییە و سیفەتە بۆ هەر ئەو 'ڕۆژ'ەی کە من پێشنیاری دەکەم دەنا ئەودەم 'موصوف'ی ئەو زەردە ڕوون نابێت کێیە یان چییە.
لە واتاکردنەوەی زەردە دا، مامۆستا هەژار نموونەی "زەردە لە سەرانی دا' ی هێناوەتەوە، کە ئەوە بۆ ڕوون کردنەوەی بابەتی سەران و بەرانی ئێمەش(چەند دێڕ سەرەوەتر)، یارمەتیدەرە.
تا وڵات ڕەش کاتەوە: ڕەش کردنەوەی وڵات لە سپیایی بەفر، کاری بای شەماڵە. لە خوێندنەوەی شیعرەکەدا /واو/ێکی عەتف کە دوابەدوای شەماڵ هاتووە، بەڕواڵەت زیادییە و ئاساییەکەی ئەوەیە کە بە بێ ئەو پیتە بخوێنرێتەوە و بگوترێ: "هات نەسیمێکی شەمال، تا وڵات ڕەش کاتەوە" بەڵام یەکەم، کێشی شیعرەکە بە بێ ئەو واوە ناتەواو دەبێت و دووهەم، کاتێ میسراعی دووهەم دەخوێنینەوە دەبینین واوەکە لەشوێنی خۆیدایە. شاعیر دەڵێ لەبەر ئەوەی نەسیمی شەماڵ درەنگ هاتبوو و تا ئەو بگاتێ سەرما داکەوتبوو، نەك هەر بەفری بۆ نەتوایەوە بەڵکوو خۆیشی بوو بە قوربانی و لە سەرمانا گیانی تەزی!
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## لەبەر چاوان دەکەوم

وردە وردە لەبەر دڵ و چاوان
دەکەوم، وادیارە، بێ تاوان[١٣١]
سووچ و تاوانی من هەموو ماڵە
نیمە بیدەم بە کەس، دەنا خاڵە!
هەرچی پێویستی پیاوی وشیارە
لای منی چارەڕەش بە خەڵوارە
شەرتە ئەوچەل لەوانە خۆ وەدزم
ئەگە زانی، ئەزم دەنا خۆ، دزم!
خواروخێچی و دزی و درۆ کردن
بێ نەخۆشی بە سەکتە زوو مردن
مۆدی ئەمڕۆیە، ڕێزی لێبگرە
عەیب‌وعاریش لە هیچ کەسێ مەگرە
ئەوی ڕۆژباشی کردی، ڕۆژی باش
ئەوی نەیکرد، شتێکی سووری بە پاش[١٣٢]
کەس بە هاواری تۆ ئەگەر نایە
تۆش لەگەڵ ئەو کەسە مەکە کایە

---

[١٣١] چاپی ئەنیسی: وا دییارە

[١٣٢] چاپی ئەنیسی: ئەوی نەیکرد شتێکی.... واتە مامۆستا ئەنیسی تەنز یان جنێوەکەی بە تەواوەتی نەنووسیوە گەرچی لە ڕاستیدا لە سەر زمانی خەڵکی ناوچەکە هەیە و دەڵێن "شتێکی باشی بە پاش!"، بەڵام لە چاپی جەعفەردا بووە بە "شتێکی سووری بە پاش!" و دوور نییە ئەو شێوازەی قسەکەش لە هەندێك شوێن هەبێت. بەڵام لەجیاتی 'سوور'، هێنانی 'باش' لەگەڵ 'پاش'، جیناسێکی ناتەواوی پێ دروست دەبێت کە لە باری سەنعەتی شیعرییەوە جوانە.

ئەو کەسێکیش کە دێ بە هاوارت[١٣٣]
بۆتە دۆست و ڕەفیق و خەمخوارت
خۆت بە قوربانی وی بکەی چاکە
بە ئیشاڕێکی ئەو هەڵێ، ڕاکە
ڕامەوەستە، بڵا ملت بشکێ[١٣٤]
نەکوو ڕاوەستی، ئابڕووت بتکێ
پێت بڵێن هیچ‌وپووچە، کاتی خەبات
ڕادەوەستێ، هەتا دەبێ دەرفات
چاکە گەر پێت بڵێن لە مەیدانا
هات و نەبزووت هەتا سەری دانا
ئافەرینت بکەن، نەوەك نەفرین
ژین نییە بایەخی، هەموو دەمرین

قاقلاوا، ١٣٥٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٨٢ تا ١٨٤ ی چاپی ئەنیسی و ٣٠٨ و ٣٠٩ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوان لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
شیعرەکە گەلێك شەخسی، سەمیمی و نزیك لەدڵانە، تێیدا شاعیر باسی ژیانی تاکەکەسیی خۆی لەناو کۆمەڵگایەکی بێ بەزەییدا دەکات کە "خوار وخێچی و درۆ و دزی کردن" ی تێدا باوە و کەسێکی وەك ئەو کە "هەرچی پێویستی پیاوی هوشیارە بە خەڵوار" هەیەتی و تەنیا پووڵ و پارەی نییە، لەو کۆمەڵگایەدا جێی نابێتەوە و قەدری نییە. ئەوەش دیارە دیاردەیەکی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەدارییە لە ناوچەکە.
ساڵی گوترانی شیعرەکە ١٣٥٠ ی هەتاوییە کە بە گوێرەی ژیننامەی شاعیر لە دیوانی چاپی جەعفەردا (شاری دڵ، لاپەڕە ٤٥)، ٢٣ ساڵ دوای ئەوە گوتراوە کە ئاوات لە فرۆشتنی گوندی گەردیگلان و کڕینی گوندی جەمیاندا فێڵی لێ دەکرێت و تووشی زیانی دارایی دەبێت؛ ٦ ساڵ دوای ئەویش سێ دانگی گوندی قاقلاوا دەکڕێت و تا

---

[١٣٣] چاپی ئەنیسی هەڵەیەکی تایپی تێکەوتووە. لەوێدا 'هاوارت' وەك 'هاوات' نووسراوە.
[١٣٤] چاپی ئەنیسی: بەڵا ملت بشکێ

کۆتایی تەمەن لەو بارودۆخە خراپە دارایيەدا دەمێنێتەوە. شیعرەکە ئاوێنەی ئەو ژیانە و ئەو دەست تەنگی و هەژارییەیە. ئەو گوندانەی ئاوات کڕیونی و فرۆشتوونیەتەوە، گەلێك بچووك بوون بە زەوی وزاری کەمەوە، کە ژیانی کەسێکی دڵئاوا وەك ئاوات و میوانداریی بەردەوامی ئەویان نەتوانیوە دابین بکەن. بانگ و هاواری ناو ئەم شیعرە لە دوو شتە: دەست تەنگی خۆی و ناڕاستی هەندێك لە خەڵك.

سووچ: تاوان

ئەگەر زانی ئەزم، دەنا دزم: پەندێکی کوردییە بۆ کەسانی فێڵباز دەگوترێت کە لە باتیندا نەیارن بەڵام بە ڕواڵەت خۆیان وەك یار پیشان دەدەن.

مۆد: مۆدە، شتی تازە و باوی ڕۆژ

ئەوی ڕۆژباشی کردی...: پەندێکی کوردییە لە بەشێکی دیکەی ئەم دیوانەدا باسی لێوە کراوە.

بلا: با، لێگەڕێ با...

کاتی خەبات: لام وایە ئاوات وشەی خەباتی لە واتای کار و کردەوە و هەڵس وکەوتی ڕۆژانەدا هێنابێت دەنا خەباتی سیاسی لەو شوێنەدا زۆر جێگەی نابێتەوە کە باسی پەیوەندی ئاسایی خەڵکە لەگەڵ یەکتر. بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئاوات شاعیرێکی سیاسییە و بیەوێت یان نەیەوێت لە شیعرەکانیدا ئەو بەرپرسیایەتییە سیاسییە خۆ دەنوێنێت و سەر هەڵدەدات. لێرەش، لە سێ فەردی کۆتایی شیعرەکەدا ناوەرۆکە شەخسی و تاکەکەسییەکە ڕەنگێکی گشتیتر و خەڵکیتر بەخۆیەوە دەگرێت و بە باشی دەبینرێت باسی ڕاوەستان  و سەردانان لە مەیدان هەنگاوێکە بۆ بە سیاسی کردنی شیعرەکە.

دەرفات: دەرفەت، دەرەتان. دەبێ بۆ پاراستنی سەروا لەو بیچمەدا هاتبێت.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

# دەوای دڵی زارم

بە گوێی زەمانە بگا، گیانە، ئاخۆ هاوارم؟
وەڕەز لە ژینم و بوونم، هەراس و بێزارم
تەمەن تەواو بووە، ئەمما تەمەع وەکوو خۆی ما
لە بەژنی بەرز و لە ئاکاری جوانی دڵدارم
کەسێ کە پرسی لە من، پێی بڵێن: وەکوو مەجنوون
لە زەرد و ماهە، لە هەرد و تەلانە ئاسارم
ڕەفیقی جانەوەرانم، ئەسیری بەندی ئەوین
هەمیشە ڕووتەڵی نێو باغ و دەشت و کۆسارم
نەخۆشی دەردی ئەوین بێعیلاج و دەرمانە
بەداخەوە نییە چارە و دەوای دڵی زارم
دوو ماچی لێوە، ئەویش پێوە دەمرم و نابێ
نەسیبی ئەو دڵی وا پڕ لە دەرد و ئازارم
"ئیمامی" هەروەکوو کوێر چاوەڕێیە چاوی هەبێ
کەچی بەداخەوە هەر کوێرە چاوی بیمارم

قاقڵاوا ١٣٥١ ی هەتاوی

(لاپەڕە ٦٩ و ٧٠ ی چاپی ئەنیسی و ١٢٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا 'دەردی ئەوین'ە و هەردوکیان لە وشەگەلی ناو فەردی پێنجەمی غەزەلەکە وەرگیراون. دەردی ئەوین زیاتر پڕ بەپێستی شیعرەکە

---

دەبینم تا 'دەوای دڵی زارم' لەبەر ئەوەی شاعیر دەڵێ دڵی زارم هەر چارە و دەرمانی بۆ نییە و ئەوەش پەیامی سەرەکیی شیعرەکەیە.
شوێن و ساڵی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو دیواندا هەر یەکن.
غەزەلێکی غەرامییە.
شاعیر ٦٩ ساڵان بووە کاتێ شیعرەکەی گوتووە و ١٧ ساڵ دواتریش کۆچی دوایی کردووە، بەم حیسابە، زۆر سەیر نییە ئەگەر دەڵێ "تەمەن تەواو بووە".
بێ هیوایی، کە بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی ئاواتی داگرتووە، لێرەشدا بە ڕوونی دەردەکەوێت: وەڕەز لە ژینم و بوونم، هەراس و بێزارم، وەکوو مەجنوون لە زەرد و ماە و تەلانم، ڕەفیقی جانەوەرانم و...
بەڵام جیا لەو فەزا گشتییەی ناو شیعرەکە، دیاردەیەکی دیکەشی تێدا بەرچاو دەکەوێت کە دڵداری و ئەویندارییی شاعیرە: تەماع لە بەژنی بەرز و لە ئاکاری جوانی دڵدار، ئەسیری بەندی ئەوین[١٣٦]، نەخۆشی دەردی ئەوین، چاوەڕێ مانەوە بۆ دوو ماچی لێوی دڵدار و...
ئەگەرێك بۆ ئەو ئەویندارییە دەکرێت ئەوە بێت کە مرۆڤ بە پێی سروشتی خۆی دەتوانێت تا کۆتایی تەمەن عاشق بمێنێتەوە و دڵدارییش بکات باوەکوو پێگەی کۆمەڵایەتی و دۆخی بنەماڵەیی لە کۆمەڵگایەکی نەریتیی وەك کوردستان و بنکەیەکی ئایینی- عیرفانی وەك زەنبیل دەرەتانی دەربڕین و درکاندنی ئەو دڵدارییەی پێ نەدەن و هەستەکە لە پەردەدا بمێنێتەوە و ڕانەگەیێنرێت؛ هەرچۆنێك بێت، بە بۆچوونی من مەسەلەکە لێرەدا ئەوە نییە و شاعیر کە دڵێکی ناسك و مرخێکی ڕەوانی شاعیریی هەبووە، وەك زوربەی شاعیرانی سەردەم و هاودەمی خۆی، تەنیا بە قسە عاشق بووە و ئەویندارییەکی واقیعی بە واتای خۆش ویستنی کچ و ژنێکی ڕاستەقینەی نەکردووە. دڵدارەکەشی هەر لە خەیاڵدا بۆخۆی دروست کردووە بێ ئەوەی نموودی دەرەوەیی بووبێت.
لە فەردی دووەمدا شاعیر شێوەیەك لە سەنعەتی "ذم شبیه به مدح" ی خستۆتە ناوشیعرەکەوە ئەویش کاتێکە لە دەڵێ تەماع وەك خۆی ما (زەممی خۆی)، بەڵام لە

---

[١٣٦] . ئەوین، شێوازێکی دیکەی گوتن و نووسینی وشەی ئەڤینە بە واتەی عاشقێنی، و هیچ پەیوەندێکی بە ناوی زیندانی ئەوینی تارانەوە نییە  باوەکوو ئەسیر و بەندی ئەوین زیهنی خوێنەر بەرەو زیندانەکەش ڕادەکێشێت و واهەیە هەندێك خوێنەر بباتە سەر ئەو بۆچوونەش. ئەو ئیهام خوڵقاندنە کاری هونەرمەندە و ئاواتیش لە هونەردا چی کەم ناهێنێت

میسراعی دواییدا دەڵێ ئەو تەماعە لە بەژنی بەرز و لە ئاکاری جوانی دڵدارەکەمە (مەدحی خۆی). کاتێ کە دەڵێم 'مەدحی خۆی'، لەبەر ئەوەیە کە مانەوە و دەوامی عاشق لە سەر عیشق و تەمادار بوونی لوتفی یار تا سەردەمی پیری، نیشانی وەفادارییەتی و ئەوەش لە زیهنی خوێنەری شیعرەکەدا کارێکی جێگەی پەسند و مەدح کردنە.

'هەمیشە ڕووتەڵ'، تەرکیبێکی جوان و تازەیە واهەیە شاعیر خۆی، دروستی کردبێت.

'کوێر چاوەڕێیە چاوی هەبێ'، کەڵك وەرگرتنە لە پەندێکی کۆنی کوردی کە دەڵێ:

کوێر چی دەوێ؟ دوو چاوی بینا!

واتای هەندێك وشە بە یارمەتی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار:

ماە: زەرد، تیشە شاخی زۆر بڵندی لووس

تەلان: بەندەن، بەرزایی کێو

پێوە مردن: بە کەسێك و شتێکەوە زۆر ماندوو بوون

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

مجتث مثمن مخبون محذوف، مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن

# مافی گەل

له قازانی خەمت‌دا هەڵکزاوم
وەکوو قاورمه برژاوم، خوراوم
لەبەر ئەو بەختی سەرسەختی کلۆڵم
له یار و ئاشنایان هەڵبڕاوم
به ئاوری دووری ئاخر بوومه قەقنەس
ئەگەر ڕاستت دەوێ هێز و هەناوم!
به زیندوویی دەبینم حاڵی مردوو
به گۆڕەوشاری دووریت هەر نەماوم
وەرن ئەی ئاشنا بۆ دڵنەواییم!
هەژارێکی کزۆڵەی دڵشکاوم
ئەرێ ئەی تاوی هاوینی هەژاران!
بکه ڕەحمێ به سەربەرگی دڕاوم
ئەگەر سەد چەل به دووریشت بسووتێم
له دەس نادەم حەقی داگیر کراوم
دەڵێم هەر مافی گەل دەرمانی دەردە[١٣٨]
ئەگەر چی من به جارێکی نەماوم

قاقلاوا، ١٣٥١ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٥٠ و ٥١ ی چاپی ئەنیسی و ١١٥ ی چاپی جەعفەر)

---

[١٣٨]. چاپی ئەنیسی: مافی دڵ

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپەکەدا وەك یەکە.
شیعرەکە بە هەموو حیسابێك، غەرامییە و تێیدا دەبێ ڕووی ئاوات لە دڵبەرێك بێت کە شاعیر لە قازانی خەمیدا هەڵکزاوە ، برژاوە و خوراوە و لە ئاوری دووریی ئەودا بۆتە قەقنەس. بەرگۆی شیعرەکە کەسێکە کە شاعیر بە 'هێز و هەناو'ی خۆی بانگی دەکات. ئەوانە تا فەردی چوارەمی غەزەلەکەن.
لە فەردی پێنجەمدا شاعیر خۆی وەك هەژارێکی کزۆڵەی دڵ شکاو بەخوێنەری شیعرەکە دەناسێنێت و [لەبەر ئەو دووری و کزی و ماتییەی وا تووشی هاتووە]، بانگی 'ئاشنایان' دەکات بێن بۆ دڵدانەوەی.
لە فەردی شەشەم و حەوتەمدا شاعیر درێژە بە بابەتی چوار فەردەکەی سەرەتا دەدات و دڵداری خۆی بە 'تاوی هاوینی هەژاران دەشوبهێنێت و دەڵێ بەزەییت بە بەرگی دڕاومدا بێت. ئینجا دەڵێ ئەگەر سەدجاریش بە [ئاگری] دووریت بسووتێم هێشتا دەست لە 'حەقی داگیرکراوی خۆم' هەڵناگرم.
ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەو حەقە داگیر کراوە چییە؟ شاعیر لەو بارەیەوە چ نادرکێنێت بەڵام بە قەرینەی فەردەکانی پێشتردا واهەیە بزانرێت کە ئەو حەقە، چاوپێکەوتنی یار و تەواو بوونی ماوەی دووری لەو بێت.
فەردی کۆتایی کێشەی لەسەرە! خوێنەر کە حەوت فەردی شیعرەکەی لە فەزایەکی عاشقانەدا خوێندۆتەوە، لەپڕ تووشی دیاردەیەکی هەندێك سەمەرە دەبێت کاتێ لێرەدا لەپڕ مەسەلەی 'مافی گەل' دێتە ئاراوە و ئەو سەرلێشێواوییە کاتێك زیاتریش دەبێت کە دەبینێ لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا لەجیاتی مافی گەل، 'مافی دڵ' هاتووە!
دیارە هەردوو چاپەکە، عینوانی شیعرەکەیان بە 'مافی گەل' نووسیوە و خوێنەر نازانێت مامۆستا ئەنیسی ئەگەر لە دەقی شیعرەکەدا مافی دڵی نووسیوە، ئەو مافی گەلەی لە کوێوە هێناوە و مافی گەل لێرەدا چ واتایەکی هەیە؟
دیارە دەبێ کێشەی گرنگی سانسۆر هۆکاری سەرەکی بێت بۆ هەموو ئەو حاڵەتانەی وا بەیان و ڕاگەیاندنێکی سیاسی لە شوێنێکدا خۆ دەنوێنێت، لەبەر ئەوەی سانسۆرچی بە گوێرەی شوغڵی ناشەریفی، کەسێکی کەمتر خوێندەوار و کەمتر تێگەیشتووە و تەنیا ڕواڵەتەکان دەبینێت و ناتوانێ جەمسەرەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە، هەر بۆیەش زوربەی جار لە شوێنی سانسۆر کراوی بابەتێکدا پچڕپچڕی و ناڕێك و پێکی دەبینرێت.

به کورتی، من وا بۆ مەسەلەکە دەچم کە ناوەرۆکی شیعرەکە غەرامی بێت و ئەو مافی دڵ'ەی ناودیوانی چاپی ئەنیسی پڕ بە پێستی بێت، وەك چۆن شاعیر لە فەردی حەوتەمیشدا قسە لە حەقی خۆی دەکات. بەڵام لە عەینی کاتدا لە قسەکەی خۆم هەندێك دڕدۆنگم لەبەر ئەوەی نازانم ئەو عینوانی 'مافی گەل'ەی وا لەهەردوو چاپەکەدا دەبینرێت، بە تایبەت لە چاپی ئەنیسیدا، لە کوێوە هاتووە؟ ئەگەر شاعیر وای نەنووسیبێت، ئەنیسی لە کاتێکدا هێشتا ئاوات لە ژیاندا بووە، چۆنی توانیوە سوورێکی وا گرنگ بە ناوەرۆکی شیعرەکە بدات و لە ڕێگەی عینوان گۆڕینەوە شیعرێکی غەرامی بکات بە کۆمەڵایەتی- سیاسی؟  ئەگەریش لە ئەسڵدا وابووبێت، بۆچی لە دەقەکەدا کراوە بە مافی دڵ؟ ئەودەم تەنیا شتێك کە بتوانم بیری لێ بکەمەوە، هەمان سانسۆری حکوومەتی مەلاکانە، سایەیان بەردەوام نەبێت!

قازان: مەنجەڵ

هەڵکزان: بە گوێرەی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار، سوورکرانەوەی گۆشت یان خواردەمەنییەکی دیکە لەسەر ئاگر بەڵام من پێموایە برژاندن یان سوورکردنەوەیەك بێت بە بێ ڕۆن کە دەبێتە هۆی سووتانی خواردەمەنییەکەش.

بەختی سەرسەخت: لە بەخت و سەخت جیناسی ناقیس دروست کراوە

قەقنەس: قوقنووس، ئاماژەیە بە باڵندەیەکی ئەفسانەیی کە گوایە باڵی لێك دەدا تاوەکوو ئاگرێکی لێ دەکەوێتەوە و خۆیشی بەو ئاگرە دەسووتێت بەڵام لە خۆڵەمێشەکەی بێچووە قوقنووسێکی تازە سەرهەڵدەدات. لە کوردیدا واتای سووتاو و بوون بە زوخاڵی لێ وەردەگیرێت. بوومە قەقنەس واتە سووتام و بووم بە زوخاڵ.

هێز و هەناوم! ئەی کەسێك کە هەموو هێز و توانای منی!

گۆڕەوشار: لەو دیاردە ترسێنەرانەی ژیانی موسوڵمانانە و وەك لە ناو موسوڵماناندا باوە، لە شەوی یەکەمی قەبردا زەوییەکە وێك دێت و مردووی گوناهبار دەگوشرێت و ئازار دەدرێت. هەموو موسوڵمانێکی خاوەن بڕوا هەتا هەیە لەو کاتە  دەترسێت و لەخودا دەپاڕێتەوە لە گۆڕەوشار واتە فشاری ناوە گۆڕی بپارێزێت. شاعیر دووریی یاری بە گۆڕەوشار شوبهاندووە.

دڵنەوایی: دڵدانەوە، فارسییە.

تاوی هاوینی هەژاران: ئیستیلاحێکی جوانی ئەدەبییە. لە سەرجەم شیعرەکەدا هەندێك زاراوەی نوێ بەرچاو دەکەوێت کە کارتێکەریی شیعری نوێی کوردی یان فارسییان بە سەرەوە دەبینرێت. ئەو تاوی هاوینی هەژارانە یەکیانە و 'وەرن ئەی ئاشنا' یەکیتریان.
بکە ڕەحمێ بە سە ربەرگی دڕاوم: من بیستوومە بگوترێت 'ڕەحمێکت بەسەر... دا بێت!' بەڵام نەمبیستووە بڵێن 'ڕەحمێك بە سەر .... دا بکە!' ئەوە تەعبیرێکی تازەیە. مەگەر 'سەربەرگ' بە یەك وشە بگرینە بەرچاو و بڵێین نیازی شاعیر 'سەربەرگ' بووە بە واتای جل وبەرگی سەرەوە، کە بەدڵنیایی نابێ وابێت.
سەد چەل: سەد جار
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن، فعولن

## باسی سەر

مەمکی خڕ کردووە یارم، دوو هەناری ساوان
بێ ئەوەی کەس دەسی لێدا، گەیون[139] بێتاوان
کەس نەڵێ دەس‌زەدەیە بۆیە وەها گەورە بووە
ئەو وتە لای کوڕ و کیژ باسی سەرە، ئەی ئامان!
سەروباڵان هەموو کیژانی وڵات و سەیرە
بەو هەموو باری دڵانە کە هەیانە نەچەمان!
سەروە باڵای گوڵی من گەرچی هەناری پێوە
مەڵێ پەیوەندە، تکەی ماچە لەوێدا، وا مان
بۆ هەناوی منی پڕ مەینەت و خەم، دەرد و بەڵا
بۆنی ئەو جووتە هەنارانەیە بوونە دەرمان
ساز و ئامادە، وەکوو نۆکەری گوێڕادێرم
چاومە بەندی ئیشارەی ئەوە، گوێش بۆ فەرمان[140]
چاو لە چاوی دەبڕم بەڵکوو وەڵامم داتێ
کەچی هەڵنایە ئەویش ئێستە لە ترس و شەرمان
گەرچی شەرمێونە، چاوی لە 'ئیمامی' داگرت،
کوتی هەڵنایە لە حاند غەیرە، لە ترسی خزمان!

قاقڵاوا، ١٣٥١ی هەتاوی
(لاپەڕە ٦٣ و ٦٤ ی چاپی ئەنیسی و ١٥٣ ی چاپی جەعفەر)

---

[139] چاپی ئەنیسی: گەییون
[140] چاپی ئەنیسی: چاوومە

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'دەرمانی دڵ'ە. لەو چاپەدا ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە ڕانەگەیێنراوە.
شاعیر لە ساڵی گوترانی شیعرەکە، ١٣٥١ (١٩٧٢)دا، دەبێ ٦٩ ساڵان بوو بێت. شیعرێکی وا تەڕ و ئاودار بۆ ئەو تەمەنە گەلێك سەرنجڕاکێشە.
بێ تاوان: دەبێ نیازی شاعیر ئەوە بێت کە هەناری مەمکی یار، هێشتا کەس دەستی لێ نەداون، وەك ئەوەی عیشقبازیی بۆ کچان بە تاوان زانیبێت!
غەزەلێکی ڕێك وپێکی غەرامییە. لە پەراوێزی چاپی جەعفەردا ئەم فەردەی نالی نووسراوە بەڵام ئاماژە بە هۆکارەکەی نەکراوە؛ وێدەچێت ویستبێتیان ڕادەی کارتێکەریی نالی لە سەر ئەم شیعرە دەست نیشان بکەن:
*"نەخل و ڕوممان پێکەوەن، یان باغەوان وەی کردووە*
*سەروی هێناوە لە سێو و بەی موتوربەی کردووە"*[١٤١]
کە وێدەچێت نیاز ئەم فەردەی ئاوات بێت کە شوێنی ڕاستەوخۆی لەم فەردەی نالی هەڵگرتووە، باوەکوو کێشیان لەیەك جیاوازیشە:
سەروە باڵای گوڵی من، گەرچی هەناری پێوە
مەڵێ پەیوەندە، تکەی ماچە لەوێدا وا مان
کاری ئاوات هیچ لە کاری نالی کەم ناهێنێت بەڵکوو بە هێنانی تەسویرێکی ڕازاوەی وەك 'تکەی ماچ' لە شوێنی پەیوەندەکە، هەنگاوێکیش لەو چۆتە پێشەوە. موتوربە و پەیوەند یەك واتایان هەیە.
من بەراوردی هەموو غەزەلەکەم لەگەڵ غەزەلی ناوبراوی نالی کرد، لام وایە کارتێکەرییەکە جێگەی قسە نییە و جگە لەو فەردە تایبەتە، لە هەندێك بەشی دیکەی شیعرەکەشدا ئەم تەئسیرە هەست پێدەکرێت، وەك نەخلی باڵا کە لە شیعری ئاواتدا بۆتە سەروی باڵا و 'ئەم مەممەت کەی کردووە' ی نالی لای ئاوات بۆتە 'مەمکی خڕ کردووە یارم' و 'نەوبەر' ی نالی لێرەدا بۆتە 'کەس نەڵی دەس زەدەیە'.
باسی سەرە، ئەی ئامان! ئەو دوو تەعبیرە لەو پەیوەندییە تایبەتەدا گەلێك ڕازاوە و بەرێ وجێن. عینوانی شیعرەکەش لە چاپی جەعفەردا لەم تەعبیرە وەرگیراوە و لای من هەڵبژاردنێکی گەلێك باش بوو.

---

[١٤١] دیوانی نالی ساغکردنەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و کاك فاتیح و کاکە حەمەی مودەڕڕیس لە جیاتی وشەی 'باغەوان' و 'سێو'ی ناو دیوانی چاپی کاك جەعفەر، 'باغەبان' و 'سێب' ی تۆمار کردووە. نەخل دارخورما و ڕوممانیش هەنارە.

باری دڵ: ئەویش لەوپەڕی جوانیدایە. باری سەر لق وپۆپی سەروی باڵای کیژانی وڵات، دەبێ دڵی لاوان بێت. شاعیر دەڵێ ئەو هەموو بەرەی دارە (کە دڵی لاوانی ئەویندارە)، لەسەر سەروی قامەتی کیژانە، بەڵام هێشتا هەر ناچەمێنەوە! هەستە ناسیۆنالیستییەکەی ئاوات لێرەدە خۆی بە هۆی وشەی 'وڵات' ەوە دەردەخات.
بۆ هەناوی منی پڕ مەینەت و خەم، دەرد وبەڵا...: بە بۆچوونی من، 'مەینەت و خەم و دەرد و بەڵا' هەرچواریان سیفەتن بۆ 'من'. مەینەت و خەم هەروەها دەرد وبەڵا مترادفن. 'بۆن' و 'بوون'یش جیناسی لەفزیی ناتەواون.
بە حیسابی طبی کۆن، بۆنی هەنار بۆ هەندێك نەخۆشی بەکەڵکە.[١٤٢]
چاومە: هەرچی چاومە.
گوێش: هەرچی گوێشمە
وەڵامم داتێ لە باری ڕێزمانەوە وا هەیە هەندێك نامۆ بنوێنێت و خوێنەر پێی خۆش بێت لە شاعیر ببیسێت بڵێ: وەڵامم داتەوە. بەڵام 'وەڵام' لێرەدا 'ناو' ە نەك کردار و بە واتای بەڵێن دێت. دوای ئەوەش، ئاوات وەك هەموو شاعیرێکی دیکە بە زمان و ڕێزمانی ئاسایی قسە ناکات و نابێ بکات دەنا واتای شیعر گوتن دەفەوتێنێت. شاعیر ئەو پسپۆڕە شارەزایەیە وا بە تێکەڵ کردن و لێکدان و شێواندنی ڕستە، ئینجا یەکخستنەوە و ڕێك و پێککردنەوەیان زمانێکی شاعیرانە دەخوڵقێنێت کە دەبێ جیاواز بێت لە زمانی خوێنەری ئاسایی.
دێڕی کۆتایی تەنزێکی نەرم و نیانی تێدایە: یارەکەی شاعیر چاوی 'لە ترس و شەرمان' هەڵنایەت، بەڵام چاوێکیشی لێ دادەگرێت بۆ ئەوەی تێبیگەیێنێت کە لە ترسی خزمان چاوی لە حاند بێگانە و ئەویش یەکیان، هەڵنایەت![١٤٣]
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

[١٤٢] ئەوەندەی من بیستبێتم بۆنی ناخۆشی دەم لەناو دەبات و بۆنی سیر لەدەمدا ناهێڵێت؛ شتی دیکەی لێ نازانم.

[١٤٣] کچی هەژاری کورد، ترسی باوك و برا (هەندێك جاریش دایك)ی کەمن، لێرەدا ترسی خزمانیشی هاتۆتە سەر!

## مەنجەڵی دڵ

وەکوڵ هات مەنجەڵی دڵ، دەس بە جێ ئەی دیدە گریانێ!
دەبێ بڕژێنی ئاخر چاوەکەم! دوڕڕێ بە دامانێ
لە سایەی سۆزی دڵ ئەمڕۆکە چاوم هێند دڵاوایە،
لە گەوهەر پڕ دەکا ئەو، دەست و کۆشی هەر موسوڵمانێ
ئەمن خۆ کۆشی خۆم پڕ کردووە، هەڵناگرێ چیدی
جەهەننەم، ئەی ڕەقیبی بەد مەزەب، تۆش کۆشی خۆت دانێ!
کە چاوم بۆتە گۆمی خوێن و خوێ، پرسیم لە هاودەردێ
لەگەڵ دەریا، کوتی، بەستوویەتی چاو مەرج و پەیمانێ
کە 'کامیل' خوێن دەبارێنێ لەچاو، ئەی بێوەفا یارم!
حەکیمی دەردی وی هەر تۆی، کەرەم کە تۆزە دەرمانێ![144]

قاقڵاوا، هاوینی ١٣٥١ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٣ ی چاپی ئەنیسی و ٢٤٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوان و دەقی سەرجەم شیعرەکە، لە هەردوو چاپدا وەك یەکە. هەندێك تەعبیری ڕازاوە و تازە لە شیعرەکەدا هەن:
دڵاوایی چاو: *"لە سایەی سۆزی دڵ ئەمڕۆکە چاوم هێند دڵاوایە..."*؛
تەنزی خەوتووی ناو ئەم میسراعە: *"جەهەننەم ئەی ڕەقیبی بەدمەزەب تۆش کۆشی خۆت دانێ!"*

---

[144] . چاپی ئەنیسی: کەرەم کە، تۆزە دەرمانێ

سەنعەتی مطابقەی نێوان 'موسوڵمان' ی فەردی دووهەم و 'بەد مەزەب' ی فەردی سێهەم *"لەگەڵ دەریا، کوتی، بەستوویەتی..."* لە جیاتی ئەوەی بڵێت "کوتی لەگەڵ دەریا بەستوویەتی..."

هێنانی مەرج و پەیمان پێکەوە.

چاو وەك گۆمی خوێن و خوێ شیعرەکەی نالیمان وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ: هەر جۆگە وجۆبارێ کەوا سوور و سوێر بێ، جێی جۆششی گریانی منە و خوێ نەڕژاوە (یان: خوێنە ڕژاوە).

مەلا مەحموودی بێخود شیعرێکی هەیە بەم فەردە دەست پێدەکات، بەڵام نازانم کارتێکەریی لە سەر ئاوات بووە یان نا:

*"لەدولبەر گفتو گۆیێکم نەبیست، ئەی سینە ئەفغانێ*

*لەلـــێوی پێکـــەنینێکم نـــەدی، ئەی دیــــدە گریانێ..."* [١٤٥]

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

---

[١٤٥] . ئەبوسەعید ئەبوالخیر شاعیری ئێرانیش چوارینەیەکی هەندێك هاوشێوەی ئەم شیعرەی هەیە:

دردی داریم و سینەی بریانی

عشقی داریم و دیدەی گریانی

عشقی و چە عشق، عشق عالم سوزی

دردی و چەدرد، درد بی درمانی!

## سۆزی دەروون

ئەی سۆزی دەروونی پڕ لەئێشم!
نۆمانگە کە دووری تۆ دەکێشم
دەرمانی هەموو برینەکانی
تیماری دڵی بەئێش و ژانی
داغانە ،ئەوەندی دیوە مەینەت
جەرگیشی بە سیخی خەم بووە لەت
ناڵەت کە نەگا بە گوێچکەیی کەس
قازانجی لە ڕێ نییە، ئیتر بەس!
با بەس بێ، نەماوە حاڵوباڵم
موددێکە بە سۆزی تۆ دەناڵم
تۆ ئەی دڵی لەتلەت و بریندار!
ماڵکاوڵ و هەڵوەدا و بێزار!
چەندە بەپەرۆش و چەند کلۆڵی!
چەند مات و فەقیر و خەمبەکۆڵی!
ماوێکی وچان بدە و بزانە
ئەو خالیقی عەرز و ئاسمانە
چۆن دەرکی ڕەحم دەکاتەوە لێت
چۆن لاشی دەبا چقڵ لە سەر ڕێت
ئەو کاتە دەزانی زولجەلالە
خاوەن دەسەڵاتی بێمیسالە
پاش ئەو هەموو کۆسپە، جێژنی نەورۆز
نەورۆزێ کە بۆ مە بێتە پیرۆز

دەتوانیٚ لە چاڵی قووڵی زیندان
بێنێتە دەریٚ گوڵێکی شادان
"کامیل" ئەوە تۆ و بەهاری شادی!
با نەمری، نەڕۆی بە نامرادی

قاقلاوا، ١٣٥١ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٩٤ و ١٩٥ ی چاپی ئەنیسی و ٣٢٢ و ٣٢٣ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
لێرەشدا کاتیٚ شاعیر لەگەڵ دەروونی خۆیدا قسە دەکات، هەست بە کارتێکەریی شیعری گۆران لەسەر ئاوات دەکرێت. بەڵام ئەم لە درێژەدا وەریچەرخاندووە و ڕەنگی ئایینی بە بابەتەکە داوە.
ڕوون نییە ڕووی قسەی شیعرەکە لە چ کەسێکە، لە هیچکام لە دوو چاپەکەشدا ئاماژەی پیٚ نەکراوە. ئەو کەسەی نۆ مانگە لە زینداندایە و ئاوات تاسەی دەکێشێت کێیە؟ ئایا کوڕەکەیەتی؟ دۆستێك و هاومەڕامێکیەتی؟ ئەوە لە شیعرەکە دەرناکەوێت و منیش نازانم. ڕوون کردنەوەی ئەو لایەنە شەخسی و بنەماڵەییە ئەرکی سەرشانی کەسانی وەك ئاغا سەید جەعفەرە. بەڵام هەرکەسێکە، گەلێك لە ئاوات نزیکە و "دەرمانی هەموو برینەکان"یەتی. ئەسڵەن، بڵێی خودی شاعیر نەبێت؟ زۆرجار هونەرمەندان ناخی دەروونی خۆیان ناڕاستەوخۆ و لەڕێگەی بەرگۆیەکی نەناسراوی نەزانراوەوە دەردەخەن.
شاعیر دوای شەرح و ڕوونکردنەوەی داغ و دەرد و خەم و خەفەتی خۆی لەو دوورییە، پەنا دەباتە بەر خودا و لەبەر ناچاری، لە فەردی هەشتەم بە دواوە، بە دڵی خۆی دەڵێت سەبری هەبێت تاوەکوو "خالیقی عەرز و ئاسمان" دەرکی ڕەحم دەکاتەوە و ئەویش لە دوای ئەو هەموو کۆسپە (کامە کۆسپ؟) لە جێژنی نەورۆزی پیرۆزدا دەتوانیٚ لە چاڵی قووڵی زیندان بێتە دەریٚ.
هێنانی ناوی نەورۆزیش لە شیعرەکەدا جێگەی وردبوونەوەیە. ئایا ئاوات دەیەوێت ئەو کەسەی وا لە زیندانە، لە نەورۆز واتە ٢١ی مارچدا ئازاد بکرێت؟ یان شاعیر نەورۆزی وەك سەرەتای بەهار هێناوە کە هەناسەی وەرزەکە گوڵ لە زەوی دەڕوێنێت؟ ئەگەر نیاز نەورۆزی ڕاستەقینە بێت، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو کەسەی لە زیندانە لەو ڕۆژەدا

ماوەی زیندانی تەواو دەبێت و ئازاددەبێت یان شاعیر چاوەڕوانە بە بۆنەی نەورۆزەوە بکەوێتە بەر لێبووردنی حکوومەت و ئازاد بکرێت؟ لەبەر ئەوەی لە سەردەمی شادا بە بۆنەی نەورۆزەوە هەندێك زیندانی ئازاد دەکران کە دەیانگوت وەبەر 'عەفوی ملوکانە' کەوتوون. دیارە ئەو کەسانە هەموو، یان زوربەی زۆریان زیندانی ئاسایی بوون نەك سیاسی بەڵام جاروبارە تاك و تەرایەك پەشیمان بووی سیاسی یان کەسانێکیشیان لەگەڵ دەخرا کە بنەماڵە و خزمەکانی خەڵکانی دەست ڕۆیشتووی لە حکوومەت نزیك بوون. بڵێی کەسانی وا لە بنەماڵەی ئاواتدا بووبێتن؟ من وەڵامێکم بۆ ئەو پرسیارانە نییە و ناتوانم پەیوەندییەکان دیاری بکەم، بەڵام ئەگەر مەسەلەی لێبووردنەکە ڕاست بێت، لە باری سیاسییەوە لەسەر شاعیر دەکەوێت.

بلوێر: شمشاڵ

داغانە: بەدبەختانە، بەداخەوە

سیخ: شیش

لەڕێ: لە سەر ڕێگا

سۆز: لێرەدا وێدەچێت سووتان بێت.

هەڵوەدا: ئاوارە

بەپەرۆشەوە بوون: خەمی شتێك و کەسێك خواردن

کلۆڵ: داماو

خەم بەکۆڵ: تەرکیبێکی جوانە. شتێکە وەکوو مامە خەمە!

وچان: پشوو

چقڵ: دڕوو، کۆسپ

زولجەلال: عەرەبییە خاون گەورەیی

بێ میسال: بێ هاوتا

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مسدس اخرب مقبوض محذوف: مفعول مفاعلن فعولن

## ئاخ و سکاڵا

من و بسکی لە بەژنی بەرزی هاڵاین
وەکوو یەك، دەردەداری بەژن و باڵاین
مەکەن لۆمەی من و کەزیەی بڵاوی
کە ئاوبردەی جوانی و ئاڵووالاین[146]
دەم و چاوی ئەگەر سوغرا و کوبڕان
لەگەڵ دڵ بۆیە سەرگەرمی موتاڵاین
لەگەڵ بولبول بە جۆش و کوڵ لە باغی
بە ڕۆح وا موشتەری بازاڕی کاڵاین
من و کەزیەی وەکوو ماری بریندار
"ئیمامی" خاوەنی ئاخ و سکاڵاین!

قاقڵاوا، ١٣٥٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٣ و ٩٤ ی چاپی ئەنیسی و ١٦٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'من وبسکی'یە کە لە فەردی مەتلەعی شیعرەکە وەرگیراوە. چاپی جەعفەر 'ئاخ وسکاڵا'ی لە فەردی مەقتەع وەرگرتووە.
ساڵی گوترانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا دەست نیشان نەکراوە.
ئاوات وەك کەسایەتی خۆی، کەسێکی خاوەن تەوازوع و لە عەینی کاتدا خۆبەکەمزان بوو و کەمتر باسی خۆی کردووە ئەگەریش کردبێتی خۆهەڵکێشان نەبووە و بە پێچەوانە، خۆی سەرکۆنە کردووە و بە کەم داناوە، بۆ نموونە لە نەعتی خودادا خۆی بە 'پیرە گەماڵ'ی ئەو ناودەبات و لە ستایشی پێغەمبەردا دەڵێ 'من سەگێکی

---

[146] چاپی ئەنیسی: جووانی

بەردەرگاتم' هەر ئەوانەش نا، سەدان جار لێرە و لەوێی شیعرەکانیدا خۆی بە بێ مشوور و سەرسەری و بێ فیکر وحەواس وبەدبەخت و بێچارە ناودەبات و کەم واهەیە سیفەتێکی چاك بداتە پاڵ خۆی ئەگەریش بیدات، فیداکاری و ئیخلاسە.
هەروەها، لە زۆر شوێندا شاعیر خۆی لەگەڵ دیاردەی سروشتی یان شتێك دەخات کە ئەو دیاردە یان شتە، خۆی خاوەنی سیفەتێکی نەباش بێت. دەڵێی لەهەموو ئەو دەربڕینانەدا خەریکە خۆی لەپشت شتێك دەشارێتەوە بۆ ئەوەی کەمتر دیار بێت و نموودی کەم بێت.
لێرەدا شاعیر جارێك خۆی لەگەڵ بسکی یار، کەزیەی یار (دووجار)، دڵی خۆی و بولبولدا یەك دەخات، کە بسك دەردەداری بەژن وبالآیە، کەزیە ئاوبردە و بلآو و پەرێشانە، دڵ هێشتا هەر قوتابییە و موتالآ دەکات و بولبولیش بە جۆش و کوڵ و نائارامە. ئاوات بە فرسەخ دوورە لەوانەی وا خۆیان بە مەرکەزی هەموو جیهان دەزانن!
بسك و کەزیە: زوڵفی مرۆڤ (بەگشتی مێینە).
دەردەدار: لێرەدا تامەزرۆ و ئەویندارە.
ئاوبردە: فەوتاو، لەناو چوو. من هێنانی جوانی لەگەڵ 'بەژن وبالآ'م زۆر پێ بەرێ وجێ نەبوو. یەکەمیان ناوی مەعنایە و بۆ نموونە لەگەڵ بەرزی دا کە نیشانەی بالآی یارە، جوانتر دەهاتەوە تا لەگەڵ بەژن و بالآ خۆی کە ئیسمی زاتە.
سوغرا و کوبرا: 'صغری و کبری' دوو سەرەتان لە زانستی مەنتیق دا، کە یەکەمیان پەیوەندی بە دووهەمەوە دەدرێت و لە دووهەمدا ئاکامی قسە وەردەگیرێت و دەگوترێ ئێستا کە دووهەم ئاوایە، یەکەمیش دەبێ وا بێت. نیاز لە خوێندنی فەقییە لە حوجرەکانی مزگەوت کە لە موتالآ کردندا دەبێ هەوڵ بدەن بنەمای قسە و بۆچوونیان مەنتیقی و عەقلآنی بێت دیارە بە پێوەری مەنتیقی ئەرەستوویی.
لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و فارسیدا دەمی یار بچووك بێت مەقبووڵترە و چاوی یاریش گەورەبێ پەسندترە. سوغرا دەمی یارە و کوبرا چاویەتی، شاعیریش هاورێ لەگەڵ دڵی خۆی، بە موتالآی ئەو دوانەوە خەریکە! دڵی ئەوینداریش دیارە دەبێ لای گراویی خۆی بێت. من وشەی ئەگەرم زۆر پێ لەشوێنی خۆیدا نییە؛ ئەوینداری نەریتی نابێ لە جوانیی دڵدارەکەیدا گومانی هەبێت. باوکوو چەمکی 'مەگەر'یش زۆر چارەسەری کێشەکە ناکات بەڵام دەڵێی جوانتر دەبوو ئەگەر بگوترایە: "دەم وچاوی مەگەر سوغرا و کوبران ..." کە من و دڵ ئێستا خەریکی موتالآکردنیانین!

لەگەڵ بولبول: بولبول و باغ پێکەوە و موشتەری و بازاڕ و کاڵاش هەرسێکیان پێکەوە 'مترادف'ن.

من و کەزیەی: شوبهاندنی کەزیەی یار بە مار زۆر تازە نییە. ماری بریندار بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و پۆپە دەخوات؛ کەزیەی یاریش بەو حیسابە، لوول و پەرێشان و ئاڵۆزە. کەزیەی یاریش دەبێ پەرێشان بووبێت و ئەویندار ئاخ و سکاڵای بێت لە دەستی، دەنا ئەگەر هەردوکیان (کەزیە و شاعیر) بە ڕێك و پێکی بەسەر شانی یارەوە بوایەن، ئیتر هاوار و گازندەیەك نەدەما!

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

# پاڕانەوە

من سەگێکم، سەگێکی دەرگاتم
گەرچی بێفکر و بێ موبالاتم
گەرچی برسی و فەقیر و بێهێزم
وا بە هیوا و هومێدی تۆ هاتم
کەسەل و بێوەڕ و لە پاس کەوتوو
نانی شوانم دەخوارد و هەر لاتم
پیر و بێ کەڵپە مام و لێقەوماو
بۆیە ڕووزەردم و کز و ماتم
لوقمەنانێ لە دەرکی تۆم بدەنێ
وەدەزانم ئەمیری شاماتم
ناهومێدم مەکە لە ڕەحمەتی خۆت
بێنەجێ ئارەزووم و ئاواتم
وا 'ئیمامی' دەڵێ: بڕا لە خەمان[147]
شێعر و هۆنراوە و مەقالاتم

قاقڵاوا، ١٣٥٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ٥٩ ی دیوانی چاپی ئەنیسی و ١١٢ ی دیوانی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "ناهومێدم مەکە"یە. شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا، وەك یەکن.

---

[147] . چاپی ئەنیسی: دەڵێ برا لە خەمان...

شیعرێکی تیپیکاڵی ئاواتە: پاڕانەوە لە دەرگانەی خودا بۆ ئەوەی بەزەیی پێدا بێت و لە گوناهانی خۆش بێت. لێرەدا دەڵێ عەبدێکی چاك نەبووم، ناسپاسیی نیعمەتەکانی تۆم کرد، بەڵام هیوام بە لێبووردەیی تۆ هەیە، تۆش لە ڕەحمەتی خۆت ناهومێدم مەکە.
ئەوە لە ڕاستیدا بابەتی سەرەکیی گەلێك لە شیعرەکانی ئاواتە: هەست بە گوناهباری و ڕووزەردی لەبەر دەرگانەی خودا، ئامادەیی بۆ مەرگ و چوونە بەر بەزەیی ئەو لە ڕۆژی قیامەتدا.
شیعرەکە وەك گەلێك شیعری دیکەی ئاوات و شاعیرانی هاوبیری لە ئەدەبی کوردی و بەگشتی لە ئەدەبی وڵاتانی ئیسلامیدا، هێزی نەرێ یی دەداتە خوێنەر و سستی دەکات و لە قوژبنی دەخزێنێت. بە گوێرەی ئەو بۆچوونە نەرێ ییە، مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە تا کۆتایی، تاوانبارە و دەبێ هەست بە گوناە بکات؛ تاقە شتێکیش کە ئەو تاوانە دەشواتەوە، بەزەیی خودایە. خودا لێرەدا نەك هەر مونتەقیم و تۆڵە ستێنە، بەڵکوو وەك کەسێك کە قەرزی لەسەرتە، هەمیشە بەردەرگای لێگرتووی و داوای قەرزەکانی دەکاتەوە؛ تۆش دەبێ هەر لێی بپاڕێیەوە بەڵکوو بەزەیی پێتدا بێت و ماوەیەك دەاست ڕابگرت و لەکۆڵت بێتەوە! ژیان لەسەر ئەو شێوە بیرکردنەوەیە هێزی ئەرێ یی لە خاوەنەکەی دەستێنێت و گۆشەگیر و بێ حەرەکەی دەکات. دیوانی شیعرەکانی ئاوات زۆرێك لەو شیعرانەی تێدان.
لە ڕاستیدا ئاوات لەنێوان عارفێکی دڵتەڕی عاشق بەخودا و سۆفییەکی ویشکی لەخوداترس، تێماوە و لە قۆناغی جیاجیای ژیان، لەمیانەوە بۆ ئەو و لەویانەوە بۆ ئەم باڵ دەکوتێت. شاعیری ئەم شیعرە تایبەتە سۆفییەکی لەخوداترسە و خوداکەی کەسێکی تۆڵەئەستێن و دڵڕەقە کە، دەبێ بە بەرتیل و پاڕانەوە دڵی وەك بەردی نەرم بکرێت. شاعیر چارەیەکی نییە جگە لەوەی خۆی بە سەگی بەردەرگای ئەو دابنێت و بەو خۆ بەکەمزانییە، ئاغا زۆردارەکەی لەخۆی ڕازی بکات. ئەوە گەلێك جیاوازە لە بۆچوونی عارفێکی وەحدەتی وجوودی وەك شیبلی نوعمانی و ئەوانی دیکە، کە لە هەموو بوونەوەرێکدا، تەنانەت سەگیش، نوور و ئیشراقی خودایان دەبینی. بەشێکی زۆر لەو سیفەتانەی لە شیعرەکەدا هاتوون سیفەتی سەگن بەڵام شاعیر بەپێی ئەو بۆچوونە سۆفییانە ویشکە، هەمووی داونەتە پاڵ خۆی.
بێ موبالات: بێ دەربەست، گوێنەدەر
کەسەل: وەڕەز و بێ حاڵ و حەوسەلە

بیٚ وەڕ: سەگێك کە ناحەپێت و ناوەڕێت، سەگی پیری پەککەوتە.
لەپاس کەوتوو: سەگێك کە لەبەر پیری و لەکارکەوتوویی چیتر پاسی ماڵی خاوەنەکەی پێنادرێت.
نانی شوان خواردن: کینایەیە لە بێ ئەمەکی و هەروەها بێعاریی کەسێك، کە واهەیە ئاکامی مەترسیداری بۆی هەبێت. نانی شوان خواردن و ڕووت و ڕەجاڵ مانەوە بە ڕواڵەت دژ بە یەکن بەڵام مرۆڤی ناپاك و خائین واهەیە ئەمیش بێت و ئەویش. شوان لێرەدا خودایە و شاعیر خۆی وەك سەگی ئەو شوانە داناوە.
کەڵپ یان کەڵپە: ددانی حەیوانی دڕندە
ڕوو زەرد: خەجاڵەتبار
لوقمە: پاروو
شامات: ناوچەیەکی بەرین و پڕ بەرەکەتی موکریان، لە نێوان میاندواو و مەهاباد و گۆلی ورمێ. دیارە شامات دەتوانێ ئاماژەبێت بە شام (دیمەشق)یش. ئەمیری شامات کینایەیە لە کەسێکی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوو.
وا ئیمامی دەڵێ برِا لەخەمان...: واتە ئیمامی دەڵێ بەهۆی خەم و کەسەرەوە شیعر وهۆنراوە و مەقالاتم براون و چیتر نەماون. شیعر و هۆنراوە و مەقالات مراعات النظیریان پێ دروست کراوە. ئاوات شیعری لە هۆنراوە جیا کردۆتەوە. بە گوێرەی بۆچوونێك، هۆنراوە هەمان 'نظم' ە کە ڕێك خستنی کێش و سەروا بێت. واهەیە کەلامێکی 'مقفی' واتە خاوەن سەروا، بەو ڕێکخستنە نەبێت بە شیعر و گەرچی ئوسووڵی 'نظم' ی کلاسیکی تێدا ڕەچاو کرابێت، بەڵام جەوهەری شیعریی تێدا نەبێت. ئەوە بۆچوونێکی نوێیە کە لە سەدەی بیستەمدا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی سەری هەڵداوە بەڵام مێژووی لە ڕۆژئاوای جیهان لەوە کۆنترە. دڵنیا نیم ئاوات بە پێکەوە هێنانی ئەو دوو چەمکە، ویستبێتی شیعر لە نەزم جیا بکاتەوە و ئەگەر ئەوە ڕاست بێت ئینجا پێکەوە هێنانیان تەنیا بۆ پاراستنی کێشی ئەو بەحرە تایبەتە بووە.
بڕا: فەوتا، نەما.
مەقالات: کۆی مەقالەی عەرەبی؛ وتاری کوردی.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

## زیارەتی سەروەر

ڕوح ئەوا کەوتۆتە پەرواز بۆ حزووری دڵبەرم
بێنە جێ ئەسبابی پەروازم، کە بێ باڵ وپەڕم
بۆ مەدینە باڵی لێك دا تەیری دڵ ڕۆیی، کوتی
گەر قەبوولم کا بە ئالاکەی، سەگی پێغەمبەرم
هەر خەیاڵم کرد بچم بۆ زیارەتی ئەو سەروەرە
هات نەسیمی ڕۆح پەروەر، عەتری عوود و عەنبەرم
گەر لە ژێر چەتری شەفاعەت جێم نەکەی، چ بکەم ئەمن؟
کوێ بچم کوێر و فەقیر، ناشارەزایی مەحشەرم
نامەیی ئەعمالی من مەخوێنەوە، تێیدا نییە
یەك کەلیمەی چاکە، سەرتا پا ڕەشە خۆ دەفتەرم
نێمە غەیری حوببی ئالی تۆ، بە ئالی تۆ قەسەم!
چاوەڕێی ڕەحمە، شەفیع المذنبین! چاوی تەڕم
وا گەرووم وشکە لە تاو و حەسرەتی[١٤٨] ڕۆژی جەزا
موستەحەققی قەترە ئاوی زەمزەمم یا کەوسەرم

قاقلاوا، ١٣٥٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٧ و ٨ ی چاپی ئەنیسی و ١٢٣ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'بۆ پێغەمبەری خۆشەویست' ە.
ئەوەش یەکی دیکە لە شیعرە ئایینیەکانی ئاواتە و ڕوو لە پێغەمبەری ئیسلام گوتراوە. بە گوێرەی زانیاریی من، ئاوات سەفەری حەجی کردووە و لەم شیعرەدا وا دەنوێنێت کە لەسەر سەفەر بووبێت و پێش ئەنجامی سەفەرەکە ئەوەی نووسیبێت.

---

[١٤٨] . چاپی جەعفەر بە 'تاوی حەسرەتی' تۆمار کردووە.

شاعیر له شیعره‌كه‌دا داوای به‌جێهێنانی ئه‌سبابی سه‌فه‌ر له پێغه‌مبه‌ر ده‌كات و ده‌ڵێ خۆم توانای ئه‌نجامی سه‌فه‌ره‌كه‌م نییه مه‌گه‌ر تۆ بۆمی ڕێك نه‌خه‌ی.
هه‌موو تایبه‌تمه‌ندییه‌كی ئیمانداریێكی ڕاسته‌قینه‌ی موسوڵمان له‌و شیعره‌ی شاعیردا ده‌بینرێت: ئاوات خواستن بۆ زیاره‌تی مه‌دینه و قه‌بری پێغه‌مبه‌ر، پاڕانه‌وه له پێغه‌مبه‌ر كه وه‌ك سه‌گی ده‌رگانه‌ی خۆی قه‌بووڵی بكات و به هۆی گوناهی زۆر و ڕه‌ش بوونی ده‌فته‌ر یان نامه‌ی ئه‌عمالیه‌وه، لای خودا شه‌فاعه‌تی بۆ بكات له به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و تكاكاری گوناهبارانه و ئه‌میش جگه له خۆشه‌ویستیی 'ئالی نه‌بی' هیچی له دڵدا نییه و مافی ئه‌وه‌ی هه‌یه گه‌رووی ویشكی به ئاوی زه‌مزه‌م یان كه‌وسه‌ر ته‌ڕ بكات. ئه‌وه كورته‌ی هه‌موو حه‌وت فه‌ردی شیعره‌كه‌یه.
وشه‌ی ئه‌سته‌م له غه‌زه‌له‌كه‌دا نییه، ئه‌وه نه‌بێت نازانم وشه‌ی ئالا له فه‌ردی دووه‌مدا به چ واتایه‌ك هاتووه. بۆچوونم ئه‌وه‌یه شاعیر له پێغه‌مبه‌ر بخوازێت بیهێنێته ژێر ئالای خۆی واته به ئۆممه‌تی خۆی قه‌بووڵی بكات. ئه‌گه‌ر هه‌ڵه نه‌بم، "ئالا" له توركیدا واتای لیوا و تیپی سوپاییشی هه‌یه كه ئه‌گه‌ر وابێت، شاعیر ده‌بێته سیایی له‌شكر و "ابواب جمعی" سوپای كه‌سێك، ئه‌و كه‌سه‌ش لێره‌دا "پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویست" ه.
هات نه‌سیمی.... واته له ڕێگای ئه‌و نه‌سیمه‌وه كه له لای قه‌بری پێغه‌مبه‌ره‌وه هات، هه‌ستم به بۆنی عوود و عه‌نبه‌ر كرد. عوود چه‌شنێك داری بۆن خۆشه و عه‌نبه‌ریش له ناوزگی چه‌شنێك ماسی دێته ده‌رێ و بۆ عه‌تر دروست كردن كه‌ڵكی لێ وه‌رده‌گیرێت. من له ڕێگه‌ی ئه‌م فه‌رده‌وه هه‌ستێكی دیكه‌شم سه‌باره‌ت به شیعره‌كه هه‌یه: بڵێی ئاوات شیعره‌كه‌ی به بۆنه‌ی چوونه حه‌جی كه‌س وكار یان دۆست و براده‌رێكی نزیكی خۆیه‌وه نه‌گوتبێت و له گه‌ڕانه‌وه‌یدا بۆ كوردستان، بۆنی عوود و عه‌نبه‌ری قه‌بری پێغه‌مبه‌ری له‌وه‌وه بۆ هاتبێت و ئاواتی چوونه‌حه‌جی خۆیشی تێدا تازه نه‌بووبێته‌وه؟
آل نبی، كچ و زاوا و نه‌وه‌كانی پێغه‌مبه‌ر. ئه‌وه، به‌گشتی، زاراوه‌یه‌كه موسوڵمانانی شیعه‌ی لایه‌نگری ئیمامه‌ت (به‌رانبه‌ر به خه‌لافه‌ت) كه‌ڵكی لێ وه‌رده‌گرن به‌ڵام، وه‌ك ده‌بینین، سه‌ید كامیلی سوننه‌ش خستوویه‌ته شیعره‌كه‌یه‌وه.
شفیع المذنبین، تكاكاری گوناهباران.
زه‌مزه‌م، چاڵی ئاوی ناو مسجدالحرام له مه‌ككه؛ حاجییان ئاوه‌كه‌ی به دیاری ده‌به‌ن.

کەوسەر، دەگوترێت حەوز یان سەرچاوەیەکی ئاو بێت لە بەهەشت کە دوو ڕووباری بە هەمان ناو لێ جیا دەبیتەوە؛ بە گوێرەی هەندێك سەرچاوەی ئیسلامیی، تەنیا موسوڵمانان دەتوانن لە ئاوی کەوسەر بخۆنەوە و پەیڕەوانی ئایینەکانی تر، ئەگەر ڕێگایان بکەوێتە بەهەشت و توونییان بێت، دەبێ بچنە سەر حەوز وئاوی تایبەت بە خۆیان کە بەو ڕادەیە سازگار و خۆش تام نییە! وێدەچێت شێوازی ئاو خواردنەوەکەش بە لەپی دەست بێت لەبەر ئەوەی دەگوترێ ئەو کەسانەی وا لە سەحرای مەحشەر ڕزگارییان دەبێ، دوای ئەو هەموو ساڵ چاوەڕوانی و توونیەتییە، کاتێ دەگەنە ناو بەهەشت خێرایەك دەچن لە ئاوی کەوسەر دەخۆنەوە، دیارە ئەوانیش نابێ هیچ کەرەسەیەکیان پێ بێت چونکوو هەموو لە قەبر ڕابوونەتەوە و ساڵانێکی زۆر بە کفنەوە لە سەحرای مەحشەردا وەستاون تا نۆرەیان گەیشتۆتی و بە سەر پردی سیڕاتدا ڕۆیشتوون.

ئەوە سەرچاوەیەك بۆ بەشێك لەو هەواڵە:

http://ar.islamway.net/fatwa/4097

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن.

## ئیمامیش دێتن

وەرە نێو باغ و نێو گوڵزار و چیمەن وا لە سەر ڕێتن
هەڵاڵە و نێرگس و شەوبۆ و سوێسنە خاکی بەر پێتن
هەواخوای بەژن و باڵات هەر بە تەنیا من نەبووم تەنیا
گەلێ لاوانی تازە پێگەیشتوو وەك ئەمن شێتن
هەزاران شێخ و شاب و شێت و ژیر، چاك و خراپ، ڕێکی
هەموویان کوشتەیی لەرزانەکان و گوارەیی گوێتن
دەلەرزن هەروەکوو لەرزانە، بەندن هەروەکوو گوارە
بە بۆنەی بەژن و باڵات، دیارە هاواڵی بەڕێوجێتن
هەموو هاتوونە سەیری قیتوقۆزیت، پیر و لاو، ئەورۆ
بە قەولی سابڵاغی: وا "ئیمامی"ش حازرە و دێتن

قاقڵاوا، ١٣٥٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٥٥ ی دیوانی چاپی جەعفەر، لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا نییە)

---

ڕوون نییە بۆچی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا نابینرێت؟ ئەگەرێك ئەوەیە ئەودەم لەبەردەستدا نەبووبێت و درەنگتر لە ناو ئەوراقی شاعیردا دۆزرابێتەوە.[150]

---

[150] دیارە ئەگەری دیکەش ئەوە دەبێت کە من نەمتوانیبێت باش پەیشوێنی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا هەڵبگرم. ڕاستییەکەی ئەوەیە دۆزینەوە و بەرانبەردانانی شیعرەکان لە هەردوو چاپدا، تا ڕادەیەك زەحمەتە لەبەر ئەوەی هەرکام بە شێوەیەك و بەسەلیقەیەك ڕێکخراون و عینوانی سەر شیعرەکانیش لە زوربەی زۆریاندا لێك جیاوازە. جیالە مەسەلەی عینوان، پێرستی چاپی ئەنیسی بە گوێرەی عینوانی شیعرەکان ڕێکخراوە لە کاتێکدا پێرستی

ئەگەری دووهەمیش دەکرێ ئەوە بێت کە شاعیر خۆی نەیویستبێت بڵاوی بکاتەوە لەبەر ئەوەی لە سەردەمی چاپی ئەنیسیدا ئاوات لە ژیاندا بوو. غەزەلێکی کورتی غەرامییە. شاعیر بانگهێشتنی کەسێك دەکات بۆ ناو باغ و گوڵزار، کە دەکرێ دڵدارێك یان دۆستێك بێت بەڵام بە ئەگەری زیاتر کچێکە: کچێکی تازە پێگەیشتووی قیت وقۆز و لەرزانە بە بەرۆك و گوارە لەگوێ کە نەك هەر شاعیر، گەلێ لاوانی تازە پێگەیشتوو، هەزاران پیر و لاو، شێتی بوون و چوونەتە سەیری، جا شاعیریش بەڕێوەیە و خەریکە بچێتە ئەو سەیر و سەفایە!

هەندێك تەکنیکی شاعیری تێدا بەکار هاتووە و لەوانە،

مراعات النظیر: کە نموونەکەی هێنانی ناوی باغ و گوڵزار و چەمەن، یان هەڵاڵە و نێرگس و شەوبۆ و سوێسنە، یان بەژن و باڵایە پێکەوە؛

چەند دیاردەی دژبەیەك (سەنعەتی تضاد) لەگەڵ یەکتر: شێخ و شاب، شێت و ژیر، چاك و خراپ و پیر ولاو؛

هەروەها جیناسی ناتەواو لە 'دەلەرزن' و لەرزانە'.

هەواخوا: لە وشەی فارسیی 'هواخواه' وەرگیراوە و کراوەتە کوردی؛ واتای لایەنگری هەیە.

لەرزانە: خشڵێکی ژنانەیە بە سینگ و بەرۆکەوە هەڵدەواسرێت.

هەواخوای بەژن و باڵات هەر بە تەنیا من نەبووم تەنیا: دڵنیانیم گەلۆ دووپات بوونەوەی وشەی 'تەنیا' لەم میسراعەدا کاری شاعیر خۆیەتی یان هەڵەیەك لە نووسینەوەی شیعرەکەدا ڕووی داوە. ئەو دووپات کردنەوەی یەك وشە، یەك لەپاڵ ئەوی دی، زۆر لە جوان ناچێت.

بەتەنیا: بە کوردیکراوی 'به تنها' یان 'به تنهائی' ی فارسییە. لە کوردیدا دەتوانین بڵێین 'نەك هەر...'

شاب: بە عەرەبی گەنج و لاوە.

بە قەولی سابڵاغی: واتە بە شێوەی قسەکردنی خەڵکی مەهاباد. نیازی شاعیر کرداری 'دێتن' ی کۆتایی شیعرەکەیە. لە شێوازی ئاساییدا واهەبوو بگوترێت: 'حازرە و دێ'

---

چاپی جەعفەر بە حیسابی یەکەم میسراعی یەکەم فەردەکانە. من بۆ دۆزینەوەی شیعرێك گەلێك جار هەموو لاپەڕەکانی دیوانی چاپی ئەنیسی هەڵدەدەمەوە و چارەیەکی دیکەشم بۆی نییە.

یان 'حازره و دێت' بەڵام شاعیر بەهۆی کێش و هەروەها سەروای شیعرەکەوە ناچار بووە بڵێ 'دێتن'. بۆ پەیوەندیدانی ئەو شێوە قسەکردنە بە ناوچەی مەهابادەوە دوو ئەگەر هەیە:

کردارەکە بە "دێ + تن" وەربگرین. لەو حاڵەتەدا شێوەی قسەکردنی شاری شنۆ و ناوچەی لاجان بەخۆیەوە دەگرێت و لە ڕاستیشدا ئەوە خەڵکی ئەو ناوچانەن کە سوود لە پاشگری 'تن' وەردەگرن نەك ساباڵغ.[151]

کردارەکە بە 'دێت+ن' وەربگرین کە زیاتر ڕەنگی قسەی خەڵکی دەوروبەری پیرانشار بەخۆیەوە دەگرێت. لە هەردوو حاڵەتدا لام وایە ئاوات دەبێ 'ساباڵغ' ی بە واتایەکی گشتیتر لە شارەکە خۆی وەرگرتبێت و خانێ و شنۆشی وەك بەشێك لەو 'ناو'ە سەیر کردبێت.[152]

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

---

[151] . وابزانم شێخ ڕەزای تاڵەبانیش هەڵەیەکی وای کردووە یان باشتر بڵێین بۆچوونێکی وای خستۆتە ناو شێعرێکەوە کە دەڵێ: "سپەری ئەهلی سنە بۆ شەڕی بێگانە، 'تن'ە..." لە کاتێکدا لە زاراوەی خەڵکی سنەدا ئەو 'تن' ە بوونی نییە.

[152] . سپاسی ئەو برادەرە خۆشەویستە دەکەم کە لەم بارەیەوە ڕوونی کردمەوە.

## ڕۆژی هەستان

ڕۆژی هەستان و ڕاپەڕینە، وەرن!
مافی خۆتان بە کوردی وەربگرن
ئێستە شاییم ئەوا لە دڵ دەگەڕێ
بە برا کوردەکانی خوار و سەرێ
گیانی خۆیان بەخت دەکەن بەپەلە
بانگ دەکەن وەرنە پێشێ، ڕۆژی هەلە
خاڵە! کێوی بڵندی ڕزگاری
بۆت بەیان کەم بە کوردی ئاساری
سەخت و هەڵدێر و نالەبار و چڕە
پڕ لە هەوراز و چاڵ و چۆڵ و خڕە
کوردە گیان! سەرکەوە بە چنگەکڕە
سەربەخۆیی بە خوێنی خۆت بکڕە
توێخی دەستت بلا هەموو لاچێ
شانەبەرد با نینۆکت هەڵپاچێ
ئەوکەڕەت نێوی تۆ لە مەیدانە
پێت دەڵێن قارەمانی تەنگانە
تەمەنی من لە ساڵی سیودوو بوو
ئاگری سەربەخۆیی گەل هەڵبوو
نەکوژاوە گەیشتە حەفتا ساڵ
تەمەنم ئەی عەزیزی کیژ و کاڵ!
ئێستەکەش وا دەزانم هەر لاوم
هەر لە سەر بیر و باوەڕم ماوم

یا بە ئاواتی خۆمەوە دەمرم
یانە ئاوات لە باوەشم دەگرم
وا مەزانن مرۆیەکی سادەم
بۆ شەڕوشووڕ هەمیشە ئامادەم!
من لە ژێر چاوەدێری پیاوێکدا
پێگەیشتووم، دەبێ بڕۆم هەروا
پێی دەفەرمووم: مەترسە بۆ پێشێ
چەکی دوژمن برینی نایێشێ
نابڕێ تیغی کۆلی دوژمنی گەل
قەت مەترسە و مەدە لە دەس خۆ هەل
ئێستە هەڵکەوتووە، دەڕۆم بە پەلە
دەیکەمە گۆمی خوێن و دێمە مەلە
نابێ ترسم هەبێ لە کوشتنی خۆم
هەر بە ڕێگەی ئەوا دەڕۆم و دەڕۆم
"کامیل"م من لە ڕێی خەباتی کورد
گیانی خۆم بەخت ئەکەم بە دەستوبرد

قاقلاوا، ١٣٥٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣١٦ و ٣١٧ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

شیعرەکە، بە گوێرەی دیوانی چاپی جەعفەر، حەوت ساڵێك دوای چاپی یەکەمی دیوانی چاپی ئەنیسی گوتراوە و دیارە لەوێدا نابینرێت. گەرچی ئەگەر پێش چاپەکەش بگوترایەت واهەبوو بە هۆی ناوەرۆکی زەقی ناسیۆنالیستییەوە مۆڵەتی چاپی پێنەدرایەت. ناوەرۆکی شیعرەکە نیشتمانپەروەرانەیە و شاعیر لەوێدا باسی مێژووی خەباتی گەل و لەپەنای ئەودا باسی خۆی دەکات. دەڵێ من ٣٢ ساڵان بووم کە ئاگری سەربەخۆییخوازی هەڵبوو. ئایا ئەوە ئاماژەیە بە ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥ز) و کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی خاکەکەمان؟
ئاوات، بەگوێرەی سەرەتای دیوانی کاك جەعفەر و هەڤاڵانی، لە ساڵی ١٢٨٢ی هەتاوی (١٩٠٣ز) لە دایك بووە و ٣٢ ساڵ دوای ئەو ساڵە دەکاتە ساڵی ١٣١٤ی

هەتاوی (١٩٣٥ز). ماوەی نێوان ئەو ساڵە و ١٣٢٤ ی کۆمار دەکاتە ٣٦ ساڵ. بەم پێیە ٣٢ ساڵەکەی ناو فەردی نۆهەم لەگەڵ دامەزرانی کۆماردا یەك ناگرێتەوە. بەحیسابی ئەوەی ئاگری سەربەخۆیی خوازی ساڵانێك پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن کۆمەڵەی ژێکافەوە هەڵکرا، ئەگەرێك ئەوە دەبێت کە ساڵی جێی ئاماژەی شاعیر ساڵی دامەزرانی ژێکاف بێت. ساڵی دامەزرانی ژێکافیش بە داخەوە زۆر ڕوون نییە و لە نێوان ١٣١٩ ی هەتاوی (١٩٣٨ز) و ١٣٢١ (١٩٤٢ز) دا باسی لێدەکرێت. حزبی خۆیبوونیش لە لوبنان لە ١٩٢٧ و حزبی هیوا لە باشوور لە ساڵی ١٩٣٧ ی زایینیدا دامەزراون. ٣٢ ساڵی تەمەنی ئاوات لەگەڵ هیچکام لەو ڕێکەوتانەدا یەك ناگرێتەوە.
تەنیا ئەگەرێك بمێنێتەوە ئەوەیە بڵێین لەو سەروحەدی ٣٢ ساڵەدا کە ئاوات دەڵێت، ئاگری کوردایەتی لەهەموو بەشەکانی کوردستان خەریك بوو لە ژێر خۆڵەمێشی ساڵ و مانگ بێتە دەرێ و دوو سێ ساڵێك دواتر گەییە ئەنجامی دامەزرانی ئەو حزبانە (خۆیبوون، هیوا و بەتایبەت ژێکاف) ئەوە تاقەڕێگەی چارەسەری مەسەلەکەیە بە بۆچوونی من.
شیعرەکە کێشەیەکی دیکەشی هەیە کە دەبێ چارەسەر بکرێت: لە فەردی ١٤ تا ١٦ یدا شاعیر باس لە "پیاوێك" دەکات کە ئەوی پێگەیاندووە و هانیداوە لە چەکی دوژمن نەترسێت و بڕواتە پێشەوە. ئەو پیاوە کێیە؟ پێشەوا قازی محەممەد؟ ئیحسان نووری پاشا؟ ڕەفیق حیلمی؟ مامۆستا زەبیحی؟ کێ؟ من بیرم بۆ کەسانێکی دیکەش دەچێت: نەمر سەیفولقوزاتی قازی، حاجی بابەشێخی مامی، مەلا ئەحمەدی فەوزی و قازی کاکەحەمەی بۆکان! لە نێو ئەوانەدا ئەگەری زیاتر لای من، حاجی بابەشێخ و سەیفن. سەیف بە مامۆستای شاعیرانی موکریان و بناغەدانەری فێرگەیەکی ئەدەبی دەناسرێت کە گەلێك شاعیری ناوداری نەتەوەکەمان وەك هەژار و هێمن و هێدی و قانع و موفتی پێنجوێنی و خاڵەمین و حەقیقی و نووری، بە 'ئاوات'یشەوە، ڕێبازی هونەری-سیاسی ئەویان گرتۆتە بەر. سەیف لە ساڵی ١٣٢٣ (١٩٤٥ز) دا کۆچی دوایی کردووە کە دەکاتە دەوروبەری ساڵێك پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان. ئایا مامۆستای جێگەی باس لەم شیعرەدا ئەوە؟ نازانم بەڵام دەکرێ وابێت لەبەر ئەوەی هەژاریش و هێمنیش ئەویان بە مامۆستای شیعری خۆیان زانیوە و دوور نییە ئاواتیش هەر وای بیر کردبێتەوە.

ئەگەر بۆچونمان لەمەڕ سەیف هەڵە بێت، دەبێ بیر لە حاجی بابەشێخی مامی شاعیر بکەینەوە.
مافی خۆتان بە کوردی وەربگرن: واتە مافی کوردبوون و سەربەخۆبوون لە گەلانی دیکە وەربگرن.
شایی لەدڵ گەڕان: دڵشاد بوون
کوردی خوار و سەرێ: خوارێ باشووری کوردستانە و سەرێ باکوور.
کوردی ئاساری: بە شێوەی کوردی، کوردانە
هەڵدێر: شوێنی ئەستەمی چیا
چڕ: پڕ لەدار ودەوەن
خڕ: دۆڵ شاعیر بە دوو وشەی چڕ و خڕ جیناسی ناتەواوی دروست کردووە.
چنگەکرە: چنگ لەشتێك گیر کردن وەك کڕاندنی شوێنەکە بۆنموونە، چوونە سەر لە هەورازی ئەستەمی چیا بە یارمەتی دەست و پەنجە.
توێخ: پێست
شانەبەرد: بەردی شان. شان ملەی کێوە.
تەمەنی من لە ساڵی سی و دوو بوو: سی ودوو ساڵان بووم.
نەکووژاوە گەیشتە حەفتا ساڵ: تا کاتێ من گەیشتمە حەفتاساڵان هەر نەکووژایەوە.
کیژ وکاڵ: کاڵ وشەی موهمەلە و واتای سەربەخۆی لێرەدا نییە. کیژ وکاڵ: کچان
برینی چەکی دوژمن نائێشێ: پەندێکی کوردییە ئاوات لە زمان مامۆستاکەیەوە گوتوویەتەوە.
کۆڵ: نەبڕ
ئێستە هەڵکەوتووە: وێدەچێت ئاماژەبێت بە هەل یان هەل و مەرجێك کە بۆ کورد هەڵکەوتبێت. ئەو هەل و مەرجە لەو ساڵانەدا لە هیچ بەشێکی دیکەی کوردستان جگە لە باشوور هەڵنەکەوتبوو. ساڵی ١٣٥٢ دەکاتە ١٩٧٣ ی زایینی. تۆ بڵێی ئە فەردە ئاماژە بە ڕێکەوتنی نەمر بارزانی لەگەڵ بەعس و دەرچوونی بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٤ نەبێت بۆ پەسند کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان؟ شیعرەکە پێش ئەو یاسایە گوتراوە کە دیارە دەبێ لە کاتێکدا گوترابێت کە شەڕ و پێکدادان لە نێوان شۆڕشی ئەیلوول و حکوومەتی عیراقدا بە شێوەی کاتی، وەستابێت.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعل فعلن

## سەفەری حەستەم

ئەو دەردی ئەوساڵ لە من ڕوویداوە
ئەو کۆڵەی بە پشت مندا دراوە،[153]
ئاسن بام دەپوام، کێو بام، دەخزیم
پڵنگ و بەبر و شێر بام، دەبەزیم
هەر هەڵدەسووڕێم بە دەم دەردەوە
دێوانە خۆمم بە ڕووی هەردەوە
بە پیری دەڕۆم بە پیر مەرگەوە
بە ڕیشی سپی، بە ڕووی زەردەوە
مەڵێن پیاوێکی هیچ و سەرسەریم
بۆ خزمەت کاکم دەڕۆم، سەفەریم
سەفەرێکی زۆر سەخت و حەستەمە
برسیم و کەوتووم، تێشووشم کەمە
چۆن ڕێ تەی بکەم، بگەم بە مەنزڵ؟
بە چاوی پڕ ئاو، بە دڵی بەکوڵ
کاکم گیرفانی پڕ بوو لە تێشوو
بۆیە وا ڕۆیی، خێرا زووبەزوو
پێشوازی هاتن ئەولیای قوبوور[154]
بەڕێز گیرابوو لە نزیك، لە دوور
من قوڕبەسەر خۆم، بێتۆشە و زادم
زار و زەعیف و بازاڕ کەسادم

---

[153] چاپی ئەنیسی: ئەو کۆڵی بە پشت

[154] چاپی ئەنیسی: قبور

نه لێره کەس بوو، ماڵئاواییم کا
نه لەوێش هەیه دڵنەواییم کا
بەڵام هەر دەڕۆم، چارم ناچاره
دەچمه خزمەت ئەو شیرینسواره[155]

قاقلاوا، ١٣٥٣ی هەتاوی
(لاپەڕه ١٩٧ ١٩٨ ی چاپی ئەنیسی و ٣٢٦ و ٣٢٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکه له هەردوو چاپدا وەك یەکه.
شیعرەکه شین گێڕییه بۆ مەرگی براگەورەی شاعیر، حاجی سەید محەممەدی هاشمی (سەیدی زەنبیل) و ئەو ڕاستییه له ناوەرۆکی گشتی شیعرەکه و بەتایبەت لەو میسراعه دەردەکەوێت که دەڵێ: "بۆ خزمەت کاکم دەڕۆم". ساڵی گوترانی شیعرەکەش ١٣٥٣ ی هەتاوی و ١٩٧٤ ی زایێنییه؛ به حیسابی ئەوەی شاعیر هەر لەم شیعرەدا گوتوویەتی: "ئەو دەردی ئەوساڵ له من ڕوویداوه..." دەبێ ساڵی وەفاتی سەیدی زەنبیل هەر ئەو ساڵی ١٣٥٣ یه بووبێت.
فەزای گشتی شیعرەکه، مردن و چاوەڕوان بوونی مەرگی شاعیر خۆیەتی که دیاردەیەکی ناسراوی ناو شیعری ئاواته و له بەشەکانی پێشوودا دەیان جار تووشی هاتووین. بەڵام ئەوەی وا کێشەی مردنی له شاعیر قووڵتر کردۆتەوه، کۆچی دوایی کاکیەتی، که له شیعرەکان و له ژیننامەی شاعیر وا دەردەکەوێت پەیوەندێکی گەرم و گوڕ و برایانەیان لەگەڵ یەکتردا بووبێت.
هەرچۆنێك بێت، ئاوات له شیعرەکانیدا بانگدەری بێ هیوایی به ژیان و چاوەڕێیەتی مەرگه. هەربۆیەش له ژیانی سەر دنیا سکاڵایەتی: "نه لێره کەس بوو ماڵئاواییم کا" و لەعەینی کاتیشدا لەژێر کارتێکەریی باوەڕه ئایینییەکەیدا، خۆی به کەسێکی گوناهبار دەزانێت که تەنیا بەزەیی خودا دەتوانێت له سزای ترسناکی ئەودنیا بیپارێزێت. بەم پێیه، وەك له هەڵس وکەوت و ژیانی ڕۆژانەشی دەردەکەوت، تەنیا و بێ وزه و بێ هیوا ژیا و ئاواتی گەورەی ئەوه بوو بکەوێته بەر بەزەیی خودا و ژیانی دوای مردنی له هی سەر دنیا باشتر بێت.

---

[155] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: خزمەت. بۆ پاراستنی کێشی شیعرەکه واهەیه بکرێت وەك "خزمەتی" بنووسرێت.

ئەم بۆچوونە، بە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ٢٠٠ پارچە شیعری ئاوات لای من دروست بووە و دڵنیام شاعیر لە هەموو ماوەی تەمەنیدا بەو شێوەیە ژیاوە، مەگەر لە هەندێك بڕگەی وەك سەرهەڵدانی كۆماری كوردستان و شۆڕشی ئەیلوول، كە لە باسكردنی ئەوانەدا تەمی ئەو بێ هیواییە دەڕەوێت و شاعیر هێز و هیوایەكی دێتەوە بەر. هەرئەوەندەش كە ئەو كاخی ئاواتانەی دەڕووخێت، وەك جاران و خراپتر لە جاران دەچێتەوە ناو جڵدی خۆی و چارەنووس دەداتەوە دەست عیزڕائیل! ئەو ترس لە مردن و لێپرسینەوەیە بڕستی لە شاعیر بڕیوە و ناهێڵێت نەفەسێكی ڕاحەت هەڵكێشێت.
حەستەم: ئەستەم، پڕ زەحمەت
پوان: ڕزین و خراپ بوون و لەناوچوون
سەرسەری: بێكارە، وازوازی، سەرچڵ (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)
تێشوو: ئازووقەی ڕێگا، ئەو كارە چاكانەی وا كەسێكی ئایینی دەبێ بیانكات تا لە حیساب و كیتابی قیامەتدا بە هانایەوە بێن. وەك 'تۆشە'ش دەگوترێت كە لە هەندێك شوێنی كوردستان واتای كولێرەی شێرینی هەیە.
تەی كردن: پێوان (طی عەرەبییە).
كاكم گیرفانی پڕ بوو لە تێشوو: كاكم كاری چاكەی زۆر كردبوو و كردبوونیە پاشەكەوت و تێشووی دواڕۆژ بۆ خۆی.
خێرا زوو بەزوو: تەنیا بۆ پێكهێنانی سەروای شیعرەكە لێرەدا هاتووە دەنا زیادییە، بەڵام واتایەكی ئەوەشی هەیە كە زوو جیهانی بەجێ هێشت.
ئەولیای قوبوور: دەبێ نەكیر و مونكیر واتە ئەو دوو فریشتەیە بن كە بەگوێرەی باوەڕی موسوڵمانان لە ناو قەبردا دەچنە سۆراغی مردووەكە و پرس وجۆی كارەكانی سەردەمی ژیانی لێدەكەن و سزای تاوانەكانی بە گورزی ئاسن دەدەنەوە.
زاد: تێشوو، ئەو خواردەمەنییەی ڕێبوار لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت و لەكاتی برسییەتیدا دەیخوات. لێرەدا زادی ئاخیرەتە.
زار: لاواز، زەعیف
بازاڕ كەساد: كەسێك كە بابەتی بۆ فرۆشتن هەیە بەڵام بەهۆی خراپیی جنسی كالاكەوە، كڕیاری نییە.
ماڵ ئاوایی: سپاسی میوان لە خانەخوێ لەكاتی ڕۆیشتندا، خواحافیزی
دڵنەوایی: دڵدانەوە

شیرین سوار: سوارچاك. دەکرێ نیاز لە پێغەمبەری ئیسلام بێت یان لە کاکی شاعیر. من زیاتر بۆ دووهەمیان دەچم.

بەحرێ عەرووزیی شیعرەکە،

متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

## دۆعای ڕۆژان

هەر ڕۆژ هەڵات، دۆعا و تەمەننامە تا شەوێ
کاکە! قەزات لە خۆم و لە هەرچی هەمە، کەوێ!
قوربان! بە زاتی پاکی خوداوەندی زولجەلال
گەر بمدەنێ بەهەشتی بەرین بێ تۆ، نامەوێ
جاه و جەلال و ژین و حەیاتم بە تۆوەیە
بێ تۆ وجوودی من چییە؟ کەوتووم ئەوا لەوێ
کاکە! هومێدی من بە خودا وایە بەو زووە
سەروی قەدت لە باغی ئەماندایە، نانەوێ
ڕەببی نەوی نەبی، نەنەوی، ون نەبی لە چاو
نەچیە دەرێ لەدڵ، کە دڵم هەر ئەتۆی دەوێ
هەرکەس بەتۆ دژە، نەبێ یاڕەب لەسەر زەوی!
کوێر وزەلیل و کەڕ بێ کەسێکی ئەتۆی نەوێ!
ڕۆحی نیساری خاکی بەری پێتە "کامیل"ت
بۆ چاوەنۆڕی سەروی قەدت، بۆچی ناتەوێ؟

قاقڵاوا، ١٣٥٣ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٣ ی چاپی ئەنیسی و٢٥٥ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'دۆعا وتەمەننا' یە.
لە پەراوێزی شیعرەکەی چاپی جەعفەردا نووسراوە: "بۆ خزمەت 'حاجی سەید محەممەد نوورانی.'" ڕاگەیاندنێکی ئەوتۆ لە چاپی ئەنیسیدا نییە بەڵام بێ ئەو ڕاگەیاندنە و لە ڕێگەی خیتابی 'کاکە'وە دوور نەبوو بزانرێت شیعرەکە بۆ کاکی گوتراوە و

ئەویش حاجی سەید محەممەدی نوورانییە کە بە شێخی زەنبیل ناسراوە و ماڵ و خانەقای لە گوندی زەنبیلی نێوان سەقز وبۆکان بووە.
نامەی شیعری نووسین بۆ کەس وکار یەك لەو ژانرانەیە وا لە دیوانی ئاواتدا نموونەی کەم نین. زنجیرەیەك لەو شیعرانە هاوڕێ لەگەڵ شیعری ناسراو بە ئیخوانیات واتە ئەو شیعرانەی وا شاعیر بۆ دۆست و برادەر و ناسیاو و هاوکاری خۆی گوتوون، بەشێك لە دیوانی شیعرەکانی ئاواتیان گرتۆتە خۆ و گەرچی هەندێك جار زۆریش شەخسی و تاکەکەسین، بەڵام دیسان هەم کەسەکان و هەم ڕووداوی جێگەی باسی شیعرەکان بەشێك لە مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەمان پێك دێنن و بەم بۆنەیەوە ناکرێت بازیان بە سەردا بدرێت و چاویان لێ بپۆشرێت.
سەید محەممەدی نوورانی براگەورەی سەید کامیل بوو و لە شوێنی دیکەی دیوانەکەشدا گەلێك بە ڕێزەوە یادی لێ کراوە و ناوی براوە. دیارە دەبێ پەیوەندی برایەتییان زۆر گەرم وگوڕ بووبێت؛ لە ژیننامەکەشیدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە ماوەی زیندانی بوونی خۆیدا، براکەی واتە حاجی سەید محەممەد چاوەدێری ژن و منداڵەکانی شاعیری کردووە.
وێدەچێت سەید کامیل ئەم شیعرەی لە سەردەمی نەخۆشیی حاجی سەید محەممەد دا گوتبێت و دۆعای چاکبوونەوەی بۆکردبێت؛ بە زاراوەی بەکارهاتووی ناوشیعرەکەشدا وا هەست دەکرێت کە ناوبراو زۆر نەخۆش بووبێت. بەداخەوە نازانم ساڵی وەفاتی کاکی چەندە بووە بۆ ئەوەی بزانین ئایا سەید کامیل شیعرەکەی لە سەرەمەرگی ئەودا گوتووە یان لە کاتی نەخۆش کەوتنێکی زووتریدا؟ بڵێی ١٣٥٣ (١٩٧٤) نەبووبێت؟
وشەی ئەستەم لە شیعرەکەدا نییە:
تەمەننا، داواکاری بە پێداگری.
قەزای کەسێك لە کەسێکی دیکە کەوتن، باوەڕە بە قەزا و قەدەر و داواکارییە بۆ وەرسووڕانی ئەو قەزایە و چەواشەکردنی بەرەو بێژەری دۆعاکە. بە گوێرەی باوەڕی فەلسەفیی 'جبریون'، ڕووداوەکانی ژیان هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، لە ناوچاوانی مرۆڤ دەنووسرێت و گەڕانەوە و وەرچەرخانی بۆ نابێت مەگەر بە ئیرادەی خالیق. ناتەبایی سەمەرە لەم کارەدا ئەوەیە تۆ باوەڕت بە قەزا و قەدەر هەیە یان نیتە. ئەگەر هەتبێ و قەزا و قەدەری نووسراوی ئەزەلیی بۆ مرۆڤ ڕاست بێت، چۆن دەکرێ بە دۆعایەك و چەند وشەی عەرەبی لە سەر کەسەکە لابرێت و بکەوێتە سەر کابرای

دۆعاگۆ؟ دیارە باوەڕمەندانی ئەو بۆچوونە چارەسەری ئەوەشیان کردووە و ئیرادەی خولقێنەر دەخەنە ژوور هەموو بڕیار و قەزایەکی نووسراوەوە!
جاه و جەلال، گەورەیی
ژین و حەیات، ژیان
سەرو، دارێکی ڕاستی باڵا بەرز
قەد، باڵا
سەروی قەد، بەرزیی باڵا، باڵای بەرز
سەروی قەدت لە باغی ئەماندایە و نانەوێ، شاعیر لە ژێر گوشاری کێشی شیعرەکەدا، لە جیاتی ئەوەی بڵێ 'لە ئەماندا بێت'، گوتوویەتی 'لە ئەماندایە'.
بەو زووە، بەم زووانە.
واتای سەرجەمی شیعرەکە ئەوەیە: کاکە، داواکارییم لای خودا ئەوەیە سەروی قەدت لە باخی ئەماندا بێت و بەم زووانە نەنەوێت و نەکەوێت، واتە هەر بە سەر پێوە بی و لە جێگەدا نەکەویت و بەم زووانەش نەمریت.
نەوین و نەوی بون، نزم بوون و کەوتن
بۆ چاوەنۆڕی سەروی قەدت بۆچی ناتەوێ؟ دەکرێ بەم شێوەیەش بنووسرێت و بخوێنرێتەوە: *"بۆ چاوەنۆڕی سەروی قەدت، بۆچی ناتەوێ؟"* لەم شێوازەی دووهەمدا عیبارەتی "بۆ چاوەنۆڕی سەروی قەدت" لەگەڵ میسراعەکەی پێش خۆی دەکەوێت و لە *"بۆچی ناتەوێ؟"* جیا دەبێتەوە. بەڵام لە هەر دوو حاڵەتدا ڕستەکە واتای هاوشێوەی هەیە و شتێکی ئەوتۆی لێ ناگۆڕرێت.
بەحری عەرووزی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب مكفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعيل فاعلن

# ئازارەکەم

کوێ چووە ئەمساڵ برا خەمخوارەکەم؟
سەدهەزار خۆزگەم بەساڵی پارەکەم!
چۆنی خۆش‌کەم دڵ، دەوای دەردم نییە
کۆڵەوارە خۆ دڵە زامدارەکەم[156]
سەد حەکیم چووم و دەوای دەردم نەبوو
بێ‌دەوا، ما کاکی من، ئازارەکەم
خەڵفی هیوام بێ لق‌وپۆپ مایەوە
وشك و بێ‌ئاوە گوڵ و گوڵزارەکەم
با "ئیمامی" ڕەق‌هەڵێ، بمرێ لە کێو
با نەمێنێ تەرمەکەم، ئاسارەکەم

قاقلاوا، ۱۳۵۳ ی هەتاوی
(لاپەڕە ۱۱۹ ی چاپی ئەنیسی و ۱۳۹ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "خۆزگەم بە پار"ە.
غەزەلێکی پێنج فەردییە، لە شینگێڕی برای شاعیردا، کە بە خەمخوار و دەوای دەرد و خەڵفی هیوا و گوڵ و گوڵزاری خۆی ناودەبات گوتراوە. لە پەراوێزی چاپی جەعفەردا ئەو بۆچوونە پشتڕاست کراوەتەوە بەوەی کە بە سێ وشە ڕاگەیێنراوە "بۆ وەفاتی کاکی". دیارە کاکی شاعیریش حاجی سەید محەمەدی نوورانی- شێخی زەنبیلە کە واهەیە لە ساڵی ۱۳۵۳ دا کۆچی دوایی کردبێت.

---

[156] چاپی ئەنیسی: زامارەکەم

"سەد حەکیم چووم و دەوای دەردم نەبوو" بە هەندێك گۆڕانکارییەوە لە فۆلکلۆری کوردی وەرگیراوە: 'سەد حەکیم هات و عیلاجی ئەو برینەی قەت نەکرد'.
وشەیەکی نامۆ لە شیعرەکەدا نییە شی بکریتەوە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلن

# چاوەکانم

تۆ نەخۆش بی، ژیانی من سوێرە[157]
چاوەکانم بە لەرزەکەت کوێرە
کە دەڕۆی بۆ موعالەجە، ئاخر
دڵی ئێمە بە شەخسێ بسپێرە
چونکە کۆرپەی دڵی هەموومان تۆی
بانەمەڕ چوو، چ وەختی هاوێرە؟
دوور لە یەك کەوتنەوە گرنگە، "عومەر"!
توند و تیژە، بە چەشنی تاوێرە
هەرکەسی کەوتە بەر، پەرێشانە
دەگرێ وەك تفەنگچی لەو، سێرە
وردوپردی دەکا بە شالاوێك
بە سەری‌دا دەسووڕێ وەك گێرە
گیانەکەم! مامەکەت بە قوربانت!
خەبەرێکی بنێرەوە، خێرە

بۆکان، ١٣٥٣ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠١ و ١٠٢ ی چاپی ئەنیسی و ١٨٥ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'کۆرپەی دڵ' ە، کە لە فەردی سێهەمی شیعرەکە وەرگیراوە و شاعیرانەترە لە 'چاوەکانم' کە دیارە ئەویش هەر لە فەردی یەکەمی شیعرەکە وەرگیراوە.شیعرێکە لە بابەتی 'ئیخوانیات' و قسەی نێوان بنەماڵە و کەس

---

[157] چاپی ئەنیسی: ژیانی من

وکار. تەنزێکی نەرمی تێدایە بابەتی شیعرەکە، هەواڵپرسی کردنی ئاواتە لە برازایەکی خۆی- سەید عومەری هاشمی، کوڕە چکۆلەی حاجی سەید محەممەدی هاشمی (سەیدی زەنبیل).[158] لە شیعرەکە وا دەردەکەوێت کە سەید عومەر نەخۆش کەوتبێت و بۆ چارەسەری نەخۆشی لە زەنبیلەوە چووبێتە شارێك کە ڕوون نییە کوێیە (بۆکان، تەورێز، تاران، یا...؟)، ئاواتیش بەم شیعرە هەواڵی پرسیبێت و داوای چاك بوونەوە و گەڕانەوەی بۆ کردبێت. دەبێ نێوانی مام و برازا زۆر خۆش بووبێت لەبەر ئەوەی دوورییەکەی ئەو بە تاوێرێك دادەنێ کە بە سەر مامیدا کەوتووە و بە گیانەکەم خیتابی پێ دەکات و دەڵێ مامەکەت بە قوربانت بێت.

چاوەکانم بە لەرزەکەت کوێرە: دەبێ سەید عومەر تووشی یاو و لەرز هاتبێت.

دڵی ئێمە بە شەخسێ بسپێرە: لام وا نییە شەخس لێرەدا شەخس و چاك بێت، بەڵکوو هەر شەخس و کەسی ئاساییە. واتە دڵی ئێمە لای تۆیە، کە خۆت دەڕۆی ئەوان بەجێ مەهێڵە و بیانسپێرە بە دەست کەسێك.

بانەمەڕ چوو، چ وەختی هاوێرە؟ بانەمەڕ، گوڵان، مانگی دووەمی بەهارە. هاوێر: لە یەکتر جیاکردنەوەی ماك و زا (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار). ئاوات لە میسراعی پێشوودا سەید عومەر بە 'کۆرپەی دڵی هەموومان' ناودەبات. ئەو جیاکردنەوەیەی دایك و بێچووەش تەنیا لەو پەیوەندەدا واتادەداتەوە. قسەی شاعیر ئەوەیە: تۆ کە کۆرپەی دڵی ئێمەی بۆ لێمان جیاکەوتوویەتەوە؟ خۆ ئێستا کاتی ئەو جیابوونەوەیە نییە، وەرەوە! ئاوات لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا ٧١ ساڵان بووە بەڵام نازانم برازاکەی دەبێ چ تەمەنێکی بووبێت، بە گومانی من، دەبێ لەو ساڵەدا ٣٠ تا ٣٥ ساڵان بووبێت.

تاوێر: بەردی خلۆرەوەبوو لە بەرزی کێو (هەنبانە بۆرینە).

هەرکەسی کەوتە بەر...: دەگەڕێتەوە بۆ فەردی پێشوو: هەرکەس وەبەر تاوێر بکەوێت، حاڵی پەرێشان دەبێت. واتە حاڵی ئێمەش بە دووریی تۆ پەرێشانە.

وردوپردی دەکا: ئەم فەردەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان فەرد، ورد وپرد کردن، هاڕین. پرد لێرەدا لەفزی موهمەلە و هەمان واتای ورد دەدات.

شاڵاو: هێرش

---

[158] حاجی سەید محەممەد چوار کوڕ و دوو کچی هەبوون: عەلیشا، سەید ئەنوەر، سەید عومەر، سەید ئەسعەد، ساحبە خاتوون و سارا خاتوون (سپاسی کاك جەلال سەیادەت دەکەم بۆ ئەو زانیارییە).

گێره: هەنبانە بۆرینە بە 'خەرمان کوتان' ی واتا کردۆتەوە کە لە باری ڕێزمانەوە، کردارە؛ بەڵام گێرە 'ناو' یشە و کەرەسەی خەرمان کوتانە، جەنجەڕ.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

خفيف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن نفاعلن فعلن

## کاروانی نەمان

کاروانی نیستی، تۆزێ سەبر تەشریف بەرە!
نێو کەژاوەی دڵڕفێنت جێ خەوی نازپەروەرە
بۆ هەموو دەروێش و سۆفی، قەوم و خوێش، خەڵکی وڵات
مورشیدێکی خۆشەویستە، ڕێنما وو ڕێبەڕە
تۆخودا سەرقافڵەچی! خێرا بە ڕێگادا مەڕۆ
چاڵ و چۆڵە ڕێگەکەت، ماندوو دەبێ ئەو دڵبەرە
چوو، منیش وا بێوچان دێم و دەچم، بێئیختیار[159]
هەر دەڕۆم، پێناگەم و بڕوانە بوومە مەخسەرە
هەر بە تەنیا بۆ منە ڕۆژی قیامەت هاتووە[160]
ڕۆژ و شەو با هەر بقووڕێنم لە دووی ئەو سەروەرە[161]
کاتی ڕۆینی پیری مە "غفران ایزد" نووسرا
شین و واوەیلایە، قوڕپێوانە، ڕۆژی مەحشەرە

قاقلاوا، ١٣٥٣ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١١٦ و ١١٧ ی چاپی ئەنیسی و ١٨٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'کاروانی نیستی' یە، کە لە دوو وشەی ناو شیعرەکە وەرگیراوە. لە چاپی جەعفەردا وشەی فارسیی نیستی کراوەتە 'نەمان' ی کوردی. من لام وایە ئەو گۆڕانکارییە زۆر پێویست نەبێت چونکو شاعیر خۆی گوێی لەوە نەبووە وشە و تەعبیری فارسی و عەرەبی بخاتە شیعرەکانیەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو یان

[159] چاپی ئەنیسی: چوە منیش
[160] چاپی ئەنیسی: قییامەت
[161] چاپی ئەنیسی: لەدوی

زوربەی شیعرەکانی ئاوات بێ عینوانن و ویدەچێت ئەنیسی و جەعفەر ئەو عینوانانەیان بە سەلیقەی خۆیان لە ناو شیعرەکان دەرکێشابێت.

لە پەراوێزی شیعرەکە لە چاپی جەعفەردا نووسراوە: "بۆ کۆچی دوایی کاکی" واتە کاکی شاعیر. بەم پێیە ئەوەش شیعرێکی دیکەیە ئاوات بەبۆنەی کۆچی دوایی حاجی سەید محەممەدی نوورانی (شێخی زەنبیل) نووسیویە، کە بە گوێرەی مادە تەئریخی مەقتەعی شیعرەکە، دەکاتە ۱۳۵۳ ی هەتاوی [= ۱۹۷٤ ی زایینی].

شاعیر لەگەڵ کاروانی نەمان زۆر نەرم و بە ئیحتیرامە! جارێك پێیدەڵێت سەبر تەشریف بەرە و جارێکیش کەژاوەی نەمان بە 'دڵڕفێن' دەناسێنێت. ئەوانە هەندێك نامۆن لەبەر ئەوەی شاعیران لە کاتی مردنی عەزیزیاندا گلەیی لە کاروانی ئەجەل دەکەن و تەنانەت جنێوی پێدەدەن بۆچی خۆشەویستەکەیانی لەگەڵ خۆی بردووە. ئەو هەڵوێستەی ئاوات نیشانەیەکە لە تەبعی نەرم و لەتیفی ئەو و وەك پاڕانەوەیەکیشە لە مەرگ کە لەگەڵ کاکیدا میهرەبان بێت. ئەو هەستە لە فەردی سێهەمدا بە باشی دەردەکەوێت کاتێ بە سەرقافلەچی ئەجەل دەڵێ خێرا ڕێگا نەبڕێت لەبەر ئەوەی ڕێگاکە، واتە ڕێگای مەرگ، پڕ لە چاڵ و چۆڵی و نالەبارییە و خۆشەویستەکەی ئەو ماندوو دەکات.

چوو، ئیشارەیە بە ڕۆیشتن و مردنی کاکی شاعیر

بێ وچان، بێ وەستان

هەر دەڕۆم، پێناگەم: بێزارییە لە ژیان و ئاواتی کۆتایی هاتن بە ڕێگەی دوور ودرێژی ژیان.

مەخسەرە، مەسخەرەی عەرەبییە بە کوردی کراوە.

قیامەت هاتن بۆ کەسێك، ئەوپەڕی ناڕەحەتی و وەڕەزیی ئەو کەسەیە.

قووڕاندن، بۆڕاندنی ڕەشەوڵاخ (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار). شاعیر ئەم تەعبیرەی دەبێ بە دەستە قەسد هێنابێت بۆ ئەوەی کاکی و سەرووەری خۆی گەورە بکاتەوە و خۆی چکۆلە بنوێنێت کاتێ کە دەڵێ تا ڕۆژی قیامەت بەدوایدا دەڕۆم و دەقووڕێنم.

پیری مە، پیری ئێمە: تەعبیرێکی ناوچەی مەهابادە و نیاز لە کاکیەتی.

غفران ایزد: ئەوە مادە تەئریخی مەرگی کاکیەتی. هەردوو چاپی جەعفەر و ئەنیسی بە 'غفرانی ایزد' یان نووسیوە، واتە پیتێکی /ی/ یان لێ زیاد کردووە و ئەوەش هەڵەیەکی ئاشکرایە. یاء لە حیسابی ئەبجەددا ژمارە ۱۰ یە و ئەگەر لە جیاتی 'غفران' بنووسین

'غفرانی'، سووك و سانا ١٠ ساڵمان لەو مادە تەئریخە زیاد کردووە! 'غفرانی ایزد' دەکاتە ١٣٦٣ لە کاتێکدا کاکی شاعیر ١٠ ساڵ پێش ئەوە کۆچی دوایی کردووە و شیعرەکەش هەر لە ساڵی ١٣٥٣ دا گوتراوە. کەوابوو ئێمە دەبێ وەك "غفران ایزد" ی بنووسین، جا ئەگەر لە خوێندنەوەدا شێوازی کوردیمان پێدا و گوتمان غوفرانی ئیزەد، قەیدی ناکات، بەڵام لە نووسیندا مافی ئەو گۆڕانکارییەمان نییە دەنا حیسابە دانراوەکانی 'ئەبجەد' تێك دەچن (باوەکوو من ڕێك وپێکیی شیعرەکەم پێ گرنگترە لەو فۆڕمالیسمەی مادەتاریخ دروست کردن!)

بە حیسابی من پیتەکانی 'غفران ایزد' ئاماژە بەم ژمارانەی خوارەوە دەکەن:

غ= ١٠٠٠؛ ف= ٨٠؛ ر=٢٠٠؛ ا= ١؛ ن= ٥٠؛ ا=١؛ ی= ١٠؛ ز= ٧؛ د= ٤.

غفران = ١٣٣١؛ ایزد = ٢٢؛ غفران ایزد = ١٣٥٣ (کە ئەویش دیارە ساڵی هەتاوییە و بەرانبەرە لەگەڵ ١٩٧٤ ی زایینی). واتای دوو وشەکەش داواکاریی شاعیرە لە خودا بۆ بەخشین و لێبووردوویی گوناهانی مردوو، کە کاکی خۆی بێت.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## مەفەرموو من نەماوم!

له خەڵوەتخانەیی عیززەت، براکەم! جێت نومایانه[162]
بەڵام بۆ هەر وەفادارێکی تۆ هەر شین و گریانه
سەرم سوڕما، دڵت چۆن هات بەجێمبێڵی به تەنیایی؟
به تەنیا هەر برات من بووم، له تاوت بوومه دێوانه
دەڕۆم ئەم ماڵ و ئەو ماڵ، دێ به دێ، ئەم شار و ئەو شاره
دەسووڕێم لەو بیابانانه، دەشت و کێو و شاخانه
دەڵێم کوا کاکی من، کوا بابی من، کوا نووری ئیمانم؟
بڵێم دوای تۆ براکەت کاری قوڕپێوانه، سووتانه
سڵاوت لێدەکەم جوابم دەوە، هەر وەخته پەڕ دەرکەم
تکاشت لێدەکەم: تۆزێ نەوازش، دڵ هەراسانه
"محەممەد"! تۆش به فریادم بگه ئەی شافیعی مەحشەر
ئەتۆ بێو گەورەییت، نەختێ سەبووری، ڕۆژی ئیحسانه
برام! تۆش تۆ خودا چاوێ هەڵێنه بۆ برات، خێره
مەفەرموو من نەماوم! تۆ "وەلی"ی، خۆ هەر له بیرمانه[163]
خودا فەرمووی له قورئانا "وەلی" قەت نامرن، زیندووون
ئەوان ڕزقیان له لایەن خالیقی بێچوون و سوبحانه

قاقلاوا، ۱۳۵۳ ی هەتاوی
(لاپەڕه ۱۱٤ و ۱۱٥ ی چاپی ئەنیسی و ۲۰۰ ی چاپی جەعفەر)

---

[162] چاپی ئەنیسی: نمایانه
[163] چاپی ئەنیسی: خۆ هەر لەبیرمانه؟ چاپی جەعفەر: هەر لەبیرمانه!

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "خەڵوەتخانەی عیززەت"ە. هەردوو عینوانەکان لە دەقی شیعرەکە وەرگیراون.
شین گێڕییەکە بۆ کۆچی دوایی سەید محەممەدی نوورانی (سەیدی زەنبیل)، براگەورەی شاعیر. ئاوات و براکەی کوڕی سەید عەبدولکەریمی زەنبیل بوون و حاجی بابە شێخی سەیادەت دەبێتە مامیان. ئەو ڕاستییە لە چاپی جەعفەردا ئاماژەی پێکراوە کاتێ لە پەراوێزدا نووسیویەتی: بۆ "وەفاتی کاکی"، بەڵام چاپی ئەنیسی ئەوەی دەست نیشان نەکردووە، ڕەنگە لەبەر ئەوەی هیچکام لە شیعرەکان پەراوێزیان بۆ دانەنراوە.
ئاوات شیعری دیکەشی بۆ مردنی کاکی گوتووە.
شاعیر دەڵێ براڵە، تۆ کە مردووی، خەیاڵت ئاسوودەیە لە خەڵوەتخانەیی عیززەت، واتە خەڵوەتی تایبەتی خودادا، شوێنت بۆ دیاری کراوە، بەڵام مورید و شوێن کەوتوانت خەمی لەدەست چوونی ئەم دنیایەت دەخۆن و بۆت دەگرین.
لە فەردی دووەم و سێهەمدا شاعیر باسی خۆی دەکات و کارتێکەریی ئەو مەرگە لە سەری، کە خستوویەتە سەرگەردانییەوە و لە بیابان و چۆڵ و ئاوەدانیدا؛ لە کاکی لەدەستچووی دەگەڕێت کە جێگەی باوکیشی بۆی گرتبووەوە و لەوە زیاتر، نووری ئیمانیشی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆی نابینرێتەوە، قوڕ دەپێوێت و دەسووتێت.
نومایان: دیار، بەرچاو. 'نمایان'ی فارسییە.
پەڕ دەرکردن: لە بوونی خۆت خاڵی بوون بە هۆی ناڕەحەتییەوە و بوون بە باڵندەیەکی سەرگەردان.
دەسووڕێم...: شاعیر لەم میسراعەدا مۆسیقایەکی خۆش ئاهەنگی بە "-انانە" دروست کردووە: لەو بیابانانە، دەشت وکێوانە.
محەممەد: هانا بردنە بەر پێغەمبەری ئیسلامە، بەڵام لەبەر ئەوەی برای شاعیریش ناوی محەممەد بووە، هێنانی ئەو ناوە لێرەدا چەشنە ئیهامیشە؛ شاعیر بە بێ سەرلێشێواندنی خوێنەر، واتای تا ڕادەیەك دووپاڵووی بە وشەکە داوە و گەلێك جوانە.
هەر لەبیرمانە: ئەو قسەیە لە فەردی پێش کۆتاییدا هاتووە و هەندێك پرسیار دروست دەکات. چیمان لەبیرە؟ بە بۆچوونی من ئەوە لە پەیوەندی فەردی دواتردایە و تەنیا بە هۆی ئەوەوە واتا پەیدا دەکات. شاعیر دوای ئەوەی برای خۆی بە "وەلی" ناودەبات،

دەڵێ لەبیرمانە خودا سەبارەت بە ئەولیا چی گوتووە، کە ئەوەش لە فەردی دواتردا دێت.

تۆ "وەلی"ی: ئەو وشەیە لای موسوڵمانان واتای "دۆستی خودا"ی هەیە و لە قورئاندا باس لە "اولیاء الله" و "اولی الامر" کراوە. لە سۆفیایەتیدا "وەلی" کەسێکە گەیشتبێتە قۆناغی هەرە بەرزی سلووك. لای سۆفیانی سافی، پلەی وەلی لە پلەی نەبی نزیك دەبێتەوە و کەسێك کە وەلییە، دەتوانێ گەلێك "خوارق عادات" بکات کە خەڵکی ئاسایی ناتوانن بیکەن. شێخی تەریقەت لە سەردەمی ئێمەدا بە "وەلی" دادەنرێن. شاعیر دەڵێ کاکە، تۆ کەسێکی "وەلی"ت، خوداش لە قورئاندا فەرموویە "وەلی نامرن" و زیندوون و ڕزقیان لای خودایە.

من نەمزانی لە کام شوێنی قورئاندا ئەم ڕاگەیاندنە هاتووە. بەڵام قسەیەکی ئەوتۆ لە سەرچاوەی جیاجیای ئێرانییەکاندا دراوەتە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام و عەلی کوڕی ئەبیتالیب کە گوتوویانە: ان اولیاء الله لایموتون بل ینقلون من دار الی دار (ئەولیای خودا نامرن بەڵکوو لە ماڵێکەوە دەچن بۆ ماڵێکی تر). لە قورئاندا بەوانەش وا لە ڕێی خودادا دەکووژرێن مژدەی ڕزق و ڕوزییان لە لای خودا دراوەتێ: و لا تحسبنّ الّذین قتلوا فی سبیل الله امواتا بل احیاء عند ربّهم یرزقون. **دیارە** ئەگەر ئەوە بەڵێنی بەهەشت نەبێت، هەر لە پەسندی ئەو قسەیەدایە کە گوتراوە"لایموتون" واتە نامرن و ئاواتیش لە شیعرەکەیدا ئەو هەواڵەی دووپات کردۆتەوە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## نۆرە هەنگاوی منە

تك تكەی بارانی پایز وەك تكەی چاوی منە[164]
کاتی هەڵقرچاوی باغ وەك جەرگی برژاوی منە
هەر خڕ و شیوێ تەماشا کەی، خڕی پڕ بوو لە ئاو
هەڵدەچۆڕێ لێڵ و لیخن، چەشنی زووخاوی منە
هەورە، بایە، بەفرە، بارانە، تەمە، سەر کێوەکان
هەردەمەی جۆرێکە، هەروەك حاڵی شێواوی منە
ئەمن و بەفری سەر چیاکان پێکەوە دەتوێینەوە[165]
کاکە! ئەم زستانە بەفریش عومری فەوتاوی منە
ئەی خودا! بۆچیمە تازە ژینی هێندە تاڵوتوون
دوو برا بووین، بازیدا ئەو، نۆرە هەنگاوی منە

قاقلاوا، پایزی ١٣٥٣ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٤ ی چاپی ئەنیسی و ٢٠٥ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'نۆرە هەنگاو' ە کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ عینوانی چاپی جەعفەر دا نییە.
بابەتی شیعرەکە، ئیخوانیات و شین گێڕییە. لەبەر ئەوەی شاعیر یەکەم، بۆ کەس وکاری خۆی (براکەی) گوتووە و دووەم، بۆ کۆچی دوایی ئەو.
ئەو کەسەی وا شیعرەکە ڕوو لەوە و بۆ ئەو گوتراوە، سەید محەممەدی هاشمی (سەیدی زەنبیل)ە؛ ئەوەش بە گوێرەی فەردی کۆتایی شیعرەکەیە، وا دەڵێ: "دوو برا بووین". دیارە هەمیشە دەکرێ بگوترێ لە کۆمەڵگای ئێمەدا واهەیە کەسێك بە

---

[164] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: پاییز
[165] چاپی ئەنیسی: چییاکان

دۆست و برادەری خۆشەویستی خۆی بڵێ 'برا' و بەو پێیە، دەکرێ شیعرەکە بۆ مردنی دۆستێکی شاعیر گوترابێت. بەڵام ئەوە ئەگەرێکی لاوازە و زیاتر دەبێ ئەوە بێت کە بۆ برای 'ڕضاعی' خۆی گوتبێتی، ئەویش لە سەیدی زەنبیل بەدەر نییە.

هەورە، بایە...: شیعرە ڕازاوەکەی مامۆستا هێمنمان وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ:

*"گژەبایە لە چیاکان و هەوا تووشە، دەنا،*

*وەکوو شێتان دەمەویست ڕوو لە چیای ئەستەم کەم!"*

بەڵام نازانم کامیان پێش ئەوی دیکە گوتراون.

لە پێکەوە هێنانی ئەو چەند بابەتە هاوچەشنەدا (هەور، با، بەفر، باران، تەم، سەر کێو) سەنعەتی 'مراعات النطیر' دروست کراوە.

شیعرێکی قورس و قایم و کورت بەڵام پڕ واتایە، تێیدا خەم و خەفەت و دڵسووتاوی و تەنیا مانەوەی شاعیر دوای مەرگی براکەی، بە باشی هەست پێدەکرێت.

کاتی هەڵقرچاویی: لە خوێندنەوەدا و بۆ پاراستنی کێش واهەیە مەجبوور بین دەست بەجێ دوای هەڵقرچاوی، وشەی باغ بهێنین بەڵام بۆ وەرگرتنی مانای ڕاست لە شیعرەکە، باش وایە دوای هەڵقرچاوی وێرگول (کۆما)یەك دابنرێت ئینجا باغ بنووسرێت. من بۆ ئەوەی خوێنەر لە خوێندنەوەی فەردەکەدا تووشی کۆسپ نەیەت، ئەو کارەم نەکردووە، بەڵام پێویستە بکرێت لە بەر ئەوەی شاعیر دەڵێ باغ لە کاتی هەڵقرچاوی و سیس بووندا، وەك جەرگی برژاوی منە. بەڵام ئەگەر بڵێین لەکەتی هەڵقرچاوی باغدا، ئەودەم خێرایەك دەبێ بپرسین چی وەك جەرگی برژاوی منە!

خڕ :لە میسراعەکەدا دووجار هاتووە و جیناسی تەواوی پێ دروست کراوە .یەکەمیان بە واتای ئاودڕ، جێ لافاو و شیوەڵەیە (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار) بەڵام دووەمیان بە واتای سەرجەم، بتوون و هەمووە.

زووخاو: کێم و خوێنی تێکەڵاو (هەنبانە بۆرینە)

تاڵ و توون: توون واتای تیژی هەیە و لە ڕاستیدا دەبێ تاڵ و توند بێت بەڵام بەو شێوەیەش لەسەر زمانی خەڵك هەیە و بۆ نموونە، دەگوترێ "خواردنی تاڵ و توون مەخۆ". بە کورتی، توون وشەی "مهمل" نییە کە بەتەنیایی واتای نەبێت. ئەو تەرکیبە لە چەند شیعری دیکەی ئاواتدا دەبینرێت. بڕوانە:

*"بەڵای لێ‌دا ژیانی وا بەزیللەت*

*چ تاڵ‌وتوونە، چاوم، عومری خدرم!"* و:

*"شەراب هەرچەندە تاڵ‌وتونە، چاوم*

*که ساقی وا دڵئاوا بێ چ خۆشه!"*

بازیدا ئەو: شاعیر ژیانی مرۆڤی وەك كێ بەرکێ یان یاریی بازدان بینیوه. یەکەم جار براکەی لە ژیانەوه بازی داوەته گۆڕەپانی مەرگ و ئێستا لای وایە نۆرەی ئەو بێت هەنگاو هەڵێنێتەوه و بە شوێن کاکیدا، باز بدات. ئەو بازدان و هەنگاوه هیچ نییە جگە لە چاوەڕوانی و پێشوازیی کردنی مەرگ، کە ئەویش دەیان جار لە شیعرەکانی ئاواتدا دووپات بۆتەوه.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## شەمعی کامیل

چۆن دڵت هات تۆ بەجێت هێشتم، بە تەنیا مامەوە؟
نەتدەزانی دوای نەمانت شێت دەبووم، دەخولامەوە؟
بێخەبەر بووی تۆ مەگەر، پاش تۆ ئەمن حاڵم چییە؟
نەتدەزانی هەر لە بەردەرکت لە قوڕ دەتلامەوە؟
نەتدەزانی تینی لێجوێبوونەوەت دەمکا بە چێشت؟
هەر بە چەشنی شەم لە جێی خۆم دەسبەجێ دەتوامەوە؟
قوڕبەسەر خۆم کاکە، بێتۆ دەربەدەر، مات و هەژار
هەرچی خۆشیم دی، بە مەرگی تۆ بە ساتێ دامەوە
زامی دڵ دیوەودەرە، قوربان! بە مەرگی تۆ قەسەم
ڕەنگە زوو بمرم منیش دوای چاوی تۆ بەو زامەوە
وا پریشکی ئاوری دووریت کەسم! وای‌کرد لە من
شۆڕشی ئەو ئاورە هاتۆتە نێو ئەعزامەوە[١٦٦]
شەمعی "کامیل" بووم بە هۆنراوەی جوان لای هۆنەران
ئێستە کاکەگیان! لە تۆ دوور کەوتم و کووژامەوە

قاقڵاوا، **١٣٥٣**ی هەتاوی
(لاپەڕە ١١٥ ی چاپی ئەنیسی و ٢٢٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "تەنیا مامەوە"یە.
شینگێڕییە بۆ مەرگی براگەورەی شاعیر- سەید محەممەد نوورانی (سەیدی زەنبیل)، کە دەبێ هەر لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا (کە دەکاتە ١٩٧٤ یان ٧٥ ی زایینی) کۆچی

[١٦٦] چاپی ئەنیسی: ئەغرامەوە (دیارە هەڵەی چاپە).

دوایی کردبێت. دیوانی چاپی جەعفەر لە پەراوێزی شیعرەکەدا نووسیویەتی: "بۆ وەفاتی کاکی" و لە بەر ئەوەی سەید کامیل تەنیا یەك برای هەبوو، دەبێ هەمان سەید محەممەدی نوورانی بێت؛ وێدەچێت شاعیر پەیوەندێکی برایانەی گەرم وگوڕی لەگەڵ کاکیدا بووبێت. شێت دەبووم، دەخولامەوە، حاڵم چییە، دەتلامەوە، دەتوامەوە: ئەو کردارانە هەمووی لە زەمانێکدا گوتراون کە لە باری ڕێزمانەوە زۆر لە شوێنی خۆیاندا نین. کاتێ شاعیر دەڵێ "دوای ئەوەی تۆ بەجێت هێشتم بەتەنیا مامەوە"، قسە کردنێکی ئاساییە و زەمانی کردارەکەش بەڕێ و جێیە واتە دوای تۆ، من بەتەنیا مامەوە. بەڵام کاتێ دەڵێ دوای نەمانت شێت دەبووم یان دەخولامەوە، ئەوانە لەژێر گوشاری کێش یان سەروای شیعرەکەدا گوتراون دەنا ئاسایی نین کەسێك بڵێ بێ خەبەر بووی پاش تۆ حاڵم چییە (لەجیاتی حاڵم چۆنە یان چۆن دەبێت) یان نەتدەزانی ...دەتلامەوە (لەجیاتی دەتلێمەوە). هەرچۆنێك بێت، ئەوە خاڵێکی ئەرێ یی نییە بۆ شاعیر کە سەر وبنی قسەکانی ئاوا پێکەوە جۆش بدات. بەڵام لە فەردی کۆتاییدا شاعیر بەیانێکی ئاسایی هەیە: دوای دوور کەوتنەوە لە تۆ، <u>کووژامەوە</u>؛ ئیتر ناڵێ دەکووژامەوە.

دەس بەجێ: موعتەریزەیەکە، ڕستەکە پێویست بە بوونی ناکات بەڵام بۆ ڕێکخستنی کێش خراوەتە ئەو شوێنە. شیعری کلاسیکی ناوچەکە پڕە لەو حەشو و زیادییانە.

هەرچی خۆشیم دی، بە ساتێ دامەوە: میسراعێکی ڕێك و پێك و جوانە: خۆشیم ئیتر نەما.

دیوە ودەر بوونی زام: ئاشکرا بوون و دەرکەوتنی زامێکی لەشە کە پێشتر شاراوە بووبێت و نیشانەی پەرەسەندنیەتی.

دوای چاوی تۆ: تەعبیرێکی جوانە، لەسەر زمانی خەڵکیش هەیە. زۆرکەس بە چاوی خۆشەویستێکی خۆیان سوێند دەخۆن. دوای چاوی تۆ، لە ڕاستیدا یانی دوای تۆ، دوای مەرگی تۆ دوای ئەوەی کە ئیتر چاوت نابینم.

شۆڕش: ڕاپەڕین. شۆڕشی ئاور واتە پڕیشکە لێدانی ئاورەکە.

ئەعزا: ئەندامەکانی لەش.

شەمعی کامیل بووم: شاعیر دەیەوێ بڵێت من کە کامیلی براتم، مۆمێکێکی تەواو بووم و دوای ئەوەی لە تۆ دوور کەوتمەوە، کووژامەوە؛ بەڵام ئەوەی بە شێوازێك گوتووە کە ناو، یان ناسناوی خۆی تێکەڵاوی قسەکان کردووە لە ئەنجامدا وشەی کامیل دوو واتای بەخۆیەوە گرتووە: ١. تەواو ٢. ناوی شاعیر، کە ناسناوی شیعریشیەتی.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە، رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## شیعری ساڵانی ١٣٥٤ تا ١٣٥٩

*پێرست: بەفری خەم، دەروێشم و دڵ ڕێشم، چ خۆشە!، پێناو، ڕەش و سپی، بێشکەی شکاو، یەکگرتن، دزیومەتەوە، ڕۆژگاری تاڵ، بێچارەیە 'کامیل'، زستان، گوڵی هیوا، گەسکە کۆڵە، لە خەو هەستان، بۆ شەهیدانی بانە، نیشتمانی کورد، دەردی کورد، چوارینەیەك، نان و خوان، داخی تۆ سەختە.*

# بەفری خەم

بەفری خەم دیسان لەسەر کوێستانی دڵ
کەوتووە، ڕووخاوە دەرك وبانی دڵ
باری خەم دایگرتووە، قورس و گران
بوو جدەو بەو کۆڵە، کۆڵ و شانی دڵ[١٦٧]
بێ‌سەروسامانی خۆم سەد چەل بە توون![١٦٨]
داخەکەم بۆ بێ سەروسامانیی دڵ[١٦٩]
هەر بەناسۆرە، برینی کارییە
ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زۆرە ئێش و ژانی دڵ
وەك دەڵێن میریی ئەوینی پێوە دێ[١٧٠]
زۆر بەڕێز و گەورەیە میوانی دڵ
ئاوری عیشقی هەڵیقرچاندووە
جەرگ و دڵ بۆتە کەبابی خوانی دڵ
ڕێگەیی هات و نەهاتت دێتە بەر
بیبڕە "کامیل" بە پشتیوانی دڵ!

قاقلاوا، ١٣٥٤ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٥٢ و ٥٣ ی چاپی ئەنیسی و ١٠٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'میوانی دڵ'ە.

---

[١٦٧] چاپی ئەنیسی: پشت و شانی دڵ
[١٦٨] چاپی ئەنیسی: چەڵ (لامی قەڵەو، دەبێ هەڵەی تایپ بێت).
[١٦٩] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: سامانی دڵ
[١٧٠] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: میری ئەوینی

پەیوەندی ئاوات لەگەڵ دڵی خۆی دەکرێ لە دوو ڕوانگەوە سەیر بکرێت: وك شاعیرێك و وەك سۆفییەك. ئاواتی شاعیر هەمیشە خۆی لە دڵی خۆی جی دەکاتەوە و وا پیشان دەدات کە دڵی هەڵوەدای چیدی لای ئەو نەماوە و لە زۆر شیعریدا وەك سێهەمکەس لێی دەدوێت. بەڵام ئاواتی سۆفی مەسلەکیشمان هەیە کە دڵی ئاوێنەی ئەوینێکی ئەزەلی و ئەبەدییە و جگە لە خۆشەویستیی خودا جێگەی هیچیتری تێدا نابێتەوە. ئێمە ئەو هەردوو مەنزەرەیە بە ڕوونی لە شیعری ئاواتدا بەچاو دەکەین.

لە دەسپێکی ئەم غەزەلەدا باوەکوو بێزاریی شاعیر لە زستان و سەرما و سەخلەتی بە گوێی خوێنەردا دەدرێت، بەڵام لە درێژەدا هەمان کێشەی ئاوات لەگەڵ دڵی سەرهەڵدەداتەوە و ئێمە بە لای کێشەی ئەو دوو 'بوونەوەر'ە لێك جیاکەوتووەوە دادەنیشین، کە یەکیان واتە دڵی ئاوات، شانی لە ژێر باری خەفەتدا جدەو بووە و ناهێڵێ ئەویتر(ئاوات خۆی) ئۆقرەیەك بگرێت و نەك هەر خۆی بێ سەروسامانە، ئەویتریشی بێ سەر وسامان کردووە!

جدەو: بریندار

بەو کۆڵە کۆڵ و شانی دڵ: ئەوە جیناسێکی گەلێك جوانە بە کۆڵی یەکەم (بە واتای بار) و دووهەم (بە واتای پشت)دروست کراوە؛ بەڵام ڕوون نییە جیاوازیی ئەو لەگەڵ دەقی چاپی ئەنیسی کە "پشت و شان"ی کردۆتە جێگری "کۆڵ و شان" کێ پێکی هێناوە و ئایا ئاوات خۆی ئەو کارەی کردووە یان پێکهێنەرانی جاپی جەعفەر؟

چەل: جار، کەڕەت

توون: ئاگردان، کینایەیە لە دۆزەخ. بە واتای چش! با بێت!

ناسۆر: برینی کولاوە

"میریی ئەوینی پێوە دێ": شاعیر ئەوەی وەك "دەڵێن" لەکار کردووە و بەو حیسابە دەبێ پەند و قسەی پێشینیان بێت. بەداخەوە من ئاگاداری ئەو پەندە نیم و بە ڕوونی نازانم ئەوین بە میرییەوە هاتن دەبێ چی بێت؟ ئایا ئەویندارى دەسەڵات بوون و دەست لێهەڵنەگرتنیەتی یان چی؟

میوانی دڵ: وەك گوترا، ئاوات حیسابی خۆی هەمیشە لەدڵی جیا دەکاتەوە و لێرەدا کردوویەتە میوانی خۆی و ڕێزی لێدەگرێت.

هەڵقرچاندن: سووتاندنێکی ناتەواوی پێش بە زووخاڵ کردنە.

بە پشتیوانیی دڵ: دڵ لە واتا سوفییانەکەی خۆیدا لەم فەردە بە ڕوونی دەردەکەوێت. سۆفی بۆ بڕینی ڕێگای تەریقەت و گەیشتن بە دوایین قۆناغەکانی ئەو ڕێبازە (فنا فی النبی و پاشان فنا فی الله) پێویستی بە ڕێبەر و دەستگیرە و بە بێ ئەو موراد و پیرە واهەیە ڕێگە وون بکات. ئاوات بە خۆی دەڵێت بکەوە شوێن دڵت کە داڵدەی ئەوینی خودایيە و بە یارمەتی ئەو، خۆت لەو ڕێگەی هات و نەهاتە ڕزگار بکە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# دەروێشم و دڵ ڕێشم

دەروێشم و دلڕێشم، دێوانەم و بێ لانەم
وەك کوندم و هەڵنیشتووی کاولاشم و وێرانەم
بێ دایکم و بێ بابم، بێ مام و برا ماوەم
لەم ئاخری عومرەمدا وادیارە کە تاقانەم
جێ و مەوتەنی من پرسن، هەر چۆڵگە و سارایە[171]
مەجنوونم و سەرگەردان لەو بەندەن و شاخانەم
بێچارە و داماوم، خەمبار و پەرێشانم
وەك بسکی پەرێشانم، هەروا بە تەمای شانەم
تا باشی بڵاوکا لێك، ئەندامی لەکارکەوتووم،
بابردەیی ئەو دەشت و سارا و بیابانەم[172]
وەك بولبولی نەسرەوتوو هەرتاوە لە دارێکم
هەرکاتە لەبارێکم بۆ ئەو دڵە بریانەم
کەوتوومە نەفەس تەنگی وەك کەو لە قەفەس دا بێ
لەشمە قەفەسم ئەمما، بێ ئاوم و بێ دانەم
بەو حاڵەتەوە سەیرە، عاشق بە قەد و باڵام
کووژراوی بەر و بەرموور، گیرۆدەیی لەرزانەم!
بەو بەندی ئەوێستاکەم دیاری بووە لای عالەم[173]
نێو تاقمەیی هۆنەر، تەنیاکوڕ و تاقانەم[174]

---

[171] . چاپی جەعفەر: چۆڵگە وو سارایە
[172] . چاپی ئەنیسی: بیابانم (دەبێ هەڵەی چاپ بێت).
[173] . چاپی جەعفەر: مەعلووم بووە لای عالەم

لای جانەوەران ئەمڕۆ قەدرم فرەیە، چونکە
وەك کاکی 'ئیمامی' خۆم، لەو کێو و نزارانەم

قاقڵاوا، ١٣٥٤ی هەتاوی
(لاپەڕە و ١٨ و ١٩ی چاپی ئەنیسی و ١٤٢ و ١٤٣ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە فەردی یەکەمی وەرگیراوە بەڵام لە چاپی ئەنیسیدا "تاقانە" یە کە ئەویش لە فەردی نۆهەمی وەرگیراوە.
شیعرەکە ، لە تەمەنی پیری و ١٤ ساڵێك پێش کۆچی دوایی شاعیردا گوتراوە. مۆرکی پیری و بێ تاقەتی و تەنیایی و بێ هیوایی دوارۆژی بە ڕوونی پێوە دیارە. لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا دایك و باب و باوك و برای شاعیر کۆچی دواییان کردووە و ئەو هەست بە تەنیایی دەکات.
لە حەوت فەردی سەرەتایی و فەردی کۆتایی (مەقتەع) ی شیعرەکەدا، شاعیر هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی ژیان و حاڵەتە ڕۆحییەکانی خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات کە بەگشتی لە تەنیایی و خەمباری و بێ ئۆقرەیی و ئاوارەییدا خۆلاسە دەبێتەوە.
بەڵام دوو فەردی هەشتەم و نۆهەم بابەتێکی جیاوازیان هەیە و لە ڕاستیدا شاعیر دوای وەسفی دەروێشی و دڵڕێشییەکانی خۆی لەوێدا دەڵێ من کۆڵم نەداوە و سەرەڕای ئەو هەموو ناتەواوییەی ژیان هێشتا هەر عاشقی قەد وباڵا و کووژراوی سنگ و بەرۆکی کچی جوانم و لەناو شاعیرانیشدا بێ وێنەم.
واتای هەندێك لە وشەکان *(لە هەرکوێ پێویست بووبێت کەڵکم لە هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار وەرگرتووە)*:
کاولاش، ئاشی کاول و ڕووخاو
تاقانە، تاقە منداڵی بنەماڵە، تاقە کوڕی ناو خوشکان
مەوتەن، زێد
بسك، مووی سەر لاجانگ، ئەگریجە
"بسکی پەرێشانی بەتەمای شانە" تەعبیرێکی جوانە.

---

[١٧٤] . هەردوو چاپی ئەنیسی وجەعفەر بە شێوەی 'تەنیا کوڕ'یان نووسیوە واتە بۆشاییەکیان خستۆنە نێوان دوو وشەکەوە. من تەنیاکوڕم بە یەك چەمکی سەربەخۆ دانا و وەك یەك وشەی پێکهاتوو لە دوان سەیرم کرد ئینجا پێکەوەم نووساندن.

بابردە، بابردوو، تەواو ڕووت و نەدار
نەسرەوتوو، بێ ئۆقرە و ئارام
بار، حاڵەت
بەر، سنگ و بەرۆك
بەرموور، ملوانکەی بە مووروو
لەرزانە، مامۆستا هەژار بە *"خشڵێکی ژنانە"* ی نووسیوە؛ نەمزانی کام خشڵ و بۆ کام ئەندامی ژن.
دیاری بووە، مەعلووم بووە *(دوو چاپی دیوانی شاعیر دیاری و مەعلوومیان لە شوێنی یەکتر داناوە، بەڵام شاعیر خۆی کامیانی پێ چاکتر بووە، نازانم).*
قەدر، ڕێز
نزار، لێڕەوار
کاکی ئیمامی، شاعیر گەلێك جار لە شیعرەکانیدا خۆی بە کاکی ئیمامی ناودەبات (بۆ نموونە بڕوانە شیعری بەهاری بێ گەشە)؛ بەڵام نەمدیتووە بنووسێت کاکی ئاوات.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن // مفعول مفاعیلن

## چ خۆشە!

ئەگەر دڵبەر دڵ ئارا بێ چ خۆشە![175]
بەزەوق و ئاڵوواڵا بێ چ خۆشە!
شەراب هەرچەندە تاڵوتونە، چاوم![176]
کە ساقی وا دڵئاوا بێ چ خۆشە!
کەوا مەستی لە نەشئەی چاوی مەستە
بڵێ دەی جامی مەی با بێ، چ خۆشە![177]
لە کاتی مردن و دەرچوونی گیانم[178]
کە یادی ویم لە دڵدا بێ، چ خۆشە!
لە گیروداری ڕۆژی واپەسینم
کە سینەم 'لامئەلفلا' بێ چ خۆشە!
ئەگەر فکرم لە سەر 'لا' بێ چ ناخۆش!
کە ئیمانم بە ئەولا بێ چ خۆشە!
"ئیمامی" تۆ کە 'لائیللا'یە زیکرت
هومێدت هەر بە 'ئەڵڵا' بێ چ خۆشە!

قاقڵاوا، ١٣٥٤ی هەتاوی
(لاپەڕە ٥٣ و ٥٤ ی چاپی ئەنیسی و ١٨٩ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکر لەهەردووچاپدا وەك یەکە.

---

[175] چاپی ئەنیسی: چخۆشە
[176] چاپی جەعفەر: توونە
[177] چاپی ئەنیسی: بڵێ دەك
[178] چاپی ئەنیسی: دەرچوونی روحم

شیعرەکە دەسپێکی غەرامیی هەیە (فەردی ١ تا ٣)، بەڵام لە درێژەدا دەبێتە ئایینی (فەردی ٥ تا ٧)؛ فەردی چوارەم ئاڵقەی پەیوەندیدەری دوو بەشەکەیە و مۆرکی هەردوو بابەتەکەی بە سەرەوە دەبینرێت. ئەو وەرسووڕانە لە یەکەمەوە بۆ دووهەم، لەڕێگەی فەردی چوارەمەوە گەلێك وەستایانە کراوە بە چەشنێك کە خوێنەر کەمتر هەست بە گۆڕانکارییەکە دەکات ئەگەریش کردی، هەڵنابەزێتەوە پێی سەیر بێت.

وەك لە شیعرەکانی پێشتریشدا دیومانە، ترسی مردن وەها بە تان وپۆی وجوودی ئاواتدا گەڕاوە کە لە کاتی خۆشی و شادیشدا وەك ملۆزمێك سەر هەڵدەدات و لێی ناگەڕێت خۆشی ببینێت. بە سووکە وەرچەرخانێك، باسی دڵبەر و ئاڵ و والاییەکەی و شەڕابی دەست و جامی مەی، دەبێتە مردن و دەرچوونی ڕۆح و ڕۆژی واپەسین! ئەوە شاعیرەکەی ئێمەیە و باوەڕ عەقیدەی وەك موسوڵمانێکی ئیماندار.

بەشی دووەمی شیعرەکە، واتە سێ فەردی کۆتایی، یاری کردنێکی تێدایە بە دوو پیتی لام و ئەلف، کە دوای ئەم لا و ئەولا پێکردنێك، دەیباتەوە سەر شەهادەی موسوڵمانان (لا اله الاالله).

چ خۆشە: بۆتە ڕەدیف بۆ شیعرەکە؛ سەروای فەردەکانیش پیتی ئەلفە کە لەم وشانەدا دەبینرێت: بالا، ئارا، با، دا، لا، لا، لا.

چەند تەرکیبی جوان لە شیعرەکەدا هەن بۆ نموونە، مەستی لە نەشئەی چاوی مەست؛ یادی یار کردن لە کاتی مردندا؛ یاری کردن بە دوو وشەی لا و ئەولا کە یەکەمیان عەرەبی و دووهەمیان کوردییە.

دڵ ئارا: کەسێك یان شتێك کە دڵ دەڕازێنێتەوە و دڵخۆشکەرە؛ بە گشتی، یار و دڵداری شاعیر. تەرکیبێکی فارسییە.

ئاڵ و والا: تەرکیبێکی جوانی کوردییە بۆ دڵدار. کاڵ و کرچی و فاخری و مەزنایەتی هەموویانی تێدایە.

تاڵ و تون: لە کوردیدا تاڵ و توند، وەك سیفەتێك بۆ خواردەمەنییەك هەیە کە تاڵ و تیژ بێت. لێرەدا وێدەچێت بە هۆی کێشی شیعرەکەوە پیتی دالی کۆتایی توند پەڕیبێت و نەمابێت. لە ئەنجامدا ئەنیسی بە 'تون' ی نووسیوە و جەعفەر بە 'توون'. من لام وایە دەبێ شەددەیەك لە سەر پیتی /نوون/ەکەی دابنرێت و وەك تونن بخوێنرێتەوە کە لە توند نزیکترە تا توون کە ئەمیان واتای توونی حەمام دەداتەوە!

دەك: لە هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژاردا بە "وشەی ئاوات خوازی، خەمباری و سەیرمان" واتا کراوەتەوە و لە شیعرەکەدا ڕاست وشەی سەیرمان واتە 'تعجب'ە؛ شاعیر کە شەڕابخۆر نییە، دەڵێ ئەگەر بێت و چاوی مەستی یار نەشئەی مەستیم پێ بدات با جامی مەی (کە چاوی یاریش بەو شوبهێنراوە)م بۆ بهێنن دەیخۆمەوە!

گیرودار: بگرە وبەردە. فارسییە.

واپەسین: دوایی. ڕۆژی واپەسین، ڕۆژی قیامەت؛ فارسییە.

لام ئەلف لا: قەدیم، لە دەرس خوێندنی منداڵانی پۆلی یەکەم و ڕۆژانی سەرەتادای مەکتەبدا، مامۆستا دوای فێرکردنی پیتەکان هەوڵی دەدا تەرکیب و پێکهاتەیەکی دوانە لە پیتەکان فێری منداڵ بکات؛ بۆ نموونە دەیگوت بێ ئەلف = با؛ نوون ئەلف = نا؛ و لام ئەلف = لا.

سینەم لام ئەلف لا بێ: ئاماژەیە بە 'بەشی یەکەمی 'کەلیمەی شەهادەتەین' ی موسوڵمانان: لا اله الاالله، لە بەشی یەکەمدا دەگوترێت لا اله (هیچ خودایەك نییە) کە دیارە لە ڕوانگەی ئیمانداریێکی موسوڵمانەوە کفرە و دەبێ دەست بەجێ بەشوێنیدا بەشی دووهەمی بڵێن کە الاالله (جگە لە خودا)یە. ئاوات لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات و هیوا دەخوازێت کە لە کاتی سەرەمەرگدا ئەو وشانە ببێژێت. بە عادەت خەڵکانی دەوروبەری نەخۆشی سەرەمەرگ هەوڵ دەدەن ئەو 'کلمە شهادتین'ە بە گوێی کەسەکەدا بخوێنن بۆ ئەوەی ئەویش بیڵێتەوە دەنا لایان وایە بە کافری دەمرێت. بابەتی هەرسێ فەردی کۆتایی شیعرەکە ئەو قسەیەیە. لە فەردی شەشەمدا دەڵێ ئەگەر فکرم لەسەر 'لا' بێت چ شتێکی ناخۆشە! وەك گوتم، ترس لەوەیە کەسەکە تەنیا بەشی یەکەمی وشەکان (لا الله) بڵێت و پێی کافر بێت.

کە ئیمانم بە ئەولا بێت: ئەولا واتە لایەکەی دیکەی ئەو شەهادەیە کە 'الا الله' بێت. شاعیر جیناسی کامیلی لە نێوان لای عەرەبی و لای کوردیدا دروست کردووە. هەروەها 'ئەولا' دەتوانێت ئاماژە بێت بە ئەو دنیا.

لائیللا: نییە غەیری. تێکەڵاوێکە لە 'لا'ی بەشی یەکەم و 'ئیللا'ی بەشی دووهەم.

هومێد: ئومێد، هیوا.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## پێناو

که برژۆڵم لەسەر چاوم شەتڵ بوو
بە دڵ زانیم لە ژێر پێتا چەقڵ بوو
سەر و چاوم بە جووت ڕۆنا لە پێناو
نەشت وێرا قەدەم دانێیە سەر چاو
بە ڕێی تاریك و باریکی خەیاڵم
بەڕێ بووی، چووی، دڵت بردم، دەناڵم
لە دووی ئەو پارچە گۆشتەی کوفتەیی دەست
بە دووی ئەو نەختە خاڵەی عاشق و مەست
وەدووی کەوتم دەر و دەشت و بیابان
کەژ و کێو، قوژبن و ئاوا و وێران
بزانم داخۆ مەڵبەندی لە کوێیە
دەوای ڕوون و هیوایی ئەو بە کێیە

زەنبیل، ١٣٥٤ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٠٦ ی چاپی ئەنیسی، لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

شیعرێکی غەرامییە. ساکار و ڕەوانە و وێنەی خەیاڵی دروست کردن بە شێوەی مامۆستا گۆرانی تێیدا بەرچاوە. باوەکوو ڕواڵەتی شیعرەکان لەیەکتر ناچن، بەڵام من بۆن و بەرامەی شیعری "سکاڵا"ی گۆران لەم شیعرە دەکەم:

*"مەلی ناو فەزای ناموتەناهیم*
*دڵی لاوم ڕۆ!*
*مانووی ئینتیزار ڕێی وەعدەی واهیم*
*نووری چاوم ڕۆ!"*

ئاوات شوێنی زۆری لە گۆران هەڵگرتووە و ئەوە یەك نموونەیەتی.

شیعرەکە ناتەواوە یان پەیامی شاعیر بۆ خوێنەر هەر ئەوەندەیە بڵێ عاشق بووم و بە شوێن دڵی ونبوومدا دەر و دەشت و بیابان و ئاوایی و کەلاوە گەڕام بەڵکوو بزانم لە کوێیە و هیوای بە کێیە. شاعیر لە درێژەدا ڕوونی ناکاتەوە ئایا دڵە وون بووەکەی دۆزیوەتەوە یان نا و ئەوە دەتوانێ خوێنەر بخاتە بیر کردنەوە و پرسیار لە خۆکردن سەبارەت بە چارەنووسی دڵی شاعیر بۆ ئەوەی بزانێت ئەو ونبوونە تەنیا بۆ ئەو دڵە نییە و زۆرێکی دیکەش هەن کە دڵیان وێڵی سەحرای ئەوینە و هەرگیزیش ڕێگەی گەڕانەوە نادۆزنەوە!

ئێمە پێشتریش چەند جار بینیومانە کە ئاوات خۆی لە دڵی خۆی یان لە عەقڵ و فامی خۆی بە جیا دادەنێت وەك سێهەم کەسێك باسیان لێوە دەکات. لێرەشدا دڵ لە شاعیر جیاواز دانراوە.

برژۆڵ: برژانگی چاو

شەتڵ: شتڵ (نشای فارسی) *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)* شەتڵ بریتییە لە گیا و سەوزەیەك کە تازە سەری دەرهێنابێت و هەر لەو دۆخەشدا لەشوێنێکەوە ببرێتە شوێنێکی دیکە و لەوێ بچێنرێت- وەك شەتڵی برنج و گوڵ.

برژۆڵ لەچاو شەتڵ بوون بریتییە لە هەڵچەقینی برژۆڵ لە چاو. دیارە ئەوە ناخۆشە و ئازاری کەسەکە دەدات.

چەقڵ: چقڵ، دڕوو

ڕۆنان: دانان

لە پێناو: لە ڕێگەی، بۆ خاتری

ڕێی تاریك و باریکی خەیاڵ: تەعبیرێکی جوانە

کوفتەیی دەست: باش نازانم چییە؟ بەڵام کوفتە ئەگەر کوتراو بێت، 'کوفتەیی دەست' دەبێ واتای بە دەست کوتراوی هەبێت. ئەو دەستەش وا دڵی شاعیری کوتاوە جگە لە دەستی دڵدارەکەی دەستێکی دیکە دەتوانێ بێت؟

# ڕەش و سپی

ڕووم ڕەش بووە بە مەعسیەت و مووم سپی بە خەم
چارەی ڕەش و سپی بکە، ئەی خاوەنی کەرەم!
لێبوردنە لە ڕووڕەشی وەك من، بە هۆی ئەوە
پیرێکی ڕیش سپیی و فەقیر، ڕوو لە تۆ دەکەم
دەرگات هەراوە بۆ هەموو چاك و خراپەیەك[179]
ڕێم لێ‌مەبەستە، تۆبی خودابیت، هەرچی هەم[180]
هێند شەرمەسار و چارەڕەشم، ڕۆژ و شەو، خودا!
هەروا دەسووتێ جەرگ و دڵی من بە چەشنی شەم
"کامیل"، بیساتی جوان و جحێڵی بپێچەوە!
کاتی سەفەر گەیشت و بڵێ تێشوویەك دەبەم

قاقڵاوا، ١٣٥٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٠ و ٨١ ی چاپی ئەنیسی و ١٣٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە و لە فەردی یەکەمی غەزەلەکە وەرگیراوە. هەڵبژاردنێکی بەڕێ وجێیە و لەگەڵ ناوەرۆکی شیعرەکەدا یەك دەگرێتەوە.
شاعیر لە ساڵی گوتنی ئەم غەزەلەدا ٧٣ سالان بووە.
یەکی دیکە لەو پارچە شیعرە زۆرانەی ناو دیوانی ئاواتە کە تێیدا شاعیر خۆی بە تاوانبار و گوناهکار دادەنێت و لە خودا دەپاڕێتەوە لێی ببوورێت و خراپەکارییەکانی ببەخشێت. پێشتریش گوتوومە لە شیعری شاعیرانی کلاسیك (و هەندێك شاعیری نویخوازیشمان) دا وەك چۆن عیشق مەجازییە و مەعشووقێکی حەقیقی کەمتر بوونی

---

[179] چاپی جەعفەر: دەرگات کراوە
[180] چاپی ئەنیسی: تۆ و خودابیت

هەیە؛ یان چۆن باس لە شەڕاب خواردنەوە و سەرخۆش بوون تەنیا قسەیە و لە جیهانی واقیعدا زوربەی ئەو شاعیرانە واهەیە ڕەنگی شەڕابیشیان نەدیتبێت، ئەم مەسەلەی گوناه کردنەش مەقوولەیەکە لەو چەشنە و وەك ویردی سەر زمانی ئیماندارانی ئاسایی موسوڵمان، شاعیرانی موسوڵمانیش خێرا خێرا دەپاڕێنەوە و لەخودا دەخوازن گوناهیان ببەخشێت، کەسیش نازانێت ئەوە چ گوناهێکە وا لە ڕۆژی 'قالوابلی' وە تا هەزارساڵەی دەشتی قیامەت دەبێ هەر داوای لێبووردنی بۆ بکرێت! داوای لێبووردن دەبێ جارێك و دوان بێت و بەرگۆی پاڕانەوەکە دەبێ ئەوەندە گەورەیی لە زاتدا هەبێت کە داواکارییەکە قەبووڵ بکات و خەیاڵی کەسەکەی پێ ئاسوودە بێت، بەڵام ئەو تاوانە نادیارەی موسوڵمانان و داوای لێبووردنەکەی، ئەزەلی و ئەبەدییە و بە هیچ کلۆنجێ کۆتایی نایەت. نە موسوڵمان دەستی لێ هەڵدەگرێت و نە نیشانەیەکیش بەدەستەوەیە خودا قەبووڵی بکات و ئاوێك بە ئاگردا بکرێت!

دیارە ئەو بەرواڵەت تاوانە، لە ڕاستیدا مەقوولەیەکی فەلسەفی و باری قورسی بەرپرسیایەتییە کە بۆ هەمیشە لە سەر شانی مرۆڤی بەرپرس دەمێنێتەوە و لاناچێت. لە میتۆلۆژیی کۆنی یۆنانەوە مرۆڤ ئەو بارەی هەڵگرتووە و وەك 'سیزیف' دەیکێشێت و دەیبات، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە جێ لە سەر شانی خللۆر دەبێتەوە و دەبێ سەرلەنوێ بگەڕێتەوە سەری، بیخاتەوە سەرشان و بەو چەشنە لە ئەزەلەوە تا ئەبەدی نادیار ماندوو بێت و عارەق بڕێژێت و نەحەسێتەوە. ئەو ئەمانەتەش وا حافزی شیرازی باسی دەکات هەمان بەرپرسیایەتییەکەیە:

*"آسمان بار امانت نتوانست کشید*

*قرعه فال به نام من دیوانه زدند."*

ئاواتیش موسوڵمانێکی خاوەن بڕوایە و لەسەر هەمان ئەو ڕێچکەیە دەڕوات کە ئەوان دەڕۆن، دەنا ئێمەی خوێنەر هەرگیز نازانین چ تاوانێکی کردووە وا لەو هەموو شیعرانەدا بۆی دەپاڕێتەوە و دەلاڵێتەوە و پاکانە دەخوازێت.

مەعسیەت: گوناه

خەم: خەمی ئەو مەعسیەت کردنە

ڕەش و سپی: سەنعەتی مطابقە

ڕوو و موو: جیناسی ناقیس

لێبووردنە لە ڕووڕەشی وەك من: 'داوا'ی لێبووردنە لە ڕووڕەشی وەك من

ڕوو لەتۆ دەکەم: دەبوایە 'ڕوو لە تۆ دەکات' بوایە و بگوترایە "بۆیە پیرێکی ڕیش سپیی و فەقیر ڕوو لە تۆ دەکات'؛ بەڵام بۆ پاراستنی سەروا، 'دەکات' کراوە بە 'دەکەم'.

هەراو: ئاوالە و فراوان. لە دەقی چاپی جەعفەردا 'هەراوە' بووە بە 'کراوە'. لەبەر ئەوەی لە خوێندنەوەی شیعرەکەدا واهەیە خوێنەر 'کراو' بە بەرکاری کرداری کردن بزانێت و خراپی بخوێنێتەوە من دەقی ئەنیسیم پێ باشتر بوو و ڕەچاوی ئەوم کرد. هۆکارێکی دیکەم بۆ جاروبارە هەڵبژاردنی دەقی ئەنیسی لەو شوێنانەدا ئەوەیە لە سەردەمی ژیانی شاعیردا چاپ کراوە و ئەگەری سەلیقەی خەڵکانی دیکەی تێدا کەمترە.

تۆبی خودابیت: لە چاپی ئەنیسیدا 'تۆ و خودابیت' هاتووە. هەردوو شێوازەکە واتە 'تۆ و خودابیت' و 'تۆبی خودابیت' لە سەر زمانی خەڵك هەن. واتە 'خودایە، سوێندت دەدەم بە خودایی خۆت!'

بیسات: سفرە

تێشوو: زەخیرەی خواردنی ڕێگای سەفەر؛ لە باوەڕی ئیمانداراندا بریتییە لە چاکەی ئەم دنیایە بۆ ئەوەەی لەو دنیا کەڵکی لێ وەربگیرێت و لە بارتەقای خراپەکارییدا دابنرێت.

سەفەر: لێرەدا کۆچی دوایییە، مردن.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

## بێشکەی شکاو

من فەقیرێکی ڕەش و ڕووت و لەدەرکان دەرکراو
تۆش خودایێکی کەریم و دەرکە ئاواڵەکراو
ڕووم لە دەرکی تۆیە ئەی خاوەن کەڕەم، سا لوقمەیەك!
شەرمەسار و ڕووڕەش و زۆر ملکەچ و ئابڕووتکاو
هەرچی ئەعزامە لەبەریەكچوو، لە بەر دەرد و غەمم
دار و پەردووی لێك ترازاوە وەکوو بێشکەی شکاو
سیپەلاك و جەرگ و دڵ، هێز و هەناوم لێبڕا
قالبێکی چۆڵوهۆڵ وەك ماڵی هیچ تێدانەماو
تۆ عەجایب مای "ئیمامی"! بەو هەموو دەردانەوە،
کێیە ئەمڕۆکە وەکوو تۆ بەندی جەرگ و دڵپساو؟

قاقلاوا، ١٣٥٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٧٩ ی چاپی ئەنیسی و ١٣٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'خودایێکی کەریم'ە، هەردوو عینوانەکە لە دەقی شیعرەکە وەرگیراون. ئەنیسی لایەنی ئیمانداری و لەخوداترسییەکەی شاعیری وەرگرتووە و کردوویەتە عینوان، لەکاتێکدا جەعفەر حاڵەتی ڕۆحیی شاعیری گرتۆتە بەرچاو و ئەو سیفەتانەی وا شاعیر بە خۆی داون.
یەك لەو شیعرە زۆرانەیە وا ئاوات لەر پەسندی خودادا هۆندوویەتەوە و ئیمانداری و باوەڕە ئیسلامییەکەی دەگەیێنێت. کە دەڵێم ئیسلام، دیارە لە شیعرەکەدا ئاماژەیەکی تایبەت بە ئایینێك نابینرێت، بەڵام ئەو ڕوانینە بە زاتی خودادا و بچووکی و ناچیزیی مرۆڤ لەبەرانبەر ئەودا، تایبەتمەندە بە ئیسلام وئایینی مووسایی. شاعیر خۆی بە فەقیرێکی ڕەش وڕووت و شەرمەزار و ڕووڕەشی دەرگانەی خودا دەوزانێت و داوای

لوقمەیەك واتە بەزەییەك و لێبووردنێکی لێدەکات کە بۆ موسوڵمانێکی نەریتی بۆچوونێکی ئاساییە.

لە باری زمانی شیعری و زاراوە شیعرییەکانەوە، دیاردەیەکی سەرنجڕاکیش لە شیعرەکەدا هەیە. شاعیر هەندێك تەرکیبی دوور ودرێژی پێکهاتوو لە سی یان چوار وشەی دروست کردووە کە هەر هەموویان وەستایانە خولقێنراون و گرێ وگۆڵیان تێدا نییە هەربۆیەش تەنانەت لە خوێندنەوەی ئاسایی شیعرەکەدا هەستیان پێ ناکرێت مەگەر خوێنەر لێیان ورد بێتەوە:

"لەدەرکان دەرکراو"، "دەرکە ئاواڵەکراو"، "زۆر مل کەچ"، "ماڵی هیچ تێدا نەماو" و "بەندی جەرگ و دڵ پساو".

تەنانەت تەرکیبە دوانەکانیشی باوەکوو تازە نین، بەڵام جوانن:

ڕەش و ڕووت، ئابڕوو تکاو، دار وپەردوو، هێز وهەناو، چۆڵ وهۆڵ.

دار و پەردوو: پێکهاتەیی بینا، چوارچێوەکەی. هەنبانە بۆرینە بە "داروبەرد و هەڵاشی خانوە ڕووخاو" ی واتا کردۆتەوە.

بێشکە: لانکە

سیپەلاك: سی، جەرگی سپی، ڕیە.

هەناو: ناو، جەرگ و ناو، احشاء (هەنبانە بۆرینە)

قاڵب: ئیسکلێت، چوارچێوە و داروپەردووی لەشی بوونەوەری زیندوو.

تۆ عەجایب مای: جێگەی سەرسووڕمانە تۆ مایەوە و نەمردی!

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## یەکگرتن

ڕاپەڕین یەك دەکەوین، یەك بکەوین سەردەکەوین
گەلی ئێمەش هەموو خوازیاری هەوا و ئاو و زەوین
کوردە! زۆر جار بووە کەم زۆری وەسەر زۆر بکەوێ
قەت مەڵێ دوژمنی مە زۆرە، بەڵام ئێمە کەمین
گەر لە سەر کلکە لەگەڵ مە، وەکوو ماری جەنگی
لێی مەترسە، فڕوفیشاڵە، لە ڕێی دانێ کەمین
خەوی زۆر بوو گەلی ئێمەی لە قوڕی غەفڵەت خست
مەرد و مەردانە وەرن، تۆبی خودا، با نەخەوین!
هەر شەوە بۆ مە برا، کاتی گەمارۆی دوژمن
تا بزانێ نەتەوی، ئێمە هەموو پیاوی شەوین
گەرچی ڕێ ئەستەمە، پڕ دڕکە، ئەگەر تێکڕا بین
لەو هەموو بەندەن و شاخ و چڕە زوو تێدەپەڕین
گەر هەڵۆیە نەتەوی، بۆتە کوڵۆی سەر ڕێمان
ئەو کە خاوەن گوڕ و دەندووکە، مەگەر ئێمە کەوین؟
پەڕوپۆی هەڵدەوەرێنێ نەتەوەی کاوە، برا!
گەل ئەگەر یەك کەوێ، داگیرکەرەکان نەخشی زەوین
شووڵی باریك کە هەموو پێکەوە بایدەن، پتەون
با هەموو دەست بگرین پێکەوە، تاکوو نەنەوین

قاقڵاوا، ١٣٥٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٦٥ ی دیوانی چاپی جەعفەر، لە چاپی ئەنیسیدا نییە)

شیعرێکی سیاسی-نەتەوایەتییە کە لەگەڵ کەسایەتی و ژیان و بیروبڕوای شاعیردا یەك دەگرێتەوە. لە چاپی ئەنیسیدا نەمدۆزییەوە، ئەگەر من ڕاست بم و لەوێدا چاپ نەکرابێت، هۆکارەکەی دەبێ ئەو ڕاشکاوییە بێت کە لە زمانی شیعرەکەدایە و هانی گەلی کورد دەدات بۆ ڕاپەڕین دژ بە داگیرکەر و نەتەوی و دوژمن کە دیارە ئامانجی ڕاستەوخۆی حکوومەتی ئێران (و داگیرکەرانی دیکەی خاکەکەمان)ە. سەردەمی ڕەشی سالانی دەسەڵاتی خومەینی بۆ گەلی کورد ئەو دەرەتانەی بە مامۆستا ئەنیسی نەداوە بتوانێت شیعری وا ڕاشکاو چاپ بکات. گەرچی کوندی مەلاکان هێشتا لەسەر سەربانی کوردستان نیشتووە، بەڵام لانکەشکاوی کۆماری ئیسلامی ئێستا باشتر لە جاران بەملاو ئەولادا دەکەوێت و دەکرێ لێرە ولەوێ بابەتێکی هەندێك باش چاپیش بکرێت!
شیعرەکە ئامۆژگارییە بۆ کورد کە یەك بگرێت، لە خەو ڕاپەڕێت و بەگژ دوژمندا بچێت. شاعیر بە گەلەکەی خۆی دەڵێت لە کەمیی ژمارەی شەڕکەرانی خۆی نەپرینگێتەوە چونکو "زۆر جار بووە کەم زۆریی وەسەر زۆر بکەوێ". ئەو پەندە لە زمانی عەرەبیشدا هەیە و وا بزانم ئایەت یان حەدیسێك بێت کە باسی سەرکەوتنی کەم بە سەر زۆردا دەکات. ئەو کەم زۆری واتە کەم هێزییەی وا دەرەقەتی زۆری زۆر واتە هێزی زۆر دێت دەکرێ ئاماژە بێت بە ئازایەتی و پاڵەوانیەتیی گەلانی بچووك کە بە شەڕی چریکی بەسەر دەوڵەتانی بەهێزدا زاڵ بوون. بەشێك لە وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقایی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی توانییان لەژێر دەستی داگیرکەرانی ڕۆژئاوایی ڕزگاریان بێت و سەربەخۆ بن، بەڵام لووتکەی ئەو قارەمانیەتییانە لە ڤیەتنام و کوبا بوو.
پەیامی سەرەکیی شیعرەکە، یەکگرتنی ڕیزەکانی گەل و هەوڵی هاوبەشیانە لە پێناو سەرکەوتن بە سەر دوژمنی داگیرکەری خاکی کوردستاندا.
خوازیاری هەوا و ئاو و زەوین: ئەو سیانە کەرەسەی ژیانن، واتە گەلی ئێمەش وەك گەلانی دیکە ئەو شتانەی پێویستە و ئەوانیش تەنیا بە 'ئازاد بوون و سەربەخۆیی' دەستەبەر دەبن.
کەم زۆری: کەم بوونی هێز و دەسەڵات.
مە: ئێمە

لەسەر کلك بوون: حاڵەتی مار لە کاتی هێرشکارییدا. واتای هەموو فەردەکە دەگەڕێتەوە بۆ 'دوژمن' ی فەردی پێش خۆی.
فڕ و فیشاڵ: دیعایەی بەتاڵ و بێ ناوەڕۆك.
خەوی زۆر: تەعبیری خەوتن و لەخەودامان گەلێك جار لە شیعری ناسیۆنالیستیی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی کورددا بابەتێکی سەرەکی بووە. بەگوێرەی شاعیرەکان، کۆمەڵانی گەلی کورد شارەزای ماف و ئەرکی خۆیان نین و لەجیاتی ئەوەی دژ بە داگیرکەری خاکەکەیان ڕاپەڕن، دەستەوئەژنۆ دانیشتوون و لە خەوی غەفلەتدان.

*"بێنەوایانی موڵکی کوردوستان*
*هەر لە گاوانی تا دەگاتە شوان،*
*لە خەوی جەهل و مەستی و غەفڵەت*
*بە خەبەر بێن بە نەغمەیی رەحمەت..."*

(حاجی قادری کۆیی)

*"لە خەوهەستن درەنگە میللەتی کورد، خەو زەرەرتانە!*
*هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەتح و زەفەرتانە"*

(ئەحمەد موختاری جاف)

*"خەوی غەفڵەت بەسە هەستن لە خەوێ*
*گەر ژیانێکی بە ئازادیو دەوێ"*

(حەقیقی)

شیعرەکەی ئاواتیش درەنگتر بەڵام بە هەمان ناوەڕۆکەوە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمداگوتراوە. ساڵی ١٣٣٥ (١٩٥٦) سێ ساڵێك دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژ لە ئێران و دوو ساڵێك پێش کۆدیتای عەبدولکەریم قاسم لە عیراق گوتراوە و ئاشکرایە ٦ ساڵیش پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول بووە لە باشوور. ئەو ساڵانە ساڵانی بێدەنگییەکی ڕێژەیی بووە نەك هەر لە کوردستان بەڵکوو لە سەرجەم ئێران و عیراقیشدا بەڵام ژیلەموی خەبات لەژێر خۆڵەمێشی ئەو بێدەنگییەدا زیندوو ماوەتەوە و سێ ساڵ دواتر ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی حزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن ڕژیمی شای ئێرانەوە گیراون و ماوەیەك دواتر شۆڕشی ئەیلوول سەری هەڵداوە کە پیشاندەری ئەو تۆفانەن وا لە کاتی گوترانی ئەم شیعرەدا هێشتا سەری هەڵنەدابوو و نەتەقیبووەوە.

مەرد ومەردانە: ئازایانە و جوامێرانە. ئەم تەعبیرە کە ڕەنگی جیاوازیدانانی ژێندەری پێوە دیارە ئێستا چیتر کەڵکی لێ وەرناگیرێت بەڵام بۆ سەردەمی گوترانی شیعرەکە لە کوردستان، تا ڕادەیەکی زۆر ئاسایی بووە و خەڵك بە کاری چاکیان گوتووە کردەوەی مەردانە.

نەتەوی: نەتەویست، نەیار، دوژمن

تێکڕابین: پێکەوە بین

بەندەن: چیا

شاخ: چیا

چڕ: چیای ڕژد (هەنبانە بۆرینە لە واتاکردنەوەی کوردیدا بە 'چیای ڕژد'ی ناساندوە بەڵام لە فارسییەکەیدا بە 'جنگل انبوە' ی نووسیوە). لام وایە دەبێ چیایەکی ئەستەمی پڕ دار ودەوەن بێت.

کوڵۆ: قوڕی تۆپەلەکراوی ویشکەوەبوو. لێرەدا کۆسپی سەر ڕێ و بەرهەڵستی چوونە پێشەوەیە.

گوڕ: هێز و توانا

پەڕوپۆی هەڵدەوەرێنێ: دەگەڕێتەوە بۆ هەڵۆ لە فەردی پێش خۆیدا.

نەتەوەی کاوە: لە ژێر کارتێکەریی ئەفسانە و قسەی پووچی فیردەوسی لە شانامەدا کە گوتوویەتی کورد ئەو کەسانەن وا لە دەست زەحاك و مارەکانی سەرشانی ئەو ڕزگاریان بووە، کورد بۆ ماوەی زیاد لە سەدەیەك، خۆی بە نەتەوەی کاوەی ئاسنگەر دادەنێت کە ئەویش لە ئەفسانە زیاتر هیچ نییە و بە گوێرەی ئەفسانەکە، دژ بە زەحاك ڕاپەڕیوە. دیارە ئەو حیکایەتە تایبەتە بنەمایەکی مێژوویی و عەقڵانی نییە و کورد لەم بوارەدا وەشوێن کلاوی لار کەوتووە. شاهانی پێشدادی وە کەیانی تەنیا لە ئەفسانە ئارییاییەکاندا ناویان هەیە لە کاتێکدا مێژووی گەلی ئێمە بە دەیان سەدە و تەنانەت یەك دوو هەزارە پێش هێرشی ئارییەکان بۆ سەر ناوچەکە، بوونی هەبووە و دەبێ سەرەتاکانی بگەڕێنرێتەوە بۆ سەردەمی سومەری و گوتی و لولوبی و هیچ نەبێت بۆ مانناییەکان کە پێش دامەزرانی حکوومەتی مادی ئاریایی، حوکمی ناوچەیەکی بەرینی کوردستانیان کردووە.

ئێمە بە هۆی ئاریایی ئاریایی کردنەوە بەشێکی زۆر لەو مێژووە دوورو درێژەی خاکەکەمان دەکەین بە ژێر لچەوە. ئوروپاییەکان لە لایەکەوە یارمەتییان داین ئەو

مێژووە کۆنەی ناوچەکە بناسین، لەلایەکی دیکەشەوە فریویان داین و خستانینە شوێن باوەڕێکی نەڕاست کە تێیدا ئاریایی بوون گەورە کرایەوە و بەشێکی بەرچاو لە مێژووی کۆنی ناوچەکە خرایە پشت گوێ. لام وایە لە چەواشە کردنی ئێمەدا ئاڵمانییەکان دەورێکی گرنگیان بینیبێت و ئینگلیزییەکانیش شوێنی ئەوانیان گرتبێت.

نەخشی زەوین: واتە بە زەویدا دراون. تەعبیرێکی فارسییە

شووڵ: لقی ناسك و باریکی دار. ئاماژەیە بەو پەندە کۆنەی کە گویا باوکێکی پیر لە کاتی مردندا کوڕەکانی ئیمتیحان و نەسیحەت دەکات کە هەمان ئەو شووڵە باریکانەی وا یەکە یەکە دەکرێ بە هاسانی بیانشکێنی، پێکەوە گرێ بدەن و بیهۆننەوە بۆ ئەوەی ببن بە دەستە شووڵێکی ئەستوور و قایم، کە هیچکەس نەتوانێت بیشکێنێت.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

## دزیومەتەوە

یار دڵی بردبووم شەوێك بەدزی
من بە ڕۆژێکی ڕوون دزیومەتەوە!
تا قڕ وفڕ نەکا بە فیز و بڵێ
کۆرپەکەی من لە شیر بڕیومەتەوە
من قەریحەم فرۆشتبوو هەرزان
بە گرانتر بەڵام کڕیومەتەوە!
چونکێ قافیەم نەما، بە پاڵەپەسۆ
هاتم و گورجێ تێخزیومەتەوە!
لە هەزار کەند و کۆسپ و بەرز و نەوی
لە سەدان چۆم و ئاو پەڕیومەتەوە
دێمە مەیدانی هۆنەرانی بەڕێز
پایزە وەك گەڵا وەریومەتەوە
گەرد وتۆزی گوڵم لە گوڵشەندا
بە پەڕوپۆی دڵم سڕیومەتەوە
کە نەخۆش بووم، بڕابوو کفنەکەشم
ئەوچەلیش خۆ شوکور دڕیومەتەوە
ئەوە "ئاوات" بوو وون ببوو لێمان،
لە کەژ وکۆی ئەوین بوو، دیومەتەوە!

قاقڵاوا، ١٣٥٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢١٦  و ٢١٧ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نییە)

---

ئەم  شیعرە لە چاپی ئەیسیدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵام لە چاپی جەعفەردا هەیە و لەوێدا گوتراوە : *"مامۆستا حەقیقی و ئاغا سەید قادری سەیادەت و حاجی سەید جەمیلی هاشمی لە سەر ئەم قافیە و ڕەدیفە هەرسێکیان شیعر و نامەیان گۆڕیبۆوە، ئیمامیش بۆوەی بێ بەش نەبێ ئەم شیعرە دەڵێ."* بەداخەوە هیچکام لەو سێ شیعرە لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا نەهاتوون و من لێرە لە دوورەوڵاتی نازانم کامیان یەکەمجار چی گوتووە و ئەوانی دیکە چ وەڵامێکیان داوەتەوە، یان لە ڕەدیفی ئەودا چییان هێناوە. هەرچی هەیە، لە ڕستەی سەرەوە وا دەردەکەوێت کە ئیمامی دوای ئەو سێ کەسە شیعری خۆی گوتبێت.

بۆ ڕوون بوونەوەی مەسەلەکە سەیری دوو کۆمەڵە شیعری مامۆستا حەقیقی واتە 'دیوانی حەقیقی' و 'کۆلکەزێڕینە' (هەردوکیان چاپی چاپەمەنی سەلاحەددینی ئەییووبی لە ورمێ) م کرد و شیعرێکی مامۆستام لە لاپەڕە ٤١ی کۆلکە زێڕینەدا بینییەوە کە وێدەچێت هەر لەو پەیوەندییەدا گوترابێت. شیعرەکە ناوی "بۆ سەید عەبدولقادری سەیادەت" ە و هەر لە یەکەم فەردیدا دەردەکەوێت لە وەڵامی شیعری ئەودا گوترابێت. کەوابوو دەبێ یان سەید عەبدولقادری سەیادەت یان سەید جەمیلی هاشمی یەکەمجار شیعرێکیان لە سەر ئەو کێش و سەروایە گوتبێت ئینجا حەقیقی و ئاواتیش وەڵامیان دابێتەوە.

من شارەزایی زۆرم لە سەر شیعری سەید جەمیلی هاشمی- برازای ئیمامی، نییە و تەنیا بیستوومە شاعیرێکی لێهاتوو بێت. بەڵام شیعری سەیادەتم بینیوە کە ناسناوی شاعیریی "سەیید" ە و لە شیعردا گەلێك مامۆستایە. گەرچی دوودڵیشم، بەڵام هەستم ئەوەیە سەرەتا ئەو بێت کە شیعرەکەی گوتبێت ئینجا مامۆستا حەقیقی و پاشان هاشمی و لە دواییشدا ئیمامی 'ئیستیقباڵ' ی ئەویان کردبێت.

ئەوە شیعرەکەی مامۆستا حەقیقییە:

*عوزر وموزرت قەبووڵ نییە سەیید!*
*قافیەت بۆ نەهێشتوومەتەوە!*
*....من و تۆ تەبعمان وەکوو مەتەیە*
*دەیسمین شیعری ڕەق بە دوو مەتەوە!* [181]

[181] سەرجەمی ئەو شیعرە لە بەشی نامەگۆڕینەوەدا بدۆزنەوە.

وەك دەبینین، شیعری ئیمامی وەك شیعرەکەی حەقیقی تەنزئامێز و شیرین و لەبەردڵانە. هەوڵیداوە لەو گۆڕەپانە بەرتەسکەی وا کێش و سەروای سێ شیعری پێش خۆی بۆیان هێشتۆتەوە بابەتێکی دۆستانە و بەتام و ناجیددی بنووسێت کە نووسیویەتی و زوریش سەرکەوتوو بووە تێیدا.

'ڕۆژ و شەو' هەروەها 'دزین و دزینەوە'، سەنعەتی "تضاد" یان تێدا بەکار هاتووە.

قڕ وفڕ دەربڕینێکی فارسییە و واتای خوبادانی هەیە. واتە نەکا یار بە فیز و ئیفادەوە بڵێ من کۆرپەی شیعری ئەوم لە شیر بڕیوەتەوە. ئەوەتا ئەو قەریحە و مرخەی وا نەممابوو سەرلەنوێ خستوومەتەوە گەڕ؛ گەرچی ئێوە قافیەتان بۆ نەهێشتبوومەوە بەڵام من گورجێ تێخزامەوە و توانیم شیعرەکە بڵێم! ئینجا هەندێك بە شان و باڵی خۆیدا هەڵدەڵێت و ڕایدەگەیێنێت کە هاتۆتەوە مەیدانی "هۆنەرانی بەڕێز" کە دیارە هەمان ئەو سێ کەسەن وا لە سەرەوە باسیان لێوە کرا.

دڕیومەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ کفن. کفن دڕین واتە زیندوو بوونەوە و هەڵەسوون هێنانەوە.

ئەوچەلیش، ئەمجارەش

وشەی 'ئاوات' ئیهامی تێدایە: واتای نزیکی هیوا وئاواتە و واتای دووری نازناوەکەی خۆیەتی واتە من سەری خۆم هەڵگرتبوو و چووبوومە کێ وشاخی ئەوین بەڵام ئێستا گەڕاومەتە دواوە و هاتوومەتەوە ناو جەرگەی دۆستان.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

خفیف مسدس مخبون محذوف فعلاتن مفاعلن فعلن

# ڕۆژگاری تاڵ

گڕی تەنووری کڵۆڵیم بە تین بوو، بوومە پنەی
نزیك بوو دەرچێ گیانم[182] لەبەر گڕ و گڕپەی
کەچی بەداخەوە ترشا هەویر و پێزی نەما
منیش کە ڕۆیبوو هێزم، کوتم ئەجەل، سا دەی!
لە ساڵی سی ویەکەوە تا گەیشتە پەنجا و پێنج،
نەبوو سەعاتێکی ئاسوودە بم، بڵێم ئۆخەی!
چ ڕۆژگارێکی تاڵ بوو کە من تێیا دەژیام!
لە کاتی ڕۆژ وشەوان هەر کوتم خودایا، وەی!
بە ئاخ وداخەوە نووستم[183] ، بە ئێشی دڵ هەستام
دڵم ئەوەندە زەعیف بوو، لەپڕ دڕا پەردەی
کڵۆڵی دەوری تەرنیبووم، نەمابوو ڕێگە هەڵێم
نیشانی دا بە منی هەڵوەدا خودا، ڕێگەی
بە پیری مەرگەوە ڕۆیم کەچی بە لوتفی خودا
نەسیمی ژینی نوێ هات، ژیاوە[184] دڵ بە شنەی
گەڕاوە لام هەموو فیکر و خەیاڵی ڕابردووم
بە زیکری حەول و قەوەت بۆ خودای باقی و حەی
بە پیری کەوتیە چاڵ و نەجاتی دای یەزدان
لە بیری قەت مەبەوە تۆ ئیمامی! تاکوو هەی![185]

---

[182] . چاپی ئەنیسی: گییانم (دیارە بە هۆی کێشی شیعرەکەوە دەبێ هەر واش بخوێنرێتەوە).
[183] . هەردوو دیوانی ئەنیسی و جەعفەر: نوستم
[184] . چاپی ئەنیسی: ژییاوە (پیتێکی /ی/ بە زیادی دانراوە و پێویست نییە).
[185] . چاپی ئەنیسی: هەرتا هەی

قاقلاوا، ١٣٥٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٣ ی چاپی ئەنیسی و ٢٦٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'تەنووری کلۆڵی' یە، کە لە فەردی یەکەمی شیعرەکە وەرگیراوە. عینوانی چاپی جەعفەریش هەر لە فەردی چوارەم وەرگیراوە و وادیارە شاعیر خۆی عینوانی بۆ دانەناوە دەنا دەبوو هەردوولا ڕەچاوی ئەویان بکردایە.
شیعرەکە ساکارە بەڵام گرییەکی گەورەی تێکەوتووە. شاعیر چەردەیەك لە ژیانی تاڵی خۆی دەگێڕێتەوە و لە ساڵی ١٣٣١ بەدواوە تا ساڵی ١٣٥٥ واتە ساڵی گوترانی شیعرەکە (١٩٥٣ تا ١٩٧٦ ی زایینی) هەمووی بە دوور لە ئاسوودەیی و پڕ لە تاڵی و ئاخ وداخ و ئێشی دڵ وەسف دەکات. جێگەی پرسیاری من ئەوەیە ئایا لە ساڵی ١٣٥٥ دا چ قەوماوە کە 'بە لوتفی خودا نەسیمی ژینی نوێ هاتووە' و دڵی شاعیری خستۆتەوە شنە؟ من بە هەواڵی هیچ ڕووداوێکی گرنگی سیاسی یان کۆمەڵایەتی چ لە کوردستان و چ لە ئێران نازانم کە لەو ساڵەدا کارتێکەیی ئەوەی بوویێت ژیانی کەسایەتییەکی وەك سەید کامیل تووشی گۆڕانێکی وا گرنگ بکات و بکرێ شاعیر کات و ساتی دوای ئەو بە 'ژینی نوێ' بزانێت، مەگەر بڵێین ڕووداوەکە شەخسی یان بنەماڵەیی بووە وەك ڕزگار بوونی خۆی لە نەخۆشییەك و....شتێکی هاوشێوە. هیچ زانیارییەکم لەوبارەیەوە نییە.
سەمەرە و جێی پرسیار بۆ من ئەوەیە <u>بۆچی ئاوات ناڵێ لە ١٣٣٢ بەدواوە تا ١٣٥٥ و دەڵێ لە ١٣٣١ بەدواوە تا ١٣٥٥؟</u> خۆ ساڵی ١٣٣١ لە ئێراندا ساڵی بەربەرەکانی لەگەڵ شا و دەسەلاتی پەهلەوی بوو و لە بۆکانیش ساڵی خەباتی کۆمەڵانی گەل لە شار و دێ بوو دژ بە ئاغاواتی زۆردار. ئەی بۆچی دەبێ سەید کامیلی خەباتکاری شۆڕشگێڕ ئەو ساڵەی پێ ناخۆش بوویێت و بڵێ سەعاتێك لەو ساڵەدا ئاسوودە نەبووم؟ ئەوە بۆ من پرسێکی گەورە و جێی ڕامانە، هەرچیش دەکەم بۆم یەکالا نابێتەوە.
لە دوو فەردی یەکەمی شیعرەکەدا شاعیر کلۆڵیی خۆی بە تەندوورێکی بەتین و گڕ و گڕپە دەشوبهێنێت کە نزیك بووە گیانی لێ بستێنێت. سەرەڕای ئەو تەندوورە گەرمە، هەویر [ی خواست وئاواتی؟] دەترشێت و [بەهۆی پیرییەوە] وەها بێ پێز دەبیت کە خۆی بە تەندوورەوە ناگرێت و دەکەوێتە خوارەوە و دەسووتێت، واتە نان [ی ژیانی] لێ بەرهەم نایەت و لە ئەنجامدا، شاعیر بەرەوپیری مەرگ دەچێت. ئەو ڕەوتە

ناخۆشەی ژیانیش هەر لە ساڵی ١٣٣١ ەوە بووە هەتا ١٣٥٥ و ئەودەم بە هۆی ڕووداوێکەوە کە پێمان ناڵێت چییە، *"بە لوتفی خودا نەسیمی ژینی نوێ هەڵیدەکات و دڵی بە شنەی ئەو نەسیمە دەژیێتەوە، فیکر و خەیاڵی ڕابردووی دەگەڕێتەوە لای و ....بۆ ئەو یارمەتییە گەورەیەش، دەبێ خودا قەت لەبیر نەباتەوە."*

هیچکام لە دوو ژیننامەی شاعیر لە دیوانە چاپکراوەکاندا، باسێك لەو ساڵی ١٣٥٥ ە ناکەن. ئەوەندە نەبێت کە جەعفەر دەڵێ سەید کامیل *"لە ساڵی ١٣٥٥ دا بۆ ماوەی ساڵێك تووشی زیندان بۆتەوە"* و ئیتر شوێنی چوار پێنج ساڵ دواتری هەڵناگرێت. تاکە شتێك کە بمێنێتەوە و بکرێت بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە پەنای بۆ ببرێت، ئەو شوێنەی شیعرەکە کە دەڵێ "دڵم ئەوەندە زەعیف بوو، لەپڕ دڕا پەردەی". واهەیە هەر ئەوەش کلیلی کردنەوەی مەتەڵۆکەکە بێت. بە گوێرەی شیعرەکە، دوور نازانرێت شاعیر لە ساڵی ١٣٥٥ دا بە ئازاری دڵ نەخۆش کەوتبێت یان تووشی وەستانی دڵ هاتبێت، ئیتر بە هۆی عەمەلیاتێکی سەرکەوتووی دڵەوە، مەترسی مردنی لە سەر ڕەویبێتەوە و گەڕابێتەوە سەر ژیانی ئاسایی. هەر بۆ ئەو یارمەتییە گەورەیەش منەتباری خودایە و دەڵێ: *"دەبێ هەرگیز لە بیری نەکەم."*

ئەوە ئەگەری یەکەمە کە دەتوانم لەو پەیوەندییەدا بە ڕاستی بزانم و لە شیعرەکەی هەڵکڕێنم. ئەگەر بۆچوونەکە لە شوێنی خۆیدا بێت، شاعیر تاوانی کڵۆلی و نەخۆشی و زەعیفی و ئازاری دڵی خۆی هەموو دەخاتە ئەستۆی بارودۆخی نالەباری سیاسی دوای ساڵی ١٣٣١ کە دەیگەیێنێتە ڕووداوە ناخۆشە مەترسیدارەکەی ساڵی ١٣٥٥.

ئەگەری دووەم دەکرێ ئەوە بێت کە سەید کامیل لە ساڵێ ١٣٥٥ دا چووبێتە سەفەری حەج و وەك ئیماندار و سۆفییەکی ڕاستەقینە، بەو کارە گەیشتبێتە هێمنایەتییەکی ڕۆحی. ئەوەش بۆچوونێکی زۆر لاواز و نزیك بە سیفرە لەبەر ئەوەی ژیننامەکانی ناو هەردوو چاپی دیوانەکەی ئاماژە بە بوونی ناکەن.

<u>ڕوونکردنەوە:</u> دوای نووسین و بڵاو کردنەوەی ئەم بابەتە چاوم بە وێبلاگی 'ناسۆرە ژیان' کەوت کە شیعرێکی لە "<u>حاجی</u> سەیید کامیلی ئیمامی زەنبیلی" تێدا بڵاو کرابووەوە. ئیتر ئەوە مەسەلەکەی تا ڕادەیەك بۆ چارەسەر کردم و دەتوانم بڵێم ئەو ساڵی ١٣٣٥ ە ساڵی چوونە حەجی شاعیرە کە بەشوێنیدا هێمنایەتییەکی ڕۆحیی بۆ وەدی هاتووە و زیاتر بە ژیان گەشبین بووە.

تەنوور، تەندوور

پنە، تەختەیەك کە گونتکە نانی لەسەر پان دەکرێتەوە (هەژار، هەنبانە بۆرینە)
پێز، کێش و هێز(هەژار، هەنبانە بۆرینە)
ساڵی ١٣٣١ ساڵی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانە دژ بە حوکمی پەهلەوی کە گەیشتە ئەنجامی کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ ی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان، گیرانی دوکتۆر محەممەدی موسەددیق و گەڕانەوەی محەممەد ڕەزاشا بۆ سەر تاج و تەختی ئێران. ئەو ساڵە، بە تایبەت لە مێژووی ناوچەی بۆکانیشدا گرنگە لەبەر ئەوەی ناو شار و گوندەکانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی دوو ڕاپەڕینی هاوکاتیان دژ بە ئاغاواتی چەوسێنەری شار ودێ بەخۆیەوە بینی، کە دوا بەدوای کۆدیتاکەی تاران، ئەوانیش بە پیلانی حکوومەتی نیزامی شا و ئاغاواتی ناوچەکە سەرکوت کران. من ئاگاداری هەڵوێستی ئاوات لەو ساڵەدا نیم بەڵام سەرەڕای ئەوەی خاوەن مڵکیش بوو، لاموانییە لایەنی خەڵکی بەردابێت و پشتی چەوسێنەرانی گرتبێت. ساڵی ١٣٥٥، لووتکەی زەبر وزەنگی ڕژێمی پەهلەوی بوو لە ئێران. ئەو دەسەڵاتە لە ١٣٥٦ بەدواوە لە کزیی دا و لە ١٣٥٧ دا ڕووخا.
نووستم، خەوتم.
بە زیکری حەول و قەوەت بۆ خودا، واتە خوێندنەوە یان وەبیر هێنانەوەی ئایەی 'لاحول و لا قوة الابالله' ی قورئان.
یەزدان و ئێزەد لە سەردەمی زەردەشتایەتیدا بە 'وردە خودا' واتە ئەو خودایانە گوتراوە کە لە چاو ئەهورامەزدا گرنگایەتی پلەی دووهەمیان هەبوو (بۆ نموونە، میترا و ئاناهیتا). بەڵام لە فارسیی نوێدا واتای ڕەهای خودای هەیە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مجتث مخبون محذوف: مفاعلن فعلاتن، مفاعلن فعلن-

## بێچارەیە 'کامیل'

بڕوانە چ بەدبەخت و چ بێچارەیە کامیل!
چەند دەربەدەر و بێ‌کەس و ئاوارەیە کامیل
چەند دڵبەغەم و مات و پەرێشان و بڵاوە
چەندە لەکوڵ و زار و جگەرپارەیە کامیل
ئەی خالیقی من، ڕازیقی من، دافیعی دەردم!
ڕەحمێ، کە کوژەی حەسرەتی ئەمجارەیە کامیل
سەیری جگەرم! لەت‌لەتە، زووخاو دەدەڵێنێ
یەك کالبەدی کەوتوو و بێ‌کارەیە کامیل
مەیلت کە لە سەر دەربەدەری و قوڕبەسەریمە
یاڕەببی چ کارێکی بەم ئیسرارەیە کامیل![186]
هەرچی کە ئەتۆ مەیلتە، پێم‌خۆشە خودایە
بێ‌دەنگ و سەدا و قاڕەیە، بێ‌باڕەیە "کامیل"

قاقڵاوا، ١٣٥٦ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٧٢ و ٧٣ ی چاپی ئەنیسی و ١٠٤ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە و هەردوکیان ساڵی ١٣٥٦ و شوێنی گوندی قاقڵاوایان بۆ گوترانی شیعرەکە تێدا دەست نیشان کردووە.
ساڵی ١٣٥٦ (١٩٧٧ و ٧٨ی زایینی) لووتکەی دەسەڵاتی پەهلەوی دووهەم و جەنگەی زوڵم و زۆری ساواك بوو. بەڵام هەر لە نیوەی دووهەمی ئەو ساڵەشدا یەکەم درز کەوتە دیواری کاخی سەڵتەنەتی شا و لە درێژەیدا بە خەباتی کۆمەڵانی خەڵك

[186] . چاپی ئەنیسی: ئەسراڕەیە؛ چاپی جەعفەر: ئەسرارەیە

حوکمی ٥٠ ساڵەی پەهلەوییەکان و ئەوەش کە پێی دەگوترێ ٢٥٠٠ ساڵەی پادشاهی لە ئێران، هەڵوەشایەوە و بنەبڕ بوو.
بە بۆچوونی من شیعرەکە دەبێ لە سەرەتاکانی ئەو ساڵەدا گوترابێت لەبەر ئەوەی مۆرکی وەڕەزی و بێ تاقەتی و ماتی و خەمباری بەسەر بەش بەشی شیعرەکەوە دیارە. ئاوات مرۆڤێکی سیاسی بوو و ئەو بێزاری و بێ تاقەتییە لەو ساڵە ڕەشانەدا بۆ هەستیارێکی وەك ئەو ئاسایی بوو. لەو کاتانەدا، ئەویش وەك بەشێك لە هەڵسووڕاوانی سیاسیی ئێران چووبووە جلْدی خۆیەوە و ئەگەر لە 'سەیری آفاق' دا ترووسکەی هیوایەکی بەدی نەدەکرد گەڕابووەوە سەر 'سەیری انفس' و پەنای بۆ دەروونی خۆی بردبووەوە، دەروونێك کە لێواولێوی ئیمانی مەزهەبی و عیرفان و شێخایەتی بوو.
لەو گەڕانەوەیەدا، ئاوات وەك کەسێکی بێ پەنا، داڵدە لە "خالیقی من، ڕازیقی من و دافیعی دەردی من" دەخوازێت بۆ ئەوەی بەزەیی پێیدا بێت و ڕێگاچارەیەك بۆ "جگەری لەت لەتی زووخاودەڵێن" ی بدۆزێتەوە.
لەو دۆعا و پاڕانەوەیەدا یەك شت بە ڕوونی دەردەکەوێت: سەیدکامیل سۆفییەکی وێشکی لەخوا ترس نییە کە هەیبەت و جەبەڕووتی خودا دڵی بخاتە لەرزین و شەمزین؛ بەڵکووعارفێکی خواخۆشەویستە کە ئەگەر نزیك بە 'وحدت وجودی' یش نەبێت، لای کەم ئیشراقییە و پەیوەندی لەگەڵ خودادا خۆمانە و سەمیمییە. هەربۆیەش دەوێرێت بە خودا بڵێت: باشە ئەو هەموو پێداگرتن و ئیسرارە چییە دەیکەی؟ ئەگەر نیازت قوڕبەسەریی منە، الحکم لله، من پێی ڕازم، بێدەنگ و سەدا دانیشتووم و هەرچی مەیلی تۆیە بەڕێوەی دەبەم، ئیتر چیت لێم دەوێت!
خاڵی گرنگ لە شیکردنەوەی شیعرەکەدا فەردی پێنجەمیەتی. بە بۆچوونی من هەردوو چاپەکە لە نووسینی وشەیەکی ئەم فەردەدا تووشی هەڵە هاتوون. شاعیر زۆر خۆمانە و کوردانە لە خودا دەپرسێت ئەگەر مەیلت لە سەر دەربەدەری و قوڕبەسەریی منە، پێویست بەم ئیسرار و پێداگرتنە ناکات، بۆم ورد بکەوە و ڕاست و ڕەوان پێم بڵێ چیت لێم دەوێت؟ خۆ خۆیشت دەزانی کامیل کەسێکی بێ دەنگ و سەدا و قڕە و هەرایە، ئیتر ئەو پێداگرتن و لەسەر ڕۆیشتنەی بۆچییە!
کەوابوو ئەنیسی بە هەڵەدا چووە کاتێ وشەکەی بە 'ئەسراڕ' نووسیوە. ئەسراڕ لەو شوێنەدا واتایەکی مەعقوولی نییە. جەعفەر ویدەچێت ویستبێتی کارەکە بە بارێکی دیکەدا بخات و 'ئەسرار' ی نووسیوە کە ڕوون نییە نیازی هەمان ئەسراڕە یان ئیسرار

('إصرار' ی عەرەبی). بە بۆچوونی من ئەو بەشوێن ئیسراردا چووە بەڵام لەجیاتی بابی 'ئیفعال' بە 'ئەفعال'ی نووسیوە کە لە 'صرف' کردنی وشە عەرەبییەکەدا هەڵەیەکی ڕێنووسییە. هەرچۆنێك بێت، من بە ئیسرارم نووسیوە بە واتای پێداگرتن و لەسەر ڕۆیشتنی شتێك.

جگە لەو شێر ورێوییەی سەرەوە، 'ئەسراڕ' لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە هەڵەیە: سەیرێکی سەروا و ڕەدیفی شیعرەکان بکەین. ڕەدیف لە هەموویاندا بریتییە لە '...یە کامیل'. سەرواش، کە بە عادەت دەبێ لەپێش ڕەدیفدا بێت لە پێنج فەردی ئەو غەزەلە شەش فەردییەدا بریتییە لە ئاوارە، جگەرپارە، ئەمجارە، بێکارە و بێ بارە؛ کەوابوو ئەگەر فەردی پاشماوە واتە فەردی شەشەم بە ئەسراڕە بنووسین نۆڕمەکەمان تێك داوە و لەجیاتی پیتی /ر/ ی ئاسایی، پیتی /ڕ/ ی قەڵەومان تێکەڵاو کردووە کە کارێکی بەجێ نییە و ناحەز دەنوێنێت. ئەوەش سەلماندنێکی بەدیعی بۆ بابەتەکە.

بڵاو: پەرێشان فیکر ، سیفەتێکە شاعیر بەخۆی داوە.

خالیق و ڕازیق و دافیع سێ سیفەتن شاعیر بۆ خودای هێناونەتەوە. ئاوات لێرە و لە زۆر شوێنی دیکەشدا سڵی لەوە نەکردۆتەوە لەوەی وشە و عیبارەتی عەرەبی یان فارسی بخاتە ناو شیعرەکانیەوە. ئەوە نموونەیەکیەتی.

کالبەد: لەشی بێ گیان

قارە: قرە، دەنگ (زیاتر دەنگی باڵندەی وەك قەلە ڕەشە).

بارە: بە بۆچوونی من، بەکوردیکراوی 'بەهرە' ی فارسییە بەواتای سوود.

بێ بارە: بێ بەهرە، بێ کەڵك.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن مكفوف محذوف: مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن

# زستان

یاخودا زستان بەخێرێ، چونکە وەك یاری منە!
سارد وسڕ، بێ میهر و بێ مەیلە، جەفاکاری منە
ڕووی لە سەر کوێستانەکان تاڵە، بە ڕق هاتۆتەوە
هەر وەکوو یار دێتەوە ماڵێ، بە ئازاری منە
بەرگ وباری دار وگوڵزاری بە شەختە کرد نەخۆش
هەر وەکوو جەرگ و دڵ و گیانی برینداری منە
تك تکەی گوێسوانەکانی وەك زوخاوی[187] من دەچێ
ڕەنگی سیخواری وەکوو ڕیشی سپیکاری منە
بۆ سپیکاری عەجەب وەستایە زستان، چاوەکەم!
وەك خەمی من مووی سپی کردووم و میعماری منە
چەرخی گەردوون بۆ لەسەر من، بەختی من، نادا[188] خولێك؟
هەر لەسەر یەك لاتەنیشتە، هەروەها باری منە
پێچەوانەی خۆی، کە جاران چەرخ و خول بوو، کاری[189] ئەو،
هەر دەڵێ شان و ملی کامیل وەفاداری منە!

قاقلاوا، ١٣٥٦ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٢ ی چاپی ئەنیسی. و ٢٠٦ ی چاپی جەعفەر)

---

[187] . 'زووخاوی' لە چاپی جەعفەردا. ئەنیسی وەك 'زوخاوی' تۆمار کردووە. بە بۆچوونی من نابێ واوەکە زۆر درێژ بکرێتەوە دەنا کێشی شیعرەکە تووشی گرفت دێت. هەر بۆیەش من بە یەك واوی دەنووسم.
[188] . ''بەختی من نادا' لە چاپی ئەنیسیدا
[189] . 'چەرخ و خول بو کاری ئەو' لە چاپی ئەنیسیدا.

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "ڕیشی سپیکار"ە. دیارە عینوانەکان هی شاعیر خۆی نین و ئەگەری زۆر ئەوەیە بە گوێرەی سەلیقەی ئەنیسی و جەعفەر دانرابێتن.

شیعرەکە تەنزێکی نەرم ونیانی تێدایە. شوبهاندنی یاری بێ میهر بە زستانی ساردوسڕ تەعبیرێکی تازەیە و هەربۆیەش، جوانە. لە پێنج فەردی سەرەتادا شێعرەکە غەرامییە و گلەییە لە یاری بێوەفای جەفاکار کە ئازاری شاعیر دەدات، بەڵام لە دوو فەری کۆتاییدا سووڕێك بە ناوەرۆکی شیعرەکە دەدرێت و دەبێتە گلەیی لە چەرخی گەردوون کە بۆچی بە پێچەوانەی مەیلی ئەو دەگەڕێت.

لە شیعرەکەدا، هەوری زستان وەك ڕووی یاری شاعیر، تاڵە و تووڕەیە و سەرما وسەخڵەت دەبارێنێ و ئازاری شاعیر دەدات. 'ڕوو تاڵ بوون' سیفەتێکە بۆ هەوری ڕەش کە بارشتی بەدواوەیە.

بەرگ وبار: گەڵا و میوەی دار.

شەختە: سەرمای پاییز کە زەرعات خراپ دەکا؛ سەهۆڵ؛ سۆڵ؛ یەخ؛ بەستەڵەك (هەنبانە بۆرینە)

شاعیر جەرگ و دڵ و ئەندامی خۆی، کە برینداری دەستی جەفای یارن، بە بەرگ وباری شەختە لێدراو وبرینداری دەستی زستان دەشوبهێنێت. هەروەها زووخاوی دڵی خۆی بەهاوشێوەی دڵۆپە ئاوی گوێسوانان دەزانێت و 'ڕیشی ئاماڵ سپی' خۆیشی وەك ڕەنگی سیخواران (زوقم) دەبینێت کە سپییە.

گوێسوان: گوێسوانە، گوێسەبانە، پاسارە، سوانە (هەنبانە بۆرینە)؛ ئەو بەشەی سەربانە کە لە دیوار دێتە پێشەوە بۆئەوەی باران بە دیوار و پەنجەرەکاندا نەیەتە خوارەوە و خشتی دیوار نەتلیسێنێتەوە.

سیخوار: سیخار، سیخ، زوقم، خووسار، خوبز، ئاڵشت، خووس (هەنبانە بۆرینە).

ئەگەر شاعیر لە فەردی چوارەمدا 'سپیکار' ی وەك ئاوەڵناو و بە واتای 'ئاماڵ سپی' و هاوڕەنگی سیخوار هێنابوو، لە فەردی دواتردا بەواتای کرداری سپی کردنەوەی دیواری دەهێنێت و دەڵێ زستان وەستایەکی سەیری سپیکاری کردنە و وەك چۆن خەمەکانم موویان لێ سپی کردووم، ئەویش لێم بۆتە وەستا و میعمار و سپیکاریم بۆ دەکات! پێکەوەهێنانی سێ وشەی سپیکاری و وەستا و میعمار لەم فەردەدا، کەڵك وەرگرتنە لە سەنعەتی جیناس یان 'مراعات النظیر'.

چەرخی گەردوون بۆ لەسەر من....: شاعیر دەڵێ لەبەر بەدبەختی منە کە چەرخی گەردوون لەسەرم ناکاتەوە و لایەنم ناگرێت دەنا دەبوایە خولێکی بخواردایە و بە باری چاکدا بسوورایەت. هەر بۆیەش دەپرسێت بۆچی چەرخی گەردوون لە سەر لاتەنیشتێکدا کەوتووە و ناجووڵێت و ناگۆڕێت؟ لە عەینی کاتدا باری قورسی سەرشانیشمە. لەسەر لاتەنیشت بوون و بەلادا کەوتن واتە خواربوونەوە و وەرگەڕان و لە دۆخی ئاسایی دەرچوون. واهەیە هاوشێوەی ئەو تەعبیرە لە زمانی فارسیدا بریتی بێت لە "چپ افتادن" و بە سەر شانی چەپدا کەوتن و چاکەی شاعیر نەویستن. لە ئەدەبی کۆنی ناوچەکەدا هەمیشە لای ڕاست چاکە و لای چەپ، خراپ. هەموو شا و حاکم و دەسەڵاتدارێکی نەریتیش، بە گوێرەی ئەو باوەڕە، وەزیرێکی دەستە ڕاستی هەیە کە تەنیا خوازیاری کاری چاکەیە و وەزیرێکی دەستەچەپ کە خراپە و خواروخێچی لێ داوا دەکات.
فەردی کۆتایی لە ڕاستیدا درێژەی فەردی پێش خۆیەتی و لەوێدا ڕووی قسەی لە چەرخی گەردوونە کە دەڵێ: ئەو چەرخەی وا جاران هەر خەریکی چەرخ و خول و وەرسووڕان بوو، بۆچی ئێستا لە سەر شان وملی منی شاعیر چەقی بەستووە و لاناچیت؟ لێرەدا شاعیر ئەو بۆچوونەی وەرگرتووە کە چەرخ هەمیشە بۆ هونەرمەند و مرۆڤی باش و زەحمەتکێش پێچەوانە دەسووڕێت نەك بە مەڕامی دڵی. بەو تەعبیرە، گەردوون هەمیشە بارێکی قورسە بە سەر شانی خەڵکانی کردارچاکەوە. حافزی شیرازیش گلەیی لەبەختی خۆی دەکات و دەڵێ:

*"چرخ گردون گر دو روزی بر مراد ما نگشت*
*دایما یکسان نماند حال دوران، غم مخور"*

لێرەدا، جیاوازی نێوان هەڵوێستی دوو شاعیر واتە ئاوات و حافز ئەوەیە حافز هاوکات لەگەڵ ئەوەی گلەیی و بناشت لە بارودۆخی ئێستای ژیانی خۆی و خەڵك دەکات، بە دواڕۆژی ژیانیان گەش بینە و دڵی خۆی دەداتەوە کە خەم مەخۆ، حاڵی دەوران وەك ئێستا نامێنێت! بەڵام گەش بینییەکی ئەوتۆ لەم شیعرەی ئاواتدا بەدی ناکرێت و شاعیری ئێمە، لەژێر کارتێکەریی سۆفیایەتیدا، دواڕۆژێکی ڕوون بۆ خۆی و بۆ خەڵك نابینێت؛ گەرچی لە شیعرە سیاسییەکانیدا گەلێك گەشبینتر دەردەکەوێت.
چارەنووس دانە دەست چەرخ و گەردوون و کائینات، چەشنە بیدعەتێکە و لەگەڵ گەوهەری باوەڕی ئیسلامیدا یەك ناگرێتەوە. بەگوێرەی فێرکردنەکانی ئیسلام، سەرەهەودای هەموو کارێکی ئەم جیهانە، لە دەست خودادایە و جگە لەو، هیچ مرۆڤ

یان دیاردەیەکی دیکە ناتوانێت چارەنووسی کەون دیاری بکات. ئەم شیعرەی جەلالەدین مەولەوی لە بەرانبەر بۆچوونی حافز و ئاواتدا دەوەستێت یان بە گوێرەی سەردەمی ژیانیان، باشترە بڵێم ئەوان لە بەرانبەر مەولەویدا دەوەستن:

*"این رسن های سبب ها در جهان*

*هان و هان، زین چرخ سرگردان مدان!"*

کە چەرخی گەردوونی بە چەرخ و گوریسی سەر چاڵاو شوبهاندووە و بە بەرگۆی شیعرەکەی دەڵێ دەستم بە داوێنت، سەرەپەتی هۆکارەکان لە دەستی چەرخێکدا مەبینە کە خۆی سەرگەردانە و نازانێت بۆ کوێ دەچێت! لە فەردێکی دیکەی هەمان ئەو شیعرەدا مەولەوی دەڵێ "تۆ چەرخ و گوریس دەبینی، بەڵام هۆکاری گەڕان و سووڕانی ئەو چەرخە نابینی و نازانی چ دەستێك دەیسووڕێنێت"- کە دیارە مەنزووری خودایە.

بەحری عەرووزی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف، فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# گوڵی هیوا

کێ دی وەها لەپڕ گوڵی هیوا بپشکوێ!
نەورۆز و ڕۆژی خۆشیی گەلی کورد وەدەرکەوێ
ڕۆژی نەجاتە، کاتی خەباتە، فریشتەکەت
کوردە! ئەگەر نەترسی سەری ناوەتە سوێ
هەر چاوەڕێی خەباتی من و تۆیە کاکی خۆم!
من حازرم ئەگەر کەسێ بێت و ڕەگەڵکەوێ
شەرتە نەدەم وچان و وەنەوز و خەوم نەبێ
هەر نەسرەوم دەمێ، لە بەیانی هەتا شەوێ
تا کفنی دوژمنم نەبڕم، نەیکەمە بەری
نەینێمە گۆڕی پیسی، نەڵێم ژینی خۆم دەوێ
داری هومێدی کوردە بە خوێنی گەل ئاو درا
تاکوو جیهان جیهانە، سەری بەرزە، نانەوێ
تازە چرۆ دەکات و بەریشی بەڕێوەیە
هەر ساڵ بە بای بەهار دەشنێت و دەبێ نوێ
تاکوو تەنوورەکەت دەگرێ، کاری خۆت بکە
نەك بێتە کۆتی پێت پنە، گەر تۆ هەلت دەوێ
هەڵکەوتووە، لە دەستی مەدە هەل، هەڵێ مەڵێ:
نارۆمە پێشێ، ببزوو؛ لە ڕۆحی منت کەوێ!
هەرگیز مەهێڵە دامرێ تەندوورەکەت لە گڕ
بەو تینی گەرمی وی، دڵی دوژمن دەبێ توێ
پێ هەڵگرە، درەنگە، نەوەك دامرێ، بڕۆ

## کاکی "ئیمامی"! تۆ کە ژیانی گەلت دەوێ

قاقلاوا، هاوینی ١٣٥٦ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٥٢ و ٢٥٣ ی چاپی جەعفەر، لە چاپی ئەنیسیدا نییە)

---

باوەکوو شیعرەکە لە ساڵی ١٣٥٦ ی هەتاوی واتە نۆ ساڵێك پێش یەکەم چاپی دیوانی ئاوات (چاپی مامۆستا ئەنیسی) گوتراوە، لەو چاپەدا بەرچاو ناکەوێت. هۆکارەکەی دەبێ ناوەرۆکی بە ئاشکرا سیاسی و شۆڕشگێڕانەی بێت.
هاوینی ساڵی ١٣٥٦ ی هەتاوی و ١٩٧٧ ی زایینی سەرەتای ڕاپەڕینەکانی گەلانی ئێران بوو و لە شارەکاندا یەك لەدوای یەك خۆپیشاندان سازدەکرا و هێزەکانی حکوومەت بە توندوتیژی نواندن و تەقە کردن لە خۆپیشاندەران ئاگری خەباتی خەڵکیان بەتینتر دەکرد تا گەییە ئەوەی ڕەوتی ڕاسانی خەڵك و کوشت وبڕی پۆلیس و ساواك وەك مۆرەی دۆمینە لەم شارەوە ڕادەگوێزرا ئەو شار. خەڵك، دوای ساڵانێکی زۆری بێدەنگیی دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢، ئێستا ئیتر هێزێکیان هاتبووەوە بەر و ڕادەی خواستە سیاسییەکانیان ڕۆژبەڕۆژ دەچووە سەرێ، تا گەیشتە ئەوەی 'ناوەندی پارێزەرانی ئێران' ناڕاستەوخۆ داوای لابردنی دەزگای ساواکی کرد و لە پاییز و زستانی هەمان ساڵدا  لە خۆپیشاندانەکانی دوو شاری قوم و تەورێز خەڵکێکی زۆر لە لایەن پۆلیس و ساواکەوە کووژران. دوای ڕووداوەکەی تەورێز، ئیتر حکوومەتی پەهلەوی خۆی بۆ ڕانەگیرا و لە شارەکان حکوومەتی نیزامی دامەزراند. بەڵام ئەویش چارەی کێشەکەی نەکرد و دوای خۆپیشاندانی ڕۆژی تاسووعای ئەو ساڵە، ئیتر پێچکەی تەختی شا لەق بوو، ساواك هەڵوەشایەوە، شا ئێرانی بەجێ هێشت، خومەینی هاتەوە و بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە ڕژیم گۆڕا و کەوتە دەست مەلاکان.
لە ماوەی ساڵانی ١٣٥٦  و ٥٧ دا هەموو هونەرمەند و خاوەن بیرێك هەوڵی هاندانی خەڵکی دەدا بۆ بەربەرەکانی ڕژیمی شا و ڕووخاندنی. ئەم شیعرەی ئاواتیش یەك لەوانە. ئاوات لێرە و لە یەکدوو شیعری مانگ و ساڵانی دواییدا ڕاشکاوتر هەستی خۆی دەردەبڕێت و ئاشکراتر لە بەرانبەر ڕژیمی شادا دەوەستێت، ڕژیمێك کە هەر لە سەرەتاوە دژی وەستا بوو، بەربەرەکانی کردبوو و لە زیندانەکانیدا خەوتبوو. ئەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە شاعیر چیتر بە ئیما و ئیشارە هەڵوێستی خۆی دەرنابڕێت،

وەك پێشتر، بۆ نموونە لە شیعری خاسەکەودا دەیکرد، بەڵکوو بێ پێچ و پەنا دەڵێ: "ڕۆژی نەجاتە، کاتی خەباتە و باس لە بڕینی کفن بۆ دوژمن و خستنە ناو گۆڕی دەکات".

ئەوەش کە دەڵێ "لەپڕ"، گەلێك ڕاستە. ڕژیمی شا دیعایەی ئەوەی دەکرد کە خاوەنی پێنجەمین سوپای دنیایە و کاتێ کە شەش ساڵ پێشتر ڕاپەڕینێکی چەکدارانەی فیدائیان لە باکووری ئێران سەری هەڵدا، شا بە فیزێکەوە گوتی هەر بە شاگرد ئاشپەزخانەکانی سوپا بڵێم، پاکتان دەکەنەوە و ناتانهێڵن! بەڵام لە سەروحەددی گوتنی ئەم شیعرەدا وەك مشك چووبوە کونەوە و خەڵکەکەش کە ترسیان ڕەوی بوو و زمانیان کرابووەوە زیاتر لێی دەچوونە پێشەوە و هەراسیان پێهەڵدەگرت. هەر ساڵێك پێش ئەوەش کەمتر کەس گومانی توانەوە و نەمانی وا خێرای ئەو هەموو دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەی ئێرانی دەکرد کە نەك هەر لە ئێران بەڵکوو لە ناوچەکە و بۆ نموونە لە عیراق و زوفاری یەمەن دەوری ژاندرمەی حکوومەتەکانی ڕۆژئاوەای دەبینی.

سوێ: ئاسۆ

فریشتەکەت: بەعادەت دەگوترێت ئەستێرە سەر دەنێتە سوێ، ئەوەی فریشتە سەر بنێتە سوێ هەندێك نامۆیە. تۆ بڵێت لە ئەسڵدا 'ستێرەکەت' نەبووبێت؟ بەڵام ئەگەر هەڵە نەبێت و فریشتە هەر ئەوە بێت کە شاعیر گوتوویەتی، ئەودەم دەبێ بڵێین ئاوات سووڕێکی کەمی بە قسەی باوی سەر زمانی خەڵك داوە و لەجیاتی ئەستێرە بە دەستە قەسد گوتوویەتی فریشتە. ئەودەمیش ئەو پرسیارە هەر دەمێنێت کە فریشتە کامەیە و چۆن و بۆچی سەری ناوەتە سوێی گەلی کورد؟ وەڵام ڕەنگە ئەوە بێت کە فریشتەی نەجاتی گەلە نزیك بۆتەوە و لە ئاسۆ دەرکەوتووە.

چاوەڕێی خەباتی من و تۆیە: کێ چاوەڕوانە؟ دەبێ نیشتمان بێت. بە ئەگەرێك، لام وایە لە شوێنی 'کاکی خۆم' دەبوایە وشەی 'نیشتمان' بێتە میسراعەکەوە، کە ڕستەکە لە باری ڕێزمانەوە تەواو دەربێت.

ڕەگەڵ کەوتن: بوونە هاوڕێی کۆمەڵێك لە خەڵك، بوون بە هاوڕێ و هاوهەنگاوی یەکتر.

وچان: پشوودان، وەستان

وەنەوزدان: سەرخەو شکاندن، قیلوولە، گورگە خەو.

نەسرەوم: هەدا نەدەم، ئیستراحەت نەکەم

تا کفنی...: ئەم فەردە گەلێك توندوتیژە و تێیدا باس لە کوشتنی دوژمنانی گەل دەکات و دەڵێ داوای ژیان ناکەم تا ئەوان نەخەمە گۆڕە پیسەکەیانەوە. 'دوژمن' بە ئاشکرا ڕژیمی شایەتی ئێرانە.
چرۆ: لکی باریکی دار، خونچەی تازەی گەڵادار (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)
دەشنێت: شنەشن دەکات. هەنبانە بۆرینە بۆ شنە، "سروە، هاتنی سروە و لەرین بە سروە"ی نووسیوە.
دەگرێ: دەئایسێ، ئاگری هەیە
کۆت: داری ئەستووری قاچی زیندانی (هەنبانە بۆرینە).
پنە: تەختەیەکە ئەنگوتکە نانی لەسەر پان دەکەنەوە (هەنبانە بۆرینە)
واتای فەردەکە ئەوەیە: ئەگەر لە هەل دەگەڕێی دەست بزێوە و تا تەندوورەکە گەرمە نانی خۆتی پێوەدە دەنا ئەگەر سارد بووەوە ئیتر کەرەسەی نان کردنیشت هەبێت، کەڵکیان نامێنی، بۆ نموونە، پنە کە دەتوانی هەویری کارەکەتی لەسەر پان بکەیتەوە، لێت دەبێتە شتێکی دەست و پێ گیر و لە جیاتی ئەوەی یارمەتیدەرت بێت، دەبێتە کۆت و زنجیری لاقی ڕۆیشتنت.
هەڵکەوتووە، هەل، هەڵێ و مەڵێ: دوو جیناسی ناتەواویان لێ پێك هاتووە و مۆسیقای پیتی /ە/یان تێدا بەرگوێ دەکەوێت.
نارۆمە پێشێ: دەگەڕێتەوە بۆ میسراعی پێش خۆی: مەڵێ نارۆمە پێشێ، بجووڵێوە، دەردت لە ڕۆحی من کەوێت!
دامردن: دامران، کووژانەوە و خەفە بوونی ئاگر(هەنبانە بۆرینە).
وی: ئەو
توێ: لەتی ناسکی گۆشت (هەنبانە بۆرینە).
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

# گەسکە کۆڵە

هەرچەندە ڕزیو و گەسکەکۆڵەم،
ئامادەیی دەست و مست و تۆڵەم!
بۆو جووتە شەهیدە نۆجوانە،
بۆوجووتە نەمامی نیشتمانە،
شەرتە بەدڵ و بەڕۆح بکۆشم
باش کۆکەمەوە حەواس وهۆشم
تا تۆڵە لە دوژمنوو نەسێنم،
جەرگ و دڵی پیسی دەرنەهێنم،
نابێ بە ژیانی خۆم نەشەم بێ![190]
یانە بە گوڵی بەهار گەشەم بێ!
ئەو ژینە چ ژینە دەست بەسراو،
خەمبار و ئەسیر و ڕۆڵە کووژراو؟
ئەو خوێنی کە وا ڕژا لە بۆکان،[191]
ماوە لەخەیاڵ و بیری هەمووان
دەسگایەکە خوێنی ئێمە دەمژێ[192]
ناپیاوێکە خوێن دەڕێژێ، دەکوژێ
خۆی شاردەوە وەك جنۆکە لێمان
تا بگرێ دووبارە ڕێگە پێمان[193]
ئەمجارە دڵی گەلە بریندار

---

[190]. نابێ لە ژیانی خۆم نەشەم بێ، چاپی ئەنیسی
[191]. ئەوە خوێنە کە وا ڕژا لە بۆکان، چاپی جەعفەر
[192]. دەسگایێکە، چاپی ئەنیسی و جەعفەر
[193]. ڕێگە لێمان، چاپی ئەنیسی

دەگرن هەموو ڕێگە لەو بە یەکجار
هەروەك سەگی دز لە کون خزاوە
هەر بێتە دەر ئەو سەگە گلاوە،
دەکرێ شەق وپەق لە سەر خیابان
دەستێننەوە لێی جەزایی تاوان
بۆچی بەشی ئێمە لەو جیهانە،
لەو پان و بەرینە، هەر دوانە: [١٩٤]
یا ڕشتنی خوێنمان لە مەیدان،
یا بردنمان بە چاڵی زیندان!
شیققی سێ، ئەگەر لە ئێمە قاتە،
بۆ مە، سێ، خەباتە ڕێی نەجاتە

قاقلاوا، ١٣٥٦ ی هەتاوی (؟)
(لاپەڕە ١٩٠ ی چاپی ئەنیسی و ٣١٨ و ٣١٩ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە و لە میسراعی یەکەمی فەردی یەکەمی شیعرەکە وەرگیراوە بەڵام عیوانێکی بەڕێ وجێ بۆ ناوەرۆکی شیعرێك نییە کە باس لە ڕاپەڕین و خەباتی دژی ڕژێمی شای ئێران دەکات و یادی دوو شەهید بەرز دەنرخێنێت. هەرکەس ئەو عینوانەی دانابێت لە بابەتەکە ورد نەبۆتەوە و هەستم ئەوەیە شاعیر خۆی ئەو کارەی نەکردبێت. لام وایە عینوان دۆزینەوە بۆ ئەم شیعرە دەبوایە زیاتر لە پەیوەندی خەبات لەگەڵ ڕژێمی شا و ئیعدامی ئازادیخوازان و دوو شەهیدی شاری بۆکاندا بێت وەك: جووتە شەهید، جووتە نەمامی نیشتمان و ....هتد.
کێشەیەکی گەورەی ئێمە لەگەڵ شیعرەکەدا ئەوەیە کەی و بۆ چ ڕووداوێك گوتراوە. ساڵی گوترانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا دیاری نەکراوە، بەڵام چاپی جەعفەر ساڵی ١٣٥٦ ی بۆداناوە کە دەکاتە ساڵی ١٩٧٧ و ٧٨ ی زایینی و وەك دەبینرێت منیش هەمان ئەو ساڵەم لە سەرەوە ڕاگواستووە بەڵام نیشانەیەکی پرسیاریشم وەك گومان لێکردن لەلای داناوە، کارێك کە تائێستا نەمکردبوو و ڕێکەتەکانی ناو هەردوو چاپەکەم بە هەند وەرگرتبوو بێ ئەوەی گومانیان لێ بکەم.

---

[١٩٤] . هەر دووانە، چاپی جەعفەر

هۆکاری گومان کردنی ئێستام لەو دوو دێڕە پەراوێزەدایە کە کاك جەعفەر بۆ شیعرەکەی نووسیوە و لە ڕوونکردنەوەی میسراعی "بۆو جووتە شەهیدە نۆجوانە" دا، گوتوویەتی: *"مەبەست کەماڵ حەمیدی و محەممەد بەهرامی دوو لاوی شاری بۆکانن کە نزیك بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە خۆپیشاندانەکانی بۆکاندا کوژران."*
ڕوونکردنەوەی ناو پەراوێزەکە، مەسەلەی تەواو ئالۆز کردووە. ئەوەی ڕاست بێت، خۆپیشاندانی جێی ئاماژەی کاك جەعفەر لە ڕۆژی ٨ ی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە بۆکان ڕوویداوە کە تێیدا ئەو دوو لاوە. کە یەکیان قوتابیی دەبیرستانی بۆکان (کەماڵ حەمیدی) و ئەویتریان سەربازی 'سپای تەڕویج و ئابادانی' بوو (محەممەد بەهرامی)، شەهیدبوون و خەڵکانێکی دیکەش بریندار. ئەوە یەك لە سەرەتاکانی تێوەتلانی شارە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لەو خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕینانەی وا ماوەی چەند مانگێك بوو شارەکانی عەجەمستانی گرتبووەوە. ئەوەش لایکەم دەبێتە چوار مانگ دوای ئەو ساڵی ١٣٥٦ ەی وا کاك جەعفەر بۆ ساڵی گوترانی شیعرەکەی دەست نیشان کردووە! باشە چۆن ئاوات لە شیعری ساڵی ١٣٥٦ ی خۆیدا باس لە ڕووداوێك دەکات کە هێشتا ڕووی نەداوە و چەند مانگ دواتر ڕوودەدات؟ ئەوە کاری نەکردەیە و دەبێ کەسێك لە شوێنێك هەڵەیەکی کردبێت دەنا ئەو دوانە یەك ناگرنەوە.
واهەیە باشترین شێوە بۆ کردنەوەی ئەو گرێ کوێرەش یارمەتی خواستن بێت لە شیعرەکە خۆی و بەرانبەردانانی لەگەڵ ڕووداوە سیاسییە هاوچەرخەکانی ناوچەی بۆکان وموکریان: ئاوات لە شیعرەکەیدا دڵ بۆ "جووتە شەهیدی نۆجوان و جووتە نەمامی نیشتمان" دەسووتێنێت کە خوێنیان لە بۆکان ڕژاوە و بەڵێن دەدات کە بەدڵ و بەڕۆح بکۆشێ تا تۆڵەی ئەوان لە دوژمنیان بستێنێ، جەرگ و دڵی پیسی ئەو دوژمنە دەربهێنێ کە قاتڵی ئەوان بووە و....
١. سەرەتا دەبێ بزانین دەقی شیعرەکە باس لەچی دەکات و دوژمن کێیە؟
"دەسگایەك کە خوێنی ئێمە [ی کورد] دەمژێ و ناپیاوێك کە خوێن دەڕێژێ و دەکوژێ، دەبێ ڕژیمی شایەتی بێت لە ئێران. سەرۆك و بەرپرسی ئەو دەزگایەش، کە دەبێ محەممەدڕەزاشای پەهلەوی بێت، وەك جندۆکە خۆی لە گەل شاردۆتەوە و وەك سەگی دز لە کون خزاوە کە هەر ئەوەندەی بێتەدەر، [بە هێزی گەل] شەق وپەق دەکرێت و جەزای تاوانەکانی لێ دەستێنرێتەوە.

٢.ڕووداوەکانی بۆکان: لە بۆکانی سەردەمی پەهلەویدا، دوو ڕووداوی دڵتەزێن ڕوویانداوە کە لە هەرکامەیندا دووکەس کووژراون:

- یەکەمیان دوای شکستی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکراتی کوردستان (ساڵانی ١٣٤٥ تا ٤٧)، دوو برای خەڵکی ناوچەی سەقز کە ژاندرمە گرتبوویانن، هێنرانە بۆکان و لە هاوینی ساڵی ١٣٤٧ (١٩٦٨ز) دا لە گردی کێلەشین و بەردەم بنکەی ژاندارمری ئیعدامیان کردن؛ ئەو جووتە برا پێشمەرگەیەی شۆڕش، "کوڕانی شوانە" یان پێدەگوتن و ناویان عوسمان و عومەر[؟] بوو.
- دووەمیان، ئەو خۆپیشاندانەی دژی ڕژیمی شا، کە لە ساڵی ١٣٥٧ دا ڕوویدا و تێیدا دووکەس کەوتنە بەر گولـلەی پۆلیسی شەهرەبانی بۆکان و شەهید بوون: محەممەد بەهرامی و کەماڵ حەمیدی.

شیعرەکەی ئاوات بۆ هەرکام لەو دوو ڕووداوە گوترابێت، ڕێکەوتی ساڵی ١٣٥٦ چاپی کاک جەعفەر لەگەڵیدا ڕێك نایەتەوە و هەربۆیەش نابێ ڕاست بێت.

ئێستا با بە یارمەتی شیعرەکە خۆی، هەوڵ بدەین بزانین بۆ کامیەك لەو دوو ڕووداوە گوتراوە: "ڕشتنی خوێنمان لە مەیدان و بردنمان بۆ چاڵی زیندان" هەردوو ڕووداوەکە دەگرنەوە و یارمەتییەکی زۆری ئێمە نادەن؛ "دەسگایەکە خوێنی ئێمە دەمژێ"ش لە هەردوو ڕووداوەکەدا هەر یەك دەسگا بووە و ئەویش حکوومەتی پەهلەوی دووەم. بەڵام "خۆی شاردەوە وەك جنۆکە لێمان" و "هەروەك سەگی دز لە کون خزاوە"، سەردەمی ڕاپەڕینەکەی باڵی شۆڕشگێری حزب واتە ساڵانی ١٣٤٧ و ٤٨ ناگرێتەوە؛ لەوێدا شا خۆی نەشاردبووەوە و لە کون نەخزابوو لەکاتێکدا ڕاپەڕینی ساڵانی ١٣٥٦ و ٥٧ ی گەلانی ئێران گەیشتە ئەنجامی ئەوەی شا، ماوەیەك لە کاخەکەی خۆیدا مایەوە و زۆر لێرە ولەوێ دەرنەکەوت و لە ئەنجامیشیدا لە ئێران چووە دەرەوە و تا کۆتایی تەمەنی لە پاناما و میسر ئاوارە بوو.

بەم حیسابە، شیعرەکە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ڕووداوی دووەم واتە کووژرانی کەماڵ حەمیدی و محەممەد بەهرامی لە سەرەتای پایزی ساڵی ١٣٥٧، کە لەو سەردەمەدا شاعیر تەمەنی ٧١ ساڵان بووە و جورئەتی کردووە بەخۆی بڵێت "ڕزیو و گەسکەکۆڵە"! ئەو تایبەتمەندییانە لە ساڵی ڕووداوی یەکەمدا زۆر ڕاست دەرنایەن کە

ده ساڵێك گەنجتر بووە. هیوادارم كاك جەعفەر لە چاپەكانی دوایی دیوانەكەدا چارەسەری بكات.
تەنانەت لەگەڵ پەسندكردنی ئەگەری دووەمیشدا، هەر ناكرێت ئەگەری یەكەم (واتە ڕووداوی ئیعدامی كوڕانی شوانە لە ساڵی ١٣٤٧) بەتەواوەتی بدرێتە دواوە، بەتایبەت كاتێ كە شاعیر دەڵێ "ماوە لە خەیاڵ و بیری هەموان" دەڵێی ئاماژە بە ڕووداوێكی دوور و لەمێژین دەكات نەك تازە و نوێ وەك ئەوەی ساڵی ١٣٥٧.
ڕوونكردنەوەی هەندێك دەستە وشەی ناو شیعرەكە:
گەسكە كۆڵە، گەسكێكی زۆر كاركردووەی كەڵك نەماو كە زیاتر بۆ ماڵینی خاك و خۆڵی دەرگاوبان كەڵكی لێ وەردەگیرێت.
بۆو، بۆ ئەو
ناپیاو، نامرۆڤ
نۆجوان، نەوجوان، تازە پێگەیشتوو
شەق و پەق، لەت وپەت
سێ فەردی كۆتایی شیعرەكە لە پەیوەندی یەكتردان و تێیدا دەڵێ دوژمن تاقە دوو هەڵبژاردنی لەبەردەم كورد داناوە، یان خوێنیان بڕێژێت، یان بیانخاتە زیندانەوە. بەڵام ئێمە بەو دوو 'شیق' واتە دوو حاڵەتە ڕازی نین و هەڵبژاردنێكی دیكەشمان هەیە كە ئەویش خەباتە لە ڕێی نەجات و ڕزگاریدا. بەم پێیە، دەبێ میسراعی كۆتایی فەردی مەقتەع بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:
"بۆ مە، سێ، خەباتە ڕێی نەجاتە"، واتە بۆئێمە شیقی سێهەم خەبات كردنە كە دەمانخاتە سەر ڕێی ڕزگاری.
بەحری عەرووزیی شیعرەكە،
هزج مسدس اخرب مقبوض محذوف: مفعول مفاعلن فعولن

## له خه‌و هه‌ستان

سه‌د به‌هار ئێسته به‌قوربانی چله‌ی زستانه
ڕۆژی ئازادی هه‌ڵات، کاتی له‌خه‌و هه‌ستانه
نیشتمان بۆته به‌هه‌شت، سه‌وزه وڵات و ده‌رووده‌شت
گه‌رچی زستانه به‌ڵام چه‌شنی به‌هارستانه
دوژمنن که‌وتووه هه‌ستانی مه‌حاڵه و ئه‌سته‌م
هه‌روه‌کوو پیره‌گه‌ماڵ که‌وت و له‌به‌رده‌ستانه
ده‌ستیان به‌ستن ئه‌وانه‌ی وه‌کوو سه‌گ یانیگرن
با له چاڵیان بخه‌ن ئه‌و تاقمه چاوبه‌ستانه
که‌وته دووی ته‌رمی ڕه‌زاخانی که‌سیفی بابی
لێیگه‌ڕێن خوێن مژه، هه‌ر جێگه‌یی گۆڕستانه
ئه‌ی مه‌لاکانی به‌ڕێز، ئه‌ی گه‌لی ئازا و نه‌به‌ز!
با له بیروو نه‌چێ قه‌ت، کرده‌وه‌ی ئه‌و په‌ستانه

قاقلاوا، ١٣٥٧ ی هه‌تاوی
(لاپه‌ڕه ١٠٧ ی چاپی ئه‌نیسی و ١٩٨ ی چاپی جه‌عفه‌ر)

---

عینوانی شیعره‌که له چاپی ئه‌نیسیدا "هه‌ڵاتنی شا" یه‌، که پڕ به‌پێسته بۆ بابه‌ته‌که و ئه‌و ڕووداوه سیاسییانه‌ی ئێرانی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٦٩ ز).
بابه‌ت، بۆنه‌، ڕێکه‌وت و به‌گشتی هه‌موو زانیارییه‌کی پێویست سه‌باره‌ت به شیعره‌که، له‌به‌ر ده‌ستدان.
محه‌ممه‌د ڕه‌زاشای په‌هله‌وی له سه‌رده‌می حوکماتی خۆیدا دووجار ئێرانی به‌جێ هێشت و ڕۆیشت: یه‌که‌میان له ٢٥ ی مانگی گه‌لاوێژی ١٣٣٢ (١٩٥٣) و سه‌رده‌می سه‌ره‌ك وه‌زیریی دوكتۆر محه‌ممه‌د موسه‌ددیق، که له‌ژێر ته‌وژمی ڕاپه‌ڕینی خه‌ڵكدا

چوو بۆ شاری ڕامسەر و ڕۆژێك دواتر هاوڕێ لەگەڵ سەرۆکیای هاوسەریدا چوون بۆ بەغدا و پاشان ڕۆم لە ئیتالیا. سەفەرەکە سەرجەم ٦ ڕۆژێکی خایاند و سێ ڕۆژ دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژ کۆتایی هات، لە ئەنجامدا ڕۆژی ٣١ ی هەمان مانگ گەڕایەوە تاران و چووەوە سەر تەخت و تاجەکەی.

سەفەری دووهەمی شا لە ١٣٥٧/١٠/٢٦ ی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨) کە سەرلەنوێ لەژێر گوشاری ڕاپەڕینی خەڵکدا ڕۆیشت و ئەمجار ڕووی کردە میسر و مەڕاکیش و پاناما و لە ئەنجامدا بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد. شیعرەکەی ئاوات بە گوێرەی دیوانی چاپی ئەنیسی لە ساڵی ١٣٥٧ دا گوتراوە و بەم پێیە، دەبێ ڕووی لە سەفەری دووهەمی شا بێت.

شا، لە مانگی یەکەمی زستانی ساڵی ١٣٥٧ دا ڕۆیشت و واهەیە شیعرەکە بە ماوەیەکی کەم دوای سەفەرەکە گوترابێت هەربۆیەش شاعیر دەڵێ "سەد بەهار ئێستە بەقوربانی چلەی زستانە".

سەرجەمی شیعرەکە بانگەوازە بۆ دوو شت: ڕاپەڕین دژ بە ڕژێمی شا و تۆڵە سەندنەوە لە دەوروپشتەکانی و بەگشتی لە بەڕێوەبەرانی حکوومەتی شاهی. سەید کامیل، کە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا گەلێك هێدی وهێمن و بێ وەی و لە لایەکی دیکەوە سۆفی و لە بنەماڵەی شێخانی زەنبیل بوو، لەم شیعرەدا گەلێك توندوتیژ و تۆڵەئەستێن و بێ بەزەیی دەنوێنێت. ئەوە دەتوانێ لە لایەکەوە نیشانەی هەڵوێستی سیاسی وحزبیی شاعیر و لەلایەکی دیکەوە ئاوێنەی کۆمەڵگاکە بێت کە عەشیرەیی و ئیسلامییە و بە فەرهەنگی "قصاص" و یاسای ئیسرائیلیی"چاو لەبەرانبەر چاو" ڕاهێنراوە و گەلێك دوورە لە بەخشین و لێبووردن. گەلێك ئوسووڵی ئایینیی ئیسلام لە یاساکانی بەنی ئیسرائیل وەرگیراون.

هەرچۆنێك بێت، شیعرەکە بانگی ڕاپەڕین و خەباتی سیاسی دژ بە سیستەمی سیاسیی ئێرانی پەهلەوی دەدات. بەرگۆی قسەکانی لە پێنج فەردی یەکەمدا دیار نییە واتە بە ڕاشکاوی ناو لە کەسێك و تاقمێکی تایبەت نابات گەرچی خوێنەر دەزانێت قسەکانی بۆ خەڵکن، بەڵام لە دێڕی کۆتاییدا دوو دەستە خەڵك ناوبردە دەکات: "مەلاکانی بەڕێز" و "گەلی ئازا و نەبەز". من وای بۆ دەچم کە نیاز لە مەلاکانی بەڕێز، مەلای ئێران بەگشتی بن نەك هەر مەلای کوردستان. ئەگەر ئەوە بۆچوونێکی ڕاست بێت، واهەیە "گەلی ئازا ونەبەز" یش گەلی ئێران بەگشتی بن نەك هەر گەلی کورد بەتەنیا.

دیاره ئاوات ئەو شیعرەی کاتێك گوتووە کە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بوو و هێشتا مەلائ ئێران خەسلەتەکانی خۆیان بۆ خەڵك دەرنەخستبوو و بەقسەش هیچیان لە عەداڵەت و بەرانبەری و ئاسایش و ئاوەدانی وڵات نەهێشتبووەوە. درەنگتر دیتمان کە ئەو فیشاڵانە ڕاست نەبوون و مەلا لە ئێران جەهەننەمێکیان دروست کرد وئاگرێکیان کردەوە کە دووکەڵی تەنانەت چووە چاوی زۆر خەڵکی دیکەش لە چوار قوژبنی ئەم جیهانەدا.

بە دڵنیایی، ئەگەر ئاوات تا ئێستا بمایە و بیویستایە شیعرێك بڵێت و بانگی ڕاپەڕینی خەڵك بدات، بەو تایبەتمەندییانەوە کە لە کەسایەتییەکەیدا بوو و ئێمە دەیانناسین، نەك "مەلاکانی بەڕێز" ی بەو مرۆڤکوژانە نەدەگوت بەڵکوو بارانی تانە وتەشەر و جنێوی بەسەردا دەباراندن وەك چۆن لێرەدا بە سەر ڕژیمی شایدا باراندووە و بە دوژمن، پیرەگەماڵ، سەگی یانیگر، تاقمی چاوبەست، کەسیف، خوێنمژ و پەستی ناوبردوون.

دواقسە: گەرچی دڵنیا نیم، بەڵام لام وایە میسراعی یەکەمی شیعرەکە هی هەژار یان حەقیقی یان عەتری گلۆڵانی بێت. دەڵێی لە شیعری سەردەمی کۆماری کوردستاندا بینیومە بەڵام ناچمەوە سەری بزانم هی کێ بووە و لە کوێدا بینیومە.

وشەیەکی ئەستەم لە شیعرەکەدا نییە پێویست بە لێکدانەوە بکات، بەڵام چەند ڕوونکردنەوە خراپ نییە:

وڵات = لێرەدا دەوروبەری شار و دێیە

دوژمنن = دوژمنتان *(بن لەهجەی ناوچەی مەنگوڕایەتی و مامەشایەتی)*

یانیگر = سەگێك کە ناوەڕێ و دەتگرێ *(هەنبانە بۆرینە)*

کەسیف = پیس، واتایەکە ئێرانییەکان بە وشەی "کثیف" ی عەرببیان داوە. عەرەب خۆی واتای "کەڵەکەبوو" ی بۆ وشەکە هەیە. وشەکە لە ناو کوردی ڕۆژهەڵاتیشدا هەمان واتای فارسییەکەی لێوەردەگیرێت.

تەرمی ڕەزاخانی کەسیفی بابی = تەرکیبێکە شاعیر بە گوێرەی پێداویستیی کێشی شیعرەکە، لە ڕستەی ئاساییتری "تەرمی کەسیفی ڕەزاخانی بابی" دروستی کردووە. ئەو چەشنە هێرشکارییە توند و جنێودانە تا ڕادەیەکی زۆر لە کاراکتەری ئاوات بەدوورە. ئاوات لەبەرانبەر نەیار و دوژمندا هەڵوێستی توندی هەیە بەڵام زمانی بەیانی ئەو هەڵوێسەی کەمتر وا توندوتیژە.

لەبیرو = لەبیرتان

بەحری عەرووزیی شیعرەکە، رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

## بۆ شەهیدانی بانە

نیشتمان ئەمڕۆکە ڕەشپۆشی شەهیدی بانەیە
داغداری کردەوەی ئەو دەستە خوێن ڕێژانەیە[195]
بۆ شەهیدی شاری بانە، پیر ولاو گریانیە[196]
نیشتمان ئەمساڵەکە بۆ لاوەکان گۆڕخانەیە
کوردەکان! ئەی گوردەکان! ئەی لاوی پڕ هێز و قەوەت![197]
ڕۆژی تۆڵەی خوێنی ئەو جووتە شەهیدە جوانەیە[198]
نیشتمان بانگو دەکا ئەی ڕۆڵەکەی کاوەی نەبەز،
وەرنە مەیدان کاتی پڕدان و شەڕی پیاوانەیە
هەرکەسێ بۆ سەندنی تۆڵە، لە مەیدان حازرە،[199]
نێوی ئەو هەر قارەمانە و مەردی ئەو مەیدانەیە
با بڕۆین، پێی ناوێ ئیتر بیری داهاتوو بکەین
تانگ و تۆپی ڕێژیمی شای بێ شەرم، هەمبانەیە!

بۆکان، زستانی ١٣٥٧ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠٦ ی چاپی ئەنیسی و ٢٢٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'شەهیدانی بانە' یە. شێعرێکی دیکەی سیاسی ناو دیوانی ئاواتە. کۆتایی هاوین و پاییزی ساڵی ١٣٥٧ کۆتاییەکانی تەمەنی ڕژێمی

---

[195] . چاپی ئەنیسی: ئەو تاقمە خوێنڕێژانەیە
[196] . چاپی ئەنیسی: گریانی یە
[197] . چاپی ئەنیسی: کوردەکان، ئەی کوردەکان
[198] . چاپی ئەنیسی: ڕۆژی سەندنی خوێنی
[199] . چاپی ئەنیسی: سەندنی تۆڵە مەیدان حازرە (وێدەچێت هەڵەی چاپ بێت).

شایەتییە لە ئێران. خۆپیشاندانی شارەکانی ئێران گەیشتە کوردستان و خەڵکی ناوچەکەش وێڕای شارەکانی دیکەی ئێران دژ بە حکوومەتی شا خۆپیشاندانیان کرد و لەو خۆپیشاندانانەدا ژمارەیەك خەڵك بە گولـلەی پۆلیس و سوپای ئێرانەوە بوون شەهید کران.

ئەم شیعرەی ئاوات بۆ "جووتە شەهیدی جوان" ی شاری بانە گوتراوە. من سەبارەت بە شأن نزولی شیعرەکە پرسیارم لە برادەرێکی خۆشەویستی بانەیی کرد کە پێی گوتم *"دەبێ ئاماژە بێت بە ڕووداوی تەقەی پادگانی بانە لە خۆپیشاندەران لە ڕۆژی ١٣٥٧/١٠/١٦، کە بوو بە هۆی کووژرانی دووکەس: ئەحمەدخانی ئەحمەدی و ڕەحمانی خاتوونی."*

هەندێك ناتەواویی تەکنیکی لە شیعرەکەدا بەدی دەکرێت:

وشەی 'سەندنی' فەردی سێهەمی چاپی ئەنیسی بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەفاعیلی شیعرەکەدا بمێنێتەوە، دەبێ پیتی دالەکەی قرت بکرێت و وەك سەننی' بخوێنرێتەوە لە کاتێکدا هەمان وشە لە فەردی پێنجەمدا شێوازی ئاسایی هەیە *(دیارە چاپی جەعفەر ئەو کێشەیەی نەهێشتووە و وشەی 'تۆڵەی' لە شوێن داناوە و خوێنەر نازانێت ئایا ئەو گۆڕانکارییە شاعیر خۆی کردوویەتی یان کاك جەعفەر و هاوکارەکانی)*. لە فەردی کۆتاییشدا وشەی ڕژیم یان ڕژێم دەبێ بە شێوەی ڕێژیم واتە بە کێشانی زیاد لە ئەندازەی پیتی /ێ/ وە بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی کێشی شیعرەکە تێك نەچێت.

چەند ڕوونکردنەوەیەك:

شەهیدە جوانەیە: لێرەدا وێدەچێت جوان واتای لاو و گەنج بداتەوە. لە ناوچەی سنە بە لاو و گەنج دەڵێن جوان. بەڵام یەك لەو دوو کەسە، واتە ئەحمەدخان، زۆریش گەنج و کەم تەمەن نەبوو.

بانگو دەکا: بانگتان دەکات. شێوەزاری مەهابادییە

پڕدان: پەلاماردان

پێی ناوی بیری داهاتوو بکەین: بیری دوارۆژ مەکەنەوە و خۆ پێدادەن. دیارە ئەوە بۆ هاندانی خەڵك گوتراوە.

تانگ و تۆپی شا، هەمبانەیە: واتە بەتاڵە و تەنیا دەنگی هەیە. ئەوەش لە درێژەی هەمان هەوڵدانە بۆ هاندانی خەڵك لە پێناو خەبات دژ بە ڕژیمی شا.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## نیشتمانی کورد

ئەو نیشتمانی بەرز و بەڕێز و جوانی کورد
جێگەی ژیانی پڕ لە هیوای پاڵەوانی کورد
هۆی بەرزیی هەموو گەل و پیر و جەوانی کورد[۲۰۰]
بەو ئاو و خاکە جوانەوە بەندە ژیانی کورد

ئەی خاکی پڕ لە جەوهەر و هەر پڕ لە زێڕ و زێو![۲۰۱]
هۆزت بە شاخوداختەوە بوونە 'سەربزێو'

نیلووفەڕی بڵاوی لە سەر ئاوی بێ‌قەرار
ئاڵۆز و تێکەڵ و بەگرێ، چەشنی زولفی یار
سووچ و کەناری دەشتی هەموو سەوز و لالەزار
قۆز و لەبەردلان و لەبارە بەبێ قومار

بەهبەه لە شاخوداخی ئەو و خاك و ئاوی ئەو
چەند خۆش لە سەر زمانە، گەلی کوردە ناوی ئەو[۲۰۲]

لایەك شنەی شەماڵە کە دەشنێ بە حاڵی دڵ
لایەك کزەی دلان لە گولانە بە سۆز و کوڵ
لایەك لە خۆشی بولبولە وا پێکەنیوە گوڵ
لایێکی دیش کە خونچەیە پێچرا بە بەرگ و چڵ

[۲۰۰] ئەم میسراعە کێشەی 'کێش'ی هەیە و لە تەقتیع کردندا لەگەڵ پاشماوەی شیعرەکە ڕێك نایەتەوە. وەك ئەوەی وشەی 'گەل' لەوێدا زیادی بێت

[۲۰۱] چاپی جەعفەر: ئەی خاکی پڕ لە جەوهەر و پڕ لە زێڕ و زێو. کێشی ئەم میسراعە لەنگە. و لام وایە وشەیەکی داکەوتووە. بۆ نموونە ئەگەر بڵێین پڕ لە جەوهەر و [پڕ] هەر لە زێڕ و زێو؛ یان هەر[پڕ] لەزێڕ و زێو، ئیتر کێشەکە تەواو دەبێت. بەڵام ئایا ئاوات خۆی چی لەو شوێنە داناوە؟ نازانم. وشەی زێو لە باشووری کوردستان وەك زیو دەنووسرێت.

[۲۰۲] چاپی جەعفەر: چەند خۆشە لە سەر زمان...

ئەم بەند و ئەم بیساتەیە گیانە دڵی مرۆ
دێنێتە جۆش و دێتە خورۆش و دەڵێ برۆ
کاتی خەباتە هۆزی بەجێماوی کوردەکان!
پێ هەڵگرن، درەنگە، بڕۆن ڕێکوو بێوچان
هیوای گرنگی، ئێوەیە خۆ دایکی نیشتمان
ئەو نیشتمانی هۆزی گەلی کردە قارەمان
ئەو قارەمانی وا لە خەباتایە ڕۆژ و شەو
ئەو پاڵەوانی وا کە بەهێزە و ئەوەند پتەو
ماوێکی زۆرە مات و ئەسیر و قەلەندەرین
خەمبار و بێکەس و لە هەموو خۆشییەك بەرین
تا کەی بە پشتی کۆمەوە کۆڵ بۆ کێ هەڵگرین؟
تا کەی بەبێ خەفەت سەرمان نەچتە سەر سەرین؟[٢٠٣]
با بەس ببینە ئالەتی دەستان، وەرن! وەرن!
ئەورۆ هەلە، دە هەڵپەڕن و دەستی یەك گرن!
ڕۆیی ئەوی کە خوێنی مژین، ببوە پیرەزاڵ
ئێمە کەلاکی کەوتوو، ئەو ببوە پیرەداڵ
خۆراکی جەرگی ئێمە بوو، دەیخوارد قەپاڵ قەپاڵ
لێی کەوتووە ئەوێستە لە بەر زگ وەکوو گەماڵ
چونکی کەلاکی خواردووە، نابزوێ کەوتووە
ئابڕوو و حەیای بە جارێ لە نێو عالەمێ چووە
سەیری "ئیمامی"ی پیر کە، کە وا کەوتبوو لە ماڵ
خەم دایڕزاندبوو، سەری دەبزووتەوە بە حاڵ
ئەورۆ کەچی، لە خۆشی، ئەوا کەوتە قیل و قاڵ
بانگوو دەکا و دەڵێ: وەرن، ئەی لاو و کیژوکاڵ!
دەست دەینە دەستی یەك، لە خیابان و سەرشەقام
خۆمان بە کوشت بدەین، نەوەکوو بینەوە غولام

---

[٢٠٣] سەرجەم فەرد و میسراعەکانی ئەم بەندە کارتێکەریی شیعری نەمر سەیفولقوزاتی بە سەرەوەیە.

قاقلاوا، ١٣٥٧ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٨٦ تا ٢٨٨ ی چاپی جەعفەر. لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

شیعرەکە ١٢ ساڵ دوای چاپی دیوانی ئاواتی مامۆستا ئەنیسی (١٣٦٥) گوتراوە و ئاشکرایە نابێ لەو چاپەدا بەرچاو بکەوێت، کە ناشکەوێت.
لە چاپی کاك جەعفەردا ساڵی گوترانی شیعرەکە بە ١٣٥٧ [١٩٧٩ز] ڕاگەیێنراوە کە ساڵی ڕاپەڕین یان شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە حکوومەتی محەممەد ڕەزاشای پەهلەوییە. ئاوات ١١ ساڵ دواتر کۆچی دوایی کردووە.
شیعرێکی نیشتمانی و پڕ لە سۆز و هەستی نەتەوایەتییە کە تێیدا هانی گەلی کورد بە تایبەت لاوەکانی دەدات هاوڕێ لەگەڵ خۆی، "دەست دەنە دەست یەك و لە سەر شەقام خوێنی [داگیرکەرانی خاکی کورد] بڕێژن نەك ئەوەی بنەوە غولام"ی بێگانە. سێ بەندی یەکەم هەڵدان و پێدا هەڵگوتنی نیشتمانی کوردە و لە بەندی چوارەمەوە هاندانی کوردە بەرەو خەبات.
کارتێکەریی شیعری نەمر سەیفولقوزاتی قازی بەسەر شیعرەکەوە بە باشی دەبینرێت. چ لە باسی سروشتی کوردستان و چ دواتر لە شوێنی هاندانی خەڵك بەرەو خەباتدا.
لە باری شیعرییەوە دەبێ بڵێم تەرکیب بەندە. تەرکیب بەند، وەك تەرجیع بەند، کۆمەڵەی چەند غەزەل یان قەسیدەیە کە هەرکامیان سەروای تایبەت بەخۆیان هەیە بەڵام فەردێك دەکەوێتە بەینیانەوە و بەیەکەوەیان دەبەستێت. ئەو فەردە لە تەرجیع بەند دا دووپات دەبێتەوە و هەموویان وەك یەکن بەڵام لە تەرکیب بەندا هەرجارەی فەردێکی جیاواز بە سەروایەکی جیاوازەوە دەنووسرێت. ناوەرۆکی تەرکیب بەندیش وەك تەرجیع بەند بە گشتی غەرامییە بەڵام نموونەی ئایینی یان پێداهەڵگوتنی کەسانیشیان هەیە. ئەم شیعرەی ئێرەی ئاواتیش نموونەیەکی باشی تەرکیب بەندی سیاسییە.
ئەم تەرکیب بەندەی ئاوات لە باری فۆڕمیشەوە دیاردەیەکی بەرچاوی تێدا دەبینرێت ئەویش ئەوەیە بەشەکانی نە غەزەلن نە قەسیدە بەڵکوو تەنیا چوارینەن. ئەوە باوەکوو شێوازێکی تا ڕادەیەك نائاسایی بێت، بەڵام دەگمەن وسەمەرەش نییە لەبەر ئەوەی نموونەی لە شیعری فارسیشدا هەیە.[٢٠٤]

---

[٢٠٤] *"دوستان شرح پریشانی من گوش کنید*
*داستان غم پنهانی من گوش کنید*

پاڵەوانی کورد: ڕوون نییە نیازی شاعیر لەو سیفەتە چ کەسێکە. من زیاتر وەك سیفەتێکی عام سەیری دەکەم کە بۆ گەلی کوردی بەکار هێناوە. شاعیر دوو جار وشەی 'قارەمان' و جارێکی دیکەش وشەی پاڵەوان دێنێت و دەڵێ 'نیشتمان هۆزی گەلی کردە قارەمان' واتە ئەو سیفەتە بە هەموو گەلی کورد دەدات.

دیارە بە ئەگەرێکی زۆر لاوازیش، واهەیە ڕووی قسەی لە تاکەکەسێکی دیاریکراو بێت. بەڵام وردبوونەوە و خوێندنەوەی دووچارەی شیعرەکە بۆمان دەردەخات کە شاعیر ڕووی قسەی لە هەموو گەلەکەمانە و بەس.

ئەی خاکی...: وەك لە پەراوێزی شیعرەکەدا دا گوترا، کێشی ئەم میسراعە لەنگە و لام وایە وشەیەکی لێ داکەوتبێت. بۆ نموونە ئەگەر بڵێین "پڕ لە جەوهەر و هەر [پڕ] لە زێڕ و زیو" کێشەکە چارەسەر دەبێت. بەڵام ئایا ئاوات خۆی چی لەو شوێنە داناوە و لە ئامادە کردنی کتێبەکەدا لە قەڵەم کەوتووە؟ نازانم.

زیو: نوقرە. لە باشووری کوردستان دەگوترێت زیو.

سەربزیو: یاغی ئاوات بە تەوسەوە دەڵێ ئەی خاکی پڕ لە جەوهەر هۆزی تۆ [بە دەست دوژمنەوە] هەڵاتوونەتە سەر کێو و [دوژمنی داگیرکەری خاکەکەیان] پێیان دەڵێ 'سەربزیو'! ئەو تەعبیرە لە شیعرێکی نەمر سەیفولقوزاتی قازیشدا هاتووە.[٢٠٥]

نیلوفەر: لیلۆپەڕ، گوڵێکە ئەو فەردە گەلێك شاعیرانە و تازەیە کە تێیدا خاکی کورد و زولفی یارەکەی خۆی بە گوڵی لیلۆوپەڕ شوبهاندووە کە بە سەر ئاوەوە پەرش و بڵاو دەبێتەوە. بەڵام ئەو شونهاندنەی هەروا بە ساکاریی نەکردووە بەڵکوو سێ سیفەتی ئاڵۆز و تێکەڵ و بە گرێی داوەتە لیلۆوپەڕەکە و 'بێ قەراری'شی خستۆتە زاتی شەپۆلی

---

*قصه بی سر و سامانی من گوش کنید*
*گفتگوی من و حیرانی من گوش کنید*
*شرح این آتش جانسوز نگفتن تا کی؟*
*سوختم، سوختم، این راز نگفتن تاکی؟"*
*(وەحشی بافقی، شاعیری سەدەی دەیەمی کۆچیی ئێران)*

٢٠٥ *"کوردینە، تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو*
*بێین و بچین و بۆ مە نەبێ قەت خودان و خێو؟....*
*... هەر میللەتێ لەلاوە حەقی خۆی بەدەستەوە*
*کوردێ کە سەرهەڵێنێ، دەڵێن بۆتە سەربزیو!.." (سەیفولقوزاتی قازی)*

ئاوەکەوە؛ ئەوانە هەموو کاری شاعیرانەن و شیعر بە گشتی دەبێ ئاوا لە قسەی ئاسایی خەڵك جیاواز بێت.
سووچ: لێرە دا 'گۆشە' یە
قۆز: جوان و لەبار (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)
بە بێ قومار: بە ێی گالتە، بەڕاست
بەهبەه: ئامڕازی تەحسینە
چەند خۆش لە سەر زمانە: لە دەقی چاپی جەعفەردا بەم شێوەیە هاتووە: "چەند خۆشە لە سەر زمان، گەلی کوردە ناوی ئەو" کە کێشەکەی بە ئاشکرا لەنگە. من هەوڵی ساغکردنەوەیم دا بۆ ئەوەی کێش بپارێزم و کردمە: چەند خۆش لەسەر زمانە.....
دەشنێ: بای شەماڵ شنە شن دەکات
بەند وبیسات: 'بند وبساط 'ە و لە فارسیدا بە واتای ئەو شتانە دێت وا هەن یان کەسێك هەیەتی
خورۆش: بانگ و دەنگی بەرز، هاوار
هۆز: وێدەچێت لێرەدا واتای کۆمەڵی لێ وەرگیرابێت: هۆزی گەل.
ڕێکوو: هەمووتان
قەلەندەر: ڕووت وقووت و بێ ماڵ و حاڵ
بەری: بێ بەش
ئالەتی دەست: کەرەسەی دەستی بێگانان، کەسێك کە بە خواستی بێگانە دەجووڵێتەوە.
نەچتە: نەچێتە
ئەوی: ئەوەی
کەوتن: پاڵدانەوە، ڕاکشان (بە تەوسەوە)
پیرەزاڵ: پیرێکی مووسپی. دەبێ ئاماژەبێت بە محەممەد ڕەزاشای پەهلەوی، کە لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا کەوتە بەر شالاوی شۆڕشی خەڵك و لە ئێران چووە دەرەوە و هەر لە دەرەوەی ئێرانیش مرد. دەبێ شیعرەکە بە ماوەیەکی کەم پێش هەلاتنی شا و لە سەردەمی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا گوترابێت.
داڵ: خەرتەڵ
قەپاڵ: گاز گرتنی پڕ بەدەم و پچڕاندنی بە شێك لە خواردەمەنی
لەبەر زگ: بەهۆی قورسایی زگ و زۆر خواردنەوە

لێی کەوتن: ڕاکشانی سەگ و حەیوانی تر
گەماڵ: سەگ
کەلاك: لاشەی حەیوان و مرۆڤیش
سەیری ئیمامی...: شاعیر لە بارودۆخی خۆی دەدوێت لە سەردەمی دەسەڵاتی شادا و دەڵێ لە ماڵەوە کەوتبووم، خەم دایڕزاندبووم و سەرم بەحاڵێك دەبزووت، بەڵام ئێستا[کە خەڵك ڕاپەڕیون و دوژمن هەڵاتووە]، کەوتوومەتەوە قسەکردن و بانگ کردنی ئێوە بەرەو خۆپیشاندانی سەرشەقام، لەبەر ئەوەی ئەگەر دوژمن بیشمانکووژێت، هێشتا باشترە لەوەی جارێکی دیکە ببینەوە غوڵامیان.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

## دەردی کورد

دەردی کوردم گرتووە، چ بکەم ئەمن!
تەیری بەختم مردووە، چ بکەم ئەمن!
یەك نەبوون و ڕێك نەبوون و لێك پسان
ژەهری دووریم چێشتووە، چ بکەم ئەمن؟
باری یەك جار زۆر گرانی قەومەکەم
ئەمنی یەك جار خستووە، چ بکەم ئەمن؟
ڕیسی چەند ساڵەم، تەشی ڕێسی زەمان
پێچەوانەی ڕستووە، چ بکەم ئەمن!
یەك نەبوونی دوو برای ئازا و نەبەز
ڕێی نەجاتی بەستووە، چ بکەم ئەمن؟
وا نەیاری بەدمەسەب بۆ ئەو دووە
سەد پلانی ڕشتووە، چ بکەم ئەمن؟
هۆنەری چەند ساڵەیی پیر، بەختەکەی،
هاتووە و لێی نوستووە، چ بکەم ئەمن؟

قاقڵاوا، ١٣٥٨ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٥٤ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

هۆکاری نەبوونی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا دەبێ ناوەرۆکی کوردانەی بێت و داکۆکی کردن لە یەکیەتی و یەکگرتوویی کورد و حزبە سیاسییەکانی، دیارە ئەوەش لای مەلاکانی ئێران کە دەبوایە ئیجازەی چاپیان بە کتێبەکە بدایە، بڤە بووە و هەربۆیەش یان مامۆستا ئەنیسی نەیخستۆتە دووتوێی کتێبەکەوە یان خستوویەتی و ئەوان سانسۆریان کردووە.

شیعرێکی بە سۆز وکوڵی نەتەوایەتییە، لە ژێر کارتێکەریی شەڕی نگریسی ناوخۆیی کورددا گوتراوە. شەڕەکە بە حیسابی ڕێکەوتی ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩ و ٨٠)، دەبێ کێشەی هاوکاری کردنی قیادەی موەققەتە بێت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بەگژداچوونی حزبی دیموکراتی کوردستان، کە چەند ساڵێك دواتر، گەیشتە ئەنجامی پاشەکشەی ئەوان بەرەو باشوور و چوونەدەرەوەیان لە خاکی ئێران.

ناوەرۆك و وشەگەلی ناو شیعرەکە ڕوونن. دەردی دووبەرەکی و شەڕی کورد لەگەڵ کورد، دەردێکی کۆنە وشاعیر بەو دەردەوە دەتلێتەوە: "منیش تووشی ئەو دەردە هاتووم، کە 'یەك نەبوون و ڕێك نەبوون و لێك پسان و دووری لە یەکتر و بەسترانی ڕێی نەجات [واتە ڕێی سەربەخۆ بوون] لە نەیاری بەد مەسەب [حکوومەتی داگیرکەری خاکی کورد واتە ئێران]' بێت و هەر ئەو یەکنەگرتووییە بۆتە هۆی ئەوەی 'تەیری بەختی بمرێت' و 'بەختی شاعیرێکی چەندساڵەی پیر[کە خۆیەتی]، لێی بنوێت'. لە کۆتایی هەر فەردێکیشدا جارێك ڕوودەکاتە خوێنەر و دەپرسێت: 'چ بکەم ئەمن؟' ئەو 'چ بکەم ئەمن' گوتنە ئەوپەڕی دەرد و ڕەنجی شاعیر دەگەیێنێت لە ڕوودانی کێشەیەکی نگریس کە ئەو خۆی توانای بەربەرەکانی کردن و وەستانی لە بەرانبەریدا نییە و تەنیا هاوار و هانابردنی لە دەست دێت.

'چ بکەم ئەمن؟' هەروەها لە باری تێکنیکی عەرووزییەوە ڕەدیفی ئەم غەزەلە 'مردف'ەیە و سەرواکانی بریتین لە: گرتووە، مردووە، چێشتووە، خستووە، ڕستووە، بەستووە و نووستووە.

ڕێك نەبوون: تەبا نەبوون

ژەهری دووری: ئەو دوورییە، دووریی لایەنەکان واتە حزبەکانە لە یەکتر.

'یەکجار'ی ناو میسراعی یەکەم، ڕادە و ئەندازەی قورسایی باری گرانی سەرشانی قەومەکەی شاعیر دەگەیێنێت؛ بەڵام 'یەکجار'ی میسراعی دووهەمی فەردەکە، واتای 'بە تەواوەتی' دەدات.

تەشی ڕێسی زەمان: قەبووڵی 'تەقدیر؛ لەلایەن شاعیرەوە دەگەیەنێ و ئەوەی کە ڕیسەکەی [واتە هەوڵ و خەباتی چەندساڵەی] بێ ئەنجام بووە و هەڵوەشاوەتەوە، ناڕەحەتە بەڵام خەتای کار لێرەدا دەخاتە ئەستۆی زەمان کە دەکرێ بە خودا یان دەسەڵاتێکی ژوور سەری مرۆڤ بزانرێت.

دوو برای ئازا و نەبەز: ئاوات لێرەدا هەڵوێستێك دژ بەو دوو بەرەی شەڕە ناگرێت و بەوەدا دیارە هەردوولایەنی خۆش دەوێت؛ بەڵام گلەیی لە هەردوکیان دەکات کە یەك نەبوونیان ڕێی نەجاتی [گەلی] بەستووە.
نەیاری بەد مەسەب: شاعیر ئەگەر بە هۆی باوەڕی نەتەوایەتییەوە سیفەتی باش دەداتە پاڵ شەڕکەرانی هەردوو بەرە، لە بەرانبەردا هەمان باوەڕ وای لێدەکات نێوە نیتکە ئاراستەی نەیار و دوژمنی گەل بکات و بە 'بەدمەسەب'ی ناوبەرێت کە لە ڕوانگەی ئیمانداری موسوڵمانەوە سیفەتێکی خراپە و بە واتای ئەوە دێت کە ئەو لایەنە ئیمانی پاك نییە. دیارە لایەنەکەش بەحیسابی ساڵی گوترانی شیعرەکە، کۆماری ئیسلامی ئێران نەبێت کەس نییە.
پلان ڕشتن: بەعادەت، لەگەڵ پلان و بەرنامەدا، کرداری 'داڕشتن' دێت بەڵام 'ڕشتن'یش دەگوترێت؛ شاعیر چ لەبەر کێشی شیعرەکە بووبێت و چ بۆ دەستکاریکردنی ڕێزمان، لە هەردوو حاڵەتدا کارێکی هەڵەی نەکردووە کاتێ گوتوویەتی پلان ڕشتن. لەبیرمان نەچێت وشە بە دەست شاعیری لێهاتووەوە وەك مێوەڕۆنە و دەتوانێت بیچم و شێوازی دڵخوازی خۆی پێ بدات. دیارە ئەو شێوازپێدانە کاتێ سەرکەوتوو دەبێت کە خوێنەر لێی تێبگات و هەستێکی ئەرێ یی بە نیسبەت گۆڕانکارییەکەوە هەبێت.
هۆنەری چەندساڵەیی پیر: دەکرێ چەندساڵە وەك سیفەتێك بۆ ماوەی شاعیریی هۆنەر بگیرێتە بەرچاو و بگوترێ ئەو کەسەی وا چەندساڵە کاری هۆنەریی دەکات و ئێستا پیر بووە؛ هەروەها دەکرێ چەندساڵە و پیر هەردوکیان بە دوو سیفەتی هاوواتا و هاوشێوە بۆ هۆنەر وەربگیرێت و بگوترێ ئەو هۆنەرەی وا ساڵانی تەمەنی زۆرن و پیر بووە. من لەگەڵ دووهەمیاندام. شاعیر لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا ٧٦ ساڵان بووە.
بەختەکەی هاتووە و لێی نوستووە: ئاوات لە شیعرێکی دیکەشدا تەعبیرێکی هاوچەشنی بۆ نووستنی بەخت هەیە و دیارە دەبێ باوەڕی بە بەخت و شانس بووبێت:

*"لە ناکاو پیریم لێ وەدەرکەوت*

*بەختیش وەکو خۆم هات و لێی خەوت"* [٢٠٦]

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

---

[٢٠٦] ئەم شیعرە، هونەرمەندحەسەن زیرەکیش بە گۆرانی گوتوویەتی.

## چوارینەیەک

ئەوەندەی ڕووڕەش و خاوەن گوناهم
ئەوەندەش خاوەنی فەریاد و ئاهم
بە ئاهم بەخشە یارەببی گوناهم
سپی کە تۆ و خودایی ڕووی سیاهم

قاقلاوا، ١٣٥٨ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢١٤ی چاپی ئەنیسی و و٣٤٩ ی چاپی جەعفەر)

---

ئەوە تاقە چوارینەی کوردیی ئاواتە کە ڕێکەوتی هۆنرانەوەی بۆ دیاریی کراوە؛ هەر بەو بۆنەیەشەوە لەوانی دیکەم جیا کردۆتەوە و لە ڕیزبەندیی ڕێکەوتی گوتنی شیعرەکاندا لەگەڵ ئەوانەی ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی (١٩٧٩ز) دامناوە.
چوارینەیەکی ئایینییە و پاڕانەوەی شاعیرە لە دەرگانەی خودا بۆ ئەوەی گوناهەکانی ببەخشێت و ڕووی ڕەشی سپی بکاتەوە- باوەڕێکی گشتیی موسوڵمانان، و هەرگیز ناشزانرێت کام گوناهە کە هەر لە منداڵیّ و شیرەخۆرییەوە دەکەوێتە سەر داوێنی مرۆڤی موسوڵمان و نە ١٧ ڕەکعەت نوێژی ڕۆژانە و ٢٤ جار سوجدە کردن و ٣٠ ڕۆژ برسیەتی ڕەمەزان و ٤٠ ڕۆژ لە خۆدان و خۆ برینداركردنی محەڕڕەم تا ئەربەعینی برادەرانی شیعە، پاکی ناکاتەوە و لە کۆتاییدا نەکیر و مونکیر و گورزی ئاسنی ناو قەبر و ١٠٠ هەزارساڵ چاوەڕوانیی سەحرای مەحشەر و پردی لەموو باریکتر و لە ئەڵماس تیژتریش چارەسەری ناکات و کاری دەکەوێتە لای مالیکی دۆزەخ!

## نان و خوان

دڵی من موبتەلای باڵا بڵندی نۆجوانێکە[٢٠٧]
لەدەوری دێ و دەچێ دایم، عەجایب پاسەوانێکە![٢٠٨]
برۆی چەشنی کەوان، برژۆڵی تیرە، بسکی زنجیرە
ئەسیری تەپکەیی بسك و کوژەی تیروکەوانێکە
لە ئێش و ئۆف و ناڵین و هەناسەی خۆی هەراسانە
هەمیشە گوێ بە ئاوازی شنەی کاتی بەیانێکە
هەموو گیانم وەکوو قامیش هەڵۆڵ و کون کونە، کاکە!
ئەگەر ڕاستت دەوێ ئامادە بۆ بلوێری شوانێکە!
کزەی کاتی بەیان هەر وەك کزەی جەرگی بریندارە
کەچی دڵ وادەزانێ مەڵحەمی هەر ئێش و ژانێکە!
وەریوە مووی سەر وڕیشم لەبەر پیری و خەمباری[٢٠٩]
لە باغی عەمری فەوتاوم، ئەویش بۆخۆی خەزانێکە[٢١٠]
'ئیمامی' جەرگی برژاوی مەزەی فرمێسکی چاوی بوو[٢١١]
ئەویش وا خاوەنی سفرە و کەباب و نان و خوانێکە

---

[٢٠٧] . چاپی ئەنیسی: باڵا بڵندی، نەوجوانێکە. بێگومان ئەو نیشانەی خاڵبەندییەی نێوان وشەکان زیادی و ناپێویستە.

[٢٠٨] . لە هەردوو چاپەکەدا: داییم نووسراوە و نازانم ئەو پیتی /ی/ زیادییەیان بۆ داناوە. من قرتم کرد.

[٢٠٩] . چاپی ئەنیسی: لەبەر پیری یو خەمباری

[٢١٠] . گۆڕینی وشەی 'عومر' بۆ 'عەمر' دەبێ لەژێر کارتێکەریی قسەی ئاپۆرەی خەڵکی ناوچەکەدا کرابێت.

[٢١١] . چاپی ئەنیسی: چاوی بو. بەگشتی مامۆستا ئەنیسی زوربەی کات واوی درێژ بە یەك واو دەنووسێت و هەست دەکەم شاعیر خۆیشی هەر وای نووسیبێت، لەبەر ئەوەی دوو واو نووسین شێوازێکی تازەترە. مامۆستا هەژاریش کەڵکی لە دوو واو وەرنەدەگرت و لە سەر یەك واو، بۆر یان ضمەی دادەنا.

قاقلاوا، ١٣٥٩ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣١ ی چاپی ئەنیسی و ١٩٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەردا 'نان وخوان' ە، کە لە دوایین دوو وشەی دوایین فەردی شیعرەکە وەرگیراوە.
شیعرێکی ئەویندارییە و شاعیر لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا هۆندوویەتەوە.
وشە و تەعبیری ئەستەم و دوور لە زیهنی تێدا نییە بەڵام وشەی جوانی کوردیی تێدا کۆکراوەتەوە: کوژە، گوێ بەئاواز، هەڵۆڵ، بلوێری شوان، کزەی کاتی بەیان و...
کوژە: ئێستا بە گشتی لە هەموو شوێنێك کەڵك لە شێوازی فارسی ئەو وشەیە وەردەگیرێت و دەگوترێت 'کوشته'؛ ئەوەش لە کاتێکدایە کە شێوازە کوردییەکەی واتە 'کوژە' گەلێك جوانترە.
ئەسیری تەپکەیی.... ئەوە دڵی شاعیرە کە ئەسیرە و بەگشتی هەموو شیعرەکە وەسفی حالاتی دڵی شاعیرە.
کاکە! لام وایە لە خیتابی 'کاکە!' دا، دەبێ ڕووی قسەی شاعیر لە خوێنەر بێت کە خیتابێکی گشتییە، بەڵام شیعری دیکەی شاعیر هەر لەم دیوانەدا هەن کە ڕوویان لە کاکی خۆی واتە سەید موحەممەدی نوورانی شێخی زەنبیلە و بە 'کاکە' بانگی دەکات. ئەوەی ئێرە وێناچێت لەو دەستە شیعرانە بێت.
وەریوە مووی سەر و ڕیشم.... وەرینی مووی لەش بەهۆی نەخۆشییەوە ئاساییە، لە نێو خەڵکیشدا ئەو قسەیە باوە کە دەڵێن موو بە خەم و خەفەت دەوەرێت، بەڵام نازانم ڕاستییەکی زانستی لە پشتە یان نا؟
سێ لەفزی برۆ و برژۆڵ و بسك هاوڕێ لەگەڵ سێ واتای تەپکە و تیر و کەوان لە فەردی دووهەمدا، نموونەی تەواوی لەفف ونەشری موشەووەشن: یەکەم بە واتای سێهەم و سێهەم بە واتای یەکەم. بە هەمان شێوە وەرینی مووی سەر و ڕیش لەگەڵ پیری و خەمباری لە فەردی شەشەمدا، لەفف و نەشرن بەڵام موڕەتتەب.
هەموو ئەوانە و هێنانی هەندێك وشەی هاوچەشن (مراعات النظیر) یا دژ بەیەك (سەنعەتی تضاد یان مقابلە) وەك قامیش و هەڵۆڵ و کون کون و بلوێری شوان لە فەردی چوارەم، کزەی جەرگی بریندار و مەڵحەمی ئێش و ژان لە فەردی پێنجەم و باغ و خەزان لە فەردی شەشەم، هەروەها جەرگی برژاو و مەزەی فرمێسك و کەباب و

نان وخوان لە فەردی کۆتاییدا، بە تەعبیری کلاسیکەکان پیشاندەری توانای شیعری شاعیرەکەیەتی.

نالی شیعرێکی هەیە کە کێش و تەنانەت سەرواکەی لەم شیعرە جیاوازە، بەڵام خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم، واهەیە بکەوێتە بیری ئەو:

*"سەری هەر مووی بەدەنم چەشنە تەمەننایێکە*
*گەردشی تووکی سەرم دووکەڵی سەودایێکە*
*وەرە سەر سەیری سەفاگاهی نەزەرگەی چاوم*
*کە عەجەب مەنزەرەیێ سەیر و تەماشایێکە...*
*حەڵقە حەڵقەی چ دەکەی داوی کەمەندی زولفت*
*بۆ دڵی خەستە کە وا بەستەیی هەودایێکە؟..."*

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## داخی تۆ سەختە

داخی تۆ سەختە، لەسەر دڵ چڵ دەدا و دەکولێتەوە[212]
مامی پیریشت لە تاوت، گیانە، هەر دەخولێتەوە
مانگی ڕێبەندانە بۆیە بەندی جەرگ و دڵ پسا
هەرکە بیری تۆ دەکەم، دەکولێتەوە و دەپسێتەوە
عالەمت سووتاند بە مەرگی خۆت و ئەمنیش جەرگ و دڵ
هەروەکوو شەم هەڵبووە، دەگرێت و ناکووژێتەوە
ئەو هەموو ئەخلاقە شیرینەت لەگەڵ پیر و جەوان
دەك کوتوپڕ بم، ئەگەرساتێ لە بیرم چێتەوە!
بەفر و سەرمایە و دڵیش ڕێگەی بە جارێ بەسترا
بەفری خەم کەنگێ لە سەر بستووی دڵان دەتوێتەوە؟
تەم وڵاتی گرت و خەم دایگرت هەموو خاوەن دڵێك
ئەو گرێپووچکەی لە سەر دڵ، داخۆ کەی دەکرێتەوە؟
داخۆ تازە گوڵ لە باخان شین دەبێ بێ "شاعەلی"؟[213]
داخۆ کۆرپەی جوانی هیوای گەل ئەرێ دەشنێتەوە؟
تازە نابینم ئەوانە تاوەکوو ڕۆژی حەشر
ڕۆیین و نابیندرێن، تازە زەمان نایێتەوە
ساڵی پەنجا و نۆ بوو، ڕێبەندان بوو، بەندی دڵ پسا
وا پسا جەرگ و دڵی "کامیل" کە یەك ناگرێتەوە[214]

---

[212] چاپی ئەنیسی: چڵ دەدا و دەکولێتەوە
[213] چاپی جەعفەر: بێ شاعەلی
[214] چاپی ئەنیسی: جەرگ و دڵی مامت

بۆکان، ١٣٥٩/١١/٣ ی هەتاوی[٢١٥]
(لاپەڕە ١١٣ و ١١٤ ی چاپی ئەنیسی و ٢١٨ و ٢١٩ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "گڕێ پووچکەی دڵ"ە. هەردوو عینوانەکان لە ناوەرۆکی شیعرەکە وەرگیراون.
شین گێڕییە بۆ کۆچی دوایی عەلیشا، کوڕەگەورەی سەیدی زەنبیل و برازای ئاوات. ئەو ڕاستییە هەم لە شیعرەکە دەردەکەوێت: کە دەڵێ "مامی پیریشت..." و هەم لە یادداشتی ناو پەراوێزی شیعرەکە لە چاپی جەعفەردا، کە نووسیویەتی: بۆ کۆچی دوایی برازای خۆشەویستی، خوالێخۆشبوو "عەلی شا".
شاعیر ئەم چەشنە لاواندنەوە یان شین گێڕییانەی بۆ زۆرێك لە ئەندامانی نێرینەی بنەماڵەکەی خۆی گوتووە (برا، برازا، مام و ئامۆزا)، کە هەندێکیانمان پێشتر بینیوە (بۆ نموونە، دوو شیعری 'مەفەرموو من نەماوم ' و 'تەنیا مامەوە'، کە بۆ مردنی کاکی نووسیون)، لای کەم دوو پارچەشی بۆ کۆچی دوایی مامی هۆندۆتەوە.
چڵدان: یان چڵ لێدان، لێدانی دەمارێکی لەشە (بەگشتی دڵ)، بە ڕادەیەکی توندتر لە ئاسایی. لە کاتی ناڕەحەتی و خەفەتدا دڵ چڵ دەدات.
کولانەوە: تازە بوونەوە و بە ناسۆر کەوتنی برینە.
ڕێبەندان: مانگی ناوەڕاستی زستانە و جەنگەی سەخڵەت و سەرما. شاعیر دەڵێ هەر خۆم بە هاتنی ئەو مانگە ناخۆشە بەندی دڵم پسابوو، وا ئێستا کاتێ بیر لە [مردنی] تۆ دەکەمەوە، ئەویشم لێ دەکولێتەوە و سەرلەنوێ دەپسێتەوە.
ئەمنیش جەرگ و دڵ: دەبێ لەگەڵ میسراعی دوای خۆیدا بخوێنرێتەوە: جەرگ و دڵی ئەمنیش وەکوو مۆم هەڵبووە و گڕ دەگرێت و ناکووژێتەوە.
دەگڕێت: گڕ دەگرێت، دەسووتێت.
کوتوپڕ: لەپڕ. بە مردنێکیش دەگوترێت کە بەهۆی وەستانی دڵ یان مێشکەوە بێت و لەپڕ کەسەکە بکووژێت. کوتوپڕ بم واتە بە سەکتە و وەستانی دڵ بمرم ئەگەر ساتێکیش تۆم لەبیر بچێتەوە.
بستۆ: ملەی کێو.

---

[٢١٥] شوێنی گوترانی شیعرەکە لە چاپی جەعفەردا دیاری نەکراوە بەڵام ڕێکەوتەکەی لە هەردوو چاپدا وەک یەکە.

داخۆ تازە...: لەو زیادەڕۆییانەیە کە تەنیا شاعیر و هونەرمەند دەتوانن بیکەن بێ ئەوەی ناحەز نەبێت! لە قسەکردنی ئاساییدا ئەگەر کەسێك بڵێ برازاکەم مردووە و ئیتر دوای ئەو لە دنیادا گوڵ شین نابێت، بیسەر پێی پێدەکەنێت بەڵام شاعیر دەیڵێت و جوانیشە! ئاوات دەپرسێت ئایا بە بێ عەلیشای برازام گوڵ شین دەبن؟ یان تەنانەت واهەیە کۆرپەی هیوای هەموو گەڵ بتوانێت باڵا بکات؟

تازە نابیمنم ئەوانە...: "ئەوانە" کێن؟ دەبێ کەس وکاری لەدەستچووی شاعیر بن. حاجی سەید محەممەدی کاکی شاعیر دوو ساڵ پێش عەلیشا کۆچی دوایی کردبوو و حاجی بابەشێخی مامیشی ١٧ ساڵ پێشتر.

ساڵی پەنجا و نۆ بوو: ساڵی ١٣٥٩ ی کۆچیی هەتاوییە. ٣ ی ڕێبەندانی ئەو ساڵە دەکاتە ١٩٧٧/١/٢٣ ی زایینی.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# شیعری ساڵانی ١٣٦٠ تا ١٣٦٨

*پێرست: بای وادە(خەرمانی مەینەت)، چش لەم و لەو، پیری، لێبووردن، بوڕاقی باڵدار، وەرەوە گیانە! پاڕانەوە، ڕیشی سپی، داخوازی ئیمداد، حاسڵی من، جەژنی ئێمە، شووشەی دڵ، پاڕانەوە، ئەی غەریبی خۆشەویست!، ئاواتی هۆنەر.*

## بای وادە (خەرمانی مەینەت)

ئەوا بای وادە هات و سەوزە چیمەن
بەهەشتە گوڵشەن و سەحرا، بە دیمەن
بەڵام بۆ من چ بای وادە، چ پاییز[٢١٦]
ڕەفیقان بانگی کاروانی هیوا کەن!
بەبێ ئازیزی دڵ، خێڵ ڕەنجەڕۆیە
کەژاوەی ژینی تاڵ ناگاتە مەعدەن
بە خۆی ما دڵ، کە دی نێرگس لە باخان
بە چاوی جوانی دەڕوانێتە گوڵشەن
دڵم ما هەڵوەدا و موبتەلای ئەو
چ بێ مەڵبەند و جێگا، ماڵ و مەسکەن!
دڵم دۆش‌ما بە لای خەرمانی مەینەت
بەبێ هاواڵ و داوەڵ، بێ‌کەس و شەن
بەبێ ئازیزی دڵ مەرگی "ئیمامی"
نزیکە، دا بڵێ بێن گۆڕهەڵکەن

قاقڵاوا، ١٣٦٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ٦٨ ی چاپی ئەنیسی و ١٥٩ی چاپی جەعفەر)

---

[٢١٦] دڵنیا نیم شاعیر خۆی ئەم وشەیەی چۆن نووسیوە بەڵام بە بۆچوونی من دەبێ بە شێوەی 'پایز' بنووسرێت. 'پاییز' شێوە فارسییەکەیەتی و نووسینی شێوازی کوردیی وشەکە زیانێك بە 'فعولن' ی کێشە عەرووزییەکە ناگەیێنێت. زمانی کوردی لەژێر کارتێکەریی زۆری زمانی فارسیدا دەناڵێنێت و حەق نییە ڕەوتی ئەو کارتێکرانە خێراتریش بکەینەوە. هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەر بە شێوەی 'پاییز'یان تۆمار کردووە و منیش نەمویستووە بیگۆڕم بەڵام بۆچوونم ئەوەیە کە ڕامگەیاند.

پارچه شیعرێکی دیکەی ئاوات (لاپەڕە ١٥٣ و ١٥٤ ی چاپی ئەنیسی و ٦٦ و ٦٧ ی چاپی جەعفەر) هەر ناوی 'بای وادە'یە. بڵێی ئەو دووپات بوونەوەیە کاری شاعیر خۆی بووبێت؟ ئەگەر وابووبێت بۆچی لە چاپی ئەنیسیدا عینوانی ئەم یەکەیان 'خەرمانی مەینەت'ە؛ ئەگەریش شاعیر وای دانەنابێت، بۆچی لە چاپی کاك جەعفەر دا دووپات کراوەتەوە؟
من بۆ بەرگری کردن لە گێژو گومی، نەمویست عینوانی 'بای وادە' بۆ دوو شیعر دابنێم و هەربۆیەش عینوانی چاپی ئەنیسیشم لە ناو دوو کەواندا داناوە.
لە چاپی ئەنیسیدا ساڵی گوترانی شیعرەکە نەنووسراوە بەڵام چاپی جەعفەر ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی بۆ دیاری کردووە.
لە ساڵی ١٣٦٠ [١٩٨١ز]دا شاعیر ٦٨ ساڵان بووە.
شیعرێکی جوانی لیریکە و لە خوێندنەوەی ئاساییدا وەك دەربڕینی ئەوینێك بۆ کچێك خۆ دەنوێنێت، بەڵام عیبارەتێك لە فەردی سێهەم و حەوتەمدا دووپات بۆتەوە (بە بێ ئازیزی دڵ) کە بەگوێرەی ئەو، گومانی ئەوە سەرهەڵدەدات شاعیر شیعرەکەی بۆ کەس وکار یان دۆست و برادەرێکی خۆشەویستی خۆی نووسیبێت. ئەو 'ئازیزی دڵ' ەی وا لای شاعیرنەبووە و بیری کردووە، کێیە؟ جگە لە ئەندامانی بنەماڵە، یان دۆست و برادەری نزیکی شاعیر کێی دیکە دەتوانێ ببێت؟ خوێنەری شیعرەکە ئەستەمە بتوانێت ئەو مەتەڵۆکەیە هەڵبێنێت!
بای وادە: 'هەنبانە بۆرینە'ی مامۆستا هەژار و فەرهەنگی خاڵ لەم پێکهاتەیە بێدەنگن بەڵام هەنبانە بۆرینە 'وادە'ی بە 'جەنگە' واتا کردۆتەوە. ئەوەندەی بزانم بای وادە بە بایەکی کۆتایی زستان دەگوترێت کە دەڵێن بەفر دەتوێنێتەوە. دیارە دوای توانەوەی بەفریش چیمەن و گیا سەرهەڵدەدەن.
بەهەشتە....: دیمەنی گولشەن و سەحرا وەك دیمەنی بەهەشتە.
چ بای وادە، چ پایز: ئاوات لێرەدا بێ هیوایی خۆی دەردەبڕیت و دەڵی سەرەتای بەهار و پایز هیچ جیاوازییەکیان بۆم نییە.
کاروانی هیوا: نازانم دەبێ چەمکی 'کاروانی هیوا' هەر لە واتا ئاسایی و ساکارەکەیدا سەیر بکەین یان واتایەکی دووەمیش لەپشت چەمکەکەوە ببینین؟ ئاوات مرۆڤێکی سیاسی بوو، بڵێی لێرەشدا ئاماژەی بە ڕووداوێك، بزووتنەوەیەك، خەباتێك یان شۆڕشێك نەکردبێت؟ ئەگەر ئەو 'ئیهام' واتە قسە دووپاڵووە لە چەمکەکەدا نەبینین،

واتای سەرجەمی فەردەکە دەبێتە: "ئەی ڕەفیقان! بانگێك بهێڵنە کاروانی هیوا با بوەستێت تا من دەیگەمێ، لەبەر ئەوەی من لەو کاروانە بەجێ ماوم و بێ هیوام وپایز و زستان چ جیاوازییەکی بۆم نییە".
ئازیزی دڵ: ئەوە خاڵی نادیاری ناو شیعرەکەیە. ئەو ئازیزە دەتوانێ کێ بێت؟ ئەگەر شیعرەکە لە ساڵانی ١٣٤٦ و ٤٧ دا بگوترایە، واهەبوو بڵێین نیاز لە نەمر سەید تاهیری کوڕی شاعیر یان هاو سەنگەرێك و هاوحزبییەکی ئەو بووە کە چۆتە باشووری کوردستان و ناو شۆڕشی ئەیلوول. بەڵام لە ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١ ی زایینی)دا کام ئازیزی دڵی شاعیرە وا لێی دیار نییە و بیری دەکات؟ ئەو ساڵانەش بەشێك لە کوردی ڕۆژهەڵات لەگەڵ حزبی دیموکرات و کۆمەڵە چووبوونە باشوور، بڵێی ئازیزی دڵی شاعیر یەك لەو کەسانە نەبێت؟ ساڵی گوترانی شیعرەکە ئەگەر بە وردی دیاری نەکرێت، دەتوانێ سەرلێشێواوی زۆری لەم چەشنە پێك بهێنێت.
ئەگەری دیکە ئەوەیە مەسەلەکە زۆر بە سیاسەتەوە نەبەستینەوە و بە کوڕ یان کچێك یان برا و برازا و ئامۆزایەکی شاعیری بزانین کە چووبێتە سەفەر یان لە سەربازی بێت یان تەنانەت مەلاکانی ئێران تەبعیدیان کردبێت بۆ سمنان و دامغان کە لەو ساڵانەدا کوردێکی زۆر پەرەوازەی ئەو ناوچانەی ئێران کران (خۆ چوومەوە سەر باسی سیاسەت!)
خێڵ ڕەنجەڕۆیە: دەکرێ ئەو 'خێڵ' ە بە 'کاروان'ی ناو فەردی پێشتریشەوە پەیوەندی بدرێت.
نێرگس لەباخان: پەیوەندی بە چاوی جوانەوە هەیە. چاوی جوان لە شیعری کوردی و فارسیدا بە گوڵی نێرگس دەشوبهێنرێت.
چاوی جوانی: من وشەی 'جوانی' وەك "چاوی جوانی ئەو" واتە نێرگس دەخوێنمەوە، بەڵام بۆی هەیە 'ناو' یش بێت نەك ئاوەڵناو و بڵێین 'جوانیی'.
چاوی جوانی: من وەك 'چاوی جوانی ئەو' واتە نێرگسی دەخوێنمەوە، بەڵام واهەیە 'ناو' و بێین نەك ئاوەڵناو و بڵێین 'جوانیی'.
هەڵوەدا: ئاوارە و سەرلێشێواو.
موبتەلا: باوەکوو عەرەبییە بەڵام لەفارسیشدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت: گیرۆدە و گرفتار، ئالوودەبووی شتێك.

چ بێ مەڵبەند و....: من نیشانەی سەرسووڕمانم لە کۆتایی میسراعەکە داناوە لەبەر ئەوەی لام وایە هەموو میسراعی دووهەم درێژەی میسراعی یەکەمی فەردەکەیە و هەرچوار سیفەتی بێ مەڵبەند، [بێ]جێگا، [بێ] ماڵ و [بێ]مەسکەن دەگەڕێنەوە بۆ وشەی 'دڵم'.

دڵم دۆش ما: دۆش واتە دژ، گرژ، سیس (هەنبابە بۆرینە). دۆش مان و دۆش دامان مات و بێ دەسەڵات مانەوەیە. شاعیر دەڵێ بەلای خەرمانی مەینەتەوە دڵم سیس و مات ما.

داوەڵ: داڵۆ، داوڵ، بە فارسی مترسك (هەنبانە بۆرینە). داوەڵ شتێکە باخەوان و بێستانچی بۆ ڕەواندنی باڵندە لە پەڕۆ، یان تەنەکە و... دروستی دەکەن. لە شیعری 'بەرەوموکریان' ی مامۆستا هەژاردا، 'سەلکەکەر'یش بە هەمان واتا هاتووە:

*"باغ و بێستانە، مەلای سەلکەکەرە"*

بێکەس و شەن: بێ کەس و بێ شەن. شەن، هەمان شەنەی خەرمان بەبا کردنە. واتە من شەنەم نییە خەرمانی پێ بەباکەم، یان خود شەنکەرم نییە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## چش لەم و لەو!

ئەی خالیقی ڕۆژ و شەو، ڕۆژم ڕەشە هەر وەك شەو
شەو هەر لە خەیاڵی ئەم، ڕۆژیش بە هومێدی ئەو
تا کەی بە هومێدی ئەو، تاکەی بە خەیاڵی ئەم؟
یاڕەب ئەو و ئەم بەس بێ، هەم چش لەو و هەم چش لەو!
ڕۆژ و شەوی عومری من پاکی بە عەبەس ڕۆیی
ڕۆژ خواردنە فکری من، شەو هەر بە خەیاڵی خەو
ئەم عالەمە فانی بوو، ئیتر بە خەیاڵی چی؟
کوا شاهی سولەیمان[٢١٧] و ئەسکەندەر و کەیخوسرەو؟
هەستە بڕۆ بەر دەرکی خاسانی خودا، "کامیل"!
بمرە، کە لەپاش فەوتت هەر عیشقە دەدا پڕتەو[٢١٨]

قاقلاوا، ١٣٦٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٧٩ ی چاپی ئەنیسی و ١٧٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "پرتەوی عیشق" ە.
غەزەلێکی کورتی پێنج فەردی بەڵام بە ناوەرۆکە. پێش ئەوەی بتوانین بە حیسابی پاڕانەوەی شاعیر لە خودا، شیعرەکە بە ئایینی دابنێین، دەبێ لە هەندێك وشە و تەعبیراتی ورد بینەوە. ئەو دەمەیە کە تێدەگەین شیعرەکە ناوەرۆکی عیرفانی و سۆفیایەتی هەیە کە باوەکوو ئیسلامیش بێت بەڵام جیاوازە لە شیعری ئایینی. گەوهەری شیعرەکە بریتییە لە ڕق بوونەوە لە "عالەمی فانی" و بێزاری لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانە، کە

---

[٢١٧] . لە هەر دوو دەقەکەدا "کوا شاە سولەیمان..." هاتووە، من بۆ کێشی شیعرەکە و ڕەوان بوونی زیاتر بە شاهی سولەیمانم نووسی کە لەسەر زمانی خەڵکیش هەر وا هەیە.
[٢١٨] . پرتەو، دەقی چاپی ئەنیسی

سۆفییانی سافی شێوە ژیانی ئەوتۆیان داوەتە دواوە و بە "خورد و خەوی حەیوانی" و دوورکەوتنەوە لە فیکری قووڵ و بیرکردنەوە لە واتای ژین و ئامانجی ژیانیان زانیوە. جیهان، بە تەعبیری ئەوان، بەقا و وەفای بۆ مرۆڤ نییە وەك چۆن بۆ گەورەگەورانی مێژوو وەك سولەیمان و ئەسکەندەر و کەیخوسرەویش نەیبووە؛ کەوابوو، کەسانی تێگەیشتوو نابێ دڵی پێ خۆش بکەن و بکەونە شوێن فرت وفێڵ و ڕەنگ و ڕواڵەتی.
ئەوەی بۆچوونەکەی من زیاتر دەسەلمێنێت دوایین فەردی شیعرەکەیە کە شاعیر داواکارە بچێتە بەر دەرکی "خاسانی خودا" و "عیشق" بە دیاردەیەکی ئەبەدی دادەنێت کە دوای مردنی مرۆڤیش هەر شەوق دەداتەوە. جا ئەگەر ئەوە بزانین کە عیشق "گرنگترین ڕوکنی تەریقەتە"[219] گومان لە عیرفانی بوونی شیعرەکەش ناکەینەوە.
ڕەنگە خوێنەر گومان لەوەدا بکات وبڵێ عیشقی جێگەی باسی شاعیر ئەوە نییە وا سۆفییان بە عیشقی حەقیقی دەزانن و بە عیشقی مەجازی واتە ئەوینی مرۆڤێکی دابنێت کە بۆ مرۆڤێکی دیکەی هەیە. ئەو بۆچوونە لە شوێنی خۆیدا نییە لەبەر ئەوەی شاعیر بە ڕاشکاوی چش لە هومێد و تەنانەت خەیاڵاتی ئەم خەڵکی سەر زەوییە دەکات و دەڵێ ڕۆژ وشەوم بە بێهوودە ڕۆیوە و ڕایدەگەیێنێت کە ئەم عالەمە عالەمێکی هەمیشەیی نییە و، دەفەوتێت. لە خۆیشی دەخوازێت چش لەو ژیانە بکات و لە "خاسانی خودا" نزیك بێتەوە، گومان لەوەدا ناکرێت کە ئەو خاسانی خودایەش دەبێ ڕێبەرانی دینی یان تەریقەت بن.
بنەماڵەی شێخایەتی و پەیوەندییە شەخسییەکانی ئاواتیش دەبێ بۆ ئەو باسە بگیرێنە بەرچاو. شێخانی زەنبیل پیری تەریقەت بوون و کامیل شا باوەکوو بە ڕەسمی شێخایەتی نەکردبێت بەڵام بەشێك بووە لەو سیستەمە.
ڕێکەوتی ساڵی ١٣٦٠ کۆتایی شیعرەکەش نیشانەیەکی دیکەیە بۆ ئەو ڕاستییە. لەو ساڵەدا شاعیر کەم وزۆر ٧٨ ساڵی تەمەن بووە[220] و تەنیا ٨ ساڵ دوای ئەو ژیاوە. لەو تەمەنەدا ئەگەری ئەوینی ئاسایی بۆ کەسێکی وەك کامیل شا گەلێك لاوازترە لەوەی وا "متصوفان" بە عیشقی حەقیقی واتە عیشقی خودایی ناو دەبەن.
وشەی ئەستەم لە دەقی شیعرەکەدا نییە.

---

[219] . محەممەد عەلی سوڵتانی، "جەزبەی عیشق – دیوانی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی (خالیس)"، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٤، ل. ٣٤

[220] . بە گوێرەی سەرەتای دیوانی چاپی جەعفەر، سەید کامیل لە ساڵی ١٢٨٢ ی هەتاویدا لەدایك بووە و لە ١٣٦٨ یشدا کۆچی دوایی کردووە.

عەبەس، بێهوودەیە.
سولەیمان، شای مووسایيان و کوری داوده، لە ئیسلامدا بە پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل ناودەبرێت و لە ڕیوایاتدا هاتووە کە حاکمی ئینس و جین بووە.
ئەسکەندەری مەقدوونی کوڕی فیلیپ، شای مەقدونییە.
کەیخوسرەو، سێهەمین شای زنجیرەی کەیانیان، کوڕی سیاوەش و فەڕەنگیسی کچی ئەفراسیاو.[٢٢١]

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن

[٢٢١]. زانیاری لە سەر ئەو سێ کەسەم لە "فرهنگ معین" وەرگرتووە.

## پیری

پیری وا هات و ئەجەل لێم دیارە
ڕەنگە ڕامکێشێ بەرەو ئەو خوارە
کوێیە ئەو خوارە؟ دەڵێن جێم قەبرە
گۆڕە، خۆفناکە، گیان[٢٢٢] بێزارە
ئەی خودایە، بە تەنێ لەو گۆڕە
چۆن بمێنم، قوڕ و بەردم بارە!
جاری ئەووەڵ قوڕ و گڵ بووم و خودا
گیانی پێدام و کەچی ئەمجارە
ووردە ووردە بە خەیاڵە بەدەنم
تێك بچێ، بێتەوە گڵ دووبارە
بەدەنی ناسك و نەرم و شلی من
خۆ لەوێ توعمەیی مشك و مارە
بێکەس و بێدەر و ماڵ تاریك خۆم
چاو دەگێڕم هەر ئەتۆم لێ دیارە
ئەی لەهەرجێ هەی و نیشە جێگات!
کاتی ڕەحمە بە منی بێچارە
گەر لەوێ گرپە نەکا شەمعی کەرەم،
تەنگ و تاریك، دڵەکەم خەمبارە
تۆ "ئیمامی"، کە بژیت یا بمری،
ئەرخەیان بە بە تەنێ خوا یارە

---

[٢٢٢] . چاپی ئەنیسی: گییان

قاقلاوا، ١٣٦٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٢ ی چاپی ئەنیسی ١٨٣ ی چاپی جەعفەر)

---

هەردوو چاپەکە لەسەر عینوان و شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە هاودەنگن. شیعرەکە تژی ترسە لە مردن. ئەو هەستە بۆ مرۆڤێکی ئایینی وەك سەید کامیل بە تایبەت لە ساڵانی پیریدا نائاسایی نییە. شاعیر لە کاتی گوتنی شیعرەکەدا ٧٢ ساڵان بووە.

ترس لە مردن بە تایبەت لە نێو موسوڵمانان و بەو هەموو ڕیوایەت و حیکایەتەوە لە جەهەننەم و پردی سیڕات و گۆڕەوشار و نەکیر و مونکیر، کە چۆتە ناو باوەڕی هەموو ئیمانداریکەوە، لە تەمەنی سەرەوەدا زۆر جیددی دەبێتەوە. کەسێکی هەستیاری وەك ئاوات کە خۆی دەڵێ "بەدەنی ناسکی نەرم وشلی" هەیە زۆر سەیر نابێت ئەگەر لە مشك وماری ژێر زەوی بترسێت و هەست بکات هیچ دەرەتانێکی بۆ هەڵاتن لەو بارودۆخە نییە و کەس لە ژێر خاکدا ناتوانێ یارمەتی بدات هەر بۆیە ئەویش وەك هەندێ کەس، باوەڕ و ئیمان بە خودای لەو قۆناغەدا بەهێزتر دەبێت و ڕزگاریی خۆی لەدەست ئەو هەموو چڕ وجانەوەرە سروشتی و خەیاڵییانە لە دەرگانەی ئەو دەخوازێت. ئەوە ناوەرۆکی سەرجەم فەردەکانی ئەم شیعرەیە.

گیان بێزار، واتە دیاردەیەکی گیان ئەستێن یان دژ بە گیان. لە قەدیمدا تفەنگێکیش بەو ناوە هەبووە.

جاری ئەووەڵ قوڕ وبەرد بووم.... بیرۆکەیەکی شێوە فەلسەفییە بەڵام لە سەر بنەمایەکی ئایین دانراوە و ئاماژەیە بە دروست بوونی مرۆڤ بە دەست خودا لە خاك و فوو پێدا کردن و گیان بەبەرداکردنی.

بێتەوە: بە واتای ببێتەوە، سەرلەنوێ ببێت بە هەمان ئەو شتەی وا پێشتر بوو. لە ناوچەی بۆکان کەڵك لەو بیچمەی وشەکە وەردەگیرێت.

بێکەس و بێدەر: زاراوەیەکی سەر زمانی خەڵکە بە واتای بێ دەسەڵات و ناچار

گرپە کردن: کڵپە، بڵێسە، گڕ (هەنبانە بۆرینە).

تەنگ وتاریك دڵەکەم خەمبارە. سیفەتی تەنگ و تاریکی واهەیە بگەڕێتەوە بۆ "لەوێ" واتە لە ناو قەبردا و ئەگەر وابێت باشترە لە نووسینەوەدا وێرگول (فاریزە) یەکی بەشوێندا بهێنین کە لە پاشماوەی ڕستەکە جیای بکاتەوە. ئەگەرێکی لاوازتر ئەوەیە تەنگ و تاریکی سیفەت بن بۆ "دڵەکەم" کە من پێموا نییە وابێت. من تا ڕادەیەکی

زۆر لەسەر ئەو باوەڕەم کە "دڵەکەم خەمبارە" سەربەخۆ و جیاوازە لە ڕستە و ووشەکانی پێش خۆی.

"ئیمامی" ناوی بنەماڵەیی یا شوهرەتی سەید کامیلە و ئەوەندەی بزانم لە ناسنامەکەیدا بە "سەید کامیل ئیمامی زەنبیلی" ناودێر کراوە. سەید کامیل هەندێك جار لە جیاتی نازناوی شاعیریی "ئاوات" ئەو "ئیمامی" یەی خستۆتە کۆتایی شیعرەکانی. ساڵی گوترانی شیعرەکە ١٣٦٠ ی هەتاوی واتە دوو سێ ساڵێك دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانە.

"ئەرخەیان" وێدەچێت وشەیەکی تورکی بێت بە واتای دڵنیا.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

## لێبووردن

بێ پاس و وەڕ و خوێڕی، وەك سەگ لە قەسابخانە
بێ هۆش و سەراسیمە، وەك مەستێ لە مەیخانە[223]
بێ مەنزڵ و بێ جێگا، شێواو و پەرێشانم
دانیشتوو لە جێگەی چۆڵ، وەك کوندێ لە وێرانە[224]
بێکارە و بێچارە، پەتیارە و ئاوارەم
هەرتاوە لە لاییَکم، بێ جێگە و بێ لانە
بێ زکر و بە بێ تاعەت، بێ فکر و خەیاڵم من
دەخولێمەوە ڕۆژ و شەو لەو چۆڵ و بیابانە
بۆ پیری لەکار کەوتوو لێبووردن و بەخشینە
بۆ 'کامیل' ی بێچارە چاوپۆشییە دەرمانە

قاقلاوا، ١٣٦٠ ی هەتاوی

(لاپەڕە ٨٢ ی چاپی ئەنیسی و ١٩٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسی دا چاوپۆشی' یە و هەردوکیان لە دوایین فەردی شیعرەکە وەرگیراون.
شیعرێکی عیرفانی – ئایینییە، شاعیر ٨ ساڵێك پێش کۆچی دوایی خۆی هۆنیویەتەوە. شاعیر لێرەدا وەك کەسێك دەنوێنێت کە بە خلووس و باوەڕی ئایینییەوە لە ماڵ و بارەگای خودا، یان میحڕابی مزگەوتدا وەستا بێت و بەوپەڕی عەبدایەتییەوە لە خودا بپاڕێتەوە خەتا و گوناهەکانی پێ ببەخشێت.

---

[223] . چاپی ئەنیسی: مەستی لە مەیخانە
[224] . چاپی ئەنیسی: کوندی لە وێرانە

پەیوەندی خودا و مرۆڤ لە ئیسلامدا جیاوازە لە مەسیحییەت. لە ئیسلامدا مرۆڤی 'ئەشرەفی مەخلوقات' تەنیا عەبد واتە کۆیلەی خودایە و هەتا لەو کۆیلایەتییەدا زیاتر و باشتر بچێتە پێشەوە، پەسندی زیاتری خودای لەگەڵ دەبێت و لە مردندا پلە و مەرتەبەیەکی باشتری لە بەهەشت دەست دەکەوێت.

لەم شیعرەدا خۆ بچووك کردنەوەی مرۆڤی 'مەخلوق' لەبەرانبەر 'خالق' دا بە باشی خۆ دەنوێنێت بەڵام لە عەینی کاتدا، ئەو باوەڕە تێکەڵاو بووە لەگەڵ عیرفانی ئیسلامی، کە لەوێشدا مرۆڤی خاوەن بڕوا لە عەینی بێ نیازیی بە خەڵك، زیاتر لەو عەبدایەتییەدا دەچێتە خوارەوە و خۆی لە بەرانبەر خودادا بە کەمتر لە هیچ دادەنێت.

ئەوەی شاعیر خۆی بە سەگی قەسابخانە داناوە، دەکرێ وەك نیشانە و ئاماژەیەك بزانرێت بە باوەڕی سۆفیایەتیی شاعیر. سۆفیانی سافی هەموو مەوجوودێکی ئەم جیهانەیان بە ئیشراق و نووری خودا زانیوە و بووە سۆفی ئەوتۆ کە دەستی کردۆتە ملی سەگ و پێی گوتووە "السلام علیك یا الله".

پاس و وەڕ، یان وەڕین، دوو سیفەتن کە سەگی پاسەوانی بەردەرگای ماڵان دەبێ بیانبێت واتە پاسی ماڵەکە بدێرن و بە بێگانە و نەناسراو بوەڕن. بەڵام سەگی بێ خاوەنی بەر دەرگای قەسابخانان وا نین و نە پاسی شوێنێك دەدێرن، نە بە کەس دەوەڕن.

کوندی ناو وێرانە، ئەو بڕوا خورافییەیە کە لە ناو ئێمەدا هەیە و بە گوێرەی ئەوە، باڵندەی کوندە بەبوو تەنیا لە وێرانە دەنیشێت، یا ئەگەر لە سەر ئاوەدانییەکیش بنیشێت، ئەو شوێنە دواتر وێران دەبێت. بە پێچەوانە، کوند لە فەرهەنگی ڕۆژئاواییدا باڵندەیەکی زیرەك و عاقڵە و بە شووم دانانرێت.

پەتیارە، گەللایی و گوێنەدەر بە هیچ شت (هەنبانە بۆرینە)

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن // مفعول مفاعیلن

## بوراقی باڵدار

ئەی سەراپایی وجوودت لە هەموو عەیب بەری[225]
تۆ لە تاریفی من و هۆنەری دیکە بەدەری
تۆ ڕەسووڵێکی، زەوی فەخری بە تۆ بوو لە سەما
مانگ بە ئەمرت لەت‌وپەت بوو، لەتی بۆ لات دەوەری
هێندە گەورە و بەشکۆ هاتی بە ئەمری یەزدان
هەچی پێغەمبەرە ڕاوەستن، ئەتۆیان لە سەری
ڕابەر و گەورە و خاوەن کەرەم و مەرحەمەتی[226]
سفرەکەت حاتەمی ونکرد و نەماوە ئەسەری
هەرکە هاتی هەموو زاڵم لە نەهاتی‌دا چوون
زۆری زۆردار بە وجوودی تۆ نەمابوو خەبەری
جوبرەئیل بانگی دەکردی کە لە دەوری مەکە بووی
کوتی: فەرموو بڕۆ، تۆ خاوەنی فەتح و زەفەری
خۆی نەگرت کافر و تەسخیری مەکەت کرد خێرا
سەرلی شێواو، کونەمشکیان بە دڵ و گیان دەکڕی[227]
ڕێگەکەت دوور بوو، بەڵام ساڵی بە ساتێکی بڕی
ئەو بوڕاقی کە بە باڵان دەفڕی چوویە سەری
هەچی دووی تۆ نەکەوت بەختی خەوت، ڕۆیی کەوت
تووشی بوو مەسخەرە وو نەکبەت و سەد دەربەدەری[228]

---

[225]. چاپی جەعفەر: سەراپای وجوودت
[226]. چاپی ئەنیسی و جەعفەر: گەورە وو خاوەن...
[227]. چاپی جەعفەر: سەرێ شێوا و کونەمشکی بە دڵ و گیان دەکڕی
[228]. چاپی جەعفەر: تووشی بوو مەخسەرە و نەگبەت و سەد دەردی‌سەری

شاسوارێکی وەها بووی هەموو ئاسمانان چووی
هەر مەلایێک بوو بە پێشواز لە سەران دادەوەری
بە سڵاوات و بە تەکریم و بە تەحسین و ئەدەب
ڕادەوەستان و دەیانکوت: کە چ شیرین‌سەفەری!
چوویە ئەو جێیە کە جوبریلی ئەمین ماتڵ ما
جێی حوزوور بوو، لەوە بەولاوە نەمابوو گوزەری
لە مەسافا وەکوو کێویی و لە بەزلا، بەحری
ئەی بە قوربانی بوڕاقت کە سەراپا هونەری!
مۆجیزەت زۆرە، لە ئەژمار بەدەرە بۆ "کامیل"
هەر ئەوەند بەس کە دەڵێم: خاوەنی "شق‌القمر"ی!

قاقلاوا، ١٣٦٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٤٤ و ١٤٥ ی چاپی ئەنیسی و ٢٣٩ و ٢٤٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئینیسیدا "خاوەنی شق القمر"ە و لە بەشی "چامەکان" واتە قەسیدەکاندا دانراوە.
شیعرێکی ئایینییە لە نەعتی پێغەمبەری ئیسلامدا گوتراوە و هەندێک سیفاتی ئەو و ئەو شتانەی وا سەبارەت بەو گوتراون، تێدا دووپات بۆتەوە: سەروەری ئەنبیا، خاوەنی شق القمر، فاتیحی مەککە، سواری ئەسپی باڵدار (بوراق)، خاوەنی سەفەری میعراج وسەردانیکەری هەموو ئاسمانان تا مەرتەبەی باڵا- کە لەو شوێنە چاوی بە خودا کەوتووە.
لەڕیزی ئەو شیعرانەدایە کە زۆر شاعیری دیکەی کوردیش لە دیوانیاندا هەیانە و ئەویش پێداهەڵگوتنی پێغەمبەری ئیسلامە. پێغەمبەر لە ڕوانگەی ئەوانەوە بوونەوەرێکی بێ عەیبە؛ فەخری کائیناتە؛ بە ئیشاڕەیەکی پەنجە مانگی لەت وپەت کردووە و دواتر لەتەکانی پێکەوەی نووساندوونەتەوە؛ ١٢٤ هەزار پێغەمبەری دیکە بەڕیز ڕادەوەستن و ئەو سەرکردە و پێشەوایانە؛ لە حاتەم بەخشندەترە؛ تووی زاڵم و زۆرداری لەسەر زەوی نەهێشتووە؛ بە سواری بوراق چۆتە چاوپێکەوتنی خودا لە قاتی حەوتەمی ئاسمان و ... کە دیارە زوربەی ئەو شتانە تەنیا لە چوارچێوەی 'باوەڕ' و ئیماندا دەتوانێ بوونیان هەبێت دەنا ئاشکرایە زوڵم و زۆرداری بە هاتنی کەسێک لەسەر زەوی

نەفەوتاوە و تەنانەت زیادیشی کردووە، نموونەکەی دۆخی ئێستای جیهان و بە تایبەت وڵاتی خەڵکانی موسوڵمان، کورەی مانگیش نە بە ئاماژەیەکی پەنجە لەت دەکرێت و نە بەیەکەوە دەنووسێتەوە.
لە تاریف بەدەر: زیاد لەوەی بتوانرێت تاریفی بکرێت.
مانگ بە ئەمرت لەت و پەت بوو...: شق القمر یان انشقاق القمر، ئاماژەیە بەو هەواڵەیە وا دەگوترێت پێغەمبەری ئیسلام بە ئیشارەیەکی پەنجە کورەی مانگی لەت وپەت کردووە و لەتی ڕژاونەتە سەر زەوی بەڵام دواتر کۆی کردوونەتەوە و یەکی خستوونەتەوە- هەواڵێك کە واهەیە هەندێك لە خەڵکانی ئیمانداری موسوڵمان باوەڕیان پێی بێت.
هەر کە هاتی: لەو کاتەوە تۆ بوویتە پێغەمبەر، زوڵم و زۆرداری لە سەر زەوی نەماوە.
جەبرەئیل: فریشتەی هەڵگری وەحی و ئاڵقەی پەیوەندیدەری خودا و پێغەمبەری ئیسلام. فەردی شەشەم ئاماژەیە بەو هەواڵەی کە گوایە کاتێ لەشکری ئیسلام چۆتە سەر خەڵکی مەکە، هەر لە دەرەوەی شارەکەدا جەبرەئیل مزگێنی سەرکەوتنی سوپاکەی بە پێغەمبەر داوە.
کافر: لە ڕوانگەی موسوڵمانانەوە هەموو ئەوانەن وا موسوڵمان نین.
ڕێگەکەت دوور بوو: ئاماژە بەو هەواڵەی کە پێغەمبەری ئیسلام بە سواری بوراق (ئەو ئەسپە باڵدارەی وا جەبرەئیل بۆی دابین کرد)، چوو بۆ حەوت قاتی ئاسمان و دوای چاوپێکەوتنی خودا، بە چەند خولەك، گەڕایەوە سەر زەوی.
دوو نەکەوتن: باوەڕ پێ نەهێنان.
شاسوار: سوارچاك
مەلاییك: کۆی مەلەك، فریشتە.
لە سەران دادەوەری: فریشتەکان بۆ پێشوازی کردنی پێغەمبەر لە لای سەرەوەی ئاسمانەوە وەك باران دادەبارینە خوارەوە.
بە سڵاوات و ....: ئاماژەیە بە پێشوازی و ڕێز لێگرتنی فریشتەکانی ئاسمان لە پێغەمبەری ئیسلام، کاتێ کە چوو بۆ میعراج.
ماتڵ ما: ئاماژەیە بەو هەواڵەی کە گوایە جەبرەئیلی فریشتە، لە شەوی میعراجدا تا شوێنێکی دیاریکراوی ئاسمان هاوڕێی پێغەمبەری ئیسلام بووە بەڵام لەوێ بەدواوە نەیتوانیوە و ئیجازەی نەبووە بڕواتە سەرەوەتر؛ بە ناچار لەو شوێنە ماتڵ ماوە و

لێگەڕاوە پێغەمبەر خۆی بچێتە قاتی سەرەوەتر بۆ لای خودا. موسوڵمانان لە سەردەمی ئێستادا بۆ چەسپاندنی ئەو چەشنە هەوالانە، کە تەنیا 'نەقلی' ن و هیچکامیان لەگەڵ زانستی ئەمڕۆ و 'عەقل'ی دەرەوەی باوەڕ دا یەك ناگرنەوە، گرفتی زۆریان هەیە و پەنا دەبەنە بەر 'تەفسیر' کردنی هەواڵەکان واتە بە پێچانەوە و بە ناوێکی تر دەرخواردی خەڵکی دەدەن.

گوزەر: تێپەڕین و چوون؛ لە فارسیدا واتای شوێنی تێپەڕین و ڕۆیشتنیشی هەیە.

حوزوور: بەردەم خودا

مەساف: ڕووبەڕووبوونەوە لە شەڕدا؛ عەرەبییە. شاعیر ئەم وشەیەی لە شیعری دیکەشیدا هێناوە یەك لەوان شیعری 'خاسە کەو'ە.

وەکوو کێوی: تۆ کۆڵنەدەر و تەسلیم نەبووی دوژمنی لە شەڕدا و وەك کێو قورسی و لە شوێنەکەت نابزوێیت.

بەزل: بەخشین و دڵئاوایی کردن.

لە بەزلا بەحری: لە دڵئاواییدا وەك دەریا وای و کۆتایی بە بەخشندەییەکەی نایەت.

بە قوربانی بوراقت: شاعیر خۆی بە فیدای پێغەمبەر هیچ، بە قوربانی ئەسپە خەیاڵییەکەشی دەکات.

مۆجیزە: معجزەی عەرەبییە، بەڕێوەبردنی کاری گەورە و گرانی دەرووی توانا و عادەتی خەڵکە.

لە ئەژمار بەدەر: کامیلی شاعیر ڕوو لە پێغەمبەری ئیسلام دەکات و دەڵێ من بە گەلێك مۆجزەی تۆ باوەڕم هەیە و دەشزانم ژمارەیان هێندە زۆرە لە بژاردن نایەن، بەڵام هەر ئەوەندە بەسە باس لە شق القمر بکەم کە شاکاری مۆجزاتی تۆیە.

بەحری عەروزیی شیعرەکە،

رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

## وەرەوە گیانە!

کێیە وەك تۆ لە مەبەست ڕامێنێ؟
بیر وباوەڕ بە گەلی بنوێنێ
لە قوڕی نەگبەت و چاڵاوی ستەم
شڕەکەی خۆی و گەلی دەربێنێ
کێیە وەك ئێوە بە بیر وڕا بێ،
مافی کوردان بە قەڵەم بستێنێ؟
دڵم ئاوێنەیە 'ئەی گەورەی دین'!
جاروبار دیمەنی تۆ دەنوێنێ
وەرەوە بۆ وەتەنی کوێستانت
چ دەکەی تۆ لە هەوای گەرمێنێ؟
بۆ ئەوەی تۆزی نەبێ ڕێگاکەت،
چاو دەکا تك تکە ئاوپڕژێنێ
بۆ سلاوێکی لە هاوڕێکانت
دڵەکەم کۆتری هەڵدەفڕێنێ
وەرەوە گیانە، هەواخوات زۆرن
یەك لەوان هۆنەرە، بۆت دەخوێنێ
کوڕی کورد هەر وەکوو خۆی ماوەتەوە
تۆوی داوات لە وڵات دەروێنێ
هەر بە ئاواتەوە ماوم، قوربان
تاوەکوو باغی هیوا بەر دێنێ
بولبولی باختە 'ئاوات' ی پیر
هەر بە ئاواتەوە دەچریکێنێ

قاقلاوا، ۱۳٦۰ ی هەتاوی
(لاپەڕە ۲٤۹ و ۲۵۰ ی چاپی جەعفەر، لە چاپی ئەنیسیدا نییە)

---

هەست دەکەم یەك یان دوو فەردی سەرەتای شیعرەکە داکەوتبێت. بابەت و ناوەرۆکی شیعرەکە ڕوونە: خەباتکارێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە چۆتە گەرمێن واتە باشووری خاکەکەمان و ئاوات بەم شیعرە داوای گەڕانەوەی لێدەکات. لە پەراوێزی شیعرەکە لە چاپی جەعفەردا ئەم ڕستەیە دەخوێنینەوە: *"بۆ دۆستێك کە بە ناچاری چووبووە گەرمێنی."* مەتەڵۆکەی شیعرەکە ئەوەیە بزانین ئەوە کام دۆستە؟ بەداخەوە ئەو پەیوەندە شەخسییانە بۆ من کە لە نزیکەوە شارەزای ژیانی شاعیر نەبووم ڕوون نابێتەوە. لام وایە ئەرکی سەر شانی بنەماڵەی بەڕێزی ئاغا سەید کامیل بێت ئێستا کە ئەم زنجیرە وتارە لە دەرەوەی وڵات بە ئازادی بڵاو دەبێتەوە، زەحمەت بکێشن و زانیاریی لەو چەشنە - کە دڵنیام زۆریان لە لایە و نەیانتوانیوە لە ناوخۆی وڵات بڵاوی بکەنەوە، بنێرن بۆ ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات — بۆکان یان خود بۆ من. دیارە ئێمە لە بڵاوکردنەوەیاندا هەموو لایەنێکی مەسەلەکە دەگرینە بەر چاو و کارێك ناکەین کەس تووشی ناڕەحەتی و زیان بێت. ئەگەر وانەکەن ئەو نهێنییانە هەر بە سەرپۆشراوی دەمێننەوە و ئیتر نەوەی دوای ئەوان بە هیچ شێوەیەك ناتوانن پەی پێ بەرن.

با جارێ لەوە گەڕێین و کاری پشکنینی خۆمان بکەین: ساڵی ۱۳٦۰ [۱۳۸۱ و ۸۲] کە شیعرەکەی تێدا گوتراوە، سێ ساڵێك دوای شۆڕشی ئەم دواییەی گەلانی ئێرانە کە مەلاکان بەسەریدا زاڵ بوون. ئەوە سەردەمێکە کە حزبە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات دوای شەڕێکی چەند ساڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، ناوچەکەیان چۆڵ کردبوو و ئاوای دیوی باشوور ببوون. شیعرەکە ڕوو لە کێ و بۆ کێ گوتراوە: ئەو کەسە، هەرکەس هەیە، ئاوات سێ جار وەك 'تۆ'، جارێك وەك 'ئێوە' و جارێکیش وەك 'گەورەی دین' ڕووی خیتابی تێدەکات، ڕێزی لێ دەگرێت و پێی دەڵێت 'قوربان!' هەروەها بە خاوەن بیر وڕایەکی دەزانێ کە کەسی دیکە ناتوانێت وەك ئەو 'لە مەبەست ڕابمێنێ'؛ مەبەست چییە؟ داخوازییەکانی گەلی کورد؟ تەنیا ئەوە کە 'مافی کوردان بە قەڵەم دەستێنێ' و 'هەواخوای زۆرن'. ئەو کەسە لە کاتی هۆنرانەوەی شیعرەکەدا لە گەرمێن واتە لە باشووری کوردستانە بەڵام لەوێ تەنیا نییە و ئاوات سڵاو لە هاوڕێکانیشی دەکات. کەسێکی ئەوتۆ دەتوانێ کێ بێت؟

به گوێرەی تەعبیری 'هاوڕێکان'، ئەو کەسە دەکرێ ئەندامێکی باڵای حزبە سیاسییەکانی کورد بێت (دێموکڕات یان کۆمەڵە) کە 'مافی کوردان بە قەڵەم دەستێنێ'. بەڵام خیتابی 'ئەی گەورەی دین' وا دەکات زیاتر بیر لە مەلا و ڕێبەرێکی ئایینی بکەینەوە. لەو ساڵانەدا مەلا و فەقییەکی زۆری کورد لەگەڵ حزبەکان کەوتبوون و هەر بۆیەش ئەستەمە تەنیا بە یارمەتی شیعرەکە بزانرێت نیازی شاعیر کامەیان بووە. من لێرە لە دوورە وڵاتی و بە نەبوونی سەرچاوە و دەست ڕانەگەیشتن بە کەس وکاری شاعیر، ئەستەم بتوانم ئەو مەتەڵۆکەیە هەڵبێنم. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاست یان هەڵە، لام وایە شیعرەکە ڕووی لە نەمر مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینییە، کە هەر لەو سەردەمانەدا لە زێدی خۆی ئاوارە ببوو و لە باشووری کوردستان دەژیا وپاشان پەرەوازەی سوئێد بوو. بەڵام کاتێ دەڵێ 'دڵم ئاوێنەیە و جاروبار دیمەنی تۆ دەنوێنێ'، دەبێ کەسەکە دۆستی نزیکی شاعیرش بووبێت، جا نازانم بە حیسابی ئەو دۆستایەتی و نزیکایەتییە، بۆچوونەکەی من لە جێی خۆیدا دەمێنێت یان دەشێوێت؟ هیچ ئاگاداری ئەوە نیم پەیوەندی ئاوات و مامۆستا شێخ عیزەدین چەندە گەرم وگوڕ بووە یان نەبووە. با ئەو کەسانەی شارەزای مەسەلەکەن دوای بڵاو بوونەوەی ئەم بابەتە چەوتیی بۆچوونەکەم بۆ ڕاست بکەنەوە. جگە لە مامۆستا شێخ عیزەدین، واهەیە ئەگەرێکی دیکە شێخ جەلالی حوسەینی سەرۆکی ڕێکخراوەی خەبات بێت. کێی دیکە؟ کەسێك لە شێخانی زەنبیل یان تورجانیش دەکرێ ئەگەرێکی دیکە بن بۆ هەڵهێنانی مەتەڵەکە. من ئەو بۆچوونانەی سەرەوەم کاتێ دەربڕی کە هێشتا پەیوەندیم بە ڕێزدار جەعفەری ئیمام زەنبیلی- کوڕی ئاواتەوە نەکردبوو. درەنگتر ئەو پەیوەندییەم بە پێویست زانی و هەندێك پرسیارم ئاراستەی خزمەتی کرد. بەختەوەرانە ئاغا سەید جەعفەر بە دەنگمەوە هات و وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە کە یەکیان هەر ئەو بابەتەی ئێستا بوو. کاك جەعفەر سەبارەت بەم شیعرە بە کورتی نووسیبووی:

*"وەرەوە گیانە بۆ نە مر مامۆستا شێخ عیزە ددین کوترا وە کە چووبوو بۆ کوردستانی ئە ودیو وهە رگیز نە گەڕایەوە".*

واتە ئەگەری یەکەمی من هەڵە نەبوو و بەرگۆی شیعرەکە نەمر شێخ عزەدینی حوسەینییە. ڕامان: بیر لێکردنەوە

شڕە لە قوڕ و لە چاڵاو دەرهێنان: ڕزگار کردنە

کوێستان: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

گەرمێن: باشووری کوردستان

هەواخوا: لایەنگر

هۆنەر: شاعیر، نیاز ئاوات خۆیەتی، کە لە کۆتایی شیعرەکانیدا هەندێك جار کەڵکی لە ناسناوی شیعریی 'هۆنەر'یش وەرگرتووە. بەڵام لێرەدا ئەوە کەوتۆتە ناوەڕاستی غەزەلەکە.

داوات: داوای تۆ، داواکاری و داخوازیی تۆ

ئاوات: ناسناوی شاعیر، هەروەها 'ئارەزوو'- کە بریتی بێت لە سەربەخۆیی کوردستان

باختە: باخی تۆیە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

## پاڕانەوە

ڕووڕەشی دەرگای خودام و سەرفکەندەی موستەفا
شەرمەساری ڕۆژی حەشر و مل کەچی ئالی عەبا
چارەڕەش، شەو تا بەیانی هەر ئەم و ئەولا دەکەم،
هەروەکوو ماری بریندار هەڵدەسووڕێم بێ سەدا
ڕوو لە کوێ کەم یاڕەبی! چ بکەم لە دەس عیسیانی زۆر؟
غەیری دەرگای تۆ نییە دەرکێ کە ڕەحمم پێ بکا
دێمە دەرگاکەت کە بۆ چاك و خراپ ئاواڵەیە
کەوڵ و پێستم ڕادەخەم تا هەم لە دونیای بێ وەفا[229]
هەر ئەوەندەم بەس کە تۆم ناسی و لە تۆ داوا دەکەم
لێم ببووری و خۆش ببی لێم و نەسێنی لێم جەزا
ڕووم ڕەشە ئەمما سەر وڕیشم وەکوو بەفری سپی
بەو سەر وڕیشەم ببەخشە، نەك بە ڕووی هێندە سیا!
'کامیل' ە ناوم، بەڵام ناقیس لە دونیا مامەوە
چونکە بێ مەیلیی ئەتۆم زۆر کرد هەتا توانیم، خودا![230]

قاقڵاوا، ١٣٦٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩ و ١٠ ی چاپی ئەنیسی و ٥٩ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی جەعفەردا 'پاڕانەوە'یە بەڵام لە چاپی ئەنیسیدا بە "ڕووی ڕەش، ڕیشی سپی" تۆمار کراووە و ئەو تەعبیرەش لە فەردی شەشەمی شیعرەکە

---

[229]. چاپی ئەنیسی: کەوڵ و پۆستم
[230]. چاپی ئەمیسی: "هەتا توانیم خود" کە ئاشکرایە هەڵەی چاپە.

وەرگیراوە. شاعیر لەوێدا سەرکەوتووانە سەنعەتی 'تضاد' واتە 'مطابقە' ی لە نێوان ڕووی ڕەش و ڕیشی سپیی بەکار هێناوە. هەمان ئەو سەنعەتە شیعرییە لە فەردی مەقتەعیشدا کەڵکی لێ وەرگیراوە کاتێ ناوی 'کامیل' لەگەڵ 'ناقیس' ی لای یەکتر داناون.

عەرەب گوتەنی ئەو خضوع و خشوعەی ئاوات لە بەرانبەر خودادا سەرسووڕهێنەرە، شاعیر خۆی کردۆتە ڕووڕەش و ناقیس و کەوڵ و پێستی گەدایی لە بەر دەرگانەی خودا ڕاخستووە.

شیعرێکی ئایینییە و پاڕانەوەی شاعیرە لە خودا بۆ لێبووردنی گوناهی و لێ خۆش بوونی و سزانەدانی لە دوای مردن. دوو فەردی یەکەم ڕوونکردنەوەی بارودۆخی شاعیرن لە بەرانبەر خودادا و هەموو فەردەکانی دوای ئەو تا کۆتایی، پاڕانەوەیەتی لەر دەرگانەی خودا بۆ بەخشین. بە تەنیشت ئایینی بوونەوە، هەندێك ڕەگی عیرفانی و سۆفیایەتیش لە شیعرەکەدا هەست پێدەکرێت. بۆ نموونە، هێنانی ناوی ئالی عەبا ئەگەر بە ئامانجی ڕێکخستنی سەروا نەهابێت دەبێ وەك نیشانەیەك بۆ ئەو سوفیایەتییە سەیر بکرێت. دەنا بە حیسابی ژیانی ئاسایی ڕۆژانە، سوننییەکی وەك کامیل شا دەبێ چیدابێت بە ئالی عەباوە![٢٣١]

شوێن و ساڵی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا گوندی قاقلاوا و ساڵی **١٣٦٢** ی هەتاوی ڕاگەیێنراوە کە دەکاتە ساڵی **١٩٨٣** و **٨٤** ی زایینی.

هەندێك تەعبیری فارسی خزاونەتە ناو شیعرەکەوە و ئەوەش ڕوخسارێکی بەرچاوی شیعری 'ئاوات'ە کە خۆی دەربەستی واتا کردووە نەك قاڵب و فۆرم، واتە بە شێوەی میکانیکی وشەی کوردیی پەتی نەهێناوەتە ناو شیعرەکانیەوە و بە پێچەوانە، خۆی داوەتە دەست مرخی شاعیرییەکەی و هەستیاریی لە باری تەکنیکی شیعرەوە بۆ هەرکوێ ئەو بردبێتی، چووە. نموونەی تەعبیری فارسی و عەرەبی لە شیعرەکەدا دەتوانێ ئەمانە بێت: سەرفکەندە، ئالی عەبا، بێ سەدا، سیا، عیسیان، جەزا و ناقیس.

---

[٢٣١] . بۆنموونە، ڕەنگە خوێنەر پێی سەیر بێت ئەگەر بڵێم لە ئەدەبیاتی عارفانی ناوچەی کرماشان و ئەردەڵان و تەنانەت مەڵبەندە دوورترەکانی وەك موکریانیشدا هەندێك نیشانەی نفووزی ئایینی کۆنی ئەهلی حەق و تا ڕادەیەکیش ئێزدایەتی، بەرچاوە.

دوو فەردی کۆتایی شیعرەکە تەنزێکی نەرم ونیانیان تێدایە کە لە ناو تەپ و تۆزی پاڕانە و خۆ بە گوناهبار زانین و داوای لێبووردندا وون بووە و بە هاسانی هەستی پێ ناکرێت: بەو سەر وڕیشەم ببەخشە، نەك بە ڕووی هێندە سیا! کامیلە نێوم بەڵام ناقیس لە دونیا مامەوە.

هەر ئەو تەنزە نەرمە لە کاتی قسە کردن و ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ خودادا، نیشانەیەکی ڕوونە بۆ ئەو ڕەگە سۆفیایەتییەی وا لە سەرەوە باسم کرد. شاعیر وەبیری خودای دێنێتەوە و پێی دەڵێ وا بکە و وا مەکە (بەو سەر وڕیشەم ببەخشە، نەك بە ڕووی هێندە سیا!). تەنیا عارفان دەتوانن بەو شێوەیە خودا بدوێنن دەنا مەلا و ویشکە سۆفی وەها لە ترسی خودای جەبباری هاشمی بێ بەزەیی لە کون دەخزێن و دەلەرزن کە ناوێرن و بە خەونیش نابینن بتوانن بەو شێوە خۆمانەیە لەگەڵ خودادا بدوێن، دواندنیش هیچ، تەنانەت ڕێگای پیشان بدەن و لێی بخوازن چی بکات!

ڕەدیفی شیعرەکە حەرفییە (پیتی /ا/)؛ سەرواکەشی هەندێك بەربڵاویی بەسەرەوە دیارە: چوار جار ـەبا، ـەدا، ـەفا و ـەزا؛ دوو جار بکا و سیا؛ ئینجا یەك جار ودا. ئەو بازدان و لەم شێوازەوە بۆ شێوازێکی دیکە چوون، هەندێك جار لە شیعری گەورە شاعیرانی پێشووشدا دەبینرێت و بە بۆچوونی من درێژەی هەمان هەوڵی شاعیرە بۆ خۆ بە ناوەرۆکەوە ماندوو کردن و کەمتر گوێدانە فۆرم. بەڵام لەبیرمان نەچێت جگە لەو وردەکارییە ناسکەی وا ئاماژەم پێکرد، بە گشتی سەروای شیعرەکە، لە خوێندنەوەی ئاساییدا تەواو و بێ عەیبە.

وشەی دنیا جارێك بە شێوازی کوردی ('دنیا' لە فەردی چوارەمدا) و جارێکیش بە شێوە فارسییەکەی ('دونیا' لە فەردی حەوتەمدا) نووسراوە.

**لێم** ببووری و خۆش ببی **لێم** و نەسێنی **لێم** جەزا، باوەکوو دووپات کردنەوەی وشەیەك لە فەردێکی شیعردا جوان نانوێنێت، بەڵام هەست دەکرێت شاعیر لێرەدا بە وشەی 'لێم' یارییەکی جوانی کردووە و بە دەستەقەسد سێ جار دووپاتی کردۆتەوە و مۆسیقای ناوخۆیی خوڵقاندووە، ئاکامێکی لەبەردڵانیشی لێ وەرگرتووە.

کەوڵ و پێست ڕاخستن، خۆ بە سەر کەسێکدا ساغکردنەوەیە؛ کۆتایی کارێکە خاوەن کار نەیتوانیبێت بە هیچ شێوەیەك چارەسەری بکات؛ کەوڵ و پێست لەبەر دەرگای دوایین ماڵی هیوا ڕادەخرێت و ئەوە بۆ هەندێك لە عارفانی ڕابردووی وڵاتانی ئیسلامی کارێکی ئاسایی بووە. هەندێك لە سۆفیان نەك هەر کەوڵ و پێستیان ڕاخستووە، بەڵکوو

ئیش وکاریشیان نەکردووە و بە سواڵ و سەدەقە ژیاون، بەو دەریۆزە کردنەش شانازییان کردووە.

ناقیس لە دونیا مامەوە، واتە گەرچی ناوم کامیلە بەڵام بە باشی و تەواویی و بە گوێرەی ویست و فەرمانی تۆ لە دنیادا نەژیام و لەو ڕووەوە ناقیس بووم؛ سەنعەتی موتابەقە.

دوایین وشەی شیعرەکە بە شێوەی 'کامیلا' نووسراوە و هەردوو چاپەکەش وایان نووسیوە بەڵام خوێنەر ئەگەر بیەوێت دەتوانێ ناسناوی 'کامیل' بخاتە ناو کەوانووکەوە و ئەلفەکەی بەسوێندا بهێنێت: "کامیل"ا.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## داخوازی ئیمداد

نزام بۆ تۆیە ڕەببەلبەیت! دڵم داخوازی ئیمدادە
دەزانی عەبدی خۆت ئێستاکە وا بێ‌تۆشە و زادە
لە سەر ڕێگایەکی پڕترس و خەوف و دڕکودالْم من
بە لوتفی خۆت بفەرموو پێم لە سەر ئەو جادەیە لادە
ئەوا پیر و فەقیر کەوتوومە ئەولای بێ‌تفاقی، خۆ
ئەمن کوردێکی بێ‌فێڵ‌وفەرەج، مەشهوورم و سادە
ئەتۆی خاوەن‌کەرەم، ئەی سفرەڕەنگین! هەر لە تۆ جوانە
کەرەم، بەخشین و چاوپۆشی لە پیر و کوێر و ئوفتادە[232]
ئەوی تۆی نایەتە بیر، پڕخەم و دەرد و مەشەققەت بوو
کەسێکیش تۆی لە بیر بێ، تا ئەبەد مەسروور و دڵشادە
ئەوی تۆی چوو لە بیر، ڕۆژ و شەوی پڕمەینەت و دەردە[233]
کەسێ وا تۆی لە بیرە، خۆ شەوی ڕۆژ، ڕۆژی ئەعیادە
لەبۆ ڕاوی نەیارانی ڕەسووڵی خۆشەویستی تۆ
"ئیمامی" کردیە ئەستۆ قەڵادە، ساز و ئامادە

قاقڵاوا، ١٣٦٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ٦ ی چاپی ئەنیسی و ١٨٢ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'نزام بۆتۆیە'یە. هەردوو عینوانەکە لە میسراعی یەکەمی فەردی یەکەم وەرگیراون و هەردوکیشیان بۆ ناوەرۆکی شیعرەکە بەڕێ وجێن

---

[232] چاپی ئەنیسی: کەڕەم
[233] چاپی ئەنیسی: ئەوی تۆی

که پەسنی خودایە. ئەنیسی کە دیوانی شیعرەکانی بەگوێرەی ناوەرۆك دابەش کردوون، ئەم غەزەلەی هاوڕێ لەگەڵ شیعری دیکەی هاوناوەرۆك، لە بەشی یەکەمی دیوانەکەدا هێناوە.
ئاوات وەك خاوەن بڕوایەکی سۆفییانە، لە ترس ولەرزێکی دایمیدا ژیاوە و خۆی بە تاوانبار و گوناهکارێکی هەمیشەیی زانیوە کە شیاوی سزادان وتۆڵەسەندنەوەی خودایە و هەربۆیەش لە شیعرەکانیدا بە سەدان جار لە خودا پاڕاوەتەوە بیبەخشێت و چاوپۆشی لە گوناهەکانی بکات؛ لە پێغەمبەریش بۆ ئەوەی لای خودا شەفاعەتی بۆ بکات کە لە گوناهەکانی خۆش بێت. ئەو گوناهانە چین؟ ئایا هەر لە بنەڕەتدا گوناهێك کراوە؟ لە زوربەی هەرەزۆری حاڵەتەکاندا خەتایەك لە مرۆڤ ڕووی نەداوە و ئەوە مرۆڤی موسوڵمانە کە هەمیشە قەرزداری خودایە و لای وایە ئەگەر خودا نەیبەخشێت دەبێ بکەوێتە دۆزەخەوە. لە فەردی دووهەمدا ئەو بێ تاوانییە دەردەکەوێت.
سەهل کوڕی عەبدوڵلای تستری دەیگوت "لەسەر هەموو مرۆڤێك واجبە لە هەر هەناسە هەڵکێشانێکدا جارێك تۆبە بکات"! دەبێ ئەو کەسە چی کردبێت کە هەر خولەکێك ٦٠ یان ٧٠ جار تۆبەی گوناه بکات؟ ئاوات لە خودا دەخوازێت *'لە سەر ئەو جادەی'* تاوانە لایبدات لەبەر ئەوەی خۆی نازانی تاوانەکە کامەیە و ڕێگای خۆ لێ لادانی کامە، تا خۆی بپارێزێت. تەنیا خودا و پێغەمبەری ئیسلامن کە دەبێ جادەکەی بۆ دەست نیشان بکەن و پێی بڵێن خۆتی لێ لابدە! ئەوە شێوە ژیانێکە کە زوربەی ئیماندارانی موسوڵمان بە تایبەت سۆفییان تێیدا دەژین و ترس و دڵەڕاوکێ لە گوناه و تۆڵەی خوداوەند مۆتەکەیەکە هەموو ماوەی ژیانیانی داگرتووە و لە ڕاستیدا بۆ ئەوان ئەزەلی و ئەبەدییە. ئەوە فەزای ژیانی ڕۆژانەی شاعیرەکەی ئێمەشە.
ڕەببەلبەیت: رب البيت، خاوەندی ماڵی کەعبە، خودا.
زاد: تۆشە. فارسییە
ئەولای بێ تفاقی: ئەوپەڕی هەژاری و نەداری. دیارە ئەو تفاقە، ماڵ و سەرووەت و سامان نییە و بە حیسابی موئمینان، کاری چاکەی ماوەی ژیانیانە کە دەبێ تۆشە و تفاق بێت بۆ دواڕۆژ و پاش مردن.
خەوف: ترس. عەرەبییە. دوکتۆر عبدالحسین زرین کوب دەڵێ "ئەوەی بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی تەسەووف، زوهد بوو و خەوف لە خودا".[٢٣٤]

---

[٢٣٤] ارزش میراث صوفیه، ل.٥١

دڕك ودالْ: دڕوو ودالْیش دەگوترێت. دڕك چقلە. دالْ بە گوێرەی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار دەنکە. دڕك و دالْ بە سەر یەکەوەش لە سەر زمانی خەلْك هەر دڕك و چقلە. من 'دالْ'ەکە وەك موهمەلی ڕێزمانی دەبینم.
خۆ: لە ئاکاما (هەنبانە بۆرینە). لێرەدا واتای ئاشکرا و ڕوونی هەیە. خۆ من کوردێکی مەشهوور و سادەم: لێت ئاشکرایە کە من کوردێکم و بە ساف و سادەیی ناوم دەرکردووە. 'خۆ' دەبێ لەگەلْ میسراعی دووهەمدا بخوێنرێتەوە. ئەو وشەیە لە فەردی شەشەمیشدا دووپات بۆتەوە و هەمان واتای لەئاکامدا و ئاشکرا و دیار دەداتەوە.
بەخشین: دوو واتای هەیە: یەکەم، خەلات و بەخشش و دووهەم، لێبووردن. بەگوێرەی چەشنی خوێندنەوەی فەردەکە دەتوانین هەرکام لەو دوو واتایە لە شیعرەکە وەربگرین. ئەگەر بلێین 'هەر لە تۆ جوانە کەرەم' ئینجا بەخشین و چاوپۆشیش پێکەوە بهێنن، بەخشینەکە واتای لێبووردن دەدات. بەلام ئەگەر بلێین: هەر لە تۆ جوانە کەرم، بەخشین و چاوپۆشی واتە سێ چەمك بەشوێن یەکدا بهێنین، واهەیە بەخشین لەگەلْ کەرەم بکەوێت و واتای دەهەندەیی بدات. من زیاتر بۆ حالەتی یەکەم دەچم و بە لێبووردنی دەزانم.
ئوفتادە: کەوتوو، لەکار کەوتوو، فارسییە. لە کوردیدا وەك 'ئیفتادە'ش گوتراوە.
شەوی ڕۆژ...: واتە شەوی وەك ڕۆژ ڕووناکە و ڕۆژیشی جەژنە.
لەبۆ ڕاوی نەیاران...: شاعیر لێرەدا خۆی بە سەگ، یان تانجیی دەرگانەی خودا داناوە و گوتوویەتی پەت لەمل، ساز و ئامادەم کە فەرمانم پێ بدەی بچمە ڕاوی دوژمنانت. لە مێژووی تەسەووفدا ئەوە بە "تسلیم بە حق" دادەنرێت کە خاوەنەکەی ئیتر خۆی هیچ نییە و فەردییەتی نەماوە و لە 'حەق'دا تواوەتەوە. سۆفی عاشقی زاتی خودایە و عاشق دەبێ بە تەواوەتی تەسلیمی مەعشوق بێت، تەوەککول بەو بکات و خۆی نەك سەگی گەرگانە بەلْکوو تۆزوخۆلی بەردەرگاش حیساب نەکات.
ئەوەی لە پەیوەندیی ئەم فەردەدا شایانی گوتن بێت ئەوەیە ئاوات، کە واهەیە لە کاتی گوتنی شیعرەکەدا تووشی جەزبە هاتبێت، دەلێ ساز و ئامادەم بچم لاقی ئەو دوژمنانەی تۆ (کە دوژمنانی دینی ئیسلام بن)، بگرم واتە بچمە غەزای کافران و شەڕیان لەگەلْ بکەم. ئەو توندوتیژی نواندنە بۆ ئاوات تا ڕادەیەك نامۆیە و ئێمە لە شیعرەکانی دیکەیدا تەنیا یەکدووجارتووشی هاتووین. ئاوات مرۆڤێکی هێدی و هێمن و بێ وەی بوو لێرەدا دەبینین قسە لە شەڕ و غەزا دەکات، باوەکوو وەك ئیمانداریکی

موسوڵمان، بە پێی فێرکردنەکانی قورئان، واجبی سەرشانی هەموانە بچنە (غەزا) واتە شەڕی دوژمنانی دین. وەك بنەماڵەش، زۆر واهەیە کارتێکەریی مامی خۆی، مەرحوومی حاجی بابەشێخی لەسەر بێت و ئەو شیعرە ڕەنگدانەوەی ئەو کارتێکەرییە بووبێت. حاجی بابەشێخ بەرپرسی لقی حزبی 'اتحاد اسلام' بوو لە کوردستان و لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەو ناوە، لایەنی عوسمانی و ئاڵمانیای گرت و یارمەتی سوپای عوسمانی دا، تەنانەت جارێك چوو بۆ خاکی عوسمانیش.[٢٣٥]

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

[٢٣٥] بڕوانە، ڕەحمان محەممەدیان، "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا"، نشر کولەپشتی، بەرگی یەکەم، لل. ١٦٤ تا ١٧٢

## حاسڵی من

وەی کە هەر کاتێ شین بێ گوڵی من
کە بپشکوێ، چ خۆش دەبێ دڵی من
ڕابوەستن هەتا دەگاتە بەهار
جا دەبینن گوڵیش لە سەر گڵی من
ئەوکەڕەت کیژوکاڵ لە من پرسن
تێدەگەن باش کە قەبرە مەنزڵی من
مەنزڵی چی؟ پڕە لە خیز و بەرد
پاکی هەر دڕکوداڵە باخەڵی من
کەسێ بچنێ گوڵێك لە سەر گۆڕم
هەڵدەچێ زوو لە دەستی پێکوڵی من
بەرهەمی ساڵیانەکەم پرسن
سەری خەرمان جەفایە حاسڵی من
من بە "ئاوات"ی خۆمەوە سووتام
داخۆ کەنگێ بڵند بێ مەشقەڵی من

قاقڵاوا، ١٣٦٣ی هەتاوی
(لاپەڕە ٥٥ و ٥٦ ی چاپی ئەنیسی و ١٥٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "مەشقەڵی من' ە و ئەویش وەك 'حاسڵی من' لە دەقی شیعرەکە وەرگیراوە. من 'مەشقەڵی من'م پێ شاعیرانەترە.

شیعرەکە سەراپا حەسرەت و خەم وکوڵە لە 'بێ حاسڵی' و 'سووتان بە ئاواتەوە' و ئەو ڕۆحیەتە لە شیعری ئاواتدا هیچ نامۆ نییە. شاعیر جگە لە ئاواتی شەخسی و تاکەکەسی، مرۆڤێکی خاوەن بڕوای سیاسی و ئەندامی حزبێکی ناسیۆنالیستیی کورد (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بوو. سەرنەگرتن و بێ ئەنجام مانەوەی ئامانجەکانی حزب و بە گشتی گەلی کورد، هەمیشە بارێکی قورس بووە بە سەر شانی شیعری ئاواتەوە و شاعیری لە ژیان ماندوو کردووە. ئەوە لە لایەك و سۆفیایەتییەکەی لە لایەکیترەوە- کە لەوێشدا بایەخی زیاتر بە مردن دەدرێت تا ژیان، بۆتە هۆی ئەوەی وشەی مردن و چاوەڕوانیی مردن و ئامادەیی بۆ مەرگ و ئاواتی مەرگ خواستن گەلێك جار بێتە ناو شیعرەکانیەوە، کە ئەوەش یەکی لەوانە.

فەردی یەکەم کە لەباری ناوەرۆکەوە جیاوازە لە فەردەکانی تر، لەوێدا شاعیر هەستی شادی و خۆشیی خۆی بۆ وەرزی بەهار و پشکووتنی گوڵ دەردەبڕێت و دەڵێ دڵم بە شین بوون و پشکووتنی گوڵ خۆش دەبێت. خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەو فەردە، چاوەڕوانی وەسفی بەهار و پەیامی شادی و خۆشی دەکات، بەڵام گەلێك زوو دەزانێت کە تووشی نایەت و هەر لە فەردی دووهەمدا چاوی ڕەشی کاڵ دەبێتەوە لەبەر ئەوەی بەهار و گوڵ شوێنی خۆیان دەدەن بە قەبر و دڕك وداڵ و زیخ و بەرد، کە ڕاست پێچەوانەی چاوەڕوانییەکەی ئەون، لووتکەی قسەکەش ئەو کاتەیە کە شاعیر لە خوێنەر دەخوازێت چاوەڕوانی بەهار بێت بۆ ئەوەی گوڵ لە گڵی قەبری شین بێت!

ئەو بۆچوونە و ئەو ئەویندارییەی قەبر و مردن لە شیعری ئاواتدا نە تازەیە و نە سەمەرە. من بە هەموو حیسابێك ئاوات بە کەسایەتییەکی عارف دەناسم، کۆڵەکەیەکی عیرفان و تەسەووفی ئیسلامی ڕق بوونەوەیە لە ژیانی ئەم جیهانە کە بەگوێرەی سۆفیانی سافیی، دوورکەوتنەوەی مرۆڤە لە ئەسڵ و جەوهەر واتە زاتی خودا؛ مەرگیش ئەو حاڵەتە خۆشەیە کە کۆتایی بەو دوورییە دێنێت و کەسەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵ واتە دەچێتەوە بارەگای خودا. سەبارەت بەو چێژەی وا سۆفییان لە مردنیان بینیوە حیکایەت و گێڕانەوەی زۆر هەیە دەڵێن سۆفییەك بەناوی 'ابوسفیان ثوری' ئاواتەخوازی مردن بوو و هەرکات بینیویە یەك لە موریدەکانی چووە بۆ سەفەر گوتوویەتی ئەگەر مردن لەو شوێنە هەبوو بیکڕە و بۆمی بهێنە! 'اصحاب صفه' چل سۆفی چلەنشین بوون

که دەگوترێت ڕۆژی بە هەموویان یەك دانە خورمایان هەبوو ئەم هەندێکی دەمژی و دەیدا بەویتر! هەموو ئەوانەش وەك بایەخ نەدان بە ژیان و ئامادەیی بۆ مردن.[٢٣٧]

لێرەدا ئێمە پەسنی مردن بەو شێوە زێدەڕۆییانەیە نابینین و تەنانەت هەندێکیش حەسرەتی ژیان لای شاعیر هەست پێدەکەین لەوەی کە لە ژیانی خۆیدا 'حاسڵی جەفا [بێوەفایی] هەڵگرتووە' و 'بە ئاواتی خۆیەوە سووتاوە' و درەنگ و زوو 'مەشقەڵی ئاگر لەلەشی بەرزدەبێت'. بەڵام هەرچۆنێك بێت، ملۆزمی چەمکی مردن شیعرە بەهارییەکە لە خوێنەر دەگۆڕێت ولە ناو باغەوە دەیباتە گۆڕستان.

وەی: پیتێکە بۆ ڕوون کردنەوەی 'منادی'[٢٣٨] کە لێرەدا خۆش بوونی دڵی شاعیرە.

'هەرکاتێ شین ببێ' و 'بپشکوێ' هەردوکیان دەگەڕێنەوە بۆ سەر 'گوڵی من'؛ شێوازی دەربڕین و دابەشکردنیان بە سەر دوو میسراعدا، تازە و جوانە.

گوڵ و گڵ: جیناسی ناتەواویان لێ پێکهاتووە.

خیز: چەو. ئەم وشەیە لە زوربەی بەشەکانی دیکەی کوردستان وەك 'زیخ' دەگوترێت و دەنووسرێت؛ بەڵام وابزانم ئەو شێوازەی وشەکە تایبەت بە بەشێك لە موکریان بێت. ئەگەر لە شوێنی دیکەش هەبێت لێی ئاگادار نیم.

پێکوڵ: دڕوو

سەری خەرمان جەفایە حاسڵی من: لەم فەردەدا هەست بە هەندێك گێژوگومی دەکرێت. دوای ساڵێك بەرهەم هێنان، ئەوە کێیە جەفا لە شاعیر دەکات؛ خەڵك؟ یا خود ئەوە شاعیرە جەفا لە باوەڕەکەی خۆی دەکات و خۆی لە بەرانبەر خودادا بە جەفاکار دادەنێت؟ ئەگەر بۆچوونی دووهەم بەڕاست بزانین، ئەم فەردەش لە درێژەی فەردەکانی پێش خۆیدا دەبێت، دەنا تاك دەکەوێتەوە.

مەشقەڵ: گڕی ئاگر. ڕەنگە 'مەشعەل'ی عەرەبی بێت کە کوردێنراوە. تەرکیبی مەشقەڵان' ی ئەم وشەیەش لە کوردیدا هەیە. نالی شێوە عەرەبییەکەی لەکار کردووە:.

*"نالی، سەرت لە گومبەدەکەی خانەقا دەکا*

*گاهێ پڕە لە مەشعەلە، گاهێ لە مەشغەلە"*

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

خفیف مسدس مخبوب محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

---

[٢٣٧] . دکتر امیر حسین زرین کوب، "ارزش میراث صوفیه"، لل. ٤٦ و ٥٣.

[٢٣٨] بە ئەلفی مەمدوودە

## جەژنی ئێمە

وەك دەڵێن ئازاد بووە سەد شوکر کاك سەید مستەفا
بۆیە دنیا پڕ بووە ئەورۆ لە دڵخۆشی وسەفا
جەژنی ئێمە بوو بە دوو ئەو ساڵ بە لوتفی کردگار
با لە دڵ دەرکەین خەم و حەسرەت هەموو جەو ر جەفا
با وەخڕ بین شوکری یەزدانی مەزن بێنینە جێ
بوغز و کینە لابەرین و بێینە سەر سیدق و سەفا
هەر شەو و ڕۆژێك هەزار شوکری خودا هێشتا کەمە
چۆن بکەین ئێمە بە جارێك و بە سەد جار ئیکتیفا؟
هەر لە ئێستاوە هەتا دەمرین بڵێین یاڕەب شوکور
هەر ئەوە ئەو خاوەنی لوتف و عەتا، میهر و وەفا
قاقلاوا، ١٣٦٤ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٦٠ ی چاپی جەعفەر، لە چاپی ئەنیسیدا نییە)

---

باوەکوو شیعرەکە لە ساڵی ١٣٦٤ (١٩٨٥ و ٨٦) دا گوتراوە و دیوانی چاپی ئەنیسی ساڵێك دوای ئەو بلاو بۆتەوە، بەڵام نەمتوانی لەوێدا بیدۆزمەوە.
سەید مستەفا سەیادەت کوڕی سێهەمی نەمر حاجی بابە شێخ و ئامۆزای ئاواتە، کە ئێستا لە ژیاندایە. سەید دوو کوڕی دیکەی حاجی بابە شێخ واتە سەید عەزیز و سەید قادر وەفاتیان کردووە. شیعرەکە بەڕوونی سەید مستەفای ناوبردە کردووە و مەسەلەی ئازاد بوونەکەشی ڕاگەیاندووە. ڕوونکردنەوەی پەراوێزی لاپەڕەکە لە لایەن کاك جەعفەرەوە مەسەلەی ئەو گیران و زیندانی بوونە بە تەواوەتی پشتڕاست دەکاتەوە. کاك جەعفەر نووسیویەتی: *"بۆ ئازادبوونی حاجی سەید مستەفا سەیادەت، ئامۆزای ئاوات لە زیندان"*.

بەگوێرەی زانیارییەك كە لە بنەماڵەی بەڕێزی سەیادەتەوە پێم گەیشتووە، ئاغا سەید مستەفا لە ساڵی ١٣٦٤ یان ٦٥ دا لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە گیراوە و دوو یان سێ مانگێك لە زینداندا بووە. هۆكاری گیرانەكەی ئیعتیرافی [ڕاست یان چەوتی] كەسێك لە ئەندامانی حزبێكی سیاسی بووە، واتە گیرانەكە هۆكاری سیاسیی لەپشت بووە.[٢٣٩]
یەك لەو شیعرە ساكارانەیە وا ئاوات بۆ كەس وكار و برا و ئامۆزاكانی خۆی هۆندۆتەوە. مامۆستا ئەنیسی كارێكی باشی كردووە بەوەی ئەو چەشنە شیعرانەی لای یەكتر داناون و دابەشكردنی دیوانەكەی لە سەر بنەمای ناوەرۆك بەڕێوە بردووە. بەڵام ئاغا سەید جەعفەر و هاوكارەكانی شیعرەكانی ئاواتیان بە گوێرەی ئەلف و بێی كۆتایی شیعرەكان (بەحری ئەلف وبێ)هێناوە، لە ئەنجامدا شیعرەكان لە باری ناوەرۆكەوە تێكەڵاوی یەكتر كراون و ئەم شیعرە بۆتە دووهەم پارچەی چاپكراوی ناو دیوانی چاپی چەعفەر.
لە فەردی دووهەمدا ئاوات دەڵێ *"جەژنی ئێمە بوو بە دوو ئەمساڵ"* واتە ئازاد بوونی سەید مستەفا دەبێ لە سەروحەددی جەژنێكدا بووبێت كە ئێمە نازانین كامەیە. من بیرم زیاتر بۆ یەك لە جەژنە ئاینییەكان (ڕەمەزان، قوربان یان مەولوود) دەچێت تا نەورۆز.
شیعرەكە هەر لە فەردی یەكەمەوە بە "شوكر" ی خودا دەست پێدەكات بۆ ئەو ئازادییەی ئامۆزاكەی و لە فەردی دووهەم و سێهەمیشدا قسە لە لوتفی كردگار و شوكری یەزدانی مەزن دەكات، ئینجا هەردوو فەردی چوارەم و پێنجەم ئیتر جگە لە شوكر كردنی خودا بۆ ئەو ئازادییە هیچ بابەتێكی دیكەی تێدا نییە و هەر بە گشتی شیعرەكە سەرجەم، "شوكرانبژێری" و شوكرنامەیە.
وشە، یان تەعبیرێكی ئەستەمی تێدا نییە پێویست بكات باسی لێوە بكەین. پێناسەیەكی شیعری ناسراو بە 'ئیخوانیات' یش بەگشتی هەر ئەو ساكاری و تایبەتمەندبوون و زۆرجاریش كەم ناوەرۆكییەیە.

بەحری عەرووزیی شیعرەكە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

---

[٢٣٩] . ناوی حزبەكە و ئەو كەسەی وا ئیعتیرافی لەسەر كردووە، هەروەها زانیارییەكی دیكە لەمەڕ سەید مستەفا بە من ڕاگەیێنراوە بەڵام من بۆ پاراستنی لایەنی ئاسایشی كەسەكان ڕایانناگەیێنم. سپاسی زۆری ئەو برادەرە بەڕێزانە دەكەم كە ئەو زانیارییانەیان بە من و خوێنەرانی ئەم دێڕانە دا.

## شووشەی دڵ

که هێمن ڕۆیی شووشەی دڵ شکاوە
نەماوە تاقەتم، هێزم بڕاوە
ئەویستەش هەر لەبەر چاوانە وێنەت
مەڵێ ئابڕوو لەچاودایە، تکاوە!
تکابێتیش، لەبەر پێتە گلێنەم
وڕێنەت بۆ دەکا چاوم لە لاوە
نە تەنیا شووشەکەی دڵ کەوت و چڕژا،
نەمامی باغی ژینیشم چەماوە
بە مەرگی تۆ پیاڵەی عەیش و نۆشم
لە سەد جێ درزی داوە، لێم ڕژاوە
لە سارا وو کەژ و کۆ شوێنی تۆیە[240]
بەڵام دەرکی هەمووکەس داخراوە
لە هیچ لایەك سەدا نایێتە گوێی من
دەڵێی حەشرە و کەسێ ئیتر نەماوە
لە کوێستانیش نەماوە چیغ و چادر
دەڵێی خاوەن پەزیش تاوڵی دڕاوە!
بە گریانی سەماش، کوێستان خزیوە
لە هەر لایێکی سێلاو تێی خزاوە
لە کورد و کوردەواری و نیشتمانم
چ هیوا و هومێدێکم نەماوە[241]

---

[240]. چاپی جەعفەر: لە سارا وو کەژ وکۆ

به هۆنراوە خەیاڵی تەونی خۆم کرد
کەچی ڕیسم لە سەد لاوە پساوە
تەشیی نەخولاوە بەختی من بە لاوی
کە کرژی با بدا، جا بۆیە خاوە
بە مەرگی تۆ بوو ئاوات بۆتە پووشێك
لە گۆمیشی بخەی، تەرمی سەرئاوە!

مەهاباد، ١٣٦٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٠٨ و ٢٠٩ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا بەرچاو ناکەوێت و ئەوەش سروشتییە. مامۆستا هێمن لە بەهاری ساڵی ١٣٦٥ ی هەتاویدا کۆچی دوایی کردووە. کتێبەکەش لە بەهاری هەمان ئەو ساڵەدا لە تاران چاپ بووە، بەڵام ئاشکرایە دەبێ پێشتر ئامادە کرابێت و درابێتە وەزارەتی ئیرشادی مەلاکان بۆ ئیجازە و پاشانیش چووبێتە چاپخانە. عینوانی شیعرەکە لە چاپی جەعفەردا هەر ئەوەی سەرەوەیە. بابەتی شیعرەکە ڕوونە و شاعیر بە ڕاشکاوی گوتوویەتی "کە هێمن ڕۆیی..."؛ هەروەها لە پەراوێزی چاپی جەعفەردا نووسراوە: "بۆ وەفاتی مامۆستا هێمن".
هێمن و هەژار و ئاوات و هێدی و حەقیقی و خاڵەمین و نووری نەسلی دووهەمی شاعیرانی موکریانن کە ڕێچکەی نەمر سەیفولقوزاتی قازییان هەڵگرتووە، بوونەتە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف و لە دامەزرانی کۆماری کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ دا هەڵسووڕاو بوون. من ئاگام لە 'ڕادە' ی دۆستایەتی نێوان ئاوات و هێمن نییە بەڵام دەزانم دۆستی یەکتر بوون. هەر ئەوەی کە شیعرەکە لە ساڵی مردنی هێمندا و لە مەهاباد گوتراوە، بەشداریی شاعیر لە ڕێ وڕەسمی کۆچی دوایی هێمن پیشان دەدات.
شیعرەکە ساکار و بێ گرێ وگۆڵە، شاعیر لە پێنج فەردی سەرەتادا باسی ژیانی خۆی دوای مەرگی هێمن دەکات کە شووشەی دڵی بەو مردنە چرژاوە و نەمامی باغی ژینی چەماوەتەوە و.... ئینجا لە پێنج فەردی دواتر دا پەیوەندی نزیکی هێمن لەگەڵ سروشتی کوردستان و چیغ و چادر و ڕەشماڵی خێڵاتی کورد دەخاتە بەرچاوی

---

[241] . چاپی جەعفەر: چ هیوا وو هومێدێکم

خوێنەر و نەك هەر سروشتێکی بێ گیانیش بەڵکوو سروشتێك کە ڕۆحی مرۆڤی 'خاوەن پەز' واتە هەوارچیانی کوردیشی پێدا گەڕاوە بەڵام هەردوکی ئەمانە هەم سروشت و هەم مرۆڤ بە مردنی هێمن بێدەنگن و لە هیچ لایەکەوە سەدا نایەتە گوێ وەك ئەوەی ڕۆژی حەشر بێت. سێ فەردی کۆتایی شیعرەکە گەڕانەوەیە بۆ پێنج فەردی یەکەم واتە بۆ سەر شاعیر خۆی. لێرەدا دوای ناوبڕی ناوەڕاست، دیسان لە خۆی دەدوێت و ئەو دۆخەی وا بە مەرگی هێمن تووشی هاتووە، بە تایبەت لە فەردی کۆتاییدا دەڵێ [بەو بۆنەیەوە]، بوومەتە پووشێك و ئەگەر بشمرم تەرمم لەبەر سووکی دەکەوێتە سەر ئاو.

بە گریانی سەماش... من وای بۆ دەچم کە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٥ دا بارانێکی زۆر باریبێت و لە ئەنجامی ئەو بارشتەدا، لە شوێنێکی کوردستان، زەوی کوێستانیش خزیبێت. ئاوات ئەو دیاردە سروشتییە بە مەرگی هێمنەوە دەبەستێت و وای دادەنێت کە سەما واتە ئاسمانیش بۆ مەرگی هێمن گریابێت. ئاوات لە شیعرێکیشدا کە بۆ مردنی مامی واتە حاجی بابەشێخی هۆندۆتەوە، بە هەمان شێوە، بارانی ئەو شەوە بە گریانی ئاسمان بۆ مەرگی مامی دادەنێت.

لە کورد و کوردەواری و نیشتمانم... بە بۆچوونی من ئاوات دەڵێ "کورد و کوردەواری و نیشتمان هەموو [دوای مەرگی هێمن] بێ هیوا ماونەتەوە." گەرچی شیعرەکە وا دەنوێنێت کە شاعیر لە کورد و کوردەواری و نیشتمان بێ هیوا بووبێت، بەڵام هیچ هۆکارێك بۆ ئەو قسەیە نییە و ئاوات شاعیرێکی بەرپرسە، کەهیوای قایمی بە دوارۆژی ڕزگاریی نیشتمانەکەی هەیە. کەوابوو، دەبێ ئەوە خودی شاعیر بێت کە دوای مەرگی هاوڕێ خۆشەویستەکەی هیوای لە هەموو ئەوانە بڕابێت.

بە هۆنراوە خەیاڵی .... لام وایە شاعیر دەیەوێ بڵێت خەیاڵی ئەوەم بوو تەونێکی چاك بکەم واتە هۆنراوەیەکی باش بە بۆنەی مردنی هێمنەوە بڵێم بەڵام بۆم نەکرا لەبەر ئەوەی مەرگی هێمن ڕیسی لە سەدلاوە پساندووم و ئەوەم لەدەست نایەت.

تەشیی نەخولاوە ... ئەم فەردەش لە درێژەی فەردی پێشتردایە و ئاوات خەتای خاوبوون و کرژ نەبوونی شیعرەکەی دەخاتە ئەستۆی بەخت و ئیقباڵ و دەڵێ هەر لە سەردەمی لاویەتییەوە تەشییەکەی منیان باش خول نەدا و هەوداکەیان باش نەڕست. دیارە ئەگەر بێ پەیوەند لە فەردی پێشتر سەیری بکەین گۆڕانێکی زۆری بەسەردا نایەت و ئەوی دەمێنێتەوە گلەیی و گازندەی شاعیرە لە بەختی خۆی کە هەر لە

سەردەمی لاویەتییەوە بێ قسەیی ئەوی کردووە و تەشیی بەختی بە مەڕامی ئەو نەسووڕاوە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە، هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

# پاڕانەوە

سەگێکی دەمرەشی بێ کەڵپە، پیر و کولکن و نووزن
دەسووڕێ خوێڕییە، کۆڵان بە کۆڵان، سەد کون و قوژبن
چلێس و گورگەمێش و بێوەڕ و بێپاسی هەروەك من[٢٤٢]
بە کاری چی دێ یاڕەب! غەیری بەخشین و قەبووڵ کردن؟
بەغەیری پەت لە ئەستۆ خستن و بۆ دەرکی خۆ بردن!

بە تۆ نازیوە تا ئێستا، پەتی لەستۆ خە، ڕایکێشە[٢٤٣]
ئەگەرچی سەد شتی منداری خوارد وەك پێستە و پێشە
بەڵام موستەوجبی ڕەحمە دڵی پڕدەرد و پڕئێشە[٢٤٤]
بە سەرسەختی ژیاندت ماوەیەك، بۆیە جگەر ڕێشە
گلاوە، چی دەگەڵ دێ غەیری بەخشین، پیرەسەی کولکن؟

سەگێکە گەرچی بێپاس و وەڕە، ئەمما وەفادارە
بە دار مۆخی دەرێنن، دێتەوە بەردەرکی تۆ، دیارە
لە دەرکوبانەکەت هەڵناگرێ دەس، چونکە ناچارە
بە بەردی شوانەوێڵەش گەرچی ئەندامی بریندارە
کە خواردی نانی شوانی، دیارە بێقەدرە سەگی نەوسن

---

[٢٤٢] چاپی ئەنیسی: بێ پاس هەر وەك من
[٢٤٣] چاپی ئەنیسی: لەستۆ خرای کێشە. دەبێ هەڵەی تایپ بێت
[٢٤٤] چاپی ئەنیسی: ڕەحمی دلی...

بچۆ بەردەرکی خاوەن خوان و بەخشین، یانی ئەو زاتە-
ئەوەی خاوەنزەمان و مانگ و ساڵ و کات و ساعاتە[245]
نییە وێنە و نەزیری، هەر هەیە و هەر بووشە، ئیسباتە
بە هیچی دایمەنیٚ تا داتنەناوە ئەم دەم و ساتە[246]
کە تۆپی، بیٚڕەواجە کلکەسووتیٚ، یانە پاڵکەوتن

ئەتۆش "کامیل"! سەگی، ئەمما سەگی بیٚکار و بیٚپاسی
بە گۆشتی پیسی مندار خواردنە تۆ وا کەڕ و کاسی[247]
بە قوززەڵقورت و دەردت بیٚ، زگت وەك ماسی هەڵماسی
عەجەب یانیگرێکی، خاوەن و بێگانە ناناسی
نیشانەت دەرکەوت، هێندەت نەماوە بۆ دەمی مردن

قاقلاوا، ١٣٦٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٢١ و ١٢٢ی چاپی ئەنیسی و ٢٦٣ و ٢٦٤ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا هەر 'پاڕانەوە'یە.
یەك لەو ٥ پارچە شیعرە پێنج خشتەکییەیە وا لە دیوانی ئاواتدا بەرچاو دەکەون. بە ماوەی ٣ ساڵ پێش مەرگی شاعیر گوتراوە و مۆرکی پیری و بیٚ هیوایی بە ڕوونی بە سەرەوە دیارە.
شیعرێکی ئایینی پاڕانەوە لە خودایە، بەڵام لێرەدا وێدەچێت ئاوات بە تەواوەتی لە خودادا توابێتەوە و نیشانەیەك لە 'خۆ'ی نەمابێتەوە. شاعیر خۆی بە سەگێکی پیری گلاوی یانیگری بیٚ کەڵپە... دادەنێت و لە خودا دەخوازێت پەتێك بخاتە ملی و بەرەو دەرکەی خۆی ڕابکێشێت.
ئەوە تەسەووف و باوەڕی 'وحدت الوجود'ی نییە وا لە شاعیر دەکات خۆی بگەیێنێتە ئەو شوێنە کە لە سفر نزیك بێتەوە. ئەو فەلسەفەیە دیارە غروور و کەللەڕەقی لە

---

[245] چاپی ئەنیسی: ئەوی خاوەن...
[246] چاپی جەعفەر: بەهیچیٚ
[247] چاپی ئەنیسی: پێسی.... کڕ وکاسی

مرۆڤدا ناهێڵێتەوە بەڵام لە عەینی کاتدا بە شوێنێکییەوە دەبەستێتەوە کە چەشنە شانازییەکی پێدەبەخشێت و هەر بۆیەش ناهێڵێت تووشی حەقارەت بێت. تەسەووف ناتوانێت پاڵنەری شیعرێکی ئەوتۆ بێت بەڵکوو ئەوە ئایینە کاری وای پێدەکات. پەیوەندی مرۆڤ و خودا تەنیا لە ئایینی ئیسلامدا دەتوانێت وا یەك لایەنە و "ئاغا-ڕەعیەتی" بێت.

دیارە لەو پەیوەندییەدا نابێ دیاردەیەکی دیکەشمان لەبیر بچێت ئەویش پیری و ترس لە مردنە بەڵام تەنانەت مردنیش لە ئایینەکانی دیکەدا ئەوەندە جێگەی ترس نییە و چاوەڕوانیی نەکیر و مونکیر لە قووڵایی گۆڕیش، هەر بەشێکن لە فێرکراوەکانی ئایینی ئیسلام.

دەم ڕەش: کەسێ کە چاك نابێژێ (هەنبانە بۆرینە).

کەڵپە: ددانی پێشەوە. کەڵپ ددانی پێشەوەی بوونەوەری غەیری ئینسانە.

کولکن: پڕ موو.

نووزن: سەگێك کە هەر دەوەڕێت؛ کینایە لەکەسێك کە پرت وبۆڵەی زۆر دەکات.

چڵێس: نەوسن

گورگەمێش: سەگی زیانی خرۆ، کە پەز دەخوا (هەنبانە بۆرینە)

بێ وەڕ: سەگێك کە بێگانەش ببینێت هەر پێی نەوەڕێت؛ سەگی پیر؛ مرۆڤی بێ کەڵك.

بێ پاس: سەگێك کە پاسی خاوەنەکەشی نادات؛ مرۆڤی بێ خێر.

مندار: حەیوانێك کە بە بێ سەربڕینی مرۆڤ مردبێت (مرۆڤ خۆی بە خاوەنی هەموو ئەو جیهانە دەزانێت و لای وایە هیچ حەیوان و باڵندەیەك مافی مردنیشی نییە بە بێ ئیجازەی چەقۆی ئەو!)

پێشە: ئێسقان

موستەوجیب: شایان، سزاوار، عەرەبییە.

ڕێش: بریندار

گلاو: زۆر پیس، جێ دەمی سەگ و بەراز (هەنبانە بۆرینە)

پیرە سە: سەگی پیر

مۆخ: مەغزی ئێسقان

خوان: سفرە

ئیسباتە: سەلماوە
بە هیچی: بە بێهوودەیی
تا داتنەناوە ئەم دەم و ساتە: تا نەمردووی
تۆپی: مردی. تۆپین، مردنی حەیوانی پیسە (هەنبانە بۆرینە)
کلکە سووتێ: کلك ڕاتلەکاندنی سەگ بۆ کەسێ کە خۆشی دەوێ، بریتی لە ڕیایی و زمان لووسی (هەنبانە بۆرینە)
پاڵ کەوتن: ڕاکشان، لێرەدا نیاز لە ڕاکشانی سەگ یان بەشێوەی سەگە
کاس: وڕ، گێژ
کەڕ و کاس: کەسی گێژ، کەسێك کە باش تێناگات. لە چاپی ئەنیسیدا 'کڕ وکاس' هاتووە.
کڕ: ئارام، بێدەنگ (هەنبانە بۆرینە)
قوززەڵقورت: گیانداریکی بچووکە چوار باڵی هەیە (هەنبانە بۆرینە)
ماسی هەڵماسی: زگی ماسی پاش مردنی هەڵدەماسێت، کینایە لە مردنە. جیناسی ناتەواوە و مۆسیقای ناوخۆیی پیتی/س/ ی تێدا هەست پێدەکرێت.
یانی: نهێنی
یانیگر: سەگێك کە بێ ئەوەی پێت بوەڕێت، دەتگرێ (هەنبانە بۆرینە)
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## ئەی غەریبی خۆشەویست!

ئەی غەریبی خۆشەویست، ئەی دەربەدەر بۆ نیشتمان!
تۆ شەهیدی غوربەتی، ئەی کۆڵنەدەر بۆ نیشتمان!
مەحشەرت هێنا بە مەرگی دڵتەزێنت، موهتەدی!
ماوەیێکی زۆر ئەتۆ مای بێخەبەر بۆ نیشتمان
ساڵی شەست و شەش بوو کۆچی ئاخرت کرد گیانەکەم!
ئاخری کۆڵت نەدا، بوویە سپەر بۆ نیشتمان
کەس نەما، ڕۆین هەموو، ئێمەش بە دووتاندا دەڕۆین
با بسووتێین بەو مەرامە، وشك و تەڕ بۆ نیشتمان
سەر لە سەر "ئاوات"ی خۆمان دادەنێین، پێمان دەڵێن:
ئافەرین، داتان لە دەست ڕێك ماڵ و سەر بۆ نیشتمان!

قاقڵاوا، ١٣٦٦ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٥٢ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

نەبوونی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا ئاساییە لەبەر ئەوەی ساڵێك پێش گوترانی ئەم شیعرە بڵاو کراوەتەوە.
شیعرەکە بۆ مەرگی 'کاك سەعد' یان 'سەعدئاغای موهتەدی' گوتراوە و دیوانی چاپی کاك جەعفەر ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە کاتێ لە پەراوێزی لاپەرەکەدا نووسیویەتی: *"شینی کاك سەعدی موهتەدی لە دوور وڵات"*. دەبێ شاعیر لەگەڵ کاك سەعدیش، وەك پاشماوەی بنەماڵەی موهتەدی، پەیوەندێکی نزیکی بووبێت لەبەر ئەوەی بە *'گیانەکەم'* بانگی دەکات و دەڵێ *'ماوەیێکی زۆر ئەتۆ مای بێ خەبەر'*، هەروەها مردنەکەی بۆ ئەو *'دڵتەزێن'* بووە و *'مەحشەر'ی هێناوە*.

کاك سەعد لە بنەماڵەی ئاغایانی موهتەدیی بۆکان و برای حاجی رەحمان ئاغا و قاسم ئاغا و ئەبووبەکرئاغای موهتەدی و حەسەن ئاغا و ئەحمەدئاغای ئێلخانی زادە (ی باوکی کاك سوارەی شاعیر) بوو.

کاك سەعد کەسایەتییەکی ناسیۆنالیستی کورد بوو و ئەوەندەی من ئاگادار بم، لای کەم لە ساڵانی دەوروبەری کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکراتی کوردستاندا ماڵ و مڵکی بەجێ هێشت و لەگەڵ کاك سەلاحی موهتەدی و نەمر کاك محەممەدی ئێلخانیزادە و هەمزاغای حەمیدی چووە باشووری کوردستان. من ڕادەی دووری و نزیکی یان ئەندامیەتی کاك سەعد لە حزبدا نازانم چی بووە، بەڵام وێدەچێت لە سەردەمی نێوان ناخۆشی و دووفاقە و سێ فاقە بوونی ئەندامانی حزبدا، ئەو لەگەڵ باڵی سێهەم کەوتبێت کە کاك سەلاح و کاك محەممەد 'حزبی ڕزگاری'یان پێکەوە نا. هەرچۆنێك بێت، دوای ماوەیەك گەڕایەوە ڕۆژهەڵات و لەبۆکان نیشتەجێ بووەوە و ئەوەندەی بزانم حکوومەتی ئێران ماوەیەکیش لە کوردستانی دوور خستەوە و گرتی.

بۆئەوەی زانیارییەکی زیاترم لەسەر ژیانی کاك سەعد هەبێت، تکای یارمەتیم لە ڕێزدار 'جەلالی سەیادەت' کرد و ئەویش پەیوەندیی بە ڕێزدار 'عومەری موهتەدی' کوڕی کاك سەعدەوە گرت. ئەم دێرانەی خوارەوەم دوای ئەو پەیوەندی گرتنەی لە کاك جەلالەوە پێگەیشتووە. سپاسی زۆری هەردولایان دەکەم: *"کاك سەعد دۆستی نزیکی ئاغا سەید کامیل و ئەندامی حزبی دیمو کراتی کوردستان بووە. لە ساڵی ١٣٤١ و ٤٢ دا چۆتە باشووری کردستان، ماوەی ساڵ و نیوێك لەوێ بووە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵات. پاش ئەوە [لە لایەن حکوومەتی شاوە] دور خراوەتەوە (تبعید کراوە) بۆ زیندانی فەلەك الافلاك لە خۆڕڕەم ئاباد*[٢٤٨]*، ماوەی ١٨ مانگێك لەوێ ژیاوە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. هەر لە سەر دەمی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە نێوی بزوتنەوەی مقاومەتی کوردستان لە پاش روخانی رژیمی شا، وەك کوردیکی نەتەوەیی*

[٢٤٨] ئاماژە بە زیندانی فەلەك الافلاکی خوڕەم ئاباد لە پەیوەندی سیاسەتی حکوومەتی شادا بوو کە دوابەدوای ڕاگەیاندنی سیاسەتی ئیسلاحاتی ئەرزی لە ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٠)دا، ژمارەیەك لە خەڵکانی ناوبەدەرەوەی کوردستان بە تایبەت خاوەن مڵکەکانی لەوێ زیندانی کرد. من خۆم ساڵ و ڕۆژی گەڕانەوەی کاك سەعد بۆ بۆکانم لەبیر نییە، بەڵام بە باشی لەبیرمە ڕۆژێك کە قاسم ئاغای موهتەدی لە هەمان زیندانەوە گەڕایەوە بۆکان، خەڵك و ترومبیلێکی گەلێك زۆر بە پێشوازیەوە چوون و من تا ئەودەم پێشوازیی وا گەورەم بۆ هیچکەسێکی دیکە نەبینیبوو.

*له گەل دەفتەری مامۆستا شیخ عیزەدین بووە و دواتر ناچار بووە بڕوا بۆ سوید و هەتا ئە کاتەی لە ژیاندابوە لەوێ ژیاوە و هەر لە سویدیش فەوتی کردوە."*

ساڵی مردنی کاك سەعد بە گوێرەی شیعرەکە دەبێ ١٣٦٦ ی هەتاوی بێت کە بەرانبەرە لەگەڵ نۆ مانگ و هەشت یان نۆ ڕۆژی ساڵی ١٩٨٩ و دوو مانگ و ٢٠ یان ٢١ ڕۆژی ساڵی ١٩٩٠. (لە بەر ئەوەی مانگ و ڕۆژی وەفاتی کاك سەعد دەست نیشان نەکراوە، ناتوانم بەراوردەکان بە وردی بەڕێوە بەرم).

هەندێك وشەی ناو شیعرەکە، وەك غەریب و نیشتمان و شەهیدی غوربەت لە پەیوەندی ئەو سەفەرە و ئەو مردن لە غەریبیەی کاك سەعددایە.

شیعرەکە، وەك زۆرشیعری دیکەی ناو دیوانی ئاوات، شیعری موناسەبەیە و لەو مەقوولەیەدا دەگونجێت. شیعری موناسەبە بۆ پاراستنی یادی ڕووداو یان کەسایەتییەکی تایبەت گەلێك بەسوودن و هەندێك جار (وەك شیعری فارسیی 'خاقانی شیروانی' بۆ مردنی کوڕەکەی) بایەخی بەرزی هونەرییشیان هەیە. لێرەدا گرنگایەتی بریتییە لە پاراستنی ناوی 'موهتەدی'، کە ناوی کاك سەعدیشی لێ وەردەگیرێت (لە فەردی دووەمدا) و هەواڵی کۆچی دوایی کردنی لە غەریبی و ڕاگەیاندنی ڕێکەوتی مردنی (لە فەردی سێهەمدا).

شیعرەکە لە پێنج فەرد پێکهاتووە؛ سێ فەردی یەکەمی ڕاستەوخۆ ڕووی لە کاك سەعدە، بەڵام شاعیر لە دوو فەردی دواتردا مەسەلەکە لە فەردییەتی کەسێکەوە گشتی تر دەکاتەوە و دەچێتە سۆراغی *'ئێمە'* کە شاعیر خۆی و *'هاومەڕامان'*ی کوردایەتی ئەو بن وا *'وشك و تەڕ بۆ نیشتمان دەسووتێن'* و '*سەر لە سەر ئاواتی خۆیان دادەنێن'*، لە وەڵامیشدا [خەڵك] پێیان دەڵێن *'ئافەرین، داتان لە دەست ڕێك ماڵ و سەر بۆ نیشتمان'*.

ئەو *'ماڵ و سەر'* گوتنەی ئاوات لە پەیوەندی کاك سەعد دا دەبێ ئەوە بێت کە مڵك و ماڵی ئەو و هەموو ئاغاکانی دیکەی بۆکان لە لایەن مەلاکانی کۆماری ئیسلامییەوە داگیرکرا و بە قازانجی گیرفانی سپای پاسداران و ئیتیلاعات، فرۆشران. 'سەر'یش ئاشکرایە دەبێ ئاماژە بێت بە شەهید بوونی ڕۆڵەکانی گەل و لە کەیسی کاك سەعددا، کۆچی دوایی کردنی ئەو لە غەریبایەتی. شیعرەکە، غەزەلێکی 'مردف'ە و ڕەدیفەکەی بریتیە لە 'بۆ نیشتمان' کە لە کۆتایی هەموو فەردێکدا دووپات بۆتەوە. سەرواکانیشی بریتین لە: دەربەدەر، کۆڵ نەدەر، بێ خەبەر، سپەر، وشك و تەڕ و ماڵ و سەر؛ کە

هەمووی لەشوێنی خۆیاندان جگە لە وشك وتەڕ کە تێیدا /ڕ/ کراوەتە جێگری /ر/ ئەوەش بە بۆچوونی من خەسلەتی زمانی کوردی و ئەلف و بێیەکەیەتی و ناتەواوییەکی شاعیر نییە.
وشەی 'ئاوات' لە دوایین فەرددا ئیهامی تێدایە واتە لە لایەك بە مانای ئارەزوو و خواست هاتووە و لەلایەکیتریشەوە ناسناوی شاعیر خۆیەتی.

سپەر: مەتاڵ

ڕێك: هەموو

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## ئاواتی هۆنەر

هەرکاتی نەوبەهارە کە دنیا دەکا نوێ
سارا دەپۆشێ بەرگی سەوز، گوڵ دەپشکوێ
شەوبۆ و هەڵاڵە، نەرگس و نەسرین و نەستەرەن
سوێسنە زمانی گرتووە، پێم سەیرە نادوێ!
تۆوی هەمووشتێك لە بەهارا سەوز دەبێ
ئەی تۆوی ئێمە بۆچی لە هیچ فەسڵێ ناڕوێ؟
بۆچی لە ئاسۆ نایەتەدەر ڕۆژی مە، خودا؟
ڕۆژی خەڵك کەچی سەری وا ناوەتە سوێ!
هەرچەند لە مێژە خەڵفی هیوامان چەقاندووە
ئاوی بەخوێن دراوە کە هەر سەوزە، ناپوێ
تا بەهرەوەر نەبین لە بەری، هەر بڵند دەبێ
وەك پیرەداری دی نییە، هەر خەڵفە، نانەوێ!
هەرکەس هیوای بە خۆی و گەلی ماوە ئێستەکەش،
ڕەببی قەزای بە تاقی تەنێ هەر لەمن کەوێ!
ئاواتی بۆچی نایەتە دی پیرە 'هۆنەر'ێك
هەر ئاخ وداخییە لە بەیانی هەتا شەوێ

بەهاری ١٣٦٨ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٥٤ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نییە)

---

شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا بەرچاو ناکەوێت. چاپی ئەنیسی لە ساڵی ١٣٦٥ دا بڵاو بۆتەوە و ئەم شیعرە، بە گوێرەی ڕاگەیاندنی چاپی جەعفەر، لە ساڵی ١٣٦٨ دا گوتراوە، کە ساڵی کۆچی دوایی کردنی ئاواتیشە.

له پەراوێزی لاپەڕە ٢٥٤ ی چاپی جەعفەردا نووسراوە: "له سەر جێ وبانی مردنی گوتوویەتی." و بەم پێیە دەبێ دوایین یان یەك له دوایین شیعرەکانی مامۆستا سەید کامیلیش بێت، یادی بەخێر!
شیعرێکی سیمبۆلیکە و گەلێك ئاماژەی دوور و نزیك بە ئاواتێکی وەدی نەهاتوو دەکات، ئەویش گومانی تێدا نییە سەربەخۆیی و سەرفرازیی گەل و وڵاتەکەی بێت:
*"بۆچی له ئاسۆ نایەتە دەر ڕۆژی مە، خودا!"*
ئەو هاوارە، وەڕەزی و تووڕەیی تێدا مەنگی خواردۆتەوە بەڵام ئاوات کەسێکی ئیماندارە و لەوە زیاتر ناچێتە پێشێ. له ڕاستیدا بانگەوازی کەسێکی ئارەزوومەندیشە کە له جێگای مەرگدا کەوتووە و خەریکە بە ئاخ و داخێکەوە سەر دەنێتەوە کە هەزارانی دیکەش سەریان ناوەتەوە پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە له کەل دەربێت.
ئاوات باوەکوو بە شەکەتییەوە دەناڵێنێت و "بەیانی هەتا شەوێ هەر ئاخ و داخییەتی" کە بۆچی هەموو توویەك له بەهاردا سەوز دەبێت بەڵام تووی هیوای ئێمە نا؟ له عەینی کاتیشدا هیوای دوارۆژ له دەست نادات و دەڵێ ڕیشەی ئەو دارەی وا چەقاندوومانە، "هەر سەوزە و ناپوێ، هەر بڵند دەبێ و نانەوێ". ئەوەش لووتکەی باوەڕ و ئیمانی قورس و قایمی مرۆڤێکی سیاسییە کە بڕوای بە حەقانییەتی ڕیبازەکەیەتی و له سەرەمەرگیشدا بە هیوایە ئاواتەکە دوای ئەو وەدی بێت و رۆژێك له ڕۆژان تووی هیوایان سەوز بێت.
کارتێکەریی پارچە شیعرێکی نالی له سەر شاعیر، بەرچاوە کە دەڵێ:
*"تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ*
*دڵ، چونکە میسلی غونچەیە بۆیێ دەپشکوێ..."* [٢٤٩]
بابەتێکی ئەستەم له شیعرەکەدا نییە. ئەوە چەند ڕوونکردنەوە:
ڕۆژی خەڵك سەری وا ناوەتە سوێ... واتە خەڵك رۆژیان هەڵات و وا خەریکە ئاواش دەبێت بەڵام ڕۆژی ئێمە هەر له ئاسۆ نەهاتەدەر! واتایەکی وشەی 'سوێ'، ئاسۆیە (هەنبانە بۆرینە).
تا بەهرەوەر نەبین لەبەری..... گەرچی واهەیە واتای 'تا' بە 'لەبەر ئەوەی' بزانرێت، بەڵام من لام وایە نابێ وا بۆ مەسەلەکە بچین و دەبێ 'تا' بە واتای 'تا ئەودەمەی' بزانین و

---

[٢٤٩] . دیوانی نالی، پێداچوونەوەی محەممەدی مەلاکەریم، چاپی انتشارات صلاح الدین ایوبی، ورمێ، لل. ٦٩٧ تا ٧٠٠

بڵێین داری هیوامان تا ئەودەمەی کە لێی بەهرەوەر نەبین، هەر بڵند دەبێ و لە ئاویشدا بێت، هەر ناپوێ چونکو بە خوێن ئاو دراوە.

هەرکەس هیوای بە خۆی و گەلی ماوە ئێستەکەش.... قەیدی زەمانی 'ئێستەکەش' لێرەدا گەلێك پڕ واتایە. شاعیر دەڵێ سەرەڕای ئەو هەموو ساڵە و ئەو هەموو خەباتەی کردوومانە، ئەگەر ئێستاش کەسانێك هەبن کە هیوایان بە خۆیان و گەلەکەیان مابێت، یاخوا قەزای هەموویان بە تاقی تەنیا لەمن کەوێت.

پیرە هۆنەر، سەید کامیل خۆیەتی.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

مضارع مثمن اخرب مكفو

# شیعری بێ تەئریخ

*پێرست: تەیری دڵ، تورجانی خرۆشاو، شین بۆ 'خەمین'، قارەمانی نەبەزی کوردستان، ئینقلابی ئێران، سکاڵا، کزەی بای شەماڵ، ڕێگای عیشق، پایز، بای وادە ، سرەوەبای بەهاری، بەهار، هێلانەی ڕووخاو، بەهار هات، دڵی نەکوڵاو، ئەوین و ئەجەل، چەکی من، بەینەت شکاندن.*

# تەیری دڵ

تەیری دڵ بێ پەڕوپۆ، تەپکە شکاوێکی بەسە
چاوەڕێی تۆیە کە بێی، گەرمەسڵاوێکی بەسە
مەڵێ زستانە، جلی پیر وفەقیر پارە بووە
ڕۆژی ڕووت دەرخە، هەتیو تۆزە هەتاوێکی بەسە
پایزە، فەرموو تەماشاکە کە لانەوخوارم
پیرەکەرویشکێ لەگوڕ کەوتبێ، ڕاوێکی بەسە
ئەوهەموو زولفە بەزنجیری مەکە بۆ ملی من
تەیری وا بێ پەڕوباڵ کەوتبێ، داوێکی بەسە
سەیید و پیر و فەقیرم، وەرە لێم قەوماوە
بۆ منە ئەو مەسەلە: "باوەلێ باوێکی بەسە"
وا بە سەرڕووتی و پێخاوسی هاتۆتەوە لات
"کامیل"ت جووتە کڵاشێك و کڵاوێکی بەسە!

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دیاری نەکراوە. دەکرێ ۱۳۳۳(۱۹٥٤) بێت (؟).
(لاپەڕە ۷۳ ی چاپی ئەنیسی، لە چاپی جەعفەردا نییە)

---

لەو غەزەلە قورس و قایمانەی ئاواتە کە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە بەگەرمی وەرگیراوە و هەندێك بەشی کەوتۆتە سەر زاران. سەرجەمی شیعرەکە ساکار و ڕەوان و لەبەر دڵانە.
شیعرەکە ئەو تەوازوع و خۆ بەکەم زانینەی بە ڕوونی تێدا دەبینرێت کە بەشێك بووە لە کەسایەتی کامیل شا. لێرەدا شاعیر خۆی بە هەندێك سیفەتی وەك بێ پەڕ وپۆ، لانەوخوار، پیرەکەرویشك، لەگوڕ کەوتوو، بێ پەڕ وباڵ، سەیید، پیر، فەقیر، لێقەوماو،

سەرڕووت و پێخاوس ناو دەبات کە هەر هەمووی کەم وکووڕی و ناتەواوین لە ژیانی ئاسایی تاکەکەسیدا و دیارە ئەوەی پێ باشە، تەنانەت کاتێ سەيید لەگەڵ پیر و فەقیر دەهێنێت هەست دەکرێت واتایەکی وەك سواڵکەر و هەژاریشی پێ دەبەخشێت وەك ئەوانەی وا لە کوردستان بە مێزەری سەوزەوە دێنە بەر دەرکی ماڵان و داوای بەخشش لە خەڵك دەکەن.

پرسیار بۆ من ئەوەیە گەلۆ لە غەزەلەکەدا ڕووی قسەی شاعیر لە کێیە؟ سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە لە شوێنێکدا باس لە "ڕۆژی ڕووت" و "لەوهەموو زولفە" دەکات و دەڵێ "بەزنجیری مەکە بۆ دڵی من"، گومانم نییە دەبێ بۆ دڵدارێکی ژن نەگوترابێت دەنا هەر کچێك و ژنێك ئەو هەموو سیفەتە پیری و هەژاری و لێقەوماویی ولەگوڕ کەوتووییەی ئەویندارەکەی ببیسێت بە کیلۆمیتر لە دەستی ڕادەکات و گوێی خۆشی دەگرێت بۆئەوەی  ناوی ئەو دڵبەندە نالەبارە نەبیسێتەوە! کەوابوو، بۆ هەڵهێنانی مەتەڵی بەرگۆی شیعرەکە دەتوانێ چ ئەگەرێکی دیکەمان لەبەردەمدا بێت؟ من تەنیا دوو ئەگەر دەبینم: دۆستێکی نزیك یان ئەندامێکی بنەماڵەی شاعیر و تەواو! کەسەکە، هەر کەسێك بێت، گەلێك لە شاعیر نزیکە و کامیل شا بە تەواوەتی سفرەی دڵی خۆی لای کردۆتەوە. دەبێ ماوەیەك بێت یەکتریان نەدیتبێت و شاعیر تامەزرۆی دیتنی بێت، بڕوانە ڕستەی "چاوەڕێی تۆیە بێی"

ئەوەی وا سەبارەت بە خەسلەتە تاکەکەسییەکانی کامیل شامان بیستووە ئەوەیە کەسێکی میواندۆست بووە و دڵی بە هاتنی میوان کراوەتەوە. واهەیە ئەو هاتنی میوانە قەرەبووی تەنیاییەکەی بۆ کردبێتەوە. ئەو لە دراوسێیەتی 'زەنبیل' ی حاجی سەيد محەممەدی برا و 'جەمیان'ی حاجی بابەشێخی مام و 'تورجان' ی مەلا وفەقێیاندا ژیاوە کە لە هەموویاندا مورید و میوان و فەقێ جەم جەم و پۆل پۆل هاتووچۆیان کردووە، بەتایبەت خانەقای زەنبیل هەمیشە جمەی هاتووە وپڕ بووە لە مورید و زیارەتچی، لەکاتێکدا 'گەردیگلان' ەکەی ئەو وا نەبووە و جگە لە دۆست و ناسیاو، واهەیە پەناگەی پێشمەرگەی سەرچیاش بووبێت کە ژینگەی تایبەخۆی پێویستە و لەگەڵ قەرەباڵغی و هاتوچۆی زۆردا ناسازگارە. بەڵام کەسێك کە لە بنەماڵەیەکی ئەوتۆدا گەورە بووبێت و خووی بەو قەرەباڵغیە گرتبێت بە شێوەی سروشتی دەتوانێت خوازیاری دیتنی هاودەمێك بێ لە ژووری میوان یان دیوەخانەکەی خۆی بۆ ئەوەی لە

تەنیایی دەربیهێنێت، بە تایبەت لە سەرما وسەخڵەت و ڕێبەندان و تەنیایی زستانی ناوچەکەدا.
بەوەیدا کە دەڵێ "تەیری دڵ... گەرمە سلاوێکی بەسە"، واتە لە میوانەکەی دەخوازێت سلاوێك لە دڵی بکات، من هەست دەکەم نابێ کەسەکە بەتەمەن لە خۆی گەورەتر بووبێت و بەم پێیە براگەورە و مام نییە. بەوەشدا کە دەڵێ "فەرموو تەماشاکە کە لانەوخوارم" و "سەیید و پیر و فەقیرم"، هەر نابێ بۆ ئەندامێکی بنەماڵەی خۆیانی گوتبێت. کەوابوو، ئەگەری بەهێزتر ئەوەیە شیعرەکە ڕووی لە دۆستێکی وەك مامۆستا هێمن، حەقیقی یان خاڵەمین بێت یان دۆستێکی نزیکی غەیرە شاعیر کە بەداخەوە من لە دووره ولاتی دەرەتانی ئەوەم بۆ نییە پرس وجۆی لەسەر بکەم و بزانم لەگەڵ کێ زۆر دۆست بووە و کێ هاتوچۆی زۆری کردووە و لە ئەنجامدا شیعرەکە ڕووی لە کێیە.
تاقە بەشێك لە شیعرەکە ئەو بۆچوونەی من ڕەت بکاتەوە، مەقتەعەکەیەتی کە تێیدا دەڵێ "کامیلت ... بە سەرڕووتی و پێخاوسی هاتۆتەوە لات". کرداری "هاتۆتەوە" بۆ کەسێك دەگوترێت کە پێشتر لە شوێنێك بووبێت، ئەویش نەك بۆ ماوەیەکی کەم و بە سەردانێکی کەم خایەن بەڵکوو بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژتر. هەروەها داواکاریی کلاش و کلاو نابێ لە بێگانە یان کەسێکی کەم ناسراو بەڵکوو دەبێ لە کەس وکاری زۆر نزیکی شاعیر کرابێت. ئەگەر ئەوە بێتە بنەمای حیساب و هەڵسەنگاندنمان، دەبێ بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە شیعرەکە بۆ باوك، مام، یان برای گەورە گوترابێت. ئەگەری بۆ دایك و خوشك یان هەر ژنێکی دیکە لای من سیفرە. شێوازی ژیانی نەریتیی بنەماڵەیەکی شێخ و مەلا لە سەردەمی ژیانی سەید کامیلدا، مۆڵەت نادات شاعیرێکی بنەماڵەکە بێت و شیعر بە دایك و خوشکی خۆیدا هەڵبڵێت. دیارە ئەو ئەگەرەش هەر لە شوێنی خۆیدا دەمێنێت کە بڵێین شاعیر دۆستێکی نزیکی وەك ئەندامانی بنەماڵەی خۆی و لەوانیش نزیکتری بووبێت کە لەگەڵ یەکتردا تەواو خۆمانە جوولابێتنەوە.
سەید قادری سەیادەت؟ محەمەدی نووری؟ ....
شیعرەکە ڕێکەوتی گوترانی بەسەرەوە نییە بەلام بە ئەگەری زۆر لە سەردەمی پیریی شاعیردا گوتراوە. وەرزێکیش کە شیعرەکەی تێدا گوتراوە بە دڵنیایی دەبێ کۆتاییەکانی پایز و سەرەتاکانی زستان بووبێت: " پایزە، فەرموو تەماشاکە کە لانە

وخوارم .... مەڵێ زستانە، جلی پیر و فەقیر پارە بووە"؛ مەگەر ئەو سیفەتی وەرزانە تەنیا بۆ هاندانی لایەنەکەی تر هێنرابێتنەوە و ئەوەی بیانووی نەهاتنی دواڕۆژی لێ ببڕن.
من لاموایە دەکرێ شیعرەکە ئەودەمانە گوترابێت کە شاعیر ماڵی خۆی لە گوندی کانی بەنی گەورکایەتی و شێخ چۆپان پێچابێتەوە و هاتبێتەوە قاقلاوای نزیك زەنبیل و تورجان بۆ لای برا و مامی کە ئەویش بە گوێرەی ژیننامەی ناو کتێبی شاری دڵ، دەبێ ساڵی ١٣٣٣ (١٩٥٤) بێت.
لە شیعرەکەدا وشە وتێرمی ئەستەم نابینرێت. "لانەوخوار"م لە هەنبانە بۆرینە و فەرهەنگی خاڵ و فەرهەنگی مەردوخدا بۆ نەدۆزرایەوە و تەنانەت فەرهەنگی باڵندەی کاك ئەحمەدی بەحرییش گەڕام بەڵکوو لەوێدا بە حیسابی لانە و هێلانەی باڵندە ئاماژەیەکی پێ کرابێت، بەڵام هیچم دەست نەکەوت. تێگەیشتنی من لە تەرکیبی لانەوخوار، بەرەودوا و گەڕانەوە بۆ زێد وماڵە، بەڵام چەشنێك باری نەرێ ییشی تێدا هەست پێدەکرێت وەك ئەوەی کەسێك بۆ ئامانجێکی تایبەت چووبێتە شوێنێك و بە سەرنەکەوتوویی گەڕابێتەوە ماڵ، واتە سەیری ئافاقم کرد و گەڕامەوە شوێنی خۆم.
تەرکیبی "گەرمەسلاو" زۆر جوانە، گەرچی وەبیرم نایەت لە شوێنێکدا بینیبێتم، بەڵام لام وانییە ئاوات یەکەم کەس بووبێت ئەو پێکهاتەیەی دروست کردبێت یان کەڵکی لێ وەرگرتبێت.
پارە بە واتای دڕاو، بە تایبەت بۆ کووتاڵ و جل وبەرگە. وشەیەکی فارسییە. "باوەلێ باوێکی بەسە" وەك لە چاپدا خراوەتە نێوان دوو کەوانۆکەوە، مەسەلی سەر زمانی خەڵکە. باوەلێ بە سەییدی ئەولادی پێغەمبەر دەگوترێت؛ باو،لە هەنبانە بۆرینەدا هەل و دەرفەتە، واتە سەیید هەر ئەوەندەی هەلێکی دەست بکەوێت کاری خۆی دەکات. وەك پێشتر گوتم، سەیید واتایەکی "ضمنی" فەقیر و تەنانەت سواڵکەریشی هەیە، من لێرەدا بە مرۆڤی هەژاری وەردەگرم. واتە کەسی هەژار و دەست تەنگ و بێدەسەڵات چاوەڕوانی دەرفەت و هەلە، هەر ئەوەندەی دەستیشی بکەوێت کەڵکی باشی لێ وەردەگرێت.
تەپکە و داو و ڕاو هاوجنسن، یەکەم و دووهەم کەرەسەن بۆ شیعرەکە لای کەم لە بەشێکی خۆیدا کارتێکەرییەکی کەمی شیعری حافزی شیرازیی تێدا دەبینرێت. کێشی شیعرەکە کەم و زۆر هەمان کێشی شیعری ناسراوی حافزە کە دەڵێت:

*"زلف بر باد مده تا ندهی بربادم*
*ناز بنیاد مکن تا نکنی بنیادم..."*

دیاره ئاوات وەك هەموو شاعیرێك کە حافزی ناسیبێت نەیتوانیوە لە کارتێکەریی ئەو "ئوعجووبە" یەی شیعر خۆی بپارێزێت و حافز و شیعرەکەی زۆر یان کەم، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خۆیان خزاندۆتە ناو شیعری ئەویشەوە. ئاواتی شاعیری فارسیزان هیچ، تەنانەت چیرۆکنووسێکی عەرەبی وەك نەجیب مەحفووزی میسرییش هەر ئەوەندەی حافزی خوێندۆتەوە ئیتر نەیتوانیوە سێبەری شیعرەکانی لەسەر کاری خۆی وەلا بدات. من لە یەك شوێنی شیعرەکەی ئاواتدا تەرجەمەی شیعرەکەی حافز دەبینم، ئەویش ئەم میسراعەیە کە دەڵێ:

*"ئەوهەموو زولفە بەزنجیری مەکە بۆ ملی من"*

کە لەگەڵ میسراعێکی شیعری حافزدا یەك دەگرێتەوە کە دەڵێ:

*"زلف را حلقه مکن تا نکنی دربندم".*

شوێندانان و شوێن هەڵگرتن لە هونەردا دیاردەیەکی ئاسایی و هونەری و مرۆڤانەیە و هیچ هونەرمەندێك ناتوانێ و ناشبێت خۆی لێ بپارێزێت؛ هەر ئەو حافزەش کارتێکەریی شاعیرانی پێش خۆی بۆ نموونە، سەعدیی هاوشاریی خۆی، لەسەر بووە کە ئێرە شوێنی باسکردنی نییە.

# "تورجان"ی خرۆشاو

عالم و عامی لە تورجانێ وەخرِ بوون بێ درۆ
کەوتنە شادیی و ڕەقس و هەڵپەڕین و هات و چۆ
پیر و جوان، شێخ و مەلا هاتوونە ڕەقسین و سەما
پاکی لەرزی عەرز و حەوش و بان و هەیوان و سەکۆ
من کوتم: یارەب! مەگەر چی بوو بە دەستی جەم، هەموو
تایفە، ڕێکی لە دارولعیلمی شێخا بوون وەکۆ
پێی کوتم عەقڵم کە شەربەتخۆری و دڵخۆشییە
بۆ دەکەویە سەر خەیاڵ و بەحری فکر و جوستوجۆ؟
ئەرشەدی ئەولاد و ساحەبکاری پڕ عەقڵ و هونەر
مونتەها بوو، ئێستە زامی کۆنی دوژمن هاتە سۆ
کاعەزیز! تەنیا لە نێو ئێمە ئەتۆ گۆت بردە دەر
بەو ئیجازەی تۆیە چا بوو، جەهلی جەمعێ بوو پەڕۆ
ئیرسی بابی خۆتە عیلم و جەوهەر و فەزڵ و هونەر
بیرڤێنە زوو بە چاکی، هەروەکوو باز و هەڵۆ
بەم هەرا و جەمعییەت و خۆشیی و بەزم و شادییە
دوژمنی ئێمە تەماشاکە هەموو بوون ڕەنجەڕۆ
هەرکەسێ شێخی نەوێ، کۆستی کەوێ، قەت نەسرەوێ!
یا ڕەبی خوار و زەلیل و ڕەنجەڕۆ بێت و ترۆ
ئەم هەموو خۆشیی و بەزمە، بۆ ئیجازەنامە بوو
یا خودا مامە، موبارەك بێ بە دڵخۆشی لە تۆ!
هۆنەرێکی زۆر زەبەردەستە "ئیمامی" نۆکەرت
بۆیە ڕیسی ڕێكوپێکە، قەت نەبوو بێتار و پۆ

دەبێ تورجان (یان قاقلاوا؟) ی ساڵی ١٣٣٥ ی هەتاوی بێت.[٢٥٠]
(لاپەڕە ١٦٨ ی چاپی جەعفەر، لە چاپی ئەنیسیدا نییە)

---

لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە.
شیعرێکە بە بۆنەی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتنی نەمر سەید عەزیزی سەیادەت کوڕە گەورەی مەرحوومی حاجی بابەشێخ و ئامۆزای ئاوات گوتراوە. چاپی جەعفەر لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا ئاماژەیەکی بە ڕووداوەکە کردووە و گوتوویەتی: *"بە بۆنەی ئیجازە وەرگرتنی سەید عەزیزی تورجانی"*. سەید عەزیزی تورجانی هەمان سەید عەزیزی کوڕە گەورەی حاجی بابەشێخە. لام وایە هەڵەیەکی بچووکی چاپی هۆکار بێت بۆ ئەوەی 'سەیدعەزیزی تورجانیّ' بە سەیدعەزیزی 'تورجانی' بنووسرێت؛ گەرچی دووریش نییە ئاغا سەید عەزیز بە 'تورجانی' ناوبردە کرابێت.
لە چاپی جەعفەردا شوێن و ساڵی گوترانی شیعرەکە دیاری نەکراوە، بەڵام ڕێزدار جەلال سەیادەت و یەکی دیکە لە کوڕانی ئاغا سەید عەزیز یارمەتییان داوم بتوانم وەڵامی پرسیاری سەبارەت بە ڕێکەوتی ئیجازە وەرگرتنەکە وەربگرمەوە، کە لێرەدا سپاسی زۆری ئەوان و ڕێزدار ئاغاسەید جەعفەر دەکەم کە بە دەنگمەوە هاتوون. ئەوە دەقی وەڵامی یەك لە کوڕانی ئاغا سەیدعەزیزە:
*"وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی سەید عەزیزی باوکم، لای مەرحوومی 'مەلا حەسەنی ئەدیب' مودەڕڕیس و مەلای ئەودەمی گوندی تورجان، لە ڕۆژی ٩ی خوردادی ١٣٣٥ ی هەتاویدا بووە [١٩٥٦ ز] و من خۆم چاوم بە ئیجازە نامەکە کەوتووە."*
بەم پێیە، دەبێ شیعرەکەی ئاوات لە هەمان ساڵدا گوترابێت، زەمانی کرداری ڕستەکان لە شیعرەکەدا وا دەگەیێنن کە شیعرەکە هاوکات لەگەڵ ڕێ و ڕەسمەکە گوترابێت نەك درەنگتر:"هاتوونە ڕەقسین و سەما"، "شەربەت خۆری و دڵخۆشییە"، "تەماشاکە".
لەمەڕ شوێنی گوترانی شیعرەکە دەبێ بڵێم، تا ڕادەیەکی زۆر ئاشکرایە کە سەید کامیلیش لەو ڕێ و ڕەسمەدا بەشدار بووبێت و شیعرەکەشی هەر لەوێ گوتبێت، خوێندبێتیەوە و پێشکەشی مامی کردبێت. کەوابوو شوێنی گوترانی شیعرەکە بە ئەگەری زۆر، گوندی تورجانە. بەڵام ئەگەرێکی دیکە ئەوە دەبێت کە ئاوات دوای

---

[٢٥٠] بڕوانە ڕوونکردنەوەی خوارەوە][ئیمەیلی کاك جەعفەر: ١٣٣٢]

ڕێ و ڕەسمەکە و لەگەڕانەوەی ماڵی خۆیدا شیعرەکەی گوتبێت. ئەگەر وابێت دەبێ بزانین لەو ساڵ و مانگەدا لە کوێ ژیاوە؟
بە گوێرەی ژیننامەی شاعیر (سەرەتای دیوانی چاپی جەعفەر)، ئاوات لە ساڵی١٣٣٣ بەدواوە تا کۆتایی تەمەنی لە گوندی قاقلاوا ژیاوە، بەم پێیە، ئەگەری دووهەمی ئێمە ئەوەیە کە شوێنی گوترانی شیعرەکە بە گوندی 'قاقلاوا' بزانین. کەوابوو، ساڵی ١٣٣٥ و گوندی تورجان یان قاقلاوا کات و شوێنی گوترانی ئەم شیعرەن؛ ئاو بێنە و دەست بشۆ! وەك دەبینرێت، لە داوێنی شیعرەکەشدا ئەو دوو خاڵەم گونجاندووە.
تورجان گوندێکە لە 'کۆ دێ' واتە دیهستانی تورجان کە کەوتۆتە نێوان گەورکایەتی موکریان و گەورکایەتی سەقز وبانە باوەکوو خۆی بە بەشێك لە گەورکایەتی دانانرێت. گوندەکە ئێستا سەر بە شاری سەقزە بەڵام پێش ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣) سەر بە بۆکان بوو. گوندەکە پێش ئیسلاحاتی ئەرزی ساڵی ١٣٤١ و ٤٢ ی ئێران، بە موڵکی، هی نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەت و بنەماڵەکەی بوو. حاجی بابەشێخیش مامی حاجی سەید محەممەدی زەنبیل (سەیدی زەنبیل) و ئاغا سەید کامیل ئیمامی (ئاوات) بوو.
بابەتی ئەم شیعرە، ئیجازە وەرگرتنی کوڕەگەورەی حاجی بابەشێخ واتە 'سەید عەزیزی سەیادەت'ە، کە بەگوێرەی هەندێك لە فەردەکان، دەرسی تەواو کردووە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، ئاواتیش بەم شیعرە پیرۆزبایی لە مام و مامۆزا هەردوکیان کردووە:
"کاعەزیز! تەنیا لە نێو ئێمە ئەتۆ گۆت بردە دەر"
و:
"یا خودا مامە، موبارەك بێ بە دڵخۆشی لە تۆ!"
ئێستا نازانم، بەڵام لە ڕابردوودا ئیجازە وەرگرتنی موستەعیدی حوجرە لە مزگەوتەکانی کوردستان، ڕووداوێکی گەلێك گرنگی نەك هەر شەخسی بەڵکوو کۆمەڵایەتیش بوو: شەخسی بوو بۆ فەقێکە لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی دواترەوە دەیتوانی گوندێکی بێ مەلا بدۆزێتەوە و ببێتە مەلا و پێش نوێژیان، بەرات لە خەڵك و ئاغا وەربگرێت و ژیانی هەژارانە و مەمرەمەژیی ناوحوجرە بەجێ بهێڵێت. کۆمەڵایەتیش بۆیە دەڵێم کە ئیجازە وەرگرتنەکە دەبووە هۆی شادی و خۆشییەکی زۆری خەڵکی دێ، کە ئەو فەقییەی وا بە خەرج و پیتاك و ڕاتبەی ئەوان، یان گوندییەکانی تر، خوێندبووی، ئیتر توانیویەتی

سەرکەوێت و ببێت بە مەلا.[٢٥١] هەربۆیەش خاس و عامی خەڵکی دێ دەستی هەڵپەڕکێیان دەگرت و شادییان دەکرد.
کەدەڵێم خاس و عام، نیازم لە فەقێی گوندەکانیشە، کە لە هەندێك بۆنەدا، وەك جەژن یان ئیجازە وەرگرتنی هاوڕێکانیان، دەستیان دەگرت و هەڵدەپەڕین بەڵام لەجیاتی شیعر و کەلامی ئاسایی گۆرانییەکان، یەکدوو وشەیان سەدان جار بە هەوای هەر ئەو گۆرانییە کوردییانە، دووپات دەکردەوە. هەڵپەڕکێی فەقێ، کە من خۆم بینیومە، جگە لە مەسەلەی شیعری گۆرانییەکان و ئەوەی ڕەش بەڵەکیان نەدەگرت، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هەڵپەڕکێی ئاسایی خەڵکی ناوچەکەدا نەبوو و کوردییەکی ڕەسەن و بێگەرد بوو.
ئەم شیعرەش، وەك گوترا، ئاماژە بە ڕێ و ڕەسم و شادی و خۆشییەك دەکات کە لە گوندی تورجان بەڕێوە براوە و ئەویش بە بۆنەی ئیجازە وەرگرتنی کوڕەگەورەی حاجی بابەشێخ، کە شێخ و خاوەن ملکی گوندەکەش بوو.
زمانی شیعرەکە زمانی ئاسایی شیعرەکانی ئاواتە کە هی ناوچەی تورجان و بۆکانە. بەڵام هەندێك نیشانەی بەکارهێنانی وشە و تێرمی زاراوەکانی دیکەشی تێدا دەبینرێت:
وەخرِ بوون: هی ناوچەی مەهابادە؛
هاتوونە ڕەقسین، تەرکیبەکە هی باکوورتری موکریان واتە ناوچەی بادینانە؛
بەو ئیجازەی تۆیە: هی ناوچەی سنە و ئەردەڵانە.
تایفە: دەبێ نیاز ئەندامانی بنەماڵەی سەیادەت و هاشمی و خزمەکانیان بێت.
ڕێکی: هەمووی
دارولعیلمی شێخ: نیازی دەبێ مزگەوت و مەدرەسەی ئایینی گوندی تورجان بێت. لە سەردەمی دەرس گوتنەوەی مەلا عەلی قزلجی بەدواوە، مەدرەسەی ئایینی تورجان و سەرجەم گوندەکە، بە 'دارالعلم' ناوبراوە؛ هۆکار، بوونی مامۆستایانی لێزان و حوجرەی ئاوەدانی فەقێیان بووە. مزگەوتی تورجان، کە بەناوی مزگەوتی 'شێخ وسوو'ەوە

[٢٥١]. ئەو فەقێیانەی وا لە خوێندندا سەرنەدەکەوتن، کەمیش نەبوون و من موستەعیدم بینیوە کە دوای ساڵانێکی زۆری خوێندن، نەیتوانیوە ئیجازە وەربگرێت و ئیتر خوێندنی بەجێ هێشتووە. ئەوە بۆیە دەڵێم کە لاوەکان و نەوەی نوێ لایان وا نەبێت خوێندن لە حوجرەکانی مزگەوتدا لە کوردستان هەروا شتێکی کەم بووە. فەقێ بە ساڵێك و دوان نەبۆتە مەلای دوازدە عیلم! بەڵام ئەو 'عیلم'انە چی بوون و بە چ کەڵکێك دەهاتن و دێن، ئەوە بابەتێکی جیاوازە.

ناسراوه، له ساڵی ١٢٥٨ ی کۆچی مانگیدا که دەکاته ١٨٤٢ ی زایینی به هیممەتی نوورنیسا خانمی کچی مۆمن بەگی ئیسکی بەغدا و هاوسەری قۆچ بەگ (خاوەن مڵکی پێشووی تورجان)له سەر بینایەیەکی کۆنتر دروست کراوه و تا ئەمڕۆ ماوه .

شێخ: نیاز نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەته.

شەربەت خۆری: دابێکی کوردەوارییه که له بۆنەی شادی و خۆشیدا شەربەتاوی شیرینیان به میوانەکان داوه.

جوست وجۆ: گەڕان، کۆڵینەوه له دیاردەیەك؛ فارسییه.

ئەڕشەدی ئەولاد: کوڕەگەوره. عەرەبییه

ساحەبکار: خاوەن ئیش. نەمزانی لێرەدا چ واتایەك دەداتەوه و سەید عەزیزی کوری شێخ، جگه له خاوەن بوونی گوندەکه، ساحەبکاری چی بووه.

مونتەها بوو: خوێندنی تەواو کرد، ناجیح بوو، فارغ التحصیل بوو.

زامی کۆنی دۆژمن: ئەو دوژمنەی وا به خوێندنەکەی سەیدعەزیز و 'مونتەهابوون'ی ئەو، زامی کۆنی هاتبێته سۆ، کێیه؟ کاك جەعفەری کوڕی ئاغا سەیدکامیل له پەیامێکدا که بۆی ناردووم گوتوویەتی هەر دوژمن و نەیاری ئاساییه. بەڵام بۆچی زامی ئەو دوژمنه، کۆنه و له کەیەوه و لەسەر چی؟ ئەوه پرسیارێکی چاوەڕوانی وەڵامه.

هاتنه سۆ: سەرهەڵدان و تازه بوونەوه و تەشەنه هێنانی برینێك.

کا عەزیز: کاك عەزیز؛ خۆمانه گوتنی سیفەتەکەیه.

ئێمه: دەبێ تایفه واته بنەماڵەی شاعیر و مام و براکانی بێت.

تەنیا: بۆچی تەنیا سەید عەزیز گۆی خوێندنی له مەیدان بردۆته دەر؟ ئایا کەسی دیکه لەو بنەماڵەیه و یەکیشیان ئاوات خۆی، خوێندنیان تەواو نەکردووه و ئیجازەیان وەرنەگرتووه؟ نازانم.

ئیرسی بابی خۆته: ئاماژەیه به حاجی بابه شێخ که مەلا و زانا بووه.

هەرکەسێ شێخی نەوێ، کۆستی کەوێ، قەت نەسرەوێ: کۆست کەوتن: بەدبەخت بوون (هەنبانه بۆرینه). سرەوتن: داکەوتن. لێرەدا ئیستیراحەت کردن و ئاسوودەییه. شوێنی شیعری مامۆستا هەژار به سەر ئەم فەردەوه دیاره، که سەبارەت به ئاڵای کۆماری کوردستان گوتوویەتی:

*"داری ئاڵاکەم وەکوو چقڵێکه بۆ چاوی عەدوو*

*هەر دڵێ خۆشی نەوێ ڕەبی وەبەر خەنجەر کەوێ"*

دوژمنی ئێمە: ئەوە جاری دووهەمە لەم پارچە شیعرەدا ئاماژە بە 'دوژمنانی ئێمە' دەکرێت کە هەموویان بەو بەزم و هەرا و شادییە 'ڕەنجە ڕۆ بوون'. ئەو دوژمنانە، وێدەچێت نەیار و ناحەزانی 'تایفە' و بنەماڵەی سەیادەت و هاشمی و ئیمامی بن. ئەگەرێکیش ئەوەیە کاری وەرگرتنی ئیجازەی ئاغا سەید عەزیز ماوەیەکی خایاندبێت و نەیاران گوتبێتیان ناتوانێ ئیجازە وەربگرێت؛ جا کاتێ ئیجازەکە وەرگیراوە، ئاوات چاوبزی بە ناحەزان کردووە گوتووتەتی فەرموون ئەوە ئیجازەکە بە کوێرایی چاوی ئێوە وەرگیرا!

ڕەنجەڕۆیی: بەفیڕۆچوون و بێ ئەنجام مانەوەی ڕەنجی کەسێك یان خەڵکێك.

خوار: بێ ڕێز. فارسییە و لەو زمانەدا وەك 'خار' دەخوێنرێتەوە (واتە بە بێ حونجە کردنی /واو/)

ترۆ: ئابڕوو چواو

زەبەردەست: لێزان و شارەزا. فارسییە. ئاوات کەمتر وا بووە بەخۆیدا هەڵبڵێت و ئەمە لەو دەگمەن لێدوانانەیە کە سەبارەت بە خۆی کردوویەتی و خۆی بە شاعیرێکی زەبربەدەست ناوبردووە.

نۆکەرت: نۆکەری مامی شاعیر واتە حاجی بابە شێخ.

ڕیس: ئەو شتەی وا دەیڕێسن. لە درێژەی ئەو پێداهەڵگوتنەی خۆیدایە، کە لەسەرەوەتر باسی لێکرا. لێرەدا نیازی شاعیر کەرەسەی شاعیری (وەك مرخ)ە کەدەڵێ هەمە و قەت بێ ئەو کەرەسەیە نەبووم. دیارە هەموو ڕیسێك بە عادەت لای کەم لە دوو تاڵ پێك دێت کە یەکیان تان و ئەوی دیکە 'پۆ'یە، و بە فارسی 'تار و پود'یان پێدەگوترێت. ئاوات کەڵکی لە 'تار'ی فارسی وەرگرتووە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# شین بۆ "خەمین"

ڕۆیی ئەو بولبولی باغی مەلەکووت
عالم و هۆنەر و عارف بە سبووت
فرە کێشاویە مەینەت بۆ کورد[٢٥٢]
قەت هەدادانی نەبوو تاکوو مرد
ئەی دەمم بشکێ، کوتم مرد؟ ماوە!
خەوتووە، تۆزێ وەنەوزی داوە
هەربینا ڕابێ لە خەو دووبارە
تێبکۆشێتەوە بۆ ئەو کارە
یانی هەر بۆ گەلی خۆی تێکۆشێ
کەموکووڕی گەلەکەی داپۆشێ
نامرێ پیاوی خودالێخۆش‌بوو
زاهیری ڕۆیی، لە پێش چاوان چوو[٢٥٣]
"شێخ عەلی" کاکە "خەمین"ی شۆرەت
تەمەنی کەم بوو، بەڵام بێ‌مۆڵەت
ئەجەلی هات و گوڵی عومری ڕفاند
عالەمێکی بە غەم و غوسسە مراند
خاوەنی سفرە و خوان بوو، ڕۆیی
هاودەمی پیر و جوان بوو، ڕۆیی[٢٥٤]
ڕەونەقی هۆنەرەکان هەر ئەو بوو

---

[٢٥٢] هەردوو چاپەکە وەك کێشاوییەیان تۆمار کردووە.

[٢٥٣] چاپی ئەنیسی بوو و چووی بە یەك واو نووسیوە

[٢٥٤] هەردوو چاپەکە وەك 'جەوان'یان تۆمار کردووە

خۆشی ئاواتی دڵان هەر ئەو بوو
ئێستە "ئاوات" بە تەنێ ماوەتەوە
نەتەوی، داوی لە ڕێی ناوەتەوە[255]
هەربینا پێوەبوو ئەو بێ‌چارە
هاتە خزمەت تۆ "عەلی" گیان! دیارە
چ بکا؟ ناژی بەبێ تۆ تازە
دوور لە تۆ کەوتووە، زۆر بێ‌نازە
ژینی چی، شاعیری چی، هاودەمی چی؟
عومر ئەگەر مابێ لە زۆر و کەمی چی؟
هۆنەرێك بووم و لە شێعرا زاڵ بووم
بێ تۆ مات و لە زمانم لاڵ بووم
تۆ منیشت وەکوو خۆ بێ‌دەنگ کرد
بێ‌وتە و بێ‌هونەر و بێ‌ڕەنگ کرد
لێرەدا دوایی دەهێنم بە وتار
کوا وتارم هەیە؟ کوا سەبر و قەرار؟

**[**شوێن ؟ بەڵام ساڵی هۆندنەوەی شیعرەکە دەبێ ١٣٦٣ ی هەتاوی بێت کە ساڵی کۆچی دوایی خەمینە**][**بە ئیمەیلی کاك جەعفەر، ١٣٦٢ بووە**]**.
(لاپەڕە ١٨٤ و ١٨٥ ی چاپی ئەنیسی و ٣١٠ و ٣١١ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو دیواندا وەك یەکە.
شین گێڕییەکە بۆ کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەلی سەعدی (خەمین/ حەزین) (١٣٠٠ تا ١٣٦٣ی هەتاوی)، شاعیری نیشتمانپەروەری کورد کە خەڵکی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی سەقز بووە. خەمین خەلیفەی شێخی زەنبیل و خەزووری ئاواتیش بووە. لە شیعرەکە و ئەو شیوەنەی وا ئاوات بۆی دەگێڕێت دەردەکەوێ کە پەیوەندێکی زۆر نزیك و دۆستانە لەنێوانیاندا بوویێت. باوەکوو ساڵی گوترانی شیعرەکە دەست نیشان نەکراوە بەڵام بە ئەگەری زۆر دەبێ لە ساڵی کۆچی دوایی خەمیندا گوترابێت کە ١٣٦٣ ی هەتاوی (١٩٨٤ ی زایینی)یە. بڕوانە سەرەوەتر.

---

[255] چاپی ئەنیسی: لەڕێ

مەلەکووت: بەگوێرەی هەندێك فەیلەسووفی ئیسلامی، کەون واتە بوون لە چوار عالەم پێکهاتووە: ناسووت، مەلەکووت، جەبەڕووت و لاهووت. عالەمی مەلەکووت ئەو دنیایەیە کە فریشتە دروستیان کردووە و عالەمێکی غەیرە ماددییە. (ویکیپێدیای فارسی)

بە سبووت: سەلمێنراو

فرە: زۆر

وەنەوز: خەوی کورت ماوە

هەربینا: ئێستا یان تاوێکی دی

بێ مۆڵەت بوو: مۆڵەتی پێنەدرا، تەمەنی کەم بوو

غوسسە: غصە، خەفەت

خاوەنی سفرە و خوان: دڵئاوا و میواندار

هۆنەرەکان: شاعیران

بە تەنێ: بە تەنیایی

پێوەبوو: بە داوی ئەجەلەوە بوو، مرد

لە شیعرا زاڵ بووم: بەسەر هونەری شیعردا زاڵ بووم بەڵام بە بێ تۆ ئیتر زمانم لاڵ بووە و ناتوانم شیعر بڵێم.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

# قارەمانی نەبەزی کوردستان

قارەمانی نەبەزی کوردستان
نە هەدادانی هەبوو، نە وەستان
نە بەزیی و نە تەزیی و نە کەوت
نە وەڕەز بوو، نە سرەوت و نە خەوت
تاوەکوو گرتییە باوەش پەرچەم
پەرچەمی دوژمنی هەر زۆر و ستەم
خاڵە! ئەو شەخسە دەزانی کێیە،
پەرچەمی ڕۆژی نەجاتی پێیە؟
وەك دەڵێن ڕۆڵەیی بارزانە یەقین
بۆ هەموو دەردی مە دەرمانە بە تین
هەلە، هەل! کاتی خەباتە، گەلی کورد!
دوژمنی کورد بە هەلە گەردنی ورد
تۆنەبی کورد لە هەموو جێ پەستە
دەیخەنە سوورە قەڵا دەس بەستە
لەوێ، نیئنۆکی هەموو دەردێنن
سەر ودەستی هەموو تێك دەشکێنن
وای لە ڕووحییە دەدەن، تا دەمرێ
سەری نەبزێوێ بەوەی لێی دەکرێ

ڕێکەوت و شوێنی گوترانی شیعرەکە لە دیوانی "شاری دڵ"دا ڕانەگەیێنراوە [بەڵام ڕێزدار جەعفەری ئیمام زەنبیلی، کوڕی شاعیر، بۆی نووسیوم: "لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شۆرشی ئەیلوول بۆ نەمر بارزانی گوتراوە" کە دەکاتە دەوروبەری ١٣٤٠ ی هەتاوی و ١٩٦١ی زایینی]
لاپەڕە ٣٤٠ی چاپی جەعفەر. لە چاپی ئەنیسیدا نابینرێت

عینوانی شیعرەکە هەمان میسراعی یەکەمی فەردی یەکەمی شیعرەکە خۆیەتی. لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە.

مەسنەوییەکی سیاسییە و بە ڕوونی دیارە لە پەسنی نەمر مستەفا بارزانیدا گوتراوە.

ساڵی گوترانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی جەعفەردا (وەك تاقە سەرچاوەی بەردەست)، دیاری نەکراوە، بەڵام بە یەك نیشانەدا وای بۆدەچم کە لە دەیەی چلی ئێران (دەیەی ٦٠ ی زایینی) و ڕەنگە لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولدا گوترابێت. نیشانەکەش فەردی ٧ تا ٩ ی شیعرەکەیە کە لەوێدا باس لە 'سووره قەڵا' دەکات. سووره قەڵا وەرگێڕاوی کوردییە بۆ ناوی زیندانی 'قزڵ قەلعە' لە باکووری ڕۆژئاوای تاران- زیندانێك کە لە دەیەی ١٣٣٠ و ٤٠ ی ئێراندا ئەشکەنجەگای گەلێك قارەمانانی خەباتکاری دژبەری ڕژیمی پەهلەوی دووهەم بوو.

زیندانی قزڵ قەلعە تەنیا لەو ساڵانەدا ناوبانگی هەبوو و دواتر لە دەیەی ٥٠ دا بە یەکجاری تێك ومەکان درا و ئێستا شوێنەکەی بۆتە بازاڕی سەوزە و میوە.[٢٥٦] قزڵ قەلعە بە ئەشکەنجەی نامرۆڤانە و ئەشکەنجەچیانی وەك 'ئیستیوارساقی' یەوە، گەلێك بەدناو و جێگەی ڕق و کینی خەباتکاران و دژبەرانی ڕژیم بوو. کاك سوارەی ئێلخانی زادەش کە ماوەیەك لەوێ زیندانی بوو، شیعرێکی هەیە و تێیدا قزڵ قەلعە بە "سووره قەڵا و شوێنی دەرد و بەڵا" ناودێر دەکات. نازانم شیعری کاك سوارە پێش ئەم شیعرەی مامۆستا ئاوات گوتراوە یان دوای ئەو، واتە بۆم ڕوون نییە زاراوەی 'سووره قەڵا' داهێنانی کامیەك لەوان یان چ کەسێکی دیکە بووە.

دیارە بە نیشانەیەکی دیکەدا دەکرێ پێمان وابێت کە شیعرەکە درەنگتر و بە بۆنەی کۆچی دوایی بارزانییەوە گوتراوە، ئەویش لەبەر ئەوەی لە فەردی یەکەمدا دەڵێ: *"نەهەدادانی هەبوو، قەت، نە وچان؛ نەبەزی و نەسرەوت و نەکەوت"*. کرداری هەردوو

---

[٢٥٦] . واهەیە بێ جێ نەبێت ئەگەر بڵێم منی نووسەری ئەم دێڕانە، لە ساڵی ١٣٥٢ (١٩٧٣) دا لە قزل قەلعە زیندانی بووم و تاقمی ئێمە دوایین کەسانێ بوون کە لەوێدا دەست بەسەر کرابووین. ڕۆژێکی کۆتایی هاوینی ئەو ساڵە هەموومانیان سواری ئوتوبۆس و مینی بوس کرد و بردیانین بۆ زیندانی 'ئێڤینی تازە' کە هێشتا زیندانیی تێدا نەبوو و دەرگای قزڵ قەلعەیان قفڵ دا و پاشان ڕووخاندیان. ئێمە هەروەها یەکەم تاقمی زیندانی بووین کە لە ئێڤینی تازەدا زیندانیکراین و ئاوەدانمان کردەوە! من لەوێوە برامە زیندانی قەسر و دوای تەواو بوونی ماوەی زیندانەکەم لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە زیندانیان کە ماوەی زیندانمان تەواو ببوو، لەجیاتی ئازاد کران، سەرلەنوێ براینەوە ئێڤین! دەورو بەری ٦-٧ مانگ بە زیادی لەوێ ڕاگیرام، ئینجا لەوێوە ئازاد کرام؛ ئەوە پێی دەگوترێ "عدل پهلوی"!

ڕستەکە، ڕابردووە و بۆ ئەوە دەبێت دوای مردنی کەسەکە گوترابێت. بەڵام لە فەردەکانی دواتردا کرداری ڕستە هەمیسان دەبنەوە بە زەمانی حاڵ و لە ڕابردوودا نامێنن، وەك "دەزانی کێیە؟" و *"پەرچەمی ڕۆژی نەجاتی پێیە"*.
واتای هەندێك لە وشەکان:
پەرچەم، ئاڵا، عەلەم.
پەرچەمی دوژمنی هەر زۆر و ستەم، واتە بارزانی ئەو پەرچەمەی گرتە باوەش کە دوژمنی هەموو چەشنە زۆر و ستەمێك [ی نەتەوایەتی] بوو، دیارە پەرچەمەکەش دەبێ پەرچەمی کوردستان بێت. ئەگەرێکیش دەتوانێ سەر هەڵبدات ئەویش ئەو هەواڵەیە کە هەندێك کەس گێڕاویانەتەوە و بە گوێرەی ئەو، دوای هەرەسی کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد ئاڵای کوردستانی ئەسپاردۆتە دەست بارزانی.
مە، ئێمە
هەلە، هەل! تەئکید و پێداگرتنە لەسەر چەمکی دەرفەت و هەلێکی گونجاو کە بە گوێرەی شاعیر لە سەردەمی گوترانی شیعرەکەدا بۆ خەباتی نەتەوایەتی هاتۆتە پێشێ.
دوژمنی کورد بە هەلە گەردنی ورد، واتە دوژمنی کورد بەو هەلەی ئێستا (واتە لە سەردەمی گوترانی شیعرەکەدا) هاتۆتە پێشێ، گەردنی ورد دەبێت.
پەست، سووك و ڕێز لێنەگیراو.
نینۆك دەرهێنان، چەشنێك ئەشکەنجەی وەحشییانە کە لە زیندانەکانی ئێراندا بۆ هەندێك کەسایەتی گرنگی ئوپۆزیسیۆنی ڕژێمی شا باو بوو (دیارە مەلاکانی ئێستا لەوە گەلێك زیاتریش دەکەن!)
وای لە ڕووحییە دەدەن، واتە وەها ئازاری ورە و تاقەتی دەدەن کە بەو بەڵایانەی بە سەری دێنن، دواتریش نەوێرێت سەربزێوی بکات.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

# ئینقلابی ئێران

ئینقلابێ کە لە ئێران ڕووی دا
عالەمێك کەوتنە نێو چاڵی فەنا
ئاڵ وگۆڕێك لە وڵاتی ئێمە
هاتە دی، دەردی گرانە، پێمە
بۆت بەیان کەم بەتەواوی چۆن بوو:
پیاوەتی و خۆشی و چاکی کۆن بوو
دوودڵی و لێك لەکوڵی و ئاڵۆزی
بێ شتی و قاتی یی نان و ڕۆزی
کەژ وکۆ پڕ لە تەمی دەرد و خەمە
پڕ لە تاڵیی دەسی خاوەن ستەمە
دەرودەشت چۆڵ لە کوڕ وکاڵ ماوە
شیو ودۆڵ تەرمە نەماوی لاوە[257]
چاڵ وچۆڵ تەرمی جوانی لێیە
دەنگی ئەشکەوتێ هەواڵی پێیە
پێودەڵێ ڕۆیی زەمانی خۆشی
مافی خۆمانە خەم و ڕەشپۆشی
تازیەدارانی جوانانی گەلین
پاکمان مات و پەرۆش و کەسەلین
ئاسمانیش بە ڕواڵەت شینە،
شین دەکا، ئێستە هەور پڕچینە

---

[257]. تۆ بڵێی "تەرمە نەمامی لاوە" نەبێت؟

قینی هەستاوە لە ئاکاری مرۆ
بانگ دەکاتە گەلی چەوساوە: بڕۆ!
یارمەتی هەر لە خودا دەخوازین
هەرچی مەیلی ئەوە، تێکڕا ڕازین

(ڕێکەوت و شوێنی گوترانی شیعرەکە ڕانەگەیێنراوە) [بەڵام کاك جەعفەری کوڕی شاعیر بۆی نووسیوم: "هەر بۆ ئەو ئینقیلابەیە کە ساڵی ١٣٥٧ کرا و ئاوات هەر ئەودەم، زانی چییە]
(لاپەڕە ٣٣٨ و ٣٣٩ی چاپی جەعفەر. لە چاپی ئەنیسیدا نابینرێت)

---

عینوانی شیعرەکە لە فەردی یەکەمی وەرگیراوە.
مەسنەوییە و یەك لە شیعرە سیاسییەکانی ئاواتە.
نەبوونی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا زۆر جێگەی پرسیار نییە. چاپ کردنی شیعرێك بەو ناوەرۆکە، لە ساڵی ١٣٦٥ واتە ٧-٨ ساڵ دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) ی ئێران و دەسەڵات سەندنی مەلاکاندا، نەگونجاو بوو. تەنانەت ئێستاش هەر ئەستەمە، مەگەر بۆچوون ئەوە بێت کە نیازی شاعیر لە 'ئینقلابی ئێران'، گۆڕانکارییە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکانی ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣) ی ئێرانی سەردەمی محەممەد ڕەزاشای پەهلەوی ناسراو بە 'ئینقلابی سپی' بووە، کە من وای بۆ ناچم و تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیام شاعیر ڕووی قسەی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانە لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩ز)دا.
دیارە واهەیە گرنگترین خاڵی سەبارەت بەشیعرەکەش، هەر ئەوە بێت کە شاعیر شیعرەکەی لە چ سەردەمێك و سەبارەت بە چ 'ئینقلاب' واتە شۆڕشێك گوتووە.
من نامەوێ زیاتر بچمە سۆراغی سەلماندنی یەك لەو دووە. هەر ئەوەی لە ناوخۆی ئێراندا مۆڵەتی چاپ و بڵاو بوونەوە بە شیعرەکە دراوە، دەریدەخات کە وا تێگەیەنراون کە گوایە ڕووی قسەی شاعیر لە ئینقلابی سپی بێت و منیش لەبەر هۆکارێکی ئاشکرا نامەوێت لەوە زیاتر بەرپەرچی بۆچوونەکە بدەمەوە. خوێنەر دەستی ئاواڵەیە بەراوردی ناوەرۆکی شیعرەکە و هەواڵی سەبارەت بە چاڵی فەنا و تەرمی لاوان و ڕەشپۆشی و تازیەتداریی جوانان لەگەڵ بارودۆخی ساڵانی ٤٢ و ٥٧ بکات و تێبگات شاعیر لە ڕاستیدا ڕووی قسەی لە کامیانە.
واتای هەندێك لە وشەکان:

ئینقلاب، له فەرهەنگی ئێران و تاڕادەیەکیش له فەرهەنگی سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، شۆڕش واته ڕیڤولوشنه، گەرچی له باشوور واتای ڕیفۆڕمی لێ وەردەگیرێت. هەرچۆنێك بێت، لێرەدا شۆڕشه.
پێمه، پێم وایه، لەگەڵمه. لێرەدا دووەمیانه؛
پیاوەتیێ و خۆشی و شادی کۆن بوو، واته نەما، بوو به مێژوو؛
لێك لەکوڵی، تەرکیبێکی دەسکردی جوانه بەواتای ئەوەی خەڵکەکه لەیەکتر ناڕازی، دڵ پڕ و له کوڵ وجۆش و بن؛
تەمی دەرد و خەم، شاعیر خەم و دەردی وەك تەم بینیوه که کەژ وکۆساری وڵاتی داگرتووه؛
کوڕ وکاڵ، لاوان
تەرمه نەماوی لاو، دەبێ به واتای تەرمی بێ نازی له دەشت و کۆ کەوتووی لاوان بێت. گەرچی ئەگەری هەڵەی چاپیش ناتوانم دوور بزانم و بڵێم واهەیه له بنەڕەتدا "تەرمه نەمامی لاو" بووبێت. که شاعیر تەرمی لاوانی به نەمام شوبهاندووه. دەنا دیاره تەرم تەرمه و خاوەنەکەی چیتر نەماوه و لەژیاندا نییه.
دەنگی ئەشکەوت، ئێکۆ، یان دەنگدانەوەی ناو ئەشکەوتی چۆڵە. ئەو هەواڵەی وا ئەشکەوت بڵاوی دەکاتەوه ، دەبێ چی بێت ئەگەر هەواڵی ناخۆشی سەبارەت به مەرگی جوانان نەبێت؟ فەردی دواییش درێژەی هەر ئەو تەعبیرەیه و شاعیر له زمان دەنگی ئەشکەوتەکەوه پێمان دەڵێت که سەردەمی خۆشی تێپەڕ بووه و ئێستا به حەق دەبێ ڕەشپۆش بین چونکوو ئازیەتباری لاوانی گەلەکەمانین و هەر بۆیەش مات و پەرۆش و کەسەلین؛
کەسەل، عەرەبییه و دەبێ داهێزراو و بێ تاقەت بێت.
ئاسمانیش به ڕواڵەت شینه، واته ئاسمان هەر به ڕواڵەت ڕەنگی شینی هەیه، دەنا خەریکی شین و گابۆڕه و دەبێ به هەوری ڕەشی چەند توێ (وەك نیشانەی ئازیەتباریی) داپۆشرابێت. ئەو ئاسمانه له کار و کردەوەی مرۆڤ تووڕەیه و به گەلی چەوساوه، که ئێمه [ی کوردین]، دەڵێ بڕۆن[بۆ پێشەوه بۆ خەبات]؛
یارمەتی هەر له خودا دەخوازین، شاعیر لەم فەردەی دواییدا سیاسەت و هێزی خەڵك بەجێ دەهێڵێت، با دەداتەوه سەر باوەڕه ئایینییەکەی خۆی و بەوپەڕی بێ هیواییەوه

دەڵێ یارمەتی هەر لە خودا دەخوازین و بە بەشی ئەو ڕازین، بەوەش کۆتایی بە شیعرەکە دەهێنێت.
بە پێچەوانەی زوربەی زۆری شیعرەکانیتر، شاعیر لێرەدا ناوی خۆی (ئاوات، ئیمامی، کاکی ئیمامی، کامیل) ناخاتە فەردی مەقتەعەوە. هۆکار دەتوانێت یەك لەم دوانە بێت:
یەکەم، شیعرەکەی هەر دوای گوتن، لە سەردەمی ژیانی خۆیدا بڵاو کردۆتەوە و نەیویستووە دوژمن واتە ڕژیمی ئێران (جا، شایەتی بێت یان مەلایەتی)، شاعیرەکەی بناسن؛
دووهەم، شیعرەکە فەردێکی دیکەشی لە کۆتاییدا هەبووە و بڵاوکەرەوەی دیوانەکە لەبەرهۆکاری ئەمنییەتی وەلای ناوە.
من زیاتر لەگەڵ ئەگەری یەکەمدام، بەڵام ناشتوانم بیسەلمێنم.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

## سکاڵا

ڕووڕەشی دەرگای خوداوەندم لەبەر نەفس
سەیری ئامالی گڵاوم کەن دەگەڵ ئاکاری پیس
نەفسەکەی ئەممارەکەم وەك مارە، چۆن بۆم دەسرەوێ؟
ڕەنگ وڕووشم هەروەکوو دارێکە پیر و وشك و سیس
کاکە دونیا خۆی گڵاوە، هەرکەسێکیش وێی کەوێ،
تێکەڵە بێشك دەگەڵ خاشاك و ئەشیایی نەجیس
من قەرارم وایە ئەوجار تەرکی خۆشیی کەم بە دڵ
خواردنم نانێکی ڕەق بێ، بەرگ و پۆشاکم تەلیس
عومری بەدبەختیش ئەوەند تووڵانییە نابڕێتەوە
هێند درێژ و نالەبار و خوار و خێچە وەك گوریس
دەك بەڵای لێدا ژیانی وا بە نەنگ و عارەوە
نەسرەوێ عومری ئەوەند تاڵ و ژیانی[٢٥٨] وا خەسیس

دەست نیشانی شوێن وڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە نەکراوە
(لاپەڕ ٧٨ ی چاپی ئەنیسی و ٩٦ ی چاپی جەعفەر)

---

چاپی جەعفەر عینوانی شیعرەکەی لە واتای گشتیی شیعرەکە وەرگرتووە کە سکاڵایە لە دەست دنیای تێپەڕ و ژیانی ماددی و فەفسی فریودەری مرۆڤ. بەڵام عینوان لە چاپی ئەنیسیدا 'دونیای گڵاو'ە و ئەویش لە عیبارەی 'دونیا خۆی گڵاوە' ی فەردی سێهەمی شیعرەکە وەرگیراوە. لاموایە عینوانی هەڵبژێرراوی ئەنیسی پڕ بەپێستی ناوەرۆکی شیعرەکە بێت.

---

٢٥٨. چاپی ئەنیسی: ژییانی

شیعرەکە ئاوێنەیەکی باڵانوێنی سۆفیایەتی سەردەمی ئێمەیە. لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئێستاش کەم نین ئەو کەسانەی وا بە ڕەی سەدەکانی ناوەڕاستی سۆفیان و چلەنشینانی دەپێون، بانگەشە بۆ تەرکی جیفەی دونیا دەکەن، ژیانی سەر زەوی بە گلاو و پیس دەزانن و لەئەنجامدا مردنی خۆیان بە ئاوات دەخوازن (دەك بەڵای لێدا ژیانی وا...). بە بۆچوونی ئەوان، ئەم ژیانە تەنیا نەفسی ئەممارە خوازیاریەتی و عارف و سۆفیی ڕاستەقینە بە لەعنەتی دەکەن. سەید کامیل نموونەیەکی باشی ئەو عارفانەی سەردەمی ئێمەیە.

شیعرەکە، وەك زۆرێکی دیکە لە شیعرەکانی ئاوات، پڕە لە ڕەشبینی بە نیسبەت جیهان و ژیانەوە. پەیامی ناو شیعرەکە بریتییە لە: بێبایەخ بوونی ژیانی سەر ڕووی زەوی، پیس بوونی ئارەزووی دڵ، گلاوبوونی خۆشییەکانی ژیانی ئەم دنیایە و بە ئاوات خواستنی مەرگ بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەسڵ واتە زاتی خودا لە بەهەشتی وەعدەپێدراوی ئیمانداراندا. ئەو هەڵوێست گرتنە لە نێو عاریفان و سۆفییاندا دیاردەیەکی تازە نییە و لە هەموو مێژووی سۆفیایەتیدا بە زمان و شێوازی جیاواز دەبینرێت و تا سەردەمی ئێمەش هاتووە.

ئەوەی وا لە ناو بەشێك لە خاوەن بیراندا باوە، ئەوەیە کە بنەماکانی سۆفیایەتی دەگەڕێنەوە سەر ئایینی ئیسلام بەڵام ئەگەری وەرگرتنی چەمکەکە لە فەیلەسوفانی یۆنان و تەنانەت ئەگەری ئەوەی مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئایینی کۆنی میترایی پێش سەرهەڵدانی زەردەشتایەتیش، هەمیشە جێگەی سەرنج بووە. ئیمامیش، کە لە بنەماڵەیەکی شێخایەتیدا گەورەبووە و باوك و برا و مامی شێخی تەریقەت بوون، دەبێ ئەو باوەڕەی لەوان وەرگرتبێت و لەشیعرەکانیدا دەری خستبێتن.

جێگەی سەرنج ئەوەیە ئیمامی ئەو باوەڕە سۆفییایەتییەی تەنیا بە شیعر و بە قسە دەرنەبڕیوە و گۆشەنشینی و دەروێشی و تاڕادەیەکیش هەژارییەکەی، لەگەڵ ئەو باوەڕەدا یەکیان گرتۆتەوە و ڕەنگدەرەوەی یەکتر بوون.

دیارە لەو پەیوەندییەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: کاتێ بە گوێرەی شیعرەکە، شاعیر بڕیار دەدات "لەوە بەولاوە خواردنی نانی ڕەق بێت و و بەرگ و پۆشاکی تەلیس"، ئەی بۆچی مڵك و ماڵی گوندی قاقلاوا یان گەردیگلانی خۆی دەپارێزێت و نایانبەخشێت- وەك چۆن عەتتاری نیشابووری دەستی لە دووکانی عەتتارییەکەی خۆی هەڵگرت؟ من خۆم لەگەڵ ئەو بۆچوونە توندوتیژە نیم و بە شارەزاییەکی کەم کە لە

ژیانی شاعیرم هەیە دەزانم لە ماوەی ژیانیدا وەك وردە مالكێك بە داهاتی كەمەوە ژیا و بەشێك لە داهاتی خۆی سەرفی خەباتی سیاسی و بەشێكی دیكەی سەرفی میوانداریی دۆستان و ناسیاوانی خۆی كرد. دیارە ئەوانە تایبەتمەندیی تاكەكەسیی شاعیرن و هیچكامیان ناتوانن پاساو بن بۆ ئەو ڕاستییەی كە ئاوات وردەمالكێكی خاوەن ڕەعیەت بوو و وەك زۆر مرۆڤی دیكە لە ناتەباییەكی هەمیشەییدا ژیانی بردە سەر، ناتەبایی نێوان باوەڕ و كردەوەی ڕۆژانە.

سكاڵا لە دەست نەفسی ئەممارە لە نێو عاریفان و موتەسەووفیندا یەك لە سەرەكیترین چەمكەكانە و شاعیرانی موسوڵمان لێرە ولەوێ بە شێوەی جیاجیا نەفسی ئەممارەیان بە لەعنەت كردووە. مەحوی دەڵێ:

*"ئەمینی شێتییە مەحوی لە مەكری نەفسی ئەممارە*
*مەگەر رەحمی خودا دەمبەستی كا ئەم مارە ئەنگێوە"*

نەفسی ئەممارە: نەفسی مرۆڤە كە فریودەرە و فەرمانی زۆری بەسەردا دەدات؛ بە تەعبیری سۆفیان كاتێك سەرهەڵدەدات و مرۆڤ بە شوێن خۆیدا دەكێشێت كە مەنییەت و خۆخۆشەویستی بەسەریدا زاڵ بن و هەوای نەفس و ژیانی سەر ڕووی زەوی ببنە هۆكار بۆئەوەی خودا و قیامەتی لەبیر بچنەوە.

شیعرەكە جگە لەو بابەتە گشتییەی وا باسم كرد، وشە و تەعبیرێكی ئەستەمی تێدا نییە.

نەجیس: گڵاو

تەلیس، گۆنی

خەسیس، ڕەزیل

بەحری عەرووزیی شیعرەكە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# کزەی بای شەماڵ

بە سروەت پێدەڵێم چاوم! کزەی دێ بای شەماڵ ئەمشەو
چزەی دێ جەرگی برژاوم بە بێ پۆلوو و زوخاڵ ئەمشەو
ئەوا تیپی بەهاری دەست بە نێزە چوونە سەر بەفرێ[259]
شکا پشتی کلیلەی قوڕبەسەر، وەك پیرەزاڵ، ئەمشەو
سەراسەر فەڕشە چیمەن بۆ قودوومی بووکی گوڵ، بۆیە
زمانی گرتووە هەر چەشنی تووتی، کوندە لاڵ ئەمشەو
بە تەشریفی شنە، شەوبۆ و نێرگس پاکی پشکووتن
لە خۆشیان بولبول و قومری دەکەونە قیل‌وقاڵ ئەمشەو
کوڕوکاڵ دەم‌بەخەندەن، کیژوکاڵ پڕ عیشوە وو نازن
بزەی دێ غەمزە وو ڕەمز و ئیشارەی چاوی کاڵ ئەمشەو[260]
ئەوا هەر چاوەڕێیە نێرگسی شەهلا بە تەنیایی
بە جارێ بوو سپی چاوی بە ئوممێدی ویساڵ ئەمشەو
بە دەنگی بولبول و قومری، تەماشا دڵ چلۆن دەگری!
دەڵێ بگرن بە دڵ قەدری جەماڵی کیژوکاڵ ئەمشەو[261]
"ئیمامی"ش هەروەکوو بولبول بە هیوای پێکەنینی گوڵ
دەناڵێنێ لە سەر هەر چڵ، بە یادی خەت‌وخاڵ ئەمشەو

---

[259] چاپی ئەنیسی: بەفری

[260] من لەگەڵ دانانی ئەو دوو پیتی /واو/انە نیم و لام وایە نابێ تایبەتمەندییە زمانەوانییەکان کە بۆ نموونە لە کتێبی فەرهەنگ (قامووس)دا کەڵکیان لێ وەردەگیرێت بهێنرێنە ناو نووسراوەی ئاسایی خەڵکەوە. من ئەم دەقەم لەبەر نوسخەی شاری دڵ کۆپی کردووە. دڵنیام ئەگەر ئەودوو /واو/ ی عەتفە لە هیچکام لەو دووشوێنەی فەردەکەدا نەنووسرایەش، دیسان خوێنەر ڕەچاوی کێشی شیعرەکەی دەکرد و بێ هەڵە دەیخوێندەوە. پێم وا نیە ئەوە بیدعەتێکی باش بێت.

[261] . چاپی جەعفەر: قەدری، جەماڵی

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دەست نیشان نەکراوە
(لاپەڕە ٣٣ و ٣٤ ی چاپی ئەنیسی و ١٧٣ ی چاپی جەعفەر)

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'بووکی گوڵ'ە، کە لە فەردی سێهەمی شیعرەکە وەرگیراوە.

شوێن و ڕێکەوتی شیعرەکە لە هیچکام لە چاپەکاندا ئاماژەیان پێ نەکراوە. بە حیسابی ناوەرۆك، دووری نازانم هی دەوروبەری ساڵی ١٣٣٥ ی هەتاوی بێت و ئەگەر بۆچوونەکەم ڕاست دەرچێت، دەبێ لە گوندی قاقلاوا گوترابێت کە ئاوات لەو ساڵانەدا لەوێ ژیاوە.

ڕەدیفی شیعرەکە، لە چاپی ئەنیسی، کە لە سەردەمی ژیانی شاعیردا چاپ کراوە، وشەی ئەمشەو'ە. ئەو ڕەدیفە لە چاپی تازەتری جەعفەر و هاوکارانیدا بۆتە 'ئەوشۆ' ڕاست وەك پارچە شیعری 'چ خۆش بەزمێکە'.[٢٦٢] ئەم گۆڕانکارییە بۆ من گەلێك سەمەرە دێتە بەرچاو. دوو حاڵەت لەم بارەیەوە گونجاوە:

یەکەم، شاعیر دوای چاپی یەکەمی دیوانەکەی، ویستبێتی ئەو گۆڕانکارییە وەدی بهێنێت، کە ئەوە مافی خۆی بووە و ئێمە دەبێ ڕێزی لێبگرین، مەگەر بۆ جەدەلی چاك و خراپیی گۆڕانکارییەکە بیخەینە بەرباس.

دووەم، ئاغا سەید جەعفەر و برادەرانی دیکەی بەرپرسی چاپی دووهەم (شاری دڵ) ئەم کارەیان کردبێت، کە ئاشکرایە هەڵەیەکی زەق بووە و بە هەر ئامانجێك کرابێت، دەست تێوەردان بووە لە شیعری شاعیرێك کە لە ناوماندا نەماوە و ناتوانێ لەبەرانبەر چاك و خراپیی کارەکەدا هەڵوێست بگرێت.

گۆڕانکارییەکە زۆر مەزن نییە و تەنیا شێوەزاری ناوچەی بۆکان و سەقز و شوێنی ژیانی شاعیر لە چاپی تازەدا کراوەتە شێوە زاری ناوچەی مەهاباد و باکووری موکریان (ئەمشەو بووە بە ئەوشۆ).

گۆڕانکارییەکی دیکەی شیعرەکە لە وشەی 'بەفری'دا پێك هاتووە کە لەچاپی جەعفەردا کراوەتە 'بەفرێ'. ئەو /یاء/ ەی وا بە بەرکاری ڕستەکەوە نووساوە، هەرکامیان بێت، هی ناوچەی باکووری موکریانە.

[٢٦٢] بڕوانە پارچە شیعری 'چ خۆش بەزمێکە، بەزمی یارە ئەمشەو [ئەوشۆ].

من که دەست نیشانی ئەو دوو گۆڕانکارییە دەکەم و بە باشیان نازانم، ئاگاداری ئەو ڕاستییەش هەم کە شاعیر هەندێك جار خۆی کەڵکی لەو شێوەزاە باکووریترەی ناوچەی ژیانی خۆی وەرگرتووە و لێی شارەزا بووە، کەوابوو لێرەدا خەتایەکی گەورە نەکراوە جگە لەوەی ئەمانەت بە باشی نەپارێزرابێت.
نالی غەزەلێکی بە هەمان ڕەدیفی 'ئەمشەو' هەیە: *"شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو"*. من بەراوردم کرد، نە کێشی غەزەلەکەی ئاوات وەك هی نالییە، نە هیچ تەعبیرێکی لەو وەرگیراوە. تەنیا هاوشێوەییان لەگەڵ یەکتر، ڕەدیفی 'ئەمشەو' ە و هیچیتر.
سروە: بای بسکان، شنەبا، شنە، کزەبا (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار). وەك دەبینین، هەر چوار واتاکەی وشەی سروە لە پەیوەندی 'با'دایە، تەنانەت 'شنە'ش هەر شنە و جووڵەی بایە، یان لە ئەنجامی ئەودا پێکدێت. کەوابوو واتای 'بە سروە پێگوتن' چییە؟ سرتە کردنە؟ یان لە ڕێگای سروەی باوە هەواڵ بۆ کەسێك ناردنە؟ من دووری نازانم لە هەندێك بن زاراوەی ناوچە کوردییەکان، سرەوە واتای سرتە و قسەی ئەسپاییش بداتەوە.
ئەگەری زیاتری من بە حیسابی ڕستە و ڕاگەیاندنەکە ئەوەیە هەمان واتای شنەبای هەبێت و شاعیر ویستبێتی بڵێ لە ڕێگای سروەوە پێت دەڵێم لەبەر ئەوەی ئەمشەو کزەی بای شەماڵ دێت و دەتوانم پەیامی خۆمی پێدا بنێرم.
کزە: دەنگی ناسکی سروە، چزە چز (هەنبانە بۆرینە). لێرەدا یەکەمیانە.
زوخاڵ: بە هۆی کێشی شیعرەکەوە دەبێ /واو/ ی زوخاڵ زۆر بە کورتی بێتە سەرزمان، وەك سوخاڵی ناوچەی سنە، نەك وەك زووخاڵ.
تیپ: گرووپێکی سەرباز و سوپاییە. تیپی بەهار بە نێزە[ی شەماڵ]ەوە چۆتە شەڕەجەنگی بەفری زستان.
کلیلە: ڕنوو
پیرەزاڵ: پیری سەرسپی، زیاتر بۆ مێینە دەگوترێت.
قودووم: کۆی قەدەم، هەنگاو. لێرەدا بە واتای هاتنی بووکە.
کوندەلاڵ: کوندێك کە زمانی قسە کردنی نییە و لاڵە.
زمان گرتن: لە کوردیدا دوو واتای دژ بەیەکی هەیە: یەکەمیان دەسپێکی قسە کردنە و .توانای قسە پەیدا کردن، کەزیاتر بۆ منداڵی ساوا دەگوترێت. دووهەمیشیان گیرانی

زمانە لە خەڵکانێکدا کە زمان پاراو نین و زمانیان دەگیرێت. لێرەدا یەکەمیانە. شاعیر دەڵێ: کوندی لالێش هاتۆتە قسە کردن و ئەوە موعجیزەی بەهار و شەماڵە.

تەشریف: هاتن، بەخێر هاتن. مۆسیقای دەروونیی پیتی /ش/ لەم فەردەدا بەرچاوە.

پاك: هەمووی

قیل وقاڵ: بە /لام/ ی قەڵەو، قسە وباس، هەراهەرا.

کوڕ وکاڵ: جحێڵ و لاو (هەنبانە بۆرینە). کاڵ بە حیسابی ڕێزمان 'موهمەل'ە.

کیژوکاڵ: کیژی جحێڵ و لاو (هەنبانە بۆرینە نەیگرتووە بەڵام یەك لەو واتایانەی وا بۆ وشەی 'کاڵ' ی لێداوەتەوە، 'نەگەیشتوو'ە، کە دەکرێ بە کیژی ناکامڵ لێی تێبگەین). لێرەشدا کاڵ هەر موهمەلە.

خەت و خاڵ: وابزانم خەت یان خەتی سەوز، ئەو تووکە ناسك و کەمەیە وا لە سەر لێوی گەنجان. بەتایبەت کچان دێت. ئەو خەتە هاوڕێ لەگەڵ خاڵێك کە بە گشتی مێینە لە سەر لێوی خۆیان دەکوتا، پێکەوە دەبنە خەت و خاڵ کە لە ڕابردوودا زۆر پەسندی شاعیران بوون و زۆریان پێدا هەڵگوتوون.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

# ڕێگای عیشق

به ڕێگای عیشقدا ڕۆیم به سەرسەنگی، خەیاڵاوی[263]
بە دڵتەنگی، بە بێدەنگی، بە بێ ڕەنگی، بە داماوی
لە دەریای قووڵی بیر وخەم دەبێ کەنگێ دەرمبێنن
بە ڕەشپۆشی، بە بێهۆشی، بە ناخۆشی، بە خنکاوی
دەنا خۆ گەر بسووتێم من بە ئاوری عیشقی یار، ئاخۆ
بەڕێز ئەگرن وەکوو هیندوو، برا تەرمم بە سووتاوی؟[264]
دەڕۆم بەو ڕێگەدا شەرتە هەتا ماوم بە یادی یار
بە هیوای دڵ، بە مەیلی دڵ، دڵێکی گەرم و ئاگراوی
کەچی بەو حاڵی بێحاڵم، کە دیتم داوەتە، ڕۆییم[265]
بە هیوای بەژنی جوانی یار، کە زوو کەوتوومە نێو داوی
بەڵام دەسیان نەگرتم هەرچی هەوڵمدا، گەلی لاوان
دەیانگوت پیرە، خاوەن ڕیشە، با بڕوا لە ئاوایی!
وەدەرکەوتم، بزەی هات یار بەمن، ئەمنیش بزەم هاتێ
لەخۆشیان وەختەبوو بفڕم کە چەل چەل دایدەگرت چاوی
بەدڵ خۆم خستە بەرپێی بەڵکە پێ دانێ لەسەر چاوم
لەبەر برژۆڵ نەهات، فەرمووی کە سەر چاوێکە دڕواوی
ئەمن لاوێکی سوارچاك، تەقڵەباز بووم، ئەوێستاکە[266]
کەچی پیرێکی کەوتووم، عومری خۆم دانا بە خۆڕایی

---

[263] لە دەقەکەدا وەك ڕۆییم هاتووە.

[264] لە دەقەکەدا وەك هیندو هاتووە.

[265] لە دەقەکەدا وەك ڕۆییم هاتووە.

[266] لە دەقەکەدا وەك "تەقڵەباز بووم و ئەوێستاکە" هاتووە  کە کێشی شیعرەکەی پێ لەنگ دەبێت.

"ئیمامی" هەڵگرە دەستت لە هیوا و ئارەزوو و ئاوات[٢٦٧]
بەجارێ تێپەڕی تاف و زەمانی جوانی و لاوی

شوێن و ڕێکەوتی هۆنرانەوەی شیعرەکە دیاری نەکراوە
(لاپەڕە ١٧ و ١٨ ی چاپی ئەنیسی. لە دیوانی چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

بە داخەوە ئەم شیعرە جوانە لە دیوانی چاپی جەعفەر دا نەهاتووە و هەر بۆیەش ڕێکەوتی گوترانی بۆ دیاری نەکراوە بەڵام بە حیسابی ناوەرۆك و ئەوەی بەتایبەت لە فەردی ٩ و ١٠دا هاتووە، دەبێ دوای تێپەڕبوونی تەمەنی لاویی شاعیر گوترابێت.
شیعرێکی غەرامییە، گەرچی خۆ کلا کردن و گۆشەگیریی شاعیر لە زوربەی فەردەکانیدا دەردەکەوێت.
سەرسەنگی: لاساری، گوێ نەبیسی *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)*
بەڕێز ئەگرن: ئایا وەك شتێکی بەڕێز سەیری دەکەن؟
هیندوو: هیندستانی و ئیماندارانی ئایینی هیندوو. ئەوان تەرمی مردووەکانیان دەسووتێنن.
کەچی بەو حاڵی بێحاڵم...: ئەم فەردە لە درێژەی فەری پێشتردایە. شاعیر دەیەوێت بڵێ هەتا ماوم بە ڕێگەی عیشقدا دەڕۆم و لەهەر شوێنێك داوەت و شایی هەبێت دەیچمێ بە هیوای دیتنی بەژنی جوانی یار. بەڵام کێشە زەمەنی کرداری "ڕۆیم"ە کە دەبوایە لە دادێدا بگوترێت نەك ڕابردوو.
بەڵام دەسیان نەگرتم...: ئەوەش هەر لە درێژەی فەردەکانی پێشتردایە و شاعیری بەتەمەن و بەساڵاچوو بەڵام دڵتەڕ، دەچێتە سەر هەموو شایی و گۆڤەندێك بەڵام لاوان نایبەنە گەڕی داوەتەوە و دەڵێن پیری لێرە بڕۆ!
گەلی لاوان: جەماعەتی لاوان
چەل چەل: جارجار؛ موکریانییە.
لەبەر برژۆڵ...: ئەو تەعبیرە لە شیعری زۆر شاعیری فارس و کورددا هاتووە و ئاواتیش لای کەم جارێك لە چوارینەیەکدا گوتوویەتی:
دڕواوی: شتێك کە چقڵی هەیە، خاوەن دڕوو

---

[٢٦٧] لە دەقەکەدا وشەی ئاوات خراوەتە نێوان دوو کەوانۆکەو:"ئاوات" کە ئەگەر وا بکەین ئیهامە نزیکەکە واتە واتای ئارەزوو دەفەوتێت..

# پاییز

پایزە، دار ودەوەن بێ ڕەنگن[٢٦٨]
قەل و مەل، بولبولەکان بێ دەنگن
باخە بێ بەرگە، پەسیویکی نەما
بێ حەشارگەن، کوڕ و کیژ دڵتەنگن
بەتەنێ سەروی بڵیندبالا مان
بێ خەزان بەرزن و شۆخ و شەنگن
دڵییان پێوە هەڵاوەسراوە
بە نەسیم دێن و دەچن، سەرسەنگن
داخەکەم بۆ کوڵ وکۆی جەرگ و دڵم!
چوو بە تالانی خەزان بەرگ و گوڵم
پایزە و کاتی خەزانی گوڵوکات
گوڵوکات ڕێکی بە باچوو لە وڵات
خێڵ سەرەوخوارە، هەواران چۆڵن
لەو کەژ وکێوە بەجێما 'ئاوات'
سارد وسڕ لەو سەرە دڵ جێماوە
چاوەڕێی هاتە، بەڵام هاتی نەهات
شێت و پێت ئەی دڵی بێچارە، کوا،[٢٦٩]
تازە نۆبووکی بەهار دێتەوە لات؟

---

[٢٦٨] چاپی ئەنیسی: پاییز. بەداخەوە وشەی "پایز"ی کوردی لە زۆر شوێندا وەك پاییز دەنووسرێت و هۆکارەکەشی کارتێکەریی ڕاستەوخۆی زمانی فارسییە. لێرەدا بەتایبەت ئەو مەسەلەیە بە ڕوونی دەردەکەوێت. پاییز بە دوو یاء کێشی شیعرەکە تێکدەدات، هەر بۆیەش من بە یەك یاء نووسیم.

[٢٦٩] چاپی ئەنیسی: کووا. ئەو وشەیە بە شێوەی ئاسایی دەبێ 'کوا' بێت. دانانی پیتی زیادی کارێکی ناپێویستە واهەیە خوێنەر تووشی هەڵەش بکات.

ڕەبەن و بێکەس وکارە دڵی وا
هێند تەمادار و ئەوەندە بە هیوا
هەڵیان گرتووە خەرمان کوڕ وکاڵ[270]
تازەلاو، ڕەنجبەری کورد دێنەوە ماڵ
پەڕوپۆی تازە بەڵا دەرکەنەوە
لەو کوڕ وکاڵە جوانە پەڕ وباڵ[271]
ڕێك لە سەربان و لە کووچە و کۆڵان
وەك منداڵ تازە کە دێنە گوڕوگاڵ
ویرەویریانە بە سەبر و بە دزی[272]
نەکو پێیان بوەڕن پیرە گەماڵ
ئاشکرابن لە کون و کارێژێ
بابی کیژ بێتو قسەی پێ بێژێ
دەرودەشت چۆڵ لە خەلە وخەرمانان
ڕەنجبەران دێنەوە بۆ سەربانان
ماوەیەك بوو کە لەبەر تاوی بەتین
هەڵوەریبوو پەڕ وپۆیان بە خەمان
جلکی کۆنە لە بەری خۆ دەدڕن[273]
دەست ڕەنجبەرانە جلی تازە وجوان[274]

---

[270] چاپی ئەنیسی: هەڵییان. لێرەشدا وێدەچێت یەك پیتی یاء بە زیادی دانرابێت. هەر بۆیەش من قرتم کردووە.

[271] چاپی ئەنیسی: جووانە. من دوو پیتی واوم پێ باش نەبوو و هەر بۆیەش بە یەك واوم نووسی هۆکارەکەی ئەوەیە دوو پیتی واو ئەگەری ئەوە دروست دەکات کە وەك وشەی "جوو" واتە جوولەکە بخوێنرێتەوە و پاشانیش، خوێنەر بە شێوەی ئاسایی واتە بە یەك واو، هەر بە 'جوان'ی دەخوێنێتەوە و کێشی شیعرەکە دەپارێزرێت.

[272] چاپی ئەنیسی: وێرەوێریانە. ئەوەندەی بزانم ئەو دوو وشەیە بە شێوەی ویرەویر دەنووسرێت و دەگوترێت. هەنبانە بۆرینەش بە هەمان شێوەی نووسیوە و واتای گۆرانی لەسەر خۆ، سۆزە و نێورین (زەمزەمەی فارسی)ی بۆ لێداوەتەوە.

[273] واتە دادەکەنن و فڕێی دەدەن.

[274] چاپی ئەنیسی بە شێوەی سەرەوەی نووسیوە کە دیارە هەڵەی تێدایە. من سەرچاوەی دیکەم بۆ بەراوردکاری لە بەردەست نییە و هەر بۆیەش خۆم دەبێ ساغی بکەمەوە. بە گوێرەی ناوەرۆکی میسراعی یەکەمی فەردەکە کە باس لە دڕاندن و فڕێدانی جلکی کۆنی کوڕەلاوی ڕەنجبەر دەکات، واهەیە بتوانین میسراعی دووهەم بەم

کاتی زستانە، بەڵام دووبارە
بێ وچاندانێ هەموو دەبنە شوان
بێ کەپەنك و سەگ و گۆچان، چ دەکەن؟
لەو کەژ وکێوە، لە سەرمان چ دەکەن؟
دەنگەدەنگیانە، دەڵێن گۆرانی
بە زمانی زگوماك، سۆرانی
کورت و کرمانجی لە دەرك وبانان
خۆ دەلاوێننەوە لاو بە جوانی
پاروە نانێکی لە ماڵێ کە بخۆن
چاترە کوردە لە نانی شوانی
گەرچی شانازییە شوانی بۆ کورد
جوانە لەو شوانە دەس وگۆچانی
با بەهار بێتەوە خاکە لێوە
دەرکەوێ چادر وجیغ لەو نێوە
ئەو کەڕەت لاو دەگرن باش سەر سوێ
لە کچی مەمك و کوڵم سێو و بەهێ
وەك گوڵوکاتی بەهار سەوز و سوور
کیژ دەڕازێننەوە خۆ سەرتاپێ
ئەو حەلە، کاتی تەماشا وگەشتە
ئەوکەڕەت ڕۆژی وەدەرچوونە لە دێ
هەر جحێڵێکی ئەوینی پێ بێ،
بە ئەوین دێتە سەما و هەڵپەڕکێ
ڕێم نییە من کە فەقیرم پیرم
تا بڵێم هێندێ لە ڕا وتەگبیرم[275]

---

شێوەیە بنووسین کە دیارە دەتوانێ جیاواز بێت لەوەی وا شاعیر خۆی گوتوویەتی: "ڕەنجبەر دەکڕێ جلی تازە وجوان"

[275] چاپی ئەنیسی: تەکبیرم. بڕوانە شەرحی شیعرەکان

با نەڵێن نانی شوانی وایە
ئەوە نانێکە لە باغی نایە
ئەوە ڕێ و شوێنی گەلی پیاوانە
بەڵگە شانازی ڕەسووڵی خوایە
من بە قوربانی دەس و گۆچانی
کوڕی کورد نابێ بڵێ سەرمایە
دەنگی بلوێرە نەوای ئاسمانی
سەد نەوا ڕازی لە نێو دڵدایە
من کە 'کامیل' م و هێندێ پیرم
ئەوە بوو ڕا و قسە و تەگبیرم

ساڵ و شوێنی گوترانی شیعرەکە ڕانەگەیێنراوە
(لاپەڕە ١٣٩ تا ١٤٢ ی چاپی ئەنیسی. لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

لە دیوانی چاپی کاك جەعفەر و هاوکارەکانیدا نەمدۆزییەوە و هۆکارەکەشی نازانم.
تەرکیب بەندێکی حەوت بەشییە لە وەسفی وەرزی پایز، زستان و بەهاردا و شەرحی سروشتی کوردستان و گەڕانەوەی خێڵ لە هەوار و ژیانی خەڵکی گوند، بە تایبەت ئەویندارییەتی کوڕەلاو و کیژۆڵان، هەروەها شوانی کورد.
خوێنەر لە دەسپێکی شیعرەکەدا هەست دەکات ئاوات ویستبێتی لە ئیستیقباڵی شیعری هەڵۆ هەر بەرزەی مامۆستا هەژار یان پیرە هەڵۆی نەمر سوارەی ئێلخانیزادەدا شیعرێك بهۆنێتەوە بەڵام ئەو هەستە تەنیا لە بەندی یەکەمدایە ئەویش بەهۆی هاوچەشن بوونی هەندێك وشە و تەعبیرەوە؛ ئەگینا شیعرەکە هەر لە سەرەتاکانەوە بەرەو ئاقارێکی دیکە دەڕوات کە بە تەواوەتی لە ناوەرۆکی هەڵۆ هەر بەرزە جیاوازە. سروشتی کوردستان و کۆمەڵگای کورد ناوەرۆکی سەرەکی شیعرەکەن.
هەوای شیعرەکە، سوار و لە گوتن خۆشە. هەندێك وشە و زاراوەی کۆنی کوردیی تێدایە کە پەیوەندییان بە ژیانی گوندنشینی و هۆزایەتییەوە هەیە و بە هەمان شێوە ئاماژە بە هەندێك داب و نەریتی ژیانی ئەو سیستەمە ئابووری-کۆمەڵایەتییانە دەکات.
قەل و مەل: جیناسی ناتەواویان لێ پێکهاتووە.
پەسیو: پەنا، قوژبن

حەشارگە: شوێنی خۆ شاردنەوە و خۆ حەشاردان. شاعیر دەڵێ دار ڕووتاونەتەوە و کیژ و کوڕی لاو ئیتر ناتوانن بچنە ژوانی یەکتر و دوور لە چاوان لە پەنای بەڵگ و لقی دار قسە و ماچ و مووچ بکەن.
بەتەنێ...: داری 'سەرو' لەو دارانەیە لە زستاندا بەڵگی ناوەرێت و بە سەوزی دەمێنێتەوە. بالآشی بەرز و ڕاستە. دەڵێ لە ناو دارەکاندا تەنیا سەرو ماوەتەوە کە گەڵای هەن.
خەزان: پایز؛ فارسییە. لە شیعرێکی هەورامیدا واتای 'گەڵای دار'یشی لێ وەرگیراوە: ڕەنگ زەردیی خەزان خەتای پایزەن...." بەڵام لێرەدا هەر پایزەکەیە.
دڵییان: لەبەر کێشی شیعرەکە دەبێ وەك دڵیان بخوێنرێتەوە و هەر بۆیەش بە دوو یاء نووسراوە.
سەر سەنگ: لاسار، گوێ نەبیس (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)
داخەکەم بۆ کوڵ وکۆی جەرگ و دڵم...: ئەو بەشەی شیعری هەڵۆ هەربەرزەی مامۆستا هەژارمان وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ "داخەکەم بۆ گوڕ و هێزی جوانیم / ئەو دەمە چۆن و چ بووم، بۆ وانیم؟"
کوڵ: خەم، خەفەت، ئێش و ئازار(هەنبانە بۆرینە)
کۆ: خەفەت. بەشوێن کوڵدا دێت(هەنبانە بۆرینە)
گولوکات: گوڵوك شکۆفە و گوڵی دارە (هەنبانە بۆرینە)؛ گوڵوکات کۆی وشەکەیە بە نیشانەی کۆی /ات/ی عەرەبی دروست کراوە.
ڕێك: هەموو، بە تەواوەتی
خێل سەرەوخوار بوونەوە: داگەڕانی هەوارچییان لە کوێستانەکانەوە بەرەو دەشتایی لە پایزدا.
هەوار: شوێنی هاوینەی مەڕداری خێلات.
لەو کەژ وکێوە بەجێ ما ئاوات: ئاوات ئیهامی تێدایە. واتای نزیکی نازناوی شاعیرە و واتای دوور و ئەسڵییەکەی خۆزگەی ئەویندارێکی کوڕەلاوی خێڵە، کە لە هەوار بۆتە ئەویندارێ کیژۆڵەیەك و ئێستا بە کۆچ کردن و گەڕانەوە بۆ ناو دێیەکەیان (کە دەکرێ جیاواز بن)، لەو ئاوات و ئارەزووە دوور دەکەوێتەوە. فەردی دواتر درێژەی هەمان قسەیە. شاعیر بەو ئیهام دروست کردنە دەیەوێ بڵێی ئاوات و ئارەزووی لاوەکان لەوێ بەجێما، هەروەها دڵی ئاواتی شاعیریش لە لای ئەو پاکی و جوانییەی سروشت و ئەو کوڕ و کیژە عاشقانە بەجێما.

هات: هاتی یەکەم بە واتای ئیقباڵ و بەختە بەڵام هاتی دووهەم واتای هاتن دەداتەوە. هاتنی نەهات بریتییە لە خۆ بەسەردا سەپاندنی نەهاتی و نەیامەتی.
شێت وپێت: پێت لەفزی موهمەلە و تەنیا لەگەڵ شێت واتا پەیدا دەکات: دێوانە، ناعاقڵ
ڕەبەن: تەنیا
کوڕ وکاڵ: کاڵ وشەیەکە لەجیاتی تشت، هەرامە، هین دەگوترێ (مەلا وکاڵ، سۆفی وکاڵ) (هەنبانە بۆرینە) بەو حیسابە، کوڕ وکاڵ واتە کوڕ و هین واتە کوڕ و شتی وەك ئەو، کە هەر دەبێتەوە کوڕ و مرۆڤی نێرینەی تر.
بلا: با، بلانێ (هەنبانە بۆرینە)؛ لێگەڕێ با وا بێت یان وای لێ بێت.
پەڕ وپۆی تازە...: ئەم فەردە لە درێژەی فەردی پێشتردایە کە باسی هەڵگرتنی خەرمان وگەڕانەوەی تازەلاوی ڕەنجبەری کورد دەکات بۆ ناو ماڵ لە گوندەکان. سەجەم فەردەکە دەکرێ ئاوا واتا لێبدرێتەوە: لێگەڕێ با ئەو کوڕ وکاڵە ڕەنجبەرە کە هەموو ماوەی بەهار و هاوین زەحمەتیان کێشاوە، هێزێکیان بێتەوە بەر و پەڕ وپۆ دەربکەنەوە. کرداری 'دەرکەنەوە' وێدەچێت هەم بۆ پەڕ وپۆی پێش خۆی و هەم بۆ پەڕ وباڵی دوای خۆی بەکار هێنرابێت.
پیرە گەماڵ: دیارە بە واتای سەگی بەساڵاچووە و ئەوەی کوڕەلاو لە چوونە ژواندا دەبێ وریا بێت سەگ پێی نەوەڕێت و باوك و برای کێژەکە ئاگادار نەکاتەوە. بەڵام ئیهامێکیشی تێدایە کە دەکرێ بەو ملۆزمانەی نەسلی پێشتر بگوترێت کە بەرگری لە ژوانی ئەو لاوانەر دەکەن.
کاڕێژ: قولی سەربانی کادان کە لەوێوە کا دەڕێژنە ناو کادانەوە (هەنبانە بۆرینە) کون و کاڕێژ کەم و زۆر هەمان واتای کون و کاژێڕی هەیە، بەڵام واهەیە شاعیر بە هۆی سەروای فەردەکەوە ویستبێتی بیکات بە کاڕێژ.
قسە پێگوتن: جنێو پێدان، لێ توورە بوون.
خەلە: دانەوێڵە، دەخڵ، دەغڵ (هەنبانە بۆرینە)؛ غەلـلەی عەرەبییە.
هاتنەوە بۆ سەربان: یەك لەو شوێنە سەرەکییانەی وا کوڕەلاوی گوند لێی کۆدەبنەوە سەربانی ماڵانە. هاتنەوە و گەڕانەوەش کاتێکە زەحمەت و کاری هاوین و پایزان تەواو بووە و لاوان دەتوانن بحەسێنەوە و بۆ یاری کردن یان چاوەچاوی سەر ڕێگای کچان،

سەرلەنوێ لە ماڵ بێنە دەرەوە و لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە. لە هاویندا بەهۆی کار و ئەرکەوە ئەوەیان پێنەدەکرا.

جلکی کۆنە...: بەرگی ئیش وکار فڕێ دەدەن

دەست ڕەنجبەرانە...: هەڵەیەك کەوتۆتە ئەم میسراعەوە.نە کێشەکەی تەواوە و نە واتاکەی. من لە پەراوێزدا باسم کردووە و پێویست ناکات لێرەدا دووپاتی بکەمەوە.

بێ وچاندانێ: بە بێ پشوودانی دوای ئەرك و کاری نۆمانگە، لە زستانیشدا کوڕەلاوی گوند دەبنە شوان و ئاگایان لە مەڕ ومالاَت دەبێت.

کەپەنك: فرەنجی، بالاپۆشی شوانان

چ دەکەن: ئەم تێرمە لە هەردوو میسراعی ئەم فەردەدا دووپات بۆتەوە. ئەوەش وێناچێت کارێکی هونەریی جوان بێت. لام وایە ئەو شیعرە بەگشتی پێداچوونەوەیەکی پێویستە و دوور نییە کاك جەعفەر و هاوکارەکانیشی ڕاست لەبەر ئەو کێشە و گرفتانە لە چاپەکەی خۆیاندا نەیانهێنابێت.

زکوماك: دەبێ شێوازێکی خۆجێ یی بێت بۆ وشەی زکماك یان زگماك بە واتای دیاردەیەك کە هەر لەدایکبوونەوە لەگەڵ کەسەکە بووبێت، وەك زمانی زگماك. هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار نموونەی کوێری زکماکی هێناوەتەوە. هەر لەوێدا گوتراوە هەر وشەیەك بە 'زك' نووسرابێت بە 'زگ'یش دەبێتە هەمان شت واتە زکماك و زگماك وەك یەکن و زکوماکیش دەبێ هەر وەك ئەوان وابێت.

کورت و کرمانجی: بە کوردی و کورتی.

پاروە نانێکی...: واتە کوڕەلاو پێیان خۆشترە لە ماڵەوە بن تاکوو ببنەوە بە شوان و بچنە بەر مەڕ ومالاَت لە دەرەوەی گوند. بەلاَم شاعیر کە ئەوە دەڵێت بە شوێنیدا دەیەوێت قسەکەی خۆی چاك بکاتەوە نەکا لای خوێنەر وا بنوێنێت کە شوانی شتێکی خراپە، ئینجا پەسنی شوانی دەدات.

چاترە کوردە لە نانی شوانی: نەمزانی ئەو "معترضە"ی 'کوردە' یە بۆچی گوتراوە. ئایا نیازی ئەوە بووە بڵێ لای کورد وایە؟ یان هەر بە گشتی قسە بۆ کورد دەکات.

با بەهار بێتەوە خاکە لێوە...: با لە مانگی خاکە لێوەدا بەهار بێتەوە.

چیغ: پەردەی لە قامیش کە بە دەوری ڕەشماڵدا ڕای دەنگێون (هەنبانە بۆرینە)

سوێ: داخ و عەزرەت، تاسە (هەنبانە بۆرینە)

مەمك و كوڵم سێو و بەهیٚ: لەفف و نەشریان پیٚ دروەست كراوە. زیاتر بۆ ئەوە دەچم لەفف و نەشرەكە مشەووەش بێت: مەمكی وەك بەهیٚ و كوڵمی وەك سێو، گەرچی وەك مورەتتەبیش تێی بڕوانی واهەیە ببێت. وەستاوەتە سەر ڕوانگەی شاعیر!
ئەو حەلە: ئەو دەمە
ئەوینی پیٚ بیٚ: تەركیبێكی جوانە ئەوین پیٚ بوون واتە ئەویندار بوون.
فەقیرم و پیرم: من كە فەقیر و پیرم، لای جحێڵان ڕێگای ئەوەم نییە ڕا و تەگبیرم دەرببڕم.
تەگبیر و تەكبیر: لە دەقی چاپیدا وەك تەكبیر نووسراوە. من لام وایە دەبیٚ ئەو تەكبیرە عەرەبییە بە جیاواز دابنێین لە تەگبیر كردنی كوردی بە واتای ڕاوێژ. هەر بۆیەش بە شێوەی تەگبیرم نووسی.
لە باغی نایە: نانی شوانی زەحمەت بەرهەم دێت و بۆ ئەو كەسە نییە لە لە باغی دانیشتووە و بەئیستراحەت دەیخوات. ڕاست یان هەڵە، ئەوە تێگەیشتنی منە لەو میسراعە.
گەلی پیاوان: گەل لێرەدا كۆ و ئەنجومەنە. گەلی پیاوان خیتابە بۆ كۆمەڵ و كۆ و جەمعی پیاوان. ئەوە ڕێ و شوێن و ئاكاری پیاوانەیە.
تەعبیرێكی پیاومەزنانەیە، كە ئێستا لەمێژە دووریی لە گوتنی دەكرێت. دیارە بە پێوانەی سەردەم و شوێن، ئەوەی ئاوات گوتوویەتی تا ڕادەیەك ئاسایی بووە، بەڵام ئەمڕۆ ناكرێت قسەی وا بكرێت لە بەر ئەوەی مەزنایەتی بە نیوەی جیهان بەخشین و نیوەكەی تر بە بچووك زانین هەڵەیەكی گەورەی تێگەیشتن لە ژیان و پێشێل كردنی مافی ژنە.
بەڵگە شانازی: بەڵگە بۆ شانازی پێكردن. لام وایە ئەوە درێژەی قسەكانی شاعیر بێت سەبارەت بە شوانان. ڕەسووڵی خوا واتە پێغەمبەری ئیسلامیش گوتراوە شوان بوویێت. شاعیر دەڵیٚ من شانازی بە شوانان دەكەم كە نموونەكەی نێردەی خودایە.
كوڕی كورد...: نابیٚ كوڕی كورد لە شوانی و چوونە دۆڵ و چیا و سەرما و گەرما بترسێت.
من كە "كامیل"م ...: بۆ پاراستنی كێشی شیعرەكە پێویستە پیتی یاء لە كامیل دا تا ڕادەیەك بكێشرێت وەك ئەوەی بە دوو یاء نووسرابێت.

# بای وادە (٢)

هەڵنایە هەتاوی کاتی زستان
هەڵڵایە برا لە ڕۆژپەرستان!
ڕۆژێ لە نەکاو هەتاو وەدەرهات
ڕەحمێ بوو لە لای خودای سەماوات[٢٧٦]
هات سروەیی بای خۆشی بەهاری
بەوبۆنەوە بۆنی گوڵ دەباری
شەونم لە گوڵان لەبەر دڵانە
جامێکی شەڕابی بولبولانە
جەرگ و دڵی عاشقی بڕیوە
ئەو خونچە کە وا یەخەی دڕیوە
نۆشی دڵیانە ئەو شەڕابە
وا جەرگی شەقایقیش کەبابە
دەنگی کەو و مەل لە کۆهساران
کاڕەی بز و مەڕ لە نێو حەساران
ناقوسی ژیانی کێژ وکاڵن[٢٧٧]
ڕێك چاوبڕی ڕێگەیی شەماڵن
بای وادە، بەخێرێ، وا بەڕێوە
پێی سەر سەرە چونکە ژینی پێوە
دەژیێتەوە هەرچی مرد بە زستان
دەشواتەوە چڵکی چاو و دەستان

---

[٢٧٦] لە دیوانەکەدا وەك ڕەحمی هاتووە.

[٢٧٧] لە دەقەکەدا وەك ژییانی هاتووە

هەی هەی چ بەهارێ دڵگوشایە!
سفرێکە کە خاوەنی خودایە
ڕەنگین بە هەزار جۆر و ڕەنگە
دێوجامەیی خۆیەتی، چ شەنگە!
هەرچی هەیە مار ومێرو، یا مەل
دەوری دەگرن بە گەل، بە کۆمەڵ
هەریەك بەشی خۆی دەبا جوێ جوێ
بەو سفرە، جیهانە جەرگی توێ توێ[۲۷۸]
ئەو خاوەنی سفرە، هەر خودایە
هەر بووشە، دەبێ، هەتاهەتایە[۲۷۹]
چەند شا و وەزیر و حاتەمی تەی
لەو ڕێگەیی سفرە پێ دەکەن پەی
چاو با لەوە پاش نەچێت و بنوێ
بنوارێتە ئەو جیهانی لەنوێ
ڕازاوەتەوە بە ڕەنگ سەراسەر
خشڵی گوڵوکاتی کردەوە بەر
هەر جێگە دەبینی زێڕ وزێوە
هەر تیشکە لە هەرچی ژینی پێوە
وا دای لە کلیلە دوورزەنی هەور[۲۸۰]
تێکچوو بە بروسکە لەشکری جەور
ئەو خێوەتی وا سپی سپی بوو،
بەو دوورزەنی هەورە تێك تەپیبوو[۲۸۱]
لەو جێگە، کلیلە جوان و چاتر

[۲۷۸] لە دەقەکەدا وەك جۆی جۆی و تۆی تۆی هاتووە بەڵام ئەوانە دەبێ کێشەی تایپ و نەبوونی پیتی بەڕێ وجێ بۆ وشە کوردییەکان لەو چاپخانەیە بێت کە کتێبەکەی تێدا چاپ کراوە.
[۲۷۹] لە دەقەکەدا وەك بوشە هاتووە.
[۲۸۰] لە دەقەکەدا وەك دوڕزەنی هاتووە. هەروەها چەند وشەی دیکەش بە یەك واو نووسراون: دوڕ، تێکچو، بروسکە.
[۲۸۱] لێرەشدا وەك دوڕزەنی هاتووە. واوەکانیش بە یەك واو نووسراون: بوو، دوڕ، بو.

وا گوڵ هەڵیداوە چیغ و چادر
کوێستان هەموو سوور و شین و زەنوێر
کانیاوی بەجارێ بوونە ئەستێر[٢٨٢]
ئەستێرەشە وا دڵی کزەی دێ
بۆ هاتنی سەر زەوی بزەی دێ
بۆ کاتی پشوو کە دێتە عەرزی
ماندوو بوو، بەزی، تەزی، لەبەرزی[٢٨٣]
مانگیش کە بە وێنە دێتە ئاوێ
خۆزگە لەپڕا دەکەوتە داوێ
هەرگیز نەدەهاتە دەر لە گۆمان
دەستی دەبڕا لە عەرز و ئاسمان
ئەو کاتەیە، خاڵە، لێم بەقینە
تەسخیری کورات لەسەر زەمینە
وانە کە دەڵێن دەچیتە ئاسمان
ناچن بە خودا، مەگەر بە سوڵتان
زانینە مرۆڤ دەباتە بەرزی
بڕوانە نەزانە هەر لەعەرزی
ئێمە لە زەوی، لە کا کەشانێ
ئەو عالەمە گەینە کاکەشانێ!
فەرقی مە دەگەڵ ئەوان بزانە
هەرلێرەوە تاکوو ئاسمانە[٢٨٤]

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە ڕانەگەیەنراوە
(لاپەڕە ١٦٢ تا ١٦٤ ی چاپی ئەنیسی. لە چاپی جەعفەردا نییە)

---

٢٨٢ لە دەقەکەدا وەك بونە نووسراوە.
٢٨٣ لە دەقەکەدا وەك ماندوبو هاتووە.
٢٨٤ لە دەقەکەدا وەك تاکو هاتووە.

عینوانی شیعرەکە لە فەردی نۆهەمی خۆی وەرگیراوە. پێشتریش پارچە شیعرێکی دیکە بە هەمان ناومان بینیوە (شیعری وەرگیراو لە لاپەڕە ١٥٣ و ١٥٤ ی چاپی ئەنیسی و ٦٦ و ٦٧ ی چاپی جەعفەر). من بۆ ئەوەی سەر لە خوێنەر نەشێوێت ناوی ئەم مەسنەوییەی ئێرەم ناوە "بای وادەی ژمارە دوو".

لە چاپی جەعفەردا نەمدۆزییەوە، هۆکارەکەشی نازانم.

مەسنەوییەکی ڕازاوەیە لە وەسفی سروشتی ناوچەی ژیانی شاعیر وەك بەشێك لە موکریان. ساڵ و شوێنی گوترانی شیعرەکە دیار نییە بەڵام بە ئەگەری زۆر دەبێ هەر لە گوندێکی وەك قاقلاوا و گەردیگلان، یان گوندێکی نزیك ئەوان لە نێوان بۆکان و سەقز گوترابێت و ئەو وەسفەش، هی سروشتی هەر ئەو شوێنانە بێت. کێشی مەسنەوییەکە زۆر سوار و حەماسی و بن بزۆکەیە، واتە خاو و بێ هەست نییە.

شیعرەکە بەوە دەست پێدەکات کە کاتی زستانە و هەتاو هەڵنایەت بەڵام ڕۆژێك لە ناکاو هەتاو دەردێت و ئیتر بەشوێن ئەودا پەسنی بەهارە و کارتێکەریی بای خۆشی بەهاری لەسەر سروشت. شاعیر، بە گوێرەی بڕوای قایمی ئیسلامیی خۆی، هەموو ئەو ڕازاوەیی و جوانییە دەباتەوە سەر خودا و بەخششی ئەو. هەروەها هەموو ئەو ڕەنگ و بۆنەی گوڵ و گیای بە سفرەیەك دەناسێنێت کە خودا دایخستووە بۆ کەڵك وەرگرتنی مرۆڤ.

لە پێنج فەردی کۆتایی شیعرەکەدا ئاوات دەچێتە سەر زانست و "تەسخیری کورات" لە لایەن مرۆڤەوە. هەر لە ڕێگەی ئایینیشەوە بۆ بابەتەکە دەچێت کاتێ کە دەڵێ ئەم کارانە بە بێ "سوڵتان" ناکرێت و ئەوەش ئاماژەیە بە ئایەتێکی سوورەی الرحمن لە قورئاندا کە دەڵێ: إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ فَانفُذُوا لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَانٍ. ئەوەندەی من بزانم شرۆڤەکاران واتە 'مفسران' ی قورئان ئەو 'سوڵتان'ە بە زانست لێکدەدەنەوە بەڵام زانستێك کە خودا داویەتە مرۆڤ و بەم پێیە، چوونی مرۆڤ بۆ مانگ و کوراتی دیکە، یان ناردنی مانگی دەستکرد بۆ ئە شوێنە دوورانەی کائینات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە کاری خودا دەزانن نەك مرۆڤ. مەلا و مالم و قەشەی لە قافڵەی زانست بەجێماو هیچ چارێکی دیکەیان نییە جگە لەوەی بە شەلەشەڵ بکەونە شوێن علوومی ئەمڕۆیی و بیانوویەکیان بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان نەهێڵن زانست لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئایین بچێتە دەرەوە و ئەوانیش بێکار بمێننەوە!

ئاوات ناچێته ناو ئەو باسەوە و بە هێنانی ناوی "سوڵتان" ئەرکی خۆی بە تەواو بوو دەزانێت؛ ئیتر لەوێ بەدواوە تەنیا لە زانست و گرنگایەتییەکەی بۆ مرۆڤ دەدوێت. بەڵام ئەوە تەنیا تا دوو فەردی کۆتایی برِ دەکات کە لەوێدا پێ لە جیاوازییە ڕاستەقینەکان دەنێت و داخ و حەسرەتی خۆی لە دواکەوتوویی "ئێمە" واتە گەلی کورد دەردەبڕێت؛ لەئەنجامیشدا دەڵێ جیاوازیی ئێمە لەگەڵ 'ئەوان'- کە دیارە دەبێ وڵاتانی ئورووپایی و بە گشتی ڕۆژئاوا و وڵاتە پیشەسازییەکان بن، لێرەوە هەتا ئاسمانە! هەندێك فەردی شیعرەکە تەنزئامێزن؛ بۆ نموونە، خۆزگە لەپڕا دەکەوتە داوێ! کە باسی مانگە لەو کاتەدا وا دێتە ناو ئاوی سەر زەوی بۆ سەیری جوانییەکانی.

هەڵڵا: هەرا و داد و فریاد و قەرەباڵغی

ڕۆژپەرستان: ئەوانەی وا ڕۆژ و دەرکەوتنی هەتاویان دەوێت. واهەیە ئاماژەیەك بێت بۆ پەیڕەوانی ئایینی میتراییش.

نەکاو: ناکاو، لەپڕ

سەماوات: ئاسمانان

سروە: شنەبا، کزەبا، بای بسکان *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)*

نۆشی دڵییانە ئەو شەڕابە: دەگەڕێتەوە بۆ دوو فەرد پێشتر کە گوڵی شەقایقی بە جامی شەڕابی بولبولان دانابوو.

کاڕە: دەنگی بەرزی پەز و بەرخ *(هەنبانە بۆرینە)*. بەڵام کاڕە بە دەنگی بزن و گیسکیش دەگوترێت و هەربۆیەشە ئاوات لە پەیوەندیی دەنگدا، "بز" و "مەڕ"ی پێکەوە هێناوە.

بز: بزن

حەسار: حەوشی ماڵان

کاڵ: وشەیەکە لە جیاتی تشت، هەرامە و هین (مەلا وکاڵ، سۆفی و کاڵ) *(هەنبانە بۆرینە)* لێرەدا کیژ وکاڵ دەبێتە کیژان و ژنان کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەموو ئەرك و کاری قورسی بەخێوکردنی ئاژەڵی ناوماڵ لە سەر شانی ئەوانە.

ناقووس: زەنگی کلیسە، کە لە هەندێك بۆنەدا دێتە دەنگ و ئەو دەنگ و سەدایە وەك بانگی لەر منارەی مزگەوتی موسوڵمانان بە واتای بانگهێشتی خەکە و داوا لێکردنیان بۆ ئەوەی بچنە ناو کلیسا و مزگەوتەوە.. لێرەدا شاعیر دەنگی بزن و مەڕ بە ناقووسێك دەشوبهێنێ کە کیژ وکاڵ بانگ دەکات بچنە مەڕدۆشین.

چاوبڕ: چاوی کیژ وکاڵ کە بڕاوەتە سەر ڕێگای بای شەماڵ بۆ ئەوەی بێت و بەفر بباتەوە.
بای وادە: بایەك کە لە کاتی خۆیدا دێت و بەفر دەباتەوە.
پێی سەر سەر: بەخێر بێت و پێی لە سەر سەری من دانێت.
ژینی پێوە: دوای چوونەوەی بەفری زستان گیا وگژ لە زەوی سەردەردێنن و ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەن.
دڵگوشا: شتێك کە دڵ دەکاتەوە؛ دڵخۆشکەر.
سفرێکە: سفرەیەکە
دێوجامە: دیجامە؛ چەند پارچە پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگە لێکی دەدەن لە ڕاوەکەودا دەکاری دەهێنن *(هەنبانە بۆرینە).*
شەنگ: جوان
بەگەل: بە کۆمەڵ
جوێ جوێ: جیاجیا
توێ توێ: توێژ توێژ
هەر بووشە: هەر بوونی بووە.
پێ دەکەن پەی: 'پەی بوون' شکانی لاقە. پێیان پەی دەبێت، لاقیان دەشکێت.
چاو با...: دوای ئەو هەموو پێداهەڵگوتنەی من، با مرۆڤ چاوی خۆی نەقووچێنێت و بە شێوەیەکی نوێ بڕوانێتە جیهان.
خشڵ: زێڕ و زێو و مووروو بۆ ڕازاندنەوەی ئەندام و جل وبەرگ.
گولۆکات: گولۆك خونچەی گوڵ و دارە + ات نیشانەی کۆ.
کلیلە: ڕنوو
دوورزەن: فارسییە. تفەنگێك کە لە دوورەوە ئامانج دەپێکێت؛ شاعیر هەور و دەنگەکەی لە بەهاردا، بە تفەنگی دوورزەن دەشوبهێنێت.
برووسکە: ڕنوو بە دەنگی بەرزی هەور لە چیا جیادەبێتەوە و دەخزێتە ناو دۆڵ.
ئەو خێوەتی: بەفری سەرچیا، پێش ئەوەی بە ڕنوو بتەپێت و بکەوێتە خوارەوە، وەك خێوەتێکی سپی وایە.

لەو جێگە کلیلە...: واتە دوای کەوتنە خوارەوەی کلیلە، لەو جێگەیەی وا ڕنوو خەیمەی سپی لێدابوو، گوڵ چیغ و چادری هەڵداوە و لە خەیمەکەی ئەو جوان و چاترە!

زەنوێر: جێگەی بڵندی هەوا سازگار *(هەنبانە بۆرینە)*

کزەی دڵ: حەسرەت خواردن، ئیرەیی بردن. واتە تەنانەت ئەستێرەش بەو جوانییە و بەو کوێستانە سوور و شین و زەنوێرە ئیرەیی دەبات و پێی خۆشە بێتە سەر زەوی سەیری بکات.

بۆکاتی پشوو: دەگەڕێتەوە بۆ ئەستێرە، کە دێتە سەر زەوی بۆ سەیری جوانییەکان و لەوێ دەبەزێت و دەتەزێت!

مانگیش...: شاعیر کەوتنە ناو ئاوی وێنەی مانگ، بەوە دادەنێت کە ئەویش ویستوویەتی بۆ سەیری جوانییەکان بێتە سەر زەوی. ئینجا ئاواتی ئەوەی خواستووە بکەوێتە ناو تەپکە واتە ئەو دێوجامەیەی وا لە سەر زەوی پانیان کردۆتەوە و نەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان. جا ئەگەر بکەوتایەتە ناو داو، ئیتر دەستی دەبڕا و لە ئاسمان دەرنەدەکەوت!

خاڵە: ڕووی شاعیر لە خوێنەری شیعرەکەیە کە بە خاڵە بانگیان دەکات.

تەسخیر: زاڵ بوون بە سەر شتێکدا و دەست بەسەردا گرتنی.

وانە: ئەوانە. ئەو کەرەسانە (ئەو مانگی دەسکردانە)ی وا دەچنە ئاسمان.

سوڵتان: لە وشەی عەرەبی سلطە بە واتای هێز و دەسەڵات وەرگیراوە. وەك لە سەرەوە گوتم ئیماندارانی موسوڵمان دەستڕاگەیشتنی مرۆڤ بە سەر کوراتی دیکەی کائینات بەهۆی زانستەوە گونجاو دەبینن بەڵام ئەو زانستەش هەر بە کاری خودا دادەنێن و بۆ بۆ ئەوەش کەڵك لە ئایەتێکی قورئان وەردەگرن کە ئاماژە بەو وشەیە دەکات و من لە سەرەوەتر هێنامەوە.

کا کەشان و کاکەشان: جیناسی تەواویان پآێ دروست کراوە. کا کەشانی یەکەم بە واتای کێشانی کایە لە سەر زەوی و ئەویش کاری ئێمەی کوردە! بەڵام کاکەشانی دووهەم هەمان کەهکەشان یان کائیناتی دەرەوەی کورەی زەوییە کە وڵاتانی پێشکەوتوو لە ڕێگەی ناردنی مانگی دەسکردەوە خەریکن دەیکەنە مڵکی خۆیان. ئاوات خەمی ئەو جیاوازییەی ئێمە لەگەڵ ئەوان دەخوات کە دەڵێ هێندە زۆرە بەقەدرایی ڕێگەی نێوان عەرز و ئاسمان دەبێت!

## سروه بای بەهار

هات سروه بای بەهاری
بۆ ناوچەی کوردەواری
بوو بە هیوایەك لە نوێ
ڕۆژمان دەرکەوت لە سوێ
بە شنەشنی شەماڵ بوو
جێ دانگەی دێ بەتاڵ بوو
دای لە تۆقی سەری، توند
پرش و بڵاسوی کرد کوند
شوانی هەوەڵ لە خۆشیان
کەوتە هەڵپەڕکێ و گەڕیان[285]
مەڕی جێ هێشت بۆ هاواڵ
بۆخۆی ڕووی کردە سەر یاڵ
ئەو کاتە بێ ترس و خەم
فیتووی لێدەدا بەدەم
لە بلوێری دەتووڕاند
کەیف و خۆشی خۆی دەنواند
بانگی کردە کیژ وکاڵ
دەیگوت دەرکەون لەماڵ!
هات کاتی بانەمەڕێ
تین لە وڵات دەگەڕێ
مەڵبەندمان گەرم دادێ

---

[285] لە دەقەکەدا وەك گەڕان هاتووە، کە هەڵەیە.

چ لە شار و چ لادێ
لاوان ڕێك بە دەستی جەم
دێنە دەر بێ ترس و خەم
هەرچی لەدڵیاندا بێ
ئەگەر لەبیریان مابێ
دەگێڕنەوە بۆ هاواڵ
وەخەبەر دێن کوڕ وکاڵ
مێگەل لەدێ دەرکەوتن
لەبن ڕەوەزان خەوتن
شوان هەڵترووشکان لایان
لە نسار و چیایان[286]
خەم و پەژارەی زستان
هەموویان بردە کوێستان
کوێستان بەدەم بایدا دا
سەد چەل بەملا ولایدا دا
تا بوو بە تۆز پەژارە
ڕفاندی بۆ ئەو خوارە
ڕابردووی خۆی لەبیرچوو
لەپڕ خوێندی کوندەبوو
دالەرزی، ترسا دیسان
دەیگوت بێ بیرم ئینسان
کوند لە هەرکوێ بخوێنێ
ڕیشەی لەبن دەردێنێ
ئەو کوردەوارییە، پاکی
بەکوند وێرانە خاکی
شوانێکی دی لە سەرا
هاتە خوارەوە خێرا

---

[286] لە دەقەکەدا وەك چییایان هاتووە.

گۆپاڵێکی پێبوو شوان
شێری دەهێنا ئامان
هەرگیز لە دەست نادەن هەل
کاتی بەهار، بەکۆمەڵ
دەبینن مەڵبەندی وان
چەند ڕەنگینە، چەند جوان[٢٨٧]
بێری چوونە مەڕدۆشین
بە پەنجەی نەرم و ڕەنگین
یەك خاتووزین، یەك شیرین
شیرینتر بوون لە هەنگوین
خەجێ و مەجێ و فاتمۆکێ
دەرکەوتن بۆ مەندۆکێ
بە هەڵپەڕکێ و پێکەنین
چوون بۆ مەندۆکان چنین
بزەیانە کیژ وکاڵ
بەزەیان نایە بەحاڵ
دەستی یەکتریان دەگرت
چەند جوان بوون درێژ و کورت!
سازیان دەکرد هەڵپەڕکێ
لە سەربان و بەردەرکێ
دەڵێن جەژنی سەریساڵ
پیرۆز بێ لە کیژ وکاڵ
جێژنێکی کۆنی کوردە
وەرنە نێو وردە وردە
کەس نەمێنێ پیر ولاو
چ مێ، چ نێر، ژن و پیاو
دەست بگرن، ڕۆژی هاتە

---

[٢٨٧] لە دەقەکەدا وەك چووان هاتووە.

وەدی هات ئەو ئاواتە،[288]
کە بوویان لە زستانێ
دەیانگوت ئاخ کوێستانێ![289]
خاڵ و بەڵەك بێتەوە
بەفری لێ بتوێتەوە
چیغ و چادر دەرکەون
بێری دۆشان سەرکەون
تێکەڵ بین کیژ وکاڵ
شەنگ و شۆخ و چاو کەژاڵ
ئەو چەلیش ئەوا دیمان
ئەو ئاواتەی وا بوومان!

شوێن و ڕێکەوت بۆ هۆنرانەوەی ئەم شیعرە دەست نیشان نەکراوە
(لاپەڕە ١٦٥ تا ١٦٨ ی چاپی ئەنیسی. لە چاپی جەعفەردا نییە)

---

مەسنەوییەکی بەهارییەی لەبەر دڵانە. مەسنەوییەکە لە کێشی شیعری بڕگەییدا. چاپی جەعفەر تۆماری نەکردووە.
لێرەشدا وەك زۆر شیعری دیکە، ئاوات کە خاوەن ملْك و لەعەینی کاتدا وەرزێرێکی گوندنشینە لە ناوچەیەکی شاخاویی لای گەورکایەتی نێوان بۆکان و سەقز و سەردەشت، خۆشەویستیی بەهار و ژیانەوەی سروشت و لاچوونی بەفر و سەرما وسۆڵ، کە ئاواتی گوندنشینەکانە، بە باشی دەردەکەوێت.
شیعرەکە بە زمانێکی گەلێك ساکار و لەسەر کێش وهەوایەکی شاد و بزوێنەر گوتراوە بەڵام لە عەینی کاتدا گەلێك وشە و زاراوەی سروشتی و وەرزێریی تێدا بەکار هاتووە.

---

[288] لە دەقەکەدا "ئاواتە" خراوەتە نێوان دوو کەوانووکەوە، کە ئاماژە بە ناسناوی شیعریی شاعیر بکات. من ئەو پەیوەندیدانە بە هەڵە دەزانم لەبەر ئەوەی واتای سەرەکی ڕستە و میسراعەکەی پێ لەدەست دەچێت کە ئارەزوو و خواست بێت. گومان لەوەدا نییە کە وشەی ئاوات ئیهامی تێدایە و هەم خواست و ئارەزوو هەم ئاواتی شاعیر خۆی دەگرێتەوە؛ ئەوە بە بێ کەوانووکەش هەر لە شوێنی خۆیدا دەبێت و پێویست بە ئاڵۆزکردنی مەسەلەکە ناکات.
[289] لە دەقەکەدا کوێسانێ نووسراوە. دڵنیام هەڵەی تایپە، دەنا سەروای زستانێ دەبێ کوێستانێ بێت.

هونەری شاعیر پیشاندانی دیمەنی سروشتە لە کوردستان بە چیا و بەفرەوە، بە مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندەوە، بە شوان و مەڕەوە، بە کیژ و کوڕە لاوەوە، بە هەڵپەڕکێ و مەڕدۆشین و مەندۆك چنینەوە....هتد.

کەم و زۆر هەموو ئەو وشانەی من لێرەدا بە دوو واوم نووسیون لە دەقەکەدا بە یەك واو نووسراون.

سروەبا: شنەبا

سوێ: ئاسۆ

کوردەواری: لێرەدا شوێنی ژیانی کورد واتە کوردستانە.

جێ دانگە: دانگە بریتییە لە "جێگەی گیاداخستنی ئاژەڵ لە زستاندا *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)* شاعیر دەڵێ شنەی شەماڵ بەفری بردۆتەوە و هەموو جێیەك ڕەشانگە، ئیتر پێویست بە دانگە ناکات.

شوانی هەوەڵ: لێرەدا ئەو کەسەیە کە مەڕەکە بۆ شوانی دووهەم کە هاواڵی خۆیەتی بەجێ دەهێڵێ و بەردەبێتە هەڵپەڕکێ.

گەڕیان: چەشنێك هەڵپەڕکێی لەسەرخۆی کوردییە زیاتر لە سنە و سەقز و ئەو ناوچانە باوە.

سەریاڵ: زینوو، ملەی کێو *(هەنبانە بۆرینە)*

تێ تووڕاندن: فوو پێدا کردن، لێدانی شمشاڵ یان ئامێرێکی دیکەی با.

کاڵ: وشەیەکە لە جیاتی تشت، هەرامە، هین (مەلا وکاڵ، سۆفی و کاڵ) *(هەنبانە بۆرینە)* لێرەدا کیژ وکاڵ بە واتای کچان هاتووە.

بانەمەڕ: مانگی دووهەمی ساڵی هەتاوی و کاتێ کە سەربانی ماڵان بەفری لێ نەماوە و دەکرێت مەر و بزن ببرێنە سەربانان یان حەوش و حەساران و لەوێ ئاڵفیان بدرێتێ.

مەڵبەند: ناوچە

دەستی جەم: دەستەجەم، پێکەوە، بە کۆمەڵ

مێگەل: گەلە، کەرك؛ بە فارسی گەلـلە، ڕەمە *(هەنبانە بۆرینە)*

ڕەوەز: چین چینە بەردی ناوقەد و سەر کێو *(هەنبانە بۆرینە)*

نسار: بەر سێبەر

چەل: جار، کەڕەت

کوندەبوو: ویدەچێت شاعیریش وەك زوربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێمە باوەڕی بەو ئەفسانە بێ بنەمایە بوویێت کە کوند لە سەر هەر ماڵێك بنیشێت وێران دەبێت. ئەوە لە چوار فەردی ئەم شیعرە دەردەکەوێت.
دەیکوت بێ بیرم ئینسان: مرۆڤ دەیگوت بیرەوەریم نییە و ڕابردووم لەبیر دەچێتەوە. ئەم شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ چەند فەرد پێشتر کە گوتی شوانەکان خەم و پەژارەی زستانیان بردە کوێستان و لەوێ بە بایاندا دا.
ئەو کوردەوارییە پاکی/ بە کوند وێرانە خاکی: نیاز لە کوند واهەیە داعبایەکی وەك باڵندەی کوندەبەبوو نەبێت و مرۆڤی خراپ و جاش بێت.
گۆپاڵێکی...: ئەوەش بەشێکە لە وەسفی دیمەنەکانی ژیان لە گوندێکی کوێستان. شوان و گۆپاڵێك کە بۆ پارێزگاری لە خۆی و ئاژەڵەکانی بە دەستیەوە گرتووە.
بێری: مەڕدۆش، زیاتر کچان و ژنان
مەجێ: دەبێ مەنیج بێت
مەندۆك: گیایەکی کوێستانی بەناوبانگە *(هەنبانە بۆرینە)*
بزە وبەزە: زەردەخەندە و ڕەحم؛ جیناسی ناتەواو بەو دوو وشەیە دروست کراوە.
بەحاڵ: بە حاڵی کوڕەلاوان
هات: بەخت و ئیقباڵ
ئەو ئاواتە: پێنج فەردی دوای ئەو فەردە، لە ڕاستیدا دەگەڕێنەوە بۆ ئەم وشەیە: شاعیر دەڵێ ئەو ئاواتانە وەدی هاتن کە کیژ وکاڵ لە زستاندا هەیانبوو (بگەڕێوە بۆ ٧ فەر پێشتر) و دەیانویست کوێستان بەڵەك بێتەوە، بەفر بتوێتەوە، چیغ و چادرهەڵدرێنەوە و ....
کەوابوو، وەك لەسەرەوە گوتم، وشەی ئاوات لێرەدا بریتی نییە لە ناسناوی شاعیریی شاعیر و هەر بۆیەش نابێ بخرێتە ناو دوو کەوانووکەوە وەك لە دیوانەکەدا خراوە.
خاڵ و بەڵەك: خاڵ خاڵ و بەڵەك بوون نیاز لە چوونەوەی کەم وزۆری بەفرە لە هەندێك شوێنی سەر زەوی و دەرکەوتنی ڕەشانگ هاوڕێ لەگەڵ بوونی بەفر.
سەرکەون: بێرییەکان بۆ دۆشینی مەڕ و ماڵات بەرەو بەرزایی کوێستان بڕۆنە سەرێ.
چاو کەژاڵ: چاوکاڵ
ئەوچەلیش ئەوا دیسان/ ئەو ئاواتەی وا بوومان... پاشان چی؟ لام وایە شیعرەکە ناتەواو بێت و لای کەم یەك دوو فەردی چاپ نەکرابێت . خوێنەر دەیەوێت بزانێت ئەو

ئاواتەی وا بوومان چی لێهات، ئایا وەدی هات؟ شیعرەکە وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە، هەر بۆیەش من بە ناتەواوی دەزانم.

# بەهار

لەم سەری ساڵە سڵاو بۆ کوێستان
بۆ گژوگیا کە لە ئاسۆ وێستان
تاق وجووت لەشکری پیادە و سوارن
پێشڕەوی هێزی بەهارن، دیارن
چووزەڵەی هەڵز و کەما و ڕێواسان
ژینی لە نوێن هەموو، سووك و هاسان[290]
بە کوڕ وکیژ دەفرۆشن هەرزان
لە نسار و لە تەلان و بەرزان
"گڵە زەردە" وەکوو جاران بەرزە؟
تێر وپڕ هەر لە کەما و گیا و هەڵزە؟
یا نە، ڕووزەردە لە حاند کاتی بەهار،
سەرسپی و پیرەژنە سەر بەدەوار؟
"کوڕەسووتەش" کە بلندە و زەنوێر
لە گوڵ و گیا وگژی کوێستانی تێر،
سەوز و شین بۆتەوە وەك ساڵی زوو؟
لە خەم و دەرد و پەژاران دەرچوو؟
مەڕە سووری لەسەرە و هەڵدەبەزن
کایەیانە لە سەری کاڕ و بزن
ئەوکەڕەت دێمەوە خوارێ لای خۆم[291]
بۆ چەم و کێو و کەژ و سارای خۆم

---

[290] لە دیوانەکەدا وەك نووێن هاتووە.

[291] لە دەقەکەدا وەك خواری هاتووە.

"ڕووتە"! هەر ڕووتەڵ و بێ بەرگ و گیای؟
وەکو خۆت سارد و سڕ و بەرزە چیای؟[٢٩٢]
تۆ لە کوێستانی، ئەدی کوانێ کەمات؟
کوانێ گندۆرەت و مەندۆك و گیات؟
کوانێ بەیبۆنت و سوێسنە و شەوبۆت
پاش ملە هەقمە بڕازێنمەوە بۆت
هەموو کانیاوتە جێی گاڵتە وگەپ[٢٩٣]
چاوی کوێرن، چ لە ڕاست و چ لە چەپ!
کوانێ کارمامز و بزنی کێویت؟
نەخشی ئاسۆگتە گورگ و ڕێویت؟!
بەڵێ، کوێستانی بەڵام بێ کەڵکی!
زەینێکی خۆت بدە کێوی خەڵکی
هەموو خەمڵین بە گڵۆکات، جوانن
دڵگرن، جێی کوڕ وکیژ، لاوانن
داوەشێی! بەردەمەکەت "بەردەقەل"ە
شین و بژوێن و جوان، قیت و بەلە[٢٩٤]
خاوەنی کانی و ئاو، شیو و خڕە[٢٩٥]
لە گوڵ و گیا و زەمەند تێر و پڕە
خاوەنی سفرەیی سەد کیژ وکوڕە
سەدهەزار مەل لە سەری مات و کڕە
تۆش بڵند بوویەوە بۆ عاسمانێ
کانی عاسمانێ نی، دەعیەت دانێ!
وەرەوە خوارێ، بە هیچی بەرزی!
کێوێکی بەرزی، بەڵام ناتەرزی!

---

[٢٩٢] لە دەقەکەدا وەك گییای و چییای هاتووە.
[٢٩٣] لە دەقەکەدا وەك کانیاووتە نووسراوە.
[٢٩٤] لە دەقەکەدا وەك جووان نووسراوە.
[٢٩٥] لە دەقەکەدا وەك کانی یو هاتووە.

شوێن و ڕێکەوت بۆ ئەم شیعرە دەست نیشان نەکراوە
(لاپەڕە ١٦٩ و ١٧٠ ی چاپی ئەنیسی. لە چاپی جەعفەردا نییە)

---

مەسنەوییەکی بەهارییەیە، باس لە سروشتی ناوچەی ژیانی شاعیر دەکات. لە هەندێك شوێندا تەنز ئامێزە بە تایبەت کاتێ ڕوودەکاتە کوێستانە ڕووتە و بە تەوس پێی دەڵێ بۆچی وا ڕووتی و لە چیاکانی دیکە ناچیت، ئیتر دەعیەت دابنێ و لەو بەرزییە وەرەوە خوارێ، ناتەرزا!

باوەکوو بە ڕواڵەت تەنیا لە بەهارییەیەکی ساکار دەچێت، بەڵام کاتێ کەسایەتی و مێژووی ژیانی شاعیر دەگیرێتە بەرچاو، ئەگەری ئەوەش لەبەردەم قوت دەبێتەوە کە تۆبڵێی ئەو سڵاو ناردنە بۆ کوێستان لە ڕاستیدا سڵاوناردن بۆ پێشمەرگەی کوێستانەکانی کوردستان نەبێت؟

دیارە نیشانەی بەهێز بۆ ئەو بۆچوونە لە شیعرەکە دا دەست ناکەوێت لەبەر ئەوەی درێژەی باس هەر باس باسی کوێستانە ڕووتە و سروشتی دەوروبەری شوێنی ژیانی شاعیرە و هیچیتر.

شیعرەکە لە چاپی جەعفەرردا نەهاتووە و هەربۆیەش ساڵ و شوێنی گوترانی شیعرەکە نازانرێت.

ئەم سەری ساڵە: دیارە دەبێ شیعرەکە لە کۆتایی زستان و بەئەگەری زیاتر لە سەرەتای بەهاردا گوترابێت.

لە ئاسۆ وێستان: هێشتا گژ وگیا لەمەزرای ناو گوند سەریان دەرنەهێناوە بەڵام دوور، لە ئاسۆی کوێستان وەستاون و دیارن.

تاق و جووت: یەك یەکە، کەم و زۆر.

بەهارن، دیارن: جیناسی ناتەواویان لێ دروست کراوە.

چووزەڵە: چووزەرە، نێرکی گیا. چووزەرە ڕێواس لە شیعری حاجی قادری کۆییدا هاتووە *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)*.

هەڵز: گیایەکی بەناوبانگی گەڵادەرزییە لە تیرەی کەما و لۆیە؛ بۆ دەرمان دەشێ، بە چێشت خۆشە و لەوەڕی چاکە. قەت؛ وێنجە *(هەنبانە بۆرینە)*

کەما: گیایەکی بەرزی گەڵا دەرزییە. کارگی کەما لە هەموو کارگێك خۆشترە *(هەنبانە بۆرینە)*

سووك و هاسان: لە خواردندا سووك و هاسانن، قورس نین.

تەلان: بەندەن، بەرزایی کێو *(هەنبانە بۆرینە)*
گڵە زەردە: ناوی شوێنێکی تایبەتە و هەربۆیەش من خستوومەتە ناو دوو کەوانووکەوە. دەبێ ناوی کێوێك بێت لە ناوچەی ژیانی شاعیر.
سەرسپی: واتە هێشتا سەری بە بەفر سپییە و بەفری لێ ماوە.
سەربەدەوار: دەوار پارچەی ڕەشماڵە. سەربەدەوار کەسێکە ڕەشپۆش و ئازیەتبار بێت.
کوڕە سووتە: دەبێ چیایەکی ناوچەی ژیانی شاعیر بێت.
زەنوێر: جێگەی بڵندی هەوا سازگار *(هەنبانە بۆرینە)*
مەڕە سوور: جۆرێ حەیوانە کێوییە؛ پەزی کۆڤی *(هەنبانە بۆرینە)*
کاڕ: بەچکە بزنی جکۆلەی تازە زاو *(هەنبانە بۆرینە)*
ڕووتە: کێوە ڕووتە یان کوێستانە ڕووتە، دەبێ کەوتبێتە شوێنی ژیانی شاعیر
گندۆرە: کاڵەك
مەندۆك: گیایەکی کوێستانی بەناوبانگە *(هەنبانە بۆرینە)*
بەیبۆن: گیایەك و گوڵێکی بۆن خۆشە *(هەنبانە بۆرینە)*
سوێسنە: گوڵێکە زۆر بۆن خۆشە، سۆسن *(هەنبانە بۆرینە)*
شەوبۆ: گوڵێکە
پاشملە: قسە کردن سەبارەت بە کەس یان کۆمەڵێك لە نەبوونی ئەواندا
بڕازێنمەوە بۆت: تەوسی تێدایە. حەقمە ئەگەر لە پشتە سەر غەیبەتت بکەم!
کارمامز: بێچوە ئاسك
ئاسۆگ: ئاسۆ، دوورەدەست
خەملین: ڕازانەوە
گڵۆکات: کۆی گڵۆك بە واتای خونچەگوڵ
داوەشێی: ڕاست نەبیەوە! ئەم چەند فەردە هەمووی تەوس و تانەیە لە کوێستانی ڕووتی ناوچەی ژیانی شاعیر و بەراورد کردنی لەگەڵ کوێستانە سەوز و ڕازاوەکانی دەوروبەر.
بەردەقەل: یان بەردەقەلە، دەبێ کێوێکی نزیك شوێنی ژیانی شاعیر بێت.
بژوێن: چڕ، پڕ دار ودرەخت و گیا وگژ
بەل: شێدار، تەڕ دەگەڵ تەڕ دێت: تەڕ وبەل کانی *(هەنبانە بۆرینە)*
کڕ: بێدەنگ و هێدی

کانی عاسمانێ نی: تۆ خۆ کانی ئەو ئاسمانە نیت، هی سەر زەویت، ئەی بۆچی وا دەعیەت هەیە و لووتت بەرزە؟ ڕوو لەخوارەوە بکە و بڕژێ خوارەوە!

# هێلانەی ڕووخاو

هەڵترووشکا بووم لە لووتکەی شاخێ
خەمبار و پەرۆش، ڕووبەڕووی باخێ
کام باخ؟ ئەو باخەی هیوای هۆز و گەل
پێوەی نیشتبوو بە هەزاران، مەل
کێهە مەل؟ ئەوەی نامەی ڕزگاری
بەدندووک دەبرد بۆ گەل، بە دیاری
ئەو باخەی بەری داخی دڵان بوو
جێی پشکووتنی خونچەی گوڵان بوو
هەر مەل لەدارێ هێلانی کردبوو
بە هیوای جووچك کز و مات کەوتبوو
گێژەڵووکێك هات لەپڕ دای لە دار[٢٩٦]
هێلانەی ڕووخاند، هێلکەی خستە خوار
مەل بە ناچاری و هێلان ڕووخاوی،
ڕووی کردە شاخێ، ئەویش لە دوایی
بوو بە هاواڵی منی هەڵوەدا
دانیشتین هەردوو بێ سەرو سەدا
هەردوك بۆ ڕەنجی بە باچووی خۆمان
هەردوك بۆ ژینی لە قیس چووی خۆمان
شینمان دەکرد و واوەیلا و تاسە
سەرمان سووڕ مابوو، بەو کاسە کاسە

[٢٩٦] لە دەقەکەدا وەك گێژەلوکێك ناسراوە

ئەو بۆ هێلانەی ڕووخاو و چۆڵی
'هۆنەر' بۆ هۆز و گەلی کلۆڵی

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی ئەم شیعرە دەست نیشان نەکراوە
(لاپەڕە ١٨٦ و ١٨٧ ی چاپی ئەنیسی؛ لە چاپی جەعفەر دا نییە)

---

شیعرێکی سیمبولیکی سیاسییە. ساڵی گوترانی لە چاپی ئەنیسیدا دەست نیشان نەکراوە. لە شیعرەکەدا، بە ڕوونی دیارە شاعیر حەسرەت و داخی تێکچوونی کۆماری کوردستان (ساڵی ١٣٢٤ و ٢٥) ی لەسەر دڵە و ئەوە لە بیچمی تەمسیلێکدا دەگەیێنێتە گوێی خوێنەر. هەر بەو پێیەش، دەبێ لە ساڵانی دەسەڵاتی ڕوکنی دوو و ساواکی شادا گوترابێت کە ئازادیی ڕاستەوخۆ دەربڕینی هەستی خۆی نەبووە. تەنانەت شاعیر نەیتوانیوە ناسناوی شاعیریی خۆی، چ ئاوات بێت و چ کامیل، لە کۆتایی شیعرەکەدا بهێنێت و لە جیاتییان 'هۆنەر' ی نووسیوە. ئاوات ئەو کارەی لە یەك دوو شیعری دیکەشدا کردووە کە ئەوانیش سیاسین.
شیعری سیمبولیك لە وڵاتانی ئێمەماناندا هی بارودۆخی دیکتاتۆریەتن، و ئەوە لە ئێران ماوەکەی کەم نەبووە! ئەو شێوازە شیعرییە، کەم و زۆر سەرەتای لە سەردەمی ڕەزاشادا (نێوان شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی) لە ئێران سەری هەڵدا و دوای نیمچە ئازادییەك لە ساڵانی سەرەتای حکوومەتی کوڕەکەیدا، سەرلەنوێ هاوکات لەگەڵ دامەزرانەوەی دیکتاتۆریەتی دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ سەری هەڵدایەوە و تا کۆتاییەکانی ڕژیم شایەتی لە ١٣٥٧ دا درێژەی کێشا.
بەم پێیە، شیعرەکەی ئاواتیش دەبێ لە نێوان ساڵانی ١٣٣٢ و ١٣٥٦ دا گوترابێت. لەم ساڵەی دواییاندا ئیتر کەم کەمە زنجیری دیکتاتۆریەت لە دەست وپێی خەڵکی ئێران شل بووەوە و بۆ ماوەیەی نێوان ڕووخانی ڕژیمی مەلایەتی و سەقامگیر بوونی مەلاکان، هەموو کەس دەیتوانی بە دڵی خۆی قسە بکات و بۆ نموونە، ئاوات شیعرێکی بۆ خۆپیشاندانی خەڵکی بانە و بۆکان و شەهید بوونی چەند کەس گوتووە، کە لە دیوانی چاپی جەعفەر دا بڵاو بوونەتەوە و لەم زنجیرەیەشدا بینراون (بەشی ٦٣ و ٦٨).
هۆز: لە زۆر شوێندا ئاوات بە واتای میللەتی هێناوە. نموونەکەی فەردی دووهەم و کۆتایی هەر ئەم شیعرەی ئێستایە.

هێلان: هێلانە، ماڵی باڵندە
کڕ: مات و بێدەنگ
گێژەڵووك: گێژەڵووکە، باهۆز، گەردەلوول، گێجەڵووکە *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)*
هەڵوەدا¨ تەرە، ئاوارەوەی دەشت و کێو *(هەنبانە بۆرینە)*
بەو کاسە کاسە: بە کاسی و گێژی

# بەهار هات

بەهار هات، تواوە بەفری ناو شاخەکان
شەماڵ هات گەشاوە خونچەی ناو باخەکان
زەینم دا، لە نێو باخ، شۆخی وا دەگەیێ
دڵ کەوتە کوتەکوت، چاوم بۆی دەپەڕێ
باخەوان لەحاند ڕۆژ چاوی قەت هەڵنایە
دەڵێ چۆن سەرنجێك بدەم لەو باڵایە
تا وڵات بێدەنگە، باخەوان نووستووە
تا بەهار سەوز و سوور فەرشی ڕاخستووە
لە سەر ئەو ڕایەخە، ئەمن و ئەو پێکەوە
هەڵپەڕین، دانیشین، وەرکەوین، ژین ئەوە!
تنۆکی ئارەقی لەسەر ئەو کوڵمانە
وەبزانم لەسەر گوڵ تنۆکی بارانە
هەڵڵایە، هەرایە، لەناو باخ لە داخان
خاون باخ، کۆست کەوتوو، سەیر ئەکا لە باخان
بەهار هات، بەخێر بێ بە تەپڵ و تۆپەوە
با بڕوا زمهەریر بە خۆی و سۆبەوە!
"ئیمامی"ش تواوە وەك بەفری کێو و شاخ
لە دووریی یاری خۆی کەوتۆتە ئاخ و داخ!

شوێن و ڕێکەوت بۆ گوترانی ئەم شیعرە دەست نیشان نەکراوە
(لاپەڕە ١٨٥ و ١٨٦ ی چاپی ئەنیسی؛ لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

غەزەلێکی ساکاری غەرامییە و لە عەینی کاتدا پڕە لە وەسفی سروشت.

کێشی شیعرەکە، شێوازی دەربڕینی هەست و وێنەسازییەکان هەمووی تا ڕادەیەك لە شیعری مامۆستا گۆران دەچن.
شاخ: چیا، کێو
لە حاند: لە شوێنی. (*هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار حاندی ئاوا واتا کردۆتەوە: جێگایەکی دیاریکراو*).
ڕایەخ: فەرش یان شتێك کە لەسەر زەوی ڕادەخرێت.
وەرکەوتن: بە ئیستراحەتەوە دانیشتن و ماندوو حەساندنەوە
تنۆك: قەترە
هەڵڵا: دەنگ و سەدای زۆر
کۆست کەوتوو: کۆست یاریدە و بەخت و تاڵەیە و کۆست کەوتوو: بەدبەخت (*هەنبانە بۆرینە*)
تەپڵ و تۆپی بەهار: دەنگی گرمەی هەور
زمهەریر: سەرما وسۆڵی سەختی زستان. هەروەها، بە گوێرەی ئەفسانە، شوێنێکە لەو دنیا کە لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدایە و ساردە.

## دڵی نەکوڵاو

زێدە لە شەوان، ئەمشەو دڵ کەیلە
شەماڵ هێنەری مەیلەکەی لەیلە
تاسەم کردبوو، بەخێر بێتەوە
بەشکم بەو بۆنە، دڵ بژێیتەوە
دڵیش چ دڵێك! پارچە گۆشتی کاڵ
نەکوڵا، نەبرژاو، نەبوە کۆی زوخاڵ
شارەزای مەینەت، هەڵگری خەمە
بۆ بوردەباری هاواڵی کەمە!
بە ئاگری دووری لەیلا هەڵقرچا
بەڵام هەر ماوە، تەواو نەبرژا
کام لەیل؟ ڕەشتاڵەی شۆخی جەرگبڕ
ئەوەی قەبیلەی مەجنوونی کرد قڕ
ئەم هەرا و بەزم و بەند و بیساتە
ئەم هەمەوو دەرد و تاسە و ئاواتە
ئەوینە، ئەوین، هەوێنی وانە
دڵێ تووشی بێ، ماڵی وێرانە
دڵ لە قیس من چوو، منیش لەقیس دڵ
هەردوك تاسەی یەك دەبەینە ژێر گڵ
ئەی گڵ! تۆش تۆخوا باشمان وەرگرە
بۆ دیتن، جارجار سەرمان هەڵبڕە
چاوێ بخشێنین لە کیژوکاڵان

سەیرانێ بکەین لە چیا و نوالان[297]
کە مەجنوون دڵی پڕ لە ئەوین بوو،
زامدار و بە ئێش، پڕ لە برین بوو،
دڵی لەیلاشی وێرانتر لەو بوو
خەم و پەژارەی گرانتر لەو بوو
هەردوك بە ئەوین سەرگەردان و کەیل
لەیلا بۆ مەجنوون، مەجنوونیش بۆ لەیل

شوێن و ڕێکەوت بۆ گوترانی ئەم شیعرە دەست نیشان نەکراوە
(لاپەڕە ١٨١ و ١٨٢ ی چاپی ئەنیسی؛ لە چاپی جەعفەردا نییە)

---

غەزەلێکی ساکاری غەرامییە، لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە.
شاعیر، لێرە، لەدەست ئەوین دەناڵێت و لە دوورییەك دەدوێت کە دەکرێ عیشقێکی سەرنەکەوتووی سەردەمی لاویەتی خۆی بێت.
وشەی ئاڵۆز و نەدیتوو یان نەبیسراوی تێدا نییە.
کەیل: خەمبار
بەشکم: بەڵکوو، گەلۆ
بوردەباری: سەبر و تەحەممول. فارسییە
ڕەشتاڵە: مەیلەو ڕەش، پێستی نە زۆر سپی مرۆڤ
بەند و بیسات: بەزم و هەرا. فارسییە
تاسە: بیر کردن و چاوەنواڕیی کردنی کەسێك
هەوێن: ئامیان، مایە *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)*
وان: ئەوان
لەقیس چوون: لە دەستدان، فەوتان
کیژ وکاڵ: کچان و ژنان
نواڵ: شیوەڵەی بچووك لە قەدی چیا (هەنبانە بۆرینە)

---

[297] لەدەقەکەدا وەك نووالان هاتووە

## ئەوین و ئەجەل

ئەجەل! تۆ کێت هێشت، کێت پامالْ نەکرد؟
لەشی کێت بە داخ، کۆی زوخالْ نەکرد؟
کێهە مەجنوونت نەبردە شاخان،
نەتکوشت ئاخری بە ئاخ و داخان؟
پرچی کام لەیلت نەخستە گۆزە؟
تووشی کێت نەکرد گریان و سۆزە؟
لە کام شیرینت تالْ نەکرد ژیان
لێت نەسەند بەزۆر، بە تۆپزی، گیان؟[٢٩٨]
ئەوین! بە ئایەت ئیشی تۆ زۆرە
برینت لە دلْ زۆر بە ناسۆرە
کام دلْت بە دلْ ئاشنا نەکرد؟
ئەمت بەو، ئەو بەم موفتەلا نەکرد!
کێهە فەرهادت نەکرد ڕەنجە ڕۆ؟
نەتبردە شاخ و دەر و دەشت و کۆ!
کام کاکە مەمت بریندار نەکرد؟
بە خاتوو زینت گرفتار نەکرد!

***

ئەوین و ئەجەل برای هاوپشتن
بۆ دەرد و مەرگ لێدان و کوشتن
پێی دێتە لەرزین لەشی پۆلایین
لە کاتی خۆیدا، بە دەستی ئەوین

---

٢٩٨ لە دەقی کتێبەکەدا وەك تۆبزی هاتووە.

ئەجەلیش پاشان بۆی دێتە پێشێ
گیانی شیرینی لە لەش دەکێشێ
ئەوین هەر تۆزێ لە خوار ئەجەلە!
هاوڕێی یەکترن خێرا و بە پەلە
ئەی ئەوین، ئەوین، هەوێنی بەڵا!
ئەی ڕووخێنەری سەد کۆشك و قەڵا!
ماڵ وێرانکەر و قەڵاڕووخێنی
ڕیشە و بناغان لەبن دەردێنی
مۆڵەتمان بدە ساتێ وەرکەوین
لە بستۆی ژیان تۆزێ سەرکەوین[299]
با پشوو بدەین، بحەسێینەوە
کیژ و کوڕ وکاڵ بناسینەوە!
ماوێك بوو لێتان وەدوور خستبووین
لە مە و لە وانیش ڕێتان بەستبووین
لێیان بگەڕێن، توخواکەی، تاوێ
بۆمان وەدەر خەن هەتاوێ، ساوێ!
تۆزێ دانیشین لەگەڵ کوڕ و کاڵ
بگێڕینەوە ڕابردووی ئەمساڵ
ئەو دوازدە مانگە چۆنمان ڕابوارد
هەر خۆمان بە دەست هەل وهات سپارد[300]

شوێن و ڕێکەوت بۆ گوترانی ئەم شیعرە دەست نیشان نەکراوە
(لاپەڕە ١٧٣ و ١٧٤ ی چاپی ئەنیسی. لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

[299] لە دەقەکەدا وەك ژییان هاتووە

[300] لە دەقەکەدا ئاوا هاتووە: هەر خۆمان بە هەل، هەل و هات سپارد لام وا نییە بوونی هەلی یەکەم لەوێدا ئاسایی بێت و بە هەڵەی دەزانم.

مەسنەوییەکی بابەت تازەیە.
ئەوین و ئەجەل وتوویژیانە و هەرکام ئەویتر بە ماڵ ویرانکەر و قەڵا ڕووخێنەر تاوانبار دەکات ئینجا شاعیر خۆی دێتە نێو قسەکانیانەوە و ئاوا بڕیاریان لە سەر دەدات: ئەوین و ئەجەل برای هاوپشتن!
دوور نییە لەتەمەنی پێش بەساڵاچوون و پیریی شاعیردا گوترابێت.
وەك هەندێك شیعری دیکەی ئاوات، لێرەشدا دوای بابەتە سەرەکییەکە، وەرچەرخانێکی بابەت دەبینرێت ئەویش لە کۆتاییەکاندا کە لە ئەوین دەخوازێت مەجالی بدات بۆ ئەوەی وەربکەوێت و سەرکەوێت و بحەسێتەوە و لەگەڵ کیژ و کوڕ وکاڵی خۆیدا، کە ئەوین لێکی دوور خستبوونەوە، یەك بگرێتەوە، پێکەوە دابنیشن و ڕابردووی ئەو ساڵە (کامە ساڵ؟) بۆ یەکتر بگێڕنەوە کە لە ماوەیدا خۆیان بە "هەل وهات" سپاردبوو.
ئەو سیمبولانە چین؟ شاعیر باسی چی دەکات؟ چ ساڵێك؟ چ ڕووداوێك؟ ئەو هەل و هاتە چین و چ بوون؟ ئەوانە هیچکامیان لە شیعرەکەدا ڕوون نابنەوە و خوێنەر لە گێژوگومیدا دەهێڵنەوە.
شیعری سیمبولیك لە ئێران بێ پێشینە نییە. "ئیدارەی سانسۆر" لە سەردەمی حوکمی ڕەزاشا (١٣٠٥ تا ١٣٢٠ ی هەتاوی) دا دانرا و زۆر نووسراوە و شیعری سانسۆر کرد و شاعیر و نووسەرەکانی خستنە زیندانەوە. عیشقی هەمەدانیی کوردیان کوشت و لێوی فەڕوخی یەزدییان لە زینداندا بە دەرزی و دەزوو، دروو. تەنانەت شیعری گۆرانییەکانی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی خراوەتە ژێر چاوەدێریی پۆلیسی ڕەزاشا.[٣٠١]
بەڵام سانسۆری جیددی هی ساڵانی ڕەشی نێوان ١٣٣٣ تا ١٣٥٦ ی هەتاوییە (١٩٥٤ تا ١٩٧٧ی زایینی) ئێرانە، کە حکوومەت نیزامیی حەمەڕەزاشا و بەختیار و ڕوکنی ٢ ی ئەرتەش و ساواك برستی لە ڕووناکبیران بڕیبوو. لەو ساڵانەدا شاعیران ئەگەر بە کەڵك وەرگرتن لە سیمبول و زمانی ناڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ بەرگۆکانی خۆیاندا نەکردایە دەکەوتنە بەر تیغی ئەو دەزگا داپڵۆسێنەرانە و دادگای نیزامی. ئەو دۆخە بەتایبەت لە کوردستان گەلێك قورس و قایمتر بوو و لە ئەنجامدا دەرەتانی قسەی ڕاشکاو کردن تەنیا بۆ ماستاوکەرانی ڕژیم هەبوو.

---

[٣٠١] کاك محەممەد حەمەباقی لە کتێبی سەبارەت بە سەید عەلی ئەسغەردا ئەوەی ڕاگەیاندووە.

ئەم شیعرە بێگومان لەو سەردەمانەدا گوتراوە و هەر بەو بۆنەیەشەوە ڕەمزاوی و بە تەم ومژە.
ئەگەری گونجاوی دووهەمیش دەتوانی ئەوەبێت کە لە ساڵانی ئەم دواییەی ژیانیدا گوترابێت.
ئەگەر شیعرەکە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول گوترابێت، دەکرێ بچینە سەر ئەو باوەڕەی کە نیاز لە دووجار ئاماژە بە "کوڕ وکاڵ"، دەبێ پێشمەرگەی سەر چیاکان بێت و یەك لەوان کوڕی خۆی هاوڕێ لەگەڵ زۆر دۆست و برادەی خەباتکاری دیکەی کە چووبوونە باشوور. ئەودەم، "ساڵی ڕابردوو"ی ناو شیعرەکە واهەیە ساڵی کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکراتی کوردستان یان ڕووداوی دیکەی هاوچەشن وەك ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ و دووبەرەکی نێوان باڵی مەلایی و جەلالی لە ناو پارتی دیموکراتی باشووری کوردستان بێت.
ئەو بۆچوونە سەبارەت بەم ساڵانەی کۆتایی ژیانی شاعیرش دەتوانێ ڕاست بێت.
شیعرەکە هەندێك ئاماژەی بۆ حیکایەتی وەك لەیلی و مەجنوون و شیرین و فەرهاد، هەروەها چیرۆکی مەم و زین تێدایە. هەردوو حیکایەتەکە باوەکوو لەبنەڕەتدا عەرەبی یان فارسی بووبێتن بەڵام دەقی کوردیشیان، بە چیرۆك یان بەیت، هەیە.
شیعرەکە لە هەندێ شوێندا تەنیا لە 'نەزم' و ڕێکخستنی کێش وسەروا زیاتر نییە. بۆ نموونە، میسراعی دووهەمی ئەم فەردە: ئەوین هەر تۆزێ لە خوار ئەجەلە / هاوڕێی یەکترن خێرا وبەپەلە. کە دیارە خێرا و بەپەلە شوێنێکی لە شیعرەکەدا نییەو تەنیا یارمەتی شاعیری داوە نەزمەکەی ڕێك بخات.
پرچ خستنە ناو گۆزەوە: نەمزانی چییە. بەڵام بەگشتی خستنە ناو گۆزەی شتێك وەك مردن و لەناوچوونی ئەو شتەیە.
سۆزە: سۆز و سۆزە دەبێ گۆرانی خەمبار بن.
ناسۆر: کولانەوەی برینە
تۆپز: کوتەکی سەر بە بزماری قیر تێ هەڵسووڕاوە *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار).* بە تۆپزی بە زەبر و زۆر. لە دەقەکەدا وەك تۆبزی نووسراوە. وشەی گیانیش لەوێدا وەك گییان هاتووە.
موفتەلا: شێوازی عامیانەی وشەی 'موبتەللا'یە بە واتای گرفتار و پێوە بوو.
ئەی ئەوین، ئەوین!: هێنانی دووجاری وشەکە، تووڕەیی شاعیر لە ئەوین دەگەیێنێت.

وەرکەوتن: پاڵدانەوە و ئیستیراحەت کردن، پشوودان

بستو: ملەی کێو. لەشیعرێکی مامۆستا محەممەدی نووریشدا هاتووە:" لەسەر بستوی ژیان وەك داری چاکی..."

کوڕ وکاڵ: کاڵ وشەی موهمەلە و خۆی وەك هین و هەرامە و وانێك و شت واتا دەکرێتەوە؛ بە سەریەکیشەوە کوڕوکاڵ واتای کوڕان یان کوڕ و پیاوان دەدەن *(هەنبانە بۆرینە)*

ماوێك: ماوەیەك

خۆ بەهەل و هات سپاردن: خۆ دانە دەست چارەنووسی نادیار.

# چەکی من

چەکی من، گیانەکەم، تیغی خودایە
نە فێڵ و شۆخی لایە ئەو، نە کایە!
وەکوو ئەڵماسی تیژە بۆ بڕینی
بە ناسۆرە هەمیشە ئەو، برینی
بە ناحەق وێمکەوێ هەرکەس لە هەرکوێ،
ئەوەندە سەختە، ڕێگەی لاقی دەسوێ
تەبەق دەگرێ وەکوو پانێر لە کێوی،
لەبەر چاو ون دەبێ وەك مامەڕێوی!

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دیاری نەکراوە
(لاپەڕە ٢٠٧ ی چاپی ئەنیسی، لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

قەتعەیەکی کورت بەڵام پڕ واتایە. هەڕەشە و گوڕەشەیە لە نەیار و دوژمنان. شاعیر خۆی بە مەزڵوومێك داناوە کە خودا ئاگای لێیەتی و لەسەری دەکاتەوە. دەڵێ خودا، یان تیغی خودا، گاڵتە و شۆخی نازانن و لەگەڵ کەسیش کایە ناکەن، بەڵکوو ڕاست و ڕەوان هەرکەسێك کە "بە ناحەق وێمکەوێت"، دەیبڕن و لاقی دەسوێن و تووشی نەخۆشی تەبەقی دەکەن کە نەتوانێ بەڕێگەدا بڕوات. تەبەق بە گشتی، نەخوشیی ئاژەڵی وەك گا و مانگا و گامێشە و ئەوەی شاعیر دەڵێ دوژمنەکەم تەبەق دەگرێ، تەوسێکیشی تێدایە کە کابرای بە مرۆڤ دانەناوە!
تاڕادەیەك وەك نامەیەکی شیعری دەچێت کە ئاوات بۆ دۆستێکی خۆی ناردبێت بۆئەوەی پێی بڵێت هیچ ترسێکت لە دوژمانیەتی کردنی خەڵك لەگەڵ من نەبێت، لەبەر ئەوەی خودا ئاگای لێمە.
شۆخی: گاڵتە، سوعبەت

کایە: یاری
ناسۆر: برینی تەشەنە کردوو
ویمکەویٚ: لیٚم بدریٚت
ڕیٚگەی لاقی دەسویٚ: دەکریٚ بەم شیٚوەیە بخویٚنریٚتەوە: "سەختە ڕیٚگەی، لاقی دەسویٚ" یان ئەگەریٚکی دیکە: ڕیٚگەی لاق لە ڕاستیدا ڕەگی لاق بیٚت. هەرچۆنیٚکە، هەندیٚك نامۆ دەنویٚنیٚت.
سواندن: ساوین، ورد کردن و زبری لە شتیٚکدا نەهیٚشتن *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)*.
بەئەگەری زۆر، شاعیر لەم فەردەدا دەڵیٚ هەر نەیاریٚك بە ناحەق بیٚت و خۆم لیٚ بدات، خودا هەر لە ڕیٚگە، لاقی دەسویٚت و ناهیٚڵیٚت بگاتە من.
پانیٚر: گویٚلکی پار

## بەینەت شکاندن

قیبلە کەج ناکەم، تاقی برۆتە
لای من ڕاستییە، کەچی لای خۆتە
فێڵ و تەڵەکە و بەینەت شکاندن،
ڕیشەی میهر و مەیل لەیەك پساندن،
بە پێچەوانەی وادەی خۆ کردن،
هۆش و حەواس و دڵ و دین بردن

کەوتن لە جێدا و ناڵە وڕێنە،
نەسرەوتن، گریان، ئێشی گلێنە
سکاڵا، گەڕان وەك شێت لە کێوی
خۆ حاشاردانیش وەك مامە ڕێوی،
کەل وکون کردن، ساتێ نەسرەوتن
ماندوویی، مردن، کاتێ نەخەوتن
بە بۆنەی تۆیە پاکی ئەوانە
کەوتوو و ڕەوتووی تۆم، باش لێم بڕوانە!

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دیاری نەکراوە
(لاپەڕە ٢٠٦ و ٢٠٧ ی چاپی ئەنیسی، لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

غەزەلێکی غەرامییە و تێیدا شاعیر لە دەردی ئەوین دەدوێت. زمانی شیعرەکە ساکارە بەڵام لە سەرەتادا گرێیەکی تێکەوتووە. شاعیر دەڵێ تاقی برۆت قیبلەی منە و منیش ڕووی لێ لانادەم و لەوەشدا ڕاست و بێ درۆم، بەڵام تۆ وانیت و بەشوێنیدا هەندێك خەسلەتی نەرێ یی و خراپ وەك فێڵ و تەڵەکە دەداتە پاڵ ئەو. کێشە لەوەدایە کە

ئەو بەراورد کردنە بە زمانێکی پاراو بەڕێوە ناچێت. بۆ نموونە، بۆ تێگەیشتن لە عیبارەتی 'کەچی لای خۆتە'....! دەبێ چاوەڕوانی فەردی دواتر بیت بزانی چییە.
لە لایەکی دیکەوە هەرگیز عاشقی ڕاستەقینە بە دڵدارەکەی خۆی نالێت فێڵ و تەڵەکە دەکەی و ئەوەش خاڵێکی دیکەی سەبارەت بە شیعرەکەیە و دووری نازانم کاك جەعفەر و هاوکارەکانی هەر بەو بۆنانەوە بێت کە ئەم شیعرە و چەند شیعری دیکەی هاوچەشنیان لە چاپەکەی خۆیاندا نەهێناوە.
بەڵام شیعرەکە، بڕگەی جوان و سەرکەوتووشی تێدایە بە تایبەت لەوەدا کە بەڵێنداریی خۆی ڕادەگەیێنێت و لەبەرانبەر بێ وەفایی و بێ بەینەتی دڵدارەکەی دادەنێت: ناڵە و وڕێنە و نەسرەوتن .... گەرچی لێرەشدا هەندێك شوبهاندن هەن، کە لە جوان ناچن وەك ئەوەی خۆی بە مامە ڕێوییەك ناساندووە وا خۆی حەشار دەدات!
بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە شاعیر دوای ڕیز کردنی سیفاتی دڵدار ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر باسی خەسلەتەکانی خۆی و ئەو بازدانە لەپڕ و لەناکاو ڕوو دەدات، من بۆشاییەکم خستۆتە نێوان فەردی سێهەم و چوارەم کە جەمسەری نێوان ئەو دوو بابەتەیە. تۆ بڵێی یەك یان چەند فەردی شیعرەکە لەو شوێنەدا نەفەوتابێتن؟
هەروەها دوور نییە فەردی مەقتەع کە دەبێ هەڵگری ناو یان ناسناوی شیعریی شاعیرەکەی بێت، داکەوتبێت و چاپ نەکرابێت.
بە هیوای ئەوەی چاپەکانی دواتری هەردوو دیوانەکە ئەو ناتەواوییانە چارەسەر بکەن.
قیبلە کەج کردن: ڕوو وەرگێڕان لە قیبلەی موسوڵمانان، کافر بوونە و لای ئیمانداران تاوانێکی گەورەیە. شاعیر ڕوو وەرگێڕان لە دڵدارەکەی بە قیبلە کەج کردن دەشوبهێنێت.
لای خۆتە: چی لای خۆتە؟ هەموو ئەو شتانەی وا لە فەردی دووهەم و سێهەمدا گوتراون!
بەینەت شکاندن: بێ بەڵێنی و لە پەیمان پەشیمان بوونەوەیە.
میهر: خۆشەویستی
وادە: وەعدە، بەڵێن
وڕێنە: قسەی بێ سەر وبن کردن، بە عادەت لە کاتی یاو و لەرزی نەخۆشیدا.
نەسرەوتن: هەدا نەدان، دانەنیشتن و ئیستراحەت نەکردن
ئێشی گلێنە: چاوێشە

سکاڵا: گازندە، شکات

خۆ حاشاردان: خۆ شاردنەوە، خۆ مات کردن لە کەسێك و شتێك.

کەل: چیا و کەژ و کۆ، بستوو، زینوو، قەڵشت، قەڵش *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)*

کەل و کون: کون و قوژبن

کەوتوو و ڕەوتوو: ماندوو و لەکار کەوتوو. جیناسێکی ناتەواوایان پێ دروست کراوە.

# چوارينه و تاك

# سەرەتا

ڕوباعی یان چوارینە شێوازێکی شیعرە کە تێیدا بیر و بۆچوونی شاعیر لە مەودای کورتی چوار لەتکە شیعردا ڕادەگەیێنرێت. بیرۆکەی ناو چوارینە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، فەلسەفی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، غەرامی و بابەتی دیکەن. بەهۆی بەرتەنگ بوونی مەودای بەیان و ڕادەی کەمی پەیوەندیگرتنی شاعیری چوارینەگۆ لەگەڵ خوێنەر، چوارینە بایەخی کەمتری پێدراوە و وەك نەریتێك، زوربەی کات لە کۆتایی دیوانی شاعیراندا جێی بۆ کراوەتەوە.
من مێژووی چوارینە گوتنی کوردی نازانم دەگەڕێتەوە بۆ چ ساڵ و سەدەیەك، بەڵام دەزانم لە ناو شاعیرانی سەدەی بیستەمماندا گەلێك باو بووە. بەشێك لەوانە وەرگێڕاوی چوارینە فارسییەکانی خەییام و ئەبوو سەعیدی ئەبولخەیر بوون کە کەسانی خاوەن ئیعتباری وەك مامۆستایان هەژار و ناسری حیسامی وەریانگێڕاون، یان هی کەسانی کەمتر ناسراوی هاوچەرخ  وەك "قدس نخغی"، بەشێکی دیکەشیان خۆماڵی و هی شاعیرانی کورد خۆیان بوون.
لە ناو شاعیرانی قوتابخانەی موکریاندا چوارینە گرنگایەتی تایبەتی هەبووە و بەشێکی بەرچاو لە کارە ئەدەبییەکانی شاعیرانی قوتابخانەی موکریان لە چوارینە پێك هاتووە. لە ناو شاعیرانی نەوەی دواتردا، چوارینەکانی عومەری سوڵتانی (وەفا) و سەعید نەججاڕی (ئاسۆ) جێگەی سەرنجی تایبەتن.
ئاوات، سەرجەم ٣٥ چوارینەی کوردیی گوتوون.
دیوانی چاپی جەعفەر ٣٢ چوارینەی لەو ٣٥ دانەیە گرتۆتە بەر.
دیوانی  چاپی ئەنیسی ٣٦ ی تۆمار کردووە کە یەکیان دووپاتکراوەی ئەویترە و بەو پێیە، هەموو ٣٥ چوارینەکانی شاعیر لەوێدا پارێزراون.
چوارینە دووپات کراوەکە، تەنیا لە سەرەتای میسراعی یەکەمدا جیاوازیی لەگەڵ ئەویتردا هەیە. شاعیر لە یەکەمیاندا دەڵێ: "دڵ بۆچییە، لام نییە نە ڕۆژ و نە شەوێ"؛

بەڵام لە دووهەمیاندا دەڵێ: "کوا دڵ، چییە، لام نییە نە ڕۆژ و نە شەوێ" ئیتر هەر سێ میسراعەکەی دواتریان عەینوبیللا وەك یەکن.
من وای بۆ دەچم کە ئاوات لە قۆناغێکدا ویستبێتی عیبارەتی "کوا دڵ، چییە" بکات بە "دڵ بۆچییە" و پاشماوەکەی وەك خۆی بپارێزێت؛ هەر ئەوەندە و بەس؛ ئیتر لەکاتی چاپکردنی دیواندا، بە هەڵە هەردوکیان وەك دوو چوارینەی سەربەخۆ چاپ کرابێتن. دەنا لە ڕاستیدا هەر یەکن و لەم کارەی بەردەستدا بە یەکدانە حیساب کراون و هەر بۆیەش ژمارەی چوارینەکان ٣٥ ن نەك ٣٦.
ئەو سێ چوارینەیەی ناو دیوانی چاپی ئەنیسی، کە لە چاپی جەعفەردا نابینرێن، بریتین لەوانەی خوارەوە:

- گەر خاوەنی کۆشکی شا بی و سەر بە فەلەك (لاپەڕە ٢١٢ ی چاپی ئەنیسی و ژمارە ٥ ی ئم کارەی من)؛
- سووڕا دژی تۆ ئەگەر فەلەك، گوێ مەدەیە(لاپەڕە ٢١٣ ی چاپی ئەنیسی و ژمارە ٤ ی ئەم کارەی ئێستا)؛ و
- لە باوەشم گرت ئەو کۆرپە چوانە (لاپەڕە ٢١٧ ی چاپی ئەنیسی و ژمارە ٣٠ ی ئەم کارەی ئێستا).

لەو ٣٥ چوارینەیە، یەکیان ڕێکەوتی ساڵی گوترانی بۆ دیاری کراوە و من بەو بۆنەیەوە لە ناو شیعرەکانی ساڵی ١٣٥٨ دا جێم بۆ کردۆتەوە:

- ئەوەندەی ڕووڕەش و خاوەن گوناهم (لاپەڕە ٢١٤ ی چاپی ئەنیسی و ٣٤٩ ی چاپی جەعفەر).

٣٤چوارینەکەی دیکە ڕێکەوتی ساڵیان بۆ دەست نیشان نەکراوە و بەناچار لەم بەشەدا، یەك لەدوای یەك ڕیزکراون.
لام وایە بکرێت سەرجەم ئەو ٣٥ چوارینەیە لە باری ناوەرۆکەوە بە سەر ٧ مەقوولەدا دابەش بکرێن:

- فەلسەفی
- فەلسەفی - ئایینی
- ئایینی – عیرفانی
- غەرامی – شەخسی
- کۆمەڵایەتی – سیاسی

- بنەماڵەیی
- ئیخوانیات

ئەو دابەش کردنە، تەنیا بۆ هاسان کردنەوەی کاری خوێنەرە، دەنا دیققەتی تەواوی نییە لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی هەندێك لە چوارینەکان سنوورێکی ڕوونیان بۆ دیاری ناکرێت، هەندێکیتریشیان تێکەڵاوێکن لە چەند بابەتی جیاواز و تەنانەت بۆی هەیە بە باشی لەو چوارچێوە دیاریکراوانەی مندا شوێنیان نەبێتەوە.

## تاک

هەر دوو دیوانی چاپکراوی ئاوات تەنیا یەك تاك (فەرد)یان تۆمار کردووە و ئەو یەك تاکە، گەلێك جوانە و ناوەرۆکێکی تەواو عاشقانەی هەیە و بەو بۆنەیەوە، لەگەڵ چوارینە غەرامییەکاندا تۆمارم کردووە، بەڵام لە دیوانە چاپییەکاندا خراوەتە کۆتایی هەموو چوارینەکانەوە.
ئەوە سەرجەم چوارینەکان و یەك تاکی ئاواتن:

## چوارینەی فەلسەفی
## (٦ چوارینە)

هەر ئاخری هات تەمەن دەسەوجێ دەمرین
ڕێ دوورە، کەچی باری گران هەڵدەگرین
ئێستاکە کە زیندووین، بە ژیان پێدەکەنین[٣٠٢]

[٣٠٢] چاپی ئەنیسی: ژییان

ئەوسا کە نزیکی مردنین، بۆی دەگرین[٣٠٣]

هاکا تەمەنت بگاتە سەد ساڵی تەواو
ئەوکاتە کە خۆت دەبینی وەك لانکی شکاو
لەولاوە کەسێ دەسی بە پیلت دەگرێ
لەملا یەکیدی، ماوی، بەڵام ماوی نەماو

ڕیشت سپییە، ددان نەماویی و نەمای!
تا کەی لە جیهانی فانییا هەر بە تەمای؟
کاتێ وەخەبەر هاتی لە گۆڕا خەوتووی
"کامیل" ئەوە تۆی بوویەوە خاك، ئەلحەملای!

گەر خاوەنی کۆشکی شا بی و سەر بە فەلەك
هاواڵی ئەتۆ بن لە فەلەك گشتی مەلەك
هەر هات دەمی مردنێ، لە تاوی ئێشت[٣٠٤]
خۆ ون دەکەی و دەڕۆیە کون، چەشنی دەڵەك![٣٠٥]

سووڕا دژی تۆ ئەگەر فەلەك، گوێ مەدەیە!
"هات" شاردیەوە خۆ وەکوو دەڵەك، گوێ مەدەیە!
سووڕی فرەیە، لەتۆش دەکا جارێ ڕوو[٣٠٦]
پشتی کە لەتۆیە، بەدەرەك، گوێ مەدەیە![٣٠٧]

دەخولێمەوە لەم جیهانەدا بێئامانج
دیتم کە نەمان خاوەنی سەد تەخت و تانج

---

[٣٠٣] چاپی ئەنیسی: بۆو دەگرین
[٣٠٤] چاپی ئەنیسی: دەمی مردنت
[٣٠٥] ئەم چوارینەیە لە چاپی جەعفەردا نابینرێت، من تەنیا لە چاپی ئەنیسیم وەرگرتووە.
[٣٠٦] چاپی ئەنیسی: سوڕی ... دەکار جارێ ڕوو (دەبێ هەڵەی تایپ بێت)
[٣٠٧] ئەم چوارینەیە لە چاپی جەعفەردا نییە، من لە چاپی ئەنیسیم وەرگرتووە.

ئێستا بە ژیانی خۆم گەشەم دێ، پاشان[308]
دەگریم کە ئەوەندە بۆ ژیام بێقازانج![309]

(لاپەڕە ٢١٠ و ٢١١ ی چاپی ئەنیسی و ٣٤٥ تا ٣٥١ ی چاپی جەعفەر)

---

ناوەرۆکی ئەو شەش چوارینەیەی وا لێرەدا هاتوون، بێ واتایی ژیان دەخەنە ڕوو و دەکرێ بڵێین کارتێکەریی فەلسەفەی دەهریی فەیلەسووفانی یۆنانیان لەسەرە، یان نزیکتری بکەینەوە، بۆن و بەرامەی بۆچوونەکانی خەییامیان لێدێت لە بەر ئەوەی ناتەواوی و کەمیی ماوەی ژیانی مرۆڤ وەبیر خوێنەر دەهێننەوە و بانگەوازی ئەوە بڵاو دەکەنەوە کە دنیا بەقای بۆ نییە و بۆ کەس نامێنێت، جا مرۆڤ ئەگەر تەنانەت بگاتە تەمەنی ١٠٠ ساڵانیش لەگەڵ ئەوەدا وەك لانکی شکاوی لێدێت بەو حاڵەشەوە هەر دەبێ چاوەڕوانی مردن بێت. بەداخەوە ئاوات، بە پێچەوانەی خەییام لەوە زیاتر ناچێتە پێشەوە و بانگەوازی خۆشی و شادی و چەشتنی مەی و گاڵتەکردن بە قسەی ژیانەوەی دوای مردن بڵاو ناکاتەوە و لە قەفەزی سۆفیایەتییەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە.
هەروەها هەندێك لەوانە کارتێکەریی چوارینەکانی ابوسعید ابوالخیریان بە سەرەوە دەبینرێت. بۆنموونە، گەوهەری پەیامی ناو چوارینەی ژمارە ٦ (دەخولێمەوە لەم جیهانەدا بێ ئامانج...) دوور نییە لە ناوەرۆکی ئەم چوارینەیەی ئەبووسەعید:
*گه می‌گردم بر آتش هجر، کباب*
*گه سر گردان بحر غم همچو حباب*
*القصه چو خار و خس در این دیر خراب*
*گه بر سر آتشم، گهی بر سر آب!*
چوارینەی ژمارە ٤ و ٥ لە چاپی جەعفەر دا نەهاتوون. من هۆکاری ئەو نەهاتنە نازانم، مەگەر شاعیر خۆی پێیان ڕازی نەبووبێت و دوای چاپی دیوان قرتی کردبێتن.
دەسەوجێ: دەست بەجێ، فەورەن

---

[308] چاپی ئەنیسی: ژییانی
[309] چاپی ئەنیسیی: ژییام

بۆی دەگرین: بۆ ژیان دەگرین. لە چاپی ئەنیسی دا وەك "بۆو دەگرین" هاتووە بە واتای بۆ ئێوە دەگرین. لە باری ماناوە هەردوکیان خاوەن واتای خۆیانن، بەلام شێوازی چاپی جەعفەر سەرجەم شیعرەکە یەکگرتووتر دەکات.
هاکا: ئەم زووانە، بەم نزیکانە (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)
لەملا و لەولا: بریتییە لە لای ڕاست وچەپی کەسە بەساڵاچووەکە، هەروەها واتای "بە بارێکی دیکەشدا"ی لێ وەردەگیرێت.
"ددان نەماو"ی: واتە تۆ کەسێکی ددان نەماوی چونکوو ددانەکانت هەمووی کەوتوون.
نەمای: تۆ نەمای و مردی
ئەلحەملای: الحمدلله، شوکری خودا. بەیانێکی تەنز ئامێزە. شاعیر لەگەڵ لەشی خۆیدا ڕقەبەرایەتی دەکات و خۆشحاڵە کە نامێنێت و لە گوڕدا دەخەوێت.
دەڵەك: جانەورێکە لە ڕێوی بچووکتر، کەوڵی بەنرخە (هەنبانە بۆرینە)
هات: بەخت، ئیقباڵ، شانس
تانج: کوردێنراوی "تاج"ە کە کلاوی سەری شاهان بێت.
دەخولێمەوە: زەمەنی کردارەکان لەگەڵ یەکدا ناکۆکن لەبەر ئەوەی بەشوێنیدا دەڵێ "دیتم".
ئەم کارە دەبێ بۆ پاراستنی کێشی شیعرەکە کرابێت.
قازانج: سوود، وشەیەکی تورکییە.
هات وچۆ: وەك لە پەراوێزەکەدا نووسیومە دڵنیام دەبێ "هاتوچۆت" بێت

## چوارینەی فەلسەفی/ ئایینی
## (٤ چوارینە)

ئێوە کە لە خەودان و هەڵستانوو نییە
دایم بە گوناح دەڕۆن و وەستانوو نییە
مەعشووقەیی ئێوە هەر گژ و گیا و دڕکە

بێهیممەتن و فکری گوڵستانوو نییە[310]

گەر ژیری، ئەگەر شێتی، نەمانت لەبەرە
زانا بی وەیا نەزان، هەموو دەردیسەرە[311]
هەرچەندە بژی بە خۆشی یا ناخۆشی
تێشوو بەرە، زۆر حەستەمە، دوامین سەفەرە

شەو هەستە کە عاشقان بە شەو ڕادەپەڕن
چڵکی دەموچاو بە ئاوی دەسنوێژ دەسڕن
ئەو تاقمە وا بە شەو دەکەن ڕاز و نیاز
مەعلوومە ئەوانە ڕەستگار بوون و کوڕن

ماوێکی لەمێژ ژیام، تەمەن دوایی هات[312]
کاتی سەفەرم هاتووە، دەڕوا ئاوات
جوان بووم و جحێڵ و ئێستە پیر و زورهان
بەو حاڵەشەوە دەڕۆم و نیمە سەوقات

(لاپەڕە ٢١٠ تا ٢١٧ ی چاپی ئەنیسی و ٣٤٥ تا ٣٥١ ی چاپی جەعفەر)

---

ناوەرۆکی ئەم چوارینانە لە بیری خەییامی گەلێك نزیکن. پەیامی ئاشکرای هەموویان بێ بایەخی و بێ ئامانجیی ژیان و حەققانییەتی مردنە، ڕاست وەك ئەوانەی وا لە شێعری خەییامدا هەن بەڵام تەئیدی زیاتر لەسەر لایەنە ئایینییەکەی وەك پێداویستیی چاوەڕوانیی ڕۆژی حەشر و نەشر کراوە، واتە ئایینی و خواپەرستانەشن و بۆنی ئیلحادیان لێنایەت.

---

[310] چاپی ئەنیسی هەر سێ لەتکە شیعرەکەی وەك هەڵستانو، وەستانو، گوڵستانو نووسیوە. دەبێ وریا بین درێژ کردنەوەی واوەکە زیان بە کێشی شیعرەکە نەگەیێنێت.
[311] چاپی ئەنیسی: هەمو
[312] چاپی ئەنیسی: ژییام

ئەو مەسەلەیە، لە وشە و عیبارەتەکان دەردەکەوێت. بۆ نموونە، کاتێ کە دەڵێ "فیکری گوڵستانوو نییە"، یان "تێشوو بەرە"، یان باس لە "ئاوی دەسنوێژ" و بردنی "سەوقات" دەکات، هەمووی ئاماژەن بەو فیکرە ئایینییەی وا مێشکی شاعیری داگرتووە، هەر بەم پێیەش، دەکرێ لە چوارچێوەیەکی فەلسەفی-ئایینی دا بگیرێنە بەرچاو. کارتێکەریی شیعری ابوسعید ابوالخیر بە سەر هەندێك لە چوارینەکانەوە دیارە بۆ نموونە، لە چوارینەی ژمارە ٩دا کاتێ دەڵێ: "شەو هەستە کە عاشقان بە شەو ڕادەپەڕن...".

بە گوناح دەڕۆن: واتە هەڵس وکەوتتان گوناهبارانەیە.

گژوگیا و دڕك: وەك دژبەری گوڵستان هاتوون. شاعیر دەڵێ ئێوە لە بیری گوڵستانی بەهەشتی ئەودنیادا نین و دڵتان بەو گژگیای هیچ و پووچەی ئەم دنیایە خۆش کردووە.

دڕك: دڕوو

تێشوو: تۆشە، ئازووقەی هەڵگیراوی ڕێبوار لە ڕێگا.

دوامین: دوایین

حەستەم: ئەستەم، نەهاسان.

کوڕن: ئازان. ئەم چەشنە پەند و زاراوانەی کۆمەڵگای کۆنی کوردستان ئێستا برەویان نەماوە و دەبێ هەوڵ بدرێت لە قاموسی ژیانی ڕۆژانەش بخرێنە دەرەوە، بەڵکوو هەڵاواردن و جیاوازیدانان لە نێوان نێر و مێ بە تەواوەتی لە ناو ئەدەبیاتی کوردی و قسە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی هەمووماندا قرت بکرێت. دیارە ئەم شیعرە ئاوێنەی ژیانی سەردەمێکە کە چەمکی ژێندەر و مافی بەرانبەریی ژن وپیاو بەتەواوەتی نەهاتبووە ناو کۆمەڵگای ئێمەوە.

ماوێکی: ماوەیەکی

لەمێژ: زۆر، دوور ودرێژ

دەڕوا ئاوات: ئیهامی تێدایە. واتای نزیکی ئەوەیە کە ئاواتی شاعیر دەمرێت و تەواو دەبێت؛ بەڵام واتای دووهەمێکیشی هەیە: هیوا و ئاوات و ئارەزوو دەڕۆن و نامێنن.

زورهان: پیر و بێ تاقەت

سەوقات: دیاری دەست

## چوارینەی ئایینی/ عیرفانی
## (٧ چوارینە)

نایێتە زمان و قەڵەم و بیر و ڕا
تاریفی خودابیت، چ بکەم من ئەی خوا!
هەر هێندە بەسە بڵێم کە تاق و تەنیای
هەر بووی و دەبی، هەتا هەتا بێ دنیا[٣١٣]

"کامیل" سەری سوڕماوە لە ئاکاری تۆ!
ئاسمان و زەوی و گوڵشەن و گوڵزاری تۆ
هەرکەس کە گرفتاری بەڵا بێت و خەمێ،
یا ڕەببی! بە لوتف و مەرحەمەت، یاری تۆ[٣١٤]

هەر تۆ لە نەبوون ئەمەت دروست کرد خوایە!
هەرکەس کە شکێ بکا لە تۆ، گومڕایە
هەر تۆشی لە بوونەوە دەمانخەیتە نەبوون[٣١٥]
ئەم بوون و نەبوونە گشت لە دەس تۆدایە[٣١٦]

هەر تۆشی هەڵتبژارد لە عالەم پیاوێ
دوای نێوی ئەتۆ ئەوە، ئیتر پێی ناوێ
تاریفی بکەم کە پاڵەوانانی جیهان[٣١٧]
دەشکان لە بەرامبەری، نەوێستان تاوێ

---

[٣١٣] چاپی ئەنیسی: بوی... دونیا

[٣١٤] چاپی ئەنیسی: مەڕحەمەتت. بەم گۆڕانکارییە تازەیە، کێشی شیعرەکەش چەشنە دەستکارییەکی بەسەردا دێت. لە چاپی جەعفەردا سەکتەیەك هەیە و لەچاپی ئەنیسیدا هەست بە زیادەیەك دەکرێت.

[٣١٥] چاپی ئەنیسی: هەرتۆشی لەبوون دیسان دەمانخەیتە نەبوون

[٣١٦] چاپی ئەنیسی: لەدەست تۆڕایە

[317] چاپی ئەنیسی: لە پاڵەوانانی جیهان

ئەوکاتە بە لەشکر و سپا، سەردار بوو
لێزان و بەبێ یاریدەدان زۆردار بوو
نەیتوانی کە پشتی لێبسێنێ دوژمن
کاتی شەڕوشۆر و جەنگ، گەلێ وشیار بوو[318]

دووپاتە کراو!

ئەم چوارینەیەی خوارەوە ڕێکەوتی ساڵی ۱۳۵۸ ی بۆ دەست نیشان کراوە و لە بەشی شیعرەکانی ساڵی ۱۳۵۸ دا بە ژمارە ۱۹۹هاتووە، هەر بۆیەش لێرەدا ژمارەی پێنەدراوە بەڵام لە ڕاستیدا دەبێ ژمارە ۳۵ ی چوارینەکان بێت دوای ئەو ۳٤ چاورینەیەی وا لە سەرجەم ئەم بەشەدا دەکەونە بەرچاو.

*ئەوەندەی ڕووڕەش و خاوەن گوناهم*
*ئەوەندەش خاوەنی فەریاد و ئاهم*
*بە ئاهم بەخشە یا ڕەببی! گوناهم*
*سپی کە تۆ خودابیت ڕووی سیاهم*
*(قاقڵاوا، ۱۳۵۸ ی هەتاوی)*

دەڵێی بەفری سەرانە پرچ و ڕیشم
کەچی هەر چارەڕەش، هەر پیسە ئیشم
کە لەم دونیایە بێ بەش مام و ڕووڕەش
خووا! باقڵ نییە دونیایی دیشم

(لاپەڕە ۲۱۰ تا ۲۱۷ ی چاپی ئەنیسی و ۳٤۵ تا ۳۵۱ ی چاپی جەعفەر)

---

ناوەرۆکی ئەم چوارینانە، بە گشتی ئایینیە. چوارینەکانی ژمارە ۱۱ تا ۱۳ تەنیا لە نەعتی خوداوان. چوارینەی ژمارە ۱٤ ش هەر بە ستایشی خودا دەست پێدەکات بەڵام لە

---

[318] چاپی جەعفەر: شەڕ و شووڕ. چاپی ئەنیسی: گەلی (دەبێ هەڵەی تایپ بێت)

ڕێگەی ئەوەوە بادەدرێتەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام و بەودا هەڵدەگوترێ. چوارینەی ژمارە ١٥ش ستایشی ئازایەتی پێغەمبەرە لە شەڕدا.
شاعیر لە چوارینەی ژمارە ١٦ و ١٧ دا شاعیر باس لە خۆی دەکات بەڵام باسێکی چۆن؟ پاڕانەوە لە خودا بۆ لێبووردن و بەخشینی گوناە و ئەوەی ئەم دنیایەی لە دەست چووە و لەوە دەترسێت قیامەتیشی لە ژیانی ئێرە باشتر نەبێت.
پەیامی ناو چوارینەکانی تر، بێ بایەخی و بێ ئامانجیی ژیان، حەقانییەتی مردن و پێداویستیی چاوەڕوانیی ڕۆژی حەشر و نەشرە- ڕاست وەك ئەوانەی وا لە هەندێك لە شێعری خەییامدا هەن. بۆ نموونە، ئەم فەردە:
*"هەر تۆشی لە بوونەوە دەمانخەیتە نەبوون*
*ئەم بوون و نەبوونە گشت لە دەس تۆدایە"*
تاریف: ، نەعت، ستایش، پێداهەڵگوتن، کوردێنراوی'تعریف' ی عەرەبییە.
ئەی خوا: هەم هاوارە لەخودا، هەم وەڕەزییەك دەگەیێنێت: خوایە من چ بکەم! یا ڕەببی: ئەی خودای من!
ئەمە: ئێمە گومڕا: ڕێ وون کردوو، بێدین
پیاوێ: نیاز پێغەمبەری ئیسلامە
دوای نێوی ئەتۆ، ئەوە: دوای نێوی خودا، نێوی پێغەمبەرە.
ئیتر پێی ناوێ: ئیتر با ببڕێتەوە! کۆتایی قسە
پاڵەوانانی جیهان: یەك لەو سیفەتانەی وا شاعیر دەیداتە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام، ئازایەتی و شەڕانخێوییەتی. دەڵێ پاڵەوانانی جیهان لە شەڕدا دەرەقەتی نەدەهاتن.
دەشکا و نەوێستان: زەمەنی کردارەکان یەك ناگرێتەوە. هەندێ جار شاعیران، بۆ پاراستنی کێش و سەروا، ئەو سنوورانە دەبەزێنن.
زۆردار: خاوەن زۆر، پاڵەوان، بەهێز و ئازا. ئەوەش سیفەتێکە شاعیر داویەتە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام.
بە بێ یاریدەدان: واتە سوپای ئەو بە بێ یارمەتیدانی کەسێك خاوەن هێز بوو.
پشت لێ ئەستاندن: لە شەڕی کلاسیکی ناو مەیداندا ئەگەر سوپایەك بتوانێت ڕێگە بدۆزێتەوە بۆئەوەی بچێ پشتی سوپای دوژمن بگرێت و لە هەردوو بەرەوە هێرشی بکاتە سەر، زووتر سەردەکەوێت. هەر بۆیەش سوپا هەوڵ دەدەن پشتیان لێ نەستێنرێت.

شەڕ و شۆر: شۆر (یان بە شێوەی چاپی جەعفەر، شوورِ) لەفزی موهمەلە و لەگەڵ شەڕدا واتای شەڕی هەیە.
سپی کە: دەیان جاری دیکەش دیومانە کە ئاوات وەك موسوڵمانێکی ئیماندار خۆی هەمیشە بە تاوانبار دەزانێت و لەخودا دەپاڕێتەوە لێی ببوورێت. زاراوەی ڕووڕەشی نازانم لە کوێوە هاتووە و ڕەنگی دەم وچاو چ پەیوەندێکی بە تاوان کردنەوە هەیە، بەڵام لە باوەڕی موسوڵماناندا ئەوەی چاکەکارە ڕووسپییە و گوناهکاران ڕووڕەشن.
ئەو شێوە هەڵسەنگاندنانە لە جیهانی بچووکی ئێمەدا کە پێست ڕەش و سپی و قاوەیی هەمووی هەن و لە شارێك و هەندێك جار لە ماڵێکدا پێکەوە دەژین، بایەخی نییە و دەبێ لە قسەکردنماندا وریا بین هەڵەیەکی وا نەکەین کە بە ڕەگەزپەرستی دابنرێت.
بەفری سەران: پێشتر لە ڕوونکردنەوەی پارچە شیعرێکی دیکەی ئاواتدا زۆر چوومەتە سەر باسی بەفری سەران و بەفری بەران و پرسیاری دۆست و برادەریشم کردووە. سەبارەت بە بەفری سەران لەسەر ئەو باوەڕەم کە بریتی بێت لە بەفرێك وا سەرەتا لە سەر چیاکان دەبارێت پاشان کرێوە هەڵیدەگرێت و دەیهێنێتە داوێن و لە کەلێن و قوژبنی لای خوارەوەتری کێوەکانی دەکات.
باقڵ: بە عەقڵ، بە عەقڵی خۆم، لام وایە، پێم وابێت.

## چوارینەی غەرامی/ شەخسی
## (٤ چوارینە) و یەك تاك

دڵ بۆچییە، لام نییە نە ڕۆژ و نە شەوێ!
بۆچیمە کە دەخولێتەوە هەر لێر و لەوێ؟
ئازیز! وەرە دانیشە لە لای من تاوێ،
دەیدەم بە تۆ ئەو دڵە ئەگەر تۆ بتەوێ[319]

[319] چوارینەیەکی دیکە لە لاپەڕە ٢١٤ ی چاپی ئەنیسدا هاتووە کە دووپاتکراوی چوارینەی ژمارە ١٨ یە تەنیا لە بەشی سەرەتای میسراعی یەکەمیدا ئاڵوگۆڕێك کراوە و نووسراوە "کوا دڵ چییە...". من ئەو چوارینەیە وەك نەبوو سەیر دەکەم.

جوانچاك، وەرە لام، کەمێ لە لام ڕۆنیشە!
تۆخوا مەڵێ هیچە، پیرە، خاوەن ڕیشە!
وەبزانە گوڵم کە کۆلکەداری پیرم
تۆش بازی، وەرە لە سەر سەرم هەڵنیشە!

لە کاتی نۆجوانی خۆش بوو ژینم[320]
بەڵام ئێستاکە پیرم، خۆشە شینم!
لە مەشقی عیشقبازیدا کوڵیبووم[321]
ئەوێستا بۆ بزەی لێو خۆشەچینم

هەرچاوەچاومە، بە تەمام یاری من کە بێ
خۆم سەربڕم لە پێشی، گیان ڕەستگار ئەبێ[322]
جارێك دەسم دەسووتێ و مەحتەل دەمێنمەوە
جارێکی پێم لەجێدەچێ، کەوتوومە دەستوپێ!

## تاک

وێستا بە تەرزی سەروێ، لەرزی بە بای هەناسە
دەڕژا لە بەژنی بەرزی عیشوە بە جام و کاسە![323]

(لاپەڕە ٢١١ تا ٢١٧ ی چاپی ئەنیسی و ٣٤٥ تا ٣٥١ ی چاپی جەعفەر)

---

[320] چاپی ئەنیسی: نۆجوانی
[321] چاپی ئەنیسی: کوڵی بوم
[322] چاپی ئەنیسی: پیشی ... ڕەستگار ئەبی (دەبێ هەردوکیان هەڵەی تایپ بن).
[323] چاپی ئەنیسی: دەرژا (دەبێ هەڵەی تایپ بێت)

ناوەرۆکی ئەم چوارینانەش لە بیری ناو هەندێك لە چوارینەکانی خەییام وەك بێوەفایی دنیا و ئەنجامی مردن نزیکن بێ ئەوەی پرسیاری خەییامی سەبارەت بە ژیان و مردن و هۆکار و ئەنجامەکانی دامەزرێنێت. بەڵام یەکەم تا چوارەمیان بە ڕادەیەکی زۆر غەرامین و بیرۆکەی ژیان و مردنیان تێدا بەدی ناکرێت.
هەردوو دیوانە چاپییەکە لە کۆتایی بەشی چوارینەکاندا تاك واتە فەردێکیان هێناوە. من لە ڕاگواستندا هەوڵمدا بە گوێرەی ناوەرۆك لەگەڵ دەستە شیعری هاو واتای خۆی دایبنێم و لەبەر ئەوەی ئەو تاکە بە تەواوەتی عاشقانەیە، لێرە واتە لە بەشی شیعری غەرامیدا هێناومە.
دڵ بۆ چییە؟: دڵم بۆچییە؟
لێر ولەوێ: لێرە و لەوێ
تاوێ: ساتێکی کەم، ماوەیەکی کەم
جوانچاك: زۆر جوان
باز: باڵندەیەك کە بەگوێرەی ئەفسانەی بێ بنەما، لە سەری هەرکەسێك بنیشێت بەخت و ئیقباڵ ڕووی تێدەکات. نموونە، حیکایەتی 'حەسەن کەچەڵ' یان 'سەعد و سەعید' لە ناو نەقڵی گوێی ئاگردانی کوردیدا. پێچەوانەکەی کوند یان کوندەبووە کە بە گوێرەی هەمان ئەو ئەفسانە پووچە، هاتن و نیشتنی لە شوێنێك، وێرانی ماڵ و بێ بەختی خەڵکەکەی دێنێت. لە جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا چارەنووسی مرۆڤ بدرێتە دەست باڵندەیەکی هەژاری بێ دەسەڵات سەیر نییە؟ ئەی مرۆڤ خۆی چکارەیە؟
خۆش بوو ژینم و خۆشە شینم: جیناسێکی ناتەواوی گەلێك جوانیان پێ دروست کراوە. ئەودەم چ بووم و ئێستا چیم!
چاوەچاو کردن: لێرەدا چاوەڕوانییە.
کەوتنە دەست وپێ: هەوڵدانە بەڵام لێرەدا گەلێك جوان هێنراوە لەبەر ئەوەی جارێك باسی دەستی کردووە و جارێك باسی پێ، ئینجا گوتوویەتی کەوتوومەتە دەست و پێ.
بە تەرزی: بەشێوەی
بای هەناسە: نیاز لە جووڵەیەکی کەمە. شاعیر دەڵێ دڵدارەکەم لەبەر ناسکی، بە بای هەناسە دەلەرزێ!

هەروەها لەو تاکەدا لە نێوان 'تەرزی' و 'لەرزی' جیناسێکی ناتەواوی جوان دروست کراوە.

## چوارینەی کۆمەڵایەتی/ سیاسی/ شەخسی
## (٥ چوارینە)

بولبول، وەرە با پێکەوە بگرین تك تك!
با هەردوو بسوورێینەوە بۆ گوڵ لك لك
تۆ دەگری کە خونچە بۆچی بۆت پێ نەکەنی،
من بۆ گەلە فرمێسکێ دەڕێژم چك چك[٣٢٤]

ئەمشەو وەرەلام گوڵم، جحێڵم کەرەوە![٣٢٥]
هەرچی خەم و تاڵییە لەبیرم بەرەوە
زانیومە بەشم ئاخری هەر دار و پەتە
لەم خوارەوە جێم نییە، دەڕۆم بۆ سەرەوە[٣٢٦]

کەلاوەی مەینەت و دەردم ئەوا ڕووخا بە سەر دڵدا
دڵی مەینەتزەدەم وا کەوتووە جەرگی بە سەر چڵدا
بە تەنیا چاو بوو وا بوو چاوەڕێی پرسیاری یاری بوو[٣٢٧]
کە برژۆڵ ڕێ بدا تا پێی نەچێ یارم بە پێکوڵدا

---

[٣٢٤] چاپی جەعفەر: فرمێسکێ. لام وایە چك چك بۆ فرمێسکێك دەگوترێ، کە زیاتر لە یەك تکە بێت هەربۆیەش "فرمێسکی" چاپی ئەنیسیم نووسی.
[٣٢٥] چاپی جەعفەر: ئەوشۆ وەرەلام.
[٣٢٦] چاپی ئەنیسی: جێم نیە
[٣٢٧] چاپی جەعفەر: وا چاوەرڕێی ... چاپی ئەنیسی: وا بو چاوەڕێی...

یاخووا کوێر بم لەمەولا گەر بەخۆشی وەرکەوم![328]
یا بە ڕۆژ ساتێ بە بێ یادی شەوانەت بسرەوم
ڕۆژهەڵات هەڵدێم وەکوو دێوانە چونکا ڕۆژی من
موددەتێکە ون بووە لێم، ئێستە مەمنوونی شەوم! [329]

ئەی چەرخی زەمانە هاتوچۆت ئەمنی کوشت[330]
بەردەرکی خەڵك، شەرم و شکۆ ئەمنی کوشت
بەو مەینەتی ڕۆژگارە ماوم بە منەت
ئەی مەرگ وەرە کە دووری تۆ ئەمنی کوشت!

(لاپەڕە ٢١١ تا ٢١٧ ی چاپی ئەنیسی و ٣٤٥ تا ٣٥١ ی چاپی جەعفەر)

---

چوارینەی یەکەم و دووهەمی سەرەوە باوەکوو لە شیعری غەرامی دەچن بەڵام بە هەندێك نیشانەدا، شان لە شانی شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەدەن. بۆ نموونە لە کۆتایی شیعری 'بولبول وەرە...؛ دا کاتێ دەڵێ من بۆ گەل فرمێسك دەڕێژم، ئیتر بابەتەکە ڕەنگی کۆمەلایەتی و تەنانەت سیاسیش بەخۆیەوە دەگرێت و ئەوە لەگەڵ کەسایەتی و مێژووی ژیانی شاعیرێشدا یەك دەگرێتەوە. یان لە چوارینەی دواتردا کاتێ دەڵێ بەشم هەر دار وپەتە، بە باشی هەست دەکرێت شیعرێکی سیاسی گوتراوە. ئەوەش کە چارەنووسی شاعیر، وەك زۆر کوردی دیکە، واهەیە هەڵاوەسین و ئیعدام بێت، چوارینەکە دەخاتە خانەی شیعری سیاسییەوە.
سێ چوارینەی دواتر لایەنی شەخسی و تاکەکەسیی شاعیریان تێدا بەهێزە و وا تێدەگەی کە شاعیر باسی خۆیمان بۆ دەکات. دیارە لە چوارینەکانی دیکەی شاعیریشدا، بە تایبەت لە بەشە ئایینی و غەرامییەکان، ئاماژە بە خۆی دەبینرێت بەڵام

---

[328] چاپی ئەنیسی: یاخودا؛ چاپی جەعفەر: یا خوا
[329] چاپی ئەنیسی: مەمنونی
[330] لە هەردوو چاپەکەدا هاتووە: "هاتوچۆ ئەمنی کوشت" بەڵام من لە سەر ئەو باوەڕەم شاعیر سکاڵا لە هاتوچۆی خۆی ناکات! ئەو لە گوزەری زەمان و سووڕانی چەرخ بەلای چەپدا گلەییەتی و ئاواتی کۆتایی هاتن بە سووڕی ئەوچەرخە دەکات و کاتێ ئەوەی بۆ جێبەجێ نابێت، ئاوات دەخوازێ مەرگی دوورەدەست لێی نزیك بێتەوە و لەژیان ڕزگاری بکات.

لەواندا کاتێکە لە خودا یان دڵدارەکەی دەپاڕێتەوە و خۆی دەخاتە بەر بەزەیی ئەوان واتە لەواندا جگە لە خوداپەرستی یان خۆشەویستییەکی ساکار، هەست و نەست و تایبەتمەندییەکی کەسایەتی شاعیرمان بۆ دەرناکەوێت، بەڵام لێرەدا کەم وزۆر سفرەی دڵی شاعیر دەکرێتەوە و ئاوات بە شێوەیەکی نەجیبانە و هێمنانە، خۆیمان پێ دەناسێنێت؛ بەو بۆنەیەوە من بە شیعرێکیان دادەنێم کە زۆر خسووسی و شەخسین.
بۆ ئەو دەستەبەندی کردنانە، پشتم بە هەستی خۆم و تێگەیشتنم لە شیعرەکە بەستووە، باوەکوو واهەیە هەندێ جار هەڵەشم کردبێت!
تك تك و لك لك و چك چك: جیناسی ناتەواویان پێ دروست کراوە و زۆریش جوان.
لك: لقی دار، لك لك دەبێ واتای لق لق و دانەدانە بدات.
جحێڵ: لاو، جەوان. لە فارسیدا "جاهیل" هەیە کە واتای گەنج ولاوی هەیە و جیاوازە لە "جاهل"ی عەرەبی بەواتای نەزان، گەرچی لە کۆتاییدا ڕەنگە ئیهامێك لە وشەکەدا هەبێت کە لاویەتی و نەزانی وەك یەك دابنێت.
لەم خوارەوە جێم نییە...: ئەوە دەربڕینێکی گەلێك جوانە. ئەو تەعبیرە لە ئەدەبی کوردی و فارسیدا هەیە و بە هەندێك کەسایەتی مەزن کە لە سێدارە دەدرێن دەگوترێ ئەو کەسە سەر زەویی ئەم دنیایەی بۆی نزم بوو بۆیە چوو بۆ بەرزایی.
کەلاوە: وێرانە، ماڵە ڕووخاو
مەینەت: بەدبەختی، کوردێنراوی "محنت" ی عەرەبییە.
مەینەت زەدە: مەینەت لێدراو، دەبێ لە "محنت زدە"ی فارسی وەرگیرابێت.
چڵ: لقی دار. کەوتن بە سەر چڵدا بەواتای بریندار بوونە. لقی دار ئەگەر بە لەشی مرۆڤدا بچێت برینداری دەکات و وا هەیە بیکووژێت. لە بەیتی خەج و سیامەنددا سیامەند بە شاخی کەڵەکێوی فڕێدەدرێتە سەر دارەبەنان و هەر بەوەش دەمرێت.
برژۆڵ: برژانگی چاو
پێکوڵ: دڕوو. شاعیر برژۆڵی چاوی خۆی کردۆتە دڕوو و خەمی ئەوە دەخوات ئەگەر یارەکەی لاق بنێتە سەر چاوی، برژۆڵی تیژ لاقی ئازار بدەن. ئەو تەعبیرە بە شێوازی جۆراوجۆر لە ئەدەبی کوردی و فارسیدا بینراوە و تازە نییە بەڵام وشەکان کوردیی ڕەسەنن" پێکوڵ، برژۆڵ.
وەرکەوتن: ڕاکشان بە ئیستراحەت

سرەوتن: داکەوتن، ماندوو حەسانەوە
مەمنوون: منەتبار، بەینەتدار
مەمنوونی شەوم: شەوم پێخۆشە؛ لەبەر هەلاَت هەلاَتی ڕۆژانە، ئاواتی داهاتنی شەو دەخوازم.
شکۆ: پایە بەرزی
شەرم: تەریق بوونەوە لە چوونە بەردەرگای خەڵك
بەردەرکی خەڵك: نیازی شاعیر تەنگدەستییە کە کەسانی بەرزە هیممەت مەجبوور بە چوونی بەردەرگای خەڵك دەکات.
ئەی چەرخی زەمانە...: لە پەراوێزی لاپەڕە ٣٤٨ ی چاپی جەعفەردا نووسراوە:
*"شاعیری ئەم شێعرە ناوی «عەلی اشتری» [شاعیری ئێرانی]یە و لە لاپەڕەی ٣٠ی کتێبی 'گنجوارە سهیلی' دا چاومان پێی کەوت:*
*در خدمت خلق، بندگی ما را کشت*
*وندر پی نان دوندگی ما را کـشت*
*هم محنت روزگار و هم منت خلق*
*ای مرگ، بیا کە زندگی ما را کشت!"*

مامۆستا هەژاریش ئەم شێعرەی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی:
*"چەپگەردی گەردوون گەڕان کوشتمی*
*نـەزانپەرستی بۆ نـان کوشتمی*
*هـــەر چەوسانەوەی بێحەسانـەوە*
*ئەی مردن لە کوێی؟ ژیان کوشتمی!"*
تا ئێرە، ڕوونکردنەوەی چاپی جەعفەر بوو، بەلاَم من لە باسی ژیانی شاعیرێکی فارسیوێژی ئازەربایجانیدا چاوم بە چوارینەیەکی هاوشێوە کەوتووە کە سید ابولقاسم کوڕی میر یحیی (نەباتی) گوتوویەتی. نەباتی لە ساڵی ١١٩١ی کۆچی لە دەوروبەری شاری 'جوڵفا'ی ئازەربایجان لەدایك بووە و دوور نییە کوردیش بووبێت. ئەوەش چوارینەکەی ئەوە:
*"در درگە خلق بندگی مارا کشت*
*از بهر دو نان، دوندگی مارا کشت*
*گە منت روزگار گە منت خلق*
*ای مرگ، بیا کە زندگی مارا کشت!"*

به وردبوونەوە، دەردەکەوێت شیعرەکە لە ئەسڵدا هی نەباتی بێت نەك ئەشتەری؛ یا خود ئەشتەری "اقتدا"ی بە شیعرەکەی نەباتی کردبێت هۆکاری بۆچوونەکەش ئەوەیە ئەشتەری لە ١٣٠١ ی هەتاوی لەدایك بووە واتە ١١٠ ساڵ دوای نەباتی. بەڵام وێچوویی زۆری شیعرەکان پێمان دەڵێ کار لە اقتدا ترازاوە! من تەنانەت دووری نازانم مامۆستا هەژاریش شیعرەکەی نەباتی بینیبێت و هەر ئەویشی وەرگێڕابێتە سەر کوردی نەك ئەوەی بە ناوی ئەشتەرییەوە بڵاو بۆتەوە.
نیاز ئەوەیە دەگونجێت و هەڵە نابێت ئەگەر قسە لەسەر شێوەی ئەمانەتداری و ورد بوونەوەی سوهەیلی بکرێت لەبەر ئەوەی لە کتێبی "اسرار مگو"شدا کە دراوەتە پاڵ ئەو، فەردێکی فارسیی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کردۆتە هی خۆی.[٣٣١]

## چوارینەی ڕوو لە کەس وکاری خۆی

## (٤ چوارینە)

ئەو کەسەی ئەمنی بەجێ هێشت بێ خەتا، یادی بەخێر!
ئەوکەسەی ئەمنی بە خەم کرد موبتەلا، یادی بەخێر!
ئەو کوڕەی جەرگ و دڵی بابی کەباب کرد و هەڵات،
وا بە ئاوری دووری برژاندی، کووا؟ یادی بەخێر![٣٣٢]

یاخوا هەر بژی ئەی ڕۆڵەی بەڕێز!
نامە دەنووسی بۆ لام بە پارێز!
کوا دایك و بابت لە تۆ ناڕازین؟
لە تاو تۆ گیانە نەیانماوە هێز

[٣٣١] شیعرێکی ڕووهەڵماڵڕاوە و نامەوێ لێرەدا بیهێنم، بەڵام دەڵێ "تواضع را.... برخاست".
[٣٣٢] چاپی جەعفەر: کوا؟

له نزیك بەهار تین بۆ لەشم هات
کۆرپەی خۆشەویست بۆ باوەشم هات
ئەو کۆرپە چ بوو؟ نامەی کوڕی چاك[٣٣٣]
زۆر خۆشەویست بوو کە هات بۆ "ئاوات"

له باوەشم گرت ئەو کۆرپە جوانە
بۆ پیری وەك من مایەی ژیانە
یاخوا هەر بژی، مەرگت نەبینم
ژینی بەخۆشیت بۆمن دەرمانە[٣٣٤]

(لاپەڕە ٢١١ تا ٢١٧ ی چاپی ئەنیسی و ٣٤٥ تا ٣٥١ ی چاپی جەعفەر)

---

ئاوات لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لەناو خەڵکدا کەسایەتییەکی خۆشەویست و لەبەردڵان بوو. وێدەچێت لە ناو بنەماڵە و کەس وکاری خۆشیدا هەر وا بووبێت. ئەو چەند پارچە شیعرەی وا سەبارەت بە خزم و خەڵکانی دەوروبەری خۆی نووسیون، کوڕ، برا، مام، ئامۆزا و خەزوورە، هەموویان پیشاندەری پەیوەندێکی گەرم و گوڕن لە ناویاندا.
بە داخەوە، ئاوات وەك کەسایەتییەکی ناوبەدەرەوەی بنەماڵەی شێخانی زەنبیل ئەگەر شیعرێکی گوتبێت تەنیا بۆ ئەندامانی نێرینەی بنەمالەکەیان بووە و نەك هەر ئەوەش بەڵکوو لە پەیوەندی دەرەوەییشدا ڕووی قسەی تەنیا لە پیاوانی دۆست وبرادەری خۆی بووە و وەك نەریتێکی هاوبەش لە نێوان هەموو شاعیرێکی دیکەی هاوتەمەن و هاوچەرخی خۆی لە کۆمەڵگای پیاوسالارانەی کوردستاندا، شیعری بۆ ژن یان ئەندامانی مێینەی بنەماڵە و کۆمەڵگا نەگوتووە.
بەم پێیە، ئەو چوارینانەی وا لێرەشدا دەبینرێن، تەنانەت ئەگەر بۆ کچ یان کچی کوڕەکانی شاعیریش گوترابن، مەسەلەکە ڕانەگەیێنراوە و ئێمەی خوێنەر پێی نازانین.
لەم چوار چوارینەیەی ئێرە،
یەکەم و سێهەمیان ڕووی لە کوڕی شاعیرە.

---

[٣٣٣] چاپی ئەنیسی: چ بو؟
[٣٣٤] ئەم چوارینەیە لە چاپی جەعفەردا نییە. من لە چاپی ئەنیسیم وەرگرتووە.

دووهەمیان هی منداڵێکی شاعیرە کە بە گوێرەی ناوەرۆکی شیعرەکە، لە شوێنێکی دەرەوەی ماڵەوە نامەی بۆ بابی نووسیوە و بە ئەگەری زۆر ئەویش هەر دەبێ یەك لە کوڕەکانی شاعیر بێت؛ گەرچی دەکرێ کچێك بێت و لە ماڵە مێردەوە نامەی بۆ باوکی نووسیبێت.

چوارینەی چوارەم سەبارەت بە چاوپێکەوتنی کۆرپەیەك (بە ئەگەری زۆر کوڕەزا یان کچەزای شاعیرە) کە لە سەردەمی پیری و نەخۆشیدا لە باوەشی گرتووە ولە شیعرەکە دەرناکەوێت ئایا کۆرپەکە کوڕ بووە یان کچ.

ڕوون کردنەوەی ئەو بابەتانە تەنیا لە دەست ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی ئاوات، بۆ نموونە ئاغا سەید جەعفەر دێت، کە هیوادارم لە چاپەکانی دادێی "شاری دڵ"دا بپەرموێتە سەری.

من بە ئیمەیل زەحمەتم وەبەر ئاغا سەید جەعفەرنا و پرسیاری مەسەلەکەم لێکرد و ئەویش لەڕووی لوتفەوە ئەم وەڵامانەی دامەوە:

*"چوارینەی 'لە باوەشم گرت ئەو کۆرپە جوانە..' بۆ سەید حامیدی کوڕی نەمر سەید تاهیر گوتراوە کە تازە لە دایك ببوو. سەید حامید یەکەم کوڕەزای ئاوات بووە."*

چوارینەی "ئەو کەسەی ئەمنی بەجێ هێشت بێ خەتا، یادی بەخێر!"یش ساڵانێکی درەنگتر بۆ هەر ئەو سەید حامیدەی کوڕەزای خۆی گوتراوە کە گەورە ببوو و ڕەچاوی ڕێبازی باوك و بابە گەورەی کردبوو واتە لە ساڵانی ١٣٤١ و ٤٢ ی هەتاویدا وەك ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە قاچاغی چووبووە باشووری کوردستان. ئاوات کە بیری کردبوو، هەستی دووری و تاسەی خۆی لەو چوارینەیەدا دەربڕیوە.

بێ خەتا: شاعیر، یادی دەکات و دەڵێ بە بێ تاوانی بەجێی هێشتم. ئەو بێ تاوانییە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و بەگشتی خەڵکانی ناو ئەو ماڵەی وا کەسەکە بەجێی هێشتوون.

موبتەلا: گیرۆدە، گرفتاری ئازار و ناخۆشییەك

پارێز: ئیحتیات. ویدەچێت "ڕۆڵە"ی شاعیر نامەیەکی بە پارێزەوە بۆ باوکی ناردبێت. بەپارێزەوە دەکرێ ئەوە بێت کە ئەو کەسە دوای ماوەیەك نامە نەنووسین، ئینجا نامەیەکی بۆ باوکی ناردبێت و لەوە دڵنیا نەبوویێت ئایا دایك و باوکی لێی ڕازین یان نا و ئایا نامەکەی لێ قەبووڵ دەکەن یان نا؟ بەڵام هەڵوێستی باوك گەلێك میهرەبانانەیە:

"کوا ئێمە لێت نارِازین؟ بۆچی بە پارێزەوە نامەمان بۆ دەنووسی؟ خۆ ئێمە لە تاوی دووریی تۆ هێزمان لە لەشدا نەماوە!"
کۆرپە: بە عادەت منداڵی ساوایە، بەڵام لە چوارینەی ژمارە ٢٩دا شاعیر نامەی "کورِی چاك"ی خۆی وەك کۆرپەیەك ناساندووە کە گەیشتۆتە دەستی و لە باوەشی گرتووە. ئەوەش لە سەردەمی پیری و نەخۆشی ئاواتدا بووە کە چاوی پێی کەوتووە و لە باوەشی گرتووە. پیریی شاعیر لە چوارینەکەدا بە راشکاوی دەست نیشان کراوە بەڵام نەخۆش بوونەکەی دەکرێ لەو عیبارەتە دەربکەوێت کە دەڵێ "بۆ من دەرمانە".
ئاوات: ناسناوی شاعیریی ئیمامییە. واهەیە ئیهامێکی دووریشی تێدابێت بۆ ئارەزوو و خواست و ئامانج.

## چوارینەی ئیخوانیات
## (٥ چوارینە)

بۆ حاجی رەحمان ئاغای موهتەدی:[٣٣٥]

هاتن وچوونەکەت هاتن و چوونێکی دڵە[٣٣٦]
گیانەکەم هاتنەکەت بۆ مە شەپۆلێکی گوڵە
رۆینەوەت هەر وەکوو گیانە لە بەدەن دەچتە دەرێ
بۆیە دڵ هێندە لە دووت وێڵە، بە سۆز و بە کوڵە

بە لوتفی خۆت لە حاڵم گەر دەپرسی
دەزانی پیرە، تێرە یا نە برسی!
ئەمن برسی لە لێ‌پرسینی ئێوەم

[٣٣٥] لە هەردوو چاپدا نووسراوە "بۆ خوالێخۆشبوو حاجی رەحمان ئاغای موهتەدی". بروانە روونکردنەوەی سەبارەت بە هۆکاری لابردنی سیفەتی 'خوالێخۆشبوو'، لە درێژەی وتارەکەدا.
[٣٣٦] چاپی ئەنیسی: هاتن و چونێکی دییە. لە رێگەی سەروای شیعرەکەوە دەزانرێ نابێ وا بێت.

نه برسیی نان و ئاوم کاك ئەنیسی!

چاوی دڵ و هۆشی له ڕێگای تۆیه "ئیمامی"
دووباره فیدای میهر و وەفای تۆیه "ئیمامی"[٣٣٧]
دووریت وەکوو تیغێکه لەتی کردووه جەرگم
ئەمما بەوه چابوو دڵی لای تۆیه "ئیمامی"

نامەکەت هات و دڵ گەشایەوه
ئاگری دەروونم بەو کوژایەوه
یەك‌جار گرنگ بوو، گرێ پووچکەی دڵ
به وتەی خۆشی تۆ کرایەوه

یاخوا هەردڵێك له تۆ کلا بێ
لەژێر چەپۆکەی دەست وپلا بێ
قەت له دونیادا نەحەسێتەوه[٣٣٨]
هەر که کەشاکەش تلاوتلا بێ!

(لاپەڕه ٢١١ تا ٢١٧ ی چاپی ئەنیسی و ٣٤٥ تا ٣٥١ ی چاپی جەعفەر)

---

بەشی کۆتایی چوارینەکان ئەوانەن وا ڕوویان له کەسایەتییەکی دیاریکراو و به گشتی دۆست و برادەرانی نزیکی شاعیره. ئەوانەی وا ناوی کەسەکەیان به ڕاشکاوی تێدا ڕاگەیێنرابێت کێشەیەکیان نییه و دەزانرێت بۆچی لەم بەشەدا دانراون، بەڵام ئەوانیتر تەنیا بەهۆی ناوەرۆك و شێوازی دەربڕینەکانەوەیه که هەستدەکرێت بۆ کەسێکی تایبەت گوترابێتن. ئەو کەسانه کێن؟ خوێنەری وەك من ئەوه نازانێ وتەنیا ئەندامانی بنەماڵه و دۆستانی زۆر نزیکی شاعیر دەبێ بیزانن. ئەوەش ئەرکێکی دیکەی کاك

[٣٣٧] چاپی ئەنیسی: دوباره
[٣٣٨] چاپی ئەنیسی: دونیا

جەعفەر و هاوکارەکانیەتی کە ڕووناکی بخەنە سەر مەسەلەکە و ناوەکان ئاشکرا بکەن بۆ ئەوەی چوارچێوە و پانتایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شاعیر دیاری بکرێت.
یەك لە چوارینەکان بۆ خوالێخۆشبوو حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی، یەك لە ئەندامانی خۆشناوی بنەماڵەی ئاغاکانی بۆکان و مامۆستای زانکۆی ئیلاهیات لە تاران گوتراوە. حاجی ڕەحمان ئاغا ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف و لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)دا وەزیری ڕاوێژکاری کابینەی پێشەوا قازی محەمەد بوو.
شیعرەکە کاتێ گوتراوە کە حاجی ڕەحماناغا لە ژیاندا بووە و لە تارانەوە هاتۆتەوە بۆکان، ئینجا گەڕاوەتەوە تاران. شاعیر کە دۆستایەتییەکی گەرمی لەگەڵیدا هەبوو، ئەو هاتن و چوونەی بە لێدانی دڵ و هاتن و چوونی خوێن بۆ ناو دڵ شوبهاندووە و بە هاتنەوەی دڵخۆش و لە چوونەوەی دڵگران بووە. سەبارەت بەو هاتوچۆی بۆکان و تاران کردنەی حاجی ڕەحماناغا، ئاوات 'قەتعە'یەکی سێ فەردیی دیکەشی هەیە کە لە ساڵی ١٣٤٥ دا گوتوویەتی کە لە بەشەکانی پێشتردا ڕاگەیەنراوە و بەم شێوەیە دەست پێدەکات:
*"وەك دەڵێن هاتەوە بۆ 'بۆکان'ێ*
*پێی بڵێن پێ لە دوو چاوم دانێ!..."*
دیارە شیعرەکە لە سەردەمی ژیانی حاجی ڕەحماناغادا گوتراوە بەڵام دیوانی چاپی ئەنیسی و جەعفەر کاتێ چوونەتە ژێر چاپ کە ناوبراو لە ژیاندا نەماوە و بەو بۆنەیەوە نووسیویانە "بۆ خوالێخۆشبوو حاجی ڕەحماناغا". ئەوە بۆ خوێنەرێکی شیعرەکە، کە شارەزای ئەو مەسەلانە نەبێت، گێژوگومی پێك دێنێت و واهەیە ئەو پرسیارەی بۆ بێتە پێشەوە کە دەبێ هاتن و چوون بۆ کەسێك کە مردووە و داوای خوالێخۆشبوونی بۆ دەکرێت،چ واتایەکی هەبێت! لەبەر ئەو هۆیە من وشەی خوالێخۆشبووم لە عینوانی شیعرەکە لابرد، بەڵام ئەو لابردنە بەرگر نییە لە ڕێزگرتنی ئەوانیش و منیش لەو کەسایەتییە گەورەیەی موکریان.
چوارینەی دووهەم "بۆ ئاغای ئەنیسی"یە. مامۆستا نەجمەدین ئەنیسی هەر ئەو کەسەیە کە بۆ یەکەم جار دیوانی شیعرەکانی ئاواتی چاپ کرد و وا بزانم تا ئێستا چوار پێنج جاریش چاپی کردۆتەوە، گەرچی بە داخەوە من چاوم بە چاپەکانی دوایی نەکەوتووە. ئەم یادداشتانەی ئێستاشم تەنیا لە سەر ئەساسی چاپی یەکەمی کاری ئەو مامۆستایە و چاپی یەکەمی "شاری دڵ" - دیوانی چاپی مامۆستا جەعفەری ئیمامی

کوڕی شاعیر و هاوکارەکانی ئامادە کراون کە بیستوومە ئەویش گەیشتبێتە چاپی دووهەم و ئەوانە نیشانەی جێگە و پێگەی شاعیرن لە ناو دڵی کۆمەڵانی گەلەکەماندا.

سێ چوارینەی کۆتایی ناوی کەسێکی تایبەتیان لەسەر نییە بەڵام لە خوێندنەوەیاندا هەست دەکرێت ڕوویان لە کەس یان کەسانی تایبەتە و بەو بۆنەیەوە لەم بەشەدا هێناومن. ئەو کەسانەی وا ڕووی شیعرەکان لەوانە، خەڵکانی زۆر نزیکی شاعیرن واتە ئەگەر کوڕ و کچ و ئامۆزای شاعیریش نەبووبێتن دۆستی نزیکی بوون.

کوڵ: جۆش، سۆزی زۆر

برسی و پرسی: جیناسی ناتەواویان لێ دروست کراوە.

پیرە: نیاز شاعیر خۆیەتی

پیرە و تێرە: هەمان جیناسیان تێدایە.

برسی لە لێپرسین: واتە دەمەوێت هەمیشە هەواڵتان بپرسم.

بەوە چابوو...دڵی لای تۆیە: تەعبیرێکی جوانە. شاعیر دەڵێ دوورییەکەت وەك تیغێك جەرگی بڕیوم، خۆ ئەگەر دڵیشم لای خۆم بوایەت ئەویشی دەبڕی بەڵام بەوە چابوو دڵم لای تۆ بوو و ئیتر وەبەر تیغی دووریت نەکەوت!

ئیمامی: خودی شاعیرە

کلابوون: لادان

ژێر چەپۆکە بوون: بندەست و بێ دەسەڵات بوون و مەزڵووم بوونە. من "ژێرچەپۆکە بوون"م بیستووە بەڵام "لەژێر چەپۆکە بوون"م نەبیستووە. شاعیر دەتوانێ دەست بەرێتە ناو ڕێژمانەوە.

کەشاکەش: فارسییە بە واتای کێشەکێش، کێشمەکێش و کێشە وهەرا.

تلاوتلا: تلانەوە، گەوزان لەبەر نەخۆشی و ئازار. دووپات بوونەوەی وشەکە بۆ تەئکید و بەهێزتر کردنی نزاکەیە، ڕەببی هەر هەمیشە بە دەرد و ئازارەوە بتلێیەوە!

# نامە گۆڕینەوەی شیعریی ئاوات

# لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخی خۆی

## سەرەتا

لێرە بەدواوە، نامە شیعرییەکانی ئاوات دەست پێدەکەن کە بە کوردی و فارسین. لەم بەشەدا سەرەتا شیعرە کوردییەکان دەکەونە بەرچاوی خوێنەر و نامە شێعرییە فارسییەکان بە شوێن کوردییەکاندا دێن.

بە گوێرەی کەرەسەی بەردەستی من، ئاوات سەرجەم ١٨ نامەی شیعریی بە کوردی بۆ دۆست و برادەری نزیکی خۆی نووسیون و ئەوانیش بە شیعر وەڵامیان داوەتەوە. ئەو شیعرانە، یەکیان نەبێت هیچکام لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا نەهاتوون و من هەموویانم لە چاپی جەعفەر وەرگرتوون.

شاعیرەکان هەر هەموو، خەڵکی ناوچەی موکریانن.

وەڵامی شاعیرەکان بۆ ئاواتیش لێرەدا دەهێنمەوە کە خوێنەر بە ڕادە و چۆنیەتی پەیوەندییەکانی ئاوات لەگەڵیان بزانێت، باوەکوو هەموویان وەڵامیان لەگەڵ نییە.

ئەو شاعیرانەی کە جێگەی باسی ئەم بەشەن، بە گوێرەی زیاد وکەمیی ژمارەی شیعرەکانی ئاوات، بریتین لەم مامۆستایانە:

- سەید قادری سەیادەت (سەیید)،
  پێنج نامە لە ئاواتەوە و حەوت نامە لە سەییدەوە
- عەبباس حەقیقی،
  چوار نامە لە ئاواتەوە و پێنج نامە لە حەقیقییەوە
- خالەمین بەرزنجی،
  سێ نامە لە ئاواتەوە و یەك نامە لە خاڵەمینەوە
- محەممەدی نووری،
  سێ نامە لە ئاواتەوە و سێ نامە لە نوورییەوە
- سەلاحەدین ئاشتی؛
  یەك نامە لە ئاواتەوە و یەك نامە لە ئاشتییەوە
- سوارەی ئێلخانی زادە،

هیچ نامەیەك لە ئاواتەوە بۆ سوارە تۆمار نەکراوە بەڵام یەك نامەی ئەو بۆ ئاوات بە دەستەوەیە

- مستەفا ئێلخانیزادە،

هیچ نامەیەك لە ئاواتەوە بۆ کاك مستەفا تۆمار نەکراوە بەڵام یەك نامەی ئەو بۆ ئاوات بە دەستەوەیە

- محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)

یەك نامە لە ئاواتەوە، هیچ نامەیەك لە شەپۆلەوە تۆمار نەکراوە

هەروەها پێنج خشتەکییەکی قازی کاکە حەمەی قزڵجی لەسەر غەزەلێکی ئاوات لە کۆتایی ئەم بەشەدا دێت.

من هەموو ئەو نامە گۆڕینەوە شیعرییانەم کردووە بە پێنج بەشەوە و شیعرەکەی قازی کاکە حەمەی قزڵجیشم لەگەڵ خستوون کە بوەتە بەشی شەشەم. هۆکار بۆ دانانی ئەو شیعرە لەم بەشەدا ئەو ڕاستییەیە کە بەژنی سەرەکیی پێنج خشتەکییەکە هی قازی کاکەحەمەیە و فەردەکانی ئاوات لەو زیادکراون هەربۆیەش ئەستەم بوو بکرایە لەگەڵ پاشماوەی شیعرەکانی ئاوات و بە ناوی ئەوەوە دابنرێت.

بنەمای کارەکەی من بەو شێوەیە دارڕژاوە کە گرنگایەتی سەرەکیم بە شێعرەکانی ئاوات داوە ئەویش لەبەر هۆکارێکی ساکار: ئەوە دیوانی شیعرەکانی ئاواتە و شیعری هەر شاعیرێکی دیکە، ئەگەر تەنانەت بەرگۆی خودی ئاواتیش بێت، لە پەراوێزی کارەکەدایە. بەو پێیە،_پاش و پێش خستن و دابەشکردنەکانی من بە گوێرەی زیاد وکەمیی ژمارەی شیعرەکانی ئاوات بۆ هەموو بەرگۆیەك دەبن.

یەکەم نامەی شیعریی ئاوات لە ساڵی ١٣٣١ ی هەتاویدا بۆ مامۆستا عەبباسی حەقیقی نووسراوە و دوانامەی شیعریی ئاوات، کە ڕێکەوتی ساڵی بەسەرەوە بێت، بۆ مامۆستا سەلاحەددینی ئاشتی نێردراوە. ئەگەر شیعری شاعیرەکانی دیکە بە پیتێکیووردتر بە شوێن شیعرەکانی ئاواتدا هاتوون، کەم تا زۆر نیشانەی کەم ڕێزیی من بە بەرگۆی نامە شیعرییەکانی ئاوات نییە و لە خوێندنەوەی چەندجارەیاندا شایەدی ڕادەی بەرزی هونەریی کارەکانیان بووم، بەڵام وەك گوتم، ئەوە دیوانی ئاواتە و شاعیرەکانیتر کە بەشی زۆریان ئەستوندەکی شیعری هاوچەرخی کوردین، بمانەوێت و نەمانەوێت دەکەونە پەراوێزی شیعرەکانی ئەوەوە.

له هەرکام لەو بەشانەدا هەوڵمداوە شیعرەکان ئەوەندەی گونجابێت بە گوێرەی ساڵ و مانگی گوترانیان ڕێك بخەم. ئەم شێوازەشم بۆیە هەڵبژاردووە کە لە دیوانی زۆر شاعیری کورددا شیعری شاعیرانی دیکەش ئاوێتە کراون و لە ئەنجامدا دوای چەند جار نووسینەوە و نوسخە لەبەر هەڵگیران، وەك شیعری شاعیرەکە خۆی هێنراونەتە حیساب! نموونەی کارەکە، دیوانی بێسارانی و شێخ ڕەزای تاڵەبانییە، کە دەیان شیعری شاعیرانی دیکە بە ناوی ئەوانەوە تۆمار کراون بەڵام لە ڕاستیدا هی ئەوان نین و نوسخەهەڵگری ناشارەزا تێکەڵ بە یەکتری کردوون.[٣٣٩]

بە داخەوە هەندێك لە نامەکان ڕێکەوتی مانگ و ساڵیان بە سەرەوە نییە و نازانرێت کەی نووسراون هەربۆیەش ڕێك خستنی ڕیزبەندییەکان ناتوانێ ورد و دەقیق بێت، هەروەها داوەری کردن لەسەر هۆکاری دەربڕینی بەشێك لە بۆچوون و ڕاگەیاندنەکانی ناو شیعرەکانیش بە بێ ئاگاداری لە ساڵی گوترانیان، زەحمەتە.

لە دیوانی "شاری دڵ" دا، شیعرە کوردی و فارسییەکان پێکەوە هاتوون. هەروەها شیعرەکان بە گوێرەی ڕێکەوتی ساڵ ڕێك نەخراون. هەربۆیەش ڕیزبەندیی شیعرەکان جیاوازن لەوەی ئێستای من کە فارسییەکانم جیاکردۆتەوە و بردوومەتە بەشی شیعری فارسییەوە. هەروەها شیعرەکانم، ئەگەر گونجاو بووبێت، بە گوێرەی تەئریخ، ڕیزبەندی کردوون و ئەوەش بۆتە هۆکار بۆ پاش و پێش بوونی هەندێکیان.

شیعرەکان لە چاپی ئەنیسیدا دەرنەکەوتوون و هۆکاری ئەوەش دوور نییە کێشەی پاراستنی ئاسایشی شاعیرەکان و مەسەلەی سانسۆر بووبێت.

سەبارەت بە شوێنی نووسرانی نامە شیعرییەکان دەبێ بڵێم بە داخەوە شوێنی زوربەی هەرە زۆریان دەست نیشان نەکراوە بەڵام بە گشتی لە سەردەمی نووسرانی نامەکاندا ئاوات وەك وەرزێر یان خاوەن مڵك لە یەك لە گوندەکانی قاقڵاوا و گەردیگڵان و زەنبیل و ئاشی چۆمی زەنبیل، یان کانی بەن و شێخ چۆپان ژیاوە، کە هەمووی کەوتوونەتە سێ کوچکەی نێوان بۆکان و سەقز و سەردەشتەوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە

[٣٣٩] تەنانەت کاك حەسەنی قازی و من لە چاپکردنی شیعرەکانی نەمر سەیفولقوزاتی قازیدا بە سەر هەڵەیەکی وادا کەوتین و شیعرێکی شاعیرێکی دیکەمان بە هی ئەو دانا چونکوو ئەو دەستنووسانەی شیعری سەیف کە لەبەر دەستماندا بوون جیاوازییەکیان لە نێوان شیعری ئەو و کەسەکەیتر دانەنابوو و ئاماژەیەکیان بە مەسەلەکە نەکردبوو.

ئەگەر بۆ نموونە، لەو ساڵە تایبەتەدا لە گوندی گەردیگلان ژیابێت، ئایا شیعرەکەشی لە هەمان گوند گوتووە یان لە شار و گوندێکی دیکەی کە بە سەفەر چووبێتە ئەوێ.
بە گوێرەی سەرەتای کتێبی شاری دڵ، مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات) لەم گوندانەی خوارەوەدا ژیاوە:

- لە ساڵی ١٢٨٢ ی هەتاوی (کە بەرانبەرە لەگەڵ نۆ مانگی ساڵی ١٩٠٣ و سێ مانگی ساڵی ١٩٠٤ ی زایینی) لە گوندی 'زەنبیل' ی نێوان بۆکان و سەقز لەدایك بووە،.
- لەم گوندانەدا فەقێیەتی کردووە و دەرسی خوێندووە: زەنبیل، جەمیان، تورجان و باخچە.
- لە ساڵی ١٣١٣ دا چۆتە "ئاشی چۆمی زەنبیل"- کە گوندێکی بچووکی چەند ماڵییە.
- لە ساڵی ١٣١٤دا سێ دانگی گوندی 'گەردیگلان'ی وەك بەشەماڵ پێدەدراوە و چۆتە ئەو گوندە.
- لە ساڵی ١٣٢٥ و دوای هەرەسی کۆماری کوردستان بۆ ماوەی دوو ساڵێك لە زیندانی ئەم شارانەدا زیندانی کراوە: بۆکان، سەقز، مەهاباد، ورمێ و قەزوێن.
- ساڵی ١٣٢٧ گوندی 'گەردیگلان' ی لەگەڵ مامیدا ئاڵوگۆڕ کردووە و داویەتی بە گوندی 'جەمیان'.
- دوای چەند مانگێك گەڕاوەتەوە گوندی 'زەنبیل' (١٣٢٧ یان ٢٨).
- دوای ساڵێك گوندی 'کانی بەن' ی سەر بە گەورکی میرەدێی سەقزی کڕیوە و ماڵی بردۆتە ئەوێ (١٣٢٨ یان ٢٩).
- ساڵێك دواتر (١٣٢٩ یان ٣٠) 'کانی بەن ی گۆڕیوەتەوە بە گوندی 'شێخ چۆپان' و چۆتە ئەوێ.
- ساڵی ١٣٣٣ 'شێخ چۆپان ی فرۆشتووە و سێ دانگی گوندی 'قاقلاوا'ی کڕیوە، کە دراوسێی گوندی 'زەنبیل'ی کاکیەتی و تا کۆتایی تەمەن لەوێ ماوەتەوە.

- ڕۆژی ١٣٦٨/٦/٥ ی هەتاوی (١٩٨٩ ی زایینی) بە نەخۆشی، لە ماڵی ئاغا سەید تاهیری کوڕەگەورەی خۆی لە شاری سەقز کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی "مەرقەدان"ی گوندی زەنبیل نێژراوە.

## بابەتی شیعرەکان

ناوەرۆك و بابەتی شیعرەکانی ئاوات لەم بەشەدا بەگوێرەی کەسەکان و ڕووداوەکانی نێوانیان، دەگۆڕێت بەڵام لە چەند دیاردەدا هاوبەشییان هەیە:

یەکەم، هەر هەموویان دۆستانە و میهرەبانانەن و خلووس و پاکی و ڕاستی و بێ فێڵیی ئاوات لە دۆستایەتی و خزمایەتی دا دەنوێنن. بەرگۆی ئەو نامانەش بە چاوی ڕێز و گەورەییەوە ڕوانیویانەتە ئاوات و هەمان خلووس و پاکییان تێکەڵ لەگەڵ ئیرادەت و خۆشەویستی پێشکەش کردووە. ئەو دیاردانە زیاتر لەو نامانەدا دەردەکەون کە بۆ حەقیقی و سەییدی نووسیون.

دووەم، وەسفی سروشتی کوردستان، کەم و زۆر لە هەموو نامەکاندا بەرچاوە.

سێهەم، هەڵوێستی نیشتمان پەرستانەی ئاوات بەرانبەر بە ڕووداوەکانی کوردستان و دڵسۆزی بۆ خەڵك و ڕقبوونەوە لە داگیرکەرانی خاك، هەرکەس و لە هەرکوێیەك بێت، لە زوربەیاندا دەرکەوتووە. ئەو هەستە بە تایبەت لە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ خالەمینی شاعیردا بەرچاوترە.

چوارەم، ئەو تەنز و تەوسە نەرم و نیانەی وا پێشتر لە شیعرەکانی ئاواتدا بینیومانە، لێرەشدا جار وبارە هەست پێدەکرێن.

پێنجەم، بە هەمان شێوە، دوورەپەرێزی، تەوازوع، خۆ بچووك کردنەوە، ڕێزی زۆر گرتن لە لایەنەکانیتر، لە هەموو نامە شیعرییەکانی ئاواتدا دیاردەیەکی بەرچاوە.

شەشەم، باوەڕە ئایینییەکەی شاعیر ئاوێتەی زۆرێك لە شیعرەکان بووە.

# نامە گۆڕینەوەی شیعریی ئاوات لەگەڵ سەیید

سەرجەم ١١ پارچە شیعر
پێنج پارچەی ئاوات و شەشی سەیید

'سەیید' ناسناوی شیعریی 'سەید عەبدولقادری سەیادەت' (١٩٢٩ - )، کوڕی حاجی بابە شێخ و ئامۆزای ئاواتە.
ژمارەی شیعری ئاوات و سەیید، بەقەدرایی یەکتر نین و هەر بۆیەش ئەستەمە بتوانرێت هەموویان بەرانبەر بەیەك دابنرێن. هەر ژمارەش نا، ناوەرۆکی شیعرەکان هەندێك جار گەلێك لەیەکتر جیاوازن و بۆ پرسیار و وەڵامی دووکەسی نابن، بەڵام ئاشکرایە کە ڕووی قسەی ئەو دووکەسە لەیەکترە. هەروەها یەك شیعری ئاوات نەبێت ئەوانیتر هیچکامیان ڕێکەوتی ساڵ و مانگیان نییە. ئەوەش وای کردووە نەتوانرێت بە گوێرەی زەمەن، پێش و دوای یەکتر بخرێن؛ لە ئەنجامدا من هەر ئەو ڕێز بەندییە دەپارێزم کە لە دیوانی چاپی جەعفەردا بۆیان دانراوە.
عینوانی یەکەم شیعر لە دیوانی شاری دڵ دا ئەوەیە: "نامەی سەیید بۆ "غالیب" و "ئاوات"، بەڵام شیعرەکە کەمتر لە نامە دەچێت و زیاتر هەست دەربڕینی سەییدە بەرانبەر ئەو دوو کەسایەتییە. غالیب ناسناوی شیعریی سەید محمد نورانی، شێخی زەنبیل و براگەورەی ئاواتە، کە ئەویش شاعیرێکی خۆش مرخ بوو و نازانم ئایا شیعرەکانی گردوکۆ و چاپ کراون یان نا؛ هیوادارم لای کەم پارێزرابێتن. ئەم شیعرەی ئاوات و شیعرەکەی سەیید هەردوکیان لە ژێر کارتێکەریی شیعرێکی نالیدا گوتراون و هەندێك وشە و عیبارەتیشیان لە نالی بە قەرز وەرگرتووە:

*"عاشقی بێدڵ دەناڵی، مەیلی گریانی هەیە*
*بێشکە، هەورە تریشقە تاوی بارانی هەیە..."*

بەڵام دواتر شیعری هەرکامیان بەرەو ئاقارێکی جیاواز ڕۆیشتووە. لە شیعرەکەدا ماڵی سەیید چۆتەوە دێی جەمیان کە موڵکی بنەماڵەکەیانە و لەوێ خەریکی کشتوکاڵە، لە شیعری دووەمیشدا مەزرای دڵی هێندە گەورە و فراوانە "تڕاکتۆرێکی دەوێ شیوی بکات". لە شیعرەکە هەر ئەوەندە دەردەکەوێت نەك زیاتر. بەڵام سەیید نامە شیعرییەکەی بە "پیاو"ێکدا ناردووە کە دەبێ کرێکاری بوو بێت و دوور نییە کەسەکە شۆفیر واتە لێخوڕی تڕاکتۆریش بوو بێت و لە ڕاستیدا وێدەچێت ئەو ئیشارەیەی ناو شیعرەکەی بە تراکتۆر، بۆ ئەوە بوو بێت داوای لە ئاوات کردبێت تڕاکتۆرە ڕاستەقینەکەی خۆی بەو پیاوەدا بۆ ماوەیەکی کەم، بە ئەمانەت بنێرێ بۆی.

ئەو مەسەلەیە لە شیعری سەیید دەرناکەوێت بەڵام ئاوات بە ڕاشکاوی دەڵێ ئەوا تراکتۆرەکەم بە پیاوەکەتدا بۆ ناردی و ئەگەر برسی و بێ هێزی ڕۆژوو گرتنیش نەبوایەم، هەر خۆم لەگەڵیدا دەهاتمە خزمەتت، لە بەر ئەوەی برسیی ڕەمەزانم و چاو دەگێڕم لە هەرکوێیەك نانی لێ بێت، دەیچمێ! دیارە ئەگەرێکی لاوازیش دەتوانێ ئەوە بێت کە ئاوات بە تەنز و گاڵتە گوتبێتی تراکتۆرت بۆ دەنێرم دەنا تراکتۆری ڕاستەقینەکە لە ئارادا نەبوو بێت.

بەشی شیرینی شیعرەکە ئەو شوێنەیە وا باسی "ڕۆژوەوان" دەکات و دەڵێ کاتی ئێواران تێر تێر دەخوات و دوای ئەوەی "جرت و فرت" ی لێ پەیدا بوو، ئیستراحەتێك دەکات! جرت و فرت واهەیە قرقێنەی زۆر خواردن بێت! ئەوە بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ بوونی تەنز لە نێو شیعرەکانی ئاواتدا.

کات کەیە؟ مانگی ڕەمەزان، ئاواتیش بێ تاقەتی "ڕۆژوەوانی"یە. لەگەڵ پەلە و هەلەی نێرراوەکەی سەییدیشدا، بە کینایە هەر تێیدەگەیێنێت کە بە قسەی پیاوەکەت کاری یەك ڕۆژتان بە تراکتۆرەکەیە، جا ئەوا پێشکەشم کرد، واتە دوای ئەو یەك ڕۆژە بۆمی بنێرەوە!

ئینجا قەتعە شیعرێکی سێ فەردیی سەیید بۆ ئاواتە و دوو غەزەلی ئاوات بۆ ئەو. ئەو قەتعە سێ فەردییە بە بۆچوونی من ناتەواوە و دەبێ لەبەر هەر هۆکارێك یەك یان چەند فەردی لێ بڵاو نەکرابێتەوە. ئەوەی کە زیاتر دەمهێنێتە سەر ئەو باوەڕە ئەوەیە لە شیعری دواتردا ئاوات بە سەیید دەڵێ "حاشا کە ئەمن لۆتیم، حاشا کە ئەتۆ لاتی" ئەو حاشایە بە خۆڕایی نەگوتراوە و دەبێ ئاماژەبێت بە قسەیەکی سەیید لەو قەتعە سێ فەردییەدا، کە ئێمە ناتوانین لێرەدا ببینین. هەر لەو شیعرەدا سەیید گەلێك سیفاتی

چاکی مرۆڤانە دەداتە پاڵ ئاوات و لەکۆتاییدا دەڵێ من هاتم و تۆ ڕۆیی، کە دەبێ باس لە میوانی چوونێك بێت کە هەردوکیانی تێدا بانگ کرابێتن بەڵام ئاوات زوو چووبێت و پێش هاتنی سەیید ڕۆیشتبێت. ئاواتیش بە هەمان شێوە باس لە سیفاتی چاکی سەیید دەکات.

لە چاپی جەعفەردا شیعری سەیید وەك "وەڵام"ێك بۆ ئاوات ناوبردە کراوە و ئەوەش لە ڕاست دەچێت چونکوو هەردوکیان خاڵی هاوبەشیان تێدا دەبینرێت. گەرچی لە شوێنەکانی دیکەدا، وەڵامنامەکان پڕ بە پێستی شیعری پێش خۆیان نین و هەست دەکرێت دەبێ ئەو دوو کەسە شیعری دیکەشیان ڕوو لەیەکتر گوتبنێت کە لە دیوانەکەدا نەهاتوون.

شیعری یەکەمی ئاوات، پێنج فەردییە، باس لە هیچ هاتن و چوونێك ناکات بەڵکوو بە سیفاتی چاکی سەییددا هەڵدەڵێت. بەڵام هەمان هاتن و ڕۆیشتن بابەتی شیعری دواتری ئاواتن کە دەریدەخات وەڵامی شیعرەکەی سەیید بێت کاتێ کە  گوتبووی من ڕۆیم و تۆ هاتی. بەم پێیە، ئاوات لەژێر کاریگەریی ئەو سێ فەردەی سەیید دا ئەو غەزەلەی هۆندۆتەوە.

دوو سیفەتی لۆتی و لات کە لەم دوو شیعرەی دوایی ئاواتدا هاتوون، لە فەرهەنگۆکی وشەی ناو شیعرەکانی ئاواتدا گەلێك نامۆن بە تایبەت ئەگەر ڕووی قسەی لە کەسێکی وەك سەییدی ئامۆزای خۆی بێت، مەگەر بە گاڵتە وای گوتبێت کە هەرواشە. ئەو بە سەیید دەڵێ "بە قەولی وان"، تۆ لۆتی و من لاتم! ئەو 'وان' ە کێن؟ دەبێ برا وئامۆزاکانیان بن یان کەسێکی وەك مامۆستا حەقیقی کە لەگەڵ یەکتردا گاڵتەوگەپیان بووبێت. لاتی، ڕووتی و نەدارییە و ئەوە لەگەڵ دەست تەنگییەکەی ئاواتدا یەك دەگرێتەوە. لۆتی دیارە واتایەکی قورستری هەیە و تەنیا کەسانی نزیك دەتوانن بە کەسێك بڵێن لۆتی. سەیید کەم تەمەنتر بووە لە ئاوات و ڕەنگە ئەو کەسانەش وا پێیان گوتووە لۆتی، بە تەمەن لەو گەورەتر بووبێتن. دەزانین یەك مانای لات، شەلاتە بەڵام بە دڵنیایی نیازی خزمەکانیان ئەو واتایە نەبووە. لەبیرمان نەچێت کە شیعرەکە تەنزئامێزە و جیددی نییە.

شیعرەکە، هەر لە یەکەم فەردەوە تا کۆتایی، پڕە لە سەناعاتی عەرووزی و لەژوور هەموانەوە سەنعەتی تضاد (مقابلە): ڕۆیشتن و هاتن، لۆتی و لات، هار و مات، ڕاوچی و هەوچی(فشەکەر)، شوهرەی ئافاق و توعمەی ئافات، دەس وپا و...

هەندێك جاریش مراعات النظیر: دەر ودەشت، خوسرەوی خوبان و شاهەنشەهی شامات، شایی و هەڵپەڕکێ، چا و سەماوەر، شیرین و قەند، قەید و مبالات و....

لە شیعرەکەدا هەندێك ئاماژە بە کەس یان کەسانی نەیاری ئاوات و سەیید کراوە کە باسی ئەویان کردۆتە وتاری سەرەکیی ناو گۆڤار (واتە قسەی سەر زاریان)، بەڵام ڕوون نییە ئەو کەسە یان ئەو کەسانە کێن: گوێ مەگرە قسەی خەڵکی، یارۆ...

ڕاهاتم: گوێ نادەمە قسە و ڕەخنەی خەڵك

کەوتوومە سەری ئەو سەر: فارس گوتەنی، لە سیمی ئاخرم داوە! گوێم بەوە نابزوێت، چی دەڵێن با بیڵێن!

یارۆ: فلانە کەس

دەس بگرە مەڵێ لەنگم: من زۆرجار سەیید قادری سەیادەت (سەیید)م بینیوە هەر لە سەردەمی پێش پیریدا گۆچانێکی بەدەستەوە بوو و وێدەچوو کێشەی لاقی هەبێت. ئایا "مەڵێ لەنگم"ەکەی ئاوات ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات؟

تۆ دەس گرە، من پاتم: سەنعەتی مراعات النظیری دەست و پای تێدا بەکارهێنراوە. هەمان خۆ بچووك کردنەوەیشی تێدایە کە بەشێك لە کەسایەتی ئاواتی پێك هێناوە.

دوو غەزەلی دواتری سەیید ناڕەزایی دەربڕینە لەوەی ئاوات بێدەنگە و شیعری تازەی نییە و هاندانیەتی بەرەو شیعر گوتنی زیاتر. یەکەمیان سیمبۆلیك بەڵام بە ئاشکرا سیاسی- کۆمەڵایەتییە. هەر بەگشتی سەیید شاعیرێکی خامە ڕەنگینە و ئاوات بەخۆڕایی پێی نەگوتووە "قادر بەخودا ئەلحەق ئوستادی بەیاناتی". دووهەمیان لە مەقوولەی ئیخوانییاتدایە و دۆستانەیە. لەوێدا گلەیی لە ئاوات دەکات بۆچی ماوەیەکە دەنگی نییە و شیعری تازەی نەگوتووە ئێجا تواناکانی ئاوات و سیفاتی چاکی هونەریی ئەو دەخاتە ڕوو.

شیعری وەڵامی ئاوات بێ تاقەتی و بێ هیوایی لە ژیانی خۆی لێ دەبارێت. لەوێدا هەواڵی ئەوە دەداتە سەیید کە لەپێ کەوتووە گۆچانی بەدەستەوە گرتووە، ئینجا شیعرەکە بەرەو ئاقارێکی غەرامی دەبات و دەڵێ بە زولفی یار نەبێ هەڵیناستمەوە و ئەو فەزا تازەیە تا فەردی چوارەم درێژەی دەبێت. ئێستا دەبێ بزانین ئەو "یار"ە ی ئاوات کە دەتوانێ عەسای لێ بستێنێتەوە و لەسەر پێ ڕایبگرێت کێیە؟

بێگومان کیژۆلەیەکی نازداری چاوکاڵ نییە؛ ئەی کێ دەبێت؟ بە تێگەیشتنی من، هەر سەیدقادری ئامۆزای خۆی و بەرگۆی شیعرەکەیە؛ خۆ ئەگەر ئەویش نەبێت کاکی

یان مامی و لە نەهایەتدا گەورەپیاوێکی ئایینی تا پلەی پێغەمبەری ئیسلامە کە شاعیرانی موسوڵمان بە عەرب و کورد و فارسەوە شیعری شێوە دڵدارانەیان پێدا هەڵگوتووە.
ئینجا شیعری "چوومە قاقلاوا..."ی سەییدە کە لە شوێنێکیدا گوتوویەتی قائانی شیرازیش لە شاعیریدا حەریف و ڕەقیبت نییە واتە دەرەقەتت نایەت. ئینجا ئەو و خۆی بە دوو شاعیری ئێرانی، قائانی و فیردەوسی، دەشوبهێنێت و دەڵێ ئەوانە بە تۆزی ڕێگای شاعیریی ئێمەش ناگەن چونکوو "تۆ مەستی کەمالاتی و منیش پەستی خەیالات".
ئەو لەف و نەشرە هەندێك جێی بیر لێکردنەوەیە و دەبێ ڕوون بکرێتەوە لە خۆی و سەیید، کامیان بە فیردەوسی دادەنرێت و کامیان بە قائانی. 'فیردەوسی تووسی' خاوەنی شانامەیە و لە ناو ئێرانییەکاندا ڕێز و حورمەتی تایبەتی هەیە، لە سەدەی چوارەمی کۆچی و یازدەهەمی زایینیدا ژیاوە، قائانی شیرازی ٩٠٠ ساڵێك دوای فیردەووسی لە سەدەی سێزدەهەمی کۆچی و نۆزدەهەمی زایینیدا هاتۆتە جیهان واتە زۆر لە سەردەمی ئێمە دوور نەبووە. ئەگەری زیاتر ئەوەیە لەف و نەشرەکە مورەتتەب بێت لە بەر ئەوەی ئاوات لە فەردێك پێشتریشدا سەییدی لەگەڵ قائانی بەرانبەر دانابوو، لێرەشدا هەر سەیید قائانی بێت و خۆی فیردەوسی. بەڵام ئاوات کە هەمیشە خۆی بە بچووك زانیوە و خەڵکانی دیکەی گەورە کردۆتەوە، واهەیە لێرەشدا سەیید بە فیردەوسی خاوەن کەمالات و خۆی بە قائانیی پەستی خەیالات دانابێت. با ئەوەش بڵێم کە قائانی شاعیرێکی هەجاوێژیش بوو کە کارتێکەریی هەبووە لە سەر شێخ ڕەزای تاڵەبانیی خۆمان و موفتی پێنجوینیش لە شیعردا ئاماژەی بە وەستاییەکەی ئەو لە شیعردا کردووە. کەوابوو، دەکرێ ئاواتیش بە شاعیرێکی گەورەی دانابێت و شوبهاندنی سەیید بەوی، بە کەم نەزانیبێت.
بە گوێرەی شیعرەکە، دەبێ پێش سەردەمی پیری و بێ تاقەتیی ئاوات، لە گوندی قاقلاوای دوا شوێنی ژیانی ئاواتدا خانەقایەك بووبێت و زیکری دەروێش و کۆڕی تەهلیلەی سۆفیانی لێ بەسترابێت. جا لە سەردەمێکی تازەتردا سەیید بە ڕاست یان بە خەیاڵ سەردانی گوندەکەی کردبێت و بە نەمانی ئەو فەزا ئایینی-عیرفانییە خەفەتبار بووبێت.
ئەوەی لەو شیعرەدا بۆ من جێگەی سەرنجە، کارە هونەرییەکەی سەییدە لە کێشانەوەی سەرکەوتوانەی وێنەیەك لە مەنزەرەی خانەقاکەی قاقلاوا، بە تایبەت هەرەس هێنان و

فەوتانی، کە دەڵێ هەموو سۆفی و دەروێش و زیارەتکار و خۆییەکان (کە دەبێ کەس وکار و خزم و دەست وپێوەندی ئاوات بن)، یەکە یەکە خانەقایان بەجێ هێشت و تەنیا کۆترەکانی حەرەمی خانەقا مانەوە، پاشان ئەوانیش لە شەقەی باڵیان دا و فڕین و نەمان، تەنیا خودا خۆی مایەوە.

ئەو وێنەسازییە زۆر لە شیعرێکی نازم حیکمەت دەچێت کە ناوی "مەتەڵی هەموو مەتەڵان"ە و باس لە ژیان بەگشتی دەکات و نەمان و فەوتانی مرۆڤ و ئاژەڵ و دار و دەوەن و ئاو و هەتاو، یەك بە شوێن یەکدا. من دڵنیام سەیید چاویشی بەو شیعرەی نازم حیکمەت نەکەوتووە بەڵام وەك تەوارود، بیرێکی هاوشێوەی ئەوی بە مێشکدا هاتووە کە لەبەر ئەوەی باس لە هەمیشەیی نەبوونی ژیان و فەوتانی دیاردەکان دەکات، ڕەوتێك کە دەکرێ بۆ هەمیشە بمێنێتەوە.

ئەو شیعرەش لە چاپی جەعفەردا وەك وەڵامی ئاوات بە سەیید ڕاگەیەنراوە، گەرچی هیچ وێناچێت وەڵامی ڕاست ئەو شیعرەی سەیید بێت. من دووری نابینم ئەو دوو کەسە ئاڵوگۆڕی گەلێك شیعری دیکەشیان کردبێت کە نەگەیشتوونەتە دەست ئێمە. تەنانەت ئەوەش نەگونجاو نییە کە شیعرەکە نەك بۆ سەیید بەڵکوو بۆ کەسێکی دیکەی وەك مامۆستا هێمن گوترابێت لەبەر ئەوەی زۆر وێچووی شیعری 'فرمێسکی ڕنوو'ی مامۆستا هێمنە:

*"تۆ گوتت من ئاشقی سەوداسەر و دینم دەوێ*

*من گوتم تاکو بە ئاواتت بگەی دینم دەوێ"*

شێعری ئاوات غەزەلێکی غەرامییە لە وەسفی یاردا. بەڵام لە دوایین فەرددا شاعیر دەچێتەوە سەر شێوازە ناسراوەی خۆی: پیرم، با دەست لە بەند وباو هۆنینەوە هەڵبگرم و لەبیری خودادا بم!

بە گوێرەی سەرەتای کتێبی شاری دڵ، شاعیر لە ماوەی دوای **١٣٣٣** تا **١٣٦٨** لە قاقڵاوا ژیاوە و بەو پێیە، شیعری سەیید دەبێ دوای ساڵی **١٣٦٨** (**١٩٨٩**ز) گوترابێت و یەکەم سەفەری سەیید بووبێت بۆ گوندەکە، دوای ڕۆیشتنی ئاوات.

هەروەها لە شیعرەکەی سەییددا، ئاوات بە **[**عبدالرحمن**]** جامی و قاقڵاوا بە شارەکەی ئەو واتە 'جام' دەشوبهێنرێت. جامی شاعیرێکی سۆفی مەسلەکی گەورەی ئێران لە سەدەی نۆهەمی کۆچیدا ژیاوە و واهەیە بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە دواترین گەورەشاعیری فارسی وێژ بووە کە لەسەر شێوازی ناسراو بە 'عیراقی' شیعری گوتووە،

به "خاتم الشعراء" ناوبراوه. شیعری شێوازی 'هیندی' دوای ئەو سەدەی نۆهەمە دەست پێدەکات و مامۆستایانی ئەدەب و شیعری ئێران گرنگایەتییەکی زۆری پێنادەن[٣٤٠].
پاشان وەڵامی ئاوات بە سەییدە، کە ئەویش ئاماژەی بە شیعرێکی سەید تێدا نییە هەر بۆیەش بە ئەگەری زۆر، دەبێ لە دەرفەتێکی دیکە و لە پەیوەندی مەسەلەیەکی دیکەدا گوترابێت.

ئەوەش شیعرەکانی ئاوات و سەیید:

ئا: شیعری ئاوات
س: شیعری سەیید

## س. ١ شیعری سەیید بۆ غالیب و ئاوات

"غالیب" و "ئاوات" دوو شەم بوون و دڵم پەروانەیەك
هەردەمە دوو جار دەسووتام من بەبێ پەروانەیەك
جارێ ئەو دەیبرد دڵم ئەو جارێ دەیهێنایەوە
دوو تەناف بوو بۆ دڵی تەنیام کە کردبوویانە یەك
دەست و پێی دڵ بەستراوە، تابی زنجیری نییە
تاقە هەودایەك بەسە بۆ دەست و پێی دێوانەیەك
بۆیە دوو ساقی بە دوو جام دێنە سەر ئاسۆی دڵم
دیارە بۆ مەستێك کەمە یەك ساقی و مەیخانەیەك
ڕەمزی عەشقە وا بە دوو سەییاد بە دووی سەیدێکەوەن
گەر نە تەیری دڵ ئەسیر نابێ بە داو و دانەیەك
من لەگەڵ خۆم و خودای خۆم عەهد و پەیمانم هەیە
بچمە سەر کەوسەر بەبێ‌وان نامەوێ پەیمانەیەك

[٣٤٠] بە پێچەوانە، زۆرشاعیری کورد کارتێکەریی ئەو شێوازە شیعرەی ئێرانییەکانیان لەسەرە: مەحوی، وەفایی و بەتایبەت نالی.

"غالیب" و "ئاوات" دوو جانانەی منن، دڵ پێم‌دەڵێ:
تۆش دوو جار بمرە "سەید"! هەرجارە بۆ جانانەیەك

(لاپەڕە ٤٠٢ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

## س. ٢ نامەی سەیید بۆ ئاوات

وەرنە سەر سەرچاوەکەی چاوم کە سەیرانی هەیە
ڕوون و لێڵە جاربەجارە حاڵی سیروانی هەیە
گەرچی باریکە مژۆڵ بۆ بەردەبازی ڕێگەتان
کۆلکەداری ئاوەسووی من تاقەت و توانی هەیە
ماڵەکەم کۆن و بچووکە لایەقی ئێوەش نەبێ
ماڵی دڵ ئاوا هەراوە، جێی هەمووتانی هەیە
گەرچی وێرانە وەکوو "جەمیان" دڵم، ئاو و هەوای
زۆر لەتیفە، وەك قەریحەم تەبعی جەمیانی هەیە
گەر تراکتۆرێك هەبێ مەزرای دڵی من شێو بکا
لەم چیا سەرسەوزەدا مەودا و مەیدانی هەیە
شین دەبێ تۆوی مراد ئاخر لە مەزرای ئارەزوو
ئاسمان ئەمڕۆکە مەیلی تاوەبارانی هەیە
"سەیید" ئەمڕۆ ئیمتیحانی شانس و بەختی خۆی دەکا
تا بزانێ کاکە "کامیل" لوتفی جارانی هەیە؟

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دیاری نەکراوە
(لاپەڕە ٤٠٣ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

## ئا. ١   وەڵامی ئاوات بۆ سەیید

هۆنەرێکی پیری وەك من، کوا وتەی جوانی هەیە؟
کوا گوڕ و تین و توانای جاری‌جارانی هەیە؟
گوێم خەریکە گوێ نەداتە بەند و باو، چاویش ئەوا
کەم‌کەمە بێ‌نوور دەبێت و حاڵی بوحرانی هەیە
هەرکە بیستم ماڵەکەت هاتۆتەوە جەمیان، کوتم:
سەد شوکر وا هەوری ڕەحمەت مەیلی بارانی هەیە
هاتیەوە بۆ خانەقای پیرۆزی بابی گەورەمان
ئاوەدان بێ زۆر هەراوە جێی هەمووومانی هەیە
گەرچی هەروەك مۆتەکە سەر سینگی گرتم پیاوەکەت
ڕۆژوەوان بۆخۆت دەزانی ڕۆژ و شەو ژانی هەیە
خۆ بەڵام چونکە لەلایەن تۆوە بوو، پێی سەر سەرە
ڕۆژوەوانیش کاتی ئێوارانە دەرمانی هەیە
تێروپڕ دەخوا، هەتا تێرتێر نەبێ ناکشێتەوە
جرت‌وفرتی لێ پەیا بێ، جا وچان‌دانی هەیە
بۆ تراکتۆر ناردبووت "سەیید"! ئەوا پێشکەش کرا
پیاوەکەت دەیگوت کە ڕۆژێك کاری کێڵانی هەیە
گیانە "ئاوات" برسییە و بێ‌هێز، دەنا بۆ خزمەتت
حازرە بێ، چاو دەگێڕێ داخۆ کێ نانی هەیە

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە ڕوون نییە.
(لاپەڕە ٤٠٤ ی چاپی جەعفەر. لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## س. ٣ وەڵامی سەیید بۆ ئاوات

لە سەر هەمان کێش و سەروا، ئاشکرایە هەردوکیان لە پەیوەندی یەکتردا گوتراون:

ئەی مەنبەعی فەیز و جوود، ئەی شاعیری پڕمایە!
تۆ مەرکەزی ئیحسانی، تۆ کانی کەماڵاتی
من بەندەیی تۆم قوربان! تۆ سەروەر و سەرداری
شایستەیی تەعزیمی، جێی فەخر و موباهاتی
ئەستێرەیی شەوتابی، هاتم بە هومێدی ڕووت
تا شەو کە موعەتتەل بووم، من ڕۆییم و تۆ هاتی

(لاپەڕە ٤٠٥ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە).

## ئا. ٢ وەڵامی ئاوات بۆ سەیید

قادر بەخودا، ئەلحەق، ئوستادی بەیاناتی
تۆ مەزهەری هەڵبەست و ئەشغار و مەقالاتی
ئەمڕۆ ژنییە هەر بێ شك هەمڕەنگ و هەماوەردت
قائانی بڵێی، ئەمڕۆ بێ مۆدە غەزەلیاتی
فیردەوسی و قائانی ناگەن بە غوباری مە
من پەستی خەیاڵاتم، تۆ مەستی کەماڵاتی
با باسی نەکەین باشە، چون من بە مەسەل زیاتر،
دەرکەوتووە لێم پیری، ئوفتادەگی و لاتی!
فەرمایشی تۆ قادر زۆر جوانە، وەکوو قەندە
حاشا کە ئەمن لۆتیم، حاشا کە ئەتۆ لاتی!

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دیاری نەکراوە
(لاپەڕە ٤٠٦ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە).

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن // مفعول مفاعیلن

## ئا. ۳ نامەی ئاوات بۆ سەیید

من هاتم و تۆ ڕۆیی، تۆ ڕۆیی و من هاتم
زانیوتە بە قەولی وان تۆ لۆتیی و من لاتم
گاهێ کز و گەهـ ماتین، گەهـ لۆتیی و گەهـ لاتین
ڕووکەینە دەر و دەشتان، تۆ هار و ئەمن ماتم
تۆ ڕاوچیی و من هەوچی، با پێکەوە حازر بین
گوێ مەگرە قسەی خەڵکی، وەك من بە؛ کە ڕاهاتم
سەرلەوحەیی گۆڤارە باسی منی بێچارە
یا شوهرەیی ئافاقم، یا توعمەیی ئافاتم
کەوتوومە سەری ئەوسەر، هەرکەس چ دەڵێ بیڵێ
دەرحەق بە قسەی خەڵکی بێقەید و موبالاتم
با هەر بە خەیاڵ یارۆ، ئێمە بە فەقیر دانێ
تۆ خوسرەوی خووبانی، شاهەنشەهی شاماتم
شایی دەوێ ئەو، سەیرە؛ دەس بگرە، مەڵێ لەنگم
هەڵپەڕکەیەکی بگرین، تۆ دەس گرە، من پاتم
گەر چا بێ کەلامی من، سینەش کە سەماوەر بێ
شیرینە وەکوو قەندە، هەڵبەست و مەقالاتم
قوربانی وەفاتم من، قادر قەدەمت بێنە
سەر چاوی حەزینی من، حازر لە گوزەرگاتم

قاقلاوا، ۱۳۳۹ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٠٧ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن // مفعول مفاعیلن

## س. ۴ نامەی سەیید بۆ ئاوات

ژیانی من بە دەرد و داخ و ژانە، هەر بە نێو ژینە
کەسێ نەیچێشتبێ ئەم تاڵییە، لای وایە شیرینە
لەمێژە دەنگی تۆ نایێتە گوێ، "کامیل"! چ قەوماوە؟
ئەتۆ لاڵ بووی؟ زمانم لاڵ بێ یا گوێی ئێمە سەنگینە؟
براکەم! شێعری تۆ ناڵەی دڵە، هەر دڵ دەلاوێنێ
بەڵێ بۆ دەردەداران لایەلایە دەنگی ناڵینە
زەمانێ بولبولی دەنگ‌خۆشی ئەم گوڵزارە بووی، ئێستا
نە دەنگی ناڵە وو نایە، نە ڕەنگی جوانی نەسرینە
هەچی دەنگێکی دەبیستم دڵم دێنێتە ژان ئەمڕۆ
سکاڵای مل بەکوێنە هەر سەدای ڕۆڕۆیە، یا شینە
بە سەرما هێندە گریاوە مژۆڵی پێ‌نەما چاوم
لە باخچە و باخی بێ‌خاوەن دەچێ بێ‌هەژگ و پەرژینە
لەسەر چۆم و شەتان فێنکایی ئاوێکم نەدی کاکە!
هەمووی خوێناوی جەرگی لەت‌لەتە، لێلاوی ئەسرینە
لەباتی قاسپەقاسپی کەو، پەپوو دەخوێنێ لەم هەردە
لەباتی لالە و سونبوول لە باخان هەر دڕوو شینە
ئەمن بۆخۆم کە خەمبارم دەڵێم هەروەك منە "سەیید"
لە چاوی لالەوە هەرکەس دڵی داخێکی خوێنینە

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە ڕانەگەیەنراوە.
(لاپەڕە ٤٠٨ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

## س. ۵  نامەی سەیید بۆ ئاوات

دەمێکە زەمزەمەی شێعرێکی تۆم کاکە، لە گوێ نایە
لە کوێستان و چیا سەرسەوزەکان قاسپەی کەوێ نایە
گوڵی باخی ئەدەب گەر تۆ نەبی، من بچمە کام گوڵشەن؟
کە هیچ باخ و گوڵێك ئەو بۆنە خۆشەی خۆتی لێنایە
هەموو سەرچاوەیەك کوێر بێتەوە خۆ ئاوی نامێنێ
کەچی سەرچاوەکەی چاوم دەبوو وشکایی بێ، نایە
لە ناخی سینەوە هاسان هەناسەم نایەت و ناچێ
کزەی بای وەعدەکەی خۆمە، دەمێ دێ، سەردەمێ نایە
لە هەرلا دڵ بەجێ دێڵم بحەجمێ و بگرێ ئارامێ
لە هیچ لایێکیدی، لای تۆ نەبێ، خۆ دڵ بەجێنایە
نەخۆشی دەست و پێی بەستووم و دەنگیشم بە کەس ناگا
خڕەی زەنجیر و دەسبەندی کەسی بێدەستوپێ نایە
دڵی ناردۆتە لات "سەیید" کە نەیتوانیوە بۆخۆی بێ
درەنگی پێدەچێ ئاخر بە سەر دێ، خۆ بە پێ نایە

(لاپەڕە ٤٠٩ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

## ئا. ۴  نامەی ئاوات بۆ سەیید

قادر! ئەمن ـ دەزانی ـ عەسام گرت بە دەستەوە؟
کەوتووم لەپێ، بفەرموو دە "کامیل" هەڵستەوە
هەستانی من برا! بە عەسای زولفی یارمە
گەر بێ بە لارولەنجە، بە دوو چاوی مەستەوە

باری دەکەم ئەگەرچی گرانە بە دەرد و خەم
بەو حاڵەوە بە موویێکی زولفی دەبەستەوە
خۆ گەر پسا دڵم، دەکەوێ، دەشکێ، ناسکە
ئەوچەل چ چارەکەم بە دڵێکی شکەستەوە
"ئاوات"ە قەت نەهاتە جێ ئاواتی سەییدا
هیوام نەماوە کاکە! بە ڕۆحێکی خەستەوە

(لاپەڕە ٤١٠ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف:مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

## س.٦ نامەی سەیید بۆ ئاوات

چوومە "قاقڵاوا" ماڵی "ئیمامی"
دەردەدارێك چوو بۆ دەوای زامی
مامۆستای گەورە و بەڕێز و زانا
وێنەی کەم ماوە لە موکریانا
ئەستێرە گەشەی بەری‌بەیانە
بەجێ‌ماو لە ڕێی شەوی ژیانە
هەرچەن جێگاکەی چۆڵ و کەنارە
مانگ لە هەرلایەك هەڵبێ دیارە
ماوە لەو دێیە ئەو زانای نامی
قاقڵاوا "جام"ە و ئیمامیش "جامی"
کابەی ئامالە ئەو بارەگایە
جێی ڕاز و نیاز لەگەڵ خودایە

دەنگی تەهلیلەی سۆفی شەوانە
عەرشی خودایان دێنا جۆلانە
لە خانەقادا گەلی دەروێشان
سەریان شۆریدە، دڵیان پەرێشان
لە وەختی زیکرا دەروێشی دڵڕێش
پرچی وەك دڵی پەرێشان دەروێش
هەرکەس سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیی
دەروێش و سۆفی زەوار و خۆیی
ئەوەی بەوەفا و خاوەن کەڕەم بوون
هەر کۆترەکانی دەوری حەڕەم بوون
ئەوانیش فڕین ڕوو بە هەوا بوون
ئەوانیش وەك من سەربەهەوا بوون
لە دۆستەکانی خودا کەس نەما
خودا خۆی ماوە بەتاقی تەنیا
چ جێیەك بچم دڵ لێی بە جێ بێ
من بچمە کوێی دی بۆنی وی لێ بێ

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دەست نیشان نەکراوە، بەڵام دەبێ دوای ساڵی ١٣٦٨ ی هەتاوی گوترابێت.
(لاپەڕە ٤١١ و ٤١٢ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

## ئا. ٥ وەڵامی ئاوات بە سەیید

بۆ وەڵام، هۆنەر دەڵێ من قامەتی یارم دەوێ
یاری زانا و شۆخ و شەنگ، خۆش کار و ڕەفتارم دەوێ
نامەوێ وەك بووکی شاران خۆ بڕازێنێتەوە
بێ بەر و بەرموور و بازن، یاری ساکارم دەوێ

هەروەکوو لاولاو نەپشکووتوو، وەکوو بووکی بەخت
دڵبەری باڵابڵند، شیرین و عەییارم دەوێ
زولفەکەی گەستوومی وەك دووپشکی ڕەش، بەو حاڵەوە
بەژن و باڵا و لار و لەنجە و زولفی ڕەشمارم دەوێ
گەر نەخۆش بم بێتە لام پێم خۆشە، با هەر کەوتبم
ڕۆژ و شەو داوا دەکەم من: گیانی بیمارم دەوێ
گیان بە عەشقی یار نەسووتێ، سەر لە ڕێی وی‌دا نەچێ
هەر دوو دەفرۆشم بە پووڵێك و خەریدارم دەوێ
کاکی "ئاوات"! هەڵگرە دەستت لە شێعر و بەندوباو
تۆ کە پیر بووی هەر بڵێ: من ڕەحمی دادارم دەوێ

قاقلاوا، ١٣٦٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤١٣ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# نامەی شیعری گۆڕینەوەی ئاوات و حەقیقی

*سەرجەم ٩ پارچە شیعر*
*چوار شیعری ئاوات و پێنج شیعری حەقیقی*

ئاوات و مامۆستا عەبباسی حەقیقی (١٩٠٢ - ١٩٩٧) دۆستی دێرینی سەردەمی فەقێیەتی بوون و تا کۆتایی تەمەن دۆستایەتییەکی گەرم وگوڕ لە نێوانیاندا بەردەوام مایەوە.
ئاوات لە گوندەکانی ناوچەی نێوان بۆکان و سەقز و سەردەشت، دەژیا و لە کۆتایی ژیانیشدا، گۆڕستانی مەرقەدان"ی گوندی زەنبیل بەخاك ئەسپێررا.
بەڵام مامۆستا حەقیقی زوربەی تەمەنی لە بۆکان ژیا و فەرمانبەری ئیدارەی دوخانیاتی بۆکان بوو، هەر لەویٚ خانەنشین کرا و کۆچی دوایی کرد، هەر لەوێش ئەسپەردەی خاك کرا.
نامە شیعرییەکانی ئاوات ڕێکەوتی وەرز و ساڵیان بە سەرەوەیە و هەربۆیەش دیاریکردنی زەمەن بۆیان ئەستەم نییە. یەکیان هی ساڵی ١٣٣١ و سیانیان هی ١٣٣٢ی هەتاوین کە دەکەنە ١٩٥٢ و ٥٣ ی زایینی. هەروەها شیعرێکی حەقیقی کە باسی ڕۆژووی ڕەمەزان دەکات، ڕێکەوتی ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوی (١٩٦٨ی زایینی) بە سەرەوەیە و من هەوڵمداوە لە ڕووی "تقویم تطبیقی" ی ساڵانی مانگی و زایینییەوە بزانم مانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵە کەوتۆتە کام وەرز و مانگی هەتاوییەوە.
ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوی بەرانبەرە لەگەڵ ٩ مانگی ١٩٦٨ و ٣ مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٤٩ ی زایینی و مانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵە ش لە دیسامبردا بووە واتە کۆتایی پایز و سەرەتای زستان.
ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوی هەڵگری بیرەوەرییەکی سیاسییە بە تایبەت لە ناوچەی ژیانی ئاوات و حەقیقی، ئەویش سەرهەڵدانی خەباتی چەکدارانەی باڵی شۆڕشگێڕی حزبی

دیموکراتی کوردستانە کە تێیدا نەمران موعینییەکان و شەریفزادە و مەلا ئاوارە و هاوڕێکانی دیکەیان شەهید بوون و تەنانەت نەمر سەید فەتاح یەك لەو کەسانە بوو کە لە گوندی قەرەگوێز شەهید کرا- گوندێك کە لە بن گوێی قاقلاوا و گەردیگلان و زەنبیلی ئاواتدایە و ژاندرمەی شا، بۆ چاوەترسێن کردنی خەڵك، تەرمی ئەو کەسانەیان بە گوندەکاندا گێڕا و هێنانیە بۆکانی مامۆستا حەقیقی و لەوێ نمایشیان پێدان.

سەمەرە ئەوەیە لە شیعری هیچکام لەو دوو شاعیرە بەرپرسەدا ئاماژەیەك بەو کارەساتانە گەورانە نەکراوە و تەنیا باسی زەکات و سەرفیترەی مەلا و شەوانی لەیلەتولقەدر کراوە! دیارە من مەسەلەی سانسۆر و ترس لە کاردانەوەی ساواك بە هۆکاری ئەو خۆلادانە دەزانم، باوەکوو لای کەم ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرا کە ئاماژەیەکی دووریش بێت بەو ڕووداوە گرنگانە بکەن.

هەرچۆنێك بێت، بابەتی سەرەکیی دوو شیعری یەکەم، مانگی ڕەمەزانە و وێدەچێ ئاوات کە هەر خۆی لە خۆیدا لە تەنیایی و بێدەنگی بێزار بووە، ڕۆژوو زیاتریش بێ تاقەتی کردبێت کە دەڵێ:

*"غەیری کوندیماڵخراپ و وشکەسۆفی ڕیشدرێژ*

*کێ دەڵێ ئەم وەختە خۆشە؟"*

بەڵام حەقیقی، لە ئاواتی شێخزادەی مەلای دوازدە عیلم توندتر، لایەنی ڕەمەزان و ڕۆژوو دەگرێت و دەڵێ:

*"لەززەتی ڕۆژوو ئەتۆ تێفکرە عەینی ڕەحمەتە*

*خواردنی ڕۆژێ ئەتۆ بڕوانە زەهری مارییە!"*

هەرچۆنێك بێت، شیعرێکی گەرم وگوڕی دۆستانەیە، 'ڕەدیف'ەکەی، وشەی کاغەزە و وەك نامەی شیعری، حەقیقی لە بۆکانی نیشتەجێی خۆیەوە ناردوویە بۆ 'کانی بەن'ی گوندی ئاوات. ئاوات لە شیعرەکەدا حەقیقی بە یار و دڵدار ناودەبات هەمان هەست و دەربڕین لە دوو شیعری خوارەوەتری حەقیقیشدا دەبینرێت کە ئەوپەڕی ئیخلاسی نێوان ئەو دوو کەسە دەگەیێنن.

هەروەها ئاوات جیناسێکی لە نێوان "کانی بەن" و "کانیی گەورەکان" دروست کردووە کە یەکەمیان گوندەکەی خۆی و دووهەمیان ئاماژە بە حەوزە گەورەی بۆکانە، هەروەها بۆکان بە جێی سەردار ناودەبات کە ئاماژەیە بە سەردارەکانی بۆکان (عەزیز خان، سەیفەدین خان، حەمەحوسەین خان و عەلی خانی بابامیری). لە کاتی گوترانی

شیعرەکاندا هیچکام لەو سەردارانە نەك لە حکوومەت بەڵکوو لە ژیانیشدا نەمابوون و ئاماژە پێکردنیان تەنیا یادکردنەوەیە.

هەستی گەرم وگوڕی دۆستایەتی نێوان دوو مامۆستای شیعر، لە شیعری خوارەوەی ئاوات و حەقیقیدا بە باشی هەستی پێدەکرێت.

هێنانی 'شڕ' یان 'خۆشتر' لەگەڵ پاشماوەی سەرواکان (تەڕی، بەری، سەری، نەشتەری، پەروەری و ئەستەری) دا، هەندێك کورتی و ناتەواویی تەکنیکی شیعری دەگەیێنێت.

ئەستەڕ: بەر، کووتاڵی دیوی ناوەوەی جل وبەرگ. لەگەڵ پشت سەنعەتی تضادیان پێ دروست کراوە. ئاوات شیعری حەقیقی بە پشت واتە بەشی چاك و بەرچاوی جل وبەرگ دەشوبهێنێت بەڵام شیعری خۆی کە پێشتریش پێی گوتبوو "شڕ"ە، بە ئاستەڕ دادەنێت. ئەوەش تەوازوع و خۆ بەکەمزانییە سروشتییەکەی ئاواتە کە لێرەشدا سەری هەڵداوە. شیعری حەقیقی لە سەر هەمان کێش و سەروا گوتراوە. لەوێدا ناوی حەوت گوڵ و پێنج کووتاڵ لای یەکتر دانراون و کوێستانی شوێنی ژیانی ئاوات لە جوانیدا وەك 'ڕامسەر' و 'بابولسەر' دادەنێت کە دوو شاری خۆشن لە باکووری ئێران و سەر دەریای قەزوێن. ئەو ناوچانە پڕ دار ودرەخت و سەوزەڵانین. حەقیقی لە فەردێکی شیعرەکەدا یاری بە پیتی /ق/ دەکات و مۆسیقای دەروونیی دەنگی ئەو پیتە پێنج جار بەگوێی خوێنەردا دەدات:

*قیامی قامەتت بۆ ئەهلی دڵ قامی قیامەت بوو*

*قەتاری کۆچ و بارت بۆ موکریان مەحشەری هێنا*

من هەست دەکەم هەندێك جار شیعری حەقیقی پێش ئەوەی ئاوات گوترابێت، گەرچی دیوانی شاری دڵ ئەویانی لە وەڵامی ئەمدا تۆمار کردووە.

بابەتی بەرچاو  شیعری "لە ئەحواڵی ئیمامی گەر دەپرسن...." ئەوەیە بەرگۆی قسەکانی ئاوات تەنیا مامۆستا حەقیقی نییە بەڵکوو دەستەیەك دۆست و برادەری دیکەی هەردوکیانن بەڵام بە داخەوە ئێمە لە ناویان ئاگادار ناکرێینەوە. وێدەچێت ئاوات لەو کوێستانەی وا لێی ژیاوە ناڕازی بووبێت لەبەر ئەوەی دەڵێ گەرچی سەوزەڵان و بژوێنە، بەڵام ئەوە بۆ حەیوان چاکە! خەڵك لەوێ بێ شێو و پێخۆرن. ئەو شوێنە کوێستانیەش دەبێ گوندی کانی بەن بێت کە دوورتر لە زەنبیلە، دیارە ئەو دوورکەوتنەوەیە لە  کەس وکار و برادەران، هەروەها ساردوسۆڵیی شوێنەکە بە دڵی شاعیر نەبووە و ئەم گازندە و سکاڵایەشی هەر بۆیە بووە. کانی بەن و شێخ چۆپان دوو گوندن کە تا ڕادەیەك دوورن لەو ناوچەیەی وا ئاوات ژیانی منداڵی و لاویەتی

تێدا تێپەڕ کردووە (دەوروبەری زەنبیل) و زیاتر بەرەو کوێستانی نێوان سەردەشت و میرەدێی بانە کشاون. لە ئەنجامدا دوای ماوەیەکی کەم گەڕاوەتەوە هەمان ناوچەی گۆرین کە کەس وکارەکەی لەوێ دەژیان (بڕوانە ژیننامەکەی ئاوات).
شیعری دواتر کە وەڵامی حەقیقی بێت، دەربڕی هەستی دۆستانەیەی ئەوە دەرحەق بە ئاوات و تێیدا باس لە "تاهیر" کراوە، کە نەمر ئاغا سەید تاهیری کوڕی گەورەی ئاوات و قاسیدی نامەبەری باوکی بۆلای حەقیقی بووە.
ئەدهەم: دەبێ ئاماژە بێت بە ئیبراهیمی ئەدهەم، یەك لە پێشڕەوانی سۆفییانی سەدەی دووهەمی کۆچی.
تەنز و تەوس و پلار پێدادانیش بەشێکی دیکە لە ناوەرۆکی گشتیی شیعری ئاوات پێك دەهێنن. ئەو تەوس و پلارانە هەندێك جار ئایین و باوەڕی مەلا و سۆفیش دەگرێتەوە لەکاتێکدا خۆی ئیمانداریکی قورس و قایم و تەنانەت مەلا و پێش نوێژیش بووە و وەك بەشێك لە بنەماڵەی شێخانی زەنبیل سۆفی و موریدێکی زۆریشیان لە شار وگوندەکانی کوردستاندا هەبووە.
ئەو ناتەباییە لە نێوان کردەوە و وتاردا، یەك لە دیاردە گرنگەکانی کاری هەڵسەنگاندنی کەسایەتی شاعیر و بەرهەمە شیعرەکانیەتی. بە بۆچوونی من، وەك لە بەرهەمی گەلێك شاعیری کلاسیکی کورد و عەرەب و فارس و تورکی ناوچەکەدا دەبینرێت، باسی دڵداری و ئەوین و شەراب و سەرخۆشی دەکەن لە کاتێکدا هیچکام لەوانە لە ژیانی ئاسایی ئەواندا بوونیان نەبووە، ئاواتیش لێرەدا هێرشی کردۆتە سەر هەندێك دیاردە، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا دژیان نەوەستاوە هیچ، تەنانەت خۆی بەشێك و پارچەیەك لەوان بووە. ئەویان باوەڕە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکەی بووە و ئەمیان ڕاستەقینەی ژیان.
بە تایبەت کە وەها لە ڕەخنە گرتنەکانی ناو شیعرێکیدا چۆتە پێشەوە کە بانگ و سەڵا و سڵاواتی مەلای بە قوولە و هەرا داناوە و بە پێچەوانەی "تەڕاویح" ی شەوانی ڕەمەزان کە تێیدا هەموو شەوێك سەدان جار دەڵێن 'السلام السلام یا شهر الرمضان' یا 'الوداع الوداع یا شهر الرمضان'[٣٤١] ، ئەو لە بنی کوولەکەی داوە و پرسیویەتی *"کێ دەڵێ ئەم وەختە خۆشە؟"* و تەنانەت لە درێژەی میسراعەکەدا کێشەی قووڵتر کردۆتەوە

[٣٤١] واتە ١٥ شەوی نیوەی یەکەمی مانگ بەخێرهاتنی دیاردەی ڕۆژوو و ڕەمەزان دەکەن و ١٥ ڕۆژی دوایی ماڵئاوایی لەگەڵدا دەکەن.

کاتێ لە درێژەی ناحەزایەتی نواندنی خۆی بەرانبەر بە ڕۆژووی ڕەمەزاندا، گوتوویەتی "گەرچی ئەمری بارییە"! واتە دەزانم ئەوە فەرمانی خوداشە!
ئەگەرێکی دیکە بۆ هەڵێنانی ئەو مەتەڵێ ناتەباییە لە نێوان قسە و کردەوەدا، ئەوەیە ئاوات وشکە سۆفی نەبووە و مرخی شاعیری و ئەدەب دۆستی و ژیانی سیاسی-کۆمەڵایەتییەکەی گەیاندوویەتە لووتکەیەکی بەرزتر لە سۆفییەکی تەهلیلەکار و تارکی دونیا. هەر چۆنێك بێت، نیشانەی هەردوو دیاردە بە سەر شیعری ئاواتەوە دەبینرێت و بۆ کەسێکی وەك من کە تایبەتمەندی شاعیر لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە هەڵدەسەنگێنێت، هەردوو لایەنەکە بەرچاون. ئێمە پێویستمان بە هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنە هەیە کە لایەنگری کەسایەتی مامۆستا نەبێت. ئایا ئەو خەڵکانەی وا لە نزیکەوە ناسیویانە و دۆستایەتی و خزمایەتی و نزیکایەتییان لەگەڵیدا هەبووە دەتوانن بێ لایەنی بپارێزن و لە جیاتی ئەوەی وەك تەزکەرە نووسانی کۆن تەنیا بە شان و باڵی کەسەکەدا هەڵبڵێن ڕوانگەیەکی ڕوونکەرەوە لە پێکهاتەیەکی گشتیی کەسایەتی ئەو، وەك ئاواتی شاعیر نەك وەکوو شێخزادەیەکی تۆبەدادەری موریدان و حزبییەکی شۆڕشگێڕ بەدەستەوە بدەن؟ ئەم کارە چەندە زووتر بکرێت باشترە دەنا ئەگەر هاوتەمەن و هاوماڵ و هاوڕێکانی ئاوات چوونە سەفەری بێ گەڕانەوە، ئەودەم تاقە سەرچاوەی کار هەر دەبێتەوە شیعرەکانی و ئەوانیش بە دەیان ئەگەر و مەگەرەوە، ڕاست وەك کاری ئێستای من دەبن، کە لە دوورە وڵاتی و بێ سەرچاوەییدا بەڕێوەی دەبەم.
سێ فەردی یەکەمی شیعری "گەردەپرسی کاکە..." و فەردی کۆتاییەکەی شەرحی ئەحواڵی پەرێشانیەتی بە دەست ڕەمەزانەوە کە خۆشی لە چارەی نایەت بەڵام وەك بێگاری کردن بۆ ئاغا، ئەویش مەجبوورە بۆ مەعبود و بۆ باوەڕە ئایینییەکەی بیکات و ڕۆژووەکە بگرێت. تەعبیری بێ حەواسی و حەواس پەرێشانی دوو جار لەو سێ فەردەی سەرەتادا دووپات بۆتەوە. وشەی "زاری" بە واتای گریانیش دوو جار بۆتە ڕەدیف بۆ سەروای فەردی دووهەم و شەشەم.
فەردی چوار تا شەش، داخی دڵ ڕشتنە! بەرببنگ بە مەلا و وشکە سۆفی گرتنە و خەتای بارودۆخەکە خستنە ئەستۆی ئەوانە کە دەڵێن ڕەمەزان "وەختێکی خۆشە"!
وشکە سۆفی بەختی هەیە لەبەر ئەوەی شاعیر جارێك سیفەتی ڕیش درێژی داوەتە پاڵی و هەر بەوەش لەکۆڵی بۆتەوە بەڵام مەلا! هەی کوتوپڕ بی مەلا! بۆچی هەدادانت نییە، ئەو قوولە وهەرایە و ئەو سەر وخوارچوونە [ی سەربانی مزگەوت؟] ت لە چییە

[بۆ دەچێ بانگ و سەڵا دەدەی]؟ ئەو شادی و خۆشییەت لە چییە؟ ئەو هەموو گریان و زاری [و پاڕانەوە لە خودا]یە چییە دەیکەی؟ تۆ هەر بۆ ئەوە دەبی خێر و سەرفترە وەربگریت؟ دەك بە زووخاوی ڕەشت بێت! خۆ خۆت و ڕەمەزانە 'خۆش'ەکەت ژیانیان بۆ نەهێشتووم، لەباتی نان قوزەڵقورت دەخۆم و لە جیاتی چایی زووخاو دەنۆشم، تەنانەت ژیان بە بێعاری ڕادەبوێرم دەنا دەبوو بمردایەم! بە کورتی، هیچ بەیان و ڕاگەیاندنێك دژ بە ڕۆژوو و ڕەمەزان لە لایەن ئیماندارێکی موسوڵمانەوە، لەوە بەهێزتر نابێت!

تووی شاری: نەمزانی چییە. لە موکریان بیستوومە دەڵێن وەك تووی هەرێز پەرش و بڵاو بووەوە. ئەوەی ئێرەش وێدەچێ واتایەکی هاوچەشنی هەبێت (لە هەنبانە بۆرینەدا نەمدۆزییەوە).

باری: خودا

کوتوپڕ: مردنی لە ناکاو، وەستانی دڵ، سەکتە

قووله: قیژه و هەرا *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)*

سەرفترە: باجی ئایینی لە گەنم یان دانەوێڵە بەرانبەر بە هەر موسوڵمانێ، زەکات *(هەنبانە بۆرینە)*

زووخاو: کێم و خوێنی تێکەڵاو *(هەنبانە بۆرینە)*

قوزەڵقورت: گیاندارێکی بچووك (حەشەرە یەك)ە چوار باڵی هەیە (هەنبانە بۆرینە).

بۆ وەڵام، حەقیقی گەلێك بە شان و باڵی ڕۆژووی ڕەمەزاندا هەڵدەڵێت و تا ڕادەیەك بەرپەرچی بۆچوونی ئاوات لەم بارەیەوە دەداتەوە کە ڕۆژووگرتن جاڕزی کردبوو. ئەوەش شیعرەکانی ئاوات و حەقیقی:

*ئا: ئاوات*

*ح: حەقیقی*

## ئا. ١ نامەی ئاوات بۆ حەقیقی

ئەوا باکەی شەماڵ هێنای لە خزمەت یارەکەم کاغەز
بەخێر بێ ڕۆحی شیرینم، گوڵی بێخارەکەم، کاغەز
بە قوربانی وەفات بم چاوەکەم، مەمنوونی ئەلتافم
کە لێت پرسیم و ناردت بۆ دڵەی ئاوارەکەم کاغەز
هەموو لەتلەت ببوو بەندی دڵم بێلوتفەکەی یارم
دەوای کرد ناردی بۆ "کانیبەن"ێ دڵدارەکەم کاغەز
لەبەر ڕۆژوو نییە، بێهێزی تۆم و دەردەداری تۆ
هەناوم هاتە بەر، بوویە دەوای ئازارەکەم کاغەز!
لە بۆکانێ کە کانی گەورەکانە تۆش لەوێی بۆیە
سەرم بەرز و بڵیند بوو هات لەجێی "سەردار"ەکەم کاغەز
حەقیقی تۆش حەقیقەت سەربڵیند و بەرز و ماقووڵی!
کە کردتە پەیکی ڕەحمەت بۆ دڵەی خەمبارەکەم کاغەز
ئەگەر دووره "ئیمامی" گوفتوگۆی بۆناکرێ، جا چش!
نییە فەرقی نزیك و دوور لەجێی گوفتارەکەم کاغەز

کانیبەن، ١٣٣١ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٩٩ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن سالم، مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## ح.١ وەڵامی حەقیقی بۆ ئاوات

"ئیمامی"! نامەکەی نامی گەیشت و نامە سەرچاوم
لە دووری تۆ دەبارێ داییما فرمێسکی خوێناوم
بەبێ مانگی موبارەك لێم حەرامە چاوەکەم بێ تۆ

پلاو و گۆشت و دۆڵمە و مەشکەفی و فرِنی و هەلیماوم
لەبەر رۆژوو نییە، دووری لە دینی تۆیە گەر مردووم
ئەجەل دەورم دەدات، هیوای ویسالی تۆیە گەر ماوم
رەفیقانت لە هیجرانت بەجارێکی هەموو سووتان
بە ناری عیشقی پاکی تۆ، بە تەنیا من نەسووتاوم
کە فەرمووتە: فیداتان بم، وەرن رۆژی هیلاکەتمە
چ حاجەت هاتوچۆ بەینی من و تۆ، بۆیە داماوم
لە قوللەی قەلبی یاران خەیمەیی نازت وەها هەڵدا
لە خانەخوێ و لە میوان، غەیری تۆ نایێتە بەرچاوم
لە رێگای عەشقی تۆدا رەهرەوانت هیچی ناوەستن
هەموویان "کامیل"ن وەك تۆن و هەر من سەر لەپێناوم
ئەگەر وابێ ئەوەی دۆستی "حەقیقی" بێ لەبیر ناچێ
بە قەولی "کاعەزیز"، بێت و نەیە، پێڵاوی سەرچاوم

(لاپەرە ٤٠٠ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

## ح.٢ نامەی حەقیقی بۆ ئاوات

دەمێکە دڵ لە دووریت ئاگرینە
خەمی هیجرت گرێکی زۆر بەتینە
دەمێکە دڵ بە ئاواتت "ئیمامی"
خەفەتبار و برینداری ئەوینە
ژیان، باوەڕ کە لای من ژانە بێ‌تۆ
ژیانی وا بەژان کەی نێوی ژینە؟
ئەوا رۆژی تەمەنمان گەییە ئاسۆ
دەمی پاڕانەوە و تۆبە و گرینە

(لاپەرە ٤٠١ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

## ئا. ٢ نامەی ئاوات بۆ حەقیقی

چ خۆش‌بوو قاسیدی یار شێعری ئاودار و تەڕی هێنا
ژیاوە باغی هیواکەم، ئەوا بەرگ و بەری هێنا
هەزار ئەحسەن "حەقیقی" عەنبەرئەفشانی دەکا شێعرت!
فیدات بم، قاسیدت موژدە و نەویدی خۆشتری هێنا
خەریك بووم من نساری ڕێت بکەم هەرچی مەڕ و ماڵە
کەچی ڕۆح هاتە پێش، ماڵ و مەڕی لادا، سەری هێنا
لە جوابی شێعری ئاودار و تەڕ و پاراوی تۆ "شاعیر"!
بچووکی خۆت بە سەد زەحمەت دووسێ شێعری شڕی هێنا
بە عەزمی کوشتنی ئەو شەخسە ئەمنی دوور لە یاران کرد
برۆی تۆ خەنجەری کێشا، موژەی من نەشتەری هێنا
لە دووریت مردبووم، ئەمما نەسیمی لوتفی تۆ دیسان
مەسیحئاسا، دەگەڵ خۆی نەشئەیی ڕۆحپەروەری هێنا
کەوا پارچەی غەزەل دەبڕین لە دیوانی موحەببەتدا
ئەتۆ پشتی غەزەل دێنی، "ئیمامی" ئەستەڕی هێنا

کانی‌بەن، ١٣٣٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٩٥ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## ح. ٣ وەڵامی حەقیقی

ئەوا سۆزەی بەیان دیسان پەیامی دڵبەری هێنا
نەسیمی ڕۆحپەروەر عەتری عوود و عەنبەری هێنا
شنەی بای مەرحەمەت دیسان لەلای کوێستانی "کانی‌بەن"

چ خۆش بۆنی هەڵاڵە و سوێسنە و سۆسەنبەری هێنا
نە زیندوو بووم نە مردوو نامەکەت ئاوی حەیاتی دام
نە قاسید بوو نە کاغەز، ساقی ئاوی کەوسەری هێنا
لە وێنەی سونبول و لالە و گوڵ و گوڵئەتڵەسی و شەوبۆ
حەریر و ئەتڵەس و جەرسە و قەنەوز و مەخمەری هێنا
لە ڕووی نەخش و نیگاری پیرەکوێستانی تەبیعەت بوو
موهەندیس چوو نموونەی ڕامسەر و بابولسەری هێنا
سزد گر زندە گردد مردە از نامت مسیح‌ئاسا
کەوا بۆ مەسکەنی "سەردار" نامەی سەروەری هێنا
عەزیزم شەرحی دووری تۆم شەوێکی تاکوو ڕۆژ نووسی
سبەینێ زوو قەڵەم ئیعلانی خەتمی دەفتەری هێنا
قیامی قامەتت بۆ ئەهلی دڵ قامی قیامەت بوو
قەتاری کۆچ و بارت بۆ موکریان مەحشەری هێنا
گڕی دڵ زۆر بەتینە وا زوو ناکووژێتەوە "کامیل"!
"حەقیقی" دەستەچیلەی دڵ، "ئیمامی" ئاگری هێنا

بۆکان، ١٣٣٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٩٦ ی چاپی جەعفەر. لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

## ئا. ٣ نامەی ئاوات بۆ حەقیقی

لە ئەحواڵی "ئیمامی" گەر دەپرسن چۆنە بێ ئێوە!
سەری سوورماوە، لەم کوێستانەدا بێ‌هەمدەم و نێوە
بکەن ڕەحمێ بە حاڵی، هەر بەحاڵ هێزی لەبەردایە
عەجایب گیری کرد لەم سەرزەمینەی پڕ کەژ و کێوە
مەڵێن: کوێستانە جێگای، لێی گەڕێن قشلاغ و بژوێنە
بە ئینسان چی، کە حەیوان تێر دەخوات و خەڵکی بێ‌شێوە!

ئەگەرچی گیاوگژی ئەم سەرزەمینە سەوز و تێراوە،
بەڵام بۆ من لە دووری ئێوە وشك و پڕ چڵوچێوە
فیداتان بم، وەرن لوتفوو هەبێ، ڕۆژی هیلاکەتمە
نەیەن بێنێونیشانم، بێنە لام هەر "کامیل"م نێوە

کانیبەن، ١٣٣٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٩٧ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## ح.٤ وەڵامی حەقیقی

قاسید پەیامی دڵبەری دا، دڵ نەما خەمی
بەهبەه چ قاسیدێکی مەسیحادەمە، دەمی
"تاهیر" کە نووری دیدەیی تۆو سەروەری منە
بۆ چاوی من میسالی کلە، خاکی مەقدەمی
مەنزوومەکەی گەیاند و برینم کولایەوە
ئاخر بە فکری چارە بە، لای تۆیە مەرهەمی
فەرمووتە بۆ نەهاتی، نەهاتی منە مەگەر؟
قوربان زەمانە هات و نەهاتە هەموو دەمی
کوا دێتەجێ لە زیندەگییا ئارەزووی دڵ؟
چونکە هەزار ساڵە دەڵێن موددەتی کەمی
حاشا لە شایەتی کە گەدا بم لە دەرکی تۆ
نایدەم بە مڵك و ماڵی جیهان، عومری ئەدهەمی
"کامیل" دەمێ لە یادی "حەقیقی" هەتا هەیە
ناچێتە دەر، هەمیشە لە بەرچاو و سەر دەمی

(لاپەڕە ٣٩٨ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەھاتووە)

## ئا. ۴ نامەی ئاوات بۆ حەقیقی

گەر دەپرسی چۆنە کامیل؟ کاکە، دەردی کارییە!
برسییە، بێهێزە، گێژوویژە، کاری زارییە
ڕۆژ حەواسی پێ نییە، شەو خەستە و تەنبەڵ دەڵێی:[٣٤٢]
کۆڵەکێشی کردووە، تاکوو سەحەر هاوارییە
وا بڵاو و دەرهەم و لەتلەت بوو وەك زولفی بوتان
فکر و ئەحواڵ و حەواسی، عەینی تۆوی شارییە
غەیری کوندی ماڵخراپ و وشکەسۆفی ڕیشدرێژ
کێ دەڵێ ئەم وەختە خۆشە؟ گەرچی ئەمری بارییە
مام مەلاش ڕەببی کوتوپڕ بێ! هەدادانی نییە
کاری هەر قوولە و هەرایە، ئەم سەرە و ئەو خوارییە
خۆشییە لەو، چونکە مانگی خێرە، سەرفترەی هەیە
دەك بە زووخاوی ڕەشی بێ، هەر بە فکری زارییە
نان دەخۆم ئەمنیش بە قوززەڵقورتە، چا زووخاومە
گەر دەپرسی چۆن دەژی "کامیل"؟ برا! بێعارییە

(لاپەڕە ٣٩٣ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەھاتووە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

---

[٣٤٢] چاپی جەعفەر: خەستە وو

## ح. ٥ وەڵامی حەقیقی

"کامیل"! ئەو مانگی موبارەك فەڕز و ئەمری بارییە
مانگی نوێژ و تاعەت و سەرفترە وو دینداریيە
لەززەتی ڕۆژوو ئەتۆ تێفکرە عەینی ڕەحمەتە
خواردنی ڕۆژێ ئەتۆ بڕوانە زەهری مارییە
دەنگی قورئان خوێندن و ئەڵڵاهوئەکبەر دێ مودام
کەی لە مانگی دیکەدا تۆ گوێت لە دەنگی قارییە
بیستوحەوتەم حامیلی قورئانە جەبریلی ئەمین
حامیلی وەحیی موبین بۆ ئەحمەدی موختارییە
لەیلەتولقەدرێ کەوا سەفسەف مەلاییك دێنەخوار
دەرکی ڕەحمەت بازە، عاسی! وەختی گریە و زارییە
دەرکی دۆزەخ داخرا دەرکی بەهەشت ئاواڵەیە
موژدە بێ ڕەحمەت دەبارێ باری عامی بارییە
سەیقەلی ژەنگی مسی ساڵێکە سەرفترە و زەکات
مشتومالی نەفس و ماڵە سوننەتێکی جارییە
مامەلای بێچارە، کاروبارێکی دیکەی نییە
یازدە مانگان خەوتووە و ئەو مانگە وەختی کارییە
کاکەگیان ئێستا "حەقیقی" زەوقی جارانی نییە!
تەبعی تۆ سەرشارە، ئەمما شێعری من بێعارییە

بۆکان، ١٣٤٧ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٩٤ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

# نامەی شیعری گۆڕینەوەی ئاوات و خاڵەمینی بەرزنجی

*سەرجەم ٤ پارچە شیعر*
*سیٚ پارچەی ئاوات و یەك پارچەی خاڵەمین*

خاڵەمینی بەرزنجی نەغەدەیی، یەك لە پێشڕەوانی شیعری قوتابخانەی موکریانە کە دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ شاعیرانی دیکەی دوای سەیف، وەك هەژار و هێمن و هێدی و ئاواتدا هەبوو بەڵام بەداخەوە بە شێوەی پێویست نەناسراوە. شیعری خاڵەمین لەوپەڕی جوانی و پڕواتایی و نیشتمانپەرستیدان. لە دیوانی شاری دڵ دا، سیٚ پارچە شیعری ئاوات تۆمار کراون کە ڕوو لە خاڵەمین گوتراون، بەڵام کتێبەکە تەنیا یەك پارچە شیعری خاڵەمینی تۆمار کردووە. شیعری "هەستە کامیل..."ی ئاوات و "هەستە ناقیس..."ی خاڵەمین لە ساڵی ١٣٦٠ هەتاویدا گوتراون.
ئەو شیعرانە، بەتایبەت تاقە شیعرەکەی خاڵەمین و دوو شیعری ١ و ٢ ی ئاوات بەیەکەوە پەیوەندییان هەیە. ئەو پەیوەندییە لە گەڵ شیعری یەکەمی ئاواتدا، بریتییە لە کێش وسەروای هاوبەش، هەروەها چەند لە دەستەوشەی خاڵەمین، کە ئاوات لە شیعری خۆیدا کەڵکی لێوەرگرتوون و دووپاتی کردوونەتەوە: دەسویٚ، نەسویٚ، سەر سویٚ.
پەیوەندیی شیعری خاڵەمین لەگەڵ شیعری دووەمدا جگە لە هەندێك دەستە وشەی هاوبەش، بە تایبەت لەوەدایە کە ئاوات وەڵامی پرسیاری خاڵەمین دەداتەوە کە پرسیبووی لەکویٚ دەبیٚ بێم بۆ لات؟
بەڵام لە پەیوەندی ئەو شیعرانەدا دەبیٚ دەست نیشانی هەندێك خاڵ بکەم کە ئەگەر وەك ناتەواوی سەیریان نەکەین، لانیکەم پرسیارن و دەبیٚ وەڵام بدرێنەوە:
خاڵەمین لە هەمان شیعری "هەستە ناقیس..."ی ساڵی ١٣٦٠ دا لە ئاواتی پرسیوە "لەکوێی بێم بۆلات؟" ئەی چۆن ئاوات لە شیعری "هاوین بوو، گەرم بوو..."ی ساڵی

١٣٦٣ ی خۆیدا، ٣ ساڵ دواتر، ئاماژە بەو پرسیارە دەکات؟ تۆبڵێی هەڵەیەك نەکەوتبێتە مەسەلەی دیاریکردنی ڕێکەوت بۆ شیعرەکانەوە؟ ئەو هەڵەیەی سەرەوە کاری کێیە کە وا خوێنەر و کەسێکی وەك من، کە مەجبوورە لێیان ورد بێتەوە، تووشی گێژوگومی دەکات؟

بە هەمان شێوە، لە فەردی حەوتەمی شیعری "هەستە کامیل..."دا، ئاوات ئاماژە بە هەواڵێك دەکات کە گوایە خاڵەمین پێیداوە بەڵام ئێمە لەشیعری خاڵەمیندا نابینین. ئاوات دەڵێ تۆ گوتووتە هەرکەس لە ماڵی خۆی دەرکەوێت و بچێت بۆ نوێژ وەبەر گوللە دەکەوێت؛ ئینجا ئاوا بە گوێی خاڵەمینیدا دەدات: باشە خۆ ئەگەر کەسەکە لە ماڵیش نەچێتە دەر، لەبەر خەم و خەفەت لە ژوورەوەدا دەپوێت چونکو بەشی کوردان مردن یان کووژرانە و [دوژمن] تەرمەکەشمان فڕێدەدات و ئەوەشی لەدەست دێت! لەو بارودۆخەدا کەژ وکێومان لێ بۆتە قەبرستان.

باشە وەڵام بۆ ئەو پرسیارە چییە؟ ئایا نابێ بچینە سەر ئەو باوەڕەی کە:

ئا. ئەو شیعرەی خاڵەمین بە ناتەواوی چاپکراوە، یان

ب. شیعرێکی دیکەشی هەبووە کە لە کتێبەکەدا نەهاتووە و کەسیش ئاماژەی بەو ناتەواوییە نەکردووە.[٣٤٣]

هەرچۆنێك بێت، نامەی "هەستە ناقیس..."ی خاڵەمین دۆستانەیە و تژییە لە ڕێز و ئیرادەت و خۆشەویستی بۆ ئاوات. نامەی "هەستە کامیل..."ی ئاواتیش لە هەمان فەزای دۆستانەدا نووسراوە بەڵام لە دێڕی چوارەم بەدواوە سوورێك بە شێعرەکە دراوە و بەرەو ئاقارێکی سیاسی براوە: ڕێگەی خەباتی گەل و بە ئاوات گەیشتن و...... ئەو بۆچوونە لە فەردی هەشتەم و نۆیەم بەدواوە خەستتریش دەبێتەوە کاتێ کە دەڵێ: "مردنە، کوشتنە بەشی کوردان" و دوای هەموو ئەو خەمخواردنە بۆ مەزڵوومییەت و بندەستیی گەلەکەی، ئاوات لە میسراعی دووهەمی فەردی کۆتایی شیعرەکەدا پەیامێك

---

٣٤٣ سەبارەت بەوەی کە خاڵەمین گوتبووی هەرکەسێ بچێت بۆ نوێژ گوللە دەیئەنگێوێت، پێویستە بڵێم ئەو هەواڵە و وەڵامەکەی ئاواتیش کە هەرکەسیش بەر گوللە نەکەوێت، لە ماڵێدا بە دەردی ئەوانەوە دەپوێت، هەموو ویدەچێت ئاماژە بن بە شەڕی نەغەدە لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨ [١٩٧٩]دا و ئەنجامەکەی کە بووە هۆی ڕاونان و کووژران و کۆمەڵکوژیی زۆری کوردان لە شار و گوندەکانی دەوروبەری نەغەدە وەك قاڕنا و قەڵاتان لە شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بە دەستی مەلا حەسەنی- ئیمام جومعەی شاری ورمێ و فەرماندەی سوپا و نەیارە خۆجێیەکانی کورد دژ بە گەلەکەمان.

ئاڕاستەی خاڵەمین و خوێنەرانی دیکەی شیعرەکە دەکات و دەڵێ: "گوڵی هیوا بە خوێنی گەل دەڕوێ!". خەمتان نەبێ، هیوا لەدەست مەدەن، ئەو خوێنانە یارمەتی گەلەکەمان دەدات بە ئاواتەکانی بگات.
بە بۆچوونی من، هەردوو ئەو شیعرانەی سەرەوە کە لە لایەن ئاواتەوە بۆ خاڵەمین نێرراون، دەبێ وەڵامیان بووبێت، بە تایبەت کە لە شیعری یەکەمدا دەڵێ "خاڵێکی عەزیز بوو، ناردی هۆنراوەی جوان"؛ بەڵام بەداخەوە لە هیچکام لە چاپەکاندا ئەو وەڵامانە دەرنەکەوتوون. هەرچۆنێك بێت، شیعرەکانی ئاوات لە دیوانی 'شاری دڵ'دا، ڕێکەوتی ساڵانی ١٣٦٠، ١٣٦٣ و ١٣٦٥ ی هەتاوی [١٩٨١، ٨٤ و ٨٦ زایینی] یان بۆ دانراوە و تاقە شیعرەکەی خاڵەمینیش ڕێکەوتی ١٣٦٠ ی بۆ نووسراوە.
شیعری "هاوین بوو، گەرم بوو..."ی ئاوات باس لە حەڵاڵ بوونی "خوێنی مە، بۆ وان" دەکات. ئەوە درێژەی هەمان هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەیە و خوێنەکە خوێنی گەلی کوردە؛ وان یان ئەوانیش حکوومەتی ئێران و ڕەگەزپەرستانی دژ بە کوردن. لە هەمان شیعردا (فەردی ٨ و ٩) دەڵێ سەرەڕای ئەو خوێنڕژانە، هێشتا کورد نەبەزیوە و ناوی بە ئازایەتی دەبەن و "قارەمانی گەلی کورد"یش نەبەزیوە.
پرسیار: ئەو "قارەمانی گەلی کورد" ە کێیە؟ بە بۆچوونی من ئەگەر تاکە کەس بێت ئەوا لە بارودۆخی ئەو ساڵانەدا ناتوانین جگە لە شەهید دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو بیر لە کەسیکی دیکە بکەینەوە، هۆکاریش بەوە دەزانم کە ئەو شەڕەی وا لە نەغەدە ڕوویدا شەڕێك بوو لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستان کرا و لەو ڕۆژە و لەو شوێنە، بڕیار بوو دوکتۆر قاسملوو وتار بدات و خۆیشی لەوێ ئامادە بوو. بەڵام بە بۆچوونی من ئەو قارەمان و قارەمانیەتییە هی تاکەکەس نییە و نیازی شاعیر، گەلی کورد بە گشتییە و ئەوەش بە باشی لە واتای گشتیی فەردەکە دەردەکەوێت.
شیعری سێهەمی ئاواتیش، کەم و زۆر، هەر ئەو ناوەرۆکە ناسراوەی ناو شیعرەکانی پێشووی ئەوی هەیە کە خوێنەر لەگەڵیدا ناسیاوە: پیرم، شێواوم، شکاوم، لەیاران بەجێ ماوم، لەبەر یەکچووم، لە دەستچووم، ماڵە ڕووخاوم و فەوتاوم. لە یەك جێگا نەبێ کە دەڵێت "جاری واشە دێمە ڕیزی جوانان، دەڵێم لاوم ئەمن". هەر بەو ڕۆحە شکاو وهەڵوێستە نەرێنییەوە داوا لە خاڵەمین دەکات فریای بکەوێت و پێش ئەوەی بخنکێت لە گۆلاو[ی ژیان] دەریبهێنێت. ئەوە شیعرەکانن:

ئا: ئاوات
خ: خاڵەمین

## خ. ١ نامەی خاڵەمین بۆ ئاوات

هەستە ناقیس! بنووسە بۆ 'کامیل'
شێعری تازە و تەڕ و بەتام و خوێ
دوای سلاو و دەسی لە سەر سینگت
بڵێ بۆ زیارەتێکی بێمە کوێ؟
دڵی من ڕۆژ و شەو لە بیری ئەوا[344]
دڵ و گیانم بە یادی تۆ دەدوێ
هەر منم دڵ دەداوی تۆ کەوتوو
هەر ئەتۆی ڕاگری منی بە موێ
دڵی وێران و شێعرەکانی تۆش
هەروەکوو جەرگی خۆمە، توێبەتوێ
باشە چیدی سەرت نەیێشێنم
هەر بژی بەو زووە لەشت نەپوێ
"خاڵە" بۆ دۆستیت هەتا ماوە
وەکوو کێوە، لە جێیخۆ نابزوێ

نەغەدە، ١٣٦٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٢٣ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا دەرنەکەوتووە)

---

[344] لە دەقەکەدا وەك "ئەوا" نووسراوە، واهەیە بە واتای "لەبیری ئەودایە" بێت. بەداخەوە دیوانی شیعری خالەمینی نەمرم لەبەردەستدا نییە بەراوردێکی لەگەڵ دەقی ئەو بکەم بۆئەوەی بزانین بۆچی لە میسراعی یەکەمی فەردی سێهەمدا "ئەو"، وەك سێهەم کەسی ڕێزمانی هاتووە و لەمیسراعی دووهەمدا "تۆ"ی دووهەم کەس؟ هیوادارم ئەو نامە شیعرییانەی ئاوات و خاڵەمین لە دیوانەکەی ئەودا دەرکەوتبێتن.

## ئا. ١ وەڵامی ئاوات بۆ خاڵەمین

هەستە کامیل! کە خاڵەمین دەدوێ
جوان دواوە، لە ڕۆحی ئەمنی کەوێ
بیر و هۆشت وەکۆکە بشزانە
خاڵە داخۆ سەری لە چی دەسوێ
خاڵەگیان! پێش ئەوەی کە نامەت بێ
پاکی جەرگ و دڵم ببوو توێتوێ
هۆنراوەت بە ڕێكوپێکی گەیشت
مردبووم من، ژیامەوە لە نوێ
یا خودا هەر بژی بە بیروڕا
پێت لە ڕێگەی خەباتی گەل نەسوێ
هەر بژی تا دەگەی بە ئاواتت
بەرهەڵستت نەبێ هەتا سەر سوێ
خەم نەبێ خاڵی من، بە خەم هەرگیز
بەژنە بەرز و بەڕێزەکەت نەنوێ!
تۆ دەفەرمووی کەسێ بچێ بۆ نوێژ
جێبەجێ خۆ بە گوللەیەك دەنگوێ
خۆ ئەوی ناچتە دەر لە ماڵی خۆی
بە خەم و دەردی وانەوە دەپوێ
مردنە، کوشتنە بەشی کوردان
تەرمەکەش توورِ دەدا و بۆی دەلوێ
کەژ و کێوی مە بۆتە قەبرستان
گوڵی هیوا بە خوێنی گەل دەڕوێ

قاقلاوا، ١٣٦٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٢٤ و ٤٢٥ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا دەرنەکەوتووە)

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

## ئا. ٢ نامەی ئاوات بۆ خاڵەمین

هاوین بوو، گەرم بوو، ساڵی شەست و سێ بوو[٣٤٥]
نامەی گوڵی دڵ گەیشت، دەزانی کێ بوو؟
خاڵێکی عەزیز بوو، ناردی هۆنراوەی جوان
جوان بوومەوە بەو نامە، ژیانی پێ بوو
یا خوا قەڵەم و دەست و دڵی باقی بێ
خاڵ بوو لە دڵم خەیاڵی نیشتەجێ بوو
پێش هاتنی شێعرەکانی ڕێكوپێکت
جەرگ و دڵی "کامیل"ت هەموو توێتوێ بوو
ئەو نامە کە قووتی ڕۆحی من بوو خاڵە!
زۆر خۆش بوو لە لام، چونکی بە تاموخوێ بوو
فەرمووتە لە کوێی کە بێمە لات تاوێکی
بۆ هاتنی تۆ دڵم سەری لە سوێ بوو
هەرچەندە کە خوێنمان حەڵاڵە لای وان
هەرلایە دەچووی تەرمی جوانی لێ بوو
بڕوانە بەڵام شوکور بە ئازادی دەبەن
نێوی گەلی کورد لە شاری یا لادێ بوو
هەروا نەبەزیوە قارەمانی گەلی کورد
بەو باسە ژیا کوردێ ئەگەر گوێی لێ بوو
تۆی خاڵە! کە بوویە هۆی وتاری "کامیل"
تەبع و غەزەل و فکری دەنا لە کوێ بوو؟

---

[٣٤٥] هاوینی ساڵی شەست و سێ، واتە ١٣٦٣ ی هەتاوی بەرانبەرە لەگەڵ ساڵی ١٩٨٤ ی زایینی.

قاقلاوا، هاوینی ١٣٦٣ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٢٦ و ٤٢٧ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا دەرنەکەوتووە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن اخرب مکفوف محبوب:مفعول مفاعیل مفاعیل فعل (وزن رباعی)

## ئا. ٣ نامەی ئاوات بۆ خاڵەمین

هەروەکوو ماسی لە نێو گۆلاوی لێلاوم ئەمن
هەڵدەسووڕێم بێ‌دەس و پێ، تازە شێواوم ئەمن
تۆ ببە غەوواس، دەرمبێنە لە ئاو تۆخوا، کەسم!
خاڵە گیان فریاکەوە، تاکوو نەخنکاوم ئەمن!
هەم‌قەتار بووم خۆ لەگەڵ یاران لە مزڵێکی ژیان
کاروان ڕۆیشت و نەمزانی، بەجێ‌ماوم ئەمن
من کە پیر بووم و لە قیس چووم، خۆ بەڵام بەو حاڵەوە
جاری واشە دێمە ڕیزی جوان دەڵێم لاوم ئەمن
خاڵە گیان! چاوێك لە ئەندامی لەبەریەك چووم بکە
هەروەکوو لانکەشکاوێکم کە چڕژاوم ئەمن
دار و پەردووی لەش دەس و پێیە، ئەویشم چوو لە دەست
لانکە نا، ئەم‌جارە هەروەك ماڵە ڕووخاوم ئەمن
نایەتە جێ تازە خاڵە ئارەزووی "ئاوات"ی پیر!
هەر دەبێ بانگ کا، بڵێ خۆ تازە فەوتاوم ئەمن

قاقلاوا، ١٣٦٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٢٢ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا دەرنەکەوتووە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# نامەی شیعری گۆڕینەوەی ئاوات لەگەڵ نووری

*سەرجەم ٦ پارچە شیعر*
*سێ شیعری ئاوات و سێ شیعری نووری*

مامۆستا محەمەدی نووری (پێشتر: عەتری گڵۆڵانی)، یەك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شیعری قوتابخانەی موکریانە.
نووری (١٩٢٦- ٢٠٠٩) چەند قۆناغی جیاجیای لە ژیانیدا بڕیوە:

- سەردەمی پێش کۆماری کوردستان لە گوندەکانی ناوچەی موکریان و بەگشتی گەورك، لای ئاغاوات کاری میرزایەتی کردووە.
- سەردەمی کۆمار و هاوکاریکردنی کۆمەڵەی ژێکاف و حزبی دیموکراتی کوردستان، شیعری وەك *"نامەوێ ئەو ژینە تاڵە، یا وەتەن یا مردنم"*ی گوتووە.
- سەردەمی بێدەنگی دوای هەرەسی کۆمار.
- سەرهەڵدانەوەی ساڵانی ١٣٣١ و ٣٢ی هەتاوی و هاوڕێیکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی ناوچەکە دژ بە ئاغاوات.
- سەردەمی دوای ئیسلاحاتی ئەرزیی حکوومەتی ئێران لە ساڵانی ١٣٤١ و ٤٢ و هەڵسووڕاویی لە ڕیزی خەڵکدا دژ بە ئاغاوات.
- بوون بە نوێنەری ناوچەی بۆکان لە مەجلیسی شۆڕای میللی ئێران دوابەدوای ئەو ئیسلاحاتە و لایەنگریکردنی ڕژیمی شا.
- ڕووخانی ڕژیمی شا لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ دا و هەڵوەشانەوەی مەجلیسی شۆڕا لە تاران و خانەنشینی و بێدەنگیی نووری.
- چالاکبوونەوە لە بواری شیعر و گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵانی خەڵك دوای ئەو ماوە بێدەنگییە، هەتا کۆچی دوایی کردنی.

شیعری یەکەمی ئاوات، "نووری، ئەی مایەیی ژین...."، غەزەلێکی کورت بەڵام قورس وقایم و پڕ لە خلووس و ئیرادەت نواندن دەرحەق بە دۆستێکی لەمێژینەیە کە ماوەیەکە هەواڵی ئاواتی نەپرسیوە و شیعری تازەی خۆی بۆ نەناردووە. بەداخەوە ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دیار نییە و نازانرێ هی سەردەمی حکوومەتی شا بووە یان دوای ئەو.

شیعری یەکەمی نووریش، "ئەی بە سەربەرزی ژیاوی..."، وەڵامی شیعرەکەی ئاواتە لە سەر هەمان کێش و سەروا، کە تێیدا ڕێزێکی زۆر لە کەسایەتی و ژیان و کار و خەباتی ئاوات دەگرێت و پاشان ئاماژە بەخۆی دەکات و 'دڵە پڕ لە ئاواتەکەی' کە 'ئێستە لە خوێندا دەتەپێ' و خۆی بە 'مۆمێکی کووژاوە' دەشوبهێنی و داوا لە ئاوات دەکات 'هەڵیبکاتەوە'. هیچ خوێنەرێکی ئاساییش ناتوانێ لە خوێندنەوەی شیعرەکەدا دڵی لەگەڵ ئەو کەسایەتییە خاوەن هەستە و بێژەری ئەو شیعرە قورس و قایمە نەبێت کە بەو شێوەیە لە داوی بارودۆخە شێواوە ئاڵۆزەکەیدا ئەسیر ماوەتەوە.

شیعری دووەمی ئاوات (تەیری دڵ...) و وەڵامەکەی نووری (هەستی نێژراوی...)، هی ساڵی ١٣٦٣ ی هەتاوی (١٩٨٤ ی زایینی)ن. غەزەلەکەی ئاوات لەوپەڕی جوانیدایە و وەك هەمیشە خۆ بە کەمزانی و تەوازوعێکی زۆری تێدا دەبینرێت ئەو کاتەی وا خۆی بە تەپکە شکاو و پیرە کەروێشك و پیرە دۆمێکی موحتاجی جاو دەشوبهێنێت! شیعرەکە خوێنەر دەباتە فەزای ژیان لە گوندێکی کوردەواری بە بەفر و سەرما و تەپکەی ڕاو و دۆم و کلاشەوە.

هەڵوێست گرتنی لەم چەشنە لە حاند "دۆمەکان" وەك بەشێك لە گەلەکەمان، دیاردەیەکی کۆنە و ئەمڕۆیی نییە. دیارە ئاوات سووکایەتییەکی نە بە دۆم و نە بەکەس نەکردووە بەڵام تەعبیری خۆزگە بە دۆم خواردنیش زۆر لە جوان ناچێت!

فەردی چوارەم کارتێکەریی ئەم شیعرەی حافزی شیرازی تێدا بەرچاوە:

*"زلف را حلقه مکن تا نکنی در بندم*

*طره را تاب مده تا ندهی بر بادم"*

ساڵی گوترانی شیعرەکە ١٣٦٣ واتە ٦ ساڵ دوای ڕووخانی ڕژیمی شایەتییە لە ئێران. وەڵامی نووری (هەستی نێژراوی...) لە سەر هەمان کێش و سەروا و بە ناوەرۆکێکی هاوچەشنەوە گوتراوە و ئەویش گەلێك پڕلە هەست و لەبەردڵانە. ئەگەرێکی کەم هەیە کە مەتلەعەکەی نەنووسرابێت. لە غەزەلی کلاسیکدا زوربەی نزیك بە هەموو کاتێك، میسراعی یەکەم و دووەم لە فەردی مەتلەع هاوسەروا دەبن بەلام لێرەدا وا نییە؛ دیارە

ئەوە بێ پێشینە نییە و بەهەڵکەوت دیاردەی وا بینراوە. لە شیعرەکەدا ئاماژە بەو پەندە کۆنەی سەر زمانی خەڵك کراوە کە دەڵێ "باوەلێ باوێکی بەسە!" و لەسەر ئەو ئەساسە، نووری بە 'باوەلێ' بانگی ئاوات دەکات کە سیفەتێکە بۆ سەییدان و نیشانەی نزیکایەتی زۆر و تەنانەت قسەی خۆشە لە نێوانیاندا.
ئەوسالانە نووری گەڕابووەوە کوردستان و تا ڕادەیەکی زۆر لە گۆشەگیریدا بوو. ئاوڕدانەوەی ئاوات لە نوورییەکی تەریك کەوتوو، لەو ڕۆژانەدا، نیشانەی وەفا و دڵپاکیی ئاواتە. ئەودەم هێشتا کولۆکۆی ڕق و کین لە ڕژیمی شایەتی نەنیشتبووەوە و ڕاستەقینەی ڕژیمی مەلاکان لای بەشێك لەخەڵك هێشتا بە باشی دەرنەکەوتبوو. نووریش بەو ئاگرە سووتا بوو و لای هەندێك خەڵك، تڕۆ کرابوو.
کاتێکیش کە ئاوات لە شیعری دواییدا (بۆنەهاتی گیانەکەم...؟) لێی دەپرسێت "کاکە، بۆچت کردووە بێدەنگ کرای؟" دەیەوێت ئەو ناحەقییەی خەڵك دەربخات. لە کۆتاییشدا هانی نووری دەدات لە گۆشەگیرییەکەی بێتە دەرەوە و ئەگەر بانگهێشتنی شەوی شیعر کرا، بچێت. لام وایە ئەو شەوی شیعرەی وا جێگەی ئاماژەی ئاواتە هەر ئەوە بێت وا لە بۆکان بەسترا و مامۆستایان هەژار و ئاوات و حەقیقی (وخالەمین؟) تێیدا بەشدار بوون. گەرچی زیاتر وێدەچێت کۆبوونەوەیەکی خۆمانەتری دۆست و برادەرانی هەردوولا بووبێت کە پێش ئەو شەوی شیعرە لە ماڵێك بانگهێشتن کرابێتن بەڵام نووری تێیدا بەشداری نەکردبێت بەڵگەشم بۆ ئەو بۆچوونە ئەوەیە لە کۆتایی شیعرەکەدا ئاوات پێیدەڵێت "بۆشەوی شیعریش ئەگەر ناردیان، بچۆ".
نووری لە شیعری وەڵامدا (سەروەرم، واهەڵکەوت....) ئاماژە بەو بانگهێشتنە دەکات و دەڵێ نەخۆشی نەیهێشت بچم. بەڵام لە درێژەدا هەندێك شتی دیکە دەدرکێنێت کە دیارە ئەوانیش بەرگر بوون لە چوونی: "هەوری غەم تاریك دەکا ڕۆژێ کە 'نووری' دەرکەوێ" و "هەر بە زیندوویی مردم" و....، کە هەموویان ئاماژەن بە کاردانەوەی هەندێك خەڵکی ناحاڵی بەرانبەر بە نووری لە دەرکەوتنی لە ناو خەڵکدا. کۆمەڵگا هەندێك جار بەرانبەر بە خزمەتگوزارە ڕاستەقینەکانی خۆی بێ بەزەییە و کەسایەتی نووری و ژیانی ئەو سالانەی، نموونەیەکیەتی.

ئەوە شیعرەکانی ئاوات و نوورین:

*ئا: ئاوات*

*ن. نووری*

## ئا. ١  نامەی ئاوات بۆ نووری

نووری! ئەی مایەیی ژین و گوڕ و تینی ئاوات!
ئەی وتەی شیرن و جوانت هەموو وەك نوقڵ و نەبات
من بە ئاواتی دڵی خۆم نەگەیشتم، پیر بووم
چاکە بێمیننەتی پێ هاتمە ڕێی هات و نەهات
زۆر لەمێژە وت‌وویژت کە لەگەڵ من نەبووە
گێژوویژم، کڕ و کاس، غەم لە دڵم بۆتە قەڵات
مەلی دڵ ئێستە لەلای تۆ نییە، لێت تۆراوە
بە دوو سێ شێعری بلاوێنەوە، با بێتەوە لات
دەڵێ ماوێکە هەواڵێکی نەپرسیوە لە من
چاکە ئاوارە ببم، بچمە کەژ و کێوی وڵات

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دەست نیشان نەکراوە
(لاپەڕە ٤١٦ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

## *ن. ١  وەڵامی نووری بۆ ئاوات*

ئەی بە سەربەرزی ژیاوی لە هەموو کاتی حەیات!
ئەی نەوەستاوی لە هەنگاوی بەرەو بەرزی وڵات!
ئەی لە گوڵزاری ئەدەبدا گوڵی تێراوی بەیان!

ئەی لە ئاسمانی هونەردا دەشەکێ نێو و نەوات!
هیممەتی پیرە دەپێوێ هەموو مەودایی زەمان
پێ چیە بێت و نەبێ، ڕێگە چیە هات‌ونەهات؟
بەخودا مەستی هەواتە ئەوی هەستێکی هەیە
سەرە پێ‌بازە لە بەر پێت و دڵە پڕ لە هەوات
ویشکەرۆ ماوە دەروون و کپە مەڵبەندی وتار
قۆرغی قاڵاوە هەرێم چینە لە چی کا عەنقات؟
ئەو دڵەی کانگەیی هیوا بوو بە ئاوات دەژیا
لەتکە خوێنێکە لە خۆی‌دا دەتەپێ کات و سەعات
شەمی بێ«نووری» کوژاوەی شەوی تاریك و تەمم
وەرە ڕوونم‌کەوە ئەمجارە بە ئەنفاس و دوعات

بۆکان، بەفرانباری ١٣٦٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤١٧ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

## ئا. ٢ نامەی ئاوات بۆ نووری

بۆ نەهاتی گیانەکەم، دەعوەت کرای
خۆ لەگەڵ "ئاوات" لەمێژە تۆ برای
هێندە شیرینن برام! خۆت و وتەت
هەروەکوو قەند، هەربینا ڕۆژێك خورای
زوو بە تەنیا شاعیرێك بووی و بەڵام
ئێستە مامۆستایەکی داستان‌سورای
بەو هەموو تەبع و قەریحە جوانەوە
کاکە! بۆچت کردووە، بێ‌دەنگ کرای؟
خۆ لە ناو کۆڕی ئەدیبانی زەمان
زۆر بە زانا وو بلیمەت ناسرای

"نووری"! تۆ وەك نووری ڕۆژی ڕۆشنی
سەد چەلیش خۆ ون بکەی، هەر ئاشکرای
بۆ شەوی شێعریش ئەگەر ناردیان، بچۆ
چونکە بۆ ئەو مەجلیسە تۆ شەوچرای

قاقلاوا، ١٣٦٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٢٠ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرتەکە،
رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## ن.٢ وەڵامی نووری بۆ ئاوات

سەرووەرم! وا هەڵکەوت ئەوڕۆژە وا دەعوەت کرام،
لەش‌بەباری باری خستم بۆ نەخۆشخانەی برام
کۆڕی گەرمی هۆنەرانی ڕێ نەدام جەوری زەمان
بەختی نوستوو کاری خۆی کرد وا لە «ئاوات» هەڵبڕام
داری ویشکی بێ‌بەروباڵم لە کێوپارەی ژیان
بۆ مەلی ڕێبواری شەو بێ‌جێ وەبەر بیوران درام
هەوری غەم تاریك دەکا ڕۆژێ کە «نووری» دەرکەوێ
کەی لە نێو تەیمان و تانەی ڕێگراندا ئاشکرام؟
تۆی لە مەیدانی ئەدەب‌دا شاسواری بێ‌نەزیر
بۆ شنەی شەوگاری شێعریش تۆ چرای، من پاچرام
دەست و پێیان لێك‌دەدەم بۆوەی کە "ئاوات" سەرکەوێ
ڕۆژی ڕەش مەودای نەدامێ هەر بە زیندوویی مرام
دەرکی داوام داخراوە گوێچکەیی گەردوون کەڕە
خۆ دەنا ئاسانە ببیە ئاسمان دەنگ و هەرام

بۆکان، ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٢١ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

## ئا. ٣ نامەی ئاوات بۆ نووری

تەیری دڵ بێپەڕوپۆ، تەپکە شکاوێکی بەسە
چاوەڕێی تۆیە کە بێی، گەرمەسڵاوێکی بەسە
مەڵێ زستانە، جلی پیر و فەقیر پارە بووە
ڕۆژی ڕووت دەرخە، هەتیو تۆزە هەتاوێکی بەسە
پاییزە، فەرموو تەماشا بکە لانەوخوارم
پیرەکەرویشکێ لە گوڕ کەوتبێ، ڕاوێکی بەسە
ئەو هەموو زولفە بە زەنجیری مەکە بۆ ملی من
تەیرێ وا بێپەڕوباڵ کەوتبێ، داوێکی بەسە
سەیید و پیر و فەقیرم، وەرە لێم قەوماوە
بۆ منە ئەو مەسەلە: «باوەلێ باوێکی بەسە»
وا بە سەرڕووتیی و پێخاوسی هاتۆتەوە لات
"کامیل"ت جووتە کڵاشێك و کڵاوێکی بەسە
هێندە هەر هاتم و چووم، خۆزگە بە دۆم دەخوازم
پیرەدۆمێکی هەژار جاوە دڕاوێکی بەسە

بۆکان، ١٣٦٣ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤١٨ ی چاپی جەعفەر، لە چاپی ئەنیسیدا نییە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

## ن. ٢ وەڵامی نووری بۆ ئاوات

هەستی نێژراوی دەرێناوە لە ناو گۆڕی سکووت
مەسەلەی کۆنە[٣٤٦] دەڵێن «باوەلێ باوێکی بەسە»
باوەلێ! دیارە کە شەمزاوی بە باوی گەردوون،
خۆ دەنا زوقمە خەریف[٣٤٧] خۆی بزە تاوێکی بەسە
باوەلێ، بادەوە سەر باو و گوڕی کاتی کوڕی!
شیر هەتا کۆن بێ دەڵێن هەر لەپە ساوێکی بەسە
گێژی گێژاوی بەڵا بێ ئەوی دەشکێنێ دڵت!
لای خودا دەستی دوعا قەلبی شکاوێکی بەسە
بە چەکی شیری برۆ و تیری بژانگ هەڵمەکە دڵ
شیر و تیر بۆچی دەسووی؟ سیلەیی چاوێکی بەسە!
نەتەوی بۆچی بزانێ بە هەموو هەستی دەروون
دڵ بە دڵ ڕێی بێ. هەرای بۆچیە؟ قاوێکی بەسە!

بۆکان، ١٣٦٣ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٠ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

٣٤٦ چاپی جەعفەر وەك 'مەسەلەی کۆنی' تۆماری کردووە. باوەکوو ئەو شێوازەی ڕستەکەش هەر واتا دەبەخشێت، بەڵام پێموایە 'مەسەلەی کۆنە...' بۆ شوێنەکە پڕ بەپێستر بێت.
٣٤٧ چاپی جەعفەر وەك 'حەریف'ی تۆمار کردووە. بڕوانە ڕوونکردنەوەی سەرەوەتری من.

## نامەی شیعری گۆڕینەوەی ئاوات
## لەگەڵ سەلاحەددینی ئاشتی

یەك پارچە شیعری ئاوات بۆ ئاشتی و شیعرێكی ئەویش بۆ ئاوات لە چاپی جەعفەردا تۆمار كراوە.
سەلاحەدینی ئاشتی نووسەر و وەرگێڕی مەهابادی و كەسایەتییەكی دڵسۆزی گەل و نیشتمانە. نموونەیەك لە كارەكانی كاك سەلاح، وەرگێڕانی هەردوو بەرگی شەرەفنامەی بەدلیسییە لە فاسییەوە بۆ سەر زمانی نەتەوایەتیمان.
بەگوێرەی ئەو نامەگۆڕینەوانەی ئاوات و ئاشتی، كە لە خوارەوە دەیانبینین، هەروەها بە حیسابی ئەو وێنانەی وا لە دیوانی 'شاری دڵ' دا دەبینرێن و هەردوو كەسەكە پێكەوە پیشان دەدرێت، دەبێ پەیوەندێكی گەرم وگوڕی دۆستانە لەنێوان ئەو دوو كەسایەتیەدا بوویێت و بەپێی جیاوازیی تەمەن و شێوازی نامەكەی كاك سەلاح، ئەو پەیوەندییە، مامۆستا و شاگردی بووە:

*"هەر بە دووتا دێم هەزاران جار بەجێم بێڵی و بڕۆی*
*شەم پەپوولەی چۆن نەوێ، ئەو وا مەبەستی دێتنە"*

بەڵام ئاوات لە نامەكەی خۆیدا ئاشتی بە "هۆنەری بەڕێز" ناو دەبات و بە شێوەیەكی خۆمانە و دۆستانە بە "سەلاح" بانگی دەكات.
كۆتاییەكانی هەردوو شیعرەكە وەرچەرخانە لە ناوەرۆكی دۆستانە و شەخسییەوە بۆ بابەتێكی گشتگیری سیاسی و نیشتمانی. ئاشتی لە نیشتمان و وتەی نیشتمانیی ئاوات دەدوێت و بە هیوایەكی قورس و قایمەوە دەڵێ "ڕۆژێكی ئاسۆ ئی منە". ئاواتیش دوای باسی ساردبوونەوەی ئاگری لاویەتی لە لەشی خۆیدا، كێشە شەخسییەكە دەكاتە مەسەلەیەكی سیاسی و دەپرسێت "بۆچی خۆری گەرمی گەل هەروا لە سووچ و قوژبنە؟"
شیعری ئاشتی لەوپەڕی جوانی و ئیجازدایە و بیرێكی قووڵی لە قاڵبێكی بچووكدا ڕاگەیاندووە. شیعری ئاواتیش كە هەمان پاكی و ڕاستییەی شیعرەكانی دیكەی ئەوی

تێدا دەبینرێت، ڕێك و پێك و پڕ لە سەناعاتی شیعرییە و بە شێوەیەکی وەها هونەرمەندانە باسی سروشت و سەرماو سۆڵی کۆتاییەکانی زستانی ناوچەکە دەکات کە خوێنەری نائاگا لە مەسەلەکەش کاتی خوێندنەوەی، لە ماڵی گەرم وگوڕی خۆیدا هەست بە تەزووی سەرمایەك بکات!

چاپی جەعفەر، ڕێکەوتی ڕۆژ ومانگ و ساڵی هەردوو شیعرەکەی دەست نیشان کردووە و لە پەراوێزی شیعری ئاشتیدا ئەم دوو دێڕەی نووسیوە:

*"نامەی "سەلاحەددین ئاشتی"، خۆشەویستی ئاوات لە کاتی سەربازی‌دا کە لە شاری بووشێهرەوە ئەو شێعرانەی لەگەڵ نامەیەکی چەند لاپەڕەیی بۆ "ئیمامی" نووسیوە. ١٣٦٥/١٠/١٠ ی شمسی [دوایین ڕۆژی ساڵی ١٩٨٦ ی زایینی]"*

ئەوەش شیعرەکان:

## نامەی سەلاحەددین ئاشتی بۆ ئاوات

سەییدی پیرۆزی ئازیز! یادی تۆ دەمدا دنە
دڵ وەکوو پۆلوویە قوربان! تۆش کە لێم بوویە شنە
ڕێی ئەوین ئاورینگە، دێت و زێڕوەشانی لێ دەکا
خۆشەویستی ئارەزوویە بێ‌سنوور و گوڵچنە
من شەوم دایم بە دووی خورشیدی خاوەردا دەڕۆم
ئەی هەتاو! ڕاوەستە تاوێ، شەو خەریکی سووتنە
هەر بە دووتا دێم هەزاران جار بەجێم‌بێڵی و بڕۆی
شەم پەپوولەی چۆن نەوێ، ئەو وا مەبەستی دیتنە
پاڵ وەلاشیپانی دەرگاکەت دەدەم ئەوسا دەڵێم
پێك‌گەیشتنمان بە مەرگیشم تەواو بێ، شیرنە
ئەو وتەی لێوتی بە نێوی نیشتمانێ کردەوە
زەردەیی ڕووناکییە، موژدەی لە کەل سەرکەوتنە
قەف‌قەفی کێو و چیا کوا بەرگری بیرم دەکا
ئاخری هەر پێدەگەم، ڕۆژێکی ئاسۆ ئی منە

۱۳٦٥/۱۰/۱۰
(لاپەڕە  ٤٢٨ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا دەرنەکەوتووە)

## وەڵامی ئاوات بۆ ئاشتی

هۆنەری زانا و بەڕێزم! یادی تۆ یاری منە
گەرچی وێنە جوانەکەت ئێستا، لە بەرچاوم ونە
وا پەرێشان و هەراسانم، بە مەرگی تۆ سەلاح!
با بزانی مەرگی من گیانە لە تۆ دوورکەوتنە
تۆ کە نووسیوتە ئەوا لێرە بەهارە و خۆشییە
بای شەماڵ دەشنێ لە مەڵبەندی هەلاڵە و سوێسنە
هەروەکوو فەرمووتە دیارە شین بووە سەحرا لەوێ
ڕۆژی سەیرانە و پیاسە، کاتی گوڵ پشکووتنە
شاد و خۆشحاڵم کە موژدەی خاکەلێوەت دا بە من
بەو هەواڵە بولبولی تەبعم ئەوا کەوتە قنە
بۆچی ناشوکری نەبێ، لێرە هەوا سارد و سڕە
بای شەماڵ ساردە، کوژەی منداڵ و سەد پیاو و ژنە
زوو، کە من ئاورم بەتین بوو، عالەمی سووتاندبوو
ئێستە ئاگردانەکەم هێند ساردە جێی لێ نووستنە
تا تەنوورم گەرموگوڕ بوو، نانی گەرمم هەر نەدی
ئەو ئەوا دامردووە، خۆشم ئەوا بوومە پنە
کاکی "ئاوات"ە لە سەرمان هەڵدەلەرزێت و دەڵێ:
بۆچی خۆری گەرمی گەل هەروا لە سووچ و قوژبنە؟

قاقلاوا، ۱۳٦٥/۱۰/۲۰ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٢٩ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا دەرنەکەوتووە)

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## نامەی شیعریی سوارەی ئێلخانی زادە بۆ ئاوات

بە داخەوە، تەنیا یەك پارچە شیعری كاك سوارە بۆ ئاوات لە چاپی جەعفەردا تۆمار كراوە و هیچ شیعرێكی ئاوات بۆ ئەو، نەكەوتۆتە بەرچاو.
نەمر مامۆستا سوارەی ئێلخانی زادە، وەك ئاڵاهەڵگر و پێشڕەوی شیعری نوێی كوردی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، شاعیر و نووسەر، و چیرۆك نووس و بەرنامەنووسێكی بە توانای سەر ڕادیۆی كوردی بوو لە تاران.
ئاوات لەگەڵ بنەماڵەی ئاغاكانی بۆكان، بە تایبەت بنەماڵەی حاجی بایزئاغا (موهتەدی)دا كە ئەحمەدئاغای باوكی كاك سوارە یەك لەوان بوو، دۆستایەتی و هاتووچۆیەكی گەرم و گوڕی هەبوو. هەر لەم دیوانەدا سێ پارچە شیعر هەن كە بۆ نەمر حاجی ڕەحماناغای موهتەدی (مامی كاك سوارە) گوتراون.
بەداخەوە سەرچاوەی كاری من واتە دیوانی شاری دڵ تەنیا یەك پارچە شیعری سوارەی بۆ ئاوات تۆمار كردووە و نیشانەیەك لە شیعری ئاوات بۆ سوارە بە دەستەوە نییە گەرچی بە گوێرەی ئەو شیعرەش، دەبێ ئاوات شیعری بۆ ناردبێت. لە پەراوێزی هەر ئەو شیعرەی سوارەشدا، ئەم ڕوونكردنەوەیە دانراوە:
*"ئیمامی لە كاتی نەخۆشیی كاك سوارەدا نامەیەكی لێپرسینی بە شێعر بۆ دەنووسێ كە بەداخەوە دەقەكەی نەماوە و وەدەستیش نەكەوتووە"*
ڕوونكردنەوەكە ئەوە ناگەیێنێت كە نەخۆشیی كاك سوارە لە چ ساڵێكدا بووە. ئەگەر نیاز نەخۆشی و كەوتوویی درێژخایەنی ئەو زاتە بێت، ئەوە دەوروبەری ساڵی ١٣٣٥ و ٣٦ ی هەتاوی (١٩٥٦ز) بووە كە ماوەی دووساڵێك لە بۆكان لەجێگەدا كەوت.
لەبڕگەی نەخۆشییەكەدا، سوارە قوتابیی فێرگەی ناوەندیی بوو لە سەر قەڵای بۆكان و دوای چاك بوونەوەش، سەرلەنوێ لە هەمان فێرگە دەستی بە خوێندن كردەوە و ئەمجار لەگەڵ ئێمەدا بووبوە هاوپۆل، كە تەمەنمان لەو كەمتر بوو. ئەو دەم كاك سوار بە دوو دارشەقەی بن باغەڵەوە ڕۆژانە دووجار بەیانی و دوای نیوەڕۆ لە لێژی قەڵای بۆكان سەردەكەوت و دەهاتە فێرگە و دەڕۆیشتەوە ماڵی خۆیان كە ئەودەم كەوتبوە پەراوێزی باشووری ڕۆژئاوای شارەكە. درەنگتر كە دۆخی سلامەتییەكەی باشتر بوو،

تەنیا گۆچانێکی بە دەستەوە دەگرت بەڵام ئیتر ئەودەم لەبۆکان نەمابوو و لە تەورێز و تاران دەیخوێند، هەتا کۆچی دوایی کردنەکەشی هەر لە تاران ژیا.
هەرچۆنێك بێت، شیعری کاك سوارە گەلێك پوخت و پڕ واتا و ڕازاوەیە. لەوێدا ئاوات بە "حەزرەت" و ئەو شیعرەی وا بۆ سوارەی ناردووە و بەداخەوە بە دەستەوە نەماوە، بە "کامیل و بێ عەیب و مایەی عوجبی حوززار" ناودەبات بەڵام کاتی باسی خۆی دەکات لە هەندێ سیفەتی وەك  "بەدبەخت و بێچارە و زەلیل و پڕ لەغەم" کەڵك وەردەگرێت،  کە بۆ ئەو حاڵەتە نەخۆشییە قورسەی ئەوی تێدا بوو، نائاسایی نانوێنێت گەرچی سوارە لەباری بیروبڕوای سیاسییەوە کەسێکی هومێدەوار بە داهاتووی گەشی ژیانی گەل بوو.

## وەڵامی سوارە ئێلخانیزادە بە شیعرێکی ئاوات

نامەکەی نامی کە حاکیی لوتفی سەرشار بوو، گەیی
شێعری ڕێکت مەرهەمی قەلبی بریندار بوو، گەیی
داری پڕ بەرگ و لقی دڵ، زەرد و زار و وشك و ڕووت
شێعری ئاوداری جەنابت ئاوی جۆبار بوو، گەیی
بۆ منی بەدبەخت و بێچارە و زەلیل و پڕ لە غەم
نامەکەت دەسکێك گوڵی بۆنخۆش و بێخار بوو، گەیی
واسیتەی قاسید لە وەختی فکر و ئەندێشە و خەیاڵ
کاغەزت بۆ من چەکیدەی فکری ئەحرار بوو، گەیی
لوتفی بێحەدد و حیسابت قووەتی ئیخلاسمە
شێعرەکانت باعیسی فرمێسکی خوێنبار بوو، گەیی
من وەکوو حەزرەت لە شێعرا "کامیل" و بێعەیب نیم
شێعری بێعەیبت کە مایەی عوجبی حوززار بوو، گەیی

(لاپەڕە ٤١٤ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا دەرنەکەوتووە)

## نامەی شیعریی ئاوات بۆ مستەفا ئێلخانیزادە

تەنیا یەك پارچە شیعری ئاوات بۆ كاك مستەفا لە كتێبەكەدا تۆمار كراوە و هیچ شیعرێكی ئەو بۆ ئاوات لەوێدا نەهاتووە

مامۆستا مستەفا ئێلخانی زادە لە بنەماڵەی ئاغاكانی بۆكان- بەرەی مەحموودئاغا (ئێلخانی زادە)یە. نووسەر، وەرگێڕ و سەردەمێكیش سەرۆكی ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری بۆكان بووە، وەك كەسایەتییەكی بەرپرسی سیاسیش ناسراوە.

كاك مستەفا لەو شیعرەدا كە بۆ ئاواتی ناردووە (و بەداخەوە نەكەوتۆتە بەردەستی خوێنەر)، دەبێ خۆی بە شاگردی مامۆستا لە قەڵەم دابێت لەبەر ئەوەی ئاوات لە وەڵامدا گوتوویەتی نەخێر تۆ شاگرد نی و زانای.

شیعرەكەی ئاوات بەداخەوە ڕێكەوتی هۆنرانەوەی بۆ دیاری نەكراوە و نازانرێ كەی نووسراوە یان كەی نێردراوە.

غەزەلێكی حەوت فەردییە، پێنج فەردی یەكەمی، سەرەتا دامەزراندنێكە بۆ هێنانەگۆڕی باسێك و بابەتێك. فەردی شەشەم تا ڕادەیەك ڕوونە و خوێنەر هەست دەكات ئاوات ڕاستەوخۆ ڕووی لە كاك مستەفایە و پێی دەڵێت تۆ زانایەكی وشیاری مەكتەبخانەی شیعر و ئەدەبی. شیعری مەقتەعیش درێژەی هەمان بۆچوونە كاتێ كە دەڵێ "بە شاگردیت قەبووڵ ناكا ئیمامی" لەبەر ئەوەی تۆ هۆنەر و كاكی هونەرداری.

ئەوە شیعرەكەی ئاواتە كە لە دیوانی شاری دڵ دا بە 'وەلامی ئاوات' ناوبردە كراوە:

## وەڵامی ئاوات بۆ مستەفا ئیلخانیزادە

چلۆن سارێژ دەبێ زامی ئەویندار؟
عیلاجی نایە خاوەن یار و دڵدار
کەسێکی مفتەلای دەردی ئەوین بێ
دەبێ بەو دەردەوە بڕواتە کۆسار
بەجارێ شێتوپێت بێ ئەو کەسی بوو
گرفتاری بەر و خاڵ و خەتی یار
عەشق خۆی دەستەچیلەی ئاوری مەرگە
چووە هەر ماڵێ، هەر هاوارە، هاوار
کەسێکی کەوتە داوی گوڵعوزاران
دەبێ وێڵی بکەن خەڵکی بە ناچار
لە مەکتەبخانەیی شێعر و ئەدەبدا
ئەتۆ نووسرای بە زاناییێکی وشیار
بە شاگردیت قەبووڵ ناکا "ئیمامی"
ئەتۆ خۆت هۆنەری، کاکی هونەردار

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دیاری نەکراوە.
(لاپەڕە ٤١٥ ی چاپی جەعفەر. لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە).

---

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## وەڵامی شیعریی ئاوات بە شیعرێکی
## محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)

تەنیا یەك پارچە شیعری ئاوات بۆ شەپۆل لە دیوانی شاری دڵدا هاتووە و هیچ شیعرێکی شەپۆل بۆ ئەو لە دیوانە چاپکراوەکانی شاعیردا نییە.
مامۆستا محەمەد ساڵح ئیبراهیمی مامۆستایەکی ئایینی خەڵکی مەهاباد و سەرنووسەری گۆڤاری گرشەی کوردستان بوو کە لە یەك دوو ساڵی دوای ڕاپەڕینی ١٣٥٧ دا لە تاران دەردەچوو.
بە حیسابی شیعرەکەی ئاوات، وا ویدەچێت لەنێوان ئاوات و شەپۆلدا دۆستایەتی و نامە گۆڕینەوە هەبووبێت.
لە لاپەڕە ٣٤١ ی دیوانی شاری دڵ، چاپی جەعفەردا یەك غەزەلی ٥ فەردی لە ژێر ناوی 'بۆ محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)' تۆمار کراوە. ئەو شیعرە لە بەشی نامەگۆڕینەوەکاندا نییە و من تەنیا بەهۆی ناوەرۆکی نامەی شیعری ناردنی ئاواتەوە هێناومەتە ئەم بەشە.
ئاوات لە نامەکەیدا سپاسی گەیشتنی نامەیەك دەکات کە شەپۆل بۆی ناردووە و بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە بە شیعر وەڵامی داوەتەوە، دەتوانین بڵێین نامەکەی شەپۆلیش هەر بە شیعر بووە، بەڵام بە داخەوە دەقی ئەو نامەیە لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە.
هەروەها ڕێکەوتی نامەکانیش نازانرێن، بەڵام بەهۆی ئەو بەشەی شیعرەکەی ئاواتەوە کە دەڵێ "گرێی چەندساڵەی دڵم کراوە" دەکرێ ئەو گرێیە تەنگ و چەلەمەی ساڵانی دوای ڕاپەڕینی ١٣٥٧ ی گەلی کورد بە دەست ڕژیمی مەلاکانەوە بووبێت، جا دوور نازانرێت نامەکان هی ساڵانی دەوروبەری ١٣٦٠ ی هەتاوی بووبێتن.
ئەوە شیعرەکەی ئاواتە:

## بۆ محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)

شەپۆل! بە نامەت ئاوات ژیاوە
گرێی چەندساڵەی دڵی کراوە
شەپۆلی ژین بوو یا ڕێژنەی باران؟
یا شنە و کزەی مەیلەکەی یاران؟
یا بۆنی خۆشی گوڵی بەهاران،
نەسیم هێناویە لە کۆهساران؟
بارانی ئەوساڵ بە ئەمری باری
هەموو ڕەحمەت بوو بۆ کوردەواری
نەڕزێ ئەو دەستەی نامەی نووسیوە
"ئاوات" سەربەرزە کە لێت پرسیوە[٣٤٨]

شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە دیاری نەکراوە.
(لاپەڕە ٣٤١ ی چاپی جەعفەر. لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە).

## تەخمیسی غەزەلێکی ئاوات

لەلایەن "قازی کاکە حەمەی قزڵجی"یەوە

ئەم شیعرە لە ڕاستیدا هی ئاوات نییە و نابێ بە کاری ئەو دابنرێت، هەربۆیەش لە بەشی شیعرەکوردییەکاندا نەهاتووە. بەڵام لەبەر ئەوەی قازی کاکە حەمە شیعرێکی ئاواتی تەخمیسی کردووە و لە تەخمیسدا بە عادەت میسراعی چوارەم و پێنجەم هی شاعیری یەکەمن و لێرەشدا شاعیری یەکەم ئاوات بووە، من لێرەدا دەیهێنم. بەڵام با خوێنەریش

[٣٤٨] وشەی "ئاوات" لە فەردی یەکەمدا ئیهامی تێدایە. واتای نزیکی وشەکە بریتییە لە ناسناوی شیعریی شاعیر خۆی و واتای دووریشی ئارەزوو و خواستە.

بزانیٚ شیعری کێیە و بۆ نموونە ئەگەر لە داهاتوودا کۆمەڵەی شیعرەکانی قازی کاکە حەمە بڵاوکرایەوە ئەم شیعرەش لەگەڵ ئەوان بخرێت نەك لەگەڵ شیعری ئاوات.
نەمر قازی کاکە حەمەی قزڵجی شاعیرێکی سەرکەوتوو بووە و پارچە شیعرێکی بۆ کۆچی دوایی سەیف هەیە کە لە کەشکۆڵی ئوەیسی عوسمانیدا تۆمار کراوە و من چەند ساڵێك پێش ئێستا لە گۆڤاری 'مەهاباد'دا بڵاوم کردەوە.
سەبارەت بە غەزەلەکەی ئاوات، کە لە بەشی شیعرە بیٚ تەئریخەکان و لە ژێر ناوی کزەی بای شەماڵ (چاپی جەعفەر) و بووکی گوڵ (چاپی ئەنیسی)دا دەرکەوتووە، من ئەوەی زانیبێتم نووسیومە و لێرەدا پێویست بە دووپات کردنەوە ناکات.
شیعری نەمر قازی کاکەحەمەش گەلێك ڕێك و پێکە و کەم و زۆر بە هەمان ئەو زمانە و ئەو دەستەوشەیە نووسراوە کە وێچووی ئەوانی ئاواتە. بەڵام هەندێك سەنعەتی شیعریشی سەرکەوتووانە تێدا بەکار هێنراوە، وەك "چنار گەییە چنوور" کە جیناسێکی جوانە یان "شکۆفە پێکەنی ڕووی کردە سوێسن یانیها بگری!" کە سەنعەتی موقابەلەی نێوان پێکەنی و بگری تێدایە و زۆریش جوانە.
ڕوونکردنەوەیەك: ڕەدیفی ئەو غەزەلەی ئاوات وا قازی کاکەحەمە تەخمیسی کردووە لە چاپی ئەنیسیدا (لاپەڕە ۳۳و ۳٤)، "ئەمشەو"ە نەك "ئەوشۆ". بەو پێیە، تەخمیسەکەی قازی کاکە حەمەش دەبیٚ هەر ڕەدیفی "ئەمشەو"ی بووبێت و لە چاپی جەعفەر (لاپەڕە ۱۷۳) دا، کرابێت بە ئەوشۆ. من ئەو گۆڕانی زارەوەیەم پیٚ کارێکی بە ڕێوجیٚ نییە لەبەر ئەوەی ڕەنگی پاشاگەردانی و ئەم شار وئەوشاری پێوە دیارە. نە قازی کاکە حەمە و نەئاوات لە قسەکردنی ئاسایی و نووسیندا نەیانگوتووە ئەوشۆ، بە گوێرەی چاپ ئەنیسیش ئەو ڕەدیفە ئەوشۆ نەبووە!
ئەوەش ڕوونکردنەوەیەکی کاك جەعفەری ئیمامی لە پەراوێزی لاپەڕەی ۲۳۲ی دیوانی "شاری دڵ"دا:
*"خوالێخۆشبوو ئاوات لە دەفتەرەکەی و لە ژێر غەزەلەکەی خۆیدا نووسیویەتی: «یەك فەردی تەخمیس نەکراوە».*
سەبارەت بەو ڕوونکردنەوەیەش دەبیٚ بڵێم ڕاستە، لەبەر ئەوەی ن قازی کاکەحەمە ئەم فەردەی شیعرەکەی تەخمیس نەکردووە کە زۆریش ڕازاوە وجوانە و دووەم فەردی غەزەلەکەی ئاوات پێك دێنێت:
*"ئەوا تیپی بەهاری دەست بە نێزە چوونە سەر بەفریٚ*

*شکا پشتی کلیلەی قوڕبەسەر وەك پیرەزاڵ ئەوشۆ*[٣٤٩]
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## زەماوەندی بەهار

وەرن سۆفی! وەکوو دەروێش بکەونە گاڵەگاڵ ئەوشۆ
وەرە نێو باغی عیشرەت، ئەی نەمامی چاردەساڵ! ئەوشۆ
بدە جام و مەزەی ماچت لە کولْم و لێوی ئاڵ ئەوشۆ
"بە سروەت پێ‌دەڵێم چاوم! کزەی دێ بای شەماڵ ئەوشۆ
چزەی دێ جەرگی برژاوم بەبێ پۆلوو و زوخاڵ ئەوشۆ"

دەری پیری موغان ئاوایە، قاپی مەیکەدە وازن
جحێڵ و پیر و منداڵ مەیگوسار و بادەپەردازن
سوراحی کەیل و موتریب مەست و ساقی سادە وو سازن
"کوڕوکاڵ دەم‌بەخەندەن، کیژوکاڵ پڕ عیشوە وو نازن
بزەی دێ غەمزە وو ڕەمز و ئیشارەی چاوی کاڵ ئەوشۆ"

زەماوەندی بەهارە، کاتی سەیران و شەق و گۆیە

[٣٤٩] دوور نییە هۆکار بۆ ڕەچاونەکردنی فەردەکە، ئەستەم بوونی دۆزینەوەی سێ سەروا بوویێت بۆ وشەی "بەفری". یەك لە بەلاکانی گیانی شیعری عەرووزی ئەو فۆرمالیسمەیە و هیچیشی لەگەڵ ناکرێت هەر بۆیەش درێژترین شیعری عەرەب 'قەسیدە'یە، لەکاتێکدا زمانی فارسی و کوردی بە داهێنانی شێوازی 'مەسنەوی' (مزدوج)، خۆیان لەو بەندە ڕزگار کردووە و ئەو هەموو چیرۆکە شیعرەی وا هەیە لەو قاڵبەدا گوتراون هەر لە شانامەی فیردەوسی و شانامە کوردییەکانەوە بگرە، تا مەم و زینی خانی و لەیلی و مەجنوون و شیرین و فەرهاد و ....ی کوردی و فارسی.

سەبا بەربووكە، زاوا عەندەلیب، پەردە كەنار جۆیە
دەسا بولبول لە پێشوازا بخوێنە، داوەتی تۆیە!
"سەراسەر فەرشە چیمەن، بۆ قودوومی بووكی گوڵ، بۆیە
زمانی گرتووە هەر چەشنی تووتی، كوندە لاڵ ئەوشۆ"

لە خەڵوەتخانەیی خاڵوبەڵەكدا خاسەكەو جووتن
لە سەر سفرەی چەمەن، شەونم مەیە، گوڵ جامی یاقووتن
شنە و سروەی بەیان تێكەڵ هەناسەم بوون و ئەنگووتن
"بە تەشریفی نەسیم، شەوبۆ و نێرگس پاكی پشكووتن
لە خۆشیان بولبول و قومری دەكەونە قیلوقاڵ ئەوشۆ"

وەنەوشە لارەمل، داما لە مەیدانا بە تەنیایی
ئەوا نەسرین سەری بۆ پردەباز ڕۆنا، بە تەنیایی
ئەوا ڕۆژی لە قیس چوو عاشقی شەیدا بە تەنیایی
"ئەوا هەر چاوەڕێیە نێرگسی شەهلا بە تەنیایی
بە جارێ بوو سپی چاوی بە ئومێدی ویساڵ ئەوشۆ"

شكۆفە پێكەنی ڕووی كردە سوێسن یانیها بگری
نەما ئەهریمەنی زستان، وەلاچوو شیددەت و قەهری
هەزار قەوس و قەزەح ڕابوو بە ڕەنگی تاووس و چەتری
"بە دەنگی بولبول و قومری، تەماشا دڵ چلۆن دەگری!
دەڵێ بگرن بە دڵ قەدری، جەماڵی كیژۆكاڵ ئەوشۆ"

چنار گەییە چنوور، پێچرا سنەوبەر پەرچەم و سونبوڵ
ئەوی نەختێ لە كارا بوو گەیشتە مەقسەد و مەنزڵ
بەتەنیا هەر "قزڵجی" كەوتە دووی خێڵ و نەگەییە دڵ
"ئیمامی'ش هەروەكوو بولبول بە هیوای پێكەنینی گوڵ

## دەناڵێنیێ لە سەر هەر چڵ، بە یادی خەتتوخاڵ ئەوشۆ"[٣٥٠]

بۆکان، **١٣٣٦** ی هەتاوی

(لاپەڕە **٢٣٢** تا **٢٣٤** ی چاپی جەعفەر. لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

[٣٥٠] *"خوالێخۆشبوو ئاوات لە دەفتەرەکەی و لە ژێر غەزەلەکەی خۆیدا نووسیوەیەتی: 'یك شعر تخمیس نشده (جەعفەر ئیمامزەنبیلی)'".*

# شیعره فارسییەکانی ئاوات

## سەرەتا

سەرجەم ٣٠ پارچە شیعری فارسی ئاوات لە دیوانی چاپی ئەنیسی و جەعفەردا هاتوون. لەو ٣٠ پارچەیە، ٢٢یان غەزەل، دوویان پێنج خشتەکی و چواریان چوارینەن. جیا لەوانە، دوو نامەی شیعری بۆ مامۆستایان عەبباسی حەقیقی و خالیدی حیسامی (هێدی) تۆمار کراون، کە هەموو بەسەر یەکەوە دەکەنە ٣٠ پارچە.

شیعرەکان بەگشتی کلاسیکن واتە ئاوات نە لە شیعرە کوردییەکان و نە لە فارسییەکاندا بەرەو شێعری بێ کێش و سەروا (نوێ) نەڕۆیشتووە. بەگشتی هیچکام لە شاعیرانی قوتابخانەی موکریان و پەیڕەوانی سەیفولقوزات، لە هەژار و هێدییەوە تا حەقیقی و خالەمین و نووری و عەتفێکیان بە مەسەلەی نوێکردنەوەی قاڵبی شیعرەکانیان نەبووە، باوەکوو ناوەرۆکی شیعرەکانیان ڕۆژین و نوێ بووبێت. تەنیا هێمن لە قۆناغێکی ساڵانی سی (پەنجاکانی زایینی)دا نموونەیەکی بچووکی لە شیعری نوێ لە خۆی پیشاندا کە گەلێك کاتی بوو و چیتر شوێنی نەگیرا.

کە دەڵێم شیعری کلاسیك و شیعری نوێ، پێوانەی ساکارم بۆ جیاوازی دانانیان لە یەکتر، ڕەچاوکردنی کێش و سەروایە، دەنا لە باری بابەتەوە، هەر هەموو شاعیرانی قوتابخانەی موکریان، کە من مامۆستایانی نەمر 'قانع' و 'موفتی پێنجوێنی'شیان لەگەڵ دەخەم، ناوەرۆکی شیعرەکانیان نوێ بوو، واتە بە پێوانەی ناوەرۆك و بابەت، هەر هەموویان لەچاو شاعیرانی دیکەی ناوچەکە، وەك وەفایی و ئەحمەدی کۆر و مەلامارفی کۆکەیی، نوێخوازێکی تەواو نوێخواز بوون.

قانع و موفتی پێنجوێنیش لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) دا لە مەهاباد و بۆکان و سەقز و مەریوان ژیاون و کارتێکەریی شیعری سەیف بە سەر شیعرەکانیانەوە دیارە و هەڵوێستیان بە موو جیاواز نییە لە هەڵوێستی شاعیرانی دیکەی قوتابخانەی موکریان بۆ نموونە، هەژار و هێمن و هێدی و ئاوات.

لە شیعرە فارسییەکانی ئاواتدا شوێن پێی شیعری شاعیرانی کلاسیکی فارس وەك خەییام و مەولەوی ڕۆمی و سەعدی وحافز، تا ڕادەیەکیش شەهریار، بەرچاوە.

هەندێك لە غەزەلەکان ئیستیقبالێ غەزەلێکی ئەو شاعیرانەن بەڵام مۆرکی کوردبوونی شاعیر و خۆماڵی بوونی شیعرەکانیان دەبینرێت کە ئەوە خۆی کەسایەتییەکی سەربەخۆی پێداون-دیاردەیەك کە جیاوازە لە لاسایی کردنەوەی ناوەستایانەی شاعیرانی کەم ئەزموون.
لە هەندێك شیعری دیکەدا کەڵك لە کەرەسەی شیعریی ئەو شاعیرە فارسی وێژانە وەرگیراوە و بۆنموونە، بەشێك لە دەستەوشەی بەکارهاتووی ئەوان خزاوەتە ناو ئەو شیعرانەیەوە کە کێش و سەروای نوێ و تایبەت بەخۆی ئاواتیان هەیە؛ یان بە پێچەوانە، کێش یان سەروا لە شیعری شاعیرێکی فارسی وەرگیراوە بەڵام ناوەرۆکێکی تایبەت بە خۆی کراوەتە ناوئاخنی.
شیعرە فارسییەکان شارەزایی و ناسیاویی زۆری ئاوات لە شیعری کلاسیکی فارسی و شاعیرانی فارسی وێژ دەردەخەن. سەردەمی ژیانی ئەو شاعیرانەی وا کارتێکەرییان لەسەر ئاوات بووە، کەم و زۆر لە سەدەی حەوتەمی کۆچی (١٣ ی زایینیی)یەوە دەست پێدەکات و دەگاتە سەردەمی مەشرووتە (١٩٠٦) و دوای ئەویش. هەموو ئەو شاعیرە فارسانە، لە مێژووی ئەدەبی فارسیدا غەزەل وێژ و سەر بە شێوازی ئەدەبیی عیراقی بوون. ئاوات چامە (قەسیدە)نووس نەبووە و هەر بۆیەش ئیستیقبالێ شاعیرانی شێوازی خۆراسانی وەك ئەنوەری و خاقانی، تەنانەت ملك الشعراء بەهار شاعیری نزیك لە سەردەمی خۆیشی، نەکردووە.
ئەو تێکەڵاوییە و تەنانەت ئەو دەستەوام وەرگرتنە لە شیعری فارسی، لە لایەکەوە جوانی و ڕازاوەییەکی زۆری بە شیعری ئاوات بەخشیوە لە لایەکی ترەوە بە هۆی کەڵك وەرگرتن لە وشە و زارەوەی فارسی، هەندێك جار پاکی و بێ خەوشی و ڕەسەنایەتییان لەشێعرەکانی شۆردۆتەوە و ئەوە بۆ نموونە لە شیعری سەیف یان هەژار و هێمن و هێدی و خاڵەمیندا کەمتر دەبینرێت. ئاوات زیاتر دەربەستی خواستی دڵی خۆی بوە و ئەو هەستە نیشتمانییەی لە ناوەرۆکی شیعرەکانیدا دەربڕیوە و زیاتر، گەیاندنی واتا بە خوێنەری ئامانج بووە تا پاك کردنەوە یان ڕەسەن بوونی زمان- وەك بۆ مامۆستا گۆرانیش وابووە. نازانم بە بێ وشە و تەعبیری عەرەبی، ئێمە دەمانتوانی بۆ نموونە، شیعری 'شەوێك لە عەبدوڵلا' یان 'جیلوەی شانۆ'ی مامۆستا گۆرانمان هەبێت:
*"لە جەرگی پەردەوە تك تك دڵۆپی عوود ئەرژا/ بە نووکی تەئسیری/ تەڕەب ئەهاتە خرۆش تالعی سروور ئەپژا/ بە ئاهی دڵگیری/کەمان شەهیق و زەفیری فریشتەیی ئەلحان/ ئەکەوتە ناو دڵی مردووش هەناسەیی هەیەجان..."*

لە بیرمان نەچێت، بەشێکی زۆر لە زاراوە و دەستەوشەی ناو شیعری فارسی لە ڕاستیدا عەرەبین بەڵام بۆ ئاخێوەرانی زمانی فارسی بوونەتە بابەتێکی خۆماڵی و شاعیرانی فارس بە تایبەت کلاسیکەکانیان لە نووسین و خەڵکیش لە خوێندنەوەیان ناپەرموونەوە. شاعیرانی کورد وەك نالی و مەحویش، کە لە ناو شاعیرانی کورددا زیاترین کارتێکەریی شیعری فارسییان لەسەرە و لەعەینی کاتدا مەلا وعەرەبیزانێکی چاکیش بوون، ڕاستەوخۆ، یان لەڕێگەی زمانی فارسییەوە، دەستەوشەی عەرەبییان هێناوەتە ناو شیعرەکانیانەوە. لەم بارەیەوە، ئاوات بارودۆخێکی هاوچەشنی نالی و مەحویی هەیە.

دوور نییە هۆکارێکی مەسەلەکەش ئەوە بێت کە ئاوات زیاتر لە شاعیرانی دیکەی قوتابخانەی موکریان ئیمانداری ئایینی و ئەهلی تەریقەت بووە و ئەو هەردووە، شوێنی خۆیان لەسەر زمانی ئاخاوتن و نووسینی داناوە. زمانی عەرەبی چ لە ڕێگەی ئایینی ئیسلام و چ لە ڕێگەی فەلسەفە و کەلام و چ لە ڕێگەی تەسەووفەوە، بە تان وپۆی هەموو زمانەکانی ناوچەدا گەڕاوە و تەنانەت نەك لە ڕابردووی کۆن، بەڵکوو لە سەردەمی ئێمەشدا وەك دیاردەیەکی چارناچاری زمان و ئەدەبی کوردی، بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێهاتووە. جیاواز لە کوردی و فارسی، بە سەیرکردنێکی ساکاری زمانی تورکی و ئازەربایجانی و ئوردوو و پەشتوو، تەنانەت پونجابی و گوجراتی هیندوستان، پانتایی مەیدانی ئەو کارتێکەییەی زمانی عەرەبیمان لەو گۆڕەپانە بەربڵاوە جوغرافیاییە بۆ دەردەکەوێت.

لە ڕاستیدا، تەنیا ئەو زمانانەی ناوچەکە توانیویانە لە مەیدانی مغناتیسیی زمانی عەرەبی بە دوور بمێننەوە، یان شوێنی کەمتری لێ هەڵبگرن، کە ئاخێوەرەکانیان موسوڵمان نەبوون! بۆ نموونە، گەلانی ئەرمەنی و ئاسۆری و گورجی. لەکاتێکدا کە ئێزدی و کاکەییش دوای سەرهەڵدانی ئیسلام بە ناچاری و لەژێر گوشاری زۆری موسوڵمانان و حکوومەتەکانیاندا کەوتوونەتە پەیوەندییەکی چار ناچار لەگەڵ موسوڵمانانەوە و بە هەمان شێوەی کوردی موسوڵمان یان تورك و ئازەربایجانی و فارس، قورسایی زۆری زمانی عەرەبیان بە سەر شانی زمانی ئاخاوتن و نووسینی خۆیانەوە هەیە.

بە گشتی، شاعیری کلاسیکی گەلانی ناوچەی ئێمە لە هەزار ساڵ پێش ئێستاوە لایکەم تا سەردەمی سەرهەڵدانی شیعری نوێ (نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم) نەیانتوانیوە لە ژێر سێبەری قورسی دوو دیاردە، ئایینی عەرەب و ئەدەبی فارسی، بێنە دەرەوە و هەرشیعرێکیش گوترابێت لە قاڵبی بەحرێکی عەرووزیدا بووە کە عەرەب دایناوە و

فارس پێشڕەوی بووە و هەردوکیان بە زەربی شمشیر بەسەر گەلانی دیکەی ناوچەیاندا سەپاندوون! دەنا بۆ نموونە، شیعری کلاسیکی کوردی بڕگەییە نەك عەرووزی، کە هەم لە شیعری یارسانەکان و هەم لە بەیت و بەندی ناوچەی هەولێر و موکریاندا دەردەکەوێت. بەڵام هاوڕێ لەگەڵ پەرەسەندنی خوێندەواریی لە حوجرەی مزگەوتەکان و دەسەڵات سەندنی زمانی عەرەبی لە ناو فەقێ و مەلای کوردا، شاعیرانی خوێندەواری مزگەوتەکانیش سەریان هەڵداوە و بە عەرەبی و فارسی خوێندوویانە. شیعری کلاسیکی کوردی لەو بارودۆخە و لە ژێر ئەو گوشارەدا بووە بە شیعری عەرووزی!

ئەگەر کەسێکیش بیەوێت دەست نیشانی شیعری بڕگەیی لە ئەدەبی گەلێکی وەك کورد دا بکات یان نموونە لە شیعری بابە تاهیری هەمەدانی بهێنێتەوە و بڵێ ئەو شیعرانە بڕگەیین و شوێنی عەرووزی عەرەبیان بە سەرەوە نییە، هەر ئەو کەسە خۆی دەزانێت کە ئەوانە دڵۆپێکن لە دەریای شیعری گەلانی ناوچە و هەرگیز لە باری ژمارە و کەیفییەتەوە ئەو گرنگایەتییەیان نییە لە بەرانبەر ئۆقیانووسی شیعری کلاسیك دابنرێن. خۆ کەمیش نین ئەو کەسانەی وا ڕاست یان هەڵە، لایان وایە هەموو شیعرێکی بڕگەیی دەتوانرێ تەقتیع بکرێن و بخرێنە ناو یەکێك لە هەمان ئەو بەحرانەی عەرووزی عەرەبەوە!

هەرچۆنێك بێت، ئەو شیعرانەی لێرەدا دەبینرێن، بە ژمارە ٢٢ غەزەل، ٢ پێنج خشتەکی و ٤ چوارینەن، دیارە ٢ نامەی شیعریشیان بە شویندا دێت، کە ڕوویان لە شاعیرانی دیکە (حەقیقی و هێدی)یە و ئەوانیش بە شیعر وەڵامی ئاواتیان داوەتەوە.

شیعرە فارسییەکانی ئاوات لە باری ناوەرۆکەوە بریتین لە:

- بابەتی غەرامی
- ئایینی/ عیرفانی
- کۆمەڵایەتی / سیاسی
- ئیخوانیات

بە حیسابی ساڵی گوتران، شیعرەکان لە نێوان ساڵانی ١٣٣١ و ١٣٦٣ ی هەتاوی (١٩٥٢ تا ١٩٨٤ ز)دا گوتراون. من بۆ ڕیز کردن و بە شوێن یەکتردا هێنانیان، بە باشم زانی بنەمای کار لەسەر ساڵی گوترانیان دابنێم.

شیعره فارسییەکان لە کۆتایی شیعرە کوردییەکانی دیوانی ئاواتدا هاتوون کە ژمارەیان سەرجەم ۲٦۰ پارچە شیعر بوو. بەو پێیە، لێرەدا شیعرە فارسییەکانی ئاوات لە ژمارە ۲٦۱ ەوە دەست پێدەکەن تا دەگەنە ۲۹۱.

هەروەها لە درێژەی ناساندن و شرۆڤە کردنی شیعرە کوردییەکاندا بۆ هەرکام لە شیعرە فارسییەکانیش ڕوونکردنەوەیەکم نووسیوە کە خوێنەری کورد ناسیاوییەك لەگەڵ ناوەرۆکیان پەیدا بکات بەڵام بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی کوردی لەگەڵ دەقە فارسییەکەدا تێکەڵ نەبێت و سەر لە خوێنەر نەشێوێت، سەرەتا ڕوونکردنەوە کوردییەکانم داناوە، ئینجا شێعرە فارسییەکان خۆیانم بە شوێنیاندا هێناون. ئەم شێوازە، لە لایەك درێژە بە زانیارییەکانی بەشی شیعرە کوردییەکان دەدات و هەودای کارەکە ناپسێنێت، واتە لەسەر شیعرە فارسییەکانیش ناسیاوی دەداتە خوێنەری کورد، لە لایەکی دیکەوە دەرەتان دەداتە خوێنەری فارسیش بۆ ئەوەی بتوانێت شیعرەکان بە بێ کێشەی زمان، یەك لە دوای یەك بخوێنێتەوە و لە نێوان فارسی و کوردیدا ۳۰ جار سەر وخوار نەکات!

وەك دەبینرێت، هەوڵمداوە شیعرەکان لە ئاوێنەی ڕووداوە سیاسییەکانی ئێران و کوردستانی ساڵانی ژیانی شاعیردا دابنێم ئەویش لەبەر هۆکارێکی ڕوون و بەرچاو: شاعیران و یەك لەوان ئاوات، ئەندامێکی ئاسایی کۆمەڵگان و وەك خەڵکانیتر ژیان دەکەن، شوێن لە ژینگەی دەوروبەر هەڵدەگرن و بەش بە حاڵی خۆیان شوێن لەسەر کۆمەڵگا دادەنێن. ناکرێ هونەری هونەرمەند لە ناو قوتوویەکی داخراوی دابڕاو لە ژینگە، بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە.

ئاوات ڕۆڵەی سەردەمی خۆی بوو، ئەو سەردەمەی وا مۆرکی گەلێك ڕووداوی مێژوویی بە سەرەوەیە و لەوانە، مەشرووتەی ئێران و عوسمانی، دامەزرانی حکوومەتی تورکیا لە خۆڵەمێشی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی، کۆماری ساڵی ۱۳۲٤ی کوردستان، کۆدیتای ۲۸ ی گەلاوێژی ۱۳۳۲ی دژ بە موسەددیق لە ئێران، ڕاپەڕینی ساڵانی ۱۳۳۱ و ۳۲ ی خەڵکی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی دژ بە ئاغاوات، شۆڕشی ئەیلوولی ۱۳٤۰لە باشووری کوردستان، کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکراتی کوردستان کە لە باشوور گیرا، ڕاپەڕینی کومیتەی شۆڕشگێڕی حزبەکە لە ساڵانی ۱۳٤۷ و ٤۸، ڕاپەڕینی ساڵی ۱۳۵۷ ی

گەلانی ئێران، ڕووخانی ڕژیمی پەهلەوی و لە ناوچوونی سیستەمی دوورودرێژی شاهیەتی لە ئێران و گەلێك ڕووداوی گرنگی دیکە لە کوردستان و ئێران و ناوچەکە.
ئاشکرایە شاعیردەبێ سەبارەت بە هەموو، یان بەشێك لەو ڕووداوانە، کە ژیانی خەڵکیان تووشی گۆڕانکاریی قووڵ کردووە، هەڵوێستی گرتبێت و ئەو هەڵوێستانە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان دابێتەوە.
نەك هەر ئەوانەش، بەڵکوو دەبێ شوێن و کارتێکەریی ژیانی تاکەکەسی، بنەماڵەیی و کۆمەڵگایی، منداڵی، لاویەتی، پیری، ئەوین، پەیوەندی دۆستانە، خوێندن، ئەرك و کار و ئابووریی بنەماڵە، باوەڕی سیاسی و ئایینی وگەلێك دیاردەی دیکەی ژیان، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە شیعرەکانیدا بدۆزرێتەوە و هەڵسەنگێنرێت.
من، بە گوێرەی توانای کەمی خۆم و دەرەتان و کاتێك کە بۆ کارەکەم تەرخان کردووە، لەو بوارەدا هەنگاوێکم هەڵێناوە. زۆر باش ئاگاداری ناتەواوییەکانی کارەکەم هەم و ئەنجامەکەی تەنانەت بە دڵی خۆیشم نین! بەڵام من هەر ئەوەم و ئەوەندەی لێ دەزانم. گەلەکەمان بەختەوەرانە ئێستا پسپۆڕ و زانای زۆری هەن و لە داهاتوودا لەوە زیاتریشی لێ هەڵدەکەوێت. هیچ قسەیەك و بۆچوونێك موتڵەق نییە و دڵنیاشم کە دوای من کەسانی دیکە لە من چاکتر ئەرکی شیکردنەوەی شیعر و ژیانی ئاوات بەڕێوە دەبەن.
کۆتایی قسە، من ئەوەی لە توانامدا بووە کردوومە و نەك هیچ دەمارگیرییەکم بۆ هەڵوێست و شێوازی کارەکەی خۆم نییە، بەڵکوو خۆشحاڵ دەبم کەسانی دیکە، ئەمڕۆ یان لە دوارۆژدا، هەڵەی کارەکەم بخەنە ڕوو و ووردتر لە من، ڕاستەقینە دەربخەن.

*****

وەك گوترا، سەرەتا ڕوونکردنەوە و شرۆڤەی یەك یەکەی شیعرە فارسییەکان بە زمانی کوردی دێنم، ئینجا شیعرە فارسییەکان دەخەمە بەرچاو:

## شیعری 'معراج'

غەزەلێکە، لە ساڵی ١٣٣١ (١٩٥٢)دا گوتراوە، کاتێ کە شاعیر ٤٩ ساڵان بووە. هیچ شیعرێکی دیکەی فارسیی ئاوات نەگەیشتۆتە دەستمان کە پێش ئەو ساڵە گوترابێت.

وەك لە ناوەکەی دەردەکەوێت، غەزەلێکی ئایینی و باسی میعراجی پێغەمبەری ئیسلامە. وشەی ئەستەم لە شیعرەکەدا نییە بەڵام تەرکیبی جوانی وەك "از بلندا جای بالا آمدی" تێیدا بەرچاوە. ئەو شێوە بەیانە هی ئەدەبی کۆنی سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچیی ئێرانە کە لە سەدەی بیستەمدا سەرلەنوێ زیندوو کرایەوە و هەندێك خەڵکی لایەنگری ئێرانی کۆن و زمانی فارسیی 'پاك'- واتە دوور لە کارتێکەریی زمانی عەرەبی، بۆ نموونە ئەدەبیاتی ناسراوی ئەحمەدی کەسرەوی، لە نووسین و شیعری خۆیاندا ڕەچاویان کرد.

سەبارەت بە ساڵی گوترانی شیعرەکە پێویستە بگوترێت ساڵی ١٣٣١ هەم لە مێژووی ئێران و هەم لە مێژووی ناوچەی جێگەی ژیانی ئاواتدا خاوەن گرنگایەتییەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی زۆرە بەڵام ئەو شیعرە، وەك تاکە شیعری فارسیی ساڵانی پێش کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و گەڕانەوەی حەمەڕەزاشای هەڵاتوو بۆ سەر تەخت و تاجەکەی، هەروەها تێك شکانی ڕاپەڕینی دژی فیئۆدالیی خەڵکی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی دژ بە ئاغاوات، هیچ نیشانەیەکی ئەو ڕووداوانەی بەسەرەوە نییە و وەك دەبینین، ئاوات تەنیا لەبیری میعراج و جەژنی بەراتدایە. تۆ بڵێی شاعیر شیعری فارسی دیکەی سەبارەت بەو ڕووداوانە نەگوتبێتن؟ ئاخر ئاوات شاعیرێکی بەرپرسی سیاسی بووە. یاخود بڵێی 'پێگەی کۆمەڵایەتی' خۆی وەك خاوەن مڵك و دۆستایەتی و خزمایەتی لەگەڵ ئاغاواتی بۆکان و ناوچەکە، بەرگری هەڵوێست نواندن سەبارەت بەو ڕاپەڕینە شکۆمەندەی دووکاندارانی بۆکان و وەرزێران و خۆش نشینانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە ساڵانی ١٣٣١ و ٣٢ دا نەبووبێت؟ ئەی چۆن بوو لە ڕووداوی کۆماری کوردستاندا دەست بە جێ هاتە دەنگ و شیعری بە ئاڵای کوردستاندا هەڵگوت؟ یان چۆن بوو سەبارەت بە شۆڕشی ئەیلوول و کۆنگرەی دووهەمی حزبی دموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵانی ١٣٤٦ و ٤٧ و شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ی ئێران خێرایەك هەڵوێستی گرت؟ ئەوە پرسیارێکە دەبێ وەڵامی بۆ بدۆزرێتەوە و من جگە لەو پەیوەندە عاتیفی و چینایەتییەی وا لەگەڵ ئاغاواتی ناوچەکە بوویەتی هیچ هۆکارێکی دیکەم بۆ نادۆزرێتەوە، با خەڵکی دیکە وەڵامی باشتری بۆ بدەن بە دەستەوە.

## 'هیچ هیچ'

له ساڵی ١٣٣٤ دا گوتراوە کە شاعیر ٥٢ ساڵان بووە. ئێمە بۆ ماوەی سێ ساڵی نێوان شیعری پێشوو و ئەم غەزەلە، هیچ شیعرێکی فارسیی ئاواتمان نەگەیشتۆتە دەست.

وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، ساڵانی ١٣٣١ و ٣٢ ئێران بە کوردستانەوە لە باری سیاسی ئاڵۆز و پڕ لە گۆڕانکاریی وەك هاتن و لاچوونی ئەم یا ئەو سەرەك وەزیران بوو و ئەنجامەکەی گەیشتە کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ دژ بە دوکتۆر محەممەدی موسەددیق و گەڕانەوەی شا بۆ سەر تاج و تەخت. خەڵکێکی زۆری ناوچەی ژیانی ئاوات (موکریان) دوابەدوای کۆدیتا لە لایەن حکوومەتی نیزامیی تەیمووری بەختیارەوە گیران، دەزگای داپڵۆسێنەری ساواکیش سێ ساڵ دواتر لە ١٣٣٥ ساڵێك دوای گوترانی ئەم شیعرە، دامەزرا.

ناوەرۆکی شیعرەکە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی- سیاسیی ئەو ساڵانەدا یەکدەگرێتەوە: بێ هیوایی بە ژیان، دەست شۆردن لە دنیا و پەنا بردن بۆ لای خودا لە دەست کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ژیان.

## 'صید حرم'

لە ساڵی ١٣٣٥ دا گوتراوە. شاعیر لەو ساڵەدا ٥٣ ساڵان بووە.

غەزەلێکی غەرامییە بەڵام بە حیسابی فەردی شەشەم، دوور نییە بۆ دۆست و برادەرێکی شاعیریش گوترابێت.

سەرەڕای ئەوەی ڕەدیف و هەندێك ناوەرۆکی شیعرەکە دووپاتکراوەی شیعری شاعیرانی دیکەی کورد و فارسن، بەڵام لە چەند فەردێکیدا ناوەڕۆك یان تەرکیبی نوێ بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە:

*"ندانم من چه هستم، کیستم، چون زیستم، با غم"*

یا:

*"بگفتا من پی صید حرم، در خانه می‌گردم"*

## 'روزگار من'

له ١٣٣٨ دا گوتراوه که شاعیر لەودەمەدا ٥٦ ساڵان بووە.
غەزەلێکی جوانە سەبارەت بە شاعیر خۆی و بارودۆخی ژیانی. کەرەسە شیعرییەکەی هەمووی کۆن و بیستراو و بینراون بەڵام جاروبارە تەرکیبێکی تازەیان پێ دروست کراوە:

*"از آب چشم خویش دهم آب گلستان*
*شاید بروید از لب جو، گلعذار من!"*

## 'مناجات'

لە تەمەنی ٥٧ ساڵیی شاعیردا گوتراوە.
هەر بە ناوی شیعرەکەدا دەزانرێت ژانرەکەی ئایینییە. پاڕانەوەیە لە خودا کە لە شاعیر ببوورێت لەبەر ئەوەی باری گوناە پشتی نووشتاندۆتەوە ڕووڕەشی دەرگانەیەتی. ئەو بابەتە شیعرە لە بەشی کوردیدا بە زۆر و زەوەندیی دەبینرێت و نیشانەی باوەڕی قووڵی ئایینی شاعیرەکەیەتی.

## 'بخت بی وفا' (تخمیس)

ئەوە دووەم پارچەشیعری فارسییە لە تەمەنی ٥٧ ساڵیی شاعیردا گوترابێت.
پێنج خشتەکییەکە لە سەر شیعرێکی سەیید قادری سەیادەت (سەیید)ی ئامۆزای شاعیر.
شیعرەکە شەخسی و لە باسی شاعیر خۆیدایە، غەزەلەکەی سەییدیش هەروەهایە.

## 'متاع محبت'

شیعرەکە لە ساڵی ١٣٤٠ (١٩٦١) و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە باشوور دا گوتراوە کە شاعیر ٥٨ ساڵان بووە.
ئەودەم، دابەشکردنی زەویی دەرەبەگەکان لە عیراقی سەردەمی کۆدیتای عەبدولکەریم قاسم بەڕێوەبرابوو و لە ئەنجامدا هەندێك لە ئاغاوات و دەرەبەگی کورد عیراقیان بەجێ هێشتبوو و هاتبوونە ئێران، بەڵام ئیسلاحاتی ئەرزی ئێران هێشتا نەچووبوە قۆناغی

بەڕێوەبردنەوە و تەنیا قسە وباسی هەبوو. بۆچوونێك هەیە كە شۆڕشی ئەیلوول ڕەنگدانەوەیەكی دابەشكردنی زەویی ئاغاوات بوو كە دەیانویست ڕەوڕەوەی كارەكەی قاسم بوەستێنن.

شیعرێكی عیرفانی و سۆفییانەیە و زاراوەی وای تێدا بەكار هاتووە كە ئەو بۆچوونە دەكەنە ڕاستی: جمال دوست، وصل یار و... لە ڕاستیدا ئاوات بە ڕوانگەیەكی سۆفییانەوە باس لە كەسایەتی و هەل ومەرجی ژیانی خۆی دەكات:

*"ز طفلی تا به کهولت دریغ هیچ نکردم*
*هرآنچه سعی نمودم، به آرزو نرسیدم"*

دەكرێ شیعرەكە وەك چەشنێك ئۆتۆبیوگرافیی شاعیریش سەیر بكرێت. بەشێك لە ناوەرۆكی شیعرەكە لەگەڵ ڕاستەقینەی ژیانی ئاواتدا یەك دەگرێتەوە.

فەردی دووەم، ئەم شیعرانەی سەعدی و حافزی شیرازی وەبیری خوێنەر دەهێنێتەوە:

سعدی: *"هزار جهد بکردم که سر عشق بپوشم*
*نبود بر سر آتش میسرم که نجوشم"*

حافظ: *"هزار جهد بکردم که یار من باشی*
*مرادبخش دل بی‌قرار من باشی "*

## 'گل جامه درید'

ئەم شیعرەش وەك ئەوی پێش خۆی لە تەمەنی ٥٨ ساڵیی شاعیردا گوتراوە.

غەزەلێكی غەرامیی شاد و لەبەردڵانە لە بەحرێكی عەرووزیی بلاوێندا هۆنراوەتەوە. هیچ نیشانەیەك لە هەوری دڵتەنگی و خەفەت و خەمی دواڕۆژی مردن و قیامەت و دۆزەخ، كە بە ئاسمانی زۆرێك لە شیعرە كوردی و فارسییەكانی ئاواتدا دەگەڕێت، لەم شیعرەدا نابینرێت.

ئەوە نموونەیەكی سەركەوتوو لە شیعرەكەیە:

*"ای جان امامی، تۆ نگنجی در جام (لەجیاتی جامە؟)*
*ای کاش بگویند که گل جامه درید!"*

تەركیبی هاوشێوە لە شیعری حافزی شیرازیدا دەبینرێت:

*"مگر نسیم خطت صبح در چمن بگذشت*
*که گل به بوی تو بر تن چو صبح جامه درید"*

## 'نشانه خزانم'

ئەم غەزەلە لە چاپی جەعفەردا نییە و لە چاپی ئەنیسی وەرگیراوە. لە تەمەنی ٦٠ساڵیی شاعیردا گوتراوە.

بە هەموو نیشانەیەکی ناو شیعرەکەدا، لە غەزەلێکی دۆستانە دەچێت کە دەبێ ئاوات وەك نامەیەکی شیعری، ئاراستەی دۆستێکی نزیکی خۆی کردبێت. بەڵام لە دوو فەردی کۆتایی غەزەلەکەدا وەرچەرخانێك دەبینرێت بەرەو شیعری ئایینی و خوداپەرستانە. لەگەڵ ئەوەشدا من هەر وەك بەشێك لە شیعری ئیخوانیات سەیری دەکەم.

## 'فشار زندگی'

لە تەمەنی ٦٣ ساڵیی شاعیردا گوتراوە

ئاوات، بە گوێرەی ئەو ژیننامەیەی وا ئاغا سەید جەعفەری کوڕی لە سەرەتای دیوانی "شاری دڵ"دا بۆی نووسیوە، ژیانێکی هێمن و بێ ژانەسەری نەبووە. واتە دوو ملۆزمی گەورە لە ژیانیدا بوون کە هەموودەم خستوویانەتە باوەشی خەمێکی قووڵەوە: لە لایەك سیاسەت و خەمی مەزڵوومییەتی گەلە بەشخوراوەکەی و لە لایەکیتر باوەڕی ئایینی بە خودایەکی قادری قەههار بە نەکیر و مونکیر و پردی سیرات و دەرکەوانی ڕووگرژی دۆزەخەوە کە هەموویان مڵاس بوون و چاوەڕوانن سەید کامیلی ئیمامی دنیای خاکی بەجێ بهێڵێت و بکەوێتە بەر چنگیان بۆ ئەوەی لە سەر پردەکەوە بیخەنە خوارێ، پێستی بگروون و ئێسقانی تێك بشکێنن و بیکەن بە پەندی عالەمیان! دەبێ خاوەن بڕوایەکی ئەوتۆ لە دەریای چ خەمێکی هەمیشەییدا نوقم بێت و بۆ چرکەیەکیش ڕووی شادی و خۆشی نەبینێت؟

دیارە ئەو دوو بیرۆکەیە هەردەم هاودەمی ژیانی ئاوات بوون و هەرگیز نەیانهێشتووە ئارامی و ئاسایشێك بە خۆیەوە ببینێت. جا ئەگەر نەداری و قەرزداریشیان بێتە سەر، دەبێ جگە لە "گوشار"، چ ناوێکی دیکە لەو "ژیان"ە بنرێت، کە عینوانی شیعرەکەش هەر 'گوشاری ژیان'ە؟ لەم شیعرەدا ئاوات 'گوشاری ژیان'ی کردۆتە ڕەدیف و لە هەموو فەردێکدا دووپاتی کردۆتەوە و بە ئاشکرا گوتوویەتی ئەوەندەی لە سبەینێی ژیانم دەترسم، لەمردن ناترسم!

شیعرێکی بێ عەیب نییە. ئاماژەیەکی بە سەرەتای مەسنەوی مەولانای ڕۆمی تێدایە ئەویش ئەو شوێنەی وا "تضمین"ی میسراعێکی ئەو سەرەتایەی کردووە:
*"از نیستان تا مرا ببریده‌اند"*

## 'شمع شبستان'

لە تەمەنی ٦٣ ساڵیی شاعیردا گوتراوە.
غەزەلێکی بێ خەوشی عیرفانییە. ئەو کردەوە و حاڵەتانەی وا شاعیر دەیانداتە پاڵ خۆی، هەمان ئەو پرسیارانەن وا سۆفییانی سافی لەمەڕ ژیان هەیانە و هەیانبووە، بەڵام بەهۆی بێ باوەڕی بە ژیانی ئەم دنیایە و ئاوات خواستن بە گەڕانەوە بۆ لای "ئەسڵ"ەوە، لەنێوان دوو بەرداشی واقیع و خەیاڵدا ماونەتەوە و سەدان پرسیار لەبەردەمیان قوت بۆتەوە کە ئەزەلی و ئەبەدین وەڵامیان بۆ نییە! ئەسڵ کامەیە؟ ژیان چییە؟ مردن چییە؟ دوای مردن چی بەسەر مرۆڤ و ئاژەڵ دێت؟ بۆچی تەنیا حیساب لە مرۆڤ وەردەگیرێت؟ و ...

## 'از کارزار افتاده‌ام'

لە تەمەنی ٦٣ ساڵیی شاعیردا گوتراوە.
غەزەلێکی ئایینیی و خواپەرستانەیە. شێوازی بیرۆکەی ناو شیعرەکەمان لە هەڵبەستە کوردییەکانی ئاوات دا بە زۆر و زەوەندی بینیوە: سەرەتا دەڵێ لەکار کەوتووم، تەنیام، ڕیشم سپی بووە و چیتر شەڕ وگەڕم پێناکرێت و مانەوەم لەم دنیایەدا سودی نییە، ئەوانە ژیانی منن لە سەردەمی پیریمدا؛ ئینجا دەڵێ هیچ ڕووگەیەکم نییە ڕووی تێبکەم جگە لە دەرگانەی خودا، شەرمەزارم و موفلیس و بێ تێشووم، هیوام بە بەزەیی و ڕەحمەتی ئەو هەیە وهیچیتر.

## 'هشیار نیست'

ئەم شیعرەش، وەك ئەوی پێشتر، لە تەمەنی ٦٣ ساڵیی شاعیردا گوتراوە.

ئیستیقبالّی سەرەتای دەفتەری یەکەمی مەسنەوی مەولەوی ڕۆمی کراوە و ئەو ڕاستییەر هەر لە مەتلەعی شیعرەکەدا بە باشی دەردەکەوێت:

*"روزها گر رفت، گو رو، باك نیست*
*تو بمان ای آنکه چون تو پاك نیست!"*

بەڵام شیعرەکەی ئاوات بە بوارێکی ئایینی، نەك عیرفانیدا دەڕوات، لە عەینی کاتدا گازندەی سەبارەت بە ژیانی شاعیریش تێدایە کە هەموو خەڵکی بێ قیمەتی ئیمتیحان کردووە و تێگەیشتووە هەموویان ئازاری دەدەن و و ئیتر لە هەموان دابڕاوە و کاری بە هیچکامیان نەداوە.

مەولانای ڕۆمی و کتێبی مەسنەوی شوێنی زۆریان لە سەر شاعیران و بیرمەندانی کورد داناوە. واهەیە بتوانین هۆکارێکی مەسەلەکە لەوەدا بدۆزینەوە کە سۆفیایەتی و خانەقا نشینی لە کوردستاندا هەر زیندوو ماوەتەوە و سەرەڕای گۆڕانکاریی زۆری ژیانی خەڵك، ئێستاش بە پێچەوانەی گەلانی دراوسێمان، سۆفی و دەروێش و شێخ و خەلیفەو و موراد و مورید لە کوردستاندا هەر ماون.

نموونەیەکی ئەو کارتێکەرییە دەتوانین لەوەدا ببینین لە شاعیری مەزنی کورد مەولەوی تاوەگوێزی ناسناوە شیعرییەکەی خۆی لە ناسناوی ئەو وەرگرتووە؛ یان شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی (خالیس) شاعیری سەدەی نۆزدەهەمی کورد، تەفسیرێکی مەنزوومی گەلێك سەرکەوتووی بۆ ١٨ فەردی سەرەتای مەسنەوی نووسیوە کە بۆتە جێگەی پەسندی پسپۆڕان و شارەزایان؛ هێمن شاعیری گەورەی هاوچەرخیش مەسنەویی بەرزی 'ناڵەی جودایی' لە ئیستیقبالّی هەمان ئەو سەرەتایەدا نووسیوە. بۆ نموونە بڕوانە ئەم بەراوردکارییە:

*"روزها گر رفت گو رو! باك نیست*
*تو بمان ای آنکه چون تو پاك نیست!" (مەولەوی ڕۆمی)*
*لەگەڵ:*
*"تو بمان ای چون تو کس غمخوار نیست" (ئاوات)*

## 'پربسته'

لە تەمەنی ٦٥ ساڵیی شاعیردا گوتراوە.

شیعرێکی کورتی چوار فەردییە هەمان فەزای سەرگەردانی و بێ ئۆقرەیی دەردەخات کە ئاوات تێیدا ژیاوە؛ نە ئاواتە سیاسییەکانی هاتوونەتە دی و نە بە دڵی خۆی ژیانێکی بێ ژانەسەری کردووە. شیعرەکە بەڕوونی ئەو گێژوگومییە پیشان دەدات.

## 'ستایش'

لە تەمەنی ٦٦ ساڵانی شاعیردا گوتراوە.

غەزەلێکی ئایینییە و لە پەسنی خودادا گوتراوە. هەمان ڕۆحی بێ هیوایی و هەستی گوناهکاری کە بۆ کەسایەتی ئاوات دیاردەیەکی ناسراون لێرەشدا بە ڕوونی دەردەکەوێت.

شاعیرانی کورد و فارس لەو بوارەدا ئەسپی مرخی خۆیان تاو داوە، من بۆنی شیعری سەعدی شیرازیی لەم شیعرەی ئاوات دەکەم.

## 'بر درگه تو'

شاعیر ٦٩ ساڵان بووە کە ئەم شیعرەی گوتووە.

شیعرێکە لە پەسنی خودا و پێغەمبەری ئیسلامدا. کەم و زۆر، کارتێکەریی ئەم غەزەلەی حافزی شیرازی بەسەرەوەیە کە دەڵێ:

*"سحرم هاتف میخانه به دولتخواهی*

*گفت بازآی که دیرینه این درگاهی"*

## 'راز و نیاز'

لە تەمەنی ٦٩ ساڵانی شاعیردا گوتراوە.

شیعرەکە بە هەموو حیسابێك غەرامییە، بەڵام وەك لە شیعرە کوردییەکانی ئاوات و شیعری گەلێك شاعیری دیکەی سۆفی مەشرەبی کورد و فارسدا بینیومانە، ئەویندارییەکە ئاراستەی پێغەمبەری ئیسلام دەکرێت؛ بۆنموونە، لایەنگرانی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێن حافزی شیرازیش سۆفی مەسلەك بووە، هەموو غەزەلە غەرامییەکانی وەك شیعری عیرفانی و ڕوو لە ڕێبەرانی تەریقەت تەفسیر دەکەن.

هەندێك کەس ئەوە بۆ بەشێك لە شیعرەکانی مەولەوی و مەحوی و مەلای جزێری و ئەحمەدی کۆر و وەفاییش بە ڕاست دەزانن.
لێرەدا، تاقە دەستاوێژ بۆ ئەو بۆچوونە، فەردی مەقتەعە کە شوێنی "حضرت دوست" بە حجاز دەزانێت و ڕاشکاوانە، مۆرکێکی ئایینی-عیرفانی لە غەزەلەکە دەدات.
شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە.

## 'مردان خدا'

لە تەمەنی ٦٨ ساڵانی شاعیردا گوتراوە.
غەزەلێکی عیرفانییە. شاعیر دەڵێ "اناالحق" ویردی سەر زمانی سۆفییە تەنانەت ئەگەر لەداریش بدرێت؛ سۆفیان جگە لە خودا کەس نابینن و لە هەموو بوون و کائینێکی غەیری ئەو بێزارن.
ئاوات لە مەقتەعی شیعرەکەدا هەمان ئەو ڕۆحە لە خۆی پیشان دەدات کە بۆتە ناسنامەی: من هیچم، لەکارکەوتووم و چیم پێ ناکرێت، دەنا خوداپەرستان خەریکی کاری خوداپەرستانەی خۆیانن.
کەڵك وەرگرتنی زۆر لە زاراوەی سۆفیانە لە زوربەی شیعرە کوردی و فارسییەکاندا گومانێك لای خوێنەر ناهێڵێتەوە کە ئاوات سوفییەکی سافی و لایەنگری فەلسەفەی "وحدت وجود'یش بووە.
لە چاپی جەعفەردا وەك 'مردمان' خدا' تۆمار کراوە.

## 'شفا'

شاعیر لەساڵی گوترانی شیعرەکەدا ٧٠ ساڵان بووە.
غەزەلێکی غەرامییە.
وێدەچێت لە ئیستیقباڵی ئەم غەزەلەی سەعدی شیرازیدا گوترابێت:

*"بیا، بیا که مرا با تو ماجرائی هست*
*بگوی اگر گنهی رفت و گر خطائی هست"*

## 'زخم مژه'
له تەمەنی ٧٣ ساڵانی شاعیردا گوتراوە.
شیعرێکی خالیسی غەرامییە.
کەرەسەی بەکارهاتووی شیعرەکە کۆن و کلاسیکن، بەڵام هەندێك پێکهاتەی نوێشیان پێ دروست کراوە، وەك:

*"سرو آزاد ندیدم که به پیش قد تو*

*خوار و بی قدر و سرافکنده، بەخود خم نشود"*

کارتێکەریی ئەم غەزەلەی سەعدی شیرازی بەسەر غەزەلەکەوە دەبینرێت:

*"هر کسی در حرم عشق تو محرم نشود*

*هر براهیم به درگاه تو ادهم نشود"*

## 'رشتەی مهر'
غەزەلەکە ڕێکەوتی ساڵی **١٣٦٣** ی هەتاوی (١٩٨٤ز) بە سەرەوەیە و بەم پێیە دوایین شیعری فارسییە کە ئاوات لە تەمەنی ٨١ ساڵی (پێنج ساڵێك پێش کۆچی دواییەکەی) گوتوویەتی. بەڵام لە بیرمان نەچێت چەند شیعری دیکەی فارسیش هەن کە ڕێکەوتی ساڵ و مانگیان بە سەرەوە نییە و ناکرێ بڕیاریان لەسەر بدرێت گەلۆ پێش یان دوای ساڵی **١٣٦٣** گوتراون.
غەزەلێکی قورس و قایمە، باس لە بێوەفایی دڵبەر و ڕەفتاری فەلەکی چەوتەکردار دەکات بەڵام لە کۆتاییدا ئەنجامێك لە قسەکانی وەردەگرێت و دەیباتەوە سەر خوداپەرستییەکەی خۆی: جگە لە خودا: "ناتوانرێ پشت بە کەس ببەسترێ".
شاعیرانی ئێرانیی پێش ئاوات کەڵکی زۆریان لە ڕەدیف و سەروای ئەم شیعرە وەرگرتووە:

*"قولی است خلاف، دل در آن نتوان بست"* (خیام)

*"دهان خشم و زبان حسود نتوان بست"* (سعدی)

"دست در حلقه آن زلف دوتا نتوان کرد" (حافظ)

*"به باغ، راه خزان و بهار نتوان بست"* (حزین لاهیجی)

## 'دوران مهر'

ئەم شیعرە ڕێکەوتی گوتنەکەی دەست نیشان نەکراوە و هەر بۆیەش هێناومەتە دوای شیعرە تەئریخدارەکان.
شیعرێکی سەمیمی و خوسووسی و دۆستانەیە بۆ حاجی ڕەحماناغای موهتەدی، دۆستی نزیکی ئاوات گوتراوە کە نەخۆش بووە و لە نەخۆشخانەی "میهر"ی تاران کەوتووە.
پێشتر لە بەشی شیعرە کوردییەکانیشدا غەزەلێك، قەتعەیەك و چوارینەیەکی ئاواتمان بینیوە کە بۆ ئەو زاتە گوتراون. لێرەشدا بە هەمان شێوە، حاجی ڕەحماناغا بە دۆستێك دادەنێت کە تا لە ژیاندا ماوە، وەك گیانی خۆی لای عەزیزە.

## 'با سر دویدن'

ئەم پارچە شیعرە لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە و من لە چاپی ئەنیسیم وەرگرتووە. ڕێکەوتی گوتنی شیعرەکەش دیاری نەکراوە.
غەزەلێکی غەرامییە. لە هەندێك شوێندا لەنگیی کێش یان ناتەواویی واتای تێدا دەبینرێت واهەیە ئەوە هۆکار بووبێت کە لە چاپی جەعفەر دا قرت کرابێت.
شێوازێکی نەك نوێ بەڵام سەرنجڕاکێش لە هۆندنەوەی شیعرەکەدا هەیە ئەویش سەروای فەردەکانە کە هەموویان لە باری ڕێزمانەوە، چاوگەن. واتە بۆ نموونە لە فەردی یەکەمدا، کە کرداری میسراعی یەکەم، زەمانی ڕابردووە، چاوەڕوان دەکرێت میسراعی دووهەمیش بە هەمان شێوە لە ڕابردوودا بێت، بەڵام چاوگە لەجیاتی کرداری ڕابردوو دانراوە.
عینوانی شیعرەکە، من دامناوە و لە دەقی شیعرەکە خۆیم وەرگرتووە.

## 'در وفات رهی معیری'

محمد حسین معیری کە ناسناوی شاعیرییەکەی "ڕەهی" بوو، شاعیر و "ترانەسرا" واتە دانەری شیعر بۆ گۆرانییە فارسییەکانی ئێران بوو. لە ساڵانی نێوان ۱۳۳۰ تا ۱۳٤۷ ی هەتاویدا ڕەهی گەلێك ناوبەردەرەوە بوو و گۆرانیبێژانی پلەی یەکەمی ئێران وەك

'مەرزیە' و 'دلکەش' شیعرەکانی ئەویان بە گۆرانی دەگوتەوە. ڕەهی لەساڵی ١٣٤٧ دا کۆچی دوایی کردووە و بەم پێیە دەبێ شیعرەکەش هەر لەو ساڵەدا گوترابێت.
پەیوەندی ئاوات لەگەڵ ڕەهی بۆ من ڕوون نییە لەبەر ئەوەی ئەو بە ڕەگەز ئازەربایجانی بەڵام فارسی ویژ بوو و نەمبیستووە پەیوەندێکی لەگەڵ کوردستان بووبێت. بە ئەگەری زۆر، ئاوات دەبێ شیعرەکانی ئەوی بەدڵ بووبێ و بۆ مردنەکەی ئەم شیعرەی گوتبێت. ئەوەی ڕوون بێ ئەوەیە شاعیر خەم و خەفەتێکی مرۆڤانەی بۆ ئەو مردنە دەربڕیوە و دوور نییە بۆ چاپ ناردبێتی بۆ گۆڤارێکی ئەو سەردەمەی تارانیش.
لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك نیشانەی دۆستایەتی لە نێوان شاعیری ئێمە و ڕەهیدا بە سەر شیعرەکەوە دەبینرێت، بۆ نموونە، دوو تێرمی 'مونس یاران' و 'دوستان' لەم فەردەدا:
*"رهی" استاد فکر بکر بود و مونس یاران*
*اسف بار سفر بست و امید از دوستان بگرفت"*

## 'در وفات محمدخان بداقی (حەمە خان)'

چاپی جەعفەر ساڵی وەفاتی حەمەخان و ساڵی گوترانی شیعرەکەی دەست نیشان نەکردووە.
شین گێڕییەکە بۆ مردنی لاوێك کە شاعیر بە "برای من" ناوی دەبات و سەری خۆی دەکاتە قوربانیی ڕێگای. کەسەکە، بە حیسابی ناوی بنەماڵەیی 'بوداقی' و لەقەبی 'خان'ەوە نەبێت، بۆ خوێنەر ناناسرێت. بەڵام بە یارمەتی ئەو دوو کلیلە، هەست دەکرێت لە پەیوەندی بنەماڵەیەکی ئاغاواتی نێوان بۆکان و سەقزدا بێت. بوداقییەکان خاوەن مڵکی گوندی "بۆگەبەسی" لە باشووری ڕۆژئاوای بۆکان بوون و دوور نییە محەممەدخان یەك لە ئەندامانی هەمان بنەماڵە بووبێت.

## چوارینە فارسییەکان

سەرجەم چوار پارچە چوارینەی فارسیی ئاوات لە چاپی جەعفەردا تۆمار کراون کە سیانی یەکەمیان دەکەونە خانەی شیعری عیرفانییەوە و ئەوی چوارەمیان، "ما ز بلبل با

گل و سنبل قراری داشتیم"، غەرامییەکی بێ پێچ وپەنایە و چاپی جەعفەر بە "دوبیتی" ناوبردەی کردووە.
ئەو چوارینە تایبەتە ڕێکەوتی ساڵی ١٣٥٩ ی هەتاوی بەسەرەوەیە کە دەکاتە تەمەنی ٧٧ ساڵیی شاعیر.
چوارینەی ژمارە ٢٨٩، هاوشێوەییەکی زۆری لەگەڵ غەزەلێکی کاکم عومەری سوڵتانی (وەفا)دا هەیە:
ئاوات:
"ما و بلبل با گل و سنبل قراری داشتیم
با خزان عمر، آخر لالەزاری داشتیم
در نهان زندگی خود برگ و باری داشتیم
با دلارامان خود بوس و کناری داشتیم"
وەفا:
*"کاش ماهم در جهان عشق، یاری داشتیم*
*کاش ماهم اختر شبهای تاری داشتیم...* ٨
*دور از انظار، زیر سایه بید و چنار*
*زان پریوش وعده بوس و کناری داشتیم..."* [٣٥١]
شیعری وەفا، بە گوێرەی کۆمەڵە شیعری 'سرود پرستو'، لە ١٣٣٨/٨/٢ واتە ساڵێك پێش شیعرەکەی ئاوات گوتراوە.
وێدەچێت هەردوو شاعیر لە هۆندنەوەی شیعری خۆیاندا کارتێکەریی غەزەلێکی شاعیری ئێرانی 'ڕەهی موعەییری'یان لەسەر بووبێت کە بەم مەتلەعە دەست پێدەکات:
*"یاد ایامی کە در گلشن فغانی داشتم*
*در میان سبزە و گل آشیانی داشتم..."*
کەم و زۆر لەو ساڵانەدا شیعری شاعیرانی ئێرانی تاقە سەرچاوەی بەردەستی خەڵك بوو لە ناوچەکە و کاکم کە کتێبفرۆش بوو، تەنیا کتێبی فارسی بەتایبەت شیعری فارسی لە دووکاندا بوو. بۆ من کە ئەو سەردەمە و بۆکانی ئەو ساڵانە و کتێبفرۆشییەکەی کاکمم بە باشی لەبیرە، هیچ سەمەرە نانوێنێت ئەگەر کەسێك پێم بڵێت کاکت یان ئاوات و حەقیقی و ئەوانیتر لەژێر کارتێکەریی شاعیرانی فارس دا بوون.

[٣٥١] شیعری ؛حسرت'، کۆمەڵە شیعری 'سرود پرستو'.

## شیعری ئاوات بۆ 'استاد عباس حقیقی'

له بەشی نامەگۆڕینەوەی چاپی جەعفەردا شیعرێکی فارسیی ئاوات بۆ مامۆستا حەقیقی و دوو شیعری ئەو بۆ ئاوات تۆمار کراون.

شیعرەکەی ئاوات بەم مەتلەعە دەست پێدەکات:

*"دیری است که از دوست پیامی نرسیده*

*گوئی که ز حالم خبری را نشنیده"*

یەك لە شیعرەکانی حەقیقی لە سەر هەمان کێش و سەروایە و دیارە وەڵامی ڕاستەوخۆی ئەو شیعرەی ئاواتە:

*"روشن شد از آن نامەی نامی دل و دیده*

*ای باد فدایش غزل و بیت و قصیده!"*

شیعرەکەی دیکەی حەقیقی ئاوا دەست پێدەکات:

*"نامەی نامیت ای سید فرخنده تبار!*

*آمد و دیدم و بوسیدم و خواندم صد بار!"*

چاپی جەعفەر ئەو شیعرەی بە "وەڵامی حەقیقی" ناساندووە بەڵام ئەو نامەیەی ئاوات کە ئەوە وەڵامی بێت لەوێدا نابینرێت.

شیعرەکەی ئاوات ساکار و گەلێك هاوڕێیانە و لەبەردڵانە. شیعرەکانی حەقیقیش بڕن لە ئیخلاس و دۆستی و ئیحتیرام بەرانبەر بە ئاوات.

## شعری ئاوات بۆ 'استاد خالد حسامی (هیدی)"

نامەکەی ئاوات لە ڕاستیدا وەڵامی شیعرێکی مامۆستا خالید حیسامی (هێدی)یە بۆ ئەو.

هێدی نامەکەی ئاوا دەست پێکردووە:

*"بەکویت آیم و گریانم و روی تو میجویم*

*تورا گم کردەام، دیوانەام، کوی تو میبویم"*

ئاواتیش ئاوا وەڵامی دەداتەوە، کە لەسەر هەمان کێش و سەروایە:

*"رسید آن نامەی پر مهر تو، من نیز میگویم*

*خدایا شاد کن از فیض خود آن یار خوشخویم"*

هەردوو شێعرەکان گەلێك جوان و دۆستانە و لەبەردڵانن.

ئەوەش دەقی شیعرە فارسییەکانی ئاوات کە لە سەرەوە کورتە ناساندنێکم بۆ کردن:

## متن اشعار فارسی

شامل ٣٠ قطعه شعر

- ٢٢ غزل
- ٢ مخمس از اشعار دیگران
- ٣ رباعی
- ١ دوبیتی و
- ٢ نامه شعری به دوستان شاعر

# معراج

از بلندا جای بالا آمدی
وه چه محبوب و دلارا آمدی!
رفتی و باز آمدی زیبنده‌تر
از همه نقصی مبرّا آمدی

چون بدیدی لطف صاحبخانه را
مطمئن بی‌ترس و پروا آمدی
شهر مکه چشم در راه تو بود
تا تو باز از عرش اعلا آمدی
ای که پایت بر سر چشم همه!
خوش مقامی داشتی تا آمدی
در میان جملگی خیل ملك
ای سپهسالار، زیبا آمدی
خیرمقدم از "امامی" کن قبول
تو که بس پاك و مصفّا آمدی

روستای 'کانی‌به‌ن'، ۱۳۳۱ شمسی
(صفحه ۲۳٤ چاپ انیسی و ۳۷۳ چاپ جعفر امامی)

بحر عروضی شعر،
رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## هیچ و هیچ

جانا بیا که درد دل خود دوا کنیم
خود را ز قید و بند تکلّف رها کنیم
آن نسیه جان که هست به صاحب طلب دهیم
آنگاه روی خویش به سوی خدا کنیم
آنچه سزای ماست همان می‌کند خدای
تا کی در این سرا عمل ناسزا کنیم[۳۵۲]
دنیا متاع عاریت است و امانتی
تا کی متاع عاریتی را قبا کنیم[۳۵۳]
کی این محبت است که با نفس می‌کنیم
با هرچه ناسزاست بدان آشنا کنیم
هیچ است جمله ملك جهان، هیچ هیچ هیچ
پس بهر هیچ و پوچ چرا دست و پا کنیم

روستای قاقلاوا، ١٣٣٤ شمسی
(صفحه ٢٣٢ چاپ انیسی و ٣٧٠ ی چاپ جعفر امامی)

بحر عروضی شعر،
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

---

[۳۵۲] چاپ انیسی: تا کی در این سراچه دنیا سزا کنیم
[۳۵۳] چاپ انیسی: مطاع

## صید حرم

من بیچاره بر گرد رخ جانانه می گردم
به عشق سوختن، او شمع و من پروانه، می‌گردم
به یاد چشم مستش شیشه‌ی دل پر ز می کردم
به تیر غمزه بشکست و در میخانه می‌گردم
ندانم من چه هستم کیستم، چون زیستم با غم
چنان سرگرم درد دل شدم، دیوانه می‌گردم
نه مستم من، نه مدهوشم، عجب بی‌فکر و بی‌هوشم
که سر از پای نشناسم، همی مستانه می‌گردم
سر زلفش بود چوگان، سر من گوی میدانش
ببین مردانه در میدان، چه سرسختانه می‌گردم
برای من ز هجر دوست دنیا گشت ویرانه
چو بومم ز آنکه روز و شب پی ویرانه می‌گردم
"امامی" را بکشت و گفتمش: صید حرم هستم
بگفتا من پی صید حرم، در خانه می‌گردم

روستای قاقلاوا، ۱۳۳۵ شمسی
(صفحه ۲۲۵ چاپ انیسی و ۳۶۵ چاپ جعفر امامی)

بحر عروضی شعر،
هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

# روزگار من

دانی چه سان گذشت به من روزگار من؟
روزم چو شب، شبم چو دل تنگ و تار من
اوقات من چو زلف بتان پیچ و خم‌به‌خم
گویی همه گره به گره بسته کار من
شهری است ملك دل که همه مرز و بوم او
مشروب از دو دیده چون آبشار من
مژگان و ابروان چو تیر و کمان یار
تا کی زند به سینه چاك و فگار من؟
دربند وی فتادم و افتادن آرزوست
تا کی رسد به بام و در من بهار من
از آب چشم خویش دهم آب گلستان
شاید بروید از لب جو گلعذار من
"کامل" ز بسکه قافله‌ام کند می‌رود! [٣٥٤]
مشکل رسد به منزل جانان قطار من

روستای قاقلاوا، ١٣٣٨ شمسی
(صفحه ٢٢٦ چاپ انیسی و ٣٧٢ چاپ جعفر امامی)

بحر عروضی شعر،
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

---

[٣٥٤] چاپ انیسی: قافیه‌ام تنگ میرود

# مناجات

یارب به کرم رحمی! دیوانه هر کویم
پروانه‌ی هر نوری، می‌سوزم و می‌گویم
از بار گنه، پشتم خم گشته چو چوگانم
با موی سفیدم بین، هرچند سیه‌رویم[۳۵۵]
از نکبت و معصیت، افکنده سرم هر دم
با هر که درآویزم، بدحالت و بدخویم
در روز خجل هستم، چون شب پره پنهانم
بینند به تاریکی، شب‌ها به تکاپویم
با این همه بدبختی، با این همه سرسختی
چرك گنه خود را، از روی نمی‌شویم
عفو تو ز عصیانم بیش است، نمی‌ترسم
هرچند ز بیم آن، آواره به هر سویم
نومید نمی‌گردد، هرکس که به درگاهت
رو کرده و می‌گوید: غیر از تو نمی‌جویم
دربار خدا باشد، "کامل" ز چه می‌ترسی؟
رو بر در باز او، گو من سگ این کویم!

روستای قاقلاوا، ۱۳۳۹ شمسی
(صفحه ۲۱۹ چاپ انیسی و ۲۷۱ چاپ جعفر امامی)

بحرعروضی شعر، مضارع مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

---

[۳۵۵] چاپ انیسی: هرچند که سیه‌رویم

# بخت بی وفا

تخمیس امامی بر غزل سید قادر سیادت (سید)[٣٥٦]

ای که نالانی ز بخت بی وفای خویشتن!
ای که می‌نالی ز ساز نارسای خویشتن!
شکوه داری از زمان پر بلای خویشتن
"ای که می‌رنجی ز درد بی‌دوای خویشتن!"
"نی مگر نالد ز کس جز از نوای خویشتن؟"

در میان عشقبازان، ما نجاتی خواستیم
ما ز یاران یك‌دمی، عهد و ثباتی خواستیم
"چشم یاری داشتیم" و التفاتی خواستیم
"ما در این محنت‌سرا حق حیاتی خواستیم"
"زان سبب بایست دیدن هم سزای خویشتن"[٣٥٧]

از حیات خویش بی‌مورد چرا آزرده‌ایم؟
تا به میل ناکسان درهای غم بگشوده‌ایم
بهر ذوق اجنبی فکر عبث بنموده‌ایم
"تا به بانگ دیگران راه غلط پیموده‌ایم"
"گوش ما نشنفته بود آخر نوای خویشتن"

---

[٣٥٦] این مخمس درنسخه انیسی عنوان مشخصی ندارد و تنها در ابتدای آن آمده‌است: *"تخمیس بر غزل پسرعمویم جناب سید قادر سیادت"* که به سیاق بیان، باید از سوی خود شاعر نوشته‌شده‌باشد. سید قادر سیادت پسرعموی امامی و شاعر خوش طبعی بود.

[٣٥٧] نسخه چاپ انیسی: بایستی دیدن

کس برای مستیم ناورد جامی از ازل
کس نبرده از من بیچاره نامی از ازل
کس به روز من نیاوردست شامی از ازل
"کس به پای من نمی‌بسته‌ست دامی از ازل"
"چون به دام دیگران رفتم به پای خویشتن"

زان جهت از تیره‌روزی می‌کشم من جور خویش
من که از ابر کسان خواهم جمال بدر خویش
ساده‌لوحی بین که نفع از غیر خواهم بهر خویش
"تیره‌بختی بین که من از غیر خواهم قدر خویش"
"خود نمی‌دانم ولی قدر و بهای خویشتن"

روستای قاقلاوا، ۱۳۳۹ شمسی
(صفحه ۲۲۹ چاپ انیسی و ۳۷۸ چاپ جعفر امامی)

بحر عروضی شعر،
رمل مثمن محذوف:: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## متاع محبت

چو آفتاب سراسیمه شرق و غرب دویدم
ز هر دو سوی به شکل جمال دوست ندیدم
هزار در بزدم من، هزار بادیه رفتم
هزار جور به امید وصل یار کشیدم
به عشق نرگس مستش به زلف او گرویدم
چو مرغ خانه خرابم ز آشیانه پریدم
به روز، شب پره هستم ز زرق و برق هراسم
به شب، به یاد دو زلف چو مار یار خزیدم
شب فراق به امید بامداد شدم من
چو بامداد رسید آفتاب خود طلبیدم
به روزگار خودم زار زار گریه کنم من
که روز و شب همه در خون خویشتن غلطیدم[۳۵۸]
ز طفلی تا به کهولت دریغ هیچ نکردم
هر آنچه سعی نمودم به آرزو نرسیدم
به شهر مهر رسیدم متاع دهر بدیدم
به‌جز متاع محبت به نقد جان نخریدم
به‌جای آنکه چو رندان به شوق و ذوق درآیم
ز ترس طعنه‌زنان جهان، به چاه خزیدم

روستای قاقلاوا، ۱۳٤۰ شمسی
(صفحه ۲۲۱ چاپ انیسی و ۳٦٦ چاپ جعفر امامی)

---

[۳۵۸] نسخه انیسی: همه در خون خویشتن بلمیدم

بحر عروضی شعر:
مجتث مثمن مخبون، مفاعلن فعلاتن// مفاعلن فعلاتن

## گل جامه درید

شب آمد و رفت و نوبت صبح رسید[۳۵۹]
بر هر در و بام عاشق و دوست دمید
هنگام گل و سنبل و عیش و طرب است
شد فصل گل و نسیم بر سبزه وزید
یاران همه جمعند و نهان شد اغیار
صد شکر که منکر است در چاه خزید [۳۶۰]
آواز نی و بربط و تارست امشب
ساقی به خود آ جام می و باده رسید!
ای جان "امامی"، تو نگنجی در جام
ای کاش بگویند که "گل جامه درید"!

روستای قاقلاوا، ۱۳٤۰ شمسی
(صفحه ۲۳۷ چاپ انیسی و ۳٦۲ چاپ جعفر امامی)

بحر عروضی شعر،
هزج مثمن اخرب مکفوف مجبوب (وزن رباعی): مفعول مفاعیل مفاعیل فعل

---

[۳۵۹] هردو متن چاپی، به جای فعل رسید، لفظ امید ضبط کرده‌اند.
[۳۶۰] منکرانت (؟)

## نشانه خزانم

بی روی تو نیست عید، جانم!
بی تو، بهر تو ناتوانم (؟)
چون برگ، ز گلستان فتاده
چون باد، نشانه خزانم
خون میخورم از فراق رویت
دادم ز کف، عاقبت، عنانم!
چون کبك ز ترس دام صیاد
از خنده فتاده، در فغانم
بنشسته فقیر و مات و مبهوت
مرغ پروبال بسته مانم!
سرقافله سیاهروزان
از غمزدگان اسف ستانم!
ناچار زگردش زمانه،
بردن غم دوست می ندانم[٣٦١]
یاربی! اگرچه روسیاهم
هرچه توکنی سزای آنم
اما تو کریمی و 'امامی'
گوید که گدای آستانم

روستای قاقلاوا، ١٣٤٢ شمسی
(صفحه ٢٣٣ چاپ انیسی؛ در چاپ جعفر امامی موجود نیست)

---

[٣٦١] چاپ انیسی: می نشانم

# فشار زندگی

سخت بیزارم ز جانم از فشار زندگی
وای بر جنگ‌آوران کارزار زندگی
من نمی‌ترسم اگر آید اجل سویم شبی
می‌گریزد از غم فردای تار زندگی
نی به آواز حزین خویش می‌گوید به گوش
هوش‌دار ای بی‌خبر! آواز تار زندگی
"از نیستان تا مرا ببریده‌اند" اهل زمان[۳۶۲]
در فشارم از فراق گلعذار زندگی
تر شود از گریه‌ی من دامن صحرای دل
بنگرید از تنگنای آبشار زندگی
"کامل"ا تا زنده‌ای از مردگان بی‌حستری!
گر بمیری راه یابی بر دیار زندگی

روستای قاقلاوا، ۱۳۴۵ شمسی
(صفحه ۳۷۵ چاپ جعفر امامی؛ در چاپ انیسی موجود نیست)

بحر عروضی شعر،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

---

[۳۶۲] برگرفته از سرآغاز دفتر اول مثنوی معنوی

## شمع شبستان

می گریم و می خندم، چون شمع شبستانم
کوته‌نظر و فکرم، چون طفل دبستانم
گه لاغرم و زردم من، چون خار مغیلانم[۳۶۳]
گاهی خوش و سرخم من، چون گل به گلستانم
گاهی سرحالم من، فهمیده و دانایم
گه بی‌خود و نادانم، در حالت مستانم
گاهی چو ولی‌الله در وادی وحدت من
می‌گردم و گه فاسق، چون باده‌پرستانم
با این همه جوراجور با این همه رنگارنگ
یك‌رنگ و خداجویم در زمره‌ی رستانم

روستای قاقلاوا، ۱۳٤٥ شمسی
(صفحه ۳٦۹ چاپ جعفر امامی، در نسخه چاپ انیسی موجود نیست)

بحر عروضی شعر،
هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

---
[۳۶۳] چاپ جعفر امامی: زردم، چون

# از کارزار افتاده‌ام

قطره‌ام از آب دریایم کنار افتاده‌ام
بی‌نگین و همدم و غواص و یار افتاده‌ام
گاه چون لاله، به کف در باغ، جامی داشتم
حالیا بی جام و باغ و لاله‌زار افتاده‌ام
هر شبی را روز می‌پنداشتم با دوستان
حال من بی‌روز در شب‌های تار افتاده‌ام
گویی اندر غربتم، هم نیست یك‌دم همدمی
ای اجل زود آ که بی‌یار و دیار افتاده‌ام!
با تن فولاد و آهن من بدم روز نبرد
با تن لاغر کنون از کارزار افتاده‌ام
با سر و ریش سفید آخر چه سود از ماندنم؟
اندرین دنیای دون در انتظار افتاده‌ام
بار سنگین گنه بر دوشم و دستم تهی است
توشه‌ای آخر ندارم شرمسار افتاده‌ام
گفت "کامل" مفسلم، جز رحمت پروردگار
نیست امیدی، به روز حشر زار افتاده‌ام

روستای قاقلاوا، ۱۳٤٥شمسی
(صفحه ۲۲۱ چاپ انیسی و ۳٦٤ چاپ جعفر امامی)

بحر عروضی شعر،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# هشیار نیست [۳٦٤]

تو بمان ای چون تو کس غمخوار نیست!
چون تو، کس با مستمندان یار نیست
جز تو، ای قربان تو جان و تنم!
در ولایت سرور و سردار نیست
هر که می‌بینم دوروی است و دغل
بهر کس، کس محرم اسرار نیست
مونسم، روز و شبم محنت دهد
همدمم جز در پی آزار نیست
امتحان کردم همه ابنای دون[۳٦٥]
با کسم دیگر سر و هم کار نیست
گر قبولم می‌کنی ور رانیم
بر درت زاری کنانم؛ چار نیست
لطف و رحم تو بود داروی من
از دل گم‌گشته‌ام آثار نیست
رفت دیگر، از کجا باز آرمش؟
از چه رو آرم، که با او کار نیست
هر کجا رفته‌ست، گو یارت خدا
هر کسی بردست، گو هشیار نیست
مست شد از جرعه‌ی خون جگر
پست شد چون بهر او دلدار نیست[۳٦٦]

---

۳٦٤ نسخه جعفر امامی: هوشیار نیست

۳٦٥ نیاز از ابنای دون باید ابنای دنیای دون یعنی آدمیان باشد.

۳٦٦ پست در مفهوم مستفاد در برخی از مناطق کردستان، افسرده و ناراحت است.

سخت سرسختم هم از بی‌طالعی
رفته در خواب ابد، بیدار نیست!
آشکارا و نهان در ضیقتم
همچو من در دهر یك بیمار نیست
پس سزاوار است نالیدن ز من
هست بیمار و ولی تیمار نیست

روستای قاقلاوا، ۱۳٤٥ شمسی
(صفحه ۲۲٦ چاپ انیسی و ۳٥۸ چاپ جعفر امامی)

بحر عروضی شعر:
رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## پربسته

سر ز پا نشناسم و پا از سر سوداگرم
وای گه بر پای پر آزار و گه در بسترم
گه دلم گرم است از وصل و گهی سرد از فراق
گه چو یخچالم همی بینی و گه چون مجمرم
گاه گویم، گاه سوزم، گاه خشك و گاه تر
گاه در صحرا گیاهم، گاه چون نیلوفرم
پرّ و بالی می‌زند مرغی که در دام اوفتاد
بال و پر یا دست و پایی چون زنم؟ بسته پرم

روستای قاقلاوا، ۱۳٤۷ شمسی
(صفحه ۲۳٦ چاپ انیسی و ۳٦۸ چاپ جعفر امامی)
بحر عروضی شعر،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# ستایش

چه شود اگر به رحمت من بینوا نوازی؟
من اگر نیازمندم تو کریم و بی‌نیازی
من اگر کسی ندارم تو کس منی و عالم
منم ار فقیر و بی‌کس، تو رحیم و دلنوازی
شب قدر من همان شب که به وقت صبحگاهی
بنوازی عبد مذنب، تو که درب خانه بازی
به چه رو روم به درگه؟ که بسی گناهکارم
من مبتلا و ناچار، تو و عفو و چاره‌سازی
به‌جز از در تو یارب در سرفراز نبود
به هزار ترس آیم به امید سرفرازی
به درت برد "امامی" سر خود به شرمساری
مگر آرد و گذارد سر و رو به خاکبازی

روستای قاقلاوا، ١٣٤٨ شمسی
(صفحه٢١٩ چاپ انیسی و ٣٧٤ چاپ جعفر امامی)

بحر عروضی شعر[1]
رمل مثمن مشکول: فعلات فاعلاتن// فعلات فاعلاتن

# راز و نیاز

رفتی و پیش چشم من حاضر و ناز می کنی
با دل صید خویشتن راز و نیاز می‌کنی
مردنم آرزوست چون زنده شوم به مقدمت
بر تن مردگان خود چون تو نماز می‌کنی
زلف تو مار و هر شبی دور تو حلقه می‌زند
از آن به سوی خویشتن راه دراز می‌کنی
خوبی و حسن روی تو دست به دست هم دهد
زان سبب است این همه عربده ساز می‌کنی
حسن تو گنج غزنوی زیبد اگر بگویمت
صد چو من خراب دل همچو ایاز می‌کنی
"کامل" اگر به کعبه‌ی حضرت دوست عاشقی!
مژده دهم که عاقبت عزم حجاز می‌کنی
روستای قاقلاوا، ۱۳٤۹ شمسی
(صفحه ۳۷٦ چاپ جعفر امامی؛ در چاپ انیسی موجود نیست)

بحر عروضی شعر،
رجز مثمن مطوی مخبون: مفتعلن مفاعلن// مفتعلن مفاعلن

# بر درگه تو

ای در نظرت جهان چو پرّ کاهی!
رحم و کرمت شامل هر گمراهی
آری که منم اسیر نفس و شیطان
از بهر نجات من کرم کن راهی
بر درگه تو شاه نهد روی به خاك
زان در چه گدایی و چه شاهنشاهی
غیر تو و آنکه او فرستاده‌ی توست
در هر دو جهان نیست شفاعت‌خواهی

روستای قاقلاوا، ۱۳٤۹ شمسی
(صفحه ۲۳٦ چاپ انیسی و ۳۷۷ چاپ جعفر امامی)

بحر عروضی شعر ،
هزج مثمن اخرب مکفوف مجبوب (وزن رباعی): مفعول مفاعیل مفاعیل فعل

## مردان خدا[۳۶۸]

صوفیان وردشان 'اناالحق' بود
گرچه منصوروار بر دارند
روز و شب با خدا به امر خدای
پرده از روی کار بردارند
ظاهرا گرچه مفلسند و فقیر
لیك اندر خفا چو سردارند
زین جهان گر تو بینی زار و نزار
زان جهان بین مقیم دربارند
گر ندارند ملك و ثروت و مال
قوچ قربانی‌اند و سردارند
جز خدا را به دل نمی‌بینند
از همه کائنات بیزارند
جز "امامی" که پیر و افتاده است
مردمان خدای درکارند

روستای قاقلاوا، ۱۳۵۰ شمسی
(صفحه ۲۳۵ نسخه انیسی و ۳٦۱ نسخه جعفر امامی)

بحر عروضی شعر،
خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

[۳٦۸] چاپ جعفر: مردمان خدا

## شفا

دانی که با تو مرا عهد و ماجرایی هست[369]
از خاك‌پای تو بر خاطرم صفایی هست[370]
به چاك سینه نگر دلستان! که اهل دلی
بدان ز بوی گل روی تو دوایی هست
بترس جان من! از آه سینه‌ی عشّاق
مرو به ناز عزیزم! بدان خدایی هست
به سان ساز و دف و تار و نی ز سینه‌ی من
به عشق روی خوشت گوش کن، نوایی هست
به سوز سینه همین بیت گفته‌ای "کامل"!
برای درد دلم از لبش شفایی هست

روستای قاقلاوا، ۱۳۵۲ شمسی
(صفحه ۲۳۵ نسخه انیسی و ۳۵٦ نسخه جعفر امامی)

بحر عروضی شعر،
مجتث مثمن مخبون محذوف: مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن

---

۳٦۹ نسخه انیسی و جعفر امامی: تودانی با تو
۳۷۰ نسخه انیسی و جعفر امامی: ز خاکپای تو

## زخم مژه

باغبانی که به گلزار تو محرم نشود
خاطرش تا به قیامت خوش و خرم نشود
آن کسی را که ببوسد رخ گندمگونت
به بهشت ار برود لیك چو آدم نشود
هر که با غمزدگان همدل و همراه نشد
عشق در خاطر او نبود و همدم نشود
هرکه در دام سر زلف پر و بال نزد
همچو من روز و شبش درهم و برهم نشود
سرو آزاد ندیدم که به پیش قد تو
خوار و بی‌قدر و سرافکنده به خود خم نشود
گر کنی میل به ما شیفتگان ای دلدار!
هیچ از قدر تو و منزلت کم نشود
به "امامی" نظر افکن که ز پا افتاده است
گرچه زخم مژه‌ی تیز تو مرهم نشود

روستای قاقلاوا، ۱۳۵۵ شمسی
(صفحه ۲۲۸ نسخه انیسی و ۳٦۰ نسخه جعفر امامی)

بحر عروضی شعر،
رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

## رشتەی مهر

رشتەی مهر به هر بی سر وپا نتوان بست
دل بهر دلبر بی مهر و وفا نتوان بست
دل چو يك مرغك وحشی است به هر كوی و دری[۳۷۲]
به دو سه دانه و دام به ريا نتوان بست
هيچكس بر نفس باد صبا تكيه نكرد[۳۷۳]
تكيه بر دلبر پر جور و جفا نتوان بست
داد و بيداد ز دست فلك كج‌رفتار
همه لغو است و غلط، دست قضا نتوان بست!
"كامل"ا، عهد و وفا نيست ز كس، دست بكش!
تكيه بر عهد و وفا جز به خدا نتوان بست

روستای قاقلاوا، ۱۳٦۳ شمسی
(صفحه ۲۳۱ نسخه انيسی و ۳۵۵ نسخه جعفر امامی)
بحر عروضی شعر،
رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

---

۳۷۲ نسخه انيسی: به هر كوه و دری
۳۷۳ نسخه انيسی: همچو كس

## دوران مهر

با دل شوریده گیرم بعد از این دامان مهر
خوش بود با عشق جانان طی شود دوران مهر
شاهد مهر و وفایش بس که گویند 'مهتدی'
بستری گردید اکنون در 'بیمارستان مهر'
آن مدبر خواند درس مهر و میل دوستان
زان سبب بگرفته مدرك در دبیرستان مهر
آنقدر با لطف و مهر است و وفا گویی که او
در زمان کودکی خورده است از پستان مهر
گوی چوگان وفا گردد بر هر آشنا
جان فدای آشنا اینك سر و میدان مهر
تا بود جان در بدن، تا هستم و هست آن رفیق
دارمش چون جان عزیز و گوش بر فرمان مهر
هر کسی گوید برون شد دوست از بیمارگاه
دامنش بوسم ز شادی تا لب خندان مهر
"کامل"ا، دیگر تو و مهر و وفا، صدق و صفا
باش سخت و ثابت و صادق، تو و پیمان مهر!

مکان و زمان سرودن شعر مشخص نیست
(صفحه ۲۲۸ نسخه انیسی و ۳۶۳ نسخه جعفر امامی)

بحر عروضی شعر:
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# با سر دویدن

رفتی و بردی جان و دلم را
تنها به کنج عزلت خزیدن
نه خفته آنی، نه خورده نانی[٣٧٤]
این تو به آن تو، باسر دویدن
پیر و بیچاره، افتان و خیزان،
با این وضع و حال، نهراسیدن
آه سرد من چون نسیم صبح
بر بام و درت دارد وزیدن
در کوی حسرت، بازار محنت
ندارم چاره، جز غم خریدن
چون مار زخمی می پیچم به خود
یك ساعت یکدم، نیارمیدن[٣٧٥]
آنها همگی نصیب من شد
انگشت حسرت به لب گزیدن
آخر من و این درد جدائی
به دوش، این بار سنگین کشیدن
آری شب و روز فلك کارش است
دل از این و آن بیخود بریدن
شغل امامی در آخر عمر
گه گریه، گاهی به‌خود خندیدن!
(صفحات ٢٣١ و ٢٣٢ نسخه انیسی. در نسخه جعفر موجود نیست)

---

[٣٧٤] نسخه انیسی: نه‌خفتن آنی، نه خوردن نانی

[٣٧٥] نسخه انیسی: نهراسیدن

## در وفات رهی معیری[۳۷۶]

"رهی" راه فرار از خیل ابنای زمان بگرفت
زداغ حسرت آنان همی چشم از جهان بگرفت
چو دید از این و آن جز خوردن خون جگر نبود
به ناچاری دل پر محنتش از این و آن بگرفت
جهان خود با هنرمندان بجز جور و جفا نبود
وداع از دار فانی کرد و منزل در جنان بگرفت
"رهی" استاد فکر بکر بود و مونس یاران
اسف بار سفر بست و امید از دوستان بگرفت
دمی با قلب فارغ باز کردم رادیو اما
به‌جای ذوق دل از سر ره داد و فغان بگرفت
"رهی" سرقافله در کاروان و شاعران دنبال
رسید آخر اجل ناگه زمام کاروان بگرفت
ز مرگ نابهنگامش "امامی" گشت پژمرده
در شور و شعف بر من اجل هم ناگهان بگرفت

(صفحه ۲۲٤ انیسی و ۳۵۷ چاپ جعفر امامی)

بحر عروضی شعر،
هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

---

[۳۷۶] محمد حسن معیری (رهی) شاعر و ترانه سرای ایرانی (۱۳٤۷-۱۲۸۸)

## در وفات محمدخان بداقی "حەمە خان"

در فصل بهار کی خزان است؟
کی موسم ناله و فغان است
ناقوس اجل زند نوایی
دم زد ز وفات آشنایی
ناکام و جوان، عزیز یاران
چون لالەی فصل نوبهاران
آن کیست، محمد بداقی[۳۷۸]
رحمت کندش خدای باقی
دنیا نبود مجال آنان
رفتند یکی یکی جوانان
"الله معك" برادر من
قربان و تصدقت سر من
آن سر که نه در ره حبیب است
یك کاسەی پوچ و بی‌نصیب است[۳۷۹]
یاران تو در فغان و زاری
محروم ز موسم بهاری
تو رفتی به دار جاودانی
ما ماندەی در دیار فانی
ای خاك سیه! عزیز دل‌هاست
آن کس که تو بردی زیب گل‌هاست

---

[۳۷۸] چاپ انیسی: براقی
[۳۷۹] چاپ انیسی: نانجیب است

رونق نبود اگر گلستان
زینت بگرفت مقبرستان
زین پس من و یاد یار باقی
آن یار، محمد بداقی[380]

(صفحه ۲۳۸ چاپ انیسی و ۳۸۰ چاپ جعفر امامی)

بحر عروضی شعر ،
هزج مسدس اخرب مقبوض محذوف: مفعول مفاعلن فعولن

[380] چاپ انیسی: محمد براقی

## رباعی و دوبیتی

بخش اشعار فارسی امامی، شامل چهار قطعه رباعی و دوبیتی:

برخیز "امامیا" که وقت سحر است!
هنگام گشایش دل و قفل در است
فرصت مده از دست اگر هشیاری
بیدار شو این دم، دم فتح و ظفر است

جناب دوست نگاهی به من نمود و برفت
در گشایش و شادی ز من گشود و برفت
بگفتمش که دلم مبتلای قامت توست
نکرد رحم و تفقد، دلم ربود و برفت

یارب به کرم ذلیل راهم نکنید!
نزیك غم و ناله و آهم نکنید
مستوجب رحم خلق دنیا نشوم
محروم ز لطف صبحگاهم نکنید

ما و بلبل با گل و سنبل قراری داشتیم
با خزان عمر، آخر لالەزاری داشتیم
در نهان زندگی خود برگ و باری داشتیم
با دل آرامان خود بوس و کناری داشتیم

روستای قاقلاوا، ١٣٥٩ شمسی

## نامه‌های منظوم امامی به دوتن از اساتید شعر کردی

عباس حقیقی و خالد حسامی (هێدی)، از شاعران مکتب شعری 'موکریان' کردستان، همراه با پاسخ منظوم آنان. نامه‌های منظوم بیشتری از امامی و دیگران را میتوان در بخش اشعار کردی کتاب دید.

# نامه امامی به حقیقی[۳۸۱]

دیری است که از دوست پیامی نرسیده
گویی که ز حالم خبری را نشنیده
در آتش هجر تو همی سوزم و گریم
بی تو دل افسرده‌ی من زهر چشیده
زان روز میان من و تو فاصله افتاد
غم در رگ و پوی من بیچاره خزیده
بیرون نرود از دل زارم غم هجرت
عمری است دلم بار فراق تو کشیده
هر کس که به لطف و کرمت انس گرفته
از جمله‌ی ابنای جهان، مهر بریده
پیری نبود باعث خم گشتن قدم
از بار غم توست چنین زار و خمیده[۳۸۲]
مستوجب لطف است دل زار "امامی"
دیوانه شد از حسرت تو، جامه دریده

روستای قاقلاوا، ۱۳٦۲/۸/۱۷ شمسی
(صفحه ۳۹۰ چاپ جعفر امامی؛ در چاپ انیسی موجود نیست)

بحر عروضی شعر،
هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

---

[۳۸۱] استاد عباس حقیقی (۱۲۸۱-۱۳۷۵ شمسی) شاعر کرد و یکی از ستونهای اصلی مکتب شعری موکریان است. وی یکصد غزل حافظ شیرازی را در وزن اصلی آنها، به شعر کردی برگردانده و در کار انتقال تفکر حافظ به خواننده بسیار موفق بوده‌است (نگا: مجموعه 'شه‌ونم' چاپ سال ۱۳۷۰ انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیه)

[۳۸۲] چاپ جعفر امامی: زار خمیده

## جواب حقیقی به امامی

روشن شد از آن نامه‌ی نامی دل و دیده
ای باد فدایش غزل و بیت و قصیده!
از سوی "امامی" به "حقیقی" است پیامی
چون قوت روان، مرهم دل، سرمه‌ی دیده
گویی به شب تار عیان شد مه تابان
یا در دل شب می‌دمد از صبح سپیده
یا مهر و مه و مشتری و توده‌ی پروین
یا زهره به سوی کره‌ی خاك خزیده
چون مرغ شباهنگ همی ناله دهد سر
چون بلبلی از عشق گلی جامه دریده
ای سید والاگهر ای فاضل "کامل"!
ای مرغ هما از زغن و زاغ رمیده!
پروانه همی سوزد و شمع است فروزان
این شیوه‌ی بیداد ز عشق است پدیده
کشکول ارادت بود انباشته از مهر
درویش و مرید توام از روی عقیده
در رابطه با قلب توام روز و مه و سال
در فکر تو هستم همه اوقات عدیده
از هجر رخت اشك من زار چو شبنم
هر صبح و مسا بر گل و گلزار چکیده
باری ز "حقیقی" دل و جان باد فدایت
ای قامت و بالای تو چون سرو کشیده!

بوکان، ۱۳٦۲/۸/۲۵ شمسی

# جواب حقیقی به نامه دیگر امامی

نامه‌ی نامیت ای سید فرخنده تبار!
آمد و دیدم و بوسیدم و خواندم صد بار
سپری شد غم و هم رنج و الم پایان یافت
رخت بربست محن زامدن مژده‌ی یار
همچو روح‌القدس اندر تن من جان بدمید
نفس گرم تو ای شاعر شیرین گفتار!
من مهجور ز یادآوریت شاد شدم
خاصه یادی که دهد وعده ز قرب دیدار
بوی پیراهنی از مصر به کنعان آمد
گرد ره شد سبب روشنی دیده‌ی تار
رنج می‌برد دل از دوری دیدار عزیز
نوشداروی تو شد مرهم این قلب فگار
دیدن یار و دیار است مزایای حیات
آرزوی دل من دیدن یار است و دیار
گرچه دورم ز تو ای دوست! به جان تو قسم
نیست در خاطر من جز دل و دلبر، دیّار
یاد آن روز و مه و سال که با هم بودیم
بی تو آن عمر که بگذشت نیارم به‌شمار
پایه‌ی مهر تو بر دل نپذیرد خللی
چه توان کرد خرابش فلك کج رفتار
گویمت حال دل خویش چو پرسیدی حال
که نه زیباست ز دلدار نهفتن اسرار

فکر می‌کردم از آن روز که حسب قانون
شصت یا سی کنم بازنشست و بیکار
داخل محفل یاران شوم و خوش باشم
چند روزی که بمانیم در این راه‌گذار
سی نیامد که دچار خطر شصت شدم
خدمتم ناقص و سن شصت شد و پایه دو چار
حال من با رفقا با تو بگویم چون شد
همچو از گرگ رمد میش و نهد پا به فرار
تا سرکار بدم جمله کنارم بودند
چو کنار آمدم از من بگرفتند کنار
به سرت خانه‌نشین تا شده‌ام من، شده‌اند
دوستانم همگی دشمن و خویشان بیزار
بذر پاشیدم و خشکید و جَوی سبز نشد
به زمینی که بود شوره، در او بذر مکار
چه بسا ریشه که در باغ امل بنشاندم
لیك ناورد بری جز ثمر تلخ به بار
نه من و تو، همه دانند که دنیای دنی
هست دون‌پرور و غدار و هنرمندآزار
خاطر آزرده شود، درد دلم بسیار است
خورده‌ام کاسه‌ی خون از خم گردون بسیار
بیم دارم که مکدر شوی از من ورنه
هست این قافله را قافیه تا مرز هزار
دهمت پندی اگر بشنوی از من، کامل!
چو "حقیقی" به کسان خاطر خود را مسپار

---

نامه دومی که قاعدتا باید پاسخ حقیقی در رابطه با آن نوشته شده باشد، متأسفانه در هیچکدام از نسخه‌های انیسی و جعفر امامی موجود نیست.

# ***نامه 'هیدی' به امامی***

به کویت آیم و گریانم و روی تو می‌جویم
تو را گم کرده‌ام، دیوانه‌ام، خاك تو می‌بویم
جوانمردا! بیا، قربان بازوی توانایت!
در این ماتم مرا دریاب و خود برگیر بازویم
بمیرم گر ز هجرانت، ازین شادی به رقص آیم
که بعد از مرگ، چون لاله به بالین تو می‌رویم
قلم زان رنج بی‌حاصل فغان سر داده، می‌نالد
چو من اوراق گویایش به آب دیده می‌شویم
ملامت‌گوی پندم می‌دهد، لیکن نمی‌داند
که من خود بی‌خبر از خویشم و از آنچه می‌گویم
نه چون پروانه‌ام بوسه ز روی شمع بردارم
غریقی هستم و بهر نجاتم در تکاپویم
بسوزم در تبت، اما جز این جرمی نمی‌دانم
چرا پیدا نه‌ای، آخر ترا خواهم، ترا جویم
بیا جان "حسامی" باد قربانت! کجا رفتی؟
که با دست تو خواهم پاك کردن، اشك از رویم

مهاباد، ۱۳٤۰ شمسی

---

*زنده یاد خالد حیسامی (هێدی) (۱۳۰٦- ۱۳۹۵ شمسی)، یکی از ستونهای اصلی مکتب شعری مکریان و صاحب دیوان "کاروان خەیاڵ"، که خالق تصویرهای زیبای خیالی در شعر کردی بود.

## جواب امامی به هیدی

رسید آن نامه‌ی پر مهر تو، من نیز می‌گویم:
خدایا شاد کن از فیض خود آن یار خوش‌خویم
چنان در قلب من هستی که بیرون رفتنت "خالد"!
محال است از دل تنگم، تو می‌خواهم، تو می‌جویم
ز بخت بد چه حاصل مردن از غم زانکه می‌دانم
چو لاله نیز بر بالین یار خود نمی‌رویم
به باغ داغداران محبت بنگری دانی
که من یك چوب خشك و کهنه و بی‌برگ و خودرویم
چو مجنون در بیابان جنون در جستجوی او
چو او بنشسته رنگ مرگ بر جان و سر و رویم
ز هجر دلبرم از جان خود چندان هراسانم
که مرگم نیز نتواند نشیند یك‌دمی سویم
بیا جان "امامی" باد قربان وفای تو!
که از آب شراب مهر تو چرك جفا شویم

روستای قاقلاوا، ۱۳٤۰ شمسی
(صفحه ۲۲۳ چاپ انیسی و ٤۳۱ چاپ جعفر امامی)

---

بحر عروضی شعر،
هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

**بەرهەمەکانی ئەنوەر سوڵتانی**

٢٠٢١ - "بۆکان لە مێژوودا- کۆمەڵەی ٤٨١ وتار سەبارەت بە مێژووی بۆکان"، سێ بەرگ، ئەنوەر سوڵتانی، ڕۆشنگەری، ئاڵمان؛

٢٠١٦ - "مقامات پیران طالبان از محمود تا عبدالرحمن (فارسی و کوردی)"، تصنیف استاد ملا صبغة الله رودباری سنندجی، ترجمه کردی از فارسی انور سلطانی؛ مقدمه تحلیلی، تنظیم، بررسی مجدد و شرح عرفانی دکتر محمدعلی سلطانی؛ آکادیمیای کردی، هەولێر؛

٢٠١٤- "کتاب المعارف"، شەرحی شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانی لەسەر سەرەتای مەسنەوی مەولەوی ڕۆمی؛ وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ سەر کوردی، شەرحی عیرفانی لە لایەن دوکتۆر محەممەد عەلی سوڵتانییەوە، چاپی ئەکادێمیای کوردی، هەولێر؛

٢٠١٤- "جذبە عشق"، کۆمەڵەی شیعرەکانی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی، وەرگێڕان لە فارسی و تورکییەوە بۆ سەر کوردی، شەرحی عیرفانی لە لایەن دوکتۆر محەممەد عەلی سوڵتانییەوە، چاپی ئەکادێمیای کوردی، هەولێر؛

٢٠١٠- "کوردستان ئەی خۆشەویستم!"، بیرەوەرییەکانی بەهیەخانم فەرەجوڵڵا زەکی مەریوانی، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپی بنکەی ئاراس، هەولێر؛

٢٠٠٩- "ژیان و بەسەرهاتی نەمر سەیفولقوزاتی قازی"، بە هاوکاری کاك حەسەنی قازی، بنکەی ژین، سلێمانی؛

٢٠٠٨ – "مێژووی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی (١٨٨٠)" نووسینی میرزا عەلی ئەفشاری ئورومی؛ دەستنووسێکی پارێزراو لە کتێبخانەی سواسی لەندەن؛ ساغکردنەوە بە هاوکاری کاك سەلاحەددینی ئاشتی و دوکتۆر محەممەد عەلی سوڵتانی، چاپی بنکەی ژین، سلێمانی؛

٢٠٠٦ – "ژیان و بەسەرهاتی ئەبولقاسم لاهوتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، بنکەی ژین، سلێمانی؛

٢٠٠٦ – هۆز و تیره و تایفەی کورد لە کوردستانی ئەردەڵان – دەستنووسێکی فارسی، نووسینی میرزا شوکروڵڵا سەنەندەجی (فخرالکتاب)، بە وەرگێڕانی کوردییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی؛
٢٠٠٦ – "سڵاو لە حەیدەربابا" – وەرگێڕاوی کوردی، شیعری محەمەد حوسین شەهریار شاعیری ئازەربایجانی لە تورکییەوە، بە هاوکاری کاك حەسەنی ئەیوب زادە، کتێب فرۆشی ئەرزان، سوید؛
٢٠٠٦ – "مینۆرسکی و کورد" – کۆمەڵەی شەش وتاری ڤلادیمیر مینۆرسکی، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە ، چاپی موکریانی، هەولێر؛
٢٠٠٦ –"ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دا" - وەرگێڕانی ١٣٠ بەڵگەنامە لە ئینگلیزیەوە ، بنکەی ژین، سلێمانی؛
٢٠٠٥ –"درایڤر و کورد" – کۆمەڵەی پێنج وتاری ج. ر. درایڤر، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە ، بنکەی ژین، سلێمانی؛
٢٠٠٥ – "مەکەنزی و کورد" – کۆمەڵەی چوار وتاری د. ن. مەکەنزی لە سەر کورد، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، وەك بەشێك لە یەکەم ژمارەی "گۆڤاری کوردناسی"، چاپی ئاڵمانیا؛
٢٠٠٥ – "دوو ذەیلی شەرەفنامە" – دوو دەستنووسی فارسی و تورکی شەرەفنامەی بەدلیسی، بنکەی ژین، سلێمانی؛
٢٠٠٣ – "تێوری فەرمی لێخوڕینی ترومبیل"، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، بە هاوکاری سێ کەسی تر، ئێدیتۆر کاك ڕێبوار موختار، چاپی ئاژانسی ستاندارد کردنی شۆفیری، بریتانیا؛
١٩٩٨ – "کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی" – کۆمەڵەی شیعری ٤١ شاعیری هەورامی، (دەستنووس)، ترەستی سۆن بۆ کوردستان، لەندەن؛
١٩٩٧ – "مێژووی ئەردەڵان" – دەستنووس، دەقی فارسی بە هاوکاری نەسرین بورنا، لەگەڵ وەرگێڕانی کوردی، چاپەمەنی نەورۆز، سوید؛
١٩٩٧ – "٣٥ دەستنووسی شەرەفنامە لە کتێبخانەکانی جیهان"، کتێب فرۆشی ئەرزان، سوید؛

١٩٩٧ – "هێلکەی دۆڕاو، لێکۆڵینەوەیەك لە ژیانی ئەبولقاسم لاهوتی کرماشانی"، پاشکۆی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی پەیام، لەندەن؛
١٩٩٦ – ٢١ دەستنووسی کوردی (یا فارسی سەبارەت بە کورد) لە کتێبخانەکانی بریتانیا، کتێبفرۆشی ئەرزان، سوید؛
١٩٩٦– "ئەلف وبێی کوردی بەپیتی لاتینی"، کۆمەڵەی سێ وتاری مینۆرسکی و ئێدمۆندز، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە، کتێبفرۆشی ئەرزان، سوید.

**کتێبی دووزمانەی منداڵان**

٢٠٠٥ – ٢٠١٧ وەرگێڕانی ٣١ کتێبی منداڵان لە ئینگلیزیەوە بۆ سەر کوردی و فارسی، کە هاوڕێ لەگەڵ دەقی ئینگلیزییاندا چاپ کراون، چاپی بنکەی "مانترا لینگوا"، لەندەن. هەروەها وەرگێڕان و تۆمارکردنی پێنج سی دی کوردی و فارسی بۆ هەمان بنکە، ئێستا گەلێك کتێبی کوردی و فارسی منداڵان بە تەرجەمەی کاك ئەنوەر لە لەندەن چاپ کراون و کوردییەکانیان بە دەنگی خۆی و فارسییەکان بە دەنگی هاوسەری، خاتوون نەسرین بورنا تۆمار کراون.

**وتار**

چاپی زیاتر لە هەزار وتار (تەرجەمە یا نووسین) لە چاپەمەنییە کوردییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان یا دەرەوەی وڵات سەبارەت بە دەستنووس، ئەدەب و مێژووی کورد.

**ڕانانی کتێب**

١٩٩٦– ٢٠٠٧ ڕانانی کتێب بۆ دەنگی کوردی رادیۆ ئەمریکا، ڕۆژ تی ڤی، تیشك تی ڤی و چەند ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیی دەرەوەی وڵات.

**بەرهەمی چاپ نەکراو**

- "کاچوو، ما دانی!" چەند وتار

THE LIFE AND COMPLETE WORKS OF
**SAYID KAMIL EMAMI (AWAT)**
KURDISH POET (1903 – 1989)

ANALYSED BY

**ANWAR SOLTANI**

Awat was born in Zenbeel and lived in several villages all in south-west Bokan, a town in eastern Kurdistan (Iran). He belonged to a dynasty of mystical sheikhs and attended various religious schools around the same region for 18 years. Due to his political views as a Kurdish nationalist, he was arrested, tortured and imprisoned by the Iranian police for a few years during which he was elected, in absentia, as an honorary member of the Central Committee of the Kurdistan Democratic Party of Iran. He showed bravery to stand for the rights of Kurds not only in Iran but also in Iraq, Turkey and other places where his fellow stateless Kurds lived, and as a result, his poems became Kurdish anthems sang by established singers and the wider population.

This collection offers the reader an example of making peace between social life, religion and politics, which are often in contrast with each other.

The editor has attempted to date almost all 219 pieces of the collection in relation to the region's political events of the time, while detailing the rich language and unique vocabulary of the poet.